**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 51

**ساڵی/ 2009 – بەرگی پەنجاویەك**

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2009

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(2009)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: 51
چاپی یەكەم: 2009
تیراژ: 250
پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی
نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

# پێرست


پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/1/21 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/2/11 ل49

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2009/2/12 ل99

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەسپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/3/2 ل165

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/3/10 ل181

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/3/25 ل191

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/3/31 ل255

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2009/4/6 ل281

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2009/4/14 ل297

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2009/4/15 ل359



# پەرلەمانی کوردستان-عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی**

**چوارشەممە رێکەوتی 21\1\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی

## چوارشەممە رێكەوتی 21/ 1/ 2009

كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2009/1/21 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (1)ی نائاسایی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارەی (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە رێكەوتی 2009/1/21 دا بەم شێوەیە بێت:

1 ـ خوێندنەوەی یەكەم و خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كودرستان - عیراق، ژماره 1 ی ساڵی 2005 .

2 ـ خوێندنەوەی یەكەم و خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە بڕیاری درێژكردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاكان لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەست پێ دەكەین بە خوێندنەوەی بەرنامەی كار، كە بەرنامەی كاری ئەم دانیشتنە نائاساییە، ئەم خاڵانە دەگرێتەوە:

1 ـ خوێندنەوەی یەكەم و خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كودرستان - عیراق، ژماره 1 ی ساڵی 2005 .

2 ـ خوێندنەوەی یەكەم و خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە بڕیاری درێژكردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاكان لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق.

سەرەتا بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەكان دەكەم، بە تایبەتی ئەو رۆژنامەنووسانەی راگەیاندن، بەخێرهاتنی هەموویان دەكەم كە لە گەڵماندان بەبەردەوامی، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، خاڵی یەكەم لە بەرنامەی كار (خوێندنەوەی یەكەم و خستنە روو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم ـ كوردستان - عیراق، ژماره 1ی ساڵی 2005 )، داوا دەكەم پرۆژەكە بخوێننەوە بە زمانی كوردی و عەرەبی، مامۆستا كاكە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکريم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**بۆ سەرۆکايەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عيراق**

**ب/ پرۆژەی ياسايی**

سڵاوڕێزمان/

ئێمەی ئەندامانی ئەنجومەنی نيشتمانيی کوردستان هاوپێچمان گەڵاڵە کردووە بە ناوی هەموارکردنی دووەمی ياسای سەرۆکايەتی هەرێمی کوردستان، ژمارە 1ی 2005 هەموارکراو، تکايە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەن، ناوەکان ئەمانەن:

1 ـ شێروان حيدری.

2 ـ عونی بەزاز.

3 ـ عبدالکريم هەمەوەند.

4 ـ طارق جامباز.

5 ـ محمد صالح.

6 ـ د.ناصح غفور.

7 ـ جمال قاسم.

8 ـ دلێر محمد شريف.

9 ـ شێخ الله ابراهيم.

10 ـ شوقی حسين.

11 ـ رۆژان دزەيی.

12 ـ رشاد احمد.

پرۆژەکە بەم شێوەيەيە:

**ياسای ژمارە (  ) ی ساڵی 2009**

**ياسای هەموارکردنی دووەمی ياسای سەرۆکايەتی هەرێمی کوردستان_عيراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ـ هەموارکراو**

**ماددەی يەکەم:**

بڕگەکانی(1و2) لە ماددەی يەکەم هەمواردەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

1- سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عيراق سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردنە و فەرماندەی گشتی هێزی پاراستنی هەرێمی کوردستان ـ عێراقە (پێشمەرگە).

2- سەرۆكی هەرێم جێگرێكی دەبێت هاوكاری دەكات لە راپەراندنی ئەركەكانی و لەكاتی ئامادەنەبوونی دا جێگەی ئەو دەگرێتەوەو جێگری فەرماندەی گشتی هێزی پاراستنی هەرێمی كوردستان عیراقە (پێشمەرگە).

**ماددەی دووەم:**

برگەكانی (یەكەم و دووەم و یازدەم و پازدەم) لە ماددەی دەیەمی یاساكە هەمواردەكرێت و برگەیەك لە زنجیرەی ( نۆزدەم) زیاد دەكرێتە سەرماددەكە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەكەم:

1- پێشنیاركردنی پرۆژەی یاساو بریارەكانی تایبەت بە سەرۆكایەتی هەرێم بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان_عیراق.

2- دەرچواندنی ئەو یاساو بریارانەی كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان_عیراق دایان دەنێت، لە ماوەی پانزە رۆژدا لە بەرواری گەیشتنی بۆ سەرۆكایەتی هەرێم، سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە لەو ماوەیەدا نارەزایی لەسەر هەموو یان هەندێك لەو یاساو بریارانەی دەربرێت و گەراندنەوەی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ چاو پێخشاندنەوەیان و بریاری ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان ـ عیراق لەسەریان بنبر دەبێت، و ئەو یاساو بریارانەش بە دەرچوو دادەنرێت لەو حالەتەی كە سەرۆكی هەرێم دەری نەچوواند وە نارەزایشی لەسەریان نەبووە و لە رۆژنامەی فەرمی بلاو دەكرێتەوە.

دووەم: دەركردنی فەرمانێك بۆ ئەنجامدانی هەلبژاردنی گشتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان ـ عێراق و دیاریكردنی كاتەكەی لەماوەی (پانزە رۆژدا) لە بەرواری هەلوەشاندنەوەی یان لەماوەی شێست رۆژی پێش كۆتایی خولی هەلبژاردنی بە مەرجێك رۆژی هەلبژاردن لە شەست رۆژی دوای هەلوەشانەوەی یان شەست رۆژی پێش كۆتایی خولی هەلبژاردن رەت نەكات.

یازدەم: سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە بەرەزامەندی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان_عیراق هێزەكانی پاراستنی هەرێمی كوردستانی عیراق (پێشمەرگە) بۆ دەرەوەی هەرێم بنێرێ.

پازدەم: دامەزراندن و لابردنی خاوەن پلە تایبەتیەكان لەسەر پێشنیاری وەزیری پەیوەندیدارو رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

نۆزدەم: سەرۆكی هەرێم هەر دەسەلاتێكی تر كە لە دەستوورو یاسادا هاتووبێت پیادە دەكات.

ماددەی سێیەم: كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بریار ناكرێت ئەگەر ناكۆك بوو لەگەل حوكمەكانی ئەم یاسایەدا.

ماددەی چوارەم: لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

ماددەی پێنجەم: ئەم یاسایە لەبەرواری دەرچواندنیدا جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمیدا (وەقائیعی کوردستان) بلاّودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**قانون رقم ( ) لسنة 2009**

**قانون التعديل الثاني لقانون رئاسة اقليم كوردستان ـ العراق رقم (1) لسنة 2005 المعدل**

**المادة الاولى:**

تعدل الفقرتان 1و2 من المادة الاولى وتقرآن كالآتي:-

1 ـ رئيس اقليم كوردستان_العراق هو الرئيس الاعلى للسلطة التنفيذية والقائد العام لقوات حماية اقليم كوردستان_العراق (البيشمركة).

2 ـ يكون لرئيس الاقليم نائب يعاونه في اداء مهامه، يحل محله عند غيابه ويكون نائباً للقائد العام لقوات حماية اقليم كوردستان_العراق (البيشمركة).

**المادة الثانية:**

تعدل الفقرات (اولاً وثانياً وحادي عشر وخامس عشر) من المادة العاشرة من القانون وتضاف فقرة بتسلل (تاسع عشر) اليها وتقرأ كالآتي:-

**أولاً:**

1 ـ اقتراح مشاريع القوانين والقرارات المتعلقة برئاسة الاقليم للمجلس الوطني لكوردستان_العراق.

2 ـ إصدار القوانين والقرارات التي يشرعها المجلس الوطني لكوردستان_العراق خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ وصولها الى رئاسة الاقليم، وله حق الاعتراض عليها كلياً أو جزئياً خلال المدة المذكورة وإعادتها الى المجلس الوطني لإعادة النظر فيها، ويكون قرار المجلس الوطني بشأنها قطعياً، وتعد تلك القوانين والقرارات الصادرة في حالة عدم اصدارها من قبله ضمن المدة المذكورة دون أن يكون قد اعترض عليها وتنشر في الجريدة الرسمية.

ثانياً: اصدار مرسوم بإجراء الانتخابات العامة للمجلس الوطني لكوردستان العراق_وتحديد موعدها خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ حله أوخلال مدة ستين يوماً السابقة لأنتهاء الدورة الانتخابية على ان لايتعدى موعد الانتخابات مدة ستين يوماً التالية على تأريخ حله أو السابقة على تأريخ انتهاء دورته الانتخابيّة.

حادي عشر:- لرئيس الاقليم تحريك قوات حماية اقليم كوردستان_العراق (البيشمركة) الى خارج الاقليم بموافقة المجلس الوطني لكوردستان_العراق.

خامس عشر:- تعيين وعزل كبار موظفي الاقليم من الدرجات الخاصة بناء على ترشيح او اقتراح الوزير المختص وموافقة مجلس الوزراء.

تاسع عشر: يتولى رئيس الاقليم اية اختصاصات اخرى ينص عليها الدستور والقانون.

المادة الثالثة:

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

المادة الرابعة:

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الخامسة:

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

عدنان المفتي

رئيس برلمان لكوردستان_العراق

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و ئەندامانی پەرلەمان دەكەم، دواتریش دوو قسەم هەیە لەسەری، بەڵام با بڕگەی دووەم بخوێندرێتەوە، ئینجا لەسەر هەردووكیان قسە دەكەین، بۆ خاڵی دووەم لە بەرنامەی كار، مامۆستا كاكە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق**

**ب/ پرۆژەی یاسایی**

سڵاوڕێزمان/
ئێمەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هاوپێچمان گەڵاڵە کردووە بە ناوی پرۆژە بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێم دا، تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی ئەنجومەن، لەگەڵ ڕێزمان.

1 ـ شێروان حیدری.
2 ـ عونی بەزاز.
3 ـ عبدالکریم هەمەوەند.
4 ـ طارق جامباز.
5 ـ محمد صالح اسماعیل.
6 ـ جمال قاسم.
7 ـ د.ناصح غفور.
8 ـ دلێر محمد شریف.
9 ـ شێخ الله ابراهیم.
10 ـ شوقی حسین.
11 ـ ڕۆژان دزەیی.
12 ـ رشاد احمد.

**بڕیاری ژمارە (   ) ساڵی 2009**

یەکەم: ئەنجومەنی ئێستای پارێزگاکانی هەرێم بەردەوام دەبن لە جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیان تاکو هەڵبژاردنی داهاتوو، بەمەرجێك پێش کۆتایی ئەم ساڵ (2009) ئەنجام بدرێت.
دووەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکانە کە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.
سێیەم: ئەم بڕیارە لە بەرواری 2009/2/1 ەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عیراق**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال بزاز:**

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

**قرار رقم ( ) لسنة 2009**

اولا: تستمر مجالس المحافظات القائمة حاليا فی الاقليم فی اداء مهامها لحين اجراء انتخابات جديدة على ان يتم ذالك قبل نهاية العام الحالی 2009.

ثانيا: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار.

ثالثا: ينفذ هذا القرار اعتبارا من 2009/2/1 وينشر فی الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.

عدنان المفتی

رئيس المجلس الوطنی لكوردستان ـ العراق

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامانی پەرلەمان دەكەم، بۆ ئەوەی تێڕوانینی لەسەر بكەن و خۆیان ئامادە بكەن بۆ گفتوگۆكە، من دوو، سێ مولاحەزەم هەیە حەزدەكەم بیڵێم، یەكەم: لەسەر پرۆژەی یەكەم كە خوێندرایەوە، هەمواركردنی یاسای سەرۆكایەتی هەرێم، جارێ پێش هەموو شتێك ئەوەی مولاحەزە كرا، دوێنێ چەندین رۆژنامە، تەنانەت هەندێك ئەندامی پەرلەمانیش پرۆژەكەیان دیوە یان نەیاندیوە؟ وایان باس كردووە كە ئەوە درێژكردنەوەی ماوەی پەرلەمانە، دەسەڵات دانە بە سەرۆكی هەرێم بۆ ئەوەی هین بكات، خۆی بە عەكسەوەیە، دوو مانگ پێش هەڵبژاردن دەسەڵاتی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بانگهێشتی هەڵبژاردن بكات، واتە پێشی بخات هەڵبژاردن، ئێمە 2009/6/4 تەواو دەبێت، بە پێی یاسای ئێستا دەبێت پاشی بێت، یەعنی لە ڕۆژی تەواو بوونی تا دوو مانگ بۆی هەیە، ئێمە دوو مانگمان خستۆتە پێشەوە لەو پرۆژەیەدا، بۆ ئەوەی بۆی هەبێت دوو مانگ پێش تەواو بوونی هەڵبژاردن بانگهێشتی بكات بۆ هین، لەبەرئەوە تكام وایە لەو بابەتانەدا دیقەتەتێك هەبێت پێش ئەوەی رەئیەك بدەن، بە تایبەتی ئەندامانی پەرلەمان، كە پرۆژەكەی نەدی بێت حەق نیە رەئی بدات لەسەر پرسیارێك كە بۆی ئاراستە دەكرێت لە هەر لایەكەوە، مولاحەزەی دووەمم لەسەر 10 ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانە كە پرۆژەكەیان تەقدیم كردووە، لە ماددەی یەكەم كە داوای تەعدیل كراوە، ئەو ماددەیە لە ڕاستی دا لە دەستووری عیراق دا و لە قانونی سەرۆكایەتیش دا هاتووە، لە جیاتی پاسەوان و حیمایەی هینەكە، (حرس) نووسراوە، ئەوەش فەرقێكی ئەوتۆی نیە لە ڕاستی دا، من لەبەرئەوە داوادەكەم كە وەكو خۆی لێ بێتەوە و سەرفی نەزەر لەوە بكەن، بۆ ئەوەی دژایەتیەك نەبێت،

شكليە شتەكە فەرقێكی ئەوتۆی نیە، بۆیە با هەروەكو خۆی بمێنێتەوە، لەسەر ئەو مەسەلەیەش لەگەڵ جەنابی سەرۆكی هەرێمیش قسەم كرد دوێنێ، بۆ ئەوەی ئەوە نەبێت كە یەكێك بڵێت كە ئەوە لە ئەوانەوە هاتووە، بۆیە مەسەلەكە دەمانەوێت شتێك بێت كە گونجاو و یاسایی بێت، فەرقێكیشی نیە، بۆیە من داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم كە لە ئامادەكردنی راپۆرتیان بۆ دانیشتنمان ئەو مەسەلەیە ڕەچاو بكەن، كە وام گوت لە كوێ حیمایەكە هاتووە بگەڕێتەوەو وەكو خۆی لێ بێتەوە، خاڵی دووەم لە پرۆژەكەی كە درێژكردنەوەی كاری ئەنجومەنی پارێزگاكان بۆچی؟ لەبەر چەند نوقتەیەك ئەوە پێویستە، یەكەم: ئەنجومەنی پارێزگاكان 4 ساڵیان بەسەردا دەچێت، مانگی 3 یە، مانگی 4، جیاوازە، سلێمانی و هەولێر و دهۆك، هەریەكەیان لە وەختێك دا دەستیان بەكاركردن كردووە، بەڵام لە مانگێكی تر یان دوو مانگی تر كاتی یاساییان تەواو دەبێت، بۆچی پێویست دەكات ئێمە درێژی بكەینەوە؟ یەكەم شت ئەو یاسایە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەرچووە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاكان، نووسراوە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاكان لە هەرێمێك دا ڕێك نەخراون، واتە هەولێر و سلێمانی و كەركووك ناگرێتەوە، پێویست دەكات ئێمە یاسایەكمان هەبێت بۆ پارێزگاكانی خۆمان، ئەویش گفتوگۆی لەسەر كراوە، راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی كە بە تێروتەسەلی بووە لە پاش گفتوگۆ كردن لەگەڵ لایەنی پەیوەندار بە تایبەتی ئەنجومەنی پارێزگاكان لە سلێمانی و هەولێر و دهۆكە، لەبەرئەوەی زۆر گۆڕانكاری بەسەرداهاتووە، بۆیە ئێمە ناردمان بۆ حكومەت بۆ ئەوەی دوا رەئی لەسەر بدات، چونكە هەندێك مەسەلەی تیا هەیە كە مەسئولیەتی حكومەتە دەبێت رەئی بدات، چاوەڕوان دەكرێت لەو ڕۆژانە جوابیان بێتەوە و لە سەرەتای مانگی داهاتوو كۆبوونەوەیەكی نائاسایی بۆ دەكەین، بۆ ئەوەی ئەوەش پەسەند بكەین، جگە لەوەش دەبێت ئێمە یاسایەكی تر دەربكەین بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان، ئەو یاسایە دیارە گفتوگۆیەكی زۆری دەوێت، دەبێت ڕەچاوی ئەو گۆڕانكاریانە بكەین لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانی عیراق كە لە سەرتاسەری عیراق دا كراوە، سیستەمەكە لەوێ گۆڕاوە، كراوەیە، هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاكان خۆتان دەزانن لە كۆتایی ئەم مانگەدا دەبێت و پارێزگاكانی تری عیراق، سیستەمەكە لیستی كراوەیە، ئایا ئێمەش وای لێ دەكەین؟ ئایا هیچ گۆڕانكاریەك دەكەین؟ ئەوە دەبێت ڕەچاو بكەین، ئەوەش پێویست دەكات كە پرۆژەكەمان تێروتەسەل بێت و لە وەختی خۆی دا، بۆیە زەحمەتە بكرێت لە وەختی خۆی دا هەڵبژاردن بكەین، بۆیە پێویستیان بە ئەوەیە كە ئێمە لەڕووی یاساییەوە بۆشایی یاسایی نەهێڵین، كراوە بێت كاری ئەو ئەنجومەنە تا ئەو كاتەی دەتوانن هەڵبژاردن بكەن، بە مەرجێك هەڵبژاردنەكە پێش كۆتایی ساڵی 2009 بێت، جا لە مانگی 7 یان 8 یان 9، هەر وەختەكی حازر بن ئاگاداری كۆمسیۆنی باڵا دەكەین بۆ ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام بدرێت، ئێستا من ئەو دانیشتنە بۆ سەعات 12:15 ڕای دەگرین بۆ ئەوەی مەجال هەبێت بۆ لیژنەكان ئەو چەند نوقتەیە كورت بكەینەوەو هەر ئەمڕۆ تەواوی بكەین، بۆیە 12:15 دێینەوە ئێرەو وگفتوگۆی دەكەین و بڕیاری لەسەر دەدەین، دانیشتنەكەمان دوا دەخەین تا ئەو كاتە، فەرموون.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەناوی گەلی كوردستان

بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنی 1ی نائاسایی، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆیی دەكەین بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، كاك شێروان كێ دێتە ئێرە، ئەوە ڕاپۆرتی تازەیە حازر كراوە، كاك شێروان كێتان دێنە سەر مەنەصە، فەرموون.

خاڵی یەكەمی بەرنامەی كار خستنەڕوو گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسای هەمواركردنی دووەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانی عێراق، ژمارە (1)ی ساڵی 2005.

داوا لە لیژنەی یاسایی ئەكەم دواتریش لە لیژنەی ناوخۆ، كە ڕاپۆرتیان بخوێننەوە لەسەر پرۆژەكە، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان**

**ب/ راپۆرتی لیژنەی یاسایی**

لیژنەكەمان كۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا لە بەرواری 2009/1/21 بەرامبەر 31/بەفرانبار/2708ی كوردی بۆ تاوتوێ كردنی پڕۆژە یاسای (هەمواركردنی دووەمی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان_عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005ی هەمواركراو) كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەشكراوە، دوای خوێندنەوەی یەكەمی لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (1) لە بەرواری 2009/1/21 بۆ لیژنەكەمان ڕەوانەكراوە، دوای گفتوگۆو ڕا گۆڕینەوە لیژنە پێشنیاز دەكات:-

1 - لادانی ماددەی یەكەم لە پڕۆژەكەو هەمواركردنی زنجیرەی ماددەكان بەم گوێرەیەوە.
2 - لادانی داواكردنی هەمواركردنی بڕگە (11) لە ماددەی دووەمی پڕۆژەكە.
3 - داڕشتنەوەی ڕستەی كۆتایی بڕگەی (یەكەم_2) لە ماددەی دووەمی پڕۆژەكەو بەم جۆرەی خوارەوە بخوێندرێتەوە:-

{دەرچواندنی ئەو یاساو بڕیارانەی كە ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان_عیراق دایان دەنێت، لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە بەرواری گەیشتنی بۆ سەرۆكایەتی هەرێم، سەرۆكی هەرێم بۆی هەیە لەو ماوەیەدا نارەزایی لەسەر هەموو یان هەندێك لەو یاساو بڕیارانە دەربڕێت، و گەڕاندنەوەی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ چاو پێخشاندنەوەیان و بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان_عیراق لەسەریان بنبڕ دەبێت. و ئەو یاساو بڕیارانەش بە دەرچوو دادەنرێت لەو حاڵەتەی كە سەرۆكی هەرێم دەری نەچوواند وە نارەزایشی لەسەریان نەبووە و ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانیش فەرمان دەدا كە لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو بكرێتەوە}.

4- دارشتنەوەی برگەی دووەم لە ماددەی دووەمی پرۆژەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:-
دەرکردنی فەرمانێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان_عێراق و دیاریکردنی کاتەکەی لەماوەی (پازدە ڕۆژدا) لە بەرواری هەڵوەشاندنەوەی یان شەست ڕۆژ پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردن بە مەرجێك ڕۆژی هەڵبژاردن لە شەست ڕۆژی دوای هەڵوەشانەوەی یان شەست ڕۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی تێپەڕنەکات.
تکایە بفەرمون بۆ خوێندنەوەی پرۆژەکە وڕای لیژنەی یاسایی لەم بارەیەوە، بۆئەوەی بخرێتە بەردەم ئەنجومەن بۆ گفتوگۆکردن ودەربڕینی ڕای گونجاو سەبارەت بە پرۆژەکە. لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەرەبیەکەش حازرە، کاك عەونی فەرموو بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الى/رئاسة المجلس الوطني لكوردستان_العراق**

**م/تقرير اللجنة القانونية**

اجتمعت اللجنة القانونية بتأريخ 2009/1/21 المصادف اليوم 31/بەفرانبار/2708 الكوردية، لدراسة مشروع قانون التعديل الثاني لقانون رئاسة اقليم كوردستان_العراق المرقم (1) لسنة 2005 المقدم من قبل العدد القانوني لأعضاء المجلس والمحال اليها بعد القراءة الاولى له في المجلس، بجلسته الاستثنائية المرقمة (1) والمؤرخة في 2009/1/21، وبعد مداولته وتدقيقه، ترى اللجنة مايلي:-

1 - حذف المادة (الاولى) من المشروع وتعديل تسلسل المواد تبعاً لذلك.
2 - خذف طلب تعديل الفقرة(حادي عشر) من المادة الثانية من المشروع.
3 - إعادة صياغة الجملة الاخيرة الفقرة اولاً/ 2 من المادة الثانية من المشروع وكالآتي.

(ضمن المدة المذكورة ولم يعترض عليها ويوعز المجلس الوطني لكوردستان – العراق بنشرها في الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان).

4 - اعادة صياغة الفقرة ثانياً من المادة الثانية من المشروع وكالآتي:-

ثانياً( اصدار مرسوم باجراء الانتخابات العامة للمجلس الوطني لكوردستان – العراق وتحديد موعدها خلال خمسة عشرة يوماً من تأريخ حله او قبل ستين يوماً من تأريخ انتهاء الدورة الانتخابية على ان لايتعدى موعد الانتخابات ستين يوماً على تأريخ حله او انتهاء دورته الانتخابية).

5- اعادة صياغة الفقرة خامس عشر من المادة الثانية من المشروع وكالآتي:-

(تعيين وعزل موظفي الاقليم من الدرجات الخاصة بناء على ترشيح او اقتراح الوزير المختص وموافقة مجلس الوزراء).

راجين التفضل بالاطلاع وعرض اصل المشروع ورأي اللجنة القانونية بشأن المشروع على المجلس للمناقشة وابداء الرأي المناسب بصدده.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جعفر، فەرمووە.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ڕاپۆرتمان لەسەر بڕگەی دووی بابەتەكەیە نەك ئەو بڕگەیە، ئێمە ڕاپۆرتمان نیە، بەس تەئیدی ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی یاسایی ئەكەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەكو لەسەرەتادا خوێندمانەوە مولاحەزەیەكماندا، وتمان ماددەی یەكەم، پێویست ئەكات لابرێت و وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە هەمان مانایە، ئێستا لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆش پشتگیری لەوە ئەكەن، كە ماددەی یەكەم لە پرۆژەكە حەزف بكرێت، ئەگەر كەسێك قسەی لەسەر نیە دەیخەمە دەنگەوە، بەڵێ كاك شێروان، فەرمووە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشەكی سوپاسی جەنابت ئەكەم بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ڕۆژنامانەو ئەو لێدوانانەی كە لە ڕۆژنامەكان درا، سەبارەت بەوەی كە لە پرۆژەكەدا هاتووە، سەرۆكایەتی هەرێم داوای ئەوەی كردووە، كە هەڵبژاردنەكان دوابخرێت بۆ ماوەی شەش مانگی تر یان ساڵێك، بەڕاستی ئەو جۆرە ڕۆژنامانە ئەم شتانە بڵاو بكەنەوە، یەكەم شت خزمەت بەڕای گشتی ناكات، دووەمیش خزمەت بەهیچ كەس ناكات، لە مصداقیەتی ڕۆژنامەكەش كەم دەكاتەوە بەڕاستی، چونكە جەنابت زۆر ئاگاداری هەوڵەكانی جەنابی سەرۆكی هەرێمی هەموو دەم بۆ ئەوەیە كە هەڵبژاردنەكان لەكات و ساتی خۆیدا بكرێت، پاشان دێمەوە سەر مەسەلەی پرۆژەكە بەڕاستی، بەنیسبەت ماددەی یەكەم لە پرۆژەكە، بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن، جەنابت لە سەرەتای دانیشتنەكە ئیشارەتت بەوەدا كە پرۆژەكە، لەگەڵ دەستوور تەناقوز دەكات، بەڕاستی لەو مەسەلەیەدا ڕەئی جیاجیا هەیە، لەناو خودی ئەندامانی لیژنەی یاساییش ڕەئی جیاجیا هەیە، ئێمە پێمان وایە بەڕاستی ئەو مەسەلەیە موناقەشەو گفتوگۆ هەڵئەگرێت، بۆیە بەحەقیقەت ئێمە لەگەڵ ئەوەداین كە ئەوە لابرێت، بەڵام لەبەر ئەوە نیە كەموناقزی دەستوورە، بەڵكو جەنابت دوێنێ قسەت كردووە، لەگەڵ جەنابی سەرۆكی

هەرێم، بۆیە ئێمەش ئەوەمان لابرد لە پڕۆژەکە، بەڵام لەمەسەلەی قانونی و دەستووری ئەم بڕگەیە موناقەشە هەڵئەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا لای من ئەوەی دووەمیش موهیمە، نابێ موناقزی دەستوور بێت، بەڵام ئەوە وەکو باسم کرد، بۆ ئەوەی ئیشکال دروست نەبێت و جەنابی سەرۆکی هەرێمیش وەکو قسەم کرد، وتی فەرقێکی ئەوتۆی نیە، وەکو خۆی لێ بکەنەوە، کێ ویستی قسە بکات، فەرموو کاک شێخ الله.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وابێ بەپێی نیزامی داخلی پەرلەمانی کوردستان، هەر پرۆژەیەك تەقدیم ئەکرێت، پێشەکی خوێندنەوەی یەکەمی بۆ ئەکرێت دوایش موناقەشە ئەکرێت، ئێمە ئێستا هەردوو پرۆژەکە کە لەبەردەستماندایە هەموارکردنە، نە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە نەهیچ، ئێستا خوێندنەوەی یەکەم وموناقەشەو هەمووی پێکەوە ئەکرێت، نازانم ئەوە تاچەند نیزامییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەکەم شت ئەوە دانیشتنێکی نائاساییە، دانیشتنی تەبیعی نیە، دووەمیش: هەمووی کورتە ئیشەو هی چارەکە سەعاتێکە، خۆتان ڕەنگە ئەگەر بمانخستایەتە ڕۆژێکی ترەوە دەتان وت لە پشووماندا هیچ پێویست ناکات، پرسیشمان کرد بە زۆرینەی ئەندامان، ئەوەیان پێ باش بوو، لەبەر ئەوە پێویست بەوە ناکات ڕۆژێکی تر دابنیشین بۆ خاڵێکی وا کە ئیشی نیو سەعاتە وتەواو ئەبێت، بۆیە ئێمە لە پشوومان دانا کە سەعاتێك بێت و نیو سەعاتیشی پێچوو، هەر ئەوەندەش پێویستی ئەکرد، بەڵێ پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیە منیش هەمبوو، بەس بەو مانایە نا، لەبەرنامەی کار وابزانم پێویستە دەستکاری بکرێت، چونکە ئێمە ئەڵێین خوێندنەوەی یەکەم و خستنەڕوو گفتوگۆکردنی، باشە ئەوە ئێستا بوو بەدوو دانیشتن، دانیشتنی یەکەم بۆ خوێندنەوەی یەکەم بوو، ئەم دانیشتنەی تر بۆ موناقەشەیە، لەبەر ئەوە پێم وایە ئەبێ بەرنامەی کار تەعدیل بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ئەوە خۆی، ئەگەر لەماوەی 24 سەعاتدا بێت هەر بەیەك دانیشتن حیساب ئەکرێت، خستنەڕوو و گفتوگۆکردن و بڕیاردان، ئەگەر لە 24 سەعات بێت ئەوە هەر بە یەك دانیشتن حساب ئەکرێت، دوایش ئێمە لە کۆتایی قسەکانماندا نەمان وت کۆتاییمان هێنا بەدانیشتنەکە وتمان دوای دەخەین بۆ فلان سەعات،

ئەمە هەر ئەو دانیشتنەیە کەبەیانی دەستمان پێکرد، پشووماندا بۆ ئەوەی ڕاپۆرتەکان حازر بکەن، فەرموو کاک عزالدین.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا بزانم حیمایەو پاسەوانی سنور لە دەستووردا، ( حرس اقلیم) یەعنی پێشمەرگە، بەلاَم لێرەدا (قائد عام لقوات المسلحة)ی کوردستانە، یەعنی پێشمەرگە وئاسایش و پۆلیسیش ئەگرێتەوە، لێرەدا حیمایە بێت باشترە لەحەرەس، چونکە حەرەس تەنها باسی پێشمەرگە ئەکات لەدەستووری عێراقدا، ئێستا سەرۆکی هەرێمی کوردستان (قائدی عامی قواتی مسلحەیە)قواتی مسلحە ئەگەر نەبێت ئەوە حیمایە ئەبێت، بەس پێشمەرگەکە لە بەینی قەوسەکەدا لای ببەن، ئینجا دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عزالدین ئێمە وتمان ئەو موقتەرەحە لا دەدەین، کەلاشمان برد هیچ ئیشکالێکمان نیە، ئەگەر لامان نەبردایە، ئەوکاتە قسەی جەنابت ڕاست دەبوو، ئەگەر موقتەرەحمان بکردایە بۆ لابردنی، ئێستا کەلای دەبەین دەیخەینە دەنگەوە، کە بڕیار بدەین لای ببەین، هیچ موشکیلەیەکمان نیە لەقانونەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، ئێستا ئەو موقتەرەحەی لیژنەی یاسایی بۆ ماددەی یەکەم لە پرۆژەکە، تەعدیل بکرێت و تەسەلسولەکەشی بەو شێوە بێت، حەزفی ماددەی یەکەم دەکرێت، تەعدیلی تەسەلسولی ماددەکان ئەکرێت، کێی لەگەڵدایە کەحەزف بکرێت با دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەس سێ کەسی لەگەڵدا نیە، بەزۆرینەی دەنگ حەزفکرا، دووەم: حەزفی فەقەرەی یازدەش کە عەینی شتە، لەوێدا حیمایەکە هاتووە، ئەوەش داوا ئەکەن کە حەزف بکرێت، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ ئەم جارەیان بوون بە چوار کەس، ئەمیش بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، کاک فرسەت دەڵێ دەبوایە ڕاوەستاینایە تا دەگەشتینە ماددەی یازدە ئەوکاتە بمانخستایە دەنگەوە، لەماددەی دووەم: ئیعادەی صیاغەی جوملەی ئەخیریان کردۆتەوە، من لەسەر ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی ئەرۆم کە لیژنەی ناوخۆش پشتگیرییان لێ کردووە، کاک عەونی حەزەکەی بیخوێنەوە کە ماددەی دووەم داواکەتان چیە؟.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس جوملەی ئەخیری صیاغەکەمان گۆڕیوە بەم شێوەیە:- (ضمن المدة المذكورة ولم يعترض عليها ويوعز المجلس الوطني لكوردستان – العراق بنشرها في الجريدة الرسمية(وقائع كوردستان).

بەوازحی لە پرۆژەکەدا نەنووسرابوو، کە بەچ ئالیەتێك ئیعازی وەزارەتی عەدل بکرێت، بۆ نەشر کردنی قانونەکە، ئەگەر سەرۆکی هەرێم دەری نەچواند لە ماوەی یاسایی کە دیاری کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر رووخسەت هەبێت ئیعتیماد لەسەر کوردییەکە ناکەین، رەنگە پێویست بە صیاغەی باشتر بکات، بۆیە لەسەر عەرەبیەکە ئەرۆین، وای لێ دێت کوردییەکەی تەواوە، بەس بیدایەتەکەی کاك دکتۆر کەمال مولاحەزەی هەیە لەسەر زمانەکەی، بەم شێوە دەبێت، اصدار مرسوم باجراء الانتخابات العامة للمجلس الوطني لكوردستان – العراق وتحديد موعدها خلال خمسة عشرة يوماً من تأريخ حله او قبل ستين يوماً من تأريخ انتهاء الدورة الانتخابية على ان لايتعدى موعد الانتخابات ستين يوماً على تأريخ حله او السابقة على انتهاء دورته الانتخابية). ئەوە کاك فرسەت مولاحەزەی کرد زۆریش بەجێیە، بەو مولازەحەوە (او السابقة على انتهاء دورته الانتخابية) ئێستا بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگدانەوە، ئەگەر کەس قسەی نیە، فەرمووو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا هەر ئەوەندە پەخشان خانیش ئەو مولاحەزەی دا، بەڕاستی بەنەزەری ئیعتیباریشمان وەرگرت بەس لەتەبع دەرنەچووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانياً( اصدار مرسوم باجراء الانتخابات العامة للمجلس الوطني لكوردستان – العراق وتحديد موعدها خلال خمسة عشرة يوماً من تأريخ حله او قبل ستين يوماً من تأريخ انتهاء الدورة الانتخابية على ان لايتعدى موعد الانتخابات ستين يوماً على تأريخ حله او السابقة على انتهاء دورته الانتخابية).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمووو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی دووەم لە (اولاً) رستەکە زۆر زۆر وشکەو مەجالی تێگەیشتنی زۆر تێدایە، ببورە دیارە ئەوە نیە کەمن باسی ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان ئەوە فەقەرەی دووەمە دوایی دێینە سەری، کاك دلێر فەرمووو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی پێم وایە هەردوو ماوەکە کورتن، چ 15 ڕۆژەکە لەکاتی حەلی ئەنجومەنی نیشتمانیی، پێم وایە 15 کە بکرێت بە مانگێك، وە 60 ڕۆژیش دیسان ماوەکە بۆ کاتی ئیعلان کردنی ئەوەش بکرێت بە سێ مانگ پێم باشترە، چونکە 60 ڕۆژ کەمەو 90 ڕۆژ بەلانی کەمی باشترە، چونکە ئەو ماوەیە مەقسەد لەوەیە ڕۆژی ئیعلان کردنی ئینتیخابات بەلانی کەم 60 ڕۆژ پێش ئەوە، ئەبێت ئیعلان بکرێـت، کەوا دوای 60 ڕۆژی تر ئینتیخاباتە، ئەو 60 ە بکرێت بە 90 ڕۆژ باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر، بانگهێشت کردن بۆ هەڵبژاردن شتێکە، دیاری کردنی ڕۆژی هەڵبژاردن شتێکی ترە، حەل کردنی پەرلەمانیش شتێکی ترە، ئێستا ئێمە هەر ئەمڕۆ، ئیمزای نامەیەکمان کرد بۆ کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، پێیان دەڵێین کاری پێویست بکەن، پێش کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان، کە 6/4 دەبێت، بەدوو هەفتە پێشنیاز وایە کە هەڵبژاردن بکرێت، ئەوان لە ئێستاوە کاری بۆ ئەکەن، بەڵام پێش کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان بەدوو مانگ، سەرۆکی هەرێم ئیعلانی ئەوە ئەکات کە فلان ڕۆژ 5/19 کە ئیقتراح کراوە، ئەوە ڕۆژی هەڵبژاردنە، 15 ڕۆژ پێش کۆتایی هاتن، فەرمانێك دەردەکات بەحەلی پەرلەمان ئاوایە شتەکە، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم لێرە ئێمە نەچینە ناو تەفاصیل لەناو یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ئەهەمیەتی خۆی هەیە، لەیاسای هەڵبژاردن ئەو تەفاصیلەی تێدایە، کە یاسای ژمارە (47) لەساڵی 2004 دەرچووە، لە تەعدیلی سێیەم لەماددەی شەشەم باسی کراوە بەتەفاصیل، پێم وایە دەبێ لەوێ تەعدیل بکرێـت، لەوێ باسی یەك مانگی کردووە، لێرە پێشنیارەکەی من ئەوەیە وەکو ئەم صیغەی لێ بکرێت، (اصدار مرسوم باجراء الانتخابات العامة للمجلس الوطني لكوردستان – العراق في التأريخ المحدد قانوناً) بەوەندە ئیکتیفا بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

قانوناً بۆیە ئەو پرۆژەیە هاتووە قانونی پێشوو دەڵێت لە خلالی 60 ڕۆژ پاش کۆتایی هاتن بەدەورەی ئینتیخابی، ئێستا ئێمە ئەمانەوێت پێشتر بیکەین، ئەگەر ئەو قانونە نەگۆڕین بۆی نیە تاکو 6/4 بانگهێشت بکات، ئەگەر ئەو قانونە بگۆڕین، ئەو دەسەڵاتەی بدەینێ پێش دوو مانگیش بێت ئەو وەختە دەتوانێ دیاری بکات، کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح( دیلیمان ئامێدی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی (موعد الانتخابات ستين يوماً على تأريخ حله) ئەوە دروستە، بەڵام لێرەدا هاتووە( او السابقة على انتهاء دورته الانتخابية). ئەگەر ئەو سابيقە بمێنێت، بەمانای، ئەگەر 4/4 داوا بکات ئەبێ خیلالی ئەو دوو مانگە، ئیجرائی ئینتیخابات ببێت، بەڵام ئەگەر ئەو سابیقە حەل بکرێت دەبێتە (على تأريخ الانتخاب)ئەو کاتە بەمانا دوو مانگ هەیە لە پاش کۆتایی هاتنی دەورەکە، کە حەدی ئەقسایە بۆ ئیجرائی ئینتخابات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەینەن جوابی کاك سەردار بۆ جەنابیشت لێرە، ئەگەر وانەڵێین یەکەمجار لە خیلالی 60 رۆژ پاش کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمانی، ئێستا ئەڵێت (السابقة)، یەعنی ئەتوانین 60 رۆژیش پێش کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمانی بۆی هەبێت، ئەو سابیقە یەعنی 60 رۆژ پێشتریش ئەتوانێ 60 رۆژ دواتریش ئەتوانێ، ئێمەش ئەمانەوێت پێش کۆتایی هاتن بیکەین، زۆر سوپاس، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا رۆستایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە یاسایەکمان هەیە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئەو یاسایەش پێویستی بەهەموارکردن هەیە، جێگای خۆیەتی لەو یاسایە رۆژ دیاری بکرێت، بۆ نموونە 5/19ی ساڵی چوارەمی پەرلەمان هەڵبژاردن بکرێت، بۆ ئەوەی کۆمیسیۆن هەموو ساڵێك ئیحتیاتاتی خۆی وەربگرێت، ئێمە دوێنێ لەگەڵ کۆمیسیۆن دانیشتین، ئەوان وتیان کاتی ستاندارد بۆ هەڵبژاردنێکی بێ موشکیلەو رێك و پێك، حەوت مانگ و نیوە، (225) رۆژ، خلال ستين يوماً هیچ ناکرێت بەو پەلەپەلە، بۆیە من پێشنیارەکەی کاك سەردارم پێ باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە یەعنی دیاری کردنی بەقانون رۆژی هەڵبژاردن، ئەی ئەگەر لەهەمان رۆژ نەکرا، یەك دوو رۆژ دواکەوت، سەبەبێك هەبوو بۆ دەیخەیتە قانونەوە، بکرێت بەبڕیارێك کە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە، بۆ ئەوەی بتوانێ لەهەمان وەختدا خوانەخواستە 5/19 نەکرا، رۆژێکی تر هەمان شێوەی هەبێت، ئێستا ئەو موقتەرەحەی کە لیژنەی یاسایی ولیژنەی ناوخۆ پشتگیرییان لێ کرد، دەیخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵدایە؟ باشە کاك عەونی جارێکی تر بیخوێنەرەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانياً( اصدار مرسوم باجراء الانتخابات العامة للمجلس الوطني لكوردستان – العراق وتحديد موعدها خلال خمسة عشرة يوماً من تأريخ حله او قبل ستين يوماً من تأريخ انتهاء الدورة الانتخابية على ان لايتعدى موعد الانتخابات ستين يوماً على تأريخ حله او السابقة على انتهاء دورته الانتخابية).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی بەنیسبەت (تحديد موعدها خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ حله او قبل مدة ستين يوماً السابقة لانتهاء الدوره على الاقل بنووسرێت ستين يوماً حەتا مەجال هەبێت پێشی 60 یش بێت ئیعلانەكە بكرێت، یەعنی خۆ شەرت نیە ئێمە خۆمان بە 60كە ببەستینەوە، وەكو ئەو وەزعەی كەئێستا تووش هاتووین، مەسەلەن جائیزە ئێستا ئیعلان بكرێت، بڵێین على اقل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەش زۆر ڕاستە ئەو على اقل مومكینە پێش 3 مانگ لە هەڵبژاردن باش بێت، على اقل بنووسرێت باشە، كەواتە بە ئیزافە كردنی على اقل دەیخەمە دەنگەوە كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، نوقتەی تر لە پرۆژەكە كاك عەونی ئەو موقتەرەحەی كە تازە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتووە، بەڵام خاڵێكی تر هەیە لە ئەصڵی پرۆژەكە،(اولاً) كە ماددەیەكی تازەیە، ماددەی دووەمە ........، اولآ: اقتراح مشاريع القوانين و القرارات المتعلقة برئاسة الاقليم للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق.

لە پرۆژەكەدا هاتووە، ماددەی دووەم: تعدل الفقرات(اولآ و ثانيآ و الحادي عشر و الخامس عشر من المادة العاشرة من القانون و تضاف فقرة من القانون بتسلسل التاسع عشر اليه و تقرأ كالآتي: اولآ: اقتراح مشاريع القوانين و القرارات المتعلقة برئاسة الاقليم للمجلس الوطني لكوردستان العراق. واتا صەلاحیاتی ریئاسەتی هەرێم، بە كوردییەكەش بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راپۆرتی مولحەقمان كە ئەمڕۆ نووسیمان، دەستكاری ئەوانەی كە لە راپۆرتی پێشوومان هەبوو، گەمەمان لەگەڵ نەكردیە، بەڵام بە تەنها ئەو مولاحەزانەی كە لە لایەن سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە پێشكەش كرا، گۆڕانكاریمان لەسە كرد، واتا مادەی یەكی پرۆژەكەمان لادا بە تەواوی و ماددەی دوو: تعدل الفقرات (اولآ و ثانيآ و الخامس عشر) وەكو خۆی ماوەتەوە، من المادة العاشرة و تضاف فقرة بتسلسل تاسع عشر اليها و تقرأ كالاتي، ئەگەر پێتان باشە با دووبارە بیخوێنمەوە هەتا بە وازیحی تەسبیت بێت لە پرۆتۆكۆڵ، المادة الثانية: ئێستا تەسولسولەكەی بووە المادة الاولى، المادة الاولى: تعدل الفقرات(اولآ و ثانيآ و الخامس عشر) من المادة

العاشرة و تضاف فقرة بتسلسل تاسع عشر اليها و تقرأ كالاتي: : اولآ: اقتراح مشاريع القوانين و القرارات المتعلقة برئاسة الاقليم للمجلس الوطني لكوردستان ـ العراق.

ثانيآ: اصدار القوانين و القرارات التي يشرعها المجلس الوطني لكوردستان - العراق خلال 15 يومآ من تأريخ وصولها الى رئاسة الاقليم، و له حق الاعتراض عليها كليآ او جزئيآ خلال المدة المذكورة و اعادتها الى المجلس الوطني لآعادة النظر فيها و يكون قرار المجلس الوطني بشأنها قطعيآ، و تعد تلك القوانين و القرارات صادرة في حالة عدم اصدارها من قبله ضمن المدة المذكورة و لم يعترض عليها و يوعز المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق بنشرها في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

ثالثآ: اصدار مرسوم بأجراء الانتخابات.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە تەبعەن ئەو موقتەرەحە زمنی دەسەڵاتی سەرۆكایەتی هەرێمە، سەرۆكی هەرێمە، ئیقتیراح كراوە كە بۆیان هەیە پرۆژەی یاسا  و بڕیاری كە پەیوەندی بە سەرۆكایەتی و دەسەڵاتی سەرۆكایەتی هەرێمەوە هەیە، پرۆژە بنێرن بۆ پەرلەمان، جاران دەبوایە لە ڕێگای حكومەتەوە بێت هەموو پرۆژەكان، بەڵام ئەو پرۆژانەی كە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە دەكرێت ئێستا خۆیان بینێرن، بۆ نموونە: ئەو پرۆژەیەی كە هاتووە بۆ پەرلەمان و بۆ هین و ئەوانە، ئەوان ناردبوویان، بەڵام لەبەر ئەوەی هینە یان دەبێ 10 ئەندامی پەرلەمان ئیمزای بكات، كەوایان لێ كرد، یان دەبێ بینێرنەوە حكومەت و حكومەت بینێرێ، بەڵام ئێستا ئەو دەسەڵاتە دەدرێتە سەرۆكایەتی هەرێم بۆ ئەوەی ئەو پرۆژە یاساییانە و بڕیارانەی كە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە بۆیان هەبێت ڕاستەوخۆ پێشنیار بكەن بۆ پەرلەمان، پێم وایە شتێكی تەبیعیە و پێویست بە موناقەشە و شتیش ناكات، فەرموو كاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر ناوەرۆكی ئەو قسەم نیە، بەڵام ئەو كوردییەی پێشمان هەر چەندە جەنابت وتت ئەوە عەرەبیەكە ئیعتیماد دەكرێتە سەرێ، بەڵام بەراستی ئەو كوردیە زۆر غەڵەتە، نەوەك جارێكی دیكە بنووسرێتەوە، ئاگادار بن، هەر ئەوەندە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من خۆم باسم كرد و وتم ئیعتیماد دەكەینە سەر عەرەبیەكە، باشە كوردیەكە چاك دەكرێتەوە و وەكو عەرەبیەكەی، كاك محمد حەكیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من یەك مولاحەزەم هەیە لەسەر یاسای سەرۆكایەتی هەرێم ماددەی(4)، لەگەڵ ماددەی (3)، نازانم ئایا لێژنەی یاسایی ئاگایان لەو ماددەیە هەیە؟ ئەویش ئەوەیە دەڵێ: یجري الاقتراع على انتخاب رئيس

الاقليم في موعد انتخاب المجلس الوطني لكوردستان - العراق، یەعنی ئەوە دەبێ سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی پەرلەمان بزانن کە بە پێی یاسا دەبێ لە ڕۆژی ئینتیخاباتی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان ئینتیخاباتی سەرۆکی ئیقلیمیش بکرێ، ئەوە ئایا پێویست بە تەعدیل ناکرێ؟، ئایا ئاگادارن لەوەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان یان نا؟، ئەوە نوقتەیەك، نوقتەی دووەم بە پێی ئەو ماددەی پێشوو، کە دەستمان بۆ هەڵبڕی و پەسندمان کرد، جەنابت فەرمووت ئینتیخابات بۆی هەیە دوو مانگ پێش بخرێ و تا دوو مانگیش دوا بخرێ، بەس ئەوەی کە ئێمە دەنگمان بۆ دا بەراستی دوا خستنی تێدا نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ لە دواوە دەست پێ دەکەم، نە دواخستنی تێدایە و نە پێشخستنی تێدایە، دەسەڵاتێکە دەدرێتە سەرۆکی هەرێم، ئەوەی تۆ باست کرد، دەکرێ پێش تەواوبوونی خولی پەرلەمانی لە خیلالی 60 ڕۆژ داوا بکات هەڵبژاردن بکرێت، دەشکرێ لە 60 ڕۆژی دواتر هەمان شت بێت، یەعنی ئەگەر زوروف لەباردا بێت، پێشتر دەکات، ئێستاکە زوروف لەبارە و داواکاریمان ئەوەیە پێشی تەواوبوون بکرێت، بۆیە وامان کرد و ئەو دەسەڵاتەمان پێدا پێش تەواوبوونی پەرلەمان، پێشتر یەعنی هەر دەسەڵاتی پێ درابوو کە پاش تەواو بوونی خولی پەرلەمان بکرێت، ئەوە نەماوە ئێستاکە، بە نیسبەت سەرۆکی هەرێم، لە ڕاستیدا هەتا پرۆژەی دەستوورەکە ئیقرار نەکرێت، چونکە دوو موقتەرەح هەیە، ئایا پەرەلەمان هەڵیدەبژێرێ یان ریفراندۆم (دەنگی گشتی بۆ دەدەرێت)؟، ئەو وەختەی بە گوێرەی ئەو گۆڕانکاریەی دەستوورەکە چۆن دەبێت و پێویستی کرد، یاساکە هەموار دەکرێتەوە، بە گوێرەی ئەو وەختی سەرۆکی هەرێم هەڵدەبژێردرێت، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا هەر ئەوەی جەنابت وتت بەڵزەبت وایە، بەڵام یەك مولاحەزەم هەیە، ئەویش ئەوەیە: ئەو دوو سەقفەی کە داندرایە، سەقفی زەمەنی (60) ڕۆژەکان، هەمووی لە زمنی دەورەی ئینتیخابیە، خاریجی دەورەی ئینتیخابی نیە هیچ کامیان، 60 ڕۆژی یەکەم تەحدیدی ڕۆژی ئینتیخاباتە، علی الاقل 60 ڕۆژ، ئێستا کردمانە پێش 60 ڕۆژ جائیزە، 70 ڕۆژ، 80 ڕۆژ، سێ مانگ، چوار مانگ، بەهەر حاڵ، بەڵام هی دووەمیش دەبێ ئینتیخاباتەکە خیلالی ئەو 60 ڕۆژە بکرێ، کەواتە فی کل الاحوال هەردوو 60 ڕۆژ لە زمنی دەورەی ئینتیخابیە، خاریجی دەورەی ئینتیخابی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سۆزان خان ئەگەر شتێکت نیە دەیخەمە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سبارەت بە دووەم لە ئەولەن، بەراستی زۆر رەکیکە، من لە برادەرانی یاسایش دەپرسم، یەعنی چۆن ئەکرێ تۆ بڵێی: و تعد تلك القوانين و القرارات الصادرة في حالة عدم اصدارها من قبله، ئێمە بۆ وا بڵێین؟ ئێمە ئەتوانین بڵێین:

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لە خاڵی یەکەمین، واتە پێشنیار کردنی پرۆژە و پرۆژەی یاسا و بریاری کە پەیوەندی بە سەرۆکایەتی هەرێمەوە هەیە، بە عەرەبیەکەی: : اقتراح مشاريع القوانين و القرارات المتعلقة برئاسة الاقليم للمجلس الوطني لكوردستان العراق. ئەو دەسەڵاتە دەدرێتە سەرۆکی هەرێم، کێ لەگەڵیتی دەستی بڵند بکات، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، دووەم ئەوەی ئێستا بیخوێننەوە، ئەوەی کە یەکەم کەس قسەی لەسەر هەیە سۆزان خانە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانياً: اصدار القوانين و القرارات التي يشرعها المجلس الوطني لكوردستان العراق خلال 15 يوماً من تأريخ وصولها الى رئاسة الاقليم، و له حق الاعتراض عليها كلياً او جزئياً خلال المدة المذكورة و اعادتها الى المجلس الوطني لآعادة النظر فيها و يكون قرار المجلس الوطني بشأنها قطعياً، و تعد تلك القوانين و القرارات صادرة في حالة عدم اصدارها من قبله ضمن المدة المذكورة و لم يعترض عليها، و يوعز المجلس الوطني لكوردستان العراق بنشرها في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بۆ ئەوەیە، پێش ئەوەی قسەت بدەمێ بزانم جوابم دایەوە یان نا، ئەوە بۆ ئەوەیە برِەك، تۆزێك زیاتر تەوزیحی هەبێت، یەك جوملەی تێدایە، ئەو بڕیارانەی کە لە وەختی خۆیدا ئیمزای ناکات و بەسەردادەچێت، لە وەختی قانونی خۆی 10 رۆژە یان 15 رۆژە، 15 رۆژە، ئەگەر ئیمزای نەکرد، ئیعتیبار دەکرێ صادرە و لەوێ نەنووسرابوو، بەوشێوەیە هاتووە، ئەگەر قسەت هەیە فەرموو .

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە زۆر دوور و تەفصیلە، دائیمەن برادەرانی لیژنەی یاسایی ئەڵێن یاسا بە رستەیەك یاخود دوو، پوخت و هینی مەسەلەکەمان بۆ باس دەکات، ئێستا ئێوە شەرحێکی زۆر، یەعنی (ليس له داعي)، تۆ ئەتوانی بڵێیٚ: و له حق الاعتراض عليها كلياً او جزئياً خلال المدة المذكورة و اعادتها الى المجلس الوطني لاعادة النظر فيها، و يكون قرار المجلس الوطني بشأنها باتآ، قطعياً نا باتآ، یەعنی بەتی تێدا ئەکات تەواو، و تعد تلك القوانين صادرة في حالة عدم اصدارها من قبله، ئەوە چۆنە؟ ئەتوانی بڵێ: و تعد تلك القوانين و القرارات الصادرة

من قبله ضمن المدة المذكورة و تنشر في الجريدة الرسمية. ئیتر، ئاخر ئەو ئیمزای ناکات، ئیمزا ناکات یەعنی ئیعتیرازی نیە لەسەری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بۆ وزوحە، زۆر باس کرایە، بۆ وەزوحە تا هیچ لەبسەکی تێدا نەبێ، هیچ تەفسیرێکی تێدا نەبێ، با درێژ بێت، بۆ ئەوەی کەس تەفسیری ئەوە نەکات، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەللا لێرە من حەز دەکەم کێشەیەکی دیکە هەیە لەو بڕگەیە حەلی بکەین، زۆر جار یاسا لە پەرلەمان دەردەچێت، نووسینەوەی و ناردنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم وەختێکی زۆر زۆر زیاد دەبات، بۆ نموونە یاسای دەسەڵاتی دادوەری زیاتر لە مانگێك مایەوە، من لێرە پێشنیار دەکەم، ئەگەر بڵێین بیکەینە (20 یوماَ من تاریخ التصویت علیه) یەعنی پێنج رۆژ لەبەر ئەوەی ئامادە بکرێت و 15 رۆژیش بدەینە سەرۆکایەتی هەرێم، ئەوە یەك، دوو: ئەوەی بڕگەی ئەخیریش کە دەڵێ: و تنشر في الجریده الرسمیه، من پێم وایە ئەوە زیادە، چونکە لە عقودی قانونەکان خۆی شکلەکی هەیە بۆ چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێ لە تەئریخی ئیصداری بێت، ئەبێ مولاحەزەی یەکەمت ئەوە دەبێ لە تەئریخی ئیصداری بێت، ئەوەی دووەمیش، عەمەلی نیە بەراستی، دەیخەمە دەنگەوە، ئەوە زیاتر دەوڵەمەند کردنی ئەوەیە، شتێکی زیاد نیە، لەو بەینەیدا کە پرۆژەیەك لە وەختی یاسایی خۆیدا ئیمزا نەکرابوو و هاتەوە، تەفسیری پەیدا بوو، پێویست بوو بەوەی کە هەموار بکرێتەوە، ئەو جوملەیە ئیزافە بکرێ بۆ ئەوەی ئەگەر جارێکی تر تیکرار بوو ئەو تەفسیرە نەبێت، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، ئەوەی ماوە لە پرۆژەکە کە پێویست دەکات حەسمی بکەین، تەعدیل و عەزلەکەیە، لە 15: تعیین او عزل کبار موظفي الاقلیم بالدرجات الخاصة بناءاَ على ترشیح او اقتراح الوزیر المختص و موافقة مجلس الوزراء، فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 11، دەنگمان بۆ لابردنەکەدا، بەڵام صیاغەکەی بەوشێوەی نابێ، باشە لاتان دا هەتا ئەگەر پێشمەرگەش بێت یاخود حەرەسی ئیقلیمیش، بیکەنە خاریجی ئیقلیم کێ ئەمرێ پێ دەکات؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە یاساکەی کۆندا هەیە، لێرە لاماندا لەبەر ئەوەی حیمایە هاتیە لە جیاتی حەرەس، بۆیە لاماندا.

**بەڕێز شێردڵ حوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوانەی مەدەنی هەمووی نووسراوە، ئیقرار و ئیصدار و ئەوانە، ئێستا ئەوە عەسکەریە مەفروزە بڵێین: اصدار الاوامر بتحريك القوات الى خارج الاقليم بعد اخذ موافقة المجلس، يان بموافقة المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەیە، ئەصڵەکە هەیە، من داوای لێبوردن دەکەم و داوا لە کاک کەمال دەکەم جەلسەکە بەڕێوە ببات، لەبەر ئەوەی شتێکی تاریخ هەیە، میوانێکی دەرەوە هاتووە، دێمەوە ئینشائەللا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی تکایە بەردەوام بن، تکایە، رجائەن ئیلتیزام، لێژنەی یاسایی کەرەم کەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الخامس عشر: تعيين او عزل كبار موظفي الاقليم بالدرجات الخاصة بناءآ على ترشيح او اقتراح الوزير المختص و موافقة مجلس الوزراء.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

15: دامەزراندن و لابردنی خاوەن پلە تایبەتەکان لەسەر پێشنیاری وەزیری پەیوەندیدار و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها بەنیسبەت یاسای تەعدیلەکە و بە نیسبەت یاسای ئەصڵی تەنها کەلیمەی عەزل ئیزافە کرایە، زۆر شتێکی تەبیعیە ئەگەر تەعینەکە بە دەست سەرۆکایەتی هەرێم بێ و عەزلەکەش بە هەمان شێوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی پێشمەرگە رەئیتان؟ نیە، ئەندامانی بەڕێز کێ ئەیەوێ قسە بکات دەستی بەرز بکات تکایە، ئەگەر نیە ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئێستا ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز کاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

19: يتولى رئيس الاقليم اية اختصاصات اخرى ينص عليها الدستور و القانون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

19: سەرۆکی هەرێم هەر دەسەڵاتێکی تر کە لە دەستوور و یاسادا هاتووە، پیادەی دەکات.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، ئەوە فەقەرەیەکی تازەیە هاتووتە ناو ماددەکە، بۆیە ئێمە بە باشی دەزانین، چونکە رەنگە هەندێ دەسەڵاتی هەبێ، لە هەندێ لە یاساکان و لە دەستوور هاتووە، ئەوەش ئیعتیادی دێتەوە زمنی قانونەکە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو دەسەڵاتەش ئیشارەتی پێ بدرێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کێ قسەی هەیە تکایە دەستی بەرز بکات، کاک کەریم کەرەم کە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەکە لە کۆتاییدا دەڵێ: ینص علیها الدستور و القانون، بکرێتە : الواردة في الدستور و القوانین النافذة، چونکە لە زۆر قانوندا لەوانەیە دەسەڵاتی سەرۆك هەرێم دەکرێ و لە قانون بە تەنیا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من غوموزێك ئەبینم لەو فەقەرەیە، یەعنی سەرۆکی هەرێم یان هەر دەسەڵاتێکی تر بە یاسا رێك ئەخرێ، بەڵام ئێمە یاسامان بۆ دەرکردووە بۆ سەرۆکی هەرێم، بۆ خۆی و ئیختیصاصاتەکانی و صەلاحیاتەکانی، ئیتر ئەوە لێرە زیادە، 14 صەلاحیاتی هەیە هەر لەو یاسای سەرۆکایەتی هەرێمە، چیتر هەیە لە دەرەوەی ئەوە ببێت؟ یەعنی جۆرێك لە غوموز دیارە، ئەگەر دەستووریش بێ هەموو بە دەستوور دەکرێ و بە یاسا رێك ئەخرێ، یاسامان بۆ دەرکردووە، کەوابوو ئیتر لە دەرەوەی ئەم یاسایە ئیش بە هیچ شتێکی تر ناکرێ، ئەم یاسای سەرۆکایەتی هەرێمە کە هەیە، هەموو صەلاحیات و ئیمتیازات و ئیختیصاصەکانی سەرۆکی هەرێمی دیاری کردووە، کەوابوو ئەوە شتێکی زیادە، غوموزێك دیارە پێی، من لەگەڵی نیم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە لۆ ئیحتیات دانرایە، مومکینە لە بەعزێ قوانین هەبێ بەراستی ئیختیصاصاتی تری هەبێ لە زمنی ئەو دەسەڵاتانە نەبێ کە هاتیە و لەو یاساییەدا هەیە، زۆر تەبیعی و ئیعتیادیشە مومارەسەی ئەو دەسەڵاتە بکرێ، هەتا ئەگەر هاتو لە زمنی ئەو یاسایەش نەهاتبێ، من ناتوانم ئێستا بڵێم فلان حاڵەتە یان فیسکە حاڵەتە، مومکینە حاڵەتی موستەقبەلیش هەیە بێتە گۆڕێ، بە پێی یاساکان دەسەڵات بدرێتە سەرۆکی هەرێم، بوونیشی زەرەری نیە تەبیعی.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵێتی دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟ سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ یەك کەس لەگەڵدا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية: لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بریارێك ناکرێت، ئەگەر ناکۆك بوو لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کێ دەیەوێ قسە بکات؟ نوقتەی نیزامی فەرموو کاك هیوا.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو پرسیارەم هەیە، بە گوێرەی هەموو پەیڕەوەکان یان هەر دەقێك یان هەر بابەتێك پەرلەمان لەسەری پێك دێت، ئەبێ دەقەکەی بخوێندرێتەوە، ئێستا ئەو بابەتە و هەندێ بابەتی ئیحتیات، ئەڵێم ئیحتیات نیە لە قەوانیندا، هەر صەلاحیات و دەسەڵاتێك کە بدرێتە هەر جیهەتێك پێویستە لە قانونی خۆیدا بۆی دیاری بکرێ، ئێستا کێ ئەڵێ چەند نەفەرێك دەچن شتێك دێنن و دەڵێن ئەوە وا بووە، لەبەر ئەوە پێویستە تەحریر بکرێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

زۆر سوپاس، لێژنەی یاسایی وەڵام تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە دەنگمان لەسەر ئەو فەقەرەیە دا ئەوەی کاك هیوا قسەی لەسەر دەکات، ئەوە تەواو بووین، ئیوەی نیە قسەی لەسەر بکەین، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**سوپاس، ئێستا بۆ ئەو ماددەی ئەخیر کە خوێندرایەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ وەرگیرا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثالثة: على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی سێیەم: لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێیەجێ بکەن.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**ئێستا لەسەر ئەو ماددەیە کێ قسەی هەیە با دەستی بەرز بکاتەوە تا ناوی بنووسین؟ نیە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة: ينفذ هذا القانون اعتباراً من تأريخ اصداره، و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی چوارەم: ئەم یاسایە لە برواری دەرچوواندنیدا جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمیدا وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**کێ ئەیەوێ لەسەری قسە بکات؟ نیە، کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەیە دەستی بەرز کاتەوە، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، ئێستا گشت ماددەکان تەعدیل کران، بە کۆی گشتی ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەست بەرزکاتەوە تکایە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، ئێستا بۆ فەقەرەی دووەمی بەرنامەی کار، خوێندنەوەی یەکەم و خستنە روو و**

گفتوگۆکردنی پرۆژەی درێژ کردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕیاری ژمارە(.......) ساڵی 2009،

یەکەم:ئەنجومەنی ئێستای پارێزگاکانی هەرێم بەردەوام دەبن لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان تاکو هەڵبژاردنی داهاتوو، بە مەرجێك پێش کۆتایی ئەم ساڵ 2009 ئەنجام بدرێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

لێژنەی یاسایی ڕەئیتان تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، چونکە هەر وەکو هەموو لایەك ئاگادارن ماوەی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاکان چوار ساڵە، لە 2005/1/31 هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کرا، ئێستا لە 2009/1/31 تەمەنەکەی تەواو دەبێ، لەبەر ئەوەش هەڵبژاردن نەکراوە، بۆیە پێویست دەکات ئەو ماوەیە درێژ بکرێتەوە، بۆیە ئێمە وەکو لێژنەی یاسایی دوێنێ لەگەڵ هەر سێ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکان دانیشتین و تاوتۆی ئەو فەقەرەمان کرد، ئەوانیش هەر هەموویان ڕەزامەندیان لەسەر هەبوو، کە پێویستە بەم شکلە تەعامول بکرێ، بۆ ئەوەی شەرعیەتیان لە دەست نەدەن، بۆیە ئەم پرۆژەمان ئامادە کردووە، ڕەنگە لەویش ڕەئی جیاجیا هەبوو سەبارەت بە مودەی ساڵەکان، ئیستا گوتیان تەئریخی جەلسەتان داناوە، گوتمان تەئریخی جەلسەمان داناوە، ڕاستە، بەڵام ئێوە جەلسەتان وەکو یەك نەکردووە هەر سێ پارێزگا، مومکینە تەئریخی جەلسەی پارێزگای سلێمانی لەگەڵ هەولێر فەرق بکات، هەولێر لەگەڵ دهۆك فەرق بکات، بۆیە ئێمە ڕۆژی ئینتیخاباتەکەمان بە نەزەری ئیعتیبار وەرگرتووە، چوار ساڵەکە 2009/1/31 تەواو دەبێ، بەڵام دەتوانن لەمەودوا بۆ خۆتان بە نیزام داخیلی تەحدیدی جەلساتەکان بکەن کە هەمووتان لە یەك ڕۆژ جەلسە بکەن، ئەو وەختەی ئێمە دەتوانین تەعامول لەگەڵ ئەو مەسەلەیە بکەین، بۆیە ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئەو ڕێزدارانەی ئەیانەوێ قسە بکەن ناویان دەنووسین، پێشەکی ببورن ڕاپۆرتی لێژنەی کەرەم کەن.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ێ پەرلەمان.**

**بابەت :ڕاپۆرتی لێژنە**

لە رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2009/1/21 پاش خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە بریاری بەردەوام بوونی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم بۆ سەر کارەکانیان و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان بە مەرجی هەڵبژاردنی داهاتووی پێش کۆتایی ساڵی 2009ئەنجام بدرێت، سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەم پرۆژەیەی رەوانەی لێژنەکەمان کرد و لێژنەکەمان لە هەمان رۆژ هەڵسا بە سازدانی کۆبوونەوەیەك بۆ دیراسە کردنی ئەم پرۆژەیە، پاش گفتوگۆ و ئاڵوگۆرکردنی را، لێژنەکەمان پشتگیری ناوەڕۆکی پرۆژەکە دەکات کە وەکو خۆی هاتووە، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێ قسە بکەن ناویان دەنووسین، بەڕێز کاك محمد فەرەج کەرەم بکە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماوەی کە دیاریکراوە 31ی مانگ، پێم وایە لە رووی یاساییەوە، یاسای پەرلەمان، ئەو رۆژە حیساب ئەکرێ کە ئەنجومەنەکە دەست بەکار ئەبوو، ئەبوایە لێژنەی یاسایی مەسەلەن کامیان ئەخیر بوایە ئەویان حیساب ئەکرد، ئەخیر رۆژ، چونکە لە رووی یاساییەوە ئەو رۆژە حیساب ئەکرێ کە دەست بە کار ئەکرێ نەك رۆژی هەڵبژاردن، ئەوەش بەهەر حاڵ بەرێوەبردنێکە، دوو: من پێمە باشە مادەم هەڵبژاردنی پارێزگاکان پێش ئەنجومەنی نیشتمانیە، لە جیاتی ئەوەی بڵێین تا بە مەرجێك لە کۆتایی 2009 دا بکرێت، بڵێین بە مەرجێك بەر لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بکرێت، 2009 بکەین بەوە، چونکە ئەمە لە پێش ئەوەیە، دوا ئەکەوێ، ئەم دوا خستنە بێ مەبەریرە، چونکە دەبوایە بەراستی لە پێشدا بیرمان لەوە کردبایە، چۆن ئەنجومەنی نیشتمانی بە پەرۆشەوە ئەڵێن لە 5/19دا بکرێ، ئەبوو پێشتریش پەرلەمان بە هەمان جۆر، بۆ پارێزگاکان هەوڵی ئەوەی بدابا لە کاتی خۆیدا قسەی بکردبا کە هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێ، ئێستا من پێشنیاری ئەوە دەکەم لە بری لە کۆتایی 2009 دا بکرێتە پێش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی بکرێ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس.

ڕێزدار کاك محمد حەکیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ناچار بووین کە دەبێ ئەو وادەیە درێژ بکەینەوە، چونکە 1/31 ئیتر کۆتایی بە وادەکە هات، چونکە بە دوو ساڵان ئەو ئەنجومەنانە کۆ دەبنەوە، پرۆژە یاسای خۆیان ئەدەن بە ئێمە، ئێمەش یان بە دڵمان نیە، یان رەفز ئەکرێ، ئەوە واقیعەکەیە، یەعنی گلەیی ئەو یاسایەی کە ئەوان داکۆکی لێ دەکەن، ئەنجومەنەکان

تاوەکو ئێستا بێ یاسان، ئەوە خاڵێکە بە حەقیقەت لەسەرمان تۆمار کراوە کەدوو ساڵە نەمانتوانیوە یاسایەك بۆ پارێزگاکان بڕیاربدەین، ئەوە نوقتەیەك، نوقتەی دووەمیش ئەویش هەر خاڵێکی لاوازیە بۆ ئێمە، ئەویش ئەوەیە کە عیراق بەو وەزعە نائەمنیەوە لە 1/31 هەڵبژاردنی پارێزگاکان دەکات، ئێمە بەو وەزعە ئەمنیە باشەوە وا دواى دەخەین، خاڵێکی تر لە مەسەلەی هەڵبژاردنەکان دەشێ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ساڵێکە من ئاگام لێیە لە ڕۆژنامەکان ئەوەندەی دیدارم هەبووە لەگەڵیان داوا دەکەن کە ڕۆژی هەڵبژاردنەکان دیاری بکرێت، یەعنی دەبوو ئێمە زووتر یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کودرستان و هەم یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانمان هین بکردایە، من پێشنیارەکەی مامۆستا محمد دووپات دەکەمەوە کە ئێمە لەو یاسایە بنووسین کە هەڵبژاردنیان بۆ بکرێت پێش یان لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران دا، یەك مولاحەزەشم بۆ لیژنەی یاسایی و هەم پەرلەمانتارانی تر وهەم میدیاکان هەیە کە زۆر ئیعتیبار لەسەرتەسریحاتیان دەدەن، ئاگایان لە تەسریحات نیە، چونکە پرۆژە یاساکان پێشتر دێتە لای ئەوانەوە، وەکو ئەوەی تەعدیلی یاسای سەرۆکایەتی، من پێم وایە لەوانەوە ئەگەر ئیلتیباسێك دروست بوو بێ بۆ ئەندامانی پەرلەمان و بۆ میدیاکان دروست بووە، نەك میدیاکان لە خۆوە شتیان دروست کردبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە عیراق دەبێتە مایەی ئەوەی کە پارێزگاکانی عیراق لەسەر قانونێك کاربکەن و پارێزگاکانی هەرێمیش پێویستە قانونێکی بۆ دەربکەین، لێرە ئێمە دەڵێین تەمەنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم درێژدەبێتەوە، یەعنی بەردەوام دەبێت، بەڵام لە قانونی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق دا، ئەوان دوو قانونیان هەڵوەشاندووەتەوە، قانونی مەحافەزاتی عیراق ساڵی 1969، ئەمریکی (پۆل بریمەر) کە ساڵی 2004 دەرچووە، ئەم ئەنجومەنانە بەوە ئیش دەکەن، ئایا ئەم ئەنجومەنی پارێزگا لە هەرێمی کوردستان تا داڕشتنی یاسایەکە و دەرکردنی یاسایەك بۆیان بە چ یاسایەك کاردەکەن؟ ئێمە درێژی دەکەینەوە تا نزیکی ساڵی 2009 ، بەڕای من ئەوە فەراغی قانونی دروست دەکات، ئەگەر برادەران شتێك لەوە روون بکەنەوە، دواتر من پێشنیارێکم هەیە، ئێمە هەڵبژاردنێکمان کرد، هەڵبژاردنی شارەوانیەکان، هەنگاوەکان بەرەو ئەوە دەڕۆن بەرەو لامەرکەزیەی ئیداری هەبێت و ئێمە بتوانین ئەنجومەنێکی مەحەلی دابنێین کە دەسەڵاتی ئیداری هەبێت، کاتی خۆی لە 2000 شارەوانیەکان و سەرۆکی شارەوانیەکان بە هەڵبژاردن بوو، ناکرێت لە یەك شوێن دا دوو ئەنجومەنی هەڵبژێردراو هەبێت، ئایا ئەوانە چارەنووسیان چیە؟ من پێم باشە لێرە لەم یاسایە ئێمە بڕگەیەك بنووسین، ئەوانیش کە شەرعیەتیان نەماوە و 8 ساڵیان بەسەر چووە، ئەوانیش مەسیریان یەکلابکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك هیوا فەرمووو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا بەڕێز من دەمەوێت قسە لەسەر ئەوە بكەم كە خەریكین پەرلەمانمان هەر دەبێتە بڕیاری (طوارىء)، ئێمە گلەیی دەكەین بۆ لە ڕۆژنامە یان لە ڕاگەیاندنەكان دا قسە دەكرێت؟ لە كاتێك دا پەرلەمان خۆی هۆكارە بۆ ئەوە، دان نان بە هەڵەیش من وای دەبینم فەزیلەیە، بە داخەوە ماددەی 140 لە كاتی تەواو بوون دا پـەرلەمان دانیشت گوتی كاتی تەواو بوو هەر چۆنێك بێت با تەدارك بكرێ و با داوا بكەن نوێنەری سكرتێری نەتەوە یەكگرتووەكان هات، باشە بۆچی ئێمە كاتێك وەختەكەی تەواو دەبێت و چەند ڕۆژێكی ماوە، ئەو كاتە پەرلەمان دێت قسەی لەسەر دەكات، بۆ ئێمە چەند مانگێك لەمەوبەر تەداركی ئەوەمان نەدەكرد؟ دووەم: بۆ ئێمە نەتوانین قەرارێك بدەین و تەحدیدی بكەین؟ بۆچی ئەم مەتاتیەتە هەبێت؟ با بڕیار بدەین، مادام كۆمسیۆنی باڵا دەڵێت ئەگەر من ماوەی حەوت مانگ و نیو مۆڵەتم بدەن من دەتوانم ئامادەسازی بكەم بۆ هەڵبژاردنەكان، با ئێمە خۆمان تاقی بكەینەوە لەم پەرلەمانە، با بڕیار بدەین لە 9/1 هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی پارێزگاكان بكەین، لەبەرئەوە بەڕاستی پێویستە خاڵێك دابنێین و هەڵوەستەی تیا بكەین، ئەم پەرلەمانە بڕیاری خۆمان دەبێت، نەك بڕیاراتیك بۆ نموونە كە خۆمان ناپرسینەوە لە شتەكە لە كاتێك دا كە دەكەوینە ئیحراج بوونەوە بڕیارێك دەدەین، جا من داوام وایە ئەمە دووبارە نەكەینەوە، چونكە ئەمە هێمایە بۆ درێژكردنەوەی كاتی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانیش كە بەڕاستی دەبێت ئێمە ئەوە قبوڵ نەكەین، هەر لە ئێستاوە بڕیارێك لەسەر ئەوەش بدەین.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، كاك عثمان فەرمووو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جێگای داخە ئێمە ئەمڕۆ لەو پەرلەمانەی ماوەی یاسایی هەڵبژاردنی پارێزگاكان درێژدەكەینەوە و كارێكی وا دەكەین و خۆمان لێ ڕادەهێنین بەبەردەوامی كاتی یاساییەكانی هەڵبژاردن درێژدەكەینەوە بۆ ئەوەی شەرعیەت بە دواخستن و درێژكردنەوە بدرێتن كە فعلەن تەراجوعێك دەكرێت لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی دیموكراتی لە كوردستان، بە هەرحاڵ مادام وەكو برادەران باسیان كرد پێش كاتی كۆتایی یاسایی ئەنجومەنی پارێزگاكان قسەمان لەسەر نەكرد لە كاتی خۆی، ئێستا هیچ چارەیەك نەماوە، فعلەن حەقە سەقفێكی زەمەنی دابنێین بڵێین لەو ماوەیە ئەنجومەنی پارێزگاكان هەڵبژاردن دەكات، جگە لەوەش فعلەن هەڵبژاردنێكی تریش كراوە بۆ شارەوانیەكان، ئەوە هەر قسەی لێ نەكراوە، نازانم ئەوە مەسیری بە چی

گەیشت؟ ئێمە یەك حكومەتین، چەندین یاسایی جۆراوجۆرمان هەیە كە پێچەوانەی یەكتر كاردەكەن، لەگەڵ ئەوەش بەڕاستی بڕیارێك بدەین، ئەگەر سەقفی زەمەنی دانەنێین بەڕاست جێگای ترسە كە ئێمە نەتوانین هەڵبژاردنەكان لە كاتی خۆی بكەین، بۆ بترسێین؟ ناكرێت ئەوە، هەڵبژاردنەكان با لە كاتی خۆی بكەین، ئەوجا چی دەوێت، بۆ نموونە یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاكانمان بۆ نەكردووە؟ مەسەلەی ئێمە بانگەشەی دنیا دەكەین و دێن لە وڵاتی ئێمە ئیستیسمار بكەن و وڵاتمان ئەمن و ئاسایشە، كێشەمان نیە و هیچ مەسەلەیەك لێرە نیە ببێتە كۆسپ لەپێش هەڵبژاردنەكانمان لەكاتی خۆی، بۆچی دوای بخەین؟ بۆیە من پێشنیار دەكەم مادام تازە هیچ چارە نەماوە سەقفێكی بۆ دیاری بكەن، وە ئەگەر دەشمانەوێت فعلەن ئەو یاسایەی بریمەر ئیلغا بكەینەوە و با هیچ نەترسێین، یەكسەر بڵێین كاكە ئێمە ئیش بەو یاسایە ناكەین و ئێمە هەرێمێكین و ئەنجومەنی پارێزگاكان ڕێگرە لە پێش هەرێمێكی فیدراڵی ناوچەكەمان و ئیلغای بكەینەوە، بەڕاستی ئەوە ناكرێت، یەعنی ئێمە هەموو شتێك لە خەڵك تێك بدەین، یەعنی بە حەقیقەت و بە سەراحەت لەو پەرلەمانە قسە بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكێك لە برادەرەكان ئیشارەتی بە ئەوە دا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان لەسەر بڕیاری حاكمی ئەوسای عیراق بووە، كە (پۆل بریمەر) بوو، نازانم ئێمە ئێستا چۆن دەتوانین بۆ ئەو یاسا كۆنەی كە ئێستا لە عیراق دا ئەویش نەماوە و حاكمیش نەماوەو یاسایەكی تازەش دەرچووە و، ئێمە ئێستا حەقمان داوە بە خۆمان ماوەی یاسایی ئەم ئەنجومەنانە درێژدەكەینەوە؟ ئەمە خاڵی یەكەمە، خاڵی دووەمم، پرۆسەی دیموكراتی دەڵێت دەبێت هەڵبژاردنەكان لە كاتی خۆی دا بكرێت، موبەرر چیە تۆ ماوەیساڵێك دابنێی؟ ئێمە بۆچی هەتا ئێستا نەمانتوانیوە؟ ساڵێك پێش ئێستا، زۆر پێش وەخت دەمانەزانی 1/31 /2009 وادەی یاسایی ئەم ئەنجومەنانە تەواو دەبێت، دەبوایە پێش وەخت ئێمە چارەسەریمان بۆ بدۆزیبایەوە بۆ ئەو حاڵەتە، ئێستا لێرە كێشەكە ئەوە نیە بكرێت هەڵبژاردن یان ناكرێت، ئێمە شێوازی حوكمرانی لە هەرێمی كوردستاندا چۆن دەكەین؟ چۆنیشی سەیر دەكەین؟ ئایا ئێمە دەمانەوێت ئەنجومەنی شارەوانیەكانمان هەبێت؟ یاخود ئەنجومەنی پارێزگاكانمان هەبێت؟ یان ئێمە دەمانەوێت كۆپیەك بین لە عیراق؟ یان دەمانەوێت حاڵەتێكی جیاواز بین؟ زۆر ئاساییە ئێمە بە ڕوونی و ئاشكرایی باسی ئەم شتانە بكەین، هیچ پێویستیش ناكات لە پشت پەردەو لە ژوورە داخراوەكان دا بین، ئەوە شتێكە دەتوانین هەر هەموومان قسەی لەسەر بكەین، زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

سوپاس، لەناو یاساکە بە تەفسیل موناقەشە و ڕەئی خۆتان بدەن و پەرلەمانتارانی بەڕێز ڕ ڕەئیەکیان دا ئەوە دەبێتە یاسا، ڕێزدار کاک دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیچم نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان بە ناوەوە وجودیان هەیە، بەڵام لە واقع دا بە تایبەتی لە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك دا تاکو ئێستا نەیانتوانیوە ئەرکەکانی سەرشانیان بە جێ بگەیەنن، چونکە تاوەکو ئێستا لە لایەن ئەم پەرلەمانەوە قانونێکیان بۆ پەسەند نەکراوە، ئەوەش جێگای داخە، بەڕاستی ئەو ئەنجومەنە پێکەوە لەگەڵ ئەم پەرلەمانە لە مانگی 1 ساڵی 2005 دا هەڵبژێردرا بە ئومێدی ئەوەی بە پەلە قانونیان بۆ پەسەند بکرێت، ئێستا باس لە درێژکردنەوەی کارەکانی ئەم ئەنجومەنە دەکرێت کە بەشێکیان تا ئێستاکە هیچ کارێکیان ئەنجام نەداوە، بۆیە پێویستە پەلە بکرێت لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەو ئەنجومەنانە لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان دا، ئێستاش لەو پەرلەمانی کوردستانە چەند پەرلەمانتارێك پێشنیازیان کرد ماوەیەك دیاری بکرێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەو پەرلەمانە و ئەم ئەنجومەنانە لە کاتێکی دیاری کراودا بە بڕیاری پەرلەمان، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاک زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێی خۆیەتی پرسیار بکەین، کێ بەرپرسە لە دواکەوتنی هەڵبژاردنەکان؟ هەڵبژاردن کاتێکی دیاری کراوی هەیە و ئەنجومەنەکان هەمووی دیارە چ پارێزگار چ پەرلەمانە و چ ئەوانەی تریش، بۆ هەموو جارێك پەرلەمانی کوردستان ئیحراج دەکرێت تا دوا کاتەکانی لەوێ یەڵڵا بە پەلە پەل عەیب داریەکەی دەخرێتە سەر پەرلەمانی کوردستان و ئێمە شەرعیەت بدەین بە شتێکی ناڕەوا، نەریتی دواخستنی وادەی هەڵبژاردنەکان، بەڕاستی نەریتێکی زۆر زۆر سلبیە، دەبێت ئێمە لەسەری زاڵ بین و ڕێگای پێ نەدەین، ئەنجومەنی پارێزگاکان لە 1/31 کۆتایی بە عومریان بێت باشترە، فەراغێك هەبێت باشترە، نەك ئێمە ئێستا درێژە بدەین و شەرعیەت بدەین بە شتێکی غامز کە نازانین کەی دەکرێت، بۆیە سستیەك هەیە لە سیستەمی سیاسی ئێمە، لە پەرلەمان سستی هەیە، ماوەی چەند مانگە ئەو پرۆژە یاسایەی لێرەیە، هەموو

جارێك دەمانەوێت ئیشی لەسەر بکەین، کاکە ڕاوەستن موشکیلەی تێدایە، خەڵك تێبینی لەسەر هەیە، حکومەت، ئەوە چی بوو یەعنی؟ بۆیە بەڕاست من لەگەڵ درێژکردنەوەی ماوەکەی نیمە، با کۆتایی پێ بێت، ئەنجومەنی پارێزگاکان فشارێکی زیاتر لەسەرمانە بۆ ئەوەی زووتر ئینتیخابەکان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە 1/31 لە کۆی 18 پارێزگا لە عیراق 15 پارێزگای هەڵبژاردن دەکات، تەنها پارێزگاکانی کوردستان هەڵبژاردن ناکەن، لە کاتێك دا ئێمە ئیدیعای ئەوە دەکەیـن ئێمە لە بەغدا دیموکراتی ترین، وە ئیدعای ئەوە دەکەین کە ئیستقرارمان زیاترەو ئارامی و ئەمن و ئاسایش هەیە لە کوردستان، هەروەها ئەوە لە کاتێك دا دێت، هەر دوێنێ ڕووداوێکی زۆر گەورە لە دنیا ڕووی دا کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەمریکا کابرایەکی ئەمریکی بە ئەسڵ ئەفریقی، وەك ئەوەی خۆمان دەڵێین (ڕەش پێست) بۆ یەکەم جار گەیشتە حوکم، ڕۆژێك لە پاش ئەوە ئێمە دێین لێرەدا ئەو نەریتەی کە لای خۆمان هەیە دیسانەوە دووبارەی دەکەینەوە لە کاتی ئیستیحقاقی ئینتیخابی، کە فێربووینە درێژە بە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەدەین لەو کاتەی کە دەبووایە ئینتیخابات بکەین، لەو کاتە دادێت کە ئێمە پێشتریش تەجروبەیەکی خراپمان هەبووە لە دەورەی پێشتری پەرلەمان، کە پەرلەمانی پێشوو 13 ساڵ بەردەوام بووە لە سەر کارەکانی خۆیان، ئەمە کارێکی زۆر خراپە ئەوە دەبێتە تەکریسی ئەوەی کە ئێمە ڕێز لە ئیرادەی میللەتی خۆمان نەگرین و باز دەدەین لەسەر ئەو ئیستیحقاقە ئینتیخابیە، من ئەو یاسایە دەنگی بۆ دەدەم، لەبەرئەوەی بەدیلەکەی زۆر خراپترە، بەڵام دەڵێم با ئەوە ئەخیر جار بێت، لەمەودوا ئێمە هەوڵ دەدەین زیاتر ڕێز لە ئیرادەی میللەتەکەی خۆمان بگرین و باز نەدەین لەسەر ئەو ئیستیحقاقە ئینتیخابیە، دەبێت لە خۆشمان بپرسین، پێناسەی سیستەمی سیاسی خۆمان بکەین و بەڕاستی لە قیەمی موجتەمەعی خۆمان بکۆڵینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

سوپاس، لیژنەی یاسایی ئەو پرسیارانەی کران تکایە وەڵامتان؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی پرسیار زۆر کران، بەڵام دوو خاڵی سەرەکی هەیە من دەمەوێت وەڵامی بدەمەوە، منیش لەگەڵ ئەوەم بەڕاستی هەڵبژاردنەکان لە کات و ساتی خۆیدا بکرێت و هیچ ماوەیەك نەدرێت بۆدرێژکردنەوەی

ئەو جۆرە هەڵبژاردنانە، بەڵام واقعی ئێمەش دەبێت ڕەچاو بکرێت، بۆیە هەر کەموکوڕیەك کە هەبێت سەبارەت بە دیاری کردنی ڕۆژی هەڵبژاردنی پەرلەمان، یاخود هەڵبژاردنی پارێزگاکان هەر هەموومان دەگرێتەوە، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەگەر ئەمە ماوەی دوایی نەبێت کەس باسی هەڵبژاردنی نەکردووە، بەڵام ئێستا مەسەلەی هەڵبژاردن هاتەگۆڕێ، ئەو بەڕێزە دەڵێت پێش ساڵێك ئێمە ئاگاداریمان، بەڕێزێکی تر دەڵێت پێش 6 مانگ لەو پەرلەمانە، هەر باسی ئەوەی نەکرد، ئێمەش بەرپرسیارین، هەر هەموو بەرپرسیارین، با ئەو مەوزوعەمان ئیسارە بکردبا بۆ ئەوەی ڕۆژی هەڵبژاردنەکان دەست نیشان بکەن، سەبارەت بەوەی ئایا هەڵبژاردنەکان بە یەك ڕۆژ دەکرێ یان ناکرێ، کاك محمد دەڵێت حەز دەکەم لە عەینی ڕۆژ بکرێت، وەڵڵاهی ئەگەر بە حەز بێت، منیش حەز دەکەم هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەگەڵ ئەنجومەنیی نیشتمانیی کوردستان بە یەك ڕۆژ بکرێت، بەڵام ئێمە دوێنێ کۆبوونەوەمان کردووە لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵا، کۆمسیۆنی باڵا جارێ بە نیسبەت پەرلەمان چ بە سلبی و چ بە ئیجابی هیچ جوابێکی بە ئێمە نەداوە، ئەوان سەقفی زەمەنی خۆیان هەیە، ئایا لە زمنی سەقفی زەمەنی ئەوانە یان هی ئەوان نیە؟ ئەوەش هەتا ئەمڕۆش دیاری نەکراوە، بۆیە بە حەقیقەت مەوزوعی هەڵبژاردنەکان مەسەلەیەکی وا سەهل نیە، ئیمکانیاتی ئیداری و ئیمکانیات فەنی دەوێت، هەروەها ئیمکانیاتی مالیشی دەوێت، هەر کۆمسیۆنی باڵا ئەسڵەن دەڵێت بە نیسبەت ئیمکانیاتی مالی مەفروز وابوو پێشی تەسدیقی میزانیەی عیراق ئەم خەبەرە بۆمان بێت، بەڵام ئێستا زۆر زۆریش وەختەکەی باشە هێشتا کە میزانیەی عیراق تەسدیق نەبووە، ئێمەتان ئاگادار کردەوە، ئەوە شتێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی بتوانین هەتا میزانیەکە تەسدیق نەکراوە ئیمکانیاتی مالی دابین بکەین، ئەوجا بگەڕێینەوە سەر ئیمکانیاتی ئیداری و ئیمکانیاتی فەنی، بە نیسبەت ئەوەی کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا لە کاتی خۆی نەکرا، ئێمەش حەزمان دەکرد لە کاتی خۆی بکرێت، هیچ پێویستی بەو درێژکردنەوە نیە نیهائیەن، بەڵام واقعەکەی ئێمەش بەو شکلە بووە بەڕاستی، ئایا هەڵبژاردنەکە لەسەر یاسای بریمەر کراوە، بەڵێ لەسەر یاسای پریمەر کراوە، یاسای بریمەر ئیلغا کراوە، بەڵام ئایا شەرعیەتی پەرلەمانی بدەینێ کە ئیش و کارەکانی خۆی ئەنجام بدات، هیچ شتێکی لێ کەم دەبێتەوە؟ بە قەناعەتی من بە پێچەوانەوە وەکو ئەنجومەنی بەلەدیاتمان لێ دێت کە هەروەکو خۆتان ئیشارەتتان پێی دا بە سەراحەتەوە دەڵێم ئەنجومەنی شارەوانیەکان شەرعیەتی خۆیان لە دەست داوە، لەبەرئەوەی زمنی مودەی قانونی خۆیان هەڵبژاردنەکانیان نەکردووە، ئاشکراشە ئێستا مەسەلەی ئەنجومەنی شارەوانیەکان، بە نیسبەت ئەنجومەنی شارەوانیەکان وەزعی چی لێ دێت؟ دوو هەڵبژاردن دەکرێت یان یەك هەڵبژاردن دەکرێت، بەڕاستی ئەو یاسایەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە روون و ئاشکرایی تەوزیحاتی تێدایە، یاسایەکە لەو ڕۆژانەدابەش دەکرێت بەسەرتان لەوەی کە ئەو جوابانەمان بۆ دێتەوە دابەشی دەکەین لەسەرتان بۆ ئەوەی بزانن چۆن مەعامەلە لەگەڵ ئەنجومەنی شارەوانیەکان کراوە، وە ئینتیخاباتەکەش بە قەناعەتی من دەبێتە یەك ئینتیخابات، دوو ئینتیخابات ناکرێت،بەڵام دەزگای شارەوانی وەکو دەزگا دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی ئیش و کارەکانی تایبەت بە شارەوانی ئەنجام بدات، من

بەڕاستی هەر ئەوەندە مولاحەزاتانەم هەبوو، ئەوەی کە نووسیوە، ئەگەر هەر شتێکم لەبیر چوو بێت ئامادەم وەڵامی بدەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە کە قسە کراوەو جوابیش دراوەتەوە، ماددەکە یەك، یەك بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کاك محمد فرج نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مەجموعەیەك پێشنیارێکمان کرد، زۆر بووین، من و کاك محمد حکیم و کاك هیواو کاك عیمان و سۆزان خان، کە مودەکە دیاری بکرێت و تەحدید بکرێت، نەك ساڵەکە، نەك بە ساڵ بێت، تەحدیدی مودەیەك بکرێت بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەرچەندە لە موناقەشەکان و پرسیارەکان ئاگام لێ نەبوو، بەڵام لێرە نووسراوە، ئەو دواخستنە بۆ؟ ئەو تەمدیدکردنەی کاری ئەنجومەنەکان بۆ؟ لەبەرئەوەی یەکەم: قانونی مەجالس دەرنەچووە، دووەم: قانونی هەڵبژاردنی تازەی دەوێت، لەسەرەتاکەی باسم کرد، باشە ئەگەر تۆ گەرەنتی بدەی بە پەرلەمان هەفتەی تر دەیکەن من ئەو دانیشتنە ئیقتراح دەکەم دوای بخەم، بەڵام بەشەرتێك هەفتەی تر بتوانین قانونی هەڵبژاردن بکەین، تۆ دەیکەی؟ بەچی؟ کاك محمد بە چی دەیکەی؟ قانونی هەڵبژاردنی دەوێت برادەر من هەر بۆت شەرح دەکەم، قانونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هی 2005 شتێکە، دەبێت گۆڕانکاری تیا بکرێت، ڕەچاوی ئەو قانونە بکرێت کە لە ئەنجومەنی نوێنەران کراوە، بە قائیمەی مەفتوحە تا ئێستا هی ئێمە داخراوە، لە بەغدا بە سێ مانگ توانرا ئەو خاڵەی لاببەن، سێ مانگ موناقەشەیان کرد و هەموو موراجعی دینی و سیاسی رەئیان لەسەر دا، ئینجا چەندین کێشە بوو، تۆش دەڵێی بە هەفتەیەکی تر من دەتوانم، چۆن دەتوانی؟ دووەم: کە دەڵێت بەشەرتێك پێش کۆتایی 2009 بێت، واتە هەر وەختێکی قانونەکە تەواو بوو، قانونی هەڵبژاردن تەواو بوو ئەو وەختی دیاری دەکەین، لێرە لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنمان و حازر کردنمان پرۆژەیەك تەقدیم دەکەین، داوا دەکەین بە پێی قانون کێ مەسئولە لە تەعدیل کردنی ڕۆژی هەڵبژاردن دەیکات، بەڵێ کاك محمد حکیم نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە تەعدیلی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دیاریمان کردووەو وا حاڵی بووین کە کۆتا ڕۆژی ئەم پەرلەمانە 6/4 ەو جەنابیشت فەرمووت 6/4، باشە ئەگەر ئێمە بیخەینە دوای 6/4ی ئەنجومەنی

محافەزات، خۆمان دەزانین تا دەور تەسلیم دەکرێت و تا ئەو خوشك و برا تازانە دێن، ماوەیەکی دەوێت، پێم وایە ئەو کاتیش ناتوانرێت ئەو ئینتیخاباتە و ئەو یاسایە دەربکرێت، ئەگەر ئێمە لەم ماوەیە نەتوانین دەری بکەین و ڕۆژەکەی دیاری بکەین، جا کاك شێروان دەڵێت کۆمسیۆن مودەیەکی موحەدەدی هەیە کە حەوت مانگ و نیوە، باشە حەوت مانگ و نیو بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەی بۆ پەرلەمان چۆن بە چوار مانگ کۆمسیۆن دەتوانێت، ئێستا مانگی دوو و سێ و چوار و 5، جا نوقتەیەکی ترم هەیە بۆ کاك شێروان ئەویش ئەوەیە ئەگەر ئێمە لە پەرلەمان هیچ موبەررێك نەبوو باسی ڕۆژی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بکەین، لەگەڵ سەرۆکایەتی لە لیژنەکان داکۆکیمان کردووە کە هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیان دا بکرێت، یەعنی کاك شێروان لێرەش قسە نەکرابێت، من پێم وایە ئەو براو خوشکە پەرلەمانتارانە کە داکۆکی لەوە دەکەن دواخستن نەبێتە نەریت لە کوردستان دا حەتمەن لای سەرۆکی پەرلەمان و لای جێگری سەرۆکی پەرلەمان و لە لیژنەکان داکۆکیان کردووە کە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان زۆرینەمان لەگەڵ ئەوە نین کە دواخستنی چی وادەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان چ ئەنجومەنی پارێزگاکان، جا ئێمە مافی خۆمانە ڕەخنە بگرین، ئەو یاسایە دوو ساڵە دەوترێت بە ئێمە یاسای پارێزگاکان موناقەشە دەکرێت، چوار شەممەی پێشوو خۆمان وا هین کردبوو کە بێین موناقەشەی بکەین بۆ دواخرا؟ یەعنی ئێمە بۆ ئەو شتانە لە ڕۆژنامەکانەوە ببیستین کە هۆکاری دواخستنەکەی چیە؟ یەعنی بۆ حەقیقەتەکە لە پەرلەمان دا باس نەکەین، ئەگەر ئێمە یاسای پارێزگاکانمان هەبووایە، بریمەر کە کاتێك ئیلغا کرا پەرلەمانی عیراقی یەکسەر یاسایەکی بۆ پارێزگاکان دەرکرد، ئایا ئێمە بۆ نەمانتوانی یاسایەك بۆ پارێزگاکان دەربکەین؟ ئایا ئێمە نەهاتووین، دانیشتنمان نەکردووە؟ یەعنی ساردیەکە لە ئێمە بووە؟ هۆکارەکان لە چی بووە؟ ناکرێت هەندێك هۆکار کە خارجی ئیرادەی پەرلەمانە، ئەو غەڵەتیە و ئەو هین بخرێتە ئەستۆی پەرلەمانتارانی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد ئەگەر بتەوێت بە تەنها بۆ ڕەخنەگرتن بێت، دەتوانی هەر وەختێك نوقتەیەك بدۆزیتەوەو ڕەخنەش بگری، ئینسان با ڕەخنەکەی مەوزوعی بێت، من قبوڵمە ڕەخنەکەت، بەڵام برێك مەوزوعیەتی تێدا نیە، بۆچی؟ ئەگەر ئیجازەم بدەی، یەکەم: باش دەزانی ئەو یاسایەی ئەنجومەنی پارێزگاکان فەرقی هەیە لەگەڵ یاسای پێشوو، گۆڕانکاریەکی گەورە بووە، جارێ کە حکومەت پرۆژەکەی ناردووە، ئێمە موتابەعەی پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانمان کردووە لە بەغدا، دەبێت ڕەچاوی ئەوێش بکەین، دەبێت بزانین دەسەڵاتەکانی ئەوێش چۆنە؟ تۆ لە خۆتەوە ناتوانی شتێك بکەی، ئێمە پابەندین بە دەستووری هەمیشەیی عیراقی، دەستووری هەمیشەیی دەسەڵاتەکانی تۆی دیاری کردووە، دەسەڵاتەکانی بەغدای دیاری کردووە، هامشێك هەیە دەتوانی گۆڕانکاری تیا بکەی، بۆ یەکەم جارە ئێستا بە پێی یاسای پارێزگاکانی عیراق ئەنجومەنی قەزاو ئەنجومەنی ناحیەش هەیە، ئێمە ئەگەر کار بکەین بە پرۆژە یاسای خۆمان، یەعنی یاسای پێشووی خۆمان تەنها بۆ ئەنجومەنی پارێزگای موحافەزەکان بکەین، کەچی ئێستا بۆ

قەزاو ناحیەشە، ئەو تازەیە، باشە ئەو تازەیە بکەین یان نەکەین، ئەگەر بکەین کە کراوە، دەبێت تەفسیلاتی تیا بخەین، بەو ئاسانیە نیە، پرۆژە هاتووە، کە لە حکومەتەوە هاتووەتە ئێرە، بەڵام لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی لە میدیاکانیش دا دەیان کۆبوونەوەیان کردووە، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆکیان بانگ کردووە، نە جارێك نە دوو جار لەگەڵ پارێزگاکان دانیشتوون، رەئی ئەوانیشیان بە هەند وەرگرتووە و هەمواریان کردووە، بەرەچاوکردنی ئەوەش کە لە بەغدا پەسەند بکرێت، کە پەسەندیش کراوە چەند هەفتەیەکە پەسەند کراوە، ئینجا بزانین ئەوان چیان گوتووە لەگەڵ خۆمان دا بگونجێت، بە هەدەفیش ئێمە پێشی ئێوە و ئێوەش پێشی ئێمە، هەمووومان نامانەوێت کەس ئیتیهام بکەین، هەر هەمووومان پابەندین بە ئەوەی کە هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێت، بەڵام ئەگەر نەکرێت چی بکەین، بە ئێمەیان گوت و بە هەندێکیان گوتووە حەوت مانگمان دەوێت، کۆمسیۆنی باڵا وای نەگوتووە، کە من موناقەشەم لەگەڵ کردن قە ناعەتم پێ کردن کە وا نیە بە دوو، سێ مانگ دەتوانن بیکەن، خەلاس و براوە، ئێمە دەمانەوێت 19 ی مانگ بکرێت و نامە و نووسراویشمان نووسیوە گوتوومانە پەلەی بکەن و زەخت بکەن لە بەغدا کە دەبێت لە وەختی خۆی دا بکرێت، باشە کە ئێمە خۆمان وا بڵێین رەخنە بۆ لە ئێمە بگیردرێت وەڵڵا دەیانەوێت هەڵبژاردن دوا بخەن، ئێمە خۆمان نامەمان نووسیوەو چوار مانگ پێش ئێستا لە کۆبوونەوەیەك دا من عەرزم کردن گوتم هەڵبژاردن لە وەختی خۆی دەبێت بکرێت، خۆم لە 5ی مانگ دا نامەم نووسیوە بۆ جەنابی سەرۆکی هەرێم کە گوتومە 5/19 هەڵبژاردن بکرێت، ئێستا لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵا پێری لای من بوون گوتوومە دەبێت، بنووسن بۆ بەغدا نابێت، دوابخرێت، مەڵێن حەوت مانگ، بە سێ مانگ دەتوانن بیکەن، ئێستا کە گەیشتوونەتە قەناعەتێك کە دەڵێن دەکرێت، فەرموو کاك محمد.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من لە لیژنەی یاسایی دەپرسم، من مەبەستم یاسای کاری ئەنجومەنەکانی موحافەزەکانە، چونکە لە عیراق کە هەفتەی پێشوو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانیان دەرکرد، ئەگەر نا یاسای بەدیلی 71 ی بریمەریان پێشتر هەبووە، یاسای کاری ئەنجومەنی پارێزگاکان، واتە ئەو پارێزگایانەی عیراق، غیر لەسەر یاسایەك ئەو سێ ساڵە ئیش دەکەن، ئێمە ئەو یاسای ئیش کردنیش نەبووە برادەرەکانی ئێمە، یاسای هەڵبژاردنیشیان نەبووە، ئێمەش سەرۆکی پەرلەمان مافی خۆمانە چوار، پێنج ئەندام پەرلەمان داکۆکیمان کردووە کە ڕۆژێك دیاری بکرێت بەلای کەم با لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی ئێمەدا با پارێزگاکانیش بکرێت، یەعنی شتێکی هینمان نەگوتووە، چوار، پێنج کەسە و بیخەینە دەنگدانەوە یان دەنگ دەهێنێت یان ناهێنێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك جمال فەرموو.**

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەنها تێبینیەکم لەسەر قسەکانی کاك محمد هەیە، کاك محمد حەقی خۆیەتی ڕەخنە بگرێت، بەڵام حەقی نیە بە ناوی زۆرینەوە رەخنە بگرێت، زۆرینە کێ دەڵێت پشتیوانی لە رایەکەی جەنابت دەکات؟ ئێوە کەمینەن حەقی خۆتانە و بە ناوی خۆتان و کۆمەڵەکەی خۆت قسە بکەی، ئەوە هیچ کەسێك مانعی نیە، بەڵام بەناوی زۆرینەوە مەعقول نیە و داوای لێ بوردن دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم بابەتانە من پێم باشە بە روحێکی ریازی و بە بێ تەشەنوج بێت، چونکە ئێمە هەموومان بەرژوەندی هەرێممان مەبەستە لە واقع دا، ئێمە گلەیی لەوە دەکەین بۆچی زووتر باسی ئەوە نەکرا پەرلەمان قسە بکات لەسەر هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، کاکە ئەوە لەبیرمان چوو نەمان کرد، بەڵام ئێستا کاتمان بە دەستەوەیە، ئەم پەرلەمانە دەتوانێت قەرار بدات هەڵبژاردنەکان لە فلان کات دا بکرێت، ئەوەی جەنابیشت دەفەرمووی دە وەرن یاسام بۆ حازر بکەن، مانگێك ئێمە یاساکەت بۆ تەرتیب دەکەین، خاڵێکی بەڕێز هەر لە ئێستاوە ئێمە بڕیارمان داوە ئەنجومەنی........، ڕاستە جەنابتان و هەموومان داوا دەکەین هەڵبژاردن لە کاتی خۆی دا بکرێت بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی، بەڵام ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئەنجومەنی نیشتمانی لە کاتی خۆیدا نابێت، ئەم هەموو ئیستسنائاتە بۆ هەرێم خراپە، جوانترین و باشترین دیاردە بۆ ئەوەی دەسەڵاتێك، هەرێمێك، وڵاتێك ڕێز لە دیموکراسی دەگرێت پرۆژەکانی هەڵبژاردنە، ئەنجومەنی پارێزگاکانە، ئەنجومەنی نیشتمانیە، لەبەرئەوە تکامان وایە بە گوێرەی پەیڕەویش پێویستە ئەوە بخەنە دەنگدانەوە، ڕێزم هەیە بۆ کاك جمالیش کە باسی کەمینە و زۆرینە دەکات، ئەمە رەئی ئەندامانی پەرلەمانە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابت فەرموو، بەڵام بە حەقیقەت با نەبێتە پرۆپاگەندە و دیعایەی حیزبی و ئەوانە، کەسیش لەسەر ئێمە موزایەدە نەکات، ئێمە پێش هەموو کەسێك گوتوومانە لە وادەی خۆیدا هەڵبژاردن بکرێت، لێرە قەرارمان داوە، ناو دەنووسن ئێوە دەچن دەڵێن دەبێت هەڵبژاردنی پەرلەمان لە وادەی خۆی بکرێت، باشە ئێمە خۆمان دەیڵێین، ئاخر بۆ کێیە ئەو قسەی کە دەیکەین؟ کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئێمە کاتێك یاسایەك دادەنێین، یاسا بۆ چارەسەری کێشەیەکە، مەسەلەی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش وەکو کێشەیەك هاتە پێشەوە، ئێمە ناچار بووینە ئەو پرۆژە یاسایە ئامادە بکەین وەکو بڕیارێك بۆ ئەوەی ماوەکەیان تەمدید بکەینەوە، ئێمە سەقفێکی زەمەنیمان داناوە بۆ ماوەی ساڵێك، بەڵام دیارکردن و تەحدید کردنی ڕۆژی ئنتیخاباتەکە دەبێت بە مەرسومێکی هەرێمی تازە دەنگمان بۆ بدات، دەبێت بە مەرسوومی هەرێم دیاری بکرێت، ناکرێت ئێستا ئێمە لە و یاسایە 10 ڕۆژەکە دیاری بکەین، ئێمە سەقفەکە دیاری دەکەین، بەڵام ڕۆژەکە ناتوانین دیاری بکەین،بۆیە لە ڕووی یاساییەوە ناکرێت، ئەوە لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ملاحەزەییەی کاك کریم زۆر ڕاستە، سەرۆکی هەرێم بە پێی هەم دەسەڵات هەم هەڵسەنگاندنی وەزعەکە بانگهێشتی هەڵبژاردن دەکات و ڕۆژەکە تەحدید دەکات، ئێمە لێرەوە بە قەرارێك تەحدید بکەین سەقف، هەتا لە بەغدا دەڵێت پێشی فلان تاریخ نەبێت، دانانی ڕۆژەکە لە بەر ڕۆشتایی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن ئامادەکاری هین و ئەوانە دەڵێت دەخرێت، ئەگەر ئێستا ئێمە، فەرموو کاك عبدالرحمان.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی کە سەرۆکی هەرێم بە مەرسومێك وادەی هەڵبژاردن دیاری دەکات بۆ ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان بوو ئەوە یەك، دووەم ، ئایا ئێمە بۆ کۆتایی هێنانی ئەم نیقاشە ناتوانین یاسای هەڵبژاردنی پارێزگاکان، ئەنجومەنی پارێزگاکان وادەی هەڵبژاردن دیاری بکەین، دەتوانین وابزانم، ئێمە دوو یاسامان لەبەر دەستە، یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان ، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشە فەرموو، باشە ئێوە چ ڕۆژێکتان پێ باشە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، باشە، بەراستی کاك محمد فرج، من پرسیارێکت لێ دەکەم بەس بەڕاستی جوابم بدەرەوە ڕەجات لێ دەکەم! تۆ بڕوات هەیە وەکو شەخسی خۆت کە لە 5/19 دا بتوانین هەردوو هەڵبژاردن بکەین؟ قانونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانمان دەرهێنابێت و ڕێککەوتبین؟ کۆمسیۆن تەعدیلاتی کردبێت؟ شەخسیەن تۆ باوەڕت هەیە بتوانین؟ ئەگەر باوەڕت هەیە پێم بڵێ بۆ ئەوەی بتوانین هەردووکیان پێکەوە بکەین و قانونەکانیش دەربکەین، کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قەناعەتی خۆمت پێ دەڵێم، من لەگەڵ ئەوە نیم دوو هەڵبژاردن بەیەکەوە بێت، چونکە هەرگیز نەجاحەت ناهێنێت، وە ئەوەشی مەبەستە پەیدا ناکرێت، چونکە دەوڵەتی ئێمە شێوەکەیان جیاوازە، بۆ نموونە پارێزگاکان، عادەتەن حیزبەکان حەز دەکەن بە تەنها تەنها دابەزن، بەڵام بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی

**مەرج نیە، ئەو دوو شتە تێکەڵ دەبێت بە یەکەوە، من باسم لەوەیە هەمیشە دەڵێین دیموکراسی ئەوەتاین لەوپەڕەوە، ئاسایش ئەوەتاین لەوپەڕەوە، بۆچی لەم ئاڵۆزیەی عیراق دا بە گرنگ دەگیردرێت و ئێمەش وا بەساردی دەیگرین، باسەکە لێرەیە، دووەم: لەوانەیە ئەو قسەیە بۆ ئێستا کە دەیکەین فشار بێت بۆ ئاییندە، لەمەولا وا نەکەین، بۆچی ئێستا وەکو بەڕێزێك قسەی کرد، بۆچی وەکو ئەمریکا ڕۆژێك دانانێین بیکەینە ڕۆژێکی موقەدەس؟ ڕۆژی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی فلان ڕۆژە، ئەگەر خوا نەخواستە شتێکی (طارئ) هەبوو با لەویَ دوای بخەین، بۆچی هەر ئێستا لێرەوە ئەم دەدەینە ئەوەوەو ئەم دەدەینە ئەوەوە، باسەکە لێرەیە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**جاریَ کاك محمد، نازانم ئەم هەموو قسەیە بۆچی تیکرار ببێتەوە؟ ئێمە خۆمان گوتمان 6/4 چوار ساڵەکەمان تەواو دەبێت، پێشنیارمان کرد 5/19 بێت، پێشی، واتە تەسبیت بووە، خەلاس بووە، ئەمڕۆ من نووسراوێکم کردووە بۆ کۆمسیۆنی باڵا دەڵێین پێش کۆتایی هاتنی هەڵبژاردن بە دوو هەفتە، واتە دەکاتە 5/19 هەڵبژاردن دەکەین، خۆتان کارئاسانی بکەن بۆ هەڵبژاردن، ئیتر باسی چی بکەین کاکە؟ لەوە زیاتر چی بکەین کە دیاری کراوە، یا شێخ فەرموو.**

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**وەڵلاهی من گلەییەکم لە سەرۆکایەتی هەیە کە زۆر مەجال دەدات لەسەر ئەو مەوزوعە موداخەلاتی زۆر کرا، بۆ؟ لەبەرئەوە کوردستانی ئێمە تایبەتمەندی خۆی هەیە، پێویستی بە تێفکرینەکی زیاتر هەیە، یەعنی هەندێك لە برادەران، کە وەك مەسەلەیەکی کوردی هەیە، کە دەڵێت (کوچك لە ئاگری گەرم ترە)، یەعنی وای لیَ دەکەن کەئەنەما بە عەمدی شتەکە ناکرێت، بابە ئەوە مەوزوعێکە پێویستی بە زۆر شت هەیە، کاکە، کاك محمد هەندێك شت هەیە نازانم چیە مەوزوع، یان دەڵێن ئێمە... ر ێگەم بدە قسەی خۆم دەکەم، ئێمە نیە، با هەر ئەندام پەرلەمانێك با بلیَ من، با بڵێن ئەوە رەئی منە، ئێمە واین، ئێمە وا، کەئەنەما خوانەخواستە لەوانەی تر لایەنێك هەبێت دژی هەڵبژاردنی موحافەزات بێت، نەخێر ئەوە پێویستی بە ئەوەیە کە قانونی موحافەزات ئەگەر بکرابا هەمووومان لەگەڵ ئەوەین بەیانی بکرێت، بەلام ئایا دەکرێت بەو شێوەیە ئێمە وا بەو پەلە پەلیە، نەخێر با ئێستا بیکەین، دیارە دانیشتنی بۆ کراوە و هەوڵی بۆ دراوە، نەکرایە لەو وەختە بکرێت بڵێین 1/31 بکرێت وەکو بەغدا، لەبەرئەوە ........ .**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**مامۆستا عەفوم بکە زۆر سوپاس، دەزانی چیە، من یەك قسە دەکەم، من قەناعەتێکم هەیە نامەوێت هین بکەم، ژمارەیەك ئەندام یان لایەن حەزیان دەکرد بمان گوتبا دەمانەوێت 3 مانگ تەئجیلی بکەین، پێیان خۆش بوو و تەئیدیشیان دەکردین، بۆیە دوا ببێتە مانشێت پەرلەمان لە وادەی خۆی دا بڕیاری دا هەڵبژاردن نەکات و یاسای شکاند، هاوار دەکەین کاکە دەمانەوێت پێشتر بکەین، لەلایەکەوە یەکێك تەسریح دەدات و رەبتی بە کۆبوونەوەی خۆمان نیە، خۆتان بڕیارتان دا، لێرە تەرحمان کردو هەمووتان تەئیدتان کرد کە پێشتر بکرێت، باشە بۆ دەیکەیە مانشێت، دەیکەیە بڕیارێك، یاداشتێك و داوایەك لە چوار حیزب، کە دەبێت هەڵبژاردنی پەرلەمان لە وادەی خۆی دا بکرێت، باشە کیَ گوتوویەتی نایکەین؟ کیَ گوتوویەتی ناکرێت؟ بەڕاستی گلەییم نیە لە هینەکان، کاکە ئێمە لێرە بەڵێنێکتان دەدەینیَ، ئەو هەڵبژاردنەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بە زووترین کات دەکرێت، قانونی پارێزگاکان لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لە سەرەتای مانگی 2 لێرە بڕیار لێی دەدەن، پاشی**

ئەوە موكەلەفن، لیژنەكانی پەیوەندار، قانونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان بە زووترین كات حازر بكەن بۆمانگی 3، كە ئەوە دەرچوو لە خیلالی ئەو سێ، چوار مانگە دەست نیشانی ئەوە دەكەین، لەوەی خۆمان دەمانەوێت، خۆمان ئیشكالین كاكە، مەبەستم ئەوە نیە، وەكو سەرۆكایەتی خۆمان دەمانەوێت بە زووترین كات، بۆشاییەك هەیە، خەلەلێك هەیە، دەمانەوێت..... ، بۆ نموونە ئەنجومەنی شارەوانیمان هەیە، دەبێت چارەسەری بكەین، بە هەڵبژاردن ئەوە كراوە، نابی بڕیاریشی لێ بدەین، ئەوەش دەكرێت یان ناكرێت؟ ئەنجومەنی قەزامان هەیە، ئەنجومەنی ناحیەمان هەیە، دەسەڵاتیان چی دەبێت؟ حقوقیان چی دەبێت؟ واجباتیان چی دەبێت؟ هەمووی ئەركە، خۆ لەبەر وشەیەك و مانشێتێك ناكرێت تۆ باسی بكەی، بەڵام ئەوانە هەمووی دەكەین، دڵنیاش بن لەوە با حەملەی ئینتیخابی لەو لەحزەیەوە دەست پێ نەكات، زۆری ماوە و قسەی زۆریش هەیە خۆتان ئامادە بكەن بۆی، كاكە بیخوێنەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، كاك محمد حكیم نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزم بۆ جەنابت، ئەو تەعلیقەت لە چوار حیزبەكە زیاتر لە جێی خۆی نەبوو، جەنابت سەرۆكی پەرلەمانی و ئەو چوار حیزبەش خاوەنی 18 ئەندامی پەرلەمانن لێرە، بۆیە من پێشنیار دەكەم ڕەش بكرێتەوە لە پرۆتۆكۆڵ، چونكە پێم وابێ وەكو ئەندام مەكتەب سیاسی قسەت كرد.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من جوابەكەت بەو شكلە دەدەمەوە، بەیانی چوار حیزبەكە بۆ رای گشتی بوو، منیش یەكێكم لە رای گشتی و ئەندامی پەرلەمانیشم، 18 ئەندامی پەرلەمان هەیە، دەبووایە ئەو 18 ئەندامەی پەرلەمان لەو چوار حیزبە، بە حیزبەكانیان بڵێن كاكە ئەو وشەیە مەنووسن، چونكە پەرلەمان خۆی قەراری داوە، نەك هەر تەنها لە وادەی خۆی....... ، نەخێر جەنابیشت و ئەوەتا هەموویان شاهێدن جەلسەی مەحزەری پەرلەمان هەیە، خۆت لێرە نەبوویتە، لێرە قەرارمان داوەو بە قەرار نەك بە دەنگدان گوتومانە 5/19 باشە، نامە نووسراوە بۆ هین، پێشی نامەكەی چوار حیزبەكە بە چوار ڕۆژ، گلەیی من لە چوار حیزبەكە نیە، گلەییم لە 18 ئەندامی پەرلەمانە كە دەبووایە بە حیزبەكانیان بڵێن، ئەو وشەیە مەنووسن (دەبێت)، چونكە پەرلەمان خۆی وجهە نەزەری وایە كە هەڵبژاردن بكرێت، بەهەرحاڵ ئەوە مەوزوعێكی زۆر هین نیە، كاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێش ئەوەی جەنابت بێیەوە، ناو نووسراو ئەوەی ویستی قسە بكات هەمووی ناویان نووسراو قسە تەواو، ئێستا ئەو موناقەشەیە كە سەعاتێكە دەكرێت بەلاشە، ئێستا بیخەرە تەسویت و تەواو.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**مولاحەزەكەت بە جێیە، دەیخەینە دەنگدانەوە، بیخوێنەوە مامۆستا كاكە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**یەكەم:**

ئەنجومەنی ئێستای پارێزگاکانی هەرێم بەردەوام دەبن لە جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیان تاکو هەڵبژاردنی داهاتوو، بەمەرجێك پێش کۆتایی ئەم ساڵ 2009 ئەنجام بدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو بڕگەیەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ 9 کەس لەگەڵ دانیە، زۆرینە قبوڵی کرد، بیخوێنەوە مامۆستا کاکە بۆ ئەوەی ئەوەش بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم:

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو بڕگەیەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ ئەوە قبوڵ کرا، بیخوێنەوە مامۆستا کاکە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم:

ئەم بڕیارە لە بەرواری 2009/2/1 ەوە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو بڕگەیەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ قەرارەکە دەخەمە دەنگدانەوە بە کۆی بڕگەکانیەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لە گەڵ دانیە؟ 6 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینە قبوڵ کرا، زۆر سوپاس، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دێنین ئومێد دەکەین کە لە سەرەتای مانگی شوبات دا کۆببینەوە، بانگهێشتان دەکەین بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی، مانگی 2 بۆ یاسای پارێزگاکان.

**فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی**

**سكرتێری پەرلەمانی کوردستان – عێراق** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کوردستان – عێراق** | **سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی**

**چوارشەممە رێكەوتی 11\2 \2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)ی نائاسایی

## چوارشەممە رێكەوتی 11/ 2/2009

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی 2009/2/11 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) جێگری سەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سكرتێری پەرلـەمان, دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردنی, ساڵی (2009)ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمـارەی (2)ی نائاسایی خـولی دووەمـی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی 11/ 2009/2 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆكردنی پرۆژەی یاسایی هەمواركردنی چوارەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنی ژمـارە 2ی نائاسـایی خـولی دووەمـی هەڵبـژاردن، پـێش نیـوەڕۆ رۆژی چوارشەممە لە كاتژمێر 11,55 دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

1-خسـتنە روو و گفتوگـۆكردنی پـرۆژەی یاسـای هـەمواركردنی چـوارەمی یاسـای ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردسـتان-عێـراق، ژمـارە 1ی سـاڵی 1992ی هـەموار كـراو، كـە لـە لایـەن ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمانەوە پێشكەش كراوە، داوا لە لێژنەی یاسایی دەكەم بفەرموون لە شوێنی خۆیان دانیشن.

بەخێرهاتنی هەموو میوانە بەڕێزەکان دەکەم کە لەگەڵمان بەشدارن لە سەرەوە، لەگەڵ میوانانی بەشەکانی تەلەفزیۆن و ڕاگەیاندن، بەخێر بێن سەرچاو، کاك سەعد بەخێر بێ، کاکە حەمەش وەکو وەزیر بەخێر بێ، وەکو ئەندام هەندێ جار غائیبیش دەبێ، بەڵام ئەمڕۆ بەخێر بێی لە جێی وەزیر دانیشتووە، بە خێر بێت، دیارە ئەمڕۆ ڕۆژێکی گرنگە، دانیشتنی ئەمڕۆمان دانیشتنێکی گرنگە و پیرۆزە لەو بڕیارانەی کە ئێوە دەیدەن دەمێك بوو بەڵێنمان دابووە ژنان و ئافرەتان، کە بایەخ بە داواکاریەکانیان بدەین، لێژنەی داکۆکی کردنی مافی ژنان و ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان بە دواداچوونی تەواوی کرد بۆ ئەو داواکاریانە کە لەبەر ڕۆشنایی چەندین کۆنفرانس و یاداشت و چالاکی جیاواز ئاراستەی پەرلەمان کرابوو، ئێمەش لێرەدا پێش دوو ساڵ لە چەندین کۆبوونەوە بەڵێنی ئەوەمان دابوو، کە بایەخ بە داواکاریەکانیان بدەین، بە تایبەتی لەوەی کە ڕێژەی ژنان لە ئەندامیەتی پەرلەمان زیاد بکەین، هەروەها بەڵێنێکی زۆرمان دا بوو بە گەنجان و لاوان کە ئەوانیش نوێنەریان لە پەرلەمان بەو شێوەیە بێت کە ئەو تەمەنەی داندراوە بۆ ئەندامیەتی پەرلەمان، ئەو (30) ساڵە کەم بکرێتەوە، ئێمەش بەڵێنمان دابوو کە لە فورسەتێکی گونجاودا، ئەو داواکاریانە جێبەجێ بکەین، ئەمڕۆ لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەڵێنانە و چالاکی لێژنەکانی پەیوەندیدار، ئەوە خراوەتە بەرنامەی کارەوە پێشتر لە دانیشتنێکی پێشوودا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرابوو و ئاراستەی لێژنەی یاسایی و ئەوانی پەیوەندیدار و ئەندامانی پەرلەمان کرابوو، هەروەها دوو مەسەلەی تریش لەبەر ڕۆشنایی دیسان هەڵسەنگاندنی تەجروبەی ئەزموونی هەڵبژاردن، بایەخدان بە پێکهاتەکانی کوردستان لە نەتەوەی تورکمان و نەتەوەی کلدان و ئاشووری، ئەمڕۆ لەبەر دەمتانە، ئەویش تاوتوێی لەسەر دەکرێ بە پێی نیزامی کۆتا، بۆ ئەوەی گونجاوتر و باشتر نوێنەرایەتی خۆیان هەڵبژێرن، لەبەر ڕۆشنایی ئەوەشدا کە یەکسانی هەبێت بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خۆیان هەڵدەبژێرن بۆ نوێنەرایەتی گەلی تورکمان و گەلی کلدان و ئاشوور، ئەو نیزامە پەیڕەو دەکرێت، ئینشائەللا پاش ئەوەی کە ئێوە پەسەندی دەکەن، داوا لە لێژنەی یاسایی دەکەم، کە ڕاپۆرتەکەیان بخوێننەوە، خاڵ بە خاڵ بیخەینە بەرباس و دواتر دەنگدان، زۆر سوپاستان دەکەم، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق**

**بابەت: ڕاپۆرتی لێژنەی یاسایی**

لێژنەی یاسایی بەیانی ڕۆژی 2009/2/8 بەرامبەر 19ی ڕێبەندانی 2708 کۆبووە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق، ژمارە 1ی ساڵی 1992ی هەموار کراو، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، دوای خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە 12ی پەرلەمان لە 2008/11/4 ، دوای تاوتوێکردن و ڕا گۆڕینەوە، لێژنەکەمان ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکانی سەبارەت بە پرۆژەکە بەم جۆرەی خوارەوە پێشکەش

دەکات، بەمەبەستی پەلەکردن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێش کۆتایی خولی ئێستای، لێژنە پشتگیری لە پرۆژەکە بە شێوەیەکی گشتی دەکات و، پێشنیاز دەکات تەنها هەندێ گۆڕانکاری لە هەندێ ئەو بڕگە و ماددانە بکرێ:

بڕگەی (2) لە ماددەی (21)، بڕگەی (1) لە ماددەی (22) ، ماددەکانی(46،49،50) هەردوو بڕگەی (1و5) لە ماددەی (56) و زێدە کردنی دوو بڕگە بۆ ماددەی (18) لە سێیەم هەموارکردنی یاساکە، زێدەکردنی دوو مادده بۆ سەر پرۆژەکە، چونکە هەموارکردنەکانی تری پرۆژەکە، جگە لە دارشتنەوە هیچ گۆڕانکاریەکی جەوهەری نەدەپێکا،

یەکەم: کەمکردنەوەی تەمەنی ئەندامی پەرلەمان لە (30) ساڵ بۆ (25) ساڵ.

دووەم:زێدە کردنی رێژەی نوێنەرایەتی ژنان لە پەرلەماندا لە (25٪) بۆ (30٪).

سێیەم: تەرخان کردنی پێنج کورسی بۆ کلدان و ئاشوور و سریان.

چوار: تەرخان کردنی پێنج کورسی بۆ تورکمان.

تکایە بفەرموون ئەو گۆڕانکارییەی کە لە پرۆژەکەمان کردووە، هاوپێچی راپۆرتەکەمان بکرێتە ئەساسی گفتوگۆ و دەنگدان و ڕا دەربڕین لە بارەیەوە.

**بەڕێزعونی کمال سعید بزاز :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الى رئاسة المجلس الوطني لكوردستان-العراق**

**موضوع:تقرير اللجنة القانونية**

اجتمعت اللجنة القانونية صباح يوم 2009/2/8 الموافق ليوم 19 ريبندان 2708 كوردي، لدراسة مشروع قانون التعديل الرابع لقانون انتخاب المجلس الوطني لكوردستان-العراق، المرقم 1 لسنة 1992 المعدل، المقدم من قبل العدد القانوني من أعضاء البرلمان المحال اليها بعد القراءة الاولى له في البرلمان بجلسته المرقمة 12 و المؤرخة في 2008/11/4، و بعد المناقشة و المداولة تقدم اللجنة تقريرها و توصياتها بشأن المشروع و كالآتي:

1-ان اللجنة تؤيد المشروع بشكل عام و تقترح الاكتفاء بأجراء التعديلات فقط على بعض فقرات المواد و المواد التالية من القانون:

الفقرة (2) من المادة(21)، الفقرة (1)من المادة (22)، المواد (46،49،50) و الفقرتين(1و5) من المادة (56) و اضافة فقرتين اخريتين اليها و المادة (18) من التعديل الثالث منه مع اضافة مادتين اضافيتين من المشروع، و السبب في كل ذلك ان التغيرات المطلوبة لم تغير مضمونها و لم تكن سوى اعادة صياغة لبعض المواد الموجودة اصلاً في القانون، و جعل عمر عضو البرلمان (25) سنة بدلاً من (30) سنة، و زيادة نسبة تمثيل النساء في البرلمان، من (25٪) الى (30٪) ، و تخصيص خمسة مقاعد للكلدان و الاشوريون و السريان و، خمسة مقاعد للتركمان، و بغية الاستعجال في اجراء انتخابات برلمان كوردستان قبل انتهاء الدورة الحالية، راجين التفضل بعرض موضوع أجراء التعديلات على المواد الواردة في المشروع الموزع على اعضاء البرلمان، اساساً للمناقشة و التصويت عليها و ابداء الرأي المناسب بصدده، مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەس تەنیا لە راپۆرتەکەتاندا هینەك هاتووە، لە ڕێژەی ژنان زیادکردن لە 25٪ بۆ30٪ نیە، زیادکردن لە کەمتر لە 25٪ کە نابێت لە 30٪ کەمتر بێت، یەعنی تەحدید نیە بە 30٪، پرۆژەی یاساکەش هەر وا هاتووە، مەبەستیشمان وایە، بەڵام لە خوێندنەوەکەدا وابوو، فەرموون ئێستا مادده بە مادده بۆ خوێندنەوەی ئەو ماددانەی کە پێویستە هەموار بکرێ، مادده بە مادده بە تەنیا بخوێننەوە.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یەکەم: 1- ناوی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، شوێنی ناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق دەگرێتەوە، کە لە یاسای ژمارە 1ی ساڵی 1992هەموارکراوو، یاسا کارپێکراوەکان لە هەرێمدا هاتووە.

1-گشت ئەو زاراوە و دەستەواژانەی لەم یاسایانەدا هاتووە کە لە هەرێمدا کاریان پێدەکرێ، هەموار دەکرێن بە جۆرێك کە رێك بکەوێت لەگەڵ ئەو هەموارکردنەوەی کە لە بڕگەی یەکەمی سەرەوەدا هاتووە.

**بەڕێزعونی کمال سعید بزاز :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة رقم(1):1- تحل تسمية برلمان کوردستان-العراق، محل المجلس الوطني لکوردستان- العراق، الواردة في القانون المرقم(1) لسنة 1992المعدل، و القوانين النافذة في الاقليم.

2- تعدل کافة المصطلحات و التعابير الواردة في هذا القانون و القوانين النافذة في الاقليم بما يتطابق و التعديل الوارد في الفقرة اعلاه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، هیچ مولاحەزەمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو گۆڕانکاریە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا بە هەمان شێوە هاتووە، پرۆژەکەش لەم چەند هەفتەی ئایندەدا ئومێدەوارم کە هەندێ شتی ورد ماوە، دەیخەینە بەر دەمتان، بۆیە ئەم ماددەیە بەو شێوەیە هاتووە، تەنیا یەك شتی ئیزافە دەکەم لە خوێندنەوەی ماددەکە لە لایەن لیژنەی قانونیەوە کە دەڵێ: ناوی دەگۆڕێ بۆ پەرلەمانی کوردستان-عێراق، نەك پەرلەمانی کوردستانی عێراق، لە عەرەبیەکەش هەر پەرلەمانی کوردستان-عیراق، لە نووسینەکەی وا بێت، بڕگەی یەکەم ئەوەیە لە ماددەکە، دووەمیش دەڵێ: هەموو ئەو ناو و موستەلەحات کە لەو قانونەدا و لە هەموو قانونەکەدا هاتووە، یان لە هەر شوێنێکدا کە ناوی ئەنجومەنی نیشتمانی هاتووە، ئەگەر ئەو ماددەتان پەسند کرد ئەوە دەگۆڕدرێ بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر کەسێك قسەی نەبێت؟ ئەوانەی کە داوای قسەیان کرد، فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصر الله :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاری نوێ دەکەم بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەڵام ئەگەر ڕێگەم بدەی شەرحێکی بۆ بکەم، ئەگەر لەم کاتەشدا ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان قایل نەبوون بەمە ئەکرێ ئەوە وەك سەرەتایەك لە ڕێگای لێژنەی ڕۆشنبیریەوە و لەگەڵ ڕۆشنبیران و بەتایبەتی ڕۆشنبیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیر و ڕا بکرێ لەسەر ئەم مەسەلەیە، کە ئەویش گۆڕینی ووشەی پەرلەمانە بۆ وشەی (مەرێ)ی کوردستان، ئەگەر یارمەتیم بدەن من روونکردنەوەی زیاتری لەسەر بدەم، بێگومان پێشینەی کاری پەرلەمانی شوورایی لە ناو گەلەکەماندا ڕەگ و ریشەیەکی مێژوویی کۆنی هەیە، ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حوکمڕانی ئەشکانیەکان لەسەردەمی حوکمڕانی ئەردەوانی چوارەمدا دەستی پێکرد، لەسەردەمی حوکمڕانی ئەشکەوانی پێنجەمدا بە تەواوەتی بەرجەستە و فۆرمەلە بووە، لەو کاتانەوە و بە درێژایی مێژووی دوای ئەوانیش حوکمرانی ساسانەکان شێوەیەك لە هەڵبژاردن لە کوردستان بە تایبەت لە بەشەکەی هەورامان ئەنجام دراوە، کە پێیان وتووە (ژیلای مەرێ)، ژیلا بە مەعنای ئەندامانی ئەنجومەن دێت و مەرێیش بە مانای ئەو شوێنە بووە کە کار و چالاکیەکانی ئەنجومەن تێدا ئەنجام دراوە، ئەمە شێوەی هەڵبژاردنەکە بوو کە هەڵبژاردن لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزدا دەستی پێکردووە، ماوەی هەڵبژاردنەکە بۆ چوار ساڵ بووە، یەکەم جار 15-20 کەس خۆیان پاڵاوتووە بۆ ئەندامی ژیلا، بۆ ئەندامی ئەنجومەنەکە، پاشان 4-7 کەس هەڵبژێردراون بە گوێرەی گەورە و بچووکی شار و شارودێیەکانی هەورامان دێن بە گوێرەی ژمارەی دانیشتووان، بێگومان ئەم نەرێتە و ئەم هەڵبژاردنانە هەتا ساڵی 332ی کۆچی، لە کوردستاندا و بەتایبەت لە هەوراماندا پەیڕەو کراوە، تەنانەت تا ماوەیەکی کەمیش بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ دوای هاتنی ئیسلام و بە ماوەیەکی زۆر لە زۆر شوێنی هەوراماندا ئەنجامدراوە، ئەوەی کە مەبەست لێرە چی بوو کە بەڕاستی جێگەی شانازیە بۆ گەلەکەمان، کە خاوەنی شارستانیەت و کەلتوورێکی لێوان لێو لە داهێنان و ڕێزگرتنی مافی مرۆڤ، بەشداری کاریگەری لەربواری ئافرەت بووە لەو پرۆسەی هەڵبژاردنەدا، تەنانەت بۆ سێ دەورەی ئەو ئەنجومەنە یەکێك لە سەرۆکەکانی ئەو ئەنجومەنە ئافرەت بووە بە ناوی دایکە خەندانە، بە هەورامی پێی دەڵێن ئاغانانێ، ئەوەی کە گرنگ بووە، ئەوەی کە بۆی هەبووە بەشداری لەو ئینتیخاباتە بکات، دوو تاقیکردنەوەی لەسەر ئەنجامدراوە، تاقیکردنەوەیەکی زیهنی و فیکری و تاقیکردنەوەیەکی جەستەیی، تاقیکردنەوە زیهنیەکە سێ پرسیارە لەسەر ئێستای هەورامان لەگەڵ کتێبی مەعریفەتی پیرشالیار، کە ئەمانە وەکو دەستوورێکی ئەنجومەنی وا بووە، ئەگەر کەسێك توانیویەتی لەسێ پرسیارەکە دوو وەڵامی ڕاست بێ، بۆی هەبووە بەشداری ئینتیخاباتەکە بکات، تاقیکردنەوە جەستەییەکە دانانی دوو بەرد بووە، لەبەردەم مەرێ شوێنی ئەنجومەنەکە، ئەو بەردە یەکیان قورس بووە و یەکیان سووك، هەر ئافرەتێك توانیبێتی بەردە سووکەکە تا ئاستی ناوقەدی بڵند بکات، بەرزی بکاتەوە بۆی هەبووە داخیلی پرۆسەی ئینتیخاباتەکە ببێ، بەڕاستی ئەوە وەك هێمایەك بۆ شارستانیەتی دێرینی گەلەکەمان و بۆ لایەنە گەش و پرشەنگدارەکانی مێژوو و کەلتوورەکەمان پێشنیار دەکەم ناوی پەرلەمانی کوردستان بکرێت بە مەرێ ی کوردستان، ئەگەر ئێستاش نەکرێ، ئەکرێ پەرلەمانی کوردستان لەمڕۆ بە دواوە بەدواداچوونێك بۆ ئەو

مەسەلەیە بکات، تەنانەت جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەم بدە ڕوونکردنەوەیەکی زۆر گرنگ بدەم، لە کۆتایی هەڵبژاردنەکە ئەگەر ژیلای مەرێ هەڵبژێرن ڕێورەسمێك هەڵبژێردراوە کە لە خواردنی تایبەتی ئامادە کراوە، ئەو خواردنە تایبەتیە کەسێك ئەگەر قاپ و کەوچکێکی بە دەستی خۆی دروست نەکردبێت بۆی نەبووە لەو خواردنە بخوات، کە ئەمەش هاندانێك بووە بۆ بەرهەم هێنانی تاکی بەرهەم هێنەر، باشترین بەڵگەش بەراستی ئەو پیشە دەستیانەیە کە لە هەورامانە، هەتا ئێستا بەشێکی گرنگ لە ئابووری کۆمەڵگای هەورامان پێك دەهێنن، بەڵگەی ئەم ڕاستیەش ڕەنگدانەوەی کەلتوورە لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە هەوراماندا لەسەر بنەمای پەیوەندی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگای مەدەنی بنیات نراوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم وەك هێمایەك بۆ ئەو شارستانیە دێرینەی گەلەکەمان وشەی پەرلەمان بکرێ بە وشەی (مەرێ)، وەك چۆن لە ئەفغانستان لۆیەجەرگا هەیە، لە ڕوسیا دۆما هەیە، لە ئێران شوورا هەیە، ئێمەش وشەیەکی ڕەسەنی کوردی هەیە بۆ ئەوە وتووێژ و ڕاوێژ لەگەڵ نووسەران و ڕۆشنبیران و ئەدیبانی گەلەکەمان، لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری بکرێ، ئەو پێشنیارە پەسند بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك بارزان، وەڵڵا ئەوەی باسی دەکەی دەبوایە پێش دوو ساڵ، سێ ساڵ پێش ئێستا باسی بکەیت، چونکە ئەو ناوە دەبێ ئاشنا بێت لای میللەتەکەمان، خەڵکی ڕۆشنبیر و خەڵکی گشتی، کە پێشنیارێکی وا دەکەی بزانن چیە، ئێستا من پێم وایە ئەوە سەرەتایەك بێ بۆ قسەکانت، بۆ ئەوەی بتوانی ئەو وشەیە و ئەو مێژووە بیخەیتە ناو کۆمەڵگا و بیخەیتە ناو ڕۆشنبیران و باسی لێ بکرێ و لێکۆڵینەوەی لێ بکرێت و دواتر ئەگەر ئەو ڕەئیە پەسند کرا، لە ڕێگای لوجانەکان و لە ڕێگای یاساییەوە، بخرێتە بەردەم پەرلەمانی داهاتوو، باسی لێ بکرێت، کاك محمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هینەکەی من زمانەوانیە، دەستخۆشی لە لێژنەی یاسایی دەکەم بۆ یەکەم جار کوردییەکە بەقوەترە تا عەرەبیەکە، کوردیەکە پەرلەمانی کوردستان-عێراق جێگەی ئەو بگرێتەوە، بەڵام (تسمیە) بە زمانی عەرەبی یەعنی ناو لێنان، پەرلەمان ناوە، ناو لێنراو نیە، لەبەر ئەوەی پێشنیار دەکەم: یحل برلمان کوردستان-العراق، محل، ئیتر نە (تسمیە) و نە (اسم)یشە، ئەم جارە کوردییەکە بەقوەترە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا من نازانم، بەڵام لێرە مەقصەد بەس ناوەکەیە، ئەوە جێگای ئەو ناگرێتەوە، بەس ناوەکە دەگۆڕێن، ئاخر (یحل برلمان) خۆ جێگای مەجلیسەکە ناگرێتەوە، بەحەقیقەت بەس ناوەکەی دەگۆڕی، (یغیر اسم برلمان کوردستان) شتێکی وا قەیناکە، بەڵام (یحل برلمان کوردستان) ئەوە جێگای ئەو ناگرێتەوە، فەقەت ناو گۆڕینەکەیە، کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من ویستم ئەم پرسیارە ئاراستەی لیژنەی یاسایی بکەم، فەلسەفە لەم گۆڕانە چیە؟، چونکە تا ئێستا ئێمە هەموو خەڵك ڕا هاتووە لەسەر ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان، ئێستا ئەیگۆڕین کە ئێمە موبەریراتەکەی باس بکرێ زیاتر لەبەر چاوی ئەندام پەرلەمانەکان ڕۆشن دەکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هۆیەکانی ئەوەیە، جارێ پێش هەموو شتێك ناوی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ڕاستە وایە ناوە یاساییەکە، بەڵام خەڵکی کوردستان هەمووی بە پەرلەمان ناوی دەبات، لە ڕۆژنامەکان، لە میدیا، لە تەلەفزیۆنەکان، کەس نالێ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، دەڵێن پەرلەمانی کوردستان، نەك بەس ئێمە، ئێستا (مجلس الشعب)ی ناوە، بەڵام خەڵك هەر دەڵێت پەرلەمانی کوردستان، بە نیسبەت ئێمەوە لە کوردستاندا، ئەو ناوە خەڵك پێی خۆشترە، ئاشناترە پێی، بۆیە بۆچی ئەوە فەرقێکی ئەوتۆی نیە، بۆ چی ئەو نەگۆڕدرێ، ئەو ناوەش لە پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری ئەو پێشنیارە هاتە پێشەوە، لە لایەن ئەنجومەنی نووسینەوەی دەستووری پەسند کرا بە تێکڕای دەنگ، بۆیە لە پرۆژەکە گۆڕا، کە گۆڕا لەوێندەر، ئێمەش کە ئێستا یاسایەکە هەموار دەکەینەوە، فورسەتێکە پێش ئەوەی بکرێتە دەستوور، ئێمە لێرە گۆڕانکاری خۆمان دەکەین، زۆر سوپاس، کاك غەفور.

**بەڕێز غفور سعید مەخموری :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت هەموار کردنی ماددەی یەکەم، بەراستی من بە شتێکی باشی دەزانم و لەگەڵ ناوەڕۆکی ماددەکەدام، بەڵام ئێمە تا لەو داش و شتانە قورتارمان دەبێ، داش عێراق و ئەو شتانە، من پێشنیار دەکەم هەر پەرلەمانی کوردستان بێت، هەموو کەس دەزانێ کە لە چوارچێوەی عێراقدا یە تا ئێستا، ئەوە یەك، دوو: پێشنیاری ئەوە دەکەم ئێمە دوو یاسای تر هەموار بکەین لەگەڵ ئەوە، یەك:یاسای ئەنجومەنی وەزیران، مەسەلەن حکومەتی هەرێمی کوردستان، باشە لێرە هەرێمی نیە، بەراستی ئەوەش حەقە بکرێتە حکومەتی کوردستان-عێراق، ئەگەر ئەو داشەش قەناعەتتان پێ بوو، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بکرێتە سەرۆکایەتی کوردستان-عێراق، یەعنی وشەی هەرێم نەمێنێ، وشەی هەرێم وەکو شمال العراق وایە، باوەڕتان هەبێ، ئێمە خۆمان لەوە قورتار کرد، ئێستا من دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەم، دەستخۆشی لە پەرلەمانیش دەکەم کە لێرە ئەکسەر پەرلەمانی کوردستانی نووسیوە، پێم باشە ئەوەش بکرێ، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پێشنیارەکەت دەزانم لە بۆچوونێکی دڵسۆزییەوەیە، بەڵام لە لایەکەوە ڕاستە و لە لایەکەوە بە ڕەئی من هەڵەیە، بۆ؟، چونکە تۆ کە وتت پەرلەمانی کوردستان، واتە هەموو کوردستان، هەمووشمان دەزانین ئێمە هەموو کوردستان نین، بۆیە ئەو حەقەش نابێ بدەینە خۆمان، ئەوانی تر نە دەنگیان بۆ ئێمە داوە، نە ڕازی دەبن بەوە، ئەو داشە بۆیە زەرووریە لێرە، لە ئەنجومەنی عێراقیشدا بە هەمان شێوە،

دەزانم بۆچوونی جەنابت چیە، جێگای ڕێزیشە و لە دڵسۆزیشە، دەزانم، کاک حەمەی حاجی مەحموود، فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من دەستخۆشی دەکەم لە لێژنەی قانونی بۆ مەسەلەی پەرلەمان، ئێمە ئەو پێشنیارەی کاک بارزانیش ئەگەر دیراسە بکرێ شتێکی باشە، خۆ ناوێکی تایبەتی دەبێ، بەلام بەراستی ئەنجومەن هەر لەسەرەتاوە من پێم خۆش نەبوو ناوی ئەنجومەن بێ، ئەنجومەن هەر کەسیش ناڵێت ئەنجومەن، پەرلەمان ناوێکی جیهانی یە، یاخود خەڵکی کوردستان پەرلەمان بە گەورەتر دەزانێ، خۆ کە ئەڵێ: ئەنجومەن، یەعنی بچووکی ئەکاتەوە، لەبەر ئەوە با خەڵکەکە هین نەکات بەو شێوەیە بێتن، بەڕاستی پەرلەمان شتێکی باشە بە ناوەکە و ئەوەی کاک بارزانیش ئەگەر دیراسە بکرێ لە داهاتوودا ئەوە شتێکی باشە و دەستخۆشیتان لێ دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک کەرخی، فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێشنیارەکەم لە پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی مەجلیس، یەك شت هەیە حەز دەکەم ئیقتیراح وەکو ئیقتیراحێکی تازە پێشکەشی بکەم بۆ لێژنەی یاسایی، رزگاریشمان بکات لەو داش عێراقە، وەکو مەجلیسی وزەرا، وەکو دەڵێ: حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆچی ئێمە دەڵێین پەرلەمانی هەرێمی کوردستان؟، هەردووکیش یەك دەگرێتەوە لە داش عێراقەکەش رزگارمان دەبێ، ناوی هەرێمەکەشی لێ بنێن، ئەوە دیارە هەر یەك هەرێم هەیە، یەعنی کوردستانەکانی تر هەرێمیان نیە، لە هەموو شتێك رزگارمان دەکات، یەکیش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێم وایە ئەو داشە وەکو هەرێم وایە، بەلام خەڵکی ئێمە فێر بووە دەڵێ: حکومەتی هەرێمی کوردستان، ناڵێ: پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، خەڵك وا راهاتووە و واش جوانە، نوقتەیەك، خاڵێك مەمانگەڕێنەوە دواوە، ئێمە تەماشای دوارۆژ دەکەین، کاک کەریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستی من لە لێژنەی نووسینەوەی دەستووریشدا، لەگەڵ ئەو تەسمیەیەدا نەبووم، لەگەڵ ئەوەی بووم کە پەرلەمان بێت، چونکە پەرلەمان زاراوەیەکی عامە و جیهانیە، بۆیە ئێستا مەجلیسی نوابی عێراقی، شۆرای ئیرانی، شەعبی میسری، کۆنگریسی ئەمریکی، دۆمای رووسی، ئەوانە هەمووی پێی دەڵێن:پەرلەمانی

عیراقی، پەرلەمانی ئیرانی......هتد، ئەو پەرلەمانانە، هەمووی ناوی خۆیان هەیە، بۆ پەرلەمانی کوردستانیش ناوی خۆی نەبێ؟، یەعنی ناکرێ تۆ موستەلەحێکی رووسی بکەی بەناوی خاص، بەناوی نوێنەرانی گەلی کوردستانی عێراق، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەگەر هەر حەزتان لە گۆڕانە، ناوەکە بە شێوەیەکی تر بگۆڕینن، ناوی لێ بنێن(المجلس النیابی لشعب کردستان) مەسەلەن، بە شێوەیەك لەو شێوانە، نەك بەوە، دوای دەستخۆشی و پشتگیریم لە کاك بارزان، بۆ ئەو پێشنیارەی کە کردی، ئەوە ئەگەر موستەلەحێکی کوردی هەبێ، ناوێکی کوردی هەبێ باشترە، کە جێگەی ئەوەی بگرێتەوە، زۆر زۆر بە باشتری دەزانم، بەس من لەگەڵ ئەوەی دا نیمە کە پەرلەمانی کوردستان جێگەی ئەنجومەن بگرێتەوە، ئەوە یەك، دوو:تحل تسمیە، راستە من لەگەڵ ئەوەیدا نیمە تحل تسمیە، تحل عبارە، ئەگەر ئەوەی دابنێن محل المجلس الوطني دابنێن، نەك بڵێن تحل التسمیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من 100٪ تەئیدی ئەو موفتەرەحاتانەی لیژنەی قانونی دەکەم، بەلام من شتێکی تر حەز دەکەم ئیسارەی بکەم، بۆ چۆنیەتی ئینتیخابات، لەناو جەماوەر و لەناو کۆمەڵگای ئێمە و لەناو ئەندامانی پەرلەمانیش، رەئیەك هەیە، بۆچوونێك هەیە، مەسەلەی قائیمەی موغلەق و قائیمەی مەفتوح.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە جارێ هێشتا نەهاتینە سەر ئەوە، مەوزوعەکە ناوەکەیە، دوایی دەتوانی رەئی خۆت بدەی، فەرموو د.شوکریە ئاخیر کەس.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من هەر لەسەرەتاوە کە هاتینە ناو پەرلەمان کە وشەی پەرلەمان کرا بە ئەنجومەن من دژی ئەوە بووم، چونکە وشەی پەرلەمان وشەیەکی ئەتوانم بڵێم جیهانیە، هەموو دونیا بەکاری ئەهێنێ و هیچ زەرەری نیە، قاموسێك هەیە، قاموسی رووسی، 100000 وشەی بێگانە لە زمانی رووسیدا هەیە، لەلایەکەوە ئەو برا بەڕێزە کە ئەڵێ وشەی مەرێ بەکار بێنین، ئەو حەوتە ئەگەر لابەرین، زۆر ماناکە ناشرین دەکات، وەکو چۆن بە یەکێك ئەڵێن ریزی بەستووە و بە یەکێك ئەڵێن رێزت دەگرم، ئەو حەوتە زۆر جار مانا دەگۆڕێ، کە شیعرێك هەیە ئەڵێ: من لە زای شیعری زەحمەت نوقتەم ئەکراند، ئەو لەرای رەحمەت مێشی ئەڕاند، چەند ماناکە هینە، لەسەرەتای دروست بوونی پەرلەمان میللەت کە ئاپۆرایەکی گەورەی بەست بەرەو un دەرۆیشت، هاواریان دەکرد و دەیانگوت: پەرلەمان، پەرلەمان دامەزرێنین، دیکتاتۆر دەروخێنین، پەرلەمانە، پەرلەمان، رووناکیە بۆ هەموومان، پەرلەمانە، پەرلەمان، یەکێتیە بۆ هەموومان، کەواتە وشەی پەرلەمان چووە ناو شیعری شەعبیشەوە و رۆیشتووشە و ئەمرۆ هیچ گران نیە لەسەر زاری خەڵکی، بەڵکو ئەوە گرانە کە ئەڵێی، لە کوێ ئیش دەکەی؟، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، کامە جوانە؟ وشەکە کورتکراوەیەکی بەسیتی رێك و پێکترە لەوەی کە من بە سێ دێر جوابدەمەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئێستا ئەوانەی کە قسەیان کرد و پشتگیری لەوەیان کرد، ئەوەی کاك بارزانیش دەکرێت گفتوگۆی لەسەر بکرێ لە لایەن رۆشنبیران و لە لایەن میدیاکانەوە، بۆیە ئێستا من ماددەی یەکەم دەخەمە دەنگەوە، بە بەندی یەکەم و دووەمەوە کە خوێندرایەوە، داوای گۆڕانکاری نەکرا، کێ لەگەڵیتی دەستی بلند بکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟، بەس کاك کەریم، فەرموون بۆ ماددەی دووەم.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دووەم:ماددەی چواردەم لە یاساکە پووچەڵ دەکرێتەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية: تلغى المادة الرابعة عشرة من القانون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سوورەتێکی وازیحیان هەبێ لەسەر ماددەی 14، ئەگەر ئیجازەم بدەی ماددەکە دەخوێنمەوە، الماده14: عند انتهاء مدة المجلس او حله یصدر قرار من رئیس السلطة التنفیذیة خلال 15 یوماً من تأریخ انتاء المدة او الحل، یتضمن تحدیداً لموعد الانتخابات في المجلس الجدید وفقاً لاحکام المادة 12 من هذا القانون، ئێستا ئەوە هەموار دەکرێ، چونکە ئەو ماددەیەی کە ئێستا خوێندمەوە باس لە دەستنیشانکردنی پەرلەمانی کوردستان دەکرێ، لە کاتی حەل و لە کاتی کۆتایی هێنان بە جەلسەکە، لە ئەصڵی یاساکان هەر وەکو بەڕێزتان دەزانن دەسەڵات دراوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئێستا ئەو هەموار کردنەی لەم دواییەی کردمان بە نیسبەت یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، ئەو دەسەڵاتانە درا بە سەرۆکی هەرێم بە پێی ئاخیر تەعدیل، بۆیە پێویست دەکات ئەو ماددەیەی لە یاسای ژمارە یەك هاتووە ئیلغا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە شتێکی تەبیعیە و نە قابیلی موناقەشەیە و نە هیچیش، شەرحەکە وافیە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ماددەی 14 لە قانونەکە ئیلغا بکرێتەوە دەستی بلندکاتەوە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ ماددەی 14 ئیلغا کراوە، کە لێرە دەکات ماددەی 2، پەسند کرا، زۆر سوپاس، ماددەی سێ لە پرۆژەکە بخوێننەوە، فەرموون.

**بەڕێز عبدالکریم ابو بکر مصطفی :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی سێیەم: بڕگەی 2 لە ماددەی 21 هەموار دەكرێ و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**2- شیاوی تەواو بێت، یەعنی (كامل الاهلیە) بێت و، 25 ساڵی لە تەمەنی تەواو كردبێت.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادە رقم 3**

**تعدل الفقرە 2 من المادە 21 وتقرأ كالاتی:**

**2 ـ كامل الاهلیە وأكمل 25 سنە من العمر.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك شێروان فەرموو.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەوە پەیوەندی هەیە بە مەرجەكانی پاڵاوتن بۆ ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە تەمەن لە 30 ساڵەوە بۆ 25 ساڵ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەگەر تەئیدی دەكەن؟ هیچ پێویست ناكات وەختەكەی هین بكەن، من پێم وایە هەمووتان تەئیدی دەكەن! كاك محمد فەرموو.**

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**خۆی ئەمە شتێكی زۆر باشە و زۆر گرنگیشە لە سەرەتاوە ئێمە رەئیمان لەسەر ئەوە هەر وابووە، بەڵام من یەك سوئالم هەیە، پێش ئەوەی لە پەرلەمان باس بكرێت هەموو راگەیاندنەكانی دونیا باسیان كرد! ئایا دەبووایە یەكەم جار لێرە باس بكرابا یان نا؟ چونكە بەڕاستی ئیشی ئێمە چی دەبێت؟ تەنها شەرعیەتەكەی دەدەینێ، چونكە ئێمە خۆمان داوامان كردووە، بەڵام ئەوە دوو هەفتەیە راگەیاندنی دنیا باسی دەكات و دەڵێت ئەوە قەراری لێ دراوە، یەعنی ئێمە چی بڵێین لێرە؟.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بڕیاری لەسەر نەدراوە، راگەیاندن ئەگەر بۆ خۆی دەڵێت بڕیاری لەسەر دراوە هەڵەی كردووە، مەبەستم ئەوەیە لەلایەن ئێمەوە كەس نەیوتووە بڕیاری لەسەر دراوە، نە من و نە سەرۆكایەتی، نەمبیستووە ئەندام پەرلەمانێكیش وای گوتبێت، بەڵام هەر پرۆژە یاسایەك زۆر تەبیعیە لە میدیاكان دا بە تەفسیل باس بكرێت، بۆ ئەوەی خەڵك بزانێت چ بڕیارێك دەدرێت، ئامادە بكرێت، بڕیار هەیە پێویست دەكات ساڵێك لە ناو میدیاكان باس بكرێت، ئێستا ئێمە پرۆژە یاسای دەستووری هەرێمی كوردستان دوو ساڵ زیاترە هەر لە باسكردن دایە و لە میدیاكان دایە، بەڵام پەسەند نەكراوە هێشتا، تاوەكو پەسەند نەكرێت نابێتە بڕیار و قەرار، بەڵام یەكێك كە لە رۆژنامەكان دەڵێت بڕیاری لەسەر دراوە، یان رێكخراوێك وا دەڵێت، تەبعەن**

تەوەقوعی وایە کەسێك لە ئێوە ڕەفزی ناکات، بۆیە ئەو ڕەنگە وای گوتبێت، ناوتان دەنووسم، چونکە زۆرن، هەرچەندە ئەوەی پشتگیریە پێویست ناکات، دەزانم هەمووتان پشتگیری دەکەن، ئەگەر پرسیارێکتان هەیە بیکەن، ئەو کەسانە دەنووسم کە ئیعترازیان هەیە، یان پرسیاریان هەیە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا پرسیارەکەی من ئەوەیە (کامل أهلیە) لە ناحیەی زهنی دەبێت یان جەسەدیش دەگرێتەوە؟ مەعەوقێك بێت ڕۆژێك لە ڕۆژان شمولی دەکات ئەندام پەرلەمانیەتی، ئەو تەوزیحەیان بۆ کامل ئەهلیە لە چ ناحیەیەکە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان بۆی باس بکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(کامل أهلیە) مانای وایە 18 ساڵی تەواو کردبێت و قاصر نەبێت و عەقڵی سەلیم بێت و شێت نەبێت، ئەو شتانە دەگرێتەوە، کەم ئەندام زۆر تەبیعیە کە بتوانێ ببێتە ئەندامی پەرلەمان و حوکمیش نەکرابێت لە عەینی وەخت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە دووانمان کەم ئەندامین لێرە، کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەڵێم هەر شیاوەکە لابەرین، چونکە ئەوە دەبێتە مەرجێکی قاتع لەسەر25 ساڵەکە، ئەو کاتە ئەو کەسەی کە ئارەزووی نەبێت، بیانوویەکی بۆ دەدۆزێتەوە، ئەو گەنجە موئەهەل نیە، بۆیە دامان نەناوە، ئەگەر موئەهەلەکە لابەرین، هەموو گەنجەکان بە یەکسانی دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شیاوەکە لە بۆ هەمووان هەیە، هەر بۆ گەنجان نیە بە تەنیا، تەمەنی 70 ساڵیش بێت، هەمان مەرجی هەیە، کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەیەك کرا گوایە بڕیار دراوە، من حەز دەکەم ئەو ڕوونکردنەوەیە بدەم لە دوا کۆبوونەوەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیار درا، ئەوە بڕیاری حیزبە، حیزب بڕیاری دا پشتیوانی لەو پشتگیریە بکەن، ئاساییە حیزب بڕیار بدات، ئۆتۆماتیکیەن ئەزانن کە هەر دوو فراکسیۆنەکە زۆرینەن ئەگەر پشتیوانی لێ بکەن، یەعنی دەبێتە بڕیار، ئەو بڕیارە بڕیاری حیزب بووە، بڕیاری پەرلەمان

نەبووە، ئەوە وەك ڕوونكردنەوەیەك بۆ ڕاگەیاندن، حیزب بڕیاری داوە ئەوە كارێكی ئاساییە، ئەوە یەك، دووەم: جەنابی سەرۆك من حەزدەكەم قسە لەسەر ئەوە بكەین، دەڵێت شیاوی تەواو بێت، ئەهلیەتی قانونی تەواوی هەبێت، لە ئەهلیەت یەكێك لە شتەكان 18 ساڵە، 18 ساڵ مافی دەنگدانی هەیە، من پرسیار دەكەم بۆچی كەسێك مافی دەنگدانی هەبێت و مافی پاڵاوتنی نەبێت؟ من پێم وایە مادام ئەهلیەتی تەواوی هەبێت، 18 ساڵیش بۆی هەبێت كە ببێتە ئەندامی پەرلەمان، ئەگەر كەسێك 18 ساڵ و 19 ساڵ بوو خۆی بە سەربەخۆیی پاڵاوت و دەرچوو و خەڵك متمانەی پێ كرد حەقی خۆیەتی نوێنەرایەتی خەڵك بكات، ئەوە یەك، دووەم: ئەگەر كەسێك 18 ساڵ و 20 ساڵ بوو حیزبێك خستیە ناو لیستەكەی خۆی حیزبەكە تەحەمولی مەسئولیەتی ئەوە دەكات، لەبەرئەوە بەڕاستی من پێم وایە پێشێلكردنی مافی ئەو خەڵكانەیە كە ئەهلیەتیان هەیە كە دەنگ دەدەن و بەشێك لە حەقەكەیان لێ دەسێننەوە نایەڵن خۆ بپاڵێون.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بە تەنها پارتی و یەكێتی پشتگیریان لێی نەكردووە، هەندێك ئەندامی پەرلەمان هەیە، هی كۆمەڵیش و هی یەكگرتووش پێشتر ئەوانیش تەسریحیان داوەو پشتگیریان لێی كردووە، لە هەر دوو داواكاریەكە شتێكی تەبیعیە، بەڵام بڕیار ئێمە وەكو سەرۆكایەتی پەرلەمان كەسمان نەمانگوتوە بڕیار دراوە، نەشم بیستووە ئەندامێكی پەرلەمان وای گوتبێت، ئەگەر وامان گوت بێت ئەو كاتە حەقە موحاسەبەمان بكەن، ئێمە وامان نەگوتووە، بەڵام حیزبێك بڕیار دەدات دەڵێت پشتگیری لەو پڕۆژەیە دەكەم، دەست خۆشی لێ دەكەین و سوپاسیشی دەكەین، ئەوە هاوكاریەكی باشە بۆ ئێمە و بۆ پڕۆژەكەش بۆ ئەوەی بە چاكی بڕوات، كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله (بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە گوێرەی ئەو سیاغەی كە هاتووە و دەڵێت 25 ساڵی تەمەنی تەواو كردبێت، كەواتە ئەوەی داخلی 25 ساڵی دەبێت شمولی ناكات، دەبێت 25 ی تەواو كردبێت، وانیە؟ پرسیارەكە ئەوەیە 25 ساڵ شمولی ناكات، دەبێت هەر 26 بێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لە قانون دا دائیمەن دەنووسرێت ( من أكمل 18، من أكمل 30 عمرا، من أكمل 25 سنە من عمرە) ئەوەی تەواوی كردبێت، ڕۆژێك لە تەمەنی 26 ساڵی بۆی هەیە داخل بێت، كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(وأكمل 25 ) مەبەستمان عمری لە 25 كەمتر نەبێت، من دەڵێم ئەوە نەكەینە 26 داوای لاوان و گەنجان تەئیدی ئەوەمان كردبوو كە لە 25 كەمتر نەبێت، وا دانێین (لایقل عن ــــ ) باشترە لەوەی كە بڵێین (أكمل)، تەبعەن لە زۆر لە وڵاتان 18 هەیە، 19 هەیە، لە لوبنان 21 ساڵە، یەعنی ئەو شتە هەیە و شتێكی زۆر تەبیعیە و عادیە بۆ ئەو مەرحەلەی ئێمە، ئەوە یەك، دووەم: پێشنیارێكم هەیە هەر لەو ماددەیە كەماددەی 21 من وا دەزانم ئەشكالێكە لە شروت كە پێشتر تەعدیلێكمان دانا، نازانم ئێستا ئەوەی تێدا نیە، لە مەوزوعی شەرتی یەكەم لە عەینی ماددەی لە قانونی ئەسڵی قانونی 1 دەڵێت (من

مواطنى كوردستان العراق وساكنا فيها) باشه مواتنى كوردستانه و له شوێنێكى تره، حیزبێك یان كەسێك بۆ خۆیان دێن، یەعنى ئەوە چۆنە؟ لازمە تەعدیل بكرێت، ئەمە مەوزوعێكى .......... .

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ئەوە مەوزوعێكى ترە، لە جێگایەكى ترە، جێگای ئێرە نیە، ئەوەی دووەم ...... .

**بەڕێز خلیل ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ماددەی 21 باسى شروت و مەرج دەكات، لێرە ئەو مەوزوعە ....... .

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی قانونى كە دانیشتین، هەموومان رەئیمان ئەوە بوو كە دەسكارى تەنها ئەو بڕگەیە بكەین ( بما فیهم، كاك خلیل) كە لە زمنى ئەو لیجنەیە بوو و تەوقیعیشى كردووە لەسەر مەحازرى جەلساتەكانیش، بۆیە بە پەسەندمان نەزانى بەڕاستى دەسكارى بڕگەكانى تر لە مەرجەكانى ئەندامیەتى پەرلەمان بكەین.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

مساعەدەم بكەن، مەجالت دەدەمێ، پرۆژەی دەستووری هەرێمى كوردستان بە نیسبەت 25 ساڵیەكە دەڵێت (بما لایقل عمره عن 25 أو أكمل) كامەیە؟ دەبێت ئەوەی لێرە بنووسرێت، لە پرۆژەی دەستوور دا چۆنە دەبێت لێرە وابێت، ئەو سیاغەیە دروستە ......... كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

لەسەر گۆڕانكاریەكان، بەڵام عیبارەت گۆڕاوە، ئەمڕۆ بینیومە، پێشتر نەمبینیوە، ئەوەی تەوقیعمان كردووە، ئەوە نەبووە، ئێمە لەسەر راپۆرتەكە تەوقیعمان كردووە، پرۆژەكە بە شێوەیەكى تر بووە، ئەمڕۆ وەڵڵاهى بینیومە، هى دوێنێ و ئێستا نوسخەیەكى ترم لەلایە، كاك شێروان دەڵێت كاك خلیلیش عەینەن، ئەو عیبارەتە نەبوو، عیبارەتێكى تر بوو، ( أن لایقل عمره عن 25 ).

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

كاك دلێر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی قانونی ئەو مەشروعە فعلەن ئاخر شتە کە ئێستا دیومانە، من دەڵێم بەداخەوە تەعدیلاتی تریشمان هەبوو تیایدا، بۆ نموونە ماددەی 4 لەسەر مەنسب رەئیمان هەبوو تەوقیعمان کە لەسەری کردبوو، ئێستا من تەوقیعم لەسەر ئەوە نەکردووە کە ماددەی 4 پەڕیوە لە تەعدیلەکە، مەوزوعی مەنسب موهیمیشە، چونکە ئەوە جەمع دەکات لە بەینی ئەندامی پەرلەمان کە وەزیریش بێت، کە من بەش بەحاڵی خۆم قەت لەگەڵی نیم، لەبەرئەوە ئەو مەشروعە ئەمە ئەوە نیە کە ئێمە تەوقیعمان لەسەری کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ قەرارێکمان لە لیژنەی یاسایی نەداوە ئەگەر نیسابی قانونی تەواو نەبێت و ئەکسەریەتی تێدا نەبووبێت، ئەوە سجلاتی ئێمە هەمووی مەوجودە هەرکەسێك دەیەوێت تەماشای بکات ئێمە ئامادەین، ئەوە یەك، دووەم: ڕەنگە هەندێك بەڕێز لە هەندێك کۆبوونەوە حازر نەبوو بن و ئاگای لە گۆڕانکاریەکان نەبووبێت، ئەوە مەوزوعێکی ترە، بەڵام من دڵنیاتان دەکەمەوە، ئێمە سجلاتمان هەمووی مەوجودە، ئەوانەی کە حازر بوونە لە جەلسەکان هەمووی تەواقیعی خۆیان پێوەیە، راپۆرتەکانیش ئەوەی کە حازر بووە تەوقیعی پێوەیە، هیچ گۆڕانکاریەك نەکراوە بە بێ ئەوەی ئەکسەریەتی ئەندامانی لیژنەی یاسایی ئامادە نەبوو بن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە تەبعەن مەبەستمان لەو گۆڕانکاریە ئەوەیە کە ئەوەی تەمەنی 25 ساڵ بێت، بۆیە بۆ ئەوەی ئەو شەکالیەتە لاببەین، لە قانونی ئەسڵ دا کە هاتووە و 30 ساڵەکە دیاری کراوە بۆ خۆپاڵاوتن ( کامل اهلیە وبلغ 30 من العمر) لێرەش دەتوانین بڵێین (کامل أهلیە وبلغ 25 من العمر) ئەوە حەلی شتەکە دەکات، کاك هیوا نوقتەی نیزامیت چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا من دوو تێبینیم هەیە، یەکەم: ئەو پرۆژە یاسایەی کە ئێستا باسی لێوە دەکرێت، لەبەرئەوەی لە لایەن دوو ئەندام لە ئەندامانی لیژنە تەعن کرا، من وای دەبینم شەرعیەتی نامێنێ و دەبێت بۆی دابنیشنەوەو رەزامەندی ئەوانیشی لەسەر بێت، دووەم: لە ڕاستی دا ئێمە دەستوورمان نیە تا پەرلەمانی پێوە ئیلزام بکەین، لەبەرئەوە نابێت باسی ئەوە بکرێت و بزانین لە دەستووردا چی دەڵێت، ئێمە لێرە هاتینە سەرچی، بڕیار دەدەین، دواتریش دەستوورەکە کە تەبەنی کرا ئەو کاتە گۆڕانکاری لەمە دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان من جوابی دەدەمەوە، عەفوم دەکەی، یەکەم: دوو ئەندامی پەرلەمان تەعنیان نەکردووە، گوتیان ئێمە ئاگامان لێی نیە، مانای وایە ئەوە تەعن نیە، حازر نەبوونە، مادام بە زۆرینە قەراریان داوە، ناکرێت هینەکە بکرێت، بەڵام حەقی

خۆیانە بڵێین لەوێ نەبوومە ئاگادار نەبوومە، ئەوە یەك، دووەم: ئێمە نەمانگوتووە دەستوور، گوتوومانە پرۆژە، پرۆژەی دەستوور واهاتووە بۆ ئەوەی دژیەك نەبێت لەگەڵ ئەو پرۆژەیە، چۆنە؟ لەبەر ڕۆشنایی و بۆ ئیستیفادە وەرگرتن لەو ماددەیەی کە لەو پرۆژەیەدا هاتووە، نەمان گوتووە ئەوە قانونە و ناکرێت وا نەبێت، وەکو بابڵێین بەڵگەیەك بۆ بە قوەت کردنی ئەو حوجەیە دەگەڕێینەوە ئەو پرۆژەیە، ئێستا بووە (بلغ 25 ) وەکو کاك خلیل گوتی ڕاستیشە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا مەوزوعەکان ئیسارە کراو حەل کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك ناصح فەرموو.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی من پشتگیری دەکەم لەو موفتەرەحە کە 25 ساڵە، دەست خۆشیش لەو حیزبانە دەکەم بە پارتی و یەکێتیشەوە کە بە هانای ئەو دەنگانەوە هاتن کە تەمەنەکە بکرێت بە 25، تەبعەن هەموو حیزبە کوردستاتنیەکان من پێم وایە هەر هەموویان پشتگیری لەوە دەکەن و هەموو کۆمەڵگای مەدەنیش پشتگیری لەوە دەکەن، لەبەرئەوە دەست خۆشی لە هەموو ئەوانە دەکەین کە بە دەنگ ئێمەوە هاتن، ئێمەش وەکو کۆمەڵێك ئەندام پەرلەمان داوامان کردووە و باسمان کردووە لە ڕاگەیاندنەکان دا ئەوەمان درکاندووە، ئەوە شتێکی زۆر زۆر پیرۆزە، بە نیسبەت ئەوەی (أکمل)ەکە زۆر، زۆر دروستە، (أکمل) یەعنی دەبێت 25 ساڵەکەی تەواو کردبێت، لەبەرئەوە ئەکمەلەکە دروست ترە، چونکە (بلغ) لەوانەیە هێشتا بە تەواوەتی دەچێتە ناویەوە، مەعلوم نیە موبهەمە، بەڵام کە گوتت ئەکمەلە تەحدید دەکرێت و دەبێت کامل بێت، یەعنی 25 ساڵەکەی تەواو کردبێت، بە نیسبەت ئەوەی کەوا، ئێمە دەستوورمان نیە، ئێمە پرۆژەی دەستوورمان هەیە، پەرلەمانی کوردستان لە 2002/11/7 پەسەندی کردووە، لەوێ ئێمە دەتوانین تەئکید لەسەر ئەوە بکەین، ڕاستە دەستوور نیە، بەڵام پرۆژەی دەستوور هەیە و پەسەند کراوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، لەگەڵ ڕێز و سوپاسم، بۆیە من پشتگیری دەکەم لە 25 ساڵیەکە و جێی خۆیەتی، چونکە لە هەندێك وڵات لە 25 یش کەمترە، ئەمەش وەکو هەنگاوێکە بەرەوپێشەوە دەچێت، زۆرینەی زۆریشی جەماوەری کوردستان و خەڵکی کوردستان لە گەنجانن، لە لاوانن، لەبەرئەوە من پێم وایە شتێکی زۆر زۆر باشە ئەوە بکریتە 25 ساڵ، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم دا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

تکایە بێ دەنگی هۆڵەکە بپارێزن، زۆرجار ناخۆشە بەکار هێنانی ئەو چەکوشە، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا سەرەتا من لەسەر شێوازی خستنەڕووی ئەو پێشنیازانە تێبینیم هەیە، لەبەر ئەوەی بەڕاستی لەدەرەوەی پەرلەمان، زۆر تەرکیزی خرایە سەر، حەتا لە ڕاگەیاندنەکانیش کە ئەوەش جێگای دەست خۆشییە، بەڵام زۆر شتی تریش هەبووە، کە پەیوەندی بەپرۆژەی پەرلەمانەوە هەبووبێ و پێویستیشی بە بڕیاری حزبەکان هەبووبێ، بەڵام بەو شێوازە وەکو دەستکەوتێك نەخراوەتە ڕوو، تەنانەت زۆرجار هەبووە، وەکو کێشەیەك نێردراوەتەوە بۆ پەرلەمان، نموونەمان زۆرە وەکو یاسای باری کەسێتی، یاسای رۆژنامەنووسی، زۆر شتی تر کە دەهاتەوە بۆ پەرلەمان، ئەگەر بەشێوازێك دەنگی لەسەر بدرایە لەوانەیە ڕەخنە لەپەرلەمان بگیرایە، بەهەرحاڵ ئێمە دەستخۆشی لەپەرلەمان دەکەین، بەڵام لەهەمان کاتیشدا گلەیی کرا لەگەنجان ولەژنان کەگوایە بۆچی دەستخۆشی ناکەن لە حزبەکان، بەڕاستی ئێمە چ پەرلەمان چ حزبەکان هەر بەشێك لەدەستەڵات، کە دەستکەوتێك یان شتێك یان داواکاری توێژێك لەناو کۆمەڵگادا دەچەسپێنێ لەیاسادا، ئەوە شتێکی زۆر باشە، بەڵام نابێ بیکەین بە منەت لەسەر ئەو خەڵکە، لەبەر ئەوەی ئەوانە وەکو هاووڵاتیەك مافی سروشتی خۆیانە چ گەنجان چ ژنان، لەئەنجامی ئەو خەباتەی کە چەند ساڵە هەوڵی بۆ ئەدەن، ئەوە هاتووەتە ئاراوەو پەرلەمانیش و هەموو لایەنەکان بەدەنگیانەوە چوون، ئێمە دەستخۆشی ئەکەین، بەڵام تێبینیەکیشم لەسەر ئەو خاڵەی پرۆژەکە هەیە، کەدیاری کراوە کەمترین تەمەن 25 ساڵە، ئەوە زۆر باشە، بەڵام حەق بوو لەتەمەنی ژوورووش لەتەمەنی بەرزیشدا ئەو حسابەکرابایە، بۆ نموونە بگوترێت لە 25 ساڵ کەمتر نەبێت ولە 70ساڵ زیاتر نەبێت، چونکە تەمەنی زۆریش لەعەینی کاتدا لەوانەیە گرفت بۆ کاروباری پەرلەمان دروست بکات، هەندێ خەڵك پێویستی بەپشوو هەیە، نەك بەوەی کەلە پەرلەمان کار بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سارا خان یەکەم شت: پەرلەمان فەرقی هەیە، لەگەڵ هەموو شوێنێك، جارێ کە دەڵێیت 25 ساڵ زۆرکەس پێی وایە 25 ساڵ ئایا ئەتوانێ دەوری پەرلەمانتار بگێڕێ، یاخود تۆ ئێستا دەیکەیت بە لە 70ساڵ زیاتر نەبێت، ئەمە عیلاقەی بەو کەسە هەیە، بە قابیلیەتی ئەو کەسە هەیە، بەڵام ئەو پێوەرە هەڵەیە، تۆ بڵێیت لە 30ساڵ کەمتر نەبێت ولە 70ساڵیش زیاتر نەبێت، رەنگە 20 ساڵە تەمەنی بێ و زۆر تواناشی هەیە بەدەورەکە هەڵبستێت، هەشە 75 ساڵیشەو دەتوانێ بەهەمان دەوور هەڵبستێت، ئەوە تاقەیەکی زهنیە، ئەوە ئیشی دەست نیە بکرێت، بۆیە هەم لەکەمکردنەوەی تەمەنی ئەو پاڵێوراوانەی کە هەڵدەبژێردرێن بۆ پەرلەمان ڕاستە بیکەین بە 25 ساڵ، هەم بۆ ئەوەی کە نابێت بڵێین بۆ وەزیفە نابێت ئەو کەسەی کە خۆی ئەپاڵێوێت تەنها ئەو حزبە ئەوکەسە تەرشیح ئەکات، خۆی ئەوە ئەکات و تەقدیری ئەکات کە لەو تەمەنەدا بەوکارە هەڵبستێت یان نا، ئەگەر لەلای خەڵك متمانەی هێنا مەعنای وایە هیچ پێوەرێك نابێت غەیری ئەوەی کە متمانە هەبێت و تەقدیر بکرێت، کە دەتوانێ بەو دەوورە هەڵبستێت، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر( زانا روستایی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەکۆبوونەوەیەکی لیژنەی یاسایی بەزۆرینەی دەنگ مەحزەریش هەیە و ئیمزاش کراوە، ئێمە مەرجەکانمان تەعدیل کرد پەیوەندی بەمەسەلەی خوێندەواری پاڵێوراوی پەرلەمانەوە هەیە، لە ئەصڵی یاساکە ( يقرأ و يكتب) ئەوە بەسە، ئەمە بۆ ساڵی 1992 شتێکی باش بوو، بەڵام لە 2009 ئێمە

پێشنیارمان کرد بەلانی کەم دەرچووی ئامادەیی بێت، کەچی ئەم بڕگەیە نەماوە لە ڕاپۆرتەکەی ئێمە، کە بەزۆرینەش هەمووومان لەوێ بووین، دوای ئێمە ئەگەر زۆرینەیەکی تر دروست کراوە بەڕاستی ئەوە ئەدەبیەن جوان نیە، کە ئێمە خۆمان وەکو لیژنەی یاسایی ئەم موقتەرەحەش حەقە بێتەوە جێگای خۆی تەعدیل کردنی خوێندەواری بۆ پالێوراوی پەرلەمان بەلای کەمی دەرچووی ئامادەیی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەرچەند لە مەوزوعەکەش دەرچووی، فەقەت مەوزوعی گەنجانە، دەکرێ دواتر قسەی لەسەر بکەین، کاک محمد صالح فەرموو.

**بەڕێز محمد صالح اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دیاری کردنی ژمارەیەك لە سالێك لە سالانی تەمەن بۆ ئەوەی تاکێك یان کەسێك خۆی بپالێوێت، یان لایەنێکی سیاسی پاساوی یاسایی هەبێت بۆ ئەوەی بیپالێوێت، من پێم وابێ وەکو جەنابت ئیشارەت پێدا پەیوەندی بەو تاکە کەسەوە هەیە، شەرت نیە مەسەلەن 25 سالٚ بۆ؟ ئێمە کە دەلێین 25 سالٚ دەبێت حیکمەتێك هەبێت، بۆیە بە رەئی من هەروەکو جەنابت ئێستا ئیاشرەتت پێیدا (من بلغ سن الرشد)کە لە 18 سالٚ تێپەڕی بۆی هەبێت 21 سالە 22 و 23 و 24 مومکینە لێمان بپرسن باشە بۆ 25 بۆ 24 سالیەکە بۆی نەبێت خۆی هەڵبژێرێت؟ یەعنی شتێکی زۆر ئاساییە 45 سالٚ و ئەو کاتە، ئەگەر قائیمەی مەفتوح بوو و توانرا خۆی هەڵبژێرێ و دەرچوو و خەڵك دەنگی بۆی دا، با بە خێر بێت و ئەگەر لایەنێکی سیاسی توانایەکی تایبەتی لەو تاکە دا دیت با تەمەنی 21 سالٚ بێت، با بۆی هەبێت خۆی هەڵبژێرێت لەگەڵ ڕێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تالەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەندێك روونکردنەوەم هەیە سەبارەت بەو مەرجەی کەوا کاك زانا ئاماژەی بۆی کرد لە سالی 2004 دا من سەرۆکی کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان بووم لە هەرێمی کوردستان بۆ هەموارکردنی قانونی هەڵبژاردنی ئەندامانی پەرلەمان هاتمە پەرلەمان لەگەڵ ئەندامانی لیژنەی قانونی و سکرتێری پەرلەمان چەند کۆبوونەوەیەکمان ئەنجام دا کە دەبوو بە پێی قانونی بریمەری 91 ئەو قانونەی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هەموار بکرێت، ئەو دوو مەرجە ئەو سەردەمە زیادە کرا، کەوا، یەکەم: دەبێت ڕێژەی ژنان لە 25٪ لە پەرلەمانی کوردستان دا هەبێت، ئەوە لەوێ سەپێندرا، سەبارەت بەوەی کەوا دەبێت دەرچووی ئامادەیی بێت، وابزانم ئەوە چەسپێندراوە لە قانون دا ئەگەر هەتا لێرەدا ئاماژەی بۆ نەکرابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا تەنها یەك ئەشکال هەیە لەو برگەیەی کە موناقەشە کرا، ئەویش ئەوەیە کە 25 ساڵی تەواو کردبێت یان چوو بێتە ناو 25 ساڵی، کاك خلیل و د.ناصح و ئەندامانی تر باسیان کرد، کاك ئاریز دەڵێت 18 بێت و کاك محمد صالح پشتگیری دەکات و لەبەرئەوە (وبلغ) یەعنی بووە 24 ساڵی تەاو کردبێت و لە 25 ساڵی بووبێت هەر دەبێت، ئەو گۆڕانکاریە ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، مادام ئیختیلافی لەسەر هەیە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە چووبێتە ناو 25 ساڵی؟ کێ لەگەڵ ئەوەیە کە چووبێە ناو 25 ساڵی دەستی بڵند بکات تکایە؟ (کامل اهلیه وبلغ 25)، ببورن کاکە حمە تێ نەگیشتووە، ماددەکە بەو شێوەیە هاتووە کە خوێندرایەوە بۆ ئەو ئەندامەی دەبێە ئەندامی پەرلەمان پێشتر 30 ساڵ بوو، لەو پرۆژەپە دەڵێت 25 ساڵ بێت، بەڵام لە پرۆژەکە دا هاتووە لە تەقریری لیژنەی یاسایی دا هاتووە دە ڵێت ئەوەی کە 25 ساڵی تەواو کردبێت، چەند کەسێك ئیعتڕازیان کردووە گوتیان ئەوەی 25 ساڵی تەواو کردبێت و چوو بێتە ناو 26 ، کەواتە دوو ڕۆژی مابێت بۆ 25 تەواوی نەکردبێت بۆی نیە، چەند کەسێك پێشنیاریان کرد و گوتیان دەبێت ئەو کەسەش بگرێتەوە کە لە ناو 25 دایە، ئەوە بە عەرەبیەکەی (کامل اهلیه وبلغ 25) بە کوردیەکەی کامل ئەهلیە بێت و چوو بێتە ناو 25 ساڵی، ئەو پێشنیارە تازە نیە، بەڵام لێرەدا لەو ناو ئەو هۆڵەدا تازەیە، ئەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، نوقتەی نیزامیت چیە فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا تەسەور دەکەم ئێمە بە هەڵەدا دەچین ئەگەر ئەوە بکەین، چونکە لە هەموو شروتی دامەزراندن و خوێندن و هەموو شتێك کە دەگوترێت دەبێ بە لای کەمی 25 ساڵ بێت، یەعنی دەبێت 25 ساڵی تەواو کردبێت، وەکو ئەوە وایە کە تۆ هەتا ئەگەر ڕۆژی لەدایکبوونی کەسێك جەژنی بۆ دەگری دەبێت تۆ 25 مۆمەکەت کوژاندبێتەوە، بۆیە ئەوە کێشەمان بۆ دروست دەکات، 365 ڕۆژ جۆرە موعادەلاتێك کێشەمان بۆ دروست دەکات، 25 ساڵی تەواو کردبێت ئەم بۆی هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە هەڵە دانەچووین نازناز خان، مەجال بدە بە هەڵە دانەچووین لەبەر دوو سەبەب، یەکەم: کە دەڵێی بەلەغە 25 ساڵ، یەعنی 24 ساڵ و 6 مانگ بێت بۆی هەیە، 2 مانگ بێت بۆی هەیە، یەعنی 24ی تەواو کردبێت، دووەم: ئێمە کارمان بە یاسایەك کردووە لەو خولەدا پێستر دەڵێت چوو بێتە ناو 30 ساڵی، ئەوەتا قانونی پێشووترمان لە پێشە دەڵێت( وبلغ 30 من عمرە) کەواتە هەڵە نیە، ئەوە هەیە پێشتر، تەنها ئەوەندەیە، ئێستا ماددەکە تەواو بوو کاکە گوتمان بلغ، ئەکمەلەکە نەما تەواو، بۆیە ماددەکە بەوەی کە هینتان کرد دەیخەمە دەنگدانەوە، ماددەی 3 (تعدل الفقرە (2) من المادە 21 و تقرأ کالاتی: کامل ألاهلیە وبلغ 25 سنە من العمر) کێ لەگەڵ ئەو ماددەیەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ کاك عونی دەڵێت بە دەنگ دان بۆ بلغ ماددەکە تەواو بووە، دەچینە ماددەی 4 فەرموو، تکایە کە دەست بڵند دەکەن نوقتەی نیزامی بێت نەك دەچنە سەر ماددەیەك ڕەبتی بەو مەوزوعەوە نیە، یەکێك باسی شەهادە دەکات و یەکێك باسی مەوزوعێکی تر دەکات، بە نوقتەی نیزامی لێرە حەل ناکرێت، ئەگەر تەواومان کرد ئەو کاتە دەتوانن چ شتێك لێرەدا نەهاتووە بیخەینە بەردەم موناقەشەوە، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ماددەی 4**

**بڕگەی 1 لە ماددەی 22 هەموار دەكرێ و بەو شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**1 ـ هەر حیزبێك و دەستەیەك بۆی هەیە لیستێكی تایبەت بە خۆی پێشكەش بكات كەناوی پاڵێوراوەكانی لەسەر ئاستی كوردستان ـ عیراق تیا بێت، بەمەرجێ ڕێژەی ژنان لە 30٪ كەمتر نەبێت و زنجیرەی ناوەكان بە جۆرێك ڕێك بخات ئەم ڕێژەیەی ژنان دەستەبەر بكات بەمەرجێك ژمارەی پاڵێوراوان لە هەر لیستێكی هەڵبژاردن لە 4 كەمتر نەبێت.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة رقم 4**

**تعدل الفقرة 1 من المادة 22 من القانون وتقرأ كالاتی:**

**لكل حزب أو فئة فی كوردستان تقديم قائمة خاصة بها تتضمن أسماء مرشحيها على نطاق كوردستان ـ العراق على ان تحتوی على نسبة لاتقل عن 30٪ من النساء ويتم ترتيب اسماء المرشحين بالشكل الذی يضمن تمثيل النسبة المذكورة للنساء فی البرلمان، على أن العدد المرشحين في كل قائمة انتخابية عن اربعة.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی ئەصڵی فەقەرەكە بخوێنمەوە، تا بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ڕەچاوی بكەن، ئەصڵی قانونەكە فەقەرەی یەكەم بەم شێوەیە، لكل حزب او فئة او اقلية قومية( التركمان، العرب، الاشورين، او غيرهم) تقديم قائمة خاصة بهم تتضمن اسماء مرشحيهم على نطاق كوردستان_العراق.

ئەوە بڕگەی(1) لەماددەی 23لە ئەصڵی یاساكەدا هاتووە، ئەوەی كە ئێستا گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە، یەك: ئەقەلیەی قەومیە، ( توركمان، عەرەب، ئاشووری) ئەوە لابراوە، چونكە لەماددەیەكی تایبەت باسی لێكراوە، دوو: زیادكردنی عیبارەتی على ان تحتوي على نسبة لا تقل عن (30٪) من النساء ويتم ترتيب اسماء المرشحين بالشكل الذي يضمن تمثيل النسبة المذكورة للنساء في البرلمان على ان لا يقل عدد المرشحين في كل قائمة انتخابية عن اربعة، ئەوە بەڕاستی جێگای گرتۆتەوە، ئەم دوو فەقەرەی هاتووەتە سەر یەكێكیان: لادانی ئەوەی باسم كرد، دووەم: ئیزافەكردنی ئەو عیبارەتەی كۆتایی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئێستا ئەوانەی ئەیانەوێت قسە بكەن ناویان ئەنووسم، چونكە زۆرن، كاك ئیحسان فەرموو.**

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیاره ماددەی چوارەم جەوهەری هەڵبژاردنی ئەمجارە، لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت، وەکو ناوەرۆکەکەی هاتووە، بەحەقیقەت ئیشارەتی پێنەداوە، یەکەم: ئەو لیستانەی کە دروست دەکرێت، داخراوە یان کراوەیە، ئەوە پرسیارێکە ئەبێ تەسبیت بکرێت لێرەدا، ئەو لیستانە ئایا داخراو دەبن یان کراوە ئەبن، دووەم: ئەگەر هاتوو، ئەو لیستەی کەدروست دەکرێت، لەوانەیە هەندێ لیست هەبن، ڕێژەی کورسی بەدەست نەهێنن، مەسەلەن چوار ناوی هەیە، لەو چوارە دوویان یان یەکێکیان دەربچێت، چوار لیستیش هاتووەتە خوارێ، ئەو چوار لیستە هەر یەکەیان دوو ناوی تێدایە، واتە هەشت پیاو بوون، ئەو کاتە ڕێژەی ئافرەت چۆن دەستنیشان دەکرێت، کە دەبێ30٪ بێت، ئەو چوار لیستە هەریەکەیان دوو کورسی بەرکەوت، کە دوو پیاویان دەستنیشان کردبوو، لێرەدا پرسیارەکەم ئەوەیە چۆن ڕێژەی 30٪ ی ناوەکان کەئەبێ ئافرەت بێت دەستنیشان ئەکرێت، سێیەم: پێشنیارم ئەوەیە، ئەگەر لیستەکە هەر حزبەو بەخۆی بێتە خوارێ بەڕەئی من، ئەگەر کراوە بێت، بۆ ئەوەی خەڵکانێك ئازاد بن تا دەنگی خۆیان بدەن بەو ئەندامەی کە لیستێکیان بۆ دروستکراوە، دەستنیشانی ئەو ناوانە بکەن کە خەڵك هەڵیان دەبژێرێ، یاخود ئازادی زیاتر بەخەڵك دەدرێت تاکو دەستنیشانی ئەندامانی خۆیان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من نازانم، مەوزوعێك هەیە، ڕەنگە هەمووتان قسەی لەسەر بکەن، لەزمنی بەرنامەشدا نیە، ئایا لیستی داخراو بێت یان لیستی کراوە بێت، هەمووتان ئەو قسەیە بکەن و لەبەرنامەشدا نیە و باسیش نەکراوە، لەبەر ئەوە من داواتان لێ ئەکەم ئەو مەوزوعە نەخرێتە بەردەم موناقەشەوە، ئەگەر شتێکی وا ئەتانەوێت هەموار بکرێت بە پرۆژە تەقدیمی بکەن، ئەوکات دانیشتنێکی نائاسایی تریشی بۆ ئەکەین، 10 کەس یان 15 کەس ئەتانەوێت تەقدیمی بکەن، بەڵام شتێك ئێستا لەمەوزوعەدا نەبێت و باسیش نەکرابێت و ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایشی لەسەر نەبێت، لابەلا بەنوقتەی نیزامی بیهێنن، بەڕاستی نە ئێمەو نە لیژنەی یاسایش ناتوانین بیخەینە موناقەشەوە، بەڵکو پرۆژەیەك تەقدیم بکەن ئەوانەی کە ئەیانەوێت کە گۆڕانکاری لەجۆری هەڵبژاردن بکەن، پرۆژەکە ڕێگای خۆی وەردەگرێت وپشتگیریشی لێ دەکەین، بەڵام لێرەدا ئەو نوقاتانە موناقەشە ئەکەین کە لەبەرنامەکەماندا هاتووە، ئەگەرنا بەڕاستی نە کۆبوونەوەکە تەواو ئەبێت، نە ئەتوانین ئەوانەش موناقەشە بکەین، بۆیە داوا ئەکەم ئەو مەوزوعە نەخەنە موناقەشەوە، ئەوەی ئەو داواکارییەی هەیە، بە 10 ئەندام ئەتوانێ تەقدیمی بکات، ئێمەش ڕێگای ئاسایی پێ ئەگرین، لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی لەبەر ئەوەی بەپەلەیە، هەڵبژاردن لەپێشە ئەتوانین کاری پێ بکەین، کاك ئارێز فەرموو، ببورە جارێ کاك هیوا نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو کاك هیوا، ئەگەر نیزامی نەبێت پێت دەبڕم.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمەی کە جەنابت باسی ئەکەیت، پێچەوانەی سێ ساڵ و نیوی پەرلەمانمانە، زۆرجار هەبووە لەپەرلەمان بابەتێك هاتووەتە پێشەوە، بەزۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان پشتیوانی لێکراوەو ئەوەی پرۆژەکە لابراوەو

ئەو دانراوە، لەبەر ئەوە ئەمە ئێستا گرفتێکی سەرەکی دروست ئەکات، چونکە زۆربەمان قسەمان لەسەر کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە کاک هیوا یەك نموونەم بۆ بێنەوە، لەو سێ ساڵ و نیوەی ڕابردوودا، کە شتێك لەبەرنامەی پەرلەماندا نەبووبێ وئێمە داخڵی بەرنامەمان کردبێ، دەی فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا من ئێستا نیە لەبەردەستمدا، بەڵام ئەمەی کە جەنابت ئەیڵێیت، حجرێکە ئەیخەیتە سەر دانیشتنەکەو گۆڕانکارییەکە، ئەصڵەن ئەم دانیشتنە مادام سێ ئەندام پەرلەمان و ئەندامی لیژنەی دارایی باسیان کرد، منیش وەکو ئەندام پەرلەمانێك بەشەرعی ئەزانم، چونکە مصداقیەتی ئەو پرۆژەیە لای من نەماوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك هیوا ئەوە جەنابت ڕەئی خۆتە، ئەندامانی لیژنە چەن کەس بن، سێ کەس غائیب بووە و ئیعتراز ئەگرێت، مانای وایە ئەو ئەکسەریەتەی کەحازر بوون و ڕاپۆرتیان نووسیوە، ئەوە قبوڵ نیە، مادام غیابی تێدایە شەرعیەتی نیە، ئەو بڕگانەی کە خراونەتە بەرباس کە لەڕێگای یاسایی 10 ئەندام تەقدیمیان کردووە، کە پێویستە یاسای هەڵبژاردن هەمواربکرێت، ئێمەش خوێندنەوەی یەکەممان بۆ کردووە، ئێستا مەوزوعی تر دێتەوە پێشەوە لە بەرنامەدا نیە، لە پرۆژەکەدا نیە، لەیاسای تردا هەیە، دەیان بڕگەی تر هەیە لە یاسای پێشوو، ئەگەر پەلەی گۆڕانکاری بکەن، دەبێ پرۆژەیەك تەقدیم بکەن، وەختمان لەپێش بێت و کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بۆ ئەکەین، تا یەکلای بکەینەوە، فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا دەڵێت (هەر حیزب و دەستەیەك بۆی هەیە لیستێکی تایبەت بە خۆی پێشکەش بکات) من پرسیارەکەم ئەوەیە ئەی، ئەگەر کەسێك بەتاك یەعنی شەخصێك بەتاك بیەوێ خۆی بپاڵێوێت، ئایا لێرەدا جێگای کراوەتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر، لەچوار کەس کەمتر نابێت، پرۆژەکە وایە، خۆ ئەگەر وابکەین ئەوا نیسبەی لە 30٪یەکەش دابین نابێت، بۆ نموونە ئەگەر 10 کەس خۆی هەڵبژێرێ و هەمووشیان پیاو بن، ئەوە نیسبەتی 30٪یەکە تێك ئەچێت، ئەوەش ناکرێت ئەو سیستەمەی کەدانراوە، بە دیقەت دیراسە کراوە، ئەگەر بیگۆڕین لە قائیمەوە بیکەین بەکراوە، ئەو وەختە ئەوە دەکرێت کە جەنابت ئەفەرموویت.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە تۆ پێت وایە تەنها پیاو خۆیان بەتاك هەڵئەبژێرن، ژنیش بۆی هەیە خۆی بەتاك هەڵبژێرێت ئەوە یەك: یەعنی ئەوە ئەبێت دووش: ئێمە کێشەمان نیە، گرنگ لە لیستە کۆتاییەکەدا لە 30٪ی بێت، تۆ ئەوە تەنها ئالیەتە داتناوە، یەعنی ئالیەتە ئەبێت لەچوار کەس ژنێکی تێدا بێت، ئەگینا ئەوە واجب نیە بۆ ئەوەی ئەو 30٪یە دەستەبەر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز، برادەران عەفوم بکەن، ئێمە یاسایەکمان هەیە لە 1992 دەرچووە، لەبەر رۆشنایی ئەو یاسایە هەڵبژاردنی ساڵی 1992 کراوە، دواتر سێجار هەموارکراوەتەوە، کە هەمواریش ئەکرێتەوە، خۆ بەهەموو یاساکە ناچیتەوە، هەرجارەو کە هەموارکراوە بڕگەیەك یان ماددەیەك هەموارکراوەو خراونەتە ڕوو، جێگای خۆشیان گرتووە، لیژنەکانی پەیوەندیدار ڕاپۆرتی خۆیان تەقدیم کردووە، ئەندامانی پەرلەمان موناقەشەیان کردووە، ئەمە هەمواری چوارەمە، لەم هەمواری چوارەمە، ئەو خاڵانە هاتوونەتە پێش بۆ هەموارکردن کە لێرەدا نووسراون، ماددەی(1-2-3-4) ئەوەی گەنجانە، ناوی پەرلەمانە، برایانی تورکمان و کلدان و سریانە، ڕێژەی ژنانە، ئەوەی ئێوە باسی ئەکەن بڕگەیەکە لە قانونەکەدا هەیە، ئەگەر پێتان باشە هەموار بکرێتەوە، دەبێ وەکو پرۆژەکانی تری هەموارکردن، تەقدیم بکرێت بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، تا ئێمەش تەحدیدی بکەین بۆ لیژنەکان و کات دابنێین بۆ خوێندنەوەی یەکەم وموناقەشە کردنی، لەبەر ئەوە پرۆژەکە لێرەدا هەر چوارە، لێرەشدا هەر چوارە، ڕێژەکە بۆ ئەوەی تەئمین بکرێت، تکام وایە مولاحەزەی ئەوە بکەن، کاکە گیان ئەوە سیستەمی هەڵبژاردنە، خۆ ئێمە لەخۆمانەوە نەمان هێناوە، ئەو کەسانەی کە ئەم یاسایەیان داناوە لە ساڵی 1992، لەگیرفانی خۆیان دەریان نەهێناوە تەجروبەی دونیایان وەرگرتووە، سێجار هەموارکراوەتەوە، دیسانەوە لەبەر رۆشنایی تەجروبەی خۆمان ولەبەر رۆشنایی یاسای دونیادا وەریان گرتووە، ئەگەر سیستەمەکە بەو شێوە بێت، دەبێ بەنیسبەت تاکەوە وا بێت، ئەگەر بگۆڕدرێت ئەوکاتە تاکیش ئەتوانێ خۆی هەڵبژێرێت، بەڵام ئێستا وایە ناگۆڕدرێت، کاکە حەمە فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من لەسەر ئەوەی کە کاك ئارێز باسی کرد، لەسەری منیش قسەم هەیە، چونکە خۆتان ئەزانن دوێنێ لەکەربەلا یەك شەخص 50 هەزار دەنگی هێناوە، بەتەنها خۆشی تەرشیح کردووە، ئەوە نموونەیەکە لەوانە، بۆ ئێمە ماڤ تاکە کەسێك بخۆین، پێویستە ئەوە کراوە بێت بۆ ئەوەی لە شەخصێکەوە بگات بەشەخصێکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی من زۆر شەرحم کرد بۆیە پێویست ناکات جارێکی تر باسی بکەمەوە، سیستمی هەڵبژاردنی پارێزگاکان جیاوازی هەیە، لەگەڵ سیستمی هەڵبژاردنی ئێمە، ئێمە ئەو قانونەی کە هەمانە داخراوە، لە

ساڵی 1992 واكراوە، لە سێ هەمواركردنـدا نـەگۆڕاوە، ئـەوە چـوارەمین هـەمواركردنیش هـەر نـەگۆڕاوە، ئێستا پێشنیاری ئەوە ئەكەن كە ئەوە، ئەگەر گۆڕا ئەو وەختە بڕگەكانی تریش ئـەگۆڕێت، ئەگـەر پێشـنیار كرا بە 10 ئەندام و پەسەندیان كرد و كردیان بە پڕۆژە، سیستەمی هەڵبژاردن لە داخراوەوە كرا بەكراوە، ئەو وەختە بڕگەكانی تریش لەبەر رۆشنایی ئەو بڕگانەدا دەگۆڕێن، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا لێرەدا باسەكە خەریكە ئەگۆڕدرێت بۆ باسێكی تر، بۆ گۆڕینی سیستەمی هەڵبژاردن، بەبێ ئـەوەی كـە ئێمە بیر لەوە بكەینەوە كە ڕێژەتان داناوە بۆ ژن، هەموو گۆڕانكارییەك ودەسـتكاری كردنێـك زەرەر لـە ژن ئـەدات، كەواتـە ئـەبێ خۆتـان یـەكلایی بكەنـەوە، یـان ئەتانـەوێت مافـەكانی ژن بچەسـپێنن یـان ئـەوەتا سیستەمەكە هەڵبژێرن و ژن بكەن بەقوربانی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ڕێژەی ژنان، پێم وایە من هەروەكو خۆم، لەگەڵ ڕێژە نیم بۆ هیچ ئۆرگانێك، بەڵام واقیعەكە وا ئـەخوازێت كـە ئـەمڕۆ لەكوردسـتاندا یـان لەشـەرقدا بـەزۆری ڕێـژە دابنـدرێت، بـەو حوكمـەی تـاكو پیـاو وەستابێ ژنیش دەنگ نادات بەژن نەك پیاو، پێم وایە ڕێژەكە كەمە، ئەگەر یەك لەسـەر سـێ دابنـێین 33 ئەكات، ئەم ڕێژەیەش زۆر كەمە، لێرەدا مـافی ژن دەخورێـت، ئەگـەر 10 كـەس بێـت ئـەوا زەربەكـە لـە ژن دەدرێـت، خـاڵێكی تـر مـن ئـەڵێم حـزوری ژن و ڕێـژەی ژن ئـەبێ ڕەنـگ بداتـەوە لەهـەموو پەرلەمانـدا، لەسـەرۆكایەتیەوە هـەتاكو لیژنـەكان، هـەتاكو ئێسـتا قەناعـەتی پەرلـەمانیش وایـە كـەوا دوو سـەرۆكایەتی لیژنەی داوە بـەژنان، یـەكێكیان هـی ژنـان ئـەوی تریشیان هـی پـەروەردە، كـە ئەمـەش هـەر بیركردنـەوەی شەرقە، هیچ لیژنـەیەكی زۆر حەساس وباشیان نەداوە بەژنان، پێم وایە بەس حـزوری ژن كـافی نیـە، بـەڵكو ڕەنگدانەوەی ژن لەهەموو لیژنەكان و حەتا لەسەرۆكایەتی پەرلەمانیش ئەبێ ڕەنگ بداتەوە، ئەوە خاڵێكە من جەختی لەسەر ئەكەم، تەنها ڕێژە كیفایـەت نیـە، بـەڵكو كاركردن بـۆ دەسـتەبەر كردنـی ئـەو ڕێژەیـەو ڕەنگدانەوەی لەهەموو شوێنەكانی ناو پەرلەمانیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵلاهی هەندێجار قسە هەیە، دەڵێن بۆ زۆر تەعلیق ئەدەیت لەقسـەكانمان، نـابێ قسـە بكـەی، بـەڵام وەڵـڵا ناشـكرێت هەنـدێجار قسـە نەكـەیت، یەكـەم: مـن و كـاك دكتـۆر كـەمال و كـاك فرسـەت، بەهەڵبـژاردن هەڵبژێردراوین، ئێستاش و لەداهاتوویشدا، هەروەختێك بڕیار بدەن، سەرۆك لاببـەن بـەدەنگی ئێـوە ژنێـك هەڵبژێرن مـن خـۆم دەنگـی بـۆ ئـەدەم، لەپۆستەكەشـم بەخۆشحاڵیەوە واز ئـەهێنم دێـم لـەوێ دائەنیشـم،

دەنگیشی بۆ دەدەم، ئەگەر 10 ئەندام پرۆژەیەك تەقدیم بکەن ئامادەین وازیش بهێنین و بەشداری هەڵبژاردنی تازەش بکەین، ئەگەر ژنیش بێت ئەوە من دەنگی بۆ دەدەم، لەهەر هەڵبژاردنێکی تریشدا، ئەگەر ژنێك و پیاوێك هەبێت وەکو یەك بن، چ مستەوایان چ مێشکی بیرکردنەوەیان ئەوە من خۆم دەنگ بەژنەکە دەدەم، خاتوو بایزار فەرموو.

**بەڕێز بایزار ملکو اوهان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاك شێروان باحسێ ڤێ نوقتەیە کر، (تخصیص خمس مقاعد) ژ گوتیا کلدان، ئێستا بەحسێ کردن تا ماددەیە دە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر لەماددەی چوارەم خاڵی یەکەمدا، دوو بەشە یەکەمیان: ئەوەی باس لەوە ئەکات، ڕێژەی ژنان لە 30٪ یەکە، دووەمیشیان: لیستێك لەچوار کەس کەمتر نەبێت، ئەگەر لیستەکە چوار کەس بێت دوو ئافرەت و دوو پیاو دابنێن، ئەوە پەنجا بە پەنجا دەردەچێت لێرەدا، کەوا بوو با لیستەکە لە سێ کەس تا شەش کەس بێت و لە 30٪یەکەش بۆ ژنان، لەگەڵ ئەو کیانە سیاسیەی کە تەقدیم ئەکات، لە 33٪ی باشترە نەك لە 30٪ی بۆ ڕێژەی ژنان من پشتگیری لە 30٪یەکە ئەکەم بەس ئەوەی کە دێتەوە لەڕووی معادەلەوە زیاترە، بۆیە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، یان سێ یان شەش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت لە 30٪یەکە تاڤگەخانیش ئاماژەی پێکرد، جەنابیشت و کاك سەرداریش هەر ئاماژەی پێکرد، ئەوە لە 30٪ تێك نادات، ئەوە کۆمیسیۆنی باڵا ئەتوانێ ڕێکی بخات، چۆن ئەو 30٪یە دابین بکرێت، ئەوە ئاسانە تۆ قائیمەیەکت هەیە 111 کەس، بەڵام بەنیسبەت مولاحەزەی دووەمت زۆر ڕاستە، ئەو چوارە من چاوەڕوانم ئەکرد یەکێکتان ئەوە باس بکەن، چونکە چوار نابێت یان ئەبێ سێ بێت یان پێنج کەدوانیان ژن بێت یان شەش بێت و دوانیان ژن بێت، بەڵام ئەگەر چوار بێت مومکینە یەکێکیان ژن بێت، ئەگەر دوو بەدوو بێت ئەوە باشە، بەڵام لەوانەیە ئەوەش نەبێت، بۆیە بکرێت بەشەش زۆر باشە، تا مسۆگەر بێت کە دوو ژنی تێدایە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، کاك ئارێز پێشنیارەکەی منی باس کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

كاك محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر، لەگەڵ ئەو ڕەئیەدام کە ڕێژەی ئافرەت، یەعنی خۆی ئێستا وایە خۆی 33 کەسن، چونکە ئێمە 9 کەسین سیانمان ئافرەتە، یەعنی 33٪ ئەکات، کەواتە ئەمە هیچ نەگۆڕاوە، بەپێچەوانەوە، ئەگەر 30 بێت ئەوە کەمتر ئەکات، یەعنی ئێمە بیکەین بە عەدەدێك کە زیان نەکات لە هەڵکشان و داکشاندا، ئێستا جەنابت ئەڵێیت بە عموم 30 بێت، ئاخر نا، چونکە من قائیمەیەکی جیام، ئەگەر تۆ وەکو ئەمجارە فەرزت نەکردووە قائیمەیەك 30کەس بێت، خۆ ئەمجارەش ئەیکەیت بە 30، ئەڵێیت چی، ئەوە قەت دروست نابێت، یەعنی 30٪ی بەهیچ شێوەیەك دروست نابێت، ئەڵێیت 3 ئەو کاتە 33 ئەکات، کە وتت 3 قائیمەکەی من جیایە لە قائیمەیەکی تر، ئەگەر لە کۆتاییدا ئەڵێیت ڕێژەی ئەم ئەندامانەی پەرلەمان با 30یان ژن بێت ئەی باشە چۆن ئەوە ڕێك ئەخەیت؟، ئەو خاڵەی کە جەنابت باسی ئەکەیت، ئەوەی داخراو وکراوە، من وابزانم ئێستا ئێمە باسی تەعدیلی یاسای هەڵبژاردن ئەکەین، ئەمەش بەشێکە لەیاسای هەڵبژاردن، خاڵێکە، ئەگەر لێرەدا نەیکەین ئەی لە کوێدا بیکەین؟، من وا ئەزانم شێوازی هەڵبژاردن جەنابت ئێستا باست کرد ئێمە لە شروتەکانین لەچۆنیەتی لە نیزامەکە، کە بەپێی لەوائیح بێت، بەپێی قائیمە بێت، ئەوی تر نابێت، باشە شێوازی دابەزینەکە ئەساسێکە لەمە، ئەمە داخراو یان کراوە بێت، خۆ ئەبێت قسە لەسەر ئەمە بکەین من وا ئەزانم، ئەگەر مەجموعەیەك قسە لەسەر ئەمە بکەین جەنابت ئەبێ بیخەیتە دەنگدانەوە، کێی لەگەڵدایە؟ یان کێی لەگەڵدا نیە؟ ئیتر چی پێویست بەوە ئەکات جارێکی تر پرۆژەیەك تەقدیم بکەین و ساڵێکی تر بێینەوە سەری، وابزانم ئێستا درەنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد فەرەج من شەرحم کرد ئێستا لەیاساکەدا داخراوە، ئەگەر کراوە بێت بەتەنها ئەوە نابێ دەنگ بدەیت بۆ کراوەکە بەتەنها ئەبێ بڕگەکان هەمووی بگۆڕیت و تەعلیماتەکەش بگۆڕی، ئەوەش ئیشی ئەوێت ئێستا ئێمە لە یاساکەی قەدیم داخراوە، پرۆژەکە باس ناکات بە گۆڕینی ئەو سیستەمە، باس لەوانی تر ئەکات کە لەبەردەمتاندایە، ئەوە یەك، دوو: بە 30٪کە ئەڵێت لە 30٪ کەمتر نەبێت، یەعنی 33 بێت، 34 بێت، 32 بێت، ئەوە تەبیعیە، ئەوە کۆمیسیۆنی باڵا ڕێکی ئەخات، کە ئەو ڕێژەیە چۆن دابین ئەکرێت، لە نەتیجەدا ئەبێ 30٪ی کەمتر نەبێت، ئیحتیماله بەتەوەقوعی خۆم لە 33٪ کەمتر نەبێت، بەڵام ئێمە ئەڵێین بەقانون 33٪ کەمتر نەبێت، دامان نەناوە بڵێین 30٪ کەمتر بێت، ئەگەر وتمان 30٪ کەمتر بێت، ئەو قسانەی جەنابت و کاك سەردار و ڤاڤگە خان وئەوانی تریش ڕاست ئەبوو، بەڵام ئێمە ئەڵێین 30٪ کەمتر نەبێت، کۆمیسیۆنی باڵا بەپێی سیستەمێکی حسابی و ئیحسائی ئەتوانێت دەست نیشانی بکات، پێشتان بڵێت ئەو کیاناتانەی لەوێ دەبێ قائیمەکانیان بەو شێوەیە بێت، مەسەلەن دوو پیاو وژنێك تا دەگاتە ڕێژەی 40٪ ، سێ

پیاو ژنێك تا دەگاتە ڕێژەی 60٪ ئەوە زۆر ئاسانەو تەبیعیشە، ئەوە موعادەلەیەکی حسابیە، کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەم: بەڕاستی دەبوایە لیستەکان دیاری بکرایە، چونکە هەموومان ئەزانین چ نەوعە لیستێکە، ئەوە هەر بەنەوعێك ماوەتەوە، نا ڕوونیەکی تێدایە، بۆیە وەکو برادەران وتیان لیستەکە کراوە بوایە، ئەوە حەقی هەموو تاکێك ئەدرا، مادام لیستەکە داخراو بێت، ئەوە تاك بۆی نیە خۆی تەرشیح بکات، ئەگەر وا بوایە من، لەگەڵ لیستی کراوە ئەبووم، دووەم: منیش تەئکید ئەکەمەوە لەسەر بوونی ژنان و ئافرەتان کە ئەو 30٪ یە بەموعەدەل نیو دەرئەچێت، ئەگەر بەنیو دەرچوو، بۆ ئەو لیستەی کە کەم دەنگ ئەهێنن، یان ئەوانەی کە کەم ئەهێنن، چۆن ئەو نیوە موعالەجە ئەکرێت؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەر لەسەر دوا دێر ئەوەی لیستێکی هەڵبژاردن کە لەچوار کەس کەمتر نەبێت، بەڕاستی پێم وایە ئەوە هەڵەیە، ئەوان وا حسابیان کرد، لەگەڵ 30٪ کە ڕێکی بخەن، یەعنی ئەو لیستەی کەلەچوار کەس کەمتر نەبێت، وا ڕێکیان خستووە بۆ ئەوەی ڕێژەی ژنان لە لیستەکەدا هەبێت، بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئەی ئەگەر لیستێك هەبوو سێ کەس بوون، دوویان ژن بوو یەکێکیان پیاو بوو، یان دوانیان پیاو بوو، یەکێکیشیان ژن بوو، باشە لێرەدا ئەڵێت لەچوار کەمتر نەبێت کەوابوو لێرەدا تەعاروز ئەکات، ئەمەش نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك بەڵێن، یەکەم: پێشنارێك کرا کە ببێت بەشەش کەس، بۆ ئەوەی ڕێك بکەوێت، بەس لێرەدا پێنج کەس نابێت، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر بیکەین بە شەش کەس ئەوە خراپتر ئەبێت، یەعنی ڕێژەکەمان بەسەر خست، باشە ئەگەر سبەی سێ کەس تەقدیمیان کرد، واتە لیستێکی سێ کەسی هەبێت، دوو پیاو یەکێکیشیان ژن بوو، ئەو کاتە تۆ ئەڵێیت نابێ، چونکە تۆ مەرجی لیستت تێدا نییە، چونکە شەش کەسە، نابێ لەشەش کەس کەمتر بێت، چی بکات، واتە ئەو سێ کەسە چی بکەن؟ نابێ بڵێین کەمتر، نابێت، ئەبێ ئەو ڕێژەی ژنان لەبەرچاو

بگرین، یەعنی هەر لیستێك دابەزی دوو كەس بێت یان سێ كەس بێت، چوار كەس بێت، پێنج یان شەش كەس بێت، دەبێ ئەو ڕێژەی 30٪یە لەبەرچاو بگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ڕێژەی ژنان 30٪یە پێویست ناكات بڵێیت لەبەرچاو بگیرێت، چونكە ئەوە قانونە و هەر ئەبێ وابێ، كە ئەڵێت لەچوار كەس كەمتر نابێت، ئەوانیش ئەبێ پابەند بن بەوەی كە لە 30٪ی ئەبێ ژن بێت، ئەوە یەكەم شت دووەمیش: ئەگەر چوار بێت من لەگەڵ تۆدام ئەوە خەلەلێكە یان ئەبێ سێ بێت یان پێنج یان شەش ئەوە دوایی باسی ئەكەین، كاك ئاریز پرسیارێك ئەكات، ئەڵێت نابێ شەش كەس بن، لەبەر كلدان و ئاشوور، ( كلدان و ئاشوور و سریان) ئەوان جیاوازن، ئەبێ لەو پێنج كەسەی كەهەیانە دووانیان ژن بێت، ئەوە تەبیعیە و هیچ موشكیلەی نیە، ئەتوانن سێ كەسیش بن، بەس زۆربەیان پێنج تەقدیم ئەكەن، كاك دلێر فەموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پێم وایە، (لكل حزب) بكرێت بە (لكل كیان سیاسی) چونكە ئەوە لێرە تۆزێك سیاغەی ئەوێت، بۆیە پێم وایە بكرێت، بە (لكل كیان اسیاسی) ئەوە باشترە، ئەوە یەكەم: دووەم: بزەبت منیش تەئكید لەوە ئەكەمەوە كە چوار بێ مانا دەرئەچێت، ئەمە جیایە لەوە مەسەلەی ژنان، ئەمە قەسد لە لیستی هەڵبژاردنە، لیستی هەڵبژاردنیش ئەمە ئیعتیبار ئەكرێت هەر كەسێك بەرامبەر بەكەسێكی نوێنەرە، یەعنی لەناو ئەو میللەتەدا كە 25 هەزار كەسە یان 30 هەزار كەسە، بەپێی ژمارەی دانیشتوان، ئەمە ئیعتیبار ئەكرێت كە نوێنەرایەتی ئەوەندە كەس ئەكات، زیاد كردنی كەسێك یان كەم كردنی، ئەمە ئیعتیبار ئەكرێت بە ژمارەیەكی زۆر، لێرە لەم حاڵەتەدا چوار كەس فیعلەن ناڕێك ئەبێت، بەرامبەر بەژن، قەت ئەو نیسیبەیە ڕێك ناكەوێت، بۆ ئەوەی ئەو حەقە بۆ ژنیش مسۆگەر بكرێت، باشترە كە سێ بێت نەك زیاتر بێت، چونكە پێویستیمان بەوە هەیە، لێرە زیاترین بەشداری هەبێت لەلایەن خەڵكی تر لەم پەرلەمانەدا، لەبەر ئەوە تاكەمی بكەین باشترە، لەوەی كە زۆری بكەین، یەعنی بیركردنەوە لە پێنج پێم وابێ غەڵەت ئەبێت، باشتر وایە سێ بێت، ئەوكاتە بەشداری كردنەكە مەعقول تر ئەبێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، وەڵڵا لیژنەی یاسایش ڕەئیان وایە سێ بێت دەقیق ترە، ئیعتیرازیش گیرا بەس پێم وابێ ئەو سێیە باشترە، لەبەر ئەوە تكام وایە ئەوانەی كە قسە ئەكەن لەسەر ئەو مەوزوعە، ئەوە سێیەو بڕایەوە؟ كاك حەمە ڕەشید فەرموو.

**بەڕێز رشید كریم رشید( حەمە رەشید ماوەتی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

جەنابت شەرحێکتدا لەسەر ئەو مەوزوعەی کاک ئارێز، کە ئیستیفسارێکی بۆ دروست کردووم، ئەویش ئەوەیە؟، ئەگەر کەسایەتیەك وەکو لە خواریشەوە نووسراوە، هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە سێ کەس، چوار کەس، شەش کەس کەمتر نەبێت، کەسایەتیەك بەناوی شەخصی خۆیەوە، وەکو بڵێین کاکە حەمەی شارەزوور، چوار پێنج کەسی لەگەڵدا بێت، یان سێ کەسی لەگەڵدا بێت، بەناوی شەخصی خۆیەوە، ئەگەر خۆی هەڵبژێرێت وەکو کیانێك دەرئەچێت، جالێرەدا ئەگەر بنووسرایە هەر حزبێك یان دەستەیەك یان کەسایەتیەك، چونکە لەخوارەوە نووسراوە، هەر لیستێکی هەڵبژاردن لەشەش کەس کەمتر نەبێت، چی ئەگۆڕێت ئەگەر کەسایەتیەکەی دیار بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك حەمە ڕەشید باسمان کرد، وتمان ئەوە سیستەمە، کاکە حەمە ئەگەر قائیمەی تەقدیم کرد، خەڵکیشی لەگەڵ بوو، ئەگەر خۆی ناوی لێ بنێ قائیمەی کاکە حەمە، ئەگینا ئەبێت بەقائیمەی حزبی سۆشیالیست و یەکەم ناو ناوی خۆی ئەبێت، وەك ئەوەی دوو کەس دوو دەنگی هێنا یان سێی هێنا، بەتەسەلسولەکە وەر ئەگیرێت، بەڵام ئێمە قائیمەمان هەیە داخراوە، ئێوە تێکەڵاوی ئەکەن، لەگەڵ ڕاگەیاندن کە ئەڵێن حەتا قائیمەی ئەوەی لەکەربەلا دەرچووە، یەکەم ناو خۆیەتی کۆمەڵێك ناوی لەگەڵدایە، بەڵام خەڵك کەدەنگی داوە، دەنگی بەخۆی داوە، بەزۆری ئەو دەنگە زۆرە دوایی دابەش دەبێتەوە سەر قائیمەکەی و دەیباتەوە، ئەوکاتەش قائیمەکەش ئەیباتەوە، خۆی بەتەنها نەیبردۆتەوە، خۆ بەتەنها ناوی خۆی تەقدیم نەکردووە، جا چ قیمەتێکی هەیە کەسێك بەتەنها بێتە ناو قائیمەوە، بەس ئەوەیە کە خەڵکێکی زۆر متمانەی بەخۆی هەیە، دەنگیانداوە بەقائیمەکە بەهۆی ئەو دەنگانە قائیمەکە و ژمارەیەك لەوانە بردوویانەتەوە، لێرەش هەمان شت ئەتوانیت بیکەیت، دەتوانی 10 کەس تەقدیم بکەی شەخصی یەکەم کەسایەتیەکی ناسراوە، خەڵك لەبەر شەخصی یەکەم دەنگی دەداتێ، بەهۆی ئەو دەنگ وەرگرتنەی کەسی یەکەمەوە، چەند کەسێك متمانەی پێ دەدرێت و ڕێژەیەك دەهێنێت و بەپێی ئەو ڕێژەیە دێتە پەرلەمانەوە، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکان کران، هەر دەربارەی ڕێژەکەی ژنانە کە پێشنیار دەکەم بکرێت بە 33٪ کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەشمان جوابدایەوە و شەرحمان کرد، یەعنی خۆی لە عەمەلیدا وا دەبێت، کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکەی منیش کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، کاك سعدالدین، فەرموو.

**بەڕێز ملاسعدالدین ملاعبدالله مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەکوردیەکەیدا ئەڵێت هەر حزب و دەستەیەك، لە تەرجومە عەرەبیەکەشی ئەڵێت، لکل حزب او فیئە، فیئە تەرجومەی دەستە نیە، هەیئە تەرجومەی دەستەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان مولاحەزەی ئەوە بکەن، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەرەتا یەك روونکردنەوەم هەیە بۆ ئەو برادەرانەی کە ئەڵێن، یەك شەخصیش بۆی هەبێت خۆی تەرشیح بکات، ئەگەر ئێمە ئەو ڕێگایە بدەین بەیەك شەخص کە خۆی تەرشیح بکات، بەڕاستی سیستەمەکە هەمووی ئەگۆڕدرێت، یەعنی سیستەمەکەی ئێمە قەوائیمە، سیستەمی تەمسیلی نسبیە، ئەو وەختە ئەبێت بە دائیری، بۆیە من بڕوا ناکەم هیچ ڕێکەوتنێکی وامان هەبێت، بۆ گۆڕینی دائیری، ئەوە یەك: دووش: ئەو برادەرە باس ئەکەن لەکەربەلا قائیمەی حەبوبی، ڕاستە لە 30٪ بوون بەس قائیمە بووە، یەك شەخص نەبووە، سێیەم: پشتگیری لەقسەی سارا خان ئەکەم، کەبەڕاستی من پێشنیار ئەکەم، ئەو 30٪ یە بکرێت بە 33٪ لەبەر ئەوەی ئەو 30٪ یە ئیستیحالەی تێدایە، ئێمە لەم ماددەیە کە دەڵێت ویتم ترتیب اسماء المرشحین بالشکل الذي یضمن تمثیل النسبة) یەعنی خستوومانەتە ئەستۆی ئەوان تەوزیحمان نەکردووە، ئەوەی عێراق مەسەلەن لەوەی پێشتر ئەڵێت بەقانون تەرتیب کراوە، لەماددەی یازدە ئەڵێت( یجب ان تکون امراة واحدة علی الاقل ضمن اول مرشحین في القائمة کما یجب ان تکون ضمن اول ستة مرشحین في القائمة امراتان علی اقل وهکذا حتی نهایة القائمة) ئەوانیش بەلای کەمی سێ کەسیان داناوە نەك چوار کەس، یەعنی سێ کەسەکەم پێ باشترە، لێرە من جەدوەلەکتان بۆشەرح دەکەم یەعنی ئەو30٪ یە ئیستیحالەکی تێدایە، لێرە کە دەڵێت (علی الاقل) یەعنی ئەگەر چوار مرەشەح بێت، یەك دانەی دەکات، 25٪ نابێت، ئێمە وتمان (علی الاقل) 30٪، نابێت دووکەس دابنێین، دووکەس دەکات 50٪ ئەگەر قائیمەکە پێنج کەس بوو، دوو دابنرێت دەکاتە 40٪، ئەگەر قایمەکە شەش کەس بوو دوو دابنرێت دەکاتە 33٪، ئەگەر قایمەکە حەوت کەس بوو سێ دابنرێت دەکاتە 42٪، ئەگەر قایمە هەشت بێت سێ دابنرێت دەکاتە 37٪، ئەگەر نۆ بێت سێ دابنرێت دەکاتە 33٪، تا دەگاتە 10، کە لە 10 کەس پێك هاتبێت ئینجا دەکاتە 30٪، جارێکی تر ئەگەر بڕۆی یەعنی 11-12 دیسان بە هەمان شێوازدا دەڕۆی ئەوە یەك، دووەم، زیاد بوونەکە یەعنی دەکاتە چەند ئەگەر 25٪ بێت، نیسبەی ژنان ئەوە 29 ئەندامان هەیە، ئەگەر 30٪بێت دەکاتە 33.3 یەعنی 34 ئەندام 5 ئەندم زیاد دەبێت بەس، ئەگەر

بیکەینە 33٪ دەکاتە36، دەکاتە 37 ئەندام، یەعنی ئەگەر لێرە بە نەوعەکی تر شەرح بکەین، جارێ پێنج کورسی بۆ برایانی تورکمان ئەوان دوو ژنیان دەبێت،خوشك و برایانی کلدان و ئاشوری ئەوانیش پێنج کەس دەبێت دوو ژنیان هەبێت، ئەوە چوار، یەعنی لەو 37ی چوار دەڕوات، یەعنی بڵێین یەکێتی وپارتی لەوانەیە زیاد بوونەکە یەك ژن بێت تەنها، بۆیە جارێکی تر دووپات دەکەمەوە بکرێتە لە 33٪ و سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حساباتەکەت دەقیق نیە ریازیەن، چونکە بە عەکسەوە کە کۆتای مەسیحیەکان ئەگەر پەسەند بکرێت، عەفوەن کلدان و ئاشوری و سریان لەگەڵ کۆتای تورکمان، وادەکات رێژەی 30٪ زیاد بێت لەوێ، نەوەك کەم بێتەوە، ئەو 30٪یە کۆمسیۆنی باڵا حسابی دەکات، بۆی دادەنێت بە تەئکید لە قازانجی ئەوە دەبێت لە 30٪ نەبێت 31 و32 و33 بێت کە وتومانە کەمتر نەبێت، بەڵام ئەوە کۆسپ نیە، ئێستا کە وەکو من عەرزم کردن زۆر ئاسانە کۆمپیوتەر هەر بۆی دابنێت تا نسبەتی ئەوەندە دوو پیاو و ژنێك، دوایی لەوەندەوە سێ پیاو ژنێك، تا دەگاتە ئەوەی لە 30٪یەکە کەمتر نەبێت، ئینجا بە حوکمی ئەوەی من قەناعەتم وایە زیاتریش دەبێت، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من زۆر سەیرم لەوەیە مناقەشەکان زۆر هینن، یەعنی پیشانی نادەن کە ئێمە بەراستی ژن دۆستین، پیشانی نادەن بۆ ئەوەی یەعنی بە راستی بۆچی وای لێهاتووە، لەگەڵ ئەوەی هەموو رێزێکمان بۆ هەر هەموو ئەوانەی کە داوای گۆڕینی سیستەمی هەڵبژادن دەکەن، ئەوە بە پێی هەموو لێکۆڵینەوەیەکانی کە کراوە، کە لە دنیایەکا کراوە، کە ژن گەیشتۆتە ئاستی ئەوەندە بەرز کە متمانەی ئەوەی پێدەکەن سەرۆك وەزیران بێت، کە هەتا ئێستا لای ئێمە متمانەی ئەوەی پێنادەن کەمەسئول مەڵبەند و مەسئول لق بێت، ئەوە کە لەسەر ئاستی حزبەکانە، سیستەمی هەڵبژاردن فاکتەرێکی زۆر زۆر مهیمە بۆ بەشداری ژنان، ژن لە دارشتنی سیاسەتەکانە، یەعنی مەعقولە ئێستا ئێمە هاتووین لێرە بە کۆمەڵێك قسە لەبەر خاتری کۆمەڵێك دروشم بێین سیستەمێك بگۆڕین، لەلایەکەوە چەند وەختە ئێمە هەوڵ دەدەین، بانگەشە دەکەین بۆ بەشداری ژن لە دەسەڵات و سیاسەت، بێین عەکسی ئەوە جارێکی تر تەتبیق بکەینەوە، بەڕێزان هەمووومان لەگەڵ دیموکراتیەت داین کەس نیە رقی لە دیموکراتیەت بێت، دیموکراتیەت رووی حەزاری تۆ پیشان دەدات، بەڵام مانای ئەوە نیە تۆ بێی لەبەر خاتری دیموکراتیەتی لایەك، کە ئیسباتی بکات دیموکراتیەت پێ بنێی بەسەر چین و توێژێکا کە ئیحسائیەت دەری خستووە لە 52٪ی کۆمەڵگاکە ژنن، باسی ئەوە دەکرێت لە 30٪ کەمتر نەبێت، ئەوە قەی چیەکە حزبێك ئەوەندە پێش کەوتوو خواز بێت با لە 50٪ دابنێت، چ کێشەیەکە، با قائیمەکەی چوار کەس بێت دوو ژن و دوو پیاو بێت، ئێمە دەڵێین نابێت لە 30٪ ی کەمتر بێت، کەواتە وای لێدەکەین ئەگەر هاتو قانونی قائیمەکە سێ کەس بوو، ئەگەر لە 30٪ کەمتر نەبێت دوو ژن و پیاوێك بێت کفرە، خۆ کفر نیە هە تاکو ئێستا ئێوە وای لێهاتووە بەم دانیشتنە سیستەمی هەڵبژاردن دەتانەوێت بگۆڕن، ئەمەی کە هەوڵمان بۆ داوە و چەند وەختە بانگەشەی بۆ دەکەین بگۆڕن، لە پێناوی چی، لە پێناوی ئەوەی دەری بخەن کە دیموکراتیەت خوازین، من یەك داوام هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە ئەمە نەوەکو داواکاری تەنها هی منە، داواکاری هەموو رێکخراوەکانی ژنانە، داوا کاری هەموو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیە، تکات لێدەکەم پاراستنی ئەم نیسبەتە مانای

ئەوە نیە یەعنی کە وتت لە 30٪ کەمتر نەبێت، باقیەکەی بەجێ دێڵی بۆ مفەوەزیە خۆیان قائیمەکان هێن بکەن، گۆڕینی سیستەمی هەڵبژاردن پاشگەز بوونەوەیە لە مافەکانی ژنان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، د.شکریە فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو ڕێژەیە کەوا دانراوە، پێم باشە، بەلاّم لە چوار کەمتر نەبێت مناقەشەیەکی زۆری هەڵگرتووە، من پێم باشە لابرێت ئەوەی تربۆ مفەوزیە بگەڕێتەوە، دەبێت ئەو ڕێژەیە کەمتر نەبێت لە 30٪ بۆ ئەوان بگەڕێتەوە، چونکە یەعنی لە 6٪، لە 5٪، لە 3٪، ئەمە سێ مناقەشەی هەڵگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ الله ،فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شێخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە تەواوی ماددەکە دەکەم، پێم شتێکی چاکە کە دیاری کراوە ڕێژەی ئافرەت لە 30٪ کەمتر نەبێت، وابزانم چ ڕێگریەکیش نیە لەبەردەمی هەر حزبێك ئەگەر هەموو لیستی حزبەکەی ئافرەت دابنێت، تەسەور ناکەم کە کەس ڕێی لێبگرێت، بە پێی بیرو بۆچوونی خۆی، بەلاّم ئەوەی ئیجباریە، نابێت لە 30٪ کەمتر بێت، لەوانەیە حزب هەبێت، لایەن هەبێت، هەوڵی ئەوە بدات کە کەمتر لەو ڕێژەیە دابنێت، ئەوە ئیجبار دەکرێت بۆ ئەوەی لە 30٪ کەمتر دانەنێت، ئافرەتیش جێگەی خۆیەتی وەکو پێویست ڕێزی لێبگیرێت، پێموانیە کەس هەبێت دژی مافی ئافرەت بێت، ڕێز لە ئافرەت نەگرێت، من پشیگیری لە پرۆژەکە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک هیوا ، فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

لە راستیدا من هەر ئەوە دووبارە دەکەمەوە لەلای بەڕێزتان، کە کاتێك باسی دەکەی پێش ئەوەی ناوەڕۆکی لیست، دەبێت شێوازی لیستەکە ئێمە یەك لای بکەینەوە، لەبەر ئەوە من تکام وایە بەسەریدا تێنەپەڕین، ئێستا وەختەکەمان لەبەردەم دانەماوە، جارێکی تریش سەرۆکایەتی کۆبوونەوەی پەرلەمان ناکات ئێمە پرۆژەیەك تەقدیم بکەین، باسی لیست بکەین، ئایا لیستەکە داخراو بێت، یان کراوە بێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هیوا بۆ چوارەمین جار عەفوم دەكەی، چوارەمین جار قانونمان هەیە دیاری كردووە، لە قانونی هەڵبژاردن سێیەم جار كە تەعدیل كراوە، نوسراوە (لكل حزب او فئة فی كوردستان تقدیم قائمة خاصة بها تتضمن اسماء المرشحين على نطاق كردستان العراق على ان تحتوي على نسبة لاتقل عن 25٪ من النساء ويتم ترتيب اسماء المرشحين بحيث يرد اسم المرشحة على الاقل ضمن كل اربعة اسماء، ضمن الأسماء الاربعة الاولى في القائمة ويراعى نفس الترتيب الى نهاية القائمة على ان لايقل عدد المرشحين لكل قائمة انتخابية عن اربعة) ئەوە خۆی لە خۆیدا سیستەمی هەڵبژادنەكەیە كە داخراوە، تۆ ئێستا كە سیش داوای نەكردووە بگۆڕێت، ئەگەر ئەو داواكراوە هەبێت، لە30٪یەكە وەكو سۆزان خان باسی كرد تێك دەچێت، دەبێت هەموو بڕگەكانی تریش كە لەسەر ئەساسی داخراو دانراوە پێدا بچینەوە، بزانین كامەیان دەتوانن هین بكەن، چوار كەسەكە لە قائیمە نابێت ئەو وەختە كەی دەتوانێت هین بكات، كەسێك تەقدیمی نەكردووە و بڵێت، 10 كەس تەقدیم بكات بڵێت دەمەوێت سیستەمی هەڵبژاردن بگۆڕێت لە داخراوەیی بۆ كراوەیی، تاوەكو ئێمە بێین تەكمیلەی بكەین لێرە خوێندنەوەی بۆ بكەین و داوا بكەین لە لیژنەی یاسایی، هەموو بڕگەكانی تریش كە پێویستە بگۆڕین، ئەو وەختی بگۆڕین، ئێستا تۆ ئەگەر بتەوێت لێرە هیچ نەكەین بەس ئەوە بگۆڕین، كۆمسیۆنی باڵا ناتوانێت هین بكات، چونكە بڕگەكان تەناقوز دەكات لەگەڵ ئەوی تر.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێستا لەم جەولەی هەڵبژاردنەی ئەنجومەنی پارێزگاكان لەسەر ئاستی عێراق وابوو، بەلیستێكی كراوە بووە، لەبەر ئەوە من پەرلەمانتارم لە راستیدا من داوای ئەوە دەكەم، بواری لیستی كراوە هەبێت، چونكە لە تەجروبەی ڕابردوومان‌دا بە سەراحەت پەرلەمان هەر كاتێك لەلایەن جەماوەرەوە دەنگی پێ نەدرێت، حزب دیاری بكات ئەو مەوقعیەتە بە هێزەی نابێت، بە سەراحەت بە جەنابتان دەڵێم زۆر جار پێمان وتراوە ئێوە حزب دیاری كردوون، كەواتە دەسەڵاتتان لە حزب وەرگرتووە، نەوەكو دەسەڵاتتان لە جەماوەرەوە وەرگرتبێت، من لەبەر ئەوە داوا دەكەم، بۆئەوەی مەوقع بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمانتار، پەرلەمانتار زۆر جار لەسەرمان نووسراوە لە دەزگاكانی ڕاگەیاندن، هەیە بە واستەو بە شت بووە بە پەرلەمانتار، لای ئێمە وای لێهاتووە یەكێكی حیزب و ئەندامی مەكتەبی سیاسی پێی عەیبە ببێتە پەرلەمانتار، لەبەر ئەوە من داوا دەكەم كە لیستی كراوە هەبێت، بۆئەوەی پەرلەمانتار جەماوەر بیناسێت، ئەو جەماوەرەی كە دەنگ دەدات بزانێت دەنگ بە كێ دەدات، هەر یەك لە ئێمەش خۆمان بناسین بەراستی، جەماوەرەكەش دڵنیابێت لەوەی كێنە، لەبەر ئەوە من داوا دەكەم مەجالی لیستی كراوە هەبێت.

**بەڕێزسەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك هیوا ئەو قسانەت بەراستی جێگای رەخنەیە، ئەو توهمەتانە لە جێی خۆی نیە، یەكەم عەفوم دەكەی قسەكەت یاسایی نیە، چونكە بە پێی دەستووی عێراق دەڵێت هەموو قەوانین و یاسایەك كە لە هەرێمی

کوردستان دەرچوینە قانونین، ئەوە دەستووری عێراق وا دەڵێت، ئەم قانونە ساڵی 1992 دەرچووە، کەواتە دەستووری عێراق ئەوەی سەلماندووە بۆئێمە، دووەمینیش قانوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق ناوی ئەوەیە، ئەو ئەنجومەنانەی کە رێك نەخراوە لە هەرێمێکدا، ئێمە ناگرێتەوە، هەتا بۆ قانوونی ئەنجومەن دەرگا کراوەتەوە، دەسەڵات دراوەتە خۆمان هینی بکەین، سێیەم هەر حزبەك خۆی مەسئولە کێ کاندید دەکات، خەڵکیش خۆ تەماشای تەنیایی ناکات، تەماشای ئەو کەسانە دەکات، پێشم وانیە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پێی شەرم بێ، ئەوەتا دوومان لێرەینە، ساڵی 1992 دوانزە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هین بوو، کاکە حەمە ئەوەتا لێرەیە نەك ئەندامی مەکتەبی سیاسی سەرۆکی حیزبێکە، بۆ وا دەکەی، ئێوە لە ناو یەکگرتوودا هەتانە، لە ناو کۆمەڵدا هەتانە لێرە ئەندامن، کاك خلیل، ئەوە کاك حەمەفەرەجە خۆتی، ئەوە کاك محمد حکیمە، کاك زانایە هەموومان ئەندامی مەکتەبی سیاسینە، لەبەر ئەوە ئەو توهمەیە بۆ حزبەکان بە حزبەکەی خۆشتانەوە هەڵەیە، ئەگەر تکرار ناکەیتەوە، ئیجازەت نادەم، دەزانم تکرار دەکەیتەوە، عەینەن رەخنە دەگری، پرۆژە بە پرۆژە نەبێت موقتەرەح لێرە بە تاك ناکرێت، موقتەرەحێك بیکەی، پرۆژە نۆکەسی تر لەگەڵ خۆتا قەناعەت پێ بکەی تەقدیم بکاتن، کاك ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی وەکو جەنابت باست کرد، ئەم هەڵبژاردنە بەلیستی داخراو بێت، ئەوە شتێکی زۆر سروشتیە، بە تەئکید ئەمە تەنها، پێش هەموو شتێك وەکو سۆزان خان باسی کرد، ئەمە تەئکید کردنە لەسەر لە30٪ ئەو لیستە دەبێت ئافرەت بێت، ئەگەر وانەبێت داخراو نەبێت لەوانەیە ئەوە نەیێنێت، ئەوە شتێکی زۆر زۆر سروشتیە، شەرتیش نیە 30٪ بێت ئێمە دەڵێین لە 30٪ کەمتر نەبێت، بەڵام ئەوەی کە چوارەکە نوسراوە من پێم وایە چوارەکە بکرێتە سێ، ئەو وەختە راستە دەبێتە 33٪، بەس ئەوە شەرت نیە با ببێتە 3 یەعنی چوارەکە، ئەو چوارەی کە هاتووە بابکرێتە سێ نەوەکو چوار، هەر قائیمەیەك لە سێ کەس کەمتر نەبێت، عەرەبیەکەی من پێم وایە بڵێین (لکل حزب او تکتل او مجموعة اشخاص) چونکە شەرت نیە هەر حیزبێك لەوانەیە تەکەتولێکی چەند حیزبێك بێت، مجموعەی ئەشخاسیش بێت، یەعنی عەرەبیەکەی ئەگەر وای لێ بێت، (لکل حزب او تکتل او مجموعة اشخاص) ئەو وەختە مجموعە ئەشخاسەکە لە سێ کەس کەمتر نابێت کە دیاری کراوە، من پێم وایە سێ کەسەکەش تەحدید بکەین، سێ کەسەکە و پێنج کەسەکە بڵێین ناوی دووەم و ناوی پێنجەم دەبێت ئافرەت بێت، یەعنی ئەو وەختە ناوی دووەم و ناوی پێنجەم دەبێت ئافرەت بن، ئەو وەختە ئیشکال دروست نابێت، چونکە پێنجەکە حەتمەن ئەوان تەنها پێنج کەس هەڵدەبژێرن، پێنجەمینیان ئەوە ئافرەتە، ناوی سێکەسەکەش، چونکە دووەمەکەیان لەوانەیە سێ کەسە کە نەهێنێت، چونکە لەوانەیە دوو کەسیان دەربچن،بۆیە پێم وایە ناوی دوو کەسەکە دووەمین کەس ئافرەت بێت باشترە، لەگەڵ رێز و سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د. ناصح ئەوەمان جواب دایەوە وتمان، كۆمسیۆنی بالاّ تەعلیمات دەردەكات، ڕێنمایی دەردەكات، مادام قانونیەن وتوتە 30٪ كەمتر نەبێت، دەبێت ئەو ڕێنمایە بە پێی ئەوە بێت، كاك باپیر كامەلا دەپرسێت و دەڵێت، 7٪ بووە وەختی هەڵبژاردن، ئەوە هەموار كراوە نەماوە 7٪ یەعنی 1٪ بێنێت، دەكرێتە ئەندام لەو هەڵبژاردنانەی پێشوودا ئەوە هەبووە، كاك بەڵێن بەو ڕێژەیەوە هاتۆتە ناو پەرلەمان، هەروەها بە نیسبەت كۆمەڵی ئیسلامی لە 5٪ شتێكیان هەبوو، شەش كەسیان بوونەتە ئەندام پەرلەمان، كەچی ئێمە لە 1992 مەجموعەیەك ئەحزاب نەیانتوانی لەبەر ئەوە ڕێژەكە لە 7٪ بوو، هەموار كراوە نەماوە لە 7٪، لە قانوندا هەیە، ئەوە قانونەكەیە برادەران، ئێمە هەمواری چەند بڕگەیەك دەكەین، لەو قانونەدا 7٪ كە نەماوە، زۆر بڕگە هەیە، ئەگەر بێتو ئەو داوایانەی كاك هیواو برادەران بیكەین، دەبێت هەمووی بگۆڕین، هەموو ڕێك خراوە لەسەر ئەساسی هەڵبژاردنی داخراو، سیستەمی داخراو، بۆیە ئەگەر بیگۆڕین، پڕۆژەتان تەقدیم كرد، هەموو ئەو خالأنەی پەیوەندن بەوە دەبێت هەموو بگۆڕێت، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێش ئەوەی مولاحەزەی خۆم بدەم، مولاحەزە لەسەردەنگدان لەسەر ئەساسی قائیمە، یەعنی دەبێت لەلای هەموومان ئاشكرابێت، مەبەستی دەنگدانەكەیە، دەنگدان لەسەر ئەساسی قائیمە ، لە هەموو دنیا ئەوە داهێنانی كورد نیە، لە هەموو دنیا كە دەنگدان هەیە، یان دەنگدان فەردیە یان قائیمەیە، لێرە لەو قانونە هاتووە، دەڵێت دەنگدانەكە لەسەر قائیمەی موتلەقە، موتلەق یەعنی ئیتلاق، یەعنی ئەوە مەوزوعێكە ئیشارەی پێنەدراوە، دەبێت بەو شێوەیەوە وەری بگری، یەعنی موغلەقە ئەو هینە، سەبارەت بەوەی كە د. ناصح باسی كرد، منیش لەگەڵ ئەوەم، ڕەنگە سێ چوار كەس نە كیانی سیاسین، نەئەوە، یەعنی ئەوە حەق وایە ئێمە بنووسین چەند كەسێكیش بۆیان هەیە لیستێك دروست بكەن كە پشتگیری ئەوە ئەكەم، كە لە سێ كەس كەمتر نەبێت، ئەوە شتێكی باشە، سەبارەت بە ڕێژەی ژنان، زۆر باس لەو مەوزوعە كرا، یەعنی تۆ لە ماددەكەی پێش ئەوە ئەڵێیت هەر كەسێك گەیشتە 25 ساڵ، بەبێ ئەوەی بڵێین ژنە یان پیاوە، یەعنی با لە 30٪یشی ژن بێت، یەعنی بەراستی لێرە ئیمتیازێكی تایبەت دراوەتە ژن، ئەوە سەركەوتنێكی زۆر گەورەیە بەراستی بۆ داوای ژنان و ئەوانە، لە 30٪ كەمتر نەبێت با پەنجاش بێت، یەعنی چۆن ڕێك دەكەوێت، من حەز دەكەم وا روون بێت ئەو مەوزوعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، شێخ فتاح، زۆر سوپاس، كاك غەفور،خاتوو ڤیان، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من پشتگیری لە ماددەكە دەكەم وەكو خۆی، قسەی زۆر كرا، نامەوێ منیش هەر ملاحەزاتەكانم لەسەرئەوە بوو كە لەسەر ڕێژەی ژنان بوو، حەز دەكەم ئەو ژمارە چوارە بكرێتەوە سێ یان لەگەل ئەوەدا،

بەس تەنیا یەك ملاحەزەم هەیە لەسەر ئـەوەی ئەوانـەی کـە بـە نـاوی لیسـتی کـراوەو ئەوانـە، ئەگـەر بـەو شێوەیە بێت ڕێژەی ژنان زۆر کەم دەبێتەوە، نموونەیەك بێننەوە وڵاتی سوید کە بەدیموکراسی تـرین وڵات بەناو بانگە، یەکێك لە سیما دیموکراتیەکانی ئەوەیە کە ڕێژەی ژنان لە وێ 49 بە 51 کە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ، کاك زانا فەرموو، زۆر سوپاس، کاك زانا دەڵێت قسەکەم کرا، گوڵاڵە خان فەرموو،

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دەست خۆشی لەو دوو بیرۆکە دەکـەم کـە ئـەو دوو خاڵـەی هێنـا نـاو یاساکەوە، مەسـەلەی 25 سـاڵ بـۆ گەنجان و مەسەلەی ڕێژەی لە 30٪ بۆ ژنان، داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم کە دەنـگ بـۆ ئـەو بڕگەیـە بـدەن، بـە نیسـبەت لیسـتی کـراوەو لیسـتی داخـراوەوە ئێمـە تەجروبەیـەکمان هەیـە، حیزبـەکان کـە لافـی دیموکراسی لێدەدەن، چ لە تەشکیلەی حکومەت، لەبـەر ئـەوەی ڕێژەکـە دیـاری نـەکراوە ژنـان زۆر مـەحروم بوونە لە پۆستەکانی تر، بۆیە لەم هەڵبژاردنە زەروورە داخراو بێت، ڕێژەکـەش بـەو جـۆرە بچەسـپێت کـە ژنان دڵنیام مەگەر چۆن ئەگەرنا لە سێکەس تێپەر ناکات، باوەڕ ناکەم، چونکە خەڵکی تریان لەسـەر دانـاوە بۆ تەواوی شـوێنەکان، شـوێنەکان ژن نـەبێت، داواکـارم شـۆڕ بکرێتـەوە بـۆ ئۆرگانـەکانی حکومـەت، چـونکە ئێسـتا ئێمـە بـە دەیـان و سـەدان ژنـانی لێهـاتوو ژنـانی کارامـەمان هەیـە کـە هـەڵگری بڕوانامـەن، هـەڵگری تەجروبەی بەڕێوە بـردنن، هەڵگری بەڕێوە بردنی ئابوورین، لەهـەرە ژیانـە سـەختەکانی کوردسـتاندا، ئـەم بڕگەو ڕێژەیـە شـۆڕ بکرێتـەوە بـۆ ئۆرگانـەکانی تـری بـەڕێوەربردن لـە نـاو حکومـەت و لـە نـاو دەزگاکـانی حزبیش دا ، زۆر سوپاس بۆ ئێوە، داوا لە ئەندامانی پەرلەمان دەکەم پشتگیری لەم داوایانەمان بکەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ، گەلاوێژ خان فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شاباجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لە بیدایەت پشتگیری قسەکانی خاتوو سـۆزان دەکـەم، داوای لێبـوردن دەکـەم کـە ڕەخنەیـەك دەگـرم لـە لیستەکان، لە حیزبەکان، بابڵێین لە پەرلەمان، کە دوو حزبی سەرەکی لەوانەیە، بەلایەنی کەم هەر حزبەی 30 کەس، 30 کورسی بهێنێت، ئەگەرچی جەنابتان تەئکید دەکەنەوە لەسەر نەتەوەکان، پێنج کورسیەکان لەو پێنجانە تەنها دوو ئافرەت فەرز بێت لە ناویان بێت، ئەگەرچی شـانازیە بـۆ ئێمـە ئـەو شـتە، بـەس لـە هەمان کاتدا دەبینـە فـەرق کەئـەوە ناعەدالەتیـەك دروسـت دەکات، ئەگـەر بـەو شـێوەیە بێـت ناعەدالەتـە، ئەگەر نەتەوەکان فەرز بێت، دوو ئافرەت بن لە ئەسلی پێـنج ئەگەرحزبـەکانی تـر هـەرحزبێك لەوانـە 30 مەقعەد زیاتر بەلایەنی کەم 30 مەقعەد بێنێت، لەوانەیـە لـەو 30 مەقعەدانـە ناگاتـە ڕێـژەی 30٪دا، بـۆ ئەوەی ڕێژەکە تەسبیت بێت، یەعنی مەزموون بێت،من ئیقتیراحێك دەکەم کە دەڵێی (ترتیب اسماء) یەکەم

ناو ناوی ژن بێت،هەر لیستێك كە تەقدیم دەكات یەكەم ناو ناوی ژن بێت، بۆئەوەی ڕێژەكە تەسبیت بكرێت، گەر زیاتریش بێت (خیرعلی خیر)زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە تەعلیماتە، بەلاّم وەلاّهی من تەسەورم دەكرد تۆ پشتگیری دەكەیت، ئێستا دەتەوێت ژن كەم بێتەوە، لە ئێوە پێنج كەس دوو ژن بێت لە30٪ فەوقەن زۆر باشترە، كاك دیلمان فەرمووو.زۆر سوپاس نازناز خان فەرموو

**بەڕێز نازنازمحمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەست خۆشی دەكەم لەهەموو ئەو لایەنانەی پەرلەمان و سەرۆكی لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەتان بۆئەوەی ئەم نسبە زیاد بكرێت لە 25٪وە بۆ 30٪ ،بەلاّم بەڕاستی ئەو چوارە ئەو كاتە بوو كە لە 25٪ بوو، بە پێی ئەو سیستەمەی كە ئێمە فێركراین لە لایەن كۆمەڵگەی مەدەنی، دەبوایە چوار ناو بایە یان ناوی یەكەم یان ناوی دووەم ناوی ئافرەت بایە، بۆیە ئێستا ئێمە مەفروزە ئەمە بكەین بە سێ، بۆئەوەی ئێمە رزگارمان بێت لەو كێشەیەو لە 30٪یەكەش مسۆگەر دەبێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس د.نوری فەرمووو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەم پڕۆژەدا چەند پێشنیازێكی زۆرباش كراوە، كە بەشێكیان لە لایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەر دراوە وەكو تەمەنی ئەو كەسانەی كەوا خۆیان كاندید دەكەن، لە 30یەوە كرا بە 25، هەروەها سەبارەت بە ڕێژەی ئەو ژنانەی كە وا دێنە ناو پەرلەمانەوە، لەو باوەڕەدام كەوا چەند پێشنیازێكی دیكەی پێشكەوتوو و پێشكەوتن خواز لە ناو پڕۆژەكەدا هەیە، بەلاّم كە كاتێك قسە هاتە سەر ئەوەی كەوا سەبارەت بە ماددەی چوار قسە بكرێت، ژمارەیەكی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان ویستیان قسە بكەن، وابزنم مەبەستی زۆریان ئەوە بوو كەوا سەبارەت بە مەسەلەی ئەوە قسەی بكەن كە، ئایا هەڵبژاردن لەسەر بنەمای داخراو بێت یان كراوە بێت، بەلاّم ئێوە ڕێگەتان بەوە نەدا، من لەو باوەڕەدام كەوا هیچ جۆرە ناكۆكیەك لە نێوان دیموكراسیەت و مافی ژنان نیە، لە ولاّتێكدا ئەگەر بێتو بنەماكانی دیموكراسیەت چەسپاو بێت، لەو باوەڕەدام مافی ژنانیش بە شێوەیەكی باشتر دەچەسپێت، سیستەمی داخراو سیستەمێكە ناگونجێت لەگەڵ دیموكراسیەت، ئەوە بۆچوونی منە، چونكە كەسانێكی شارەزاو پسپۆر ناتوانن بێنە ناو پەرلەمانەوە، حزبەكان كەسانێكی وا دیاری دەكەن كەوا گوێڕایەڵن بۆ ئەوان، ئایا شارەزابێت و ڕابردوو پاك نەبێت بێنە ناو دەزگایەكی گرنگی وەكو پەرلەمانەوە، بۆیە من چاوەڕوانی ئەوەم دەكرد كەوا لێرە ئەمڕۆ بمانتوانیبایە باس لەوە بكەین ئایا ئەو سیستەمەی دەكرێتە بنەما بۆ هەڵبژاردن داخراو دەبێت یان كراوە، بەلاّم ڕێگەتان پێنەداین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو توهمەیەت مەرفوزە كاك د. نوری، بۆئەوەی قسە بكەیت و رەخنە بگری، ئێمەش حەقمانە بڵێین كە ڕەخنەكەت جێی خۆی نیە، وەكو هینەكەی كاك هیوا، خۆتان هەندێك جار بەمن دەڵێن بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دەڵێت ئەگەرلە ئەجندادا نە بێت مناقەشە ناكرێت، ئەگەر دەكەس تەقدیری بكەن، چونكە پێویست دەكات هەمووی هەموار بكرێت، ئەگەر كراوە بێت، نەك بەس ئەو هەمواری چوارەمە، لەسەرتاوە تا خوارەوە، ئەوە یەك، دووەمینیش، ئەو ئیتیهامەی كە لیستی داخراو دیموكرات نیە، جەنابت لە ئەو روپا ژیاوی، چەندین ولاّتی ئەوروپا ئەوەتا هۆڵەندا تا ئێستاش سیستەمی هەڵبژاردنیان داخراوە، لەبەر ئەوە یەعنی حەق نیە بەم شێوەیە هین بكرێت، فەرموو جوابی بدەوە قەیناكە.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەداخەوە چاوەڕوانی ئەو ئیتیهامەم نەدەكرد لە جەنابتەوە، كەوا من ئەگەر ڕایەك دەربڕم بەم شێوەیە وەلاّم بدرێمەوە، ئەوە ڕایەكەو بۆچوونێكە دەری دەبڕم، من بە شێوەیەكی گشتی ئەو شتەم كردووە، لە ولاّتانی وەكو ئێمەدا لەبەر ئەوەی كەوا حزب بالاّ دەستە، ئەو پڕۆژەیەی كەوا ئێستا كەوتوەتە بەر دەستمان پێشتر ئامادە كراوە لە لایەن مەكتەبی سیاسی هەردوو حزبی دەسەلاّتدارەوە، ئێمە لێرە ناتوانین كەوا لە چوار چێوەی ئەو پڕۆژەی كەوا لەوێ پەسەند كراوە، لێرە كەوا ئێمە تاوتوێی بكەین، ئەوەیە واقع حاڵەكە، واقیعە تاڵەكەی كە ئێمە تیایدا دەژین،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

من بۆ دڵنیا بوونی جەنابت، بۆ ئاگاداری ئەندامانی پەرلەمان و ڕای گشتیش، بە پێچەوانەی ئەو ڕەئی جەنابتە، ئەسلی خۆی لێرە رەئی دانی پەرلەمان، لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ژنان، ئەو داوا كاریەیان كرد، ئێمە بردمانە مەكتەبی سیاسی وتمان داوایەكی وا هەیە، لەبەر ئەوە ڕێژەی ئەندامانی پەرلەمان لەو دوو حزبە نزیكەی لە 80٪ یە یەعنی لە 75٪ی ئەو دوو حزبەیە، ئێمە بردمان وتمان پڕۆژەیەكی وا هەیە حەز دەكەین پشتگیری لێبكەن، نەوەكو ئەوان بێن فەرزی لەسەر ئێمە بكەن، دیراسەتی بكەین، لێرەوە لەلایەن لیژنەی داكۆكی كردن لەمافی ژنانەوە، دواتر لە پەرلەمانەوە، ئەو مەوزوعە هاتە پێشەوە، لە لایەن لیژنەی پڕۆژەی دەستورەوە، كە ئەوەیان خستوە ناو هینەكەوە، یەعنی بەبێ ئەوەی داواكاری هەبێت، ئێمە لێرە وتومانە، لە ناو پەرلەماندا، لە ناو كۆمەڵگای مەدەنیدا ئەو داوا كاریە هەیە، مەكتەبی سیاسی بێجگە لە مەسئولیەتمان لێرە، ئەندامی مەكتەبی سیاسین، تەرحمان كردووە لەوێ، وتومانە ئەوانیش پشتگیریان كردووە، سوپاسیان دەكەین، ئەو پشتگیریە وا دەكات ئەندامانی لیستی یەكیەتی، لیستی پارتی لە پەرلەماندا بڕیاری حزبەكەیان بەهەند وەربگرن، لەگەڵ بۆچوونی خۆیان، ڕێزم هەیە تەبعەن، یەكێك هەیە عەكسی ئەوە بێت و دەتوانێت بڵێت، بەلاّم كە لیستی یەكیەتی یە یان پارتیە، قیادەكەی وا قراردەدات، ئەگەر لەگەڵ ویستی خۆی بێت و لەگەڵ بیرو بۆچوونی و رۆشنبیری خۆیدا بگونجێت ئەوە دەبێت تەنزیم بكرێت، لەبەر ئەوە وانیە كە مەكتەبی سیاسی پارتی و یەكیەتی فەرزی لەسەر ئێمە

کردبێت، کاك محمد حکیم، بەڕاستی نوقتەی نیزامی هینتان کرد بە جدی لە مەوزوع دەردەچن، هەریەکە دێت رەئیەك بدات، نوقتەی نیزامی نادەم ئەمڕۆ، نە کاك حەمە نە نازناز خان عەفوم دەکەن، کاك محمد حکیم دەرچووە، کاك خورشید، فەرموو، عەفوەن نەمدیتی کاك محمد حکیم، فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بسم الله الرحمن الرحیم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو، کاك نجات نوقتەی نیزامی هەیە، کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تکام وایە لە جەنابت وەکو سەرۆکی پەرلەمان زۆر بە ئەعصابێکی ساردو بە هێمنانە مناقەشە بکەی، لە ڕاستیدا ناعەدالەتیە، تۆ منەصەت لەبەر دەمدایە، ئێمە قسەیەك دەکەین دانیشی قسەبکەی لەسەر قسەکانمان و ئێمە قسەنەکەینەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە مافی خۆمانە لەسەر هەر قەزیەك قسە بکەین، خۆ ئەمە جەلسەیەکی سیاسی نیە، ئەو فەرزی بکات بەسەر ئەوەیا، من بەڕاستی ئەوەی کە جەنابت دەیڵێی من نوقتە نیزامی وەرناگرم، هەر ئەوە پێچەوانەیە، ئەوە نوقتە نیزامی دەوێت، لەبەر ئەوە من بەڕاستی ئیحتیرامەن بۆ برایەتی خۆشی جەنابت، زۆر جار دەڵێی کاك فلان و کاك فلان، خۆ ئێمە مەعرەکەمان نیە، رایەکەو جەنابت بڵێ رای ئەوە وایە، ڕای وایە، تۆ چەند ڕاکەی خۆت بە ئەستۆپ دەزانی،من زیاتر بە ئەستۆپتری دەزانم، منیش بەراستی قەناعەتم وایە، ئیرادەیەکی حیزبی هەیە لە پشتی مناقەشەکردنەکانەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر تەبیعیە کاك هیوا، جەنابت تەنها هەر ئەمڕۆ چوار جار، پێنج جار بەناوی نوقتەی نیزامی قسەت کردووە، جگە لەوەش دووجاریش ناوت نووسراوە قسەت کردووە، یەعنی زۆر تەبیعیە، حەقی خۆتە قسەی خۆت دەکەی، بەڵام منیش لێرەدا رەئیس جەلسەمە، قسەیەکیش بێت توهمە بێت، ناڕاست بێت، حەقی خۆمە رەئی خۆم بڵێم، خۆ نەم وتوە ئەو رەئیەم فەرزە لەسەرتان کاك د.نوری دەڵێت ئەوە مەکتەبی سیاسی وای کردووە، من خۆم تێیدامە، عەکسەکەی راستە مەجبورم بڵێم وانیە، فەرموو نازناز خان.

**بەڕێزنازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێزسەرۆکی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە زیادە کە بەمن درا، لەگەڵ ڕێزی یەکجار یەکجار زۆرم بۆ د.نوری، چونکە بە خۆی دەزانێت لەلای من چەند بەڕێزو خۆشەویستە، بەڵام منیش بەراستی حەقی خۆمە دیفاع لە خۆم بکەم، ئەو تۆمەتەی کە جەنابت گوتت ئاراستەی ئێمە کراوە، ئاراستەی منیش کراوە، جەنابیان دەڵێت ئێمە

ئەندامی گوێ رایەڵین، من بە پێچەوانەکەی ئەو ڕادەگەیەنم، من لەگەڵ ئەوەی کە سەر بە لیستێکم، بەڵام زۆر سەربەستانە سێ ساڵ و شتێکە من لێرە ئیشم کردووە وەکو سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ڕۆژێك لە ڕۆژان حیزبەکەی من دەستی نەبەستوومەتەوە، ئەوانەی کە ئیشیان ویستووە، ئیش بکەن لێیان نەزانیوە، لەوانەیە ئێمە کۆمەڵێك تێبینیمان لەسەر ئەو دوو حزبە هەبێت کە خەڵکی زۆر چالاکتر و کاراتر بهێننە ناو پەرلەمان، ئەوەش جێگای زۆر دەست خۆشیە، ئەمڕۆ دەسکەوتەکی زۆر گەورە ئەو دوو حزبە پێشکەشی گەلەکەمان دەکەن، کۆمەڵێك گۆڕانکاری زۆر گەورە، ئەوەی کە هەموو ڕۆژ باس لە ریفۆرم دەکەین، ئەمڕۆ لەو چوار خاڵەدا کۆبۆتەوە، کۆتاییەکمان داناوە بۆ کەمە نەتەوە بەڕێزەکانی خۆمان کە شتێکی زۆرگەورەو دەسکەوتێکی زۆر گەورەیە، پشتگیریمان لە داواکاری گەنجانی خۆمان کردووە، کە دەسکەو تێکی زۆر گەورەیە کە داواکاری هەموو حزبە بچوکەکانی ناو پەرلەمانیش بووە بەڕاستی، پشتگیری لە ژنان کراوە بەڕاستی، ئەوە هەموو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ژنان بوون کە داوایان دەکرد ڕێژەکە زیاد بکرێت، ئەم دوو حزبەیەش بە هاناوە هاتن و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش پشتگیریەکی هەمیشە داکۆکی کەر بووە لە مافی ئافرەتان، یەعنی من نازانم ئەوانە ئایا هەمووی بەرەو پێشەوە چوونی مجتەمەعی کوردی نیە؟، بۆیە من دیفاع لە خۆم دەکەم، من کەسێکی گوێرایەڵ نەبوومە، بە پێچەوانە لەگەڵ ڕێزم لەوانەیە د.نوری خۆی وەکو کەسێکی بێ لایەن یان دەستەیەکی بێ لایەن هاتبێت، بەس من قەت ناڵێم ئەو لەمن سەربەست ترە بووە لە کارو چالاکیەکانی تاکو کەمن ئیلتیزامم هەیە بەرامبەر بە حیزبەکەی خۆم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك محمد حکیم، فەرموو.

**بەڕێزمحمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من سەرەتا زۆر دڵم خۆش بوو، قاعەکە رووناك بۆتەوە ئەمڕۆ، لەم ئاخرو ئۆخری تەمەنی ئەندامیەتی مان لە پەرلەمان، ئەمڕۆ زۆر قاعەکە رووناك کراوەتەوە، ئەوە یەك، دوو، لەسەر ئەو ماددەیە من دوو ملاحەزەم هەیە، یەکەم پێموایە ئاساییە ڕێ بە تاکە کەسیش بدرێت لیستێك بێت، کوردستان یەك دائیرەیەو کەسێکیش پێی خۆشە کەس لەگەڵ خۆی شەریك نەکات، تاوەکو بیکەینە مەرج لەسەری، پێم وایە لە ئینتیخاباتی عێراقیش ئەو مافە درابوو کە شەخسێك بۆ خۆی لیستی خۆی هەبێت، ئێمە ئەگەر بمانەوێت 30٪ ی کە هەندێك لە خوشکانیش ئیشارەتیان پێی کرد، دەستەبەر بێت دەبێت، ئەو لە چوار کەمترە بکەینە سێ کەمتر، ئەوەش پێموایە چەند کەسێکمان هینمان کرد، بەڵام وەکو ملاحەزەیەك ئێمە کە باسی لیستی کراوە دەکەین من نایەمە سەر ئەوەی کە باسی کەین یان باسی نەکەین، هەروەکو مولاحەزەیەك ئایا چی لیستێك کراوە؟ ئەوەی کە لەعێراق بوو نیمچە کراوە، لەوانەیە هەندێکمان پشتیگری ئەوە بکەین، ئایا کراوەی ڕێژەیی بێت؟ کراوەی زۆر هین هەبێت، یانی فەرع و فروعی زۆرە،

حەقە وەکو جەنابت دەڵێی دە کەسێکمان لەسەر شێوازێك موتەفیق بین و بیدەینە پەرلەمان، چونکە لەسەر کراوەش پێم وایە ناگەینە نەتیجە لەنێوان خۆمان، کە هاتمە سەر قسە لەکاتی خۆیدا حەتمەن لەگەڵ ئەوەی بەغداین و لەگەڵ واقعی ئەمڕۆی کوردستانیش دەگونجێ، قۆناغێکە کە نیمچە کراوە بێت، هەم دەنگ بە لیست بدرێت و هەم لەناو لیستەکە ناخیب ئازاد بێت، مولاحەزەیەکی تر هەر بۆ خوشکان، ئەگەر کراوە بوو بە تەعلیمات دەتوانرێ رێژە دەستەبەر بکرێت لە موحافەزاتی عێراق لەلیستێك کە کراوە شەخصی سێیەم، ئەگەر پیاو بوو دەنگی زیاتر هێنا بێت دراوە بە ژن دەنگی لیستەکە دەدرێتە ئافرەتەکە، بۆ ئەوەی رێژەی ئافرەتان پارێزراو بێت، مولاحەزەیەك بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تۆ لێرە حەقی خۆتە بە حەقیقەت تەوزیح بدەی و تەعقیب بدەی و من دەستخۆشیشت لێ دەکەم، تەعقیبەکەت لەسەر کاك ئارێز لەگەڵ رێزم بۆی، چونکە بڕیاری هەردوو حزب پشت بەست بەوەی کەوا زۆرینەی هەردوو فراکسیۆنی خۆیانە، حەقی خۆیانە، بەڵام ئیحتیرامەن بۆ کەمینە کە فراکسیۆنەکانی ترن ئەو تەعبیراتانە بەکار نەهێنرێت، بەڵام من لەو شەوانە گوێم لە بەرپرسێك بوو، کە داواشم کردووە سیدیەکە تەسجیل بکەم و بۆ جەنابتی بێنم، تەعبیرێك پێم وابوو لەسەدا نەوەت ئاوای لێ حاڵی بووم، وتی پەرلەمان بەرزی کردۆتەوە پێشنیارەکە، باسی پێشنیارێکی کرد کە بەرزی کردۆتەوە بۆ هەردوو مەکتەب سیاسی، ئا ئەوا پێم وایە ئەگەر جەنابت لە رێی خۆتەوە، من سیدیەکەت بۆ دێنم، پاشان جەنابت لە رووەکەی ترەوە بۆ بەرپرسانی دەرەوە تەنبیهات بدەی کە رێزو حورمەتی پەرلەمان پارێزراو بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من ئەوەم نەبیستووە، حەز دەکەم ئەو سیدیە ببینم، پەرلەمان بەرز ناکاتەوە، ئەگەر لەوێ قسەیەك بکەم بەناوی مەکتەبی سیاسی قسە دەکەم، لەمەکتەبی سیاسی خۆماندا، من تەصورم وایە بەعەکسەوە وتەبێژی مەکتەبی سیاسی دەڵێ ئێمە داوامان لەسەرۆکی پەرلەمان کردووە کە ئەو هینانە بە هەند وەربگرێت، تاڤگە خان فەرموو ئەگەر نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو موناقەشاتانەی ئەمڕۆ و ئەو دەستکەوتانەی ئەمڕۆ، پێم وایە ئەوە دەستکەوتی پەرلەمانە، لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە ئەمڕۆ لێرە بە تەصدیق کردن و بە دەنگ دان دەبێتە دەستکەوت وەکو بڕیاری پەرلەمان، لەگەڵ دەستخۆشیم بۆ هەر حزبێك کە پاڵپشتی ئەو دەستکەوتانە دەکات، بەڵام ئەوە دەستکەوتی حزب نییە، دەستکەوتی پەرلەمانە کە پەرلەمان رێژەی ژن و دەستکەوتی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە هەڵمەتی (25)ساڵیان کردووە، ئێمە لێرە قەرارمان دا، بۆیە دەڵێم راستکردنەوەیەك زەروریە بکرێت و دەستکەوتی پەرلەمانە با نەیخەینە هەگبەی حزبەوە، زۆر داوا دەکەین هەیمەنە و دەسەڵاتی حزبی لەسەر پەرلەمان دووربخرێتەوە، ئێمە لێرە ئیقراری بکەین و خۆش نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تاڤگە خان رێزم بۆت هەیە، حەقی خۆشتە قسە بكەی، بەڵام ئەوە نوقتەی نیزام نەبوو، كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەو پێیەی كە ناوی من هات، من رێزم بۆ هەموو ئەو حزبانە هەیە كە لە پەرلەمان و لەدەرەوەی پەرلەمانن، بۆچوونیان لەسەر ئەوەیە كە گۆڕانكاری بكرێ لە بەرژەوەندی خەڵكی كوردستان، من ئەوەم نەگوت، من گوتم حزب حەقی خۆیەتی بڕیار بدات و پشتیوانی لەپرۆژەیەك بكات، من باسی ئەوەم كرد كە یەكێتی و پارتی مانای ئەوە نییە كە خەڵكی تر پشتیوانی نەكردووە، من پرسیارەكە ئەكەم كاتێك حزبێك پێشنیارێك ئەكات رەخنەی لێ بگیرێت و حزب ئەیكات و پەرلەمان نییە، كاتێك حزبێك پێشنیار ناكات و حزب پێشنیار ناكات و پەرلەمان نییە، باسی ئەوە بكەین، من روونكردنەوەم دا، وتم رەنگە تەوەفوع وابێت باسیان كردبێت، مادام یەكێتی وپارتی هەردووكیان رازین، كەواتە گۆڕانكاری بكرێت، بەڵام لە جیاتی پەرلەمان بڕیار نەدراوە، ئەمڕۆ ئێمە لێرە بڕیار دەدەین و دەشتوانین بڕیار نەدەین، ئەو كەسەی حەز ناكات پێشنیارەكەی هەردوو حزبەكە یان حزبەكانی تریش بسەپێ، دەتوانێ دژی دەنگ بدات ئێستا، پێویستە دەستخۆشی لەهەر هەنگاوێك بكەین بەرەو باشكردنی بارودۆخەكە، بەرەو گۆڕانكاری، ئێمە بێگومان تەقدیری هەموو لایەك دەكەین، من بەش بەحاڵی خۆم رێزی هەموو لایەك دەگرم كە پشتیوانیان كردووە، ئەگەر نەشی كردبێت رێزی بۆچوونەكەی دەگرم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باشە روونكردنەوەكەت جێی خۆیەتی، مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر مەوزوعی شێوەی ئینتیخاب داخراو یان كراوە زۆر قسە كرا، لەلایەك تەناقوضاتێكی زۆر غەریب هەیە لەلایەن بەعزێ برادەران، لەلایەك داكۆكی لە مافی ژنان و ئافرەتان دەكرێ كە رێژەكەیان لە 30٪ كەمتر نەبێت، لەلایەكی تر داوا دەكەن كە ئینتیخاب كراوە بێت، بۆ بیر دەكەینەوە ئایا موجتەمەعی خۆمان، كۆمەڵگەی كوردەواری ئێمە، ئەگەر هەڵبژاردن كراوە بێت، خوشكان 5٪ دێنن هەتاكو 30٪ بێنن لە كۆمەڵگەی ئێمە، لەبەر ئەوە ئەوە تەناقوضە ، داوا دەكەم لیستی كراوە بێت و نسبەتی ئافرەتانیش لە 30٪ كەمتر نەبێت، ئەمە خۆی لەخۆیدا تەناقوضە ئەوە ناكرێت، دوایی لیستی داخراو بەعزێ برادەر دەڵێ دیموكراتیەت نییە، بۆ دیموكراتیەت نییە، ئەو پەری مومارەسەی دیموكراتیەتە، لە زۆر وڵاتدا عەینی لیست هەیە، بۆ ئیلا ئێمە دەبێت شاز بین، ئەمە شتێكی تەبیعیشە، حزبەكانیش زۆر تەبیعییە، پەنجەی ئیتیهام درێژ دەكرێ بۆ ئەو دوو حزبە سەرەكیە، ئێ خۆ ئەو دوو حزبە سەرەكیە خۆیان رەخساندیە، دەبێ

میللەت ئازا بێت دەنگیان نەداتێ، میللەتی کورد دەنگی داوەتێ، کە ئەکسەریەت دێنێ بە تەبیعەتیان، ئێستا ئێمە لێرە موناقەشەیە، هەر برادەرێك رەئیەکی هەیە و لایەنێکی تر رەئیەکی تری هەیە، حزبەکەی من رەئیەکی تری هەیە، بەڵێ من تەئیدی رەئیی حزبەکەی خۆم دەکەم، ئەوە زۆر تەبیعی یە، ئەوە ناکات کە رەئیی حزبە، حزب ئیقتراح دەکات، بەڵێ هەردوو حزبی سەرەکی کۆمەڵێك ئیقتراحیان هەبوو، پێت باشە تەئیید بکە، پێت باش نییە تەئیید مەکە، ئەکسەریەت و ئەقلیەتی ئێرە هەموو دێنێ، کەسیش بەزۆر بە کەس ئیمزا ناکات، بۆیە من سەد لەسەد تەئییدی لیژنەی قانونی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من موداخەلەکەم لەسەر جۆری لیستەکە کە کراوە بێت یان داخراو، بەڕێزتان روونکردنەوەتان لەسەردا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك کرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من ئیستیفسارێکم هەیە بەنیسبەت ئەو کۆتاییەی کە دیارە لە لیستەکە، نەخێر من ئیستیفسارەکەم بۆ ئەوە نییە، با قسە بکەم، ئێمە لەوانەیە لە ئینتیخابدا پێنج کورسی دانراوە، پێنج قائیمە، دەشزانین ئەوە موغلەقە، پێنج قائیمە مونافەسەی کرد، یەکەمیان پیاون، هەریەکەو یەکەمەکەیان بردەوە، پێنج پیاو دێت، دووەکەی دی لە کێ دێنن، دوو ژنەکە چۆن تەرتیب دەکرێ، ئەوە دەبێت حەلەکی بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەناو قائیمەکەدا پێنجی یەکەمەکە دەبێت مسۆگەری ئەو 30٪ یە بکات، هەر قائیمەیەك بێت، ئەوە دەڵێ کە تۆ تەقدیمی قائیمەکە دەکەی نابێ وابێت، بەلام نەتیجەی هەڵبژاردنەکە ئەوە ئەمرەکی تر فەرز دەکات، مەوزوعێکی ترە، بەلام ئەو قائیمەیەی کە تەقدیم دەکرێت نابێ لە 30٪ کەمتر بێت، لە نەتیجەی هەڵبژاردن فەرق و جیاواز دەبێت کەم و زۆر مەوزوعێکی ترە، کاك کەمال ئاخیر کەس قسە دەکات، کاك شێروان قسە دەکات و دوایی د.کمال.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مـن پێشـەکی بـەوە دەسـت پـێ دەکـەم، دەڵـێم یـەك لـە پرنسـیپەکانی دیموکراسـیەت هەڵبژاردنـە، ئینجا هەڵبژاردن بەشێوەی داخراو بێت یان کراوە، یان بەشێوەی نسبی بێـت یـان بەشـێوەی دائیـری بێت، ئەمانـە بەگوێرەی هەڵبژاردنەکەیە، بۆیە پرنسیپی هەڵبژاردن یەکێکە لە بنەماکانی دیموکراسیەت، ئێمەش بۆ ئەو قۆناغە بەراستی پێویستیمان بە لیستی داخراو هەیە، بەڵام مومکینە لە قۆناغێکی تـردا گۆڕانکاری بەسـەر شێوەی هەڵبژاردنەکاندا بێت، هەروەهاش نامێنێتەوە، دوو بە قەناعەتی من هەندێ لە بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان قسـەیان لـەوە کـرد کـە حـزب زاڵـە بەسـەر پەرلـەمان، بەراسـتی ئەمانـە بەقەناعـەتی مـن تێگەیشتنێکی نادروستە، چونکە لیستەکانی نـاو پەرلـەمان تەمسیلی ئـەم حزبانـە دەکـەن کـە نوێنـەراتیان دەکەن لە پەرلەمان، زۆر تەبیعییە لیستەکانی نـاو پەرلـەمان ئەگـەر پرۆژەیـەك بێـت بەنیسـبەت تەمـەنی گەنجان یان لاوان، بیبـەن بـۆ مـەکاتبی سیاسـی حزبـەکان و داوای پشـتگیریان لـێ بکـەن، مـن بەشـتێکی زۆر سروشـتی دەزانم و بەعەکسـەوەش بەرنامـەی حزبەکـە ئەگـەر خـاڵێکی هـەبێت بەلیسـتەکەی رادەسـپێرێ ئەمەی تەبـەنی بکـات لەگـەڵ پەرلـەمان بـە هاوکـاری لەگـەڵ لیسـتەکانی تـر، ئەمـەش بەشـتێکی تـەبیعیش دەزانم، بۆیە بە قەناعەتی من ئەم تێگەیشتنە، تێگەیشتنێکی هەڵەیە، لە هەموو دنیاش ئیش وکارەکان بەو شێوەیە بەڕێوە دەچێت، سەبارەت بە رێژەی ژنان ئێمە نەمانویست بچینە تەفاصیلەکە و زۆر بـە دەقیقـی ئەو مەسەلە موعامەلەمان کردووە، یەکەمین نوقتـە ئـەوە بـوو زامـن کردنـی 30٪ کـە فـەرز بکەینـە سـەر ئەحزابـەکان و سـاحێب قائیمـەکان، ئێمـە بـەو شـێوەیە دامانڕشـتووە، وەکـو جـەنابت ئیشـارەتت پێـدا بـە تەنسیق دەبێت بەینی ساحێب قائیمـەکان و بـەینی کۆمۆسـیۆنی بـاڵا کـە بتـوانن چـۆنیەتی تەسەلسولەکان دابڕێژن بەو شێوەیەی کە زامنی 30٪ کەیان بۆ دەکرێ، بەنیسبەت لیستی چوارەم، منـیش لەگـەڵ ئەوەمـە کە ببێتە سێ، لەبەر ئەوەی بۆ زامن کردنی ئەو رێژەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د. کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله/د. کمال کەرکووکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو خوشك وبرایانەی کە بـە ئازادانـە بـیروڕای خۆیـان دەربـڕی و جێگـەی رێـزە، زۆر قسـە لەسەر رێژەی مێینە کرا لەناو لیستەکان، لەحەقیقەت ئەو یاسایەی بەو شێوە هاتووە وەکو ئیشارەی پێکـرا ئەبێت لە 30٪ کـەمتر نـەبێت، یـانی مانـای ئـەوە نییـە ئـیلا 30٪ بێـت و ئـەبێت زۆرتـر بێـت، ئیحتیمالـە حزبێك هەیە ئەتوانێت رێژەی ئافرەتان زیاتر بکات لە پیاوەکان لە لیستەکەی خـۆی، زۆر تەبیعییـە، بـەڵام ئەبێت لە 30٪ کەمتر نەبێت لە هەر لیستێك، بۆیە ئەو رێژەیە مفەوەزیـەی هەڵبـژاردن تـەنزیمی دەکـات، یانی بۆی ئەو واجبە، پابەندە، پێویستە لەسەری بە شکڵێك بێت، لیستی هیچ لایەنێك کە تەقـدیمی ئـەکات لە 30٪ کەمتر نەبێت، بەڵام زیاتر ئەتوانێت بیکات، بەنیسبەت تاك باس کرا، ئەگەر هـاتو ئـەوە قـەبوڵکرا، ئەو سیستەمە تێك دەچێت، ئەگەر دە قائیمە هات بە یەك نەفـەرێك یـان دوو نەفـەر، ئـەوە سیسـتەمەکەی

تێك دا، لەبەر ئەوە ئەو نسبەتە دابنرێ کە ڕەچاوی ئەوە بکرێت بە چ حیساباتێك حسابی دەکەی لە 30٪ ڕەگەزی مێینە لەو لیستە نابێت کەمتر بێت، بەنسبەت خاڵێکی تر کە باسکرا باسی حزبەکان کرا، تەعدایەکیش بوو، من ئیحترامم بۆ ئەو بەڕێزانە هەیە کە باسیان کرد، بەنسبەت سەرۆك حزبەکان باسکرا، ئەو دوو حزبی ڕەئیسی کە جەماوەری کوردستان لە زۆرینەی دەنگیان بە حزبەکەیان دا و بەخۆیان دا، یەکیان لە قائیمەی تەحالوفی کوردستانی بوو، ئێستا سەرۆك کۆماری عێراقە و شەو ورۆژ لە حەرەکەیەکی مەکوکییە بۆ بەرژەوەندی عێراق و دیموکراسی و هەرێمی کوردستان، ئەوی تریان ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستانە ڕێزدار کاك مسعود بارزانی، سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەناو هەرێم و لە عێراق و لە ئیقلیم و لە دنیا لە حەرەکەتێکە و شەو ورۆژ کاری بۆ ئەوەیە دیموکراسی جێگیر بێت وئاشتی هەبێت، دیموکراتیەت هەبێت، پێکەوە ژیان هەبێت، ئەم هەرێمە بەرەو باشتر و بەرەو پێشتر بڕوات، لەبەر ئەوە مانای ئەوە نییە کە لە خۆی ڕازی نییە ببێت بە ئەندامی پەرلەمان، بەڵام بە هەموو مەنتقێك وەزعی ئەو ئینسانانە لێك بدەیتەوە، ئەمڕۆ ناتوانی بیبەستیتەوە لە ناو پەرلەمان، یان لە ئەنجومەنێك کە تەنها ئیشێکی مەحدود بکات، بەڵام ئەمڕۆ هەموو ئەبینین ئیش دەکەن، لەبەر ئەوە من بەدروستی نازانم کە ئەوترێ لەخۆیان ڕانابینن لەو پەرلەمانە بن، یان لەو ئەنجومەنی وەزیرانە بن، باسی ئەندامی پەرلەمان کرا کە بە قسەی حزبەکان دەکەن، لە حاڵەتێك ئەندامێکی پەرلەمان کە حزبەکەی قائیمەیەك دروست دەکات، نەك لە کوردستانی ئێمە، لەهەموو کوڕەی ئەرزی، کە بەرنامەی بۆ خۆی دانا، ئیعلان دەکات، دەڵێ من بەرنامەکەم ئەمەیە، ئەگەر حزبەکەم دەسەڵاتی هێنا زۆرینە لە پەرلەمان بوو، حکومەتم تەشکیل کرد بەم شکڵە کاردەکەم، لە حاڵەتێك ئەندامی پەرلەمان بۆی نییە گوێ لە بەرنامەی حزبەکەی بگرێ، ئەگەر دژی دیموکراسیەت بێت، ئەگەر دژی یاسا بوو، ئەگەر دژی دەستوور بوو، لەم حاڵەتانە بۆ کارێکی ناشەرعی بۆ کەسێك نییە، بەڵام وا ئێمە هەمووومان ئیحتیاجمان بەوەیە کە شتمان فێر بکات، گوێ لە حزبەکان بگرین، گوێ لە کۆمەڵگای مەدەنی بگرین، گوێ لە تەجروبەی وڵاتەکانی تر بگرین و شتی لێ فێر بین، بۆیە ئەوانەی لە هەندێك شوێن مەحاوەلە دەکات ئەندامی پەرلەمان لە عالەمی خارجیدا دابڕێ، تەنها خۆی وەکو یەك شەخص کاربکات، ئەمە لەبەرژەوەندی پەرلەمانەکەماندا نییە، ئەو لایەنە بەیانی خۆشی بێتە پەرلەمان وا ناکات، بۆیە من زۆر زۆر پشتیوانی مەشروعەکە دەکەم، بۆ نسبەتی برا تورکمانەکان، بۆ برا کلدان و ئاشوور و سریانەکان کە ناوی هاتووە لە یاساکە ئەو نسبەیان بۆ داناوە، ڕاستە ڕەنگە زۆر بێت، بەڵام پشتیوانی لێ دەکەین، ئەمەش چەسپاندنی پرنسیپی دیموکراسیە لە هەرێمی کوردستان، ئەمڕۆ هەمووتان بینیتان ئینتیخابات لە گشت عێراق بوو، شوێنە کێشەدارەکان باشترین دەنگیان هێنا، ئەو برا عەرەب و تورکمانانە کە لە مەنتیقەکانی خۆیانن، زۆرینەی دەنگیان بۆ لیستی تەحالوفی کوردستانی دا، مانای وایە لە کوردستان کاری باش کراوە، ئەتواندرێ ئازاد بێت، ڕەگەز ئازاد بێت، مافی منداڵ و ئافرەت پشتیوانی لێ بکرێت، ئەشبینین ڕۆژ بەڕۆژ ئەیکەین، تەمەنناش دەکەین ئەو برایەتی و ڕوحی پێکەوە ژیان و هاوکاریە لەبەرژەوەندی ئەم هەرێمەدا بێ، بەهەمووومان نەواقصی تری هەبێت و

خەریك بین چاکی بکەین، بەڵام بەیەك روح، بەیەك دڵ کاربکەین، بۆ ئەوەی ئەو هەرێمە پابەند بێت، بەهێز بێت، دیموکراسی جێگیر بێت، مافی ئافرەت و منداڵیش تێی پارێزراو بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئێستا ئەو ماددەیە زۆر قسەی لەسەر کرا، تەنیا مەسەلەیەك هاتە گۆڕین، ئەویش ئەوەیە قائیمە چوار کەسە، ببێتە سێ کەس، بۆ ئەوەی 30٪ یەکە مسۆگەر بکرێت، هەتا لەوەش تۆزێك نزیك دەبینەوە لەوەی کە دەڵێ یەکێك حەقی هەبێت بەتەنیا خۆی هەڵبژێرێ، سێ کەس ئاسانە رێك بکەون، لکل حزب او فئە، ئەوەی کە بەینی کوردیەکە و عەرەبیەکە ئەوەی کە فیئەکە تەرجومە کراوە، رەچاو بکرێت، بیخوێنەوە تاکو بیخەمە دەنگدانەوە.

**عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی چوارەم:

بڕگەی(1) لە ماددەی (بیست و دوو) هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

1-هەر حیزب و فیئەیەك بۆی هەیە لیستێکی تایبەت بە خۆی پێشکەش بکات کە ناوی پالێوراوەکانی لەسەر ئاستی کوردستان – عێراق تیا بێ، بەمەرجێ رێژەی ژن لە 30٪ کەمتر نەبێ و زنجیرەی ناوەکان بە جۆرێ رێك بخا ئەم رێژەیەی ژنان دەستەبەر بکات، بەمەرجێ ژمارەی پالێوراوان لە هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە سێ کەمتر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر چاکە ئەوە کوردیەکە چاك کراوە کردیە (فیئە)، فەرموو کاك عونی عەرەبیەکەی بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی سعید کمال بزاز:**

المادة الرابعة:

تعدل الفقرة (1) من المادة (الثانية والعشرين) من القانون وتقرأ كالآتي:

لكل حزب او فئة في كوردستان تقديم قائمة خاصة بها تتضمن اسماء مرشحيها على نطاق كوردستان – العراق على ان تحتوي على نسبة لا تقل عن (30٪) من النساء و يتم ترتيب أسماء المرشحين بالشكل الذي يضمن تمثيل النسبة المذكورة للنساء في البرلمان على ان لايقل عدد المرشحين في كل قائمة انتخابية عن ثلاثة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ سوپاس، کێ لەگەڵی نییە؟ بە کۆی دەنگ قەبوڵ کرا، زۆر سوپاس بۆ هەمووتان، پیرۆزبایی لە ژنان و هەموو رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و کچان و لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ژنان و ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین، ئەوە هەنگاوێکی گەورەیە و پێشکەوتن و بەرەو پێشەوە چوونە، هەربژین، ئەو ماددەیەی دواتر ئاسانە تەواوی دەکەین و بڕیار بدەین کە پشوو وەربگرین یان بیخەینە سبەینێ، فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی سعید کمال بزاز:**

**المادة الخامسة:**

**تعدل المادة (السادسة والاربعون) من القانون و تقرأ كالآتي:**

**يعقد البرلمان جلسته الاولى خلال عشرة ايام بعد صدور المرسوم الاقليمي بدعوته للانعقاد وفي حالة عدم صدور الدعوة اليه يجتمع تلقائياً في اليوم التالي لانتهاء المدة المذكورة.**

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**ماددەی پێنجەم:**

**ماددەی (46) هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:**

**پەرلەمان یەکەمین دانیشتنی لە ماوەی (10) ڕۆژدا دوای دەرچوونی مەرسوومی هەرێمی بۆ بانگهێشت کردنی سازدەدا و لەکاتی دەرنەچوونی بانگهێشتەکە بۆی، ئەوا لە ڕۆژی دوای کۆتایی ئەم ماوەیە کۆدەبێتەوە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، چونکە تەعدیل کردنی ماددەی 46 تەنها ئیعادەی صیاغەیە، بەشێوەیەك کە لەگەڵ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم بگونجێ، چونکە ئەو دەسەڵاتە کاتی خۆی بەسەرۆکایەتی هەرێم دراوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**پێویست بە موناقەشە ناکات ئەوە شتێکی ڕۆتینیە، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات؟ کێ لەگەڵ دانییە؟ بە کۆی دەنگ ماددەی پێنجیش پەسەند کرا، بیخەینە سبەینێ دانیشتنەکە یان نا؟ باشە سبەینێ، لەبەر ئەوەی بێجگە لەوەش سبەینێ خوێندنەوەی یەکەم بۆ بڕیارێك، پرۆژەی بڕیارێك دەخەینە بەرنامەی کار بۆ ناوچەی گەرمیان، ئەوەش داواکارییەکی خەڵکی گەرمیانە، سبەینێ باسی دەکەین بە چ قۆناغێك ڕۆیشتووە تا بۆتە پرۆژە، سبەینێ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکەین، بە ئومێدی ئەوەین لە هەفتەی داهاتوو لە دانیشتنەکانمان بۆ پەسەند کردنی یاسای پارێزگاکان، پێشتر ئەو بڕیارەی گەرمیان پەسەند بکەین، کۆبوونەوەکە دوا دەخەین تا سبەی سەعات (10ر30) سوپاستان دەکەین.**

**فرست احمد عبدالله — محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) — عدنان رشاد مفتی**

سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان – عێراق

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان – عێراق

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی**

## پێنج شەممە ڕێکەوتی 12\2 \2009

## خولی دووەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی

## پێنج شەممە ڕێکەوتی 12/ 2/2009

کاتژمێر (30ر10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 2009/2/12 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (3)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (30ر10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 12/ 2009/2 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسایی هەموارکردنی چوارەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق، ژمارە 1ی ساڵی 1992ی هەموار کراو کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە.

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە دوێنی لە کۆتایی دانیشتنەکەماندا، باسمان کرد کە ئەمڕۆ خوێندنەوەی یەکەمی بڕیارێك دەکەین بۆ مەنتیقەی گەرمیان، بەڵام لە رووی یاساییەوە وتیان ئەوە دانیشتنێکی نا ئاساییە، دەبێ لە بانگهێشتەکەدا ئاماژەی پێکرابێ، ئینجا بخرابایە هین، بۆیە نامانەوێ ئەوە بکەین و لە کۆبوونەوەی نا ئاسایی داهاتوو ئینشاالله لە کۆتایی هەفتەی داهاتوو بۆ گفتوگۆکردن و بڕیاردان لەسەر یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەویش لە بانگهێشتەکان باسی دەکەین، ئەو وەختی دەیخەینە بەرنامەی کار و ئەوانە، نامانەوێ ئیتیهام بکرێین بەوەی کە پەیڕەوی ناوەخۆمان شکاندووە، پێشێل کردووە، بۆیە لە هینەکانم داوای لێبۆردن دەکەم کە باسم کرد و ناتوانین ئێستا هینی بکەین، داوا لە لێژنەی یاسایی دەکەین بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، هەروەها حەز دەکەم ئیجازەم بدەن روونکردنەوەیەك بدەم لەسەر دوو، سێ نوقتە، یەعنی بە حەقیقەت دوێنی لە دانیشتنەکاندا زۆر موناقەشە کرا، رەنگە گفتوگۆکان هەندێ جار لە تەوەری تەبیعیدا دەردەچوون، تیکرار دەبوونەوە و شت دەکران، قسە زۆر دەکرا، ئەمڕۆ هەندێ رۆژنامەنووس باسی دانیشتنەکانی دوێنێیان کردووە، رەنگە لەگەڵ راستی هەڵوێستەکانمان و قسەکانمان کەم و زۆر فەرقی هەبێ، مەسەلەن من قەت نەموتووە پرۆژەی یاسایی دەبەمە مەکتەبی سیاسی و هین و ئەوانە، و لە حەیاتی خۆشمدا غەیری پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، هیچ شتێك لە رێگەی من نەچوویتە مەکتەبی سیاسی یەکێتی، هی پارتیشەوە، لەبەر ئەوەی فراکسیۆنی خۆیان هەیە، فراکسیۆن مەسئولە لەوەدا، مەسئولی فراکسیۆن هەیە و تەبیعیشە زۆر، خەڵك پێی وایە مەکتەبی سیاسی دوورە لە سیاسەت ئەوە لیستی یەکێتیە و ئەوە لیستی پارتیە و ئەوە لیستی کۆمەڵە و ئەوە لیستی یەکگرتووە، ئەوانێش دەەچن هەریەکە، کاکە حەمە لێرە نەبێ نەسرین خان مەجبوورە بچێت و بڵێت ئەمڕۆ لە کۆبوونەوە وا کراوە و ئەو پرۆژەیە و باس دەکرێ، ئەم بۆچوونە سەیرە، یەعنی کەئەنەهو بە بێ هیچ شتێك مەکتەبی سیاسی ئاگایان لێ نەبێ، من بەش بە حاڵی خۆم غەیری پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان هیچ شتێك لە لایەن منەوە نەچووە، ئەو قسەیە ئەگەر لە زاری منەوە کرابێ، یەعنی دەرچووبێت، ئەوە بە وازیحی پێتان دەڵێم و، شتێکیش نووسراوە گوایە، لەبەر ئەوەی یاسا بە داخراویە، یاسا ناگۆردرێت، چۆن ناگۆڕدرێت؟، ئەو قسەیە ئەگەر من لە زمانیشمدا دەرچووبێت کە باوەڕ ناکەم وا بێ، یاسا دەگۆڕدرێ، بەڵام سیستەمی هەیە، یاسا بەوە ناگۆردرێ ئەندامێکی پەرلەمان هەڵبستێ و باس بکات و داوا بکات شتێك یاساکە لەوێ بگۆڕدرێ، یاساکە لە گەڵ ئوصوڵی خۆی دەگۆڕدرێ، دەبێ دە کەس پرۆژەی تەقدیم بکات، پرۆژەکە رێگای خۆی وەربگرێت و بێتە ناو ئەجیندەی پەرلەمانەوە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ و دەنگی بۆ بدرێت، بەڵام یاسا بە شکلێك ناگۆڕدرێ تا لە ئەجیندەی پەرلەماندا نەبێ، لیستێکت هەبێ، چۆن دەکرێ من وتبم، ئەگەر واش بێت ئەوە رەنگە غەڵەتم کردبێ لە تەعبیردا، بەڵام بەو شکلەی کە نووسراوە من بەڕاستی پێویست بوو ئەو روونکردنەوەیە بدەم، ئومێد دەکەم بە دیقەت تر قسەکانمان وەربگرن، داوا لە لێژنەی یاسایی دەکەم لەو خاڵەی کە، لەو ماددەی کە تەواومان کرد لە ماددەی دواتر دەست پێ بکەین، موناقەشاتمان بکەن، لە ماددەی شەش، فەرموون.

**بەڕێز کریم ابو بکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ماددەی 49 هەموار دەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:**

**1-سەرۆکی پەرلەمان یان چەند ئەندامێك ژمارەیان لە سێ یەکی ئەندامان کەمتر نەبێ، بۆیان هەیە بانگهێشتی پەرلەمان بکەن، بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی و کۆبوونەوەکە تەنیا سەیری ئەو بابەتانە دەکات کە لە بانگهێشتەکەدا دیار کراون.**

**2-سەرۆك بۆی هەیە لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم، یاخود سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بانگهێشت بۆ بەستنی دانیشتنێکی نائاسایی بکات، لە کاتی پێویستدا.**

**3-پەرلەمان لە ساڵێکدا دوو خولی هەیە، خولی یەکەم لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئازار دەست پێ دەکات، تا کۆتایی مانگی حوزەیران، دووەمیشیان لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئەیلول دەست پێ دەکات، تا کۆتایی مانگی کانوونی یەکەم.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**المادە 6: تعدل المادە 49 و تقرأ کالآتی:**

**1-لرئیس البرلمان او ما لا یقل عن ثلث عدد أعضاءه دعوته للانعقاد في جلسة غیر اعتیادیة و یقتصر الاجتماع على النظر في الموضوعات المحددة في الدعوة.**

**2-للرئیس دعوته للانعقاد في جلسة غیر اعتیادیة بناءآ على طلب رئیس الاقلیم او رئیس مجلس الوزراء عند الضرورة.**

**3-یعقد البرلمان دورتین في السنة، تبدأ الاولى في الاسبوع الاول من شهر أذار و تنتهي بنهایة شهر حزیران و تبدأ الثانیة في الاسبوع الاول من شهر ایلول و تنتهي بنهایة شهر کانون الاول.**

**4-لا تنتهي الدورة التي عرضت فیها الموازنة العامة للاقلیم على البرلمان الا بعد المصادقة علیها.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر ماددەکە هاتووە بەم شێوەیە، بە نیسبەت یاسای پێشتر ئەوانەی کە مافی ئەوەیان هەبوو داوای جەلسەی نائاسایی بکەن، پەرلەمانە و ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانە و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەو گۆڕانکارییەی کە لە بڕگە یەك کراوە، یەك، رێژەی ئەندامانی پەرلەمان گۆڕاوە، لەیەك لەسەر چوار کراوە، بۆ یەك لەسەر سێ، و تا زیادکردنی ئەو رێژەیە بۆ داوا کردنی جەلسەی نائاسایی، دوو، سەرۆکایەتی هەرێمیش مافی ئەوەی دراوەتێ، سەرۆکی هەرێم مافی ئەوەی دراوەتێ ئەویش داوای جەلسەی ئیستیسنائی بکات، بە نیسبەت بڕگە سێ و بڕگە چوار،**

بەڕاستی ئەوەش تەحدید کردنی جەلسەی پەرلەمانە کە دوو دەورەیە، دەستنیشان کردنی دەورەکان، کە یەکیان لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئادار دەست پێ دەکات، دووەمیشیان لە هەفتەی یەکەمی مانگی ئەیلول دەست پێ دەکات، جگە لەوە ئەگەر هاتو ئەوەی لە بڕگەی چوارەمدا هاتووە بەو شێوەیە، ئەگەر هاتو مەسەلەی بودجە هاتە گۆڕێ، ئەوە موناقەشە لەسەر بودجە بەردەوام دەبێت، واتە تەمەتوع بە عوتلەکە ناکرێ، هەتاکو مەسەلەی بودجە موناقەشەی کۆتایی پێ دێت، ئەمە ئەو خاڵانە بوو بەڕاستی کە هاتووتە ناو ئەو بڕگەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، لە عەرەبیەکە فەقەرەی چوار نەخوێندراوەتەوە، کە دەڵێ دەورە تەواو نابێ، ئەگەر بێت و میزانیەت تیایدا موناقەشەی تەواو نەکردبێت، تاوەکو ئەو کاتەی کە موصادەقەی لەسەر دەکرێ، ئەو ماددەیە تەبعەن لە گۆڕانکاریەکە وەکو کاك شێروان باسی کرد لەو تەوەرانەیە کە باسی کرد، پێم وا نیە شتێکی وای تێدا بێ، ئەگەر کەسێك رەئی هەبێ، ناوتان دەنووسم، فەرموو چرۆ خان.

**بەڕێز چرۆ علی حمه امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەنها لەسەر عوتلەکە مولاحەزەم هەیە، بەنیسبەت هەردوو دەورەی پەرلەمانەوە کە لە مانگی سێیەوە دەست پێ بکات و لە مانگی با بڵێین شەشدا کۆتایی بێت، بە رای من ئەگەر عوتلەکە یان یەك وەرز بمێنێتەوە، تەنها مانگی حەفت و هەشت، یان ئەگەر هاتو هەشبێت عوتلەکە لە هەردوو وەرزەکەدا یەکی یەك مانگ بێت بەڕاستی چوار مانگ زۆر زۆرە وەکو من بەڕاستی بیستیشم لەو جەماعەتەی کە لە سوید گەڕاونەتەوە، لە هەوڵی ئەوەدان ئەسڵەن عوتلە نەهێڵن لەبەر ئەوەش عوتلەکەی ئێمەش یان بییێتە مانگ بە مانگ، یان ئەسڵەن یەك مانگ بمێنێتەوە، تەنها مانگی حەفت و هەشت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئەم ماددە جێگەی ئێرە نییە، لەبەر ئەوەی ئێمە قانونەکەمان باسی قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکات، ئەمە لە پەیڕەوی ناوەخۆ، هەرچەندە ئێمە دەستوور تا ئێستا ئیقرار نەکراوە، ئەمە بەڕاستی باسی دەسەڵاتی یاسادانان دەکات، نەك هەر ئەو ماددە، ماددەی حەوتیش هەر بەهەمان شێوە، ماددەی هەشتیش بە هەمان شێوە، من پێموایە باس لە دەسەڵاتی یاسادانان دەکات، نەك چۆنیەتی ئالیەتی هەڵبژاردن، هەڵبژاردن خۆت دەزانی مەرجەکانی مورەشەح و دەنگدەر و دائیرەی

ئینتیخابی و نیزامی ئینتیخابی و تا دوایی، ئەوە تایبەتە، بۆیە من ئەگەر غەڵەت تێنەگەیشتبم ئەمە جێگەی ئێرە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عادل تەنها ئەوەندەیە، ئەوە کە ئینتیخابات دەبێت، لە قانونی پێشوو رەئیس وەزرا، لێرە لە قانونی ریئاسی، رەئیس ئیقلیم بکات، دەبێ ئیزافە بکرێت، پاشی هەڵبژاردن رەئیس ئیقلیم داوا دەکات، یان رەئیس وەزرا داوا دەکات، ئەگەر زەروورەت بێت و ئەوە نەبێت، بۆ ئەوەی دانیشتنەکە دەست پێ بکات، لە قانونی پێشوودا نیە، کە ئەوەمان گۆڕی، ئەو خاڵانەی تریش کە ئیجاب دەکات لە ناحیەی لوغەوی و ئەوانە، خراونەتە ئەوە، کاك عبد الرحمان فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە منیش هەمان پێشنیاری کاك عادلم هەبوو، چونکە بۆ نموونە ئێستا ئێمە لە پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان، پرۆژەیەکمان هەموار کردووە، ئەگەر ئێمە نەمانتوانی لەو خولەی خۆماندا ئەو پرۆژەیە تەسدیق بکەین بۆ نیزامی داخیلی پەرلەمان، پەرلەمانی داهاتوو لەوانەیە گۆڕانکاری تری بەسەردابێت، واتە تێگیران دەبێت لەگەڵ ئەو پرۆژەیە، لەهەموو پرۆژە یاسایەکە کە دەبێت بە یاسا، دەقێکیش دێت دەڵێ: کار بە هیچ یاسایەك، دەقێك ناکرێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، جا لەبەر ئەوەی ئەوانە کە خاڵی نیزامی داخیلین، ئەمە یاسای هەڵبژاردنە، پێم وایە کە بەهەمان شێوە جێگای ئەم ماددەیە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان رەئیم هەیە، ئەم ماددەیە لێرە زیادە، بەم پەیوەندی یاسای پەرلەمان دەربچێت، یان یاسای پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان ئەمە دیاری بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە نیسبەت ئەگەر هەر ئیسرار بوو کە بمینێتەوە، پێم وایە ئەو پشوودانە زۆر زۆرە، بە تایبەتی ئەوەی هەفتەی یەکەمی کە دەڵێ لە مانگی ئازار، چونکە بە خۆی مانگی ئازار بیرووەری زۆری تێدایە، تەقریبەن نیوەی مانگەکە هەر عوتلە و بیرووەرییە، کەواتە من پێم وایە لە یەکی مانگی شوباتەوە دەست پێ بکات، دوو مانگەکەی هاوین بە حوکمی ئەوەی بارودۆخی کوردستان، یان هەر زرووفی کوردستان، ئاو و هەوای کوردستان، کەش و هەوای کوردستان، گەرمە، قبوڵ بکرێ دوو مانگەکە بمێنێ، بە نیسبەت شوباتەوە، من پێم وایە شوبات بێت باشترە، خولی یەکەم ئەبێتە پێنج مانگ، خولی دووەم ئەبێتە چوار مانگ، ئەوە باشترە لەوەی کەوا بمێنێتەوە، لەگەڵ رێز و سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز عبدالقادر محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەسەر فەقەرەی یەكەم، من پێم باشە لە جیاتی سێ یەكی، نیوە بێت، لە 50٪ ئەندامان بانگهێشتی پەرلەمان بكەن، لە فەقەرەی سێیەمیش من لەگەڵ ئەوەدام و پێشتریش رەئیم لەسەری داوە، بەراستی من دژی عوتلەی زستانم، چونكە فەصڵ، فەصڵی كاركردنە و پەرلەمانیش دەبێ كارا بێت، یان پشوو نەبێت، یاخود تەنها مانگی یەك پشووی زستان بێت، كۆتایی پێ بێت، چونكە مانگی سێش نیوەی خۆی عوتلەیە، پێویست بەو هەموو پشووە ناكات و گرانیش لەسەرمان دەوەستێت و گلەییەكی زۆریشمان هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەكەی منیش لەسەر خاڵی سێیەمە، بە نیسبەت پشووەكەوە، تێبینیم لەسەر زۆری پشووەكەیە، نەك كاتەكەی، پشوو لە زستانیشدا هەر پێویستە لە ساردیدا، لە ئاو و هەوای گەرمیشدا هەر پێویستە، بەڵام كەم بكرێتەوە، پشووی زستانان مانگێك بێت و پشووی هاوینانیش مانگێك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیەكەی منیش هەر لەسەر كاتی پشوودانەكەیە، من پێم باشە هەر وەكو برادەران پشتیوانی لە بۆچوونەكەیان دەكەم، پشووی هاوینە بكرێتەوە یەك مانگ، پشووی زستانەش بكرێتەوە یەك مانگ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد حاجی محمود فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەڵڵا خۆی مەوزوعی ئەوەی كە لە جێی خۆیەتی یان نا، خۆی ئەبوایە ئەوە بەڕاستی یەكێك لە هینەكانی گۆڕانی نیزام داخیلی پەرلەمان، ئەوە كۆمەڵێك خاڵ باس كرایە، بەڵام بە نیسبەت خاڵی ئەوەی مەسەلەی پشووەكەوە، بەڕاستی پشووەكان زۆرن، ئەو وەختەی بە تایبەتی مانگی سێ، هەموو ئیش لە سەرەتای

ساڵەوە دەست پێدەكات، دوو سەرەتای ئیش كردن وەكو چۆن بەیانیان زوو هەڵدەستی بۆ كار، عەینی شتە سەری ساڵان، لە هەموو دونیادا، لە ئەوروپاش لە $1/5$ەوە دەست بەكار دەكەن، بە خۆشتان ئاگادارن، لەبەر ئەوە من پێم وایە، وەختەكەشی وەختێكی باش نیە، جگە لەوە چوار مانگ بەڕاستی زۆرە بۆ وڵاتێكی وەكو ئێمە كە پێویستمان بەكار كردن هەیە، من ماوەیەك پێش ئێستا لە پەرلەمانی ئەڵمانیا، سەعات 9ی شەویان بۆ من دیاری كردبوو، وتم بۆ 9ی شەو؟، وتیان ئێمە بەردەوام ئیش دەكەین، لەبەر ئەوەی وەختەكانمان كەمە و مەعەدەل ئیش دەكەین، لەبەر ئەوە ئێمە لەم وڵاتە پێویستمان بە ئیش هەیە، ئەگەر بكرێ پشووەكان بكرێ بە دوو پشووی یەك مانگ، یەك مانگ، ئەگەر سەری ساڵ نەبێ زەرەمانە لە هەموو روویەكەوە، دەربارەی ئەوەی داواكردنی كۆبوونەوەی ئیستیسنائی، بە رەئی من نازانم بۆ دەنگدانە، بۆ دەنگدان ئایا لە 51٪ كە یان لە 75٪،كامیانە ئەمە، بۆ دەنگدانە 75٪ دەبێت كۆ ببێتەوە، یاخود تەنها كۆبونەوەیەكە، كۆبونەوەكە چی دەكات، ئەگەر جەنابتان لەسەری قسە بكەن، ڕوونی بكەنەوە یاخود لیژنەكە روونی بكاتەوە ئەوە شتێكی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا فورسەتت دەدەمێ، كاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد حسن جان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕەنگە ئەو بۆچوونەی منیش بەهەمان جۆری ئەو بەڕێزانە بێت، بەلاّم هەمیشە لەگەڵ بڕگەی 3 یەمم لەو ماددەیە، كە پشووەكان بە تایبەتی پشووی زستانە بكرێتە $2/1$، 1ی شوبات بۆ $3/1$، چونكە وەكو ئەو بەڕێزانە باسیان كرد، مانگی 3 خۆی بۆخۆی پشووە، هەمووی عوتلەیە، عوتلەی رەسمیە و یادەكانەو بۆنەكانەو كارەساتەكانە، بۆیە بكرێتە 1 مانگ پێشنیار دەكەم، مانگەكەش لە 1 ی شوبات دەست پێ بكات بۆ $3/1$، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

د.شكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم عوتلانە لە هەموو دونیا پەرلەمان عەوتلەی هەیە،بۆتە نەریتێكی عالەمی، جا من پێشنیاز دەكەم، ئەوەتا ئێستا بەنیسبەت زانكۆكانی كوردستانەوە، مانگی شوباتیان لابردووە خستویانەتە مانگی ئازارەوە، لەبەر ئەوەی عوتلەیەكی زۆرە، هەم بۆئەوەی دەرس و دەوریش نەفەوتێ، بە نیسبەت پەرلەمانیش ئیش و كارێكی زۆرمان هەیە، ئەگەر ئەو مانگی 2 وە بكرێت بە مانگی 3، من لەگەڵ مانگی سێم، یەك مانگ هەبێت لە جیاتی 2 مانگ، هەروەها بۆ سەری ساڵیش لە هاوینەكەدا ئەو مانگەی كە زۆر

گەرمە، لەو مانگە پشوو هەبێت، زۆر سوپاس، بڕوا بکە دوو مانگ، مانگی یەکەم کە دەکەوێتە نیوەی ساڵەوە مانگی ئەخیریش.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئاخیر کەس عوسمان بانی مارانی، فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله بانی مارانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، سەرەتا منیش تەئیدی ئەو رایەی کاك عادل دەکەم بەراستی، ئەمە لەسەر یاسای هەڵبژاردن، هەموار کردنی ئەم یاسایە دەکرێت، ئەوە دەسەلاتی تەنفیزیە بەڕاستی، جێگای لێرە نیە بەرەئی من، حەق بوو بە پرۆژەیەکی تایبەت هەموار کرابوایە،لەسەر مەسەلەی دەسەلاتی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت، بانگ هێشت کردنی کۆبوونەوەی پەرلەمان، بەرەئی من لە دەسەلات و هەیبەتی من و هەیبەتی ئەندامانی پەرلەمان کەم دەکاتەوە، ئەندامانی پەلەمان تەنها ئەوەندەیان هەبوو، 10 ئەندام لەسەر پرۆژەی ئەوە ئیمزا بکەن، ئێستا ئەوەش لە ئەندام پەرلەمانەکان دەسێندرێتەوە، پێموایە ئەوە مافیان دەخورێ، لەسەر مەسەلەی بەڕاستی پشوو باشتێکمان بە ئی دنیان بچێت، یەعنی خۆ ئەوە شتێکی ئەستەمدارە لە دنیا پشوو، بۆچی ئێمە بێین لێرە دەست کاری بکەین، بەتایبەتی ئێمە دەورەکەمان خەریکە تەواو دەبێت، بۆخۆمان بیکەین، ئەگەر ئەوها بوایە پێش ئەوە ئەوەمان بکردابایە، ئەو خۆمان تەواو دەبین ئینجا باسی پشوو کەم کردنەوە دەکەین ، پشووەکە هەروەکو خۆی بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس، کاك شێروان، قسەت دەدەمێ، بەس من یەك تەعلیقم لەسەر تەوەرەیەك هەیە، دوای کاك شێروان جوابتان دەداتەوە، ئەویش لەسەر مەوزەعی، جارێ بەش بەحاڵی خۆم لە90٪ یەعنی تیکرارە لە هین، بەڵام ئەوی کە باسی پشوویان کرد، پشووەکە بگۆڕێت، دوو، سێ ملاحەزە دەبێت لێم قبوڵ بکەن، سوپاستان دەکەم، یەکەم، بەداخەوە کە پەرلەمان دوو، سێ مانگی ماوە ئەوجا ئەو باسە دەکەن، ئەو حەقەتان نیە بە حەقیقەت، دەبوایە جارێ پێش مانگێك لێرە رەجامان لێکردن کە بێت، لێرە پشووی زستان کەم بکەنەوە مانگێك، زۆرینەیەکی زۆرتان قبوڵتان نەکرد، لەبەر ئەوە ئەو حەقە نابێت بدەینە خۆمان بۆ پەرلەمانی داهاتوو قرار بدەین پشوویان کەم بێتەوە، ئەگەر بۆخۆمان ئەوهامان بکردبایە، قرارێکمان بۆخۆمان بدابایە ئەو وەختی، دووەم: سەرۆکایەتی پەرلەمان پشووی نیە، هیچ وەختێك پشوومان نەبووە، لەهەموو پشووەکان، مەگەر بە ئیش چوبێنەتە دەرەوە، لیژنەی یاسایی و لیژنەکانی تریش، بە پێی پێویستی ئیشەکانیان، لیژنەی یاسایی ئەسلەن هەر پشووی نەبووە، دائیم لێرە بووە، ئەوەی پشووی هەبووە ، تاکە تاکە بووە، غەدر لە خۆشتان دەکەن، کە بەو شێوەیە باسی دەکەن، خەڵك پێی وایە دەچن وەکومەکتەب دوو مانگ دەچن پاڵ دەدەنەوە، ئەغلەبتان لێرە دەوامتان هەیە، لە دانیشتنی نائاسایی دەوام دەکەن،لە لیژنەکان دەوام دەکەن، بەلاّم ئەمە هەمووی سەبەب نیە، سەبەبی رەئیسی ملاحەزەکەی

من حەق نیە بڕیارەك بدەن، كە خۆتان ناگرێتـەوە، زۆربـەتان ناگرێتـەوە، ئـەوە بەڕاسـتی تـەجاوزە لەسـەر مەجلیسی داهاتوو، ئەوان بـا ئەنـدامان خۆیـان قـەرار بـدەن، تـەقیم بكـەن، بڕیـار دان لەسـەر خـەڵكێك كـە ئەگەر مەسەلەن وابێت و ئەو حەقە، حەق نیە بە خۆمان بدەین، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

یەك لە ملاحەزەكانی منیش ئەوەی جەنابتە كە ئیشارەتت پێدا ئەوە بوو، ئێمە پێش مانگێك گفتو گۆمـان لەسەر كەم كردنەوەی پشوو كرد،زۆربەی ئەو بەڕێزانـەی دانیشـتوونە دەنگیـان لەسـەر ئـەوەدا كەپشووەكە كەم نەكرێتەوە، تەمەتوع بەهەموو پشووەكە بكـەین، مـەعقولیش نیـە ئێمـە لێـرە دابنیشـین، پشـوو فـەرز بكەین لەسەر ئەو دەورەی داهاتوو كە دێن، ئەگەر لە رەئی شەخسی ئێمەش بپرسی ئێمەش لەگەڵ ئەوەینە ئەسلەن پشوەكان كەم بكرێتـەوە، ئـەوە یـەك، دوو، لـە سـەیری مناقەشـەكان مـن وا هەسـت دەكـەم تێكـەڵاو كردنەك هەیە، بەینی قانونی هەڵبژاردن و قانونی بەڕێوەچوونی ئەنجومەنی نیشتیمانیی كوردستان، ئێمـە ئـەو یاسـایەی رەقـەم یەكـە، تەمسـیلی هـەردووكی دەكـات، هـەم یاسـای هەڵبـژاردنی تێدایـە، هـەم یاسـای بەڕێوەچوونی پەرلـەمانی كوردسـتانی تێدایـە، بۆیـە ئـەم بڕگەیـەی كـە هـاتووە لـە جێگـای خۆیـەتی ،سـێ ئەوەی كاك حەمەی حاجی محمود ئیشارەتی پێدا، بەڕاستی مەسەلەی دەنگدان نییە ، مەسەلەی داواكردنـی دانیشتنی نائاساییە لە یەك لەسەر چوارەوە بە نیسیەت ئەندامانی كرایە یەك لەسەر سێ،واتە ڕێژەكە زیـاد كرا، بە نیسبەت برای بەڕێزیش كاك عوسمان بانیمارانی، ئەو دەسەڵاتانە ئێمـە لـە ئەنـدامانی پەرلـەمانمان وەرنەگرتووە، بەڵكو ڕێژەكەمان زیاد كردووە،زۆر تەبیعییە سەرۆكی هـەرێمیش حـەقی ئـەوەی هـەبێت كـە لەكاتی پێویستدا و لە كاتی زەرورەتدا ئەم دەسـەڵاتەی هـەبێ ،ئەگـەر سـەرۆكی حكومـەت هـەیبێ پێویسـتە سەرۆكی هەرێمیش هەیبێ، چونكە سەرۆكی باڵای ئەنجومەنی وەزیرانە، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نازناز خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز عبدالقادر محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەمەسەلەی پشوو، ئێمە سێ ساڵە داوا دەكەین بەنامـەی ڕەسمـی، بـە تـەوقیع كۆكردنـەوە، دكتـۆر كمال شاهێدە هەموو سەرۆك لیژنەكان داوای تەعدیل كردنی پەیرەوی ناوخۆمـان كـرد، یـەك لـەو بابەتانـە كە لەوێ بێگومـان ئـەو بەشـەی پێمـان دادەگـرت كەمكردنـەوەی پشـوو بوو،مـەنتقی ئـەوەش كـە جـەنابتان دەڵێن: بۆ خۆتان نەتانویست بۆ دەورەی داهاتوو دەتانەوێ، ئێمە كاردەكەین بۆ گۆڕینی سیسـتەم ، سیسـتەم نە بۆ ئێمەیە نە بۆ ئەوانەی دوای ئێمەش دەبێ،وە بەشێك لەوانەی ئێستا ئەندام پەرلەمانن دەمێننەوە بۆ دەورەی داهاتووش، كەواتە ئەگەر حاڵەتی زەرەمەندیش هەبێ، ئەوە ئەوانیش زەرەرمەند دەبن، لە دواییـدا من جارێكی دیكەش ئەو مەنتیقەم باس كرد لێرە، ئێمـە ئێسـتا تێدەگـەین كـەمو كـوڕی پـەیرەوی نـاوخۆی

ئێمە و بەڕێوەبردنی پەرلەمان کە سێ ساڵ و نیوە ئێمە ئیشی تێدا دەکەین، تا ئەوانیش بێن و دەبێ ئەوان وەکو ئێمە سێ ساڵ هەموو بەو تەجروبانە بڕۆن ئینجا دوایی تێدەگەن، بەو خاویەی کە بەڕێوە دەچێ، دیسانەکە و جارێکی دیکەش هەموار کردنی پەیڕەوی ناوەخۆ نەبن، بۆیە با ئێمە تەجروبەیەکمان وەرگرت لە نەتیجەی ئیشی خۆمان، من دوو نموونەت بۆ دێنم جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر یەك دەقە مەجالی زیاترم بدەیی، ئێستا خۆت باسی ئیدارەی گەرمیانت کرد کە کێشەیەك هەیە، ئەگەر ئێمە لە پشوودا نەبووین دەکرا ئیشەکانیان بەڕێوە ببەین، ئەوە پێمان ناکرێ، من موسائەلەی وەزیری خوێندنی باڵام کردووە، وەڵامی منی نەداوەتەوە و بۆ دوو مانگ زیاتر تێدەپەڕێ، ناشتوانم داواشی لێ بکەم، چونکە دانیشتنی ئاساییمان نیە، بۆ نموونە، هەزاران نموونەی ئەوهاشمان هەیە، لەلای ئێمە هەیە، ئێمە وەکو سەرۆکی لیژنە، ئێمە لەو دوو مانگە، زۆر راستە لەو دوو مانگە لە لیژنەی هەموو رۆژێك دەوامم کردووە بە پێنج شەممەکانیشەوە، هیچ کێشەیەکیشم نیە، ئیشەکانی خۆشم ئەوەندەی پێم بکرێ دەیرۆێنم، بەڵام ئەوەی دیسانەکەوە دەست و پێم دەبەسترێتەوە ناتوانیت وەکو پێویست ئیشەکان بکەی لەو دوو مانگە، دوایی ئێمە وڵاتێکین لە مەرحەلەی بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوەین، ئایا مەعقولە ئەو پەرلەمانە بۆ ماوەی دوو مانگ بەو شێوەیە بە نیوە کارایی ئیش بکات؟، خۆی کاتەکانی کە ئێمە گلەیی لە خۆمان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامیەکەت کوا؟

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت دەڵێیت: بۆ بۆ دەورەی داهاتوو؟، من دەڵێم: سێ ساڵە داوامان کردووە تەعدیلی پەیڕەوی ناوەخۆ بکرێ و لەوێ جێگیرمان دەکرد، ئەو کاتەی زۆرینەی دەنگیشی دەهێنا، دووەم: ئەو جەلسەی کە جەنابت داوات کردووە کە کەم بکرێتەوە، من یەك لەو کەسانە بووم کە گۆتم نامەوێ عوتلەی زستانەش هەبێ، تەنانەت نەك تەنها یەك مانگ، بۆیە ئێمە بەشێکمان هەروا بیرمان کردووتەوە، پێمان داگرتووە لە کەم کردنەوەی، کاتێك کە باسی ئیمتیازات کراوە، ئێمە لەگەڵدا نەبووینە، کاتێك باسی پشووەکان کراوە، ئێمە لەگەڵدا نەبووینە، کاتێکی باسی گۆڕانکاری کراوە، ئێمە لە پەیڕەوی ناوەخۆ لەگەڵدا بووینە، بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست وەڵام نەبووە و، وەکو پێویست ئیشی بۆ نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، نازناز خان من جوابت نادەمەوە، بەڵام جەنابت یەکێکی لێرە و 111 کەسین، رەئیشت بە ئەقلیەت و زۆر تەئیدم کرد، داوام کرد نەك هەر یەك مانگ بێت، زۆرینەیەکی زۆر قبوڵیان نەکرد، ناکرێت لەبەر جەنابت داوات کردووە و دەڵێ وابوو و وا بچێت، یەعنی قەرارەکە ئەکسەریەتە و منیش ملکەچی ئەوانم، فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من هەست دەکەم بە غەڵەت ئێمە ئەو دوو ماددەیە دەخوێنینەوە، باس لە پشوو نیە لە گۆڕێ، ئەصڵەن کەلیمەی پشوو غەڵەتە ئێمە لێرە موناقەشەی بکەین، چونکە دەڵێ: دەورەی ئینعیقاد، یەعنی کۆبوونەوەی پەرلەمان لەسەرەتای مانگی ئازار دەست پێ دەکات، پشوو ، ئەو دوو مانگە بە تەبیعی ئەبێ خۆی ئیش بکرێ، ئیشی لێژنەکانە، ئێمە ئەگەر گلەیی بکەین لێژنەکان ئیشیان نەکردووە، لە ماوەی ئەو دوو مانگە نەك لەوەی پشوومان هەبووە، مەفهومی عوتلە لێرە غەڵەتە، کە باسی عوتلە هاتووە لە گۆڕێ، دروستمان کردووە، ئەمما لە لای ئێمەوە دروستمان کردووە، ئەگەر نا نە عوتلەیە و نە هیچ لە گۆڕێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کەمالیش تەوزیحی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادرعبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمەوێ تەوزیحی بکەم کە لە پێش ئێوەی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمان و خەڵکی کوردستان، کەوا تەسەور نەکەن ساڵێ چوار مانگ پەرلەمان ئەڕوا و لە ماڵێ ئەخەوێ، شتی وا نیە، وەکو بەڕێز کاك دلێر ئیشارەی پێکرد، تەنها لەو فەترەیە جەلساتی پەرلەمان نابێ، سەرۆکایەتی لوجان و مەکتەبەکان لە شارەکان، ئەندام هەمووی دەوامی خۆی ئەکا، دەوامی تەبیعی خۆی ئەکا، ئەو ئەندامەی کە لەو فەترەیە جەلەسات ناکات، لەو فەترەیەش لوجانەکان و ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان خۆی حازر دەکات، مواد حازر دەکات بۆ موناقەشە لەو دەورەی کە دەکرێ، دەقیقەن چی دەکات، زۆر زۆر تەبیعیە، بە نیسبەت ئەوەی ئەو قانونەی کە لێرە هاتووە، بەلای من زەرووری کە لە قانونی پێشتر سەرۆکی هەرێم، ئیشارەی پێ نەکراوە، کە ئەو فەترەی سەرۆکایەتی هەرێم نەبووە و یاسای نەبووە تەواو بکات، بەڵام چونکە سەرۆکی باڵای سوڵتەی تەنفیزیە تەبیعی مافی خۆیەتی کە هەبێت لە حاڵەتی زەروریەت، لەناو ئەم هەرێمە داوا بکات بەو شێوە یاساییەی کە پەرلەمانی بەڕێز موافەقەت بکات و تەحقیقات بکات، بەڵام من حاڵەتەکە زۆر تەبیعی دەبێنم و لە جێگای خۆیەتی و بۆ ئێوەی بەڕێزیش ئەگەڕێنینەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەو رەئیە تەرح کرا دەڵێن ئەو ماددەیە زیادە وەکو کاك کەمال ئیشارەتی پێدا، کاك شێروانیش ئیشارەتی پێدا، ناوی سەرۆکی هەرێم نەهاتبوو لە پێشدا، دووەمیش، راستە لە نیزامی داخیلیدا هەیە دەڵێ ئەگەر میزانەیە لە موناقەشەدا بێت، نابێت پەرلەمان پشوو وەربگرێ، بەڵام ئەوە قانونە، دەبێ بچێتە قانون و بە قوەتتر دەبێ و باشتر دەبێ، لەبەر ئەوە چ هینەکی ناکات، ئەگەر بڵێین ئەوەی ئیزافە بکرێ بەو صیغەیەی کە هەیە، بڕگەیەکمان پێویستە، ئەو بڕگە، ئەویش ئەوەیە ناوی سەرۆکی هەرێم لە سەرەتادا نەهاتووە، داخیلی بکەین، ئەوانی تریش ئەگەر صیاغەش بێت و ئیعادەبکرێتەوە خراپ نیە، بۆیە

مـن شـتێكی وا ئـەوتۆی نـابێنم و ئـەوەی پشـووی پەرلـەمانیش دەكـرێ بەیاسـایەك بـە پـرۆژە یاسـایەك، تەقدیمی بكەن ئەوانەی كە داوا دەكەن، رانەوەستن لەسەر پەیڕەوی ناوەخۆ، بەڵام من دیسان دەڵێم: ئێمـە دوو مانگمان ماوە و حـەق نیـە ئـەو حەقـە بدەینـە خۆمـان، وەكو سـەرۆكایەتی قـەت هـیچ لـە پشوویەكدا غیابمان نەبووە، لە داهاتووشدا من خۆم تێدانیمە، بەڵام ئەو حەقە نـابێ بدەینـە خۆمـان، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئەگەر پرۆژەیەك تەقدیم بكەن، ڕێگای خۆی وەردەگرێت و قەراری خۆتان دەدەن، ئەوانیش مـولزەم دەبـن، ئەگەر هیچتان نیە، دەیخەمە تەصویتەوە، كاكە حەمە فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی مەوزوعەكە ئەوە نیە ئێمە قسەیەكەی ئێمەیە بەسەر ئەواندا هاتووە، ئێمە چوار ساڵ گەیشتینە ئەو قەناعەتەی كە ئەوەی ئێمە غەڵەت بووە، ئەو پشووە زۆرە ئەو چوار مانگە، بۆ ئەوەی كـە ئێمـە قـانون خـۆ بۆ خۆمان داینانێن، بۆ 10 ساڵ تر و بۆ 30 ساڵی تر دایدەنێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

مادام چەند كەسێكن، پرۆژەیەك تەقدیم بكەن، پرۆژەكە دەیخەینە بەردەم دارشتنی پەرلەمان لە دانیشتنی مانگی سێدا ئەگەر قەرارتان دا تەعدیلی دەكەین، بەڵێ ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رەئی من ئەوە پێویست بە پرۆژە تەقدیم كردن ناكات، لێـرە هـاتووە و ئێستا موناقەشـەی دەكـەین، بـە چەند كەسیش پشتگیریمان كردووە و داوامان كردووە، بۆیە بە پێویستی دەزانم ئێستا بخرێتە دەنگدان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لێرە نەهاتووە پشوو كەم كەینەوە وەكو كاك دلێر وتی، لێرەدا لەبڕگەكە نەهاتووە پشوو كەم كەینـەوە یـان نا، لێرەدا دەڵێ بڕگەكە یەك یەك فەرقی هەیە، لێرەدا هاتووە پێشتر لەسەرەتای مانگی 10،مانگی 3،قسەی دەكەم برا با قسەكەی تەواو كەم ئینجا، پێشتر كردنەوەی دەورە كراوە بوو، 10 ڕۆژی پێچێ 15 رۆژ، ئێستا تەحدیدی كردییـە دەڵـێ حەفتـەی یەكـەم بۆیـە ئـەوەی هێناوەتـە ئێـرە، ئـەگینا ئـەوە باسـی پشـوو نییـە ، قانونێكی هەیە دەبێ قانونەكە بگۆڕێت ، فەرموو كاك دكتۆر ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئامـاژە بـەوە دەكـات، حەفتـەی یەكـەمی مـانگی ئـازار، خـولی یەكـەم دەسـت پێـدەكات، ئێمـە ئـەڵێین ئـەوە بگۆڕدرێت، لە جیاتی ئەوەی حەفتەی یەكەمی مانگی ئازار بێت، با حەفتەی یەكـەمی مـانگی شـوبات بێـت، من پێم وایە ئەوە زۆر زۆر تەبیعیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێستا تۆ لە قانون شارەزای، ئەوە تەعاروز ناکات لەگەڵ قانونی پەرلەمان، کە پشووی پەرلەمانی تەحدید کردووە؟ ئەوە باشترین شت ئەوەیە، ئەو ماددەیە هەر سەحبی بکەین، لەگەڵ لێژنەی یاسایی ئەوەمان کردووە، یەکەم فەقەرە فەقەت ئەگەر هین بکات، ئەویش ئەوەیە کەلیمەی پێشتر (لرئیس الوزراء دعوة المجلس) دەڵێین: (لرئیس الاقلیم او لرئیس الوزراء) ئەوەندە ئیزافە بکرێت ئەوانی تر دەستکاری نەکرێت و وەکو خۆی بمێنێتەوە، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر مەبەست بەس لەم ماددەیە سەرۆکی هەرێمە، فەقەرەی دوو ناڵێت سەرۆکی هەرێم داوای کۆبوونەوەی دەکات، سەرۆکی پەرلەمان لەسەر داواکاری سەرۆکی هەرێم، ئەو شتە لەفەقەرەی یەکەم هاتووە، سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە داوای کۆبوونەوە بکات، جا بەهەر سەبەبێك بێت، بە هۆی داواکاری سەرۆکی هەرێمە، بە هۆی داواکاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانە، بە هۆی قەناعەتی خۆی کە هەیە، کەواتە ئەو فەقەرەیە ئەگەر نەشبێ فەقەرەی دووەم، سەرۆکی هەرێم، هەر تەبیعیە بە پێی فەقەرەی یەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بیکەینە قانونی راست دەکەی، دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە، بەڵام داخیلی قانونی بکەین، ئەگەر وا نەبێت سبەینێ پێنج وەزیر داوا بکەن، دەسەڵاتی منە دیسان؟ نەخێر تەحدید بکەین، سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی حزبێکی تریش ئەوەی هەیە من ئیستیغلالی بکەم و دەسەڵاتم هەیە، نەخێر تەحدید بکرێ باشترە کاك زانا، تەحدید بکرێ بۆ ئەوە سەرۆکی پەرلەمان لەبەر رۆشنایی قانون ئەو دەسەڵاتە بەکار بێنێت، مام خورشید وا بزانم تەواومان کرد و ئەو فەقەرەیە هین بکەین، تەواومان کردیە وا بزانم، باشە، کاك شێروان ئەگەر موافیقی تەعدیلی موقتەرەحەکەتان بکەنەوە و عەرزی بکەن، فەموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وا بزانم ئەو ماددەیە کە صیاغەمان کردیە، بەرەقمی ماددەی شەش، زۆر زۆر ماددەیەکی رێك و پێکە، لەبەر ئەوەی تەوزیحی هەموو شتمان کردیە، یەك: رێژەی ئەو کەسانەی کە داوایان کردیە، حەقیان هەیە، پاش ئەوەی کە سەرۆکی پەرلەمان داوا دەکات نیسبەکەی لە 4/1٪ بوویتە 3/1٪، دوو: بە وازیحی ئیشارەتمان بەوە داوە کەوا سەرۆکی هەرێم لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بۆیان هەیە:(بناءآ علی

طلب رئيس البرلمان) ئەو مافەیان هەبێ، سێ: بە نیسبەت دەورەی پەرلەمان بە وازیحی تەحدید کرایە کە لە چ کاتێك دەست پێ دەکات و تەواو دەبێت، چوارەم: بە نیسبەت میزانیە، بە نەصێکی صەریح ئیزافەی ماددەکە کرایە، کەوا پەرلەمان عوتلەی نابێ ئەگەر هاتو مەوزوعی میزانیە هاتە گۆڕێ، لێرە ئێستا بە رەئی من، دوو مەوزوع هاتە گۆڕێ، یەك: برادەران باسی ئەوەی دەکەن عەجەبا مەوزوعی عوتلە هاتە گۆڕێ، فیعلەن ماددەکە باسی عوتلەی دەکات، بەس زمنەن و بە صەراحەت نا، بەڵام ئەو پێشنیارە کە دەیانەوێ ماوەی عوتلە کەم بێتەوە، با بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەو وەختی ماددەکە بەرەئی من بخرێتە بەردەم جەنابت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە قەناعەتی من، بە نیسبەت فەقەرەی یەك و دوو، زۆر تەبیعی و زۆر ئیشکالیەت نیە، دوو تەغیری بەسیتی تێدایە، 4/1 ئەندامان بۆیان هەیە، داوای جەلسەی ئیستیسنائی بکەن، ئێستا بوویتە 3/1، دووەمین فەقەرە، سەرۆکی هەرێم ئیزافە کرایە، یەکەم و دووەم هیچ ئیشکالیەتی نیە، ئیشکالیەتەکە لە سێیەمە، بە قەناعەتی من، هەر لەسەر نەصی ئەصڵی بمێنینەوە، دەڵێین: یحدد المجلس في الجلسة الاولى مواعيد دورات انعقاده على ان لا تقل عن دورتين في السنة، مەسەلەی پشووەکە دەمێنێتەوە بۆ نیزام داخیلی، ئێمە لە نیزام داخیلی چارەسەری دەکەین، ئەوەی چوارەمیش لە نیزام داخیلی هاتووە، ئەگەر پێتان باش بێت ئەوەش هەر سەحب دەکەین، لەوەش ئیعتماد دەکەینە سەر نیزام داخیلی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی کە کاك شێروان وتی موتەفیقین هەموو ماددەکە دەخەمە دەنگەوە، ئەگەر دەنگیشی نەهێنا ئەو وەختی دەیگۆڕین، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەك تێبینیم هەیە، لە دووەم دەڵێ: للرئيس دعوه، (للرئيس) ئەوە زۆر هەڵەیە، لەبەر ئەوە دەبێ بڵێی: لرئيس البرلمان، لە ماددەی یەکەم نەمانگوتووە موختەصەراتی رەئیسی یەعنی چیە،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە کێندەر لە قەوانین ئێمە ناوی رەئیس بێت یەعنی رئیسی پەرلەمانە؟ لەهەر قانونێك ئێمە دەریبکەین، عیلاقەی بە پەرلەمانەوە هەبێت کە وتت: رئیس، پێناسەکە دەڵێ: یەعنی رەئیس پەرلەمان، دواتر دەڵێ: بناءآ على طلب رئيس الاقليم، یەعنی یەکەم رەئیسی پەرلەمانە، وازیحە زۆر.

**بەڕێز شمسە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە چۆن قانونی ئەحوالی شەخسیمان، هەمووی بەو هەموو مادده موهیمەوە هێنامان، لە فرە ژنیە تەخسیسمان کرد، ئەوەش وای لێ هاتووە، یەعنی چوار بڕگەی موهیمی تێدایە، کەچی ئێمە بۆ پشوویەك ئەیهێنین کورتی دەکەینەوە لە پشوویەکدا، ئەگەر مەبستمان بێت، من زۆر لەگەڵ ڕەئیەکەی کاك شێروانم، مەبەستمان بێت، مەبستمان پشووەکە بێت با هەر ئەو ماددەیەی لێ سەحب بکرێتەوە، لەسەر ئەوانی تر بڕۆین و با هەمووی بەجارێك سەحب نەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مولاحەزەیەت باشە، فەقەت ئەم فەقەرەیە جیاوازە، هەندێ فەقەرە هیچ خیلاف لەسەر نیە، لە فەقەرەی یەکەم، لرئیس البرلمان، و مالا یقل عن ثلث، پێشتر ربع بوو، اعضائه دعوتهم لانعقاد جلسة غیر اعتیادیة، تختص الاجتماع علی النظر في الموضوعات المحددة في الدعوة، ئەوە شتێکی تەبیعیە، دەیخەمە دەنگەوە، ئەو فەقەرەی دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیتی دەستی بڵند بکاتەوە تکایە؟، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ دوو کەس لەگەڵدا نیە، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵە، دووەم: للرئیس، یعني رئیس البرلمان، دعوته لانعقاد جلسة غیر اعتیادیة بناءآ علی طلب رئیس الاقلیم او رئیس مجلس الوزراء عند الضرورة، پێشتر فەقەت ڕەئیسی وزرا بوو، ئێستا ڕەئیسی هەرێم داوای کرد، بۆی هەیە داوا بکات، کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە دەستی بڵند بکات؟، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، سێیەم: هینەکە دوو ئیقتیراحی هەیە کە ئەوە، ئەو فەقەرەیە ئیلغا بکرێت، لە نیزامی داخیلی تەعین بکرێ کە لێرە نووسرایە: یعقد البرلمان دورتین في السنة، تبدأ الاولی في الاسبوع الاول من شهر اذار، و تنتهي بنهایة شهر حزیران، و تبدأ الثانیة في الاسبوع الاول من شهر حزیران و تنتهي بنهایة شهر کانون الاول، ئەوە موقتەرەحێك هاتە پێشەوە، کە پشووەکە ئیلغا بکرێ، ڕەئیەك هەبوو کە نەخێر ئیلغا نەکرێت، لەبەر ئەوەی هینە و موقتەرەحێکیش هەیە کە دەڵێ: هەر ئەو فەقەرەیە نەمێنی لێرە، لە نیزامی ناوەخۆ موناقەشە دەکرێت، موقتەرەحەکە دەڵێین: لێرە ئیلغا بکرێت، لەوێ لە پەیڕەوی ناوەخۆ موناقەشە بکرێت، دەیخەمە دەنگدان، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەوەی ئیلغا بکەین با دەستی بڵند بکات؟، چیە نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی بتەوێ خۆت ئەیڕوێنی، بەراستی وا نیە، موقتەرەحێکی تر هەیە 10 کەس باسی کردووە، ئەبێ مانگەکان کەم بکرێتەوە، بە تایبەتی لەسەر مانگی شوبات، زۆربەمان باسی ئەوەمان کردووە، یەعنی ئەوە موقتەرەحێکە چۆن ئەڵێی موقتەرەحی تر نیە؟

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەلەن: من شتی خۆم فەرز ناکەم، گوتم دوو موقتەرەح هەیە، موقتەرەحێك هەیە ئیلغای بکەین کە جێی نیە، ئەوە ئەگەر دەنگی نەهێنا، ئەو وەختی موقتەرەحی دووەم، باسمان نەکرد، لەبەر ئەوە پەلەت کرد، ئاخر برادەر جێی کەم کردنەوەکەی جێی ئێرە نیە، دوو جار باسمان کرد، ئەوە بە قانونە و دەبێ پرۆژەی قانونەکە رێك بخرێت، ئەوە فەقەت هینەکە، ئەگەر بێت و ئەوەتان قبول نەکرد کە ئەوە، ئەو فەقەرەیە دوو، سێ موقتەرەحی هەیە، وەکو کاك ناصح دەڵێ: موقتەرەحێکیان ئەو فەقەرەیە لێرە ئیلغا بکرێ و لە پەیڕەوی ناوەخۆ موناقەشە بکرێ، یاخود بە پرۆژەیەکی تایبەت دایدەنێین، بەوەی کە پرۆژەکە کەم بکرێتەوە، یان بگۆردرێت، موقتەرەحی سێیەمیش ئەوەیە کە لێرە دەستکاری بکەین و بیگۆڕین، موقتەرەحی یەکەم دەخەمە دەنگەوە کە ئەویش دەڵێ: ئەو فەقەرەیە لێرە ئیلغا بکرێت، ناکرێت هەر جارێ یەکێك شتێك هین بکات و رابگرین، یەعنی وەکو خۆی بمێنێتەوە و تەعدیل نەکرێ، کاك فرسەتیش ئەوەی شەرح دەکات، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قانونەکە هێشتا ئیصدار نەبووە، ئەگەر تەماشای فەقەرەی یەك بکەین لە ماددەی 49، پێش موقتەرەحەکە، هی قەدیم، مەزمونەکە بەو شکلەیە، يحدد المجلس في الجلسة الاولى مواعيد دورات انعقاده، على ان لا تقل عن دورتين في السنة، ئەوە چوار مانگە، سێ مانگە، شەش مانگە، تەحدیدی نەکردیە، تەحدیدەکە لە پەیڕەوی ناوەخۆ هاتووە، ئێستا ئێمە بە نیازی ئەوە بین پشووەکە کەم بکەین، یان بە مەفهومەکی تر، مودەی دەورەی زیاد بکەین، پەیرەوەکە زیاد بکەین، عادیە ئەو ماددەیە با وەکو خۆی بمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی کاك فرسەتیش مەقصەدی ئەوەیە، ئەو موقتەرەحە بخەینە دەنگەوە، ئەو فەقەرەیە لێرە ئیلغا بکرێت و ئەوەکە زۆر وازیحە، بە پەیڕەو دەتوانین ئیقتیراح بکرێ، کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەوە ئیلغا بکرێ دەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموو، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە ئەکسەریەت ئیلغا کرا، فەقەرەکە ماوە، ئەوەی کاك فرسەت خوێندیەوە دەمێنێ، ئەو موقتەرەحە تازەیە ئیلغا کرا، چوارەم: لا تنتهي الدورة التي تعرض فيها الموازنة العامة للاقليم الا بعد المصادقة عليها، ئەوە لە ئەصڵی ماددەکە، ئەوەش تەبیعیە، یەعنی هەر وەختێك میزانیە لە موناقەشەدابێت، پشوو نیە تاوەکو ئیقرار نەکرێ، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی با دەستی بڵند بکات؟، فەرموو، کێ لەگەڵدا نیە؟، هەر سێ فەقەرەکە، کاکە فەقەرەی نوێ ئیلغا کرا، قەدیمەکە دەمێنێتەوە، ئەوە ئەو تعدیلەیە، فەقەرەی یەکەم، یەعنی ئێستا ئەو ماددەی 49 ، بەو شکلە دەبێت، یەکەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە کە ئێستا خوێندمانەوە، دووەم: وەکو خۆی دەمێنێتەوە کە ئێستا خوێندمانەوە، سێیەم کە ئیلغا کرا فەقەرەی کۆنی ماددەکە دەمێنێتەوە کە دەڵێ: يحدد المجلس في الجلسة الاولى مواعيد دورات انعقاده، على ان لا تقل عن دورتين في السنة، ئەوە چووە جێی، ئەوەی ئێستا ئیلغا

کراوەتەوە، ئەوە لە جێیەتی، ئێستا هەر چوار فەقەرەکە، یەعنی ئەوەی کۆنەکە و لەگەڵ ئەو سێیەی کە ئێستا دەنگتان بۆی دا، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیتی دەستی بلند بکات تکایە؟، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ کاک سەردار و سارە خان و کاک عادل، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز عبدالكریم ابو بكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی حەوتەم: ماددەی 50 ئیلغا دەکرێ و بەو جۆرە دەخوێندرێتەوە:

1-نیصابی بەستنی پەرلەمان بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی تەواو دەبێ، جگە لەو حالەتانەی کەوا یاسا زۆرینەی تایبەت دەخوازێ و لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکانیش ئەو لایەنە پەسند دەکرێ کە سەرۆك دەنگی لەگەڵ داوە.

2-نابێ دەنگدان ئەنجام بدرێ تا نیصاب تەواو نەبێ لەناو هۆڵی کۆبوونەوەدا.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: تعدل المادة الخمسون و تقرأ كالآتي:

1-يكتمل نصاب انعقاد البرلمان بحضور اغلبية اعضاءه، و يتخذ قراراته بالاغلبية البسيطة، و ذلك في غير الحالات التي يشترط فيها القانون اغلبية خاصة، و عند تساوي الاصوات، يرجح الجانب الذي فيها الرئيس.

2-لا يجوز اجراء التصويت الا عند توافر النصاب في قاعة الاجتماع.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و تەئیدی ماددەکە دەکەین، بەڵام بۆ تەوزیح حەز دەکەم هەندێ خاڵ هەیە روونی بکەمەوە، بۆ ئەوەی بزانین فەرق نێوان نەصی ئەصڵی و ئەوەی لە پرۆژەکەدا هاتووە چیە؟، یەکەمینیان ئەوەیە: دووبارە داڕشتنەوەی بڕگەی یەکی پرۆژەکە بە شێوازێکی تازە، دووەمیان: زیاد کردنی بڕگەی دووەم لە دووەم بڕگەی پرۆژەکەدا کە ئەویش دەڵێ: لا يجوز التصويت الا عند توافر النصاب في قاعة الاجتماع، سێیەمیان: لابردنی بڕگەی دووی ماددەی ئەصڵی لە یاساکە کە دەڵێ: يجرى التصويت على مشروع القوانين مادە بمادة، ئەوە ئەو گۆڕانکاریانەیە کە بەسەر قانونەکەدا هاتووە، بە گوێرەی تەغیری ئەخیر، وا بزانم دەرگایەکی باش دەکرێتەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆکان لەمەودوا لە ناو کوتلەکان و لەناو لێژنەکانی پەرلەمانی یەکلابکرێتەوە و دەنگ لەسەر یاساکە بە شێوەیەکی گشتی بدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێوە ماددەکەتان لابردووە؟ بۆ؟ئێمە لەگەڵ لێژنەی قانونی موناقەشەی ئەوەمان دەکرد، من پێم وایە ئەوەی کۆن باشتربوو، ئەو ماددە بە ماددە تێدا نووسراوە و موناقەشە دەکرێ، وەکو ئەوەی کە کردوومانە، ئێستا ئەوەی لاببەین لێمان دەبێتە ئیشکال و سبەی چوار ماددە پێکەوە و یان دوو ماددە و ئەوەی دواوە و

ئـەوەی پێشـەوە هـەمووی تێـك دەدات بەڕاسـتی، لیژنـەی قـانونی ڕەئـی چـیە؟ مـن پـێم وایـە وەكـو خـۆی بمێنێتەوە ئەو ماددەیە، ڕەئیتان بڵێین، صیغەی پێشوو هیچ ئیزافەیەكی ناوێت؟.

**بەڕێزعونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە وا قەرارمان دا كە ئێقتیراحی خۆمان سەحب بكەینەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە لیژنەی قانونی موقتەرەحی خۆی سەحب دەكاتەوە، فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من ئەو پرسیارە ئاراستەی سەرۆكایەتی لیژنەی یاسایی دەكەم، ئەو دوو فەقەرەیـە یـان ئـەوەی پێشـووتر چ پەیوەنـدی بـە یاسـای هەڵبـژاردن هەیـە؟، حـەز دەكـەم بـۆم تـەوزیح بكـەن؟ ئـەوە شـێوازی بەڕێوەچـوونی پەرلەمانە، نەك هەڵبژاردن.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوەش حوجەیـەكی تـرە بـۆ ئـەوەی ئیلغـا بكرێـت، بـەڵام قانونەكـە بەتـەنیا قـانونی هەڵبـژاردن نیـە، ئـەو قانونە لە ئەصڵدا كە لە ساڵی 1992 دەرچوو، قـانونی پەرلـەمان و هەڵبژاردنـە، نـاوی وایـە، لەبـەر ئـەوەی ئیعتیادیە تێدابێ، بەڵام پەیوەنـدی نیـە بـە مەبەسـتی كۆبوونەوەكـەمان، ئـەوە تـا حـەدێك راسـتە، قـانونی پەرلەمان و هەڵبژاردنی پەرلەمان یەك قانونە، ئەوە من پێشتریش باسم كـردووە دەبـێ جیـاواز بكرێتـەوە، دەبێ لە ئایندەیەكی نزیكدا قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمان جیا بكرێتەوە، ئێستا موقتەرەحەكـەیان سـەحب كردووە، پێویست ناكات بیخەینە دەنگدان، وابزانم بڕۆن بۆ ماددەی دواتـر، موقتـەرەحی تەعـدیلی مـاددەی 50، كە لە لایەن لیژنەی یاساییەوە بوو، خۆیان سەحبیان كردووتەوە، كـێ لەگـەڵ ئەوەیـە ئیلغـا بكرێتـەوە دەستی بڵند بكاتەوە تكایە؟، فەرموون، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە كۆی دەنـگ مـوافیقن لەسـەر سـەحب كردنـەوە، بۆ ماددەی 8.

**بەڕێز عبدالكریم ابو بكرمصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی 8: بڕگەكانی 1 و 5ی ماددەی 56 ی هەموار دەكرێ و 12 و 13 ی بـۆ زیـاد دەكـرێ و بـەم جـۆرە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی 56: پەرلەمان ئەم تایبەتمەندی و ئەركانەی خوارەوە پیادە دەكات:

1-دانانی یاسا و بڕیارەكان.

2 و 3 و 4 وەكو خۆی دەمێنێتەوە.

5-بریاردان لەسەر بودجەی گشتی هەرێم و پەسندكردنی ژمێركاری كۆتایی و ئەنجامدانی كێبڕكێ لە نێوان دەروازە و بەشەكانی بودجەی گشتی و داشكاندن لە تێكڕای بڕی پارەكانی و هەروەها بۆی هەیە لە كاتی پێویست، پێشنیاز بۆ ئەنجومەنی وەزیران بكات و تێكڕای بڕی خەرجیەكان زیاد بكات.

12-باج و رەسم بسەپێنێ و هەمواریان بكات و پووچەڵیان بكاتەوە یان لێیان خۆش بێت.

13-رەزامەندی لەسەر هەمواركردنە دەستووریەكان بدات.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**المادة السابعة:**

**تعدل الفقرتان 1 و 5 من المادة 56 كما و تضاف الفقرتان 12 و 13 اليها و تقرأ كالآتي:**

**يمارس البرلمان الاختصاصات و المهام التالية:**

**1-تشريع القوانين و القرارات.**

**5-اقرار الموازنة العامة للاقليم و المصادقة على الحساب الختامي و اجراء المناقلة بين ابواب و فصول الموازنة العامة و تخفيض مجمل مبالغها و له عند الضرورة الاقتراح على مجلس الوزراء زيادة اجمالي مبالغ النفقات.**

**12-فرض الضرائب و الرسوم و تعديلها و الغائها او الاعفاء منها.**

**13-الموافقة على مقترح التعديلات الدستورية.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو موقتەرەحەی لێژنەی قانونی كە هاتە ئاراوە چەند خاڵێك لە خۆ دەگرێت:

1-تەعدیل كردنی برگە یەك و برگە پێنج، بە نیسبەت برگە یەك، تەشریعی قەوانین هاتیە لە ئەصڵی پرۆژەكە، ئێستا ئێمە قەراراتمان ئیزافە كردیە، بە نیسبەت فەقەرە پێنجیش بە شێوەیەكی رێك و پێك نەهاتیە، ئیعادەی صیاغەمان كردووتەوە، زائیدەن فەقەرە 12 و فەقەرە 13 ئیزافە كراوە، یەكیان پەیوەندی بە فەرزی زەرائیب هەیە، دووەمیان پەیوەندی بە موافەقە لەسەر تەعدیلاتی دەستوری هەیە، كە ئەوەش لە زمنی دەسەڵاتی پەرلەمانی كوردستانە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەوەش وەكو ماددەی پێشوو وایە، پێم وایە سەحبی بكەنەوە باشترە، ئەوە دەرگای دەكاتەوە بۆ زۆر موناقەشە، رەنگە ئەوەش نەبێت، ئەگەر ئەو موناقەشەیە سەحبی بكەن باشترە، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە سەحبی دەکەین، موشکیلە نیە، بەڵام هەزار جار گلەییمان لێکراوە، خەڵکی یاساناسیش گلەیی لێ کردووین، دەڵێن: ئێوە تەنها تەشریع دەکەن حەقی بڕیارتان نیە، ئێمە جوابمان داوەتەوە و دەڵێین:ئەوەی حەقی قانونی هەبێ، حەقی بڕیاریشی هەیە، ئێستا بڕیارەکەمان داخیل کردووە بۆ ئەوەی ئەو گلەیی و گازاندەیە نەمێنێ، مەسەلەکە ئەوە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جا ئەوە تەحسیل حاسلە با هەر وا تەفسیر بکەن بۆخۆیان، دەیان بڕیارمان هەیە و دەیان بڕیاریشمان دایە، لە هەموو دونیادا پەرلەمان وایە، بەڵام ئەو موفتەرەحە بۆ ئیلغا کردنی ئەو ماددەیە کە ئیقتیراح کراوە لەلایەن لێژنەی یاسایی بۆ نەهێشتنی لێرەدا، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵێتی لابدرێت دەستی بڵند بکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، ئەو ماددەیەش لابردرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی نۆیەم: ماددەی 18 زێدە کراو بەسێیەم هەموارکردنی یاساکە هەموار دەکرێ و دەبێتە ماددەی 16 و دووبارە بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

ماددەی 16 دووبارە:

1-کۆمسیۆنی باڵا بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق، دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، شوێنی دەستی باڵا بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان- عێراق دەگرێتەوە کە لەم یاسایەدا هاتووە بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی خودی هەڵبژاردنی پەرلەمان و بەڕێوەبردنی تا ئەو کاتەی دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لەهەرێمدا دادەمەزرێت.

2-کۆمسیۆنی باڵا بۆی هەیە ئەو پەیڕەو و ڕێنماییە تایبەتیانەی خۆی لەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان- عێراق جێبەجێ بکات، بەجۆرێك ناکۆك نەبن لەگەڵ حوکمەکانی تایبەت بە مافی حیزبەکان و لیستەکانی دەستوور و پێکهاتە نەتەوەییەکان و مافەکانی ئافرەت و مافی تانوت لێدان و لایەنی تایبەتمەند بە تانوت لێدان و ئەو ماوەیەی تایبەتە بە تانوت لێدان کە لەم یاسایەدا هاتوون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة السابعة: تعدل المادة الثامنة عشر بالتعديل الثالث للقانون و تصبح الماد السادسة المكررة له، و تقرأ كالآتي:

المادة السادسة المكررة:

1-تحل المفوضية العليا للانتخابات العراقية، هيئة انتخابات اقليم كوردستان محل الهيئة العليا لانتخابات برلمان كوردستان العراق، الواردة في هذا القانون للاشراف على انتخابات الدورة الانتخابية للبرلمان و ادارتها لحين تشكيل الهيئة العليا للانتخابات في الاقليم.

2-للمفوضية العليا تطبيق الانظمة و التعليمات الخاصة بها على انتخابات برلمان كوردستان- العراق لما لا يتعاض مع الاحكام الخاصة بحقوق الاحزاب و قوائم الفئات و المكونات القومية و حقوق المرأة و حقوق الطعن و الجهة المختصة بالطعن و المدد الزمنية الخاصة بها في الاقليم، الواردة في هذا القانون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

والله من هەر شەرحێك بکەم و ئیقتیراحم هەیە بۆ شتێك، دیارە تەبعەن لە 1992، ئێمە هەیئەی باڵای هەڵبژاردنمان هەبوو لە هەرێم و لە قانونەکەشدا وا هاتووە، بۆیە لێرە دەڵێت: موفەوەزیە و کۆمسیۆنی باڵا ئەو جێی بگرێتەوە، بەڵام لەو دوو رۆژەدا کۆمسیۆنی باڵا چەندین جار قسەیان لەگەڵ ئێمەدا کردووە، دەڵێن: ئەو هەیئەتەی لە کوردستاندا هەیە، بەشێکە لە ئێمە، ئێمە موباشەرەتەن دەتوانین ئیشراف بکەین لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئێوە و ئیمکانیەتێکی زۆریشیان هەیە، بۆیە ئێمە بڵێین ئەو کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقی جێگای کۆمسیۆنی باڵای کوردستان دەگرێتەوە، نەك هەیئەتەکەی کە لێرەدا هەیە، ئەوان خۆشیان داوایان کردووە، تەنیا ئەوە لا بچێت لە هەیئەی ئینتخاباتی ئیقلیمی کوردستان لە هینەکەدا، جێگای خۆی دەگرێتەوە بۆ ئەوەی هەیئەکە تابیعی ئەوانە و ئیشەکان بەوان دەکەن و خۆیان دێن و ئیشراف دەکەن ئەوە مەسەلەیەکە عاید بەخۆیانە، ئێمە مەسەلەی خۆمان تەنیا تەکلیفی ئەوانە نەکەین نەوەك ئیمکانیەتیان نەبێت و ئەوانیش بڵێن بۆ موفاتەحەی ئێمەتان نەکردووە، ئاگادار نین و تەکلیفی ئەصڵەکەی بکەین باشە، خۆی ئێمە بە پێی یاسا و بە پێی دەستووریش بۆمان هەیە هەیئەتێکی سەربەخۆ لە کوردستان دروست بکەین، بەڵام دروستمان نەکردووە، هەیئەتێکی کۆنمان هەیە کە دروست کرابوو لە هەڵبژاردنی 1992، هەڵوەشایەوە، هەیئەتێك لە 2005 ەوە کاك د.نوری خۆی لێرە بوو و ئیشرافی دەکرد و ئەویش تابیعی ئەو کۆمسیۆنی باڵای بەغدا بوو، ئێستاش هەر ئەوە، ئێمە لەو هینەدا نەمانتوانیوە ئەو کۆمسیۆنە سەربەخۆیەی لە کوردستاندا دروست بکەین، ئەو کۆمسیۆنەی ئێرە کە هەیە لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی بەغدا نەك هی ئێمە، عایدی دەسەڵاتی هەرێم نیە، عایدی فیدراڵە، بودجەیان لەوێیە و هەموو شتێکیان لەوێیە، لەبەر ئەوەی هەیئەتی هەڵبژاردنی سەربەخۆ لە بەغدا، کۆمسیۆنی سەربەخۆ لەبەغدا پەیوەندیان بە ئێمە کرد، وتیان ئێوە تا ئێستاکە راستەوخۆ بە ئێمەتان نەوتووە هەڵبژاردن دەکەین، داواتان نەکردووە کە ئەوە بکەین، راستە فەرعەکەمان لێرە قسەیان لەگەڵ کردووین، پێمان باشە راستەوخۆ پەیوەندیمان لەگەڵدا هەبێت، بۆیە ئەڵێم بە رێگای هەیئەتەکە نەبێت،

موباشەرەتەن لەگەڵ هەیئەی بەغداوە هەبێت، مەقسەدم لەوەدا فەقەت ئەوەندە بوو، چونکە ئێمە ئەگەر خۆمان، ئەو هەیئەتە خۆمان دروستمان بکردبا، ئێمە موفاتەحەی ئەوانمان ئەکرد، سەربەخۆنە و عایدی خۆمانە، بەڵام ئەوانە بەشێکە لەوان، بۆیە پێویست ناکات تێدا بێت، فەرموو کاک کەمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە هەرێمی کوردستان وەك ئیقلیمێك، وەك هەرێمێکی فیدراڵی، حەقی خۆمانە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستانمان هەبێ، لە دەستووری عێراقیش ئەو حەقەی بە ئێمە داوە، تەقصیرەکە لە ئێمەیە کە تا ئێستا یاساکەمان دەرنەکردووە، ئەوە لە ئێمەیە، دەبێ ئیعتیراف بەو تەقصیرە بکەین، بۆیە من ئێستاش دەیڵێم هەوڵ بدرێت یاساکەی بە پەلە دەربکەین با کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانمان بکات، چونکە حەقێکی سروشتی خۆمانە بۆچی بیخەینە دەست شوێنێکی تر و دوایی گازاندەیان لێ بکەین، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

قەیناکە تەئیدی بکە، داوای قسە بکە ئەوجا تەئیدی بکە، بەڵام ئەوەندەیە فەرقی ئەو قسانەی کاك کمال دەڵێت ڕاستە ئەگەر ئێمە هەڵمان بژاردبان، ئێمە بڕیار بە قانون دەرمان دەهێنا، بەهەرحاڵ ناوتان دەنووسم، نەك بەس لەسەر ئەو مولاحەزەیە، کاك عبدالرحمن نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەرئەوەی گفتوگۆکە کەم بکەمەوە، یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانم لەبەردەستە لە ماددەی 2 تەئیدە بۆ قسەکەی جەنابت لە بڕگەی 4 دەڵێت (تقوم هیئة الاقاليم للانتخابات بالتنسيق والتعاون مع المكتب الوطني للمهام الادارية والنظم الانتخاباتية الاقليمية والمحلية الخاصة بالاقليم تحت اشراف المفوضية العليا المستقلة للانتخابات) ئەوە تەواوکەری ئەوەی جەنابتەو موناقەشەش هەڵناگرم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانم ئەوەم خوێندووەتەوە، بەڵام ئەگەر خۆمان هەمان بێت زەروریە، ئەو کاتەش پێویستی بەو تەنسیقە دەکات، بەڵام ئێستا ئەوانە بەشێکن لەوان، من مەبەستم لەوەیە بۆ لەگەڵ هین بکەین، کاکە حمە فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە پێش ماوەیەك ئەوە داواکراوە لە لیژنەی موفەوەزی ڕووبەرووی پەرلەمانی عیراقی کردووەتەوە بێت قەراری لە پەرلەمانی عیراقی بۆ وەربگیردرێت، لەبەرئەوە من پێم وایە ئێستا ئەوە با

بمێنێـەوە وەکو خۆی و وەك ئەوەی جەنابتان باستان کرد، با ئەویش بهێڵین بۆ دەورەی دووەم با رەئی خۆیان بدەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابت باسی دەکەی کە ئێمە جارێکی تر پەیوەندی بکەینەوە بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، کۆمسیۆنی باڵا زەمانی سەربەخۆ بوونی چیە؟ ئەوەی کە لەو هەڵبژاردنانەی دوایی لە پارێزگاکان کرا لە خوارو و ناوەندی عیراق و پارێزگاکانی تری ناوچە دابڕاوکانی تری کوردستان زۆر گلەیی و گازاندە هەبوو لەسەر سەربەخۆیی نەبوونی، ئەمڕۆش کە ئێمە کێشەیەکی هەڵواسراوی زۆرمان هەیە لە گەڵ حکومەتی فیدڕاڵی عیراق بە تایبەتی لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق و لەگەڵ پێکهاتەکەشی، من پێم وایە جارێکی تر ڕێگە دەدەین بە دەستێوەردانێکی تر، بۆیە باشتر وایە ئەو پێداویستیە و ئیمکانیەتەی کە باس دەکرێت، کە ئیمکانیەتێکی زۆریان هەیە، ئێمە خۆمان دابینی بکەین و وەك خۆی بڕوات وەك ئەوەی کە ئێستا هەیە، ئەو کۆمسیۆنەی کە لێرە هەیە، ئەوە بکرێت نەك ئێمە لێرە موفاتەحەی مەرکەز بکەین کە کۆمسیۆنی باڵایە، باشتر وایە کە لێرە ئەگەر هەتاوەکو بۆ خۆمان یاسایەك دەردەکەین یان کۆمسیۆنێك پێك دەهێنین کە سەربەخۆ بێت بە شێوەیەك لە شێوەکان، نەك بە ووردتری لەسەری ڕابوەستین، ئەو گرفتە سیاسیەی کە ڕەنگدانەوەی دەبێت، دەستێوەردانی سیاسی دەبێت، دەستێوەردانەکەی کە کرد دەبێـتە مایەی ناتەبایی سیاسی کە ئەمڕۆ لە هەموو کاتێکی تر زیاتر پێویستمان دەبێت و لەدوای ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بە تایبەتی کە دەبێـتە ناڕەزایی پێکهاتە سیاسیەکان لە کوردستان دا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە تەئکید ئەو دەستەی هەڵبژادنە بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی کاك باپیر گوتی زۆر چاکە و ئەو موداخەلاتە لابەلایانە لە کوردستان دروست نابێت و ئەو خەڵکەی ئێمەش کە دەنگیان فەوتاوە ئەوەش نافەوتێت، بەڵام یەك پرسیارم لە لیژنەی یاسایی هەیە، ئێمە ئەگەر ئەو کۆمسیۆنە دروست بکەین میزانیەی ئەم کۆمسیۆنە دەکەوێتە سەر میزانیەی عیراق یان نیسبەتی میزانیەی کوردستان حیساب دەکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ناچارین ئێستا ڕووبەرووی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراقی بکەینەوە، چونکە لە کوردستانی خۆمان نیە، ئەگەر بڵێین با ڕابوەستین تا ئەوە دەبێت، هەڵبژاردنەکان دوادەکەوێت، بڕواناکەم بتوانین لە ئێستاوە تا مانگی 5 یاسا دەربکەین و فەرمانبەری بۆ دابنێین و بکەونە سەرئیش و ئەوانە، بەڕاستی ئەگەر وابێت بە ساڵێکی تریش هەڵبژاردن ناکرێت، لەبەرئەوەش ئەوەی ئێستا ئەو کۆمسیۆنەی لە کوردستان هەیە وەکو بەڕێوبەریەتیەکە و بەشێکە لە بەغدا، بۆیە ئێمە ڕاستەوخۆ هەم ئەرکە داراییەکان و هەم ئەرکە کارگێریەکان ڕووبەرووی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراقی نەکەینەوە، حەقە هیچ تەڵەبێکمان نەبێت لەوەی وەك ئەوەی جەنابت باست کرد، پشتیوانی لە قسەکانی جەنابت هی بەغدا بکەینەوە، بەڵام لێرە هەوڵ بدەین بەزوویی ئەو کۆمسیۆنە دابمەزرێنین، بەڵام هەرچۆنێك بێت بەزوویش دابمەزرێنین بە یەك ساڵیش ناکەوێتە سەر پێ بە دڵنیایەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە حەقیقەت دا منیش هەمان ڕەئیم هەبوو، مادام کۆمسیۆنی باڵا لە عیراق خاوەنی ئیمکانیات و دەسەڵاتە و تەجروبەیەکی زۆرتریان هەیە و ئەوان لەوێ ئەمر دەکەن لێرە کاروباری هەڵبژاردن جێ بەجێ بکەن، باشترە ئێمە یەکسەر تەعامول لەگەڵ ئەوان بکەین، چونکە ئەگەر ئیشەکان لێرەوە جێ بەجێ بکرێت، من تەسەورم وایە ئەوان ناتوانن لە کاتی پێویست دا ئامادەکاری بکەن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیدا جێ بەجێ بکرێت، حەقە ئێمە ئامادەکاری بۆ بکەین و کۆمسیۆنێکی باڵا لە کوردستان دا هەبێت، بەڵام ئێستا کە بمانەوێت لە کوردستان لە وەختی خۆیدا هەڵبژاردن بکرێت، ئەوە ڕەنگە تەئخیرمان بکات و دوامان دەخات، بەڵام ئاساییە مواجەهەی ئەوەی بەغدا بکەین، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە لە بڕگەی 2 دا شتێك کە نووسراوە باسی ئەوە دەکات کۆمسیۆنی باڵا بۆی هەیە ئەو پەیڕەو ڕێنماییە تایبەتیانەی خۆی لەسەر هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر بکرێت هەڵبژاردنەکان لە کوردستانی عیراق جێ بەجێ بکات، ڕەنگە ئێمە هەر هەڵبژاردنی پەرلەمانمان نەبێت، ڕەنگە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و ئەنجومەنی قەزاو ناحیە و هەڵبژادرنی تریش بێتە پێشەوە، بۆ ئەوەی مەشمول بێت بە ئەوانیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەڕاستی یەکەم شت لەگەڵ کەلیمەی موکەڕەڕ نیم، ئەو ماددەیە سەرلێ شێوانێك دروست دەکات، باشترە تەسەلسولی بۆ دابندرێت، ئەگەر تەسەلسولێك هەبێت بۆ ئەو ماددەیە باشترە، ئەمە یەك، دووەم: من بەش بە حاڵی خۆم تاڕادەیەك نزیکم لە رایەکەی د.کمال کە بە قەناعەتی من ئێمە خسوسیەتی کوردستانی لە ڕووی سیاسی دەبێت بپارێزین، ئەو خسوسیەتە زەروریەت وایە ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان دەبوایە ئێستا ئێمە دەستوورمان هەبووایە دەبوایە، کۆمەڵێك شت بە پێی تەبیعەتی قانونی نیزامی فیدراڵی ئێمە دەبووایە ئەمەمان هەبوایە، لە حاڵەتێك نەکراوە دیسان موخاتەبە کردنی بەغدا من پێم وایە هەر لە ڕێی کوردستانەوە بێت باشترە، نەك ڕاستەوخۆ، ئەمان مەسئولن لە تەنزیمی ئەو ئالیە و ئەو تەنسیقە بکەن و هەموو شتێ حازر بکەن بۆ ئەم ئینتیخاباتە، من بە قەناعەتم باشترە هەر ئێمە موخاتەبەی بکەین و سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من هەر یەك مولاحەزەی بچووك دەدەم لە بۆ ئەوە، بۆ ئەوەی لە موناقەشەکە غەڵەت نەدەین، فەرقی ئەوتۆ نیە لە نێوان ئێمە و ئەو هەوڵانەی کە عەکسەکەی دەڵێن، ئەگەر بێتو تۆ ئەو سیغەیەی کە ئێستا هەیە بڵێی (تحل المفوضية العليا) کۆمسیۆنی باڵای عیراقی سەربەخۆ لقی کوردستان یان بەشی کوردستان جێگای ئەوە دەگرێتەوە؟ مانای وایە تۆ سبەینێ ئەگەر یاسایەك بێنیە پێشەوە بۆ دانانی کۆمسیۆنێك خۆ پێشتر ئیعترافت بەوە کردووە، ئەوە دەبێتە ئەسڵ و ڕێگا لەوە دەگری کە هەیئەتێکی تر دابنێی، دووەم: ئەو کۆمسیۆنەی کە داندرا غەیری ناوەکەی هیچ رەبتێکی بە ویستەکەی ئێوە نیە، پارەکە لەوێ وەردەگری، ئیمکانیەتەکەی لەوێ وەردەگری، هەویەکان لەوێ دێت، حوبرەکە لەوێ دێت، ئێمە تەعامول لەگەڵ ئەوان دەکەین لێرە، بەڵام تەنها مەبەستەکە لەوەدایە کە سیغەکەیە، مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەئیدی رەئیەکەی جەنابت دەکەم، وە تەئیدی ئەو ماددەیەش دەکەم لەلایەن لیژنەی قانونیەوە هاتووە، هەندێك ئارا تەرح دەکرێت کە ڕاستە دەکرا ئێمە وەك خۆمان کۆمسیۆنێکمان هەبێت، بەڵام ئێمە لە 2005 تاوەکو ئێستا نەمان توانیوە کۆمسیۆنێك دابنێین، لە 2005 یش هەمان کۆمسیۆن و هەمان تەنزیمی عیلاقاتمان لەگەڵ کۆمسیۆنی عولیای بەغدا هەبوو، ئێستا ئێمە ئیقتراحمان لەلا مایەو وەختمان ماوە ئەو کارانە بکەین؟ لە هەموو بوارەکانەوە، لەرووی فەنیەوە، لەرووی ئیداری و لە رووی کەفائەت و لەرووی شارەزاییەوە، ئاسان نیە بەو فەترە زەمەنیە کەمەی کە ئێستا لە دەستمان ماوە بتوانین ئەوە بکەین، لەبەرئەوە کە دەڵێن تەدەخولات دەکرێت من تەسەور ناکەم لیژنەی باڵا لە بەغدا بێت وەکو چۆن لە موسڵ یان لە شوێنێکی تر ئەو دەسەڵاتەی هەبێت و بێت لە کوردستان بێت، قانون هەیە و نیزام هەیە

و لێرەش لە ماددەکە تەعدیلەکە زۆر بە ڕێك و پێکی هاتووە، حقوقی ژنان، حقوقی ئەحزاب، بە عەدەم تەدەخول هەمووی وازحە، لەبەرئەوە من تەئیدی رەئیکەی جەنابت دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەشێکی قسەکانم کرا، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت روونی بکەمەوە، ئەو هەیئەیە کە پێك دێت بارگرانیەکی زۆر زۆری دەبێت لەو کات و ساتەی لە بۆ ئێمە، دووەم: لە خوای بەزیاد بێت هیچ ڕۆژێك نیە لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان هەزار و یەك گلەیی و گازاندە بە ناحەق دەکرێت، ئەو کاتەی ئەو هەیئەیە ئەگەر سەر بە ئێرە بێت ئەویش زۆر دەرگا دەکاتەوە بۆ گلەیی و گازاندە، ئەو کاتە دەڵێن ئەو هەیئەیە سەر بە فلاَن جیهەتە و بە کەیفی خۆیان تەوجیهی دەکەن، بە قەناعەتی من لە بۆ ئەو مەرحەلەیە با ئەوەی لێ بگەڕێین باشە بۆ کاتێکی تر با دیراسەتی لەسەر بکرێت و قسەی لەسەر بکرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.شکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من رام لەگەڵ رایەکەی بەڕێز د.کمالە، ئەگەر ئیمە لە کوردستان دا بەزووترین کات ئەوە پێك بهێنین بەلام وابێت ئەوە ئیشی هەفتەیەکە، هێشتا زۆرمان لەبەردەم ماوە، بۆ خسوسیەتی تایبەتی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو نەگرین، بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام، یەعنی رەئی من و کاك مەلا و شێخ جعفر و هەروەها کاك دلێری بەڕێزیشە، ئێستا بوو بە 5 کەس، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر بە مانگێکیش گەرەنتی دەدەی هەموو شتەکان رادەگرین و دروستی دەکەین و بە دوو مانگیش، شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی من دەمەوێت مادام هەموو ئارائەکان بەرەو ئەوە دەچێت کە ئێمە ناتوانین موفەوەزیەی عولیامان هەبێت وەکو هەرێم، دەبێت ئیستیعانە بکەین بەوەی مەرکەز، ئەوەی مەرکەزیش قانونی ئینتیخاباتی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، من لەسەر برگەی 2 مولاحەزەم هەیە، ئێمە ئەگەر نەك بە دەستێك، بەهەر دوو دەستیش ئەندام پەرلەمانەکان دەست هەڵبڕین و بڵێین هەندێك حقوق و ئەحکامی خاسەی بە خۆمان وەکو ئەوەی کە قەرارمان دا ئافرەتان لە 30٪ بێت لای ئەوان 25٪ ە، قانونەکەی ئەوانیش لەم

مەرحەلەیە ئێمە جێ بەجێ ی دەکەین، بۆ نموونە لای ئێمە گۆڕانکاری کرا، دیسانەوە قائیمەکان، قائیمەی مەفتوح بوو، قائیمەی ئێمە موغلەقە، کەواتە ئێمە ئەم ئەحکامانەش ئێستاش هەمووماں قەراری لێ بدەین و دەست هەڵبڕین بڵێین با پارێزراو بێت چ زەمانەتێك هەیە کە ئێمە ئێستا لەو مەرحەلەیە ئیستیعانە بە قانونی ئینتیخاباتی موفەوەزیەی عولیا دەکەین؟ چۆن بۆمان جێ بەجێ دەبێت زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باش بوو ئەو قسەیەی کرد بۆ ئەوەی روونی بکەینەوە، ئەو ئینتیخاباتە لەبەر ڕۆشنایی قانونی خۆمان دەکرێت، مفەوەزیەی عولیا خۆیان داوایان کرد، گوتیان دەمانەوێت بە پەلە قانونی هەڵبژاردنی خۆتان، ئەو موقتەرەحاتانە دیاری بکەن، بۆچی بە پەلە ئەو جەلسە نائاساییەمان کرد؟ بۆ ئەوەی بیدەین و لەبەر ڕۆشنایی ئەو قانونە بکەن، خۆ بە کەیفی خۆی نیە، ئێمە قانونی خۆمان هەیە و دەڵێین ئەوە قانونمانە فەرموون، ئەوان چی دەکەن؟ تەنها مەسائیلی فەنی و ئیشراف و دانانی سندوق و موراقبین و ئەوانە دەکەن، قانون ئەوان دانانێت ڕێنمایی ئەوان دایانانێن، خۆمان دایدەنێین، خۆمان دایدەنێین ئەو دەسەڵاتە دەستوور داویەتە خۆمان، کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی ڕاستی بێت من پێم باشە ڕۆڵی نوسینگەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان نەسڕینەوە، ئەوانیش ڕۆڵێکی باش دەبینن و نوێنەرایەتی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك هەیە، ئێمە با لە یاسایەکەدا بەو شێوەیە ئاماژەی پێ بدەین، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ـ نوسینگەی هەرێمی کوردستان، چونکە واقعەکە ئەوهایە، ئەوە ئەو مەسەلەیە ناگەیەنێت ئێمە تەعامول لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵا ناکەین، لەو قۆناغەش دا پێویستە ئێمە کۆمسیۆنی باڵا بەو ئەرکە هەستێت، ئێمە ئەگەر لە کات و ساتی خۆیدا هەڵبژاردن ئەنجام بدەین زۆر زەحمەتە هەیئەتێکی نوێ دروست بکەین، هاوڕام لەگەڵ کاك دلێر سەبارەت بەوەی کە ئێمە لە چەقێك ڕاهاتووین کە تیکرار لە ماددەکان، خۆی جائیزە لە یاساکاندا موکەڕەڕ هەبێت ماددە، بەڵام لەبەرئەوەی ئێمە وا چوار ساڵە پەرلەمان بەرێ دەکەین، لەسەر ئەوە ڕۆیشتووین کە موکەڕەرمان نەبووە یان ماددەی مولغاتمان بە دەگمەن هەبووە، بۆیە پێم باشە ئێمە هەر وەکو ئەوە تەسەلسولی ماددەکان ڕێك بخرێتەوەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوو، سێ موستەڵەح هەیە کە نەك ئێستا پێشتریش بەکارمان هێناوە، یەکەم: ماددەی موزافە، دووەم: ماددەی موکەرەرەیە، سێیەم: ماددەی مولغاتە، ئەوانە بۆ دادەبەزێنین عادەتەن؟ بۆ ئەوەی تەسەلسولی ئەسڵی مەوادەکان نەگۆڕێت، ئێستا ئێمە لێرە ماددەی 4 مان لادا، کە ماددەی 4مان لادا لە تەنیشت ماددەی 4 دوای داڕشتنەوەی دەنووسین مولغات، مانای وایە تەسلسولی ماددەکان نەسەقی خۆی وەردەگریتەوە هەتا ئەخیر ماددە، بۆیە ئێمە موکەرەرمان ئیستعمال کرد، هەروەها موزافە ومولغاتیشمان ئیستیعمال کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا جارێ دەمەوێت یەك شت روون بکەمەوە، ئەو هەیئەتەی ئەقالیم، هەیئەی ئینتیخاباتی ئیقلیمی کوردستان ئەوەیە، ئەوە هەیئەیەکی کوردستانی نیە 100٪ ، ئەوە جوزئێکە تابعی موفەوەزیەی عولیای ئینتیخاباتی عیراقیە، ئەوە یەك، دووەم: ئێمە ئەگەر بڵێین موفەوەزیەی عولیای موستەقلی ئینتیخاباتی عیراقی، خۆی ئەوە کولیەکەیە، جوزئیەکەی مەکاتبی چیە و قانونی چیە و ، چۆن لە قانون دێن باسی جوزئەکان دەکەن، خۆی دەبێت باسی ئەوەی بکەی، سێیەم: موفەوەزیە خۆی چ دەڵێت، لە ماددەی 2 لە بڕگەی 4 دەڵێت (تقوم هيئة الاقاليم للانتخابات بالتنسيق والتعاون مع المكتب الوطني بمهام الادارة والتنظيم الانتخابية الاقليمية والمحلية الخاصة باقليم تحت اشراف المفوضية عليا المستقلة للانتخابات)، یەعنی ئەگەر باسی هەیئەی ئینتیخابی دەکرێت، بە خۆی باسی کردووە، بە تایبەتی لە بڕگەی 2 دەڵێت (تطبق المفوضية العليا الانظمة والتعليمات الخاصة باجراء الانتخابات)، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: رەئیم لەگەڵ رەئی کاك دلێر و کاك کریمە، بەڕاستی ئەو موکەڕەڕە کە دێن، ئێستا 3 ماددە هەیە موکەڕەڕ دەبێتەوە، ماددەی 6 دووجار دەنووسرێت لە قانونەکە لەمەودوا، ماددەی 36 ئەویش دووجار دەنووسرێتەوە، ماددەی 15 ش دووجار دەنووسرێتەوە، بەڕاستی ئەوە سەر لێشێوانێك و ئیرتیباکێك دروست دەکات، قەیدی نیە ئەوە لەگەڵ کاك شێروانمە کە باس دەکات مولغات هەیە و موکەڕەڕ هەیە، بۆ ئەوەی تەرقیمی قانونەکە نەگۆڕدرێت، ئێمە ئەو هەموو موعالەجاتی ترمان هەیە، یەعنی لێرە لە تەعدیلی سێیەم، لە ماددەی سێیەم دەڵێت ( تعدل الماده 7 وتقرأ كالاتي: .......) من دەڵێم ئەو ماددەیە ئەگەر بچێتە ماددەی 7 هیچ ئەشکالێك نیە، رزگار دەبین لەو موکەڕەڕەی، ماددەی 7 چ دەڵێت؟ (للهيئة العليا المستقلة المشرفة على انتخابات المجلس الوطني لاقليم كوردستان ان تحدد الكيفية والطريقة التي تشرف بها على الانتخابات ضمن الوحدات الادارية ولتشكيل اللجان والمراكز الانتخابية ) ئەوە زیادە بە رەئی من، ئەو ماددەیە بێتە جێی ئەو عیلاجی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی ئێمە کە ئەو یاسایەمان هەموار کرد هەدەفمان لە هەموار کردنی ئەم یاسایە ئەوە بوو کە پەرلەمانی کوردستان لە سات و کاتی خۆیدا هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدات، ئەگەر ئێمە موخاتەبەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراق نەکەین، ئایا دەتوانین لە کات و ساتی خۆیدا هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدەین؟ لەوانەیە نەتوانین، چونکە بەڕاستی هەروەکو بەڕێز دکتور ئیشارەتی پێیدا یاسایەکەمان نیە، ئایا دەرکردنی ئەو یاسایە بۆ کۆمسیۆنی هەرێمی کوردستان کاتێکی زۆری ناوێت؟ ئایا دەتوانین لە کات و ساتی خۆمان هەڵبژاردنەکان لە $5/19$ ئەنجام بدەین؟ لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم ئەگەر بێتو موخاتەبەی کۆمسیۆنی باڵای عیراقی بکەین هیچ زەرەرێك ناکەین، چونکە ئەو کۆمسۆنەی ئێرەش بەشێکە لەوێ، ئەوەتا عەلەمی عیراقی چۆن دەڵێین (فترفرف راية العراق فوق سماء دجلة والفرات) لەسەر پەرلەمانیش هەیە، لەسەر سلێمانیش هەیە، ئێ باشە خۆ کۆمسیۆنی باڵای ئێرە، موخاتەبەی عیراق بکەین، بەڕاستی لەو حاڵەتەدا خۆ ئەو کۆمسیۆنەی ئێرەش سەر بە ئەوێیە، وابزانم هیچ کێشەیەك دروست ناکات، ئەوجا هەموو ساڵێك ئێمە کاتێك کە بودجە پەسەند دەکەین لە عیراق نەفەقاتی ئاکیما ساڵی پار $5$ ترلیۆن و کەسرێکیان بڕی و بەشێك لەو پارەیە بۆ تیعدادی سوکانی بوو، یەعنی کۆمسیۆنی باڵای عیراق پارەکەشی لەبەردەستە، ئەگەر پێتان خۆشە هەڵبژاردنەکان دوا نەکەون و لە کات و ساتی خۆیدا بکرێن با موخاتەبەی کۆمسیۆنی باڵای عیراق بکەین، ئەگەر پێشتان خۆشە بمێنینەوە و دەوام بکەین ئەوە موخاتەبەی کۆمسیۆنی باڵای ئێرە بکەن، لە کۆتایی دا زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك کمال قسەی هەیە، ئێمە موخاتەبەی ئێرەشمان کردووە و هی بەغداشمان کردووە، هیچ موشکیلەیەکمان نیە، کاك کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارە مانای ئەوە نیە کە موقاتەعەی بەغدا دەکەین، ئەمە هەڵەیە، نەش چێتە ئەو بابەوە، ئێمە لە هەرێم ئیقلیمێکین، ئەم ئیقلیمەش قودسیەتی خۆی هەیە، کیانێکە، ئەم کیانە دەبێت ئێمە پا دابکوتین بۆ ئەوەی حەقی خۆمان نەدەینە دەست جێگایەکی ترەوە، ئێمە لە هەموو حاڵەتێك کۆمسیۆنی بەغدا ئیشراف دەکاتە سەر وەزعەکە، ئێستا هەندێك برادەر وادەزانێت لە سفرەوە دەست پێ بکەین، کۆمسیۆنی باڵای هەرێمی کوردستان کە ئێستا بەشێکە لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عیراق هەیە و مەرکەزی هەیە و لە هەولێریشە، مەکاتبی هەیە لە هەولێر لە سلێمانی و لە دهۆك، ئەندامیان هەیە، موراقبیان هەیە،

سندوقەکانیشیان هەیە من لەگەڵیان دانیشتووم، دەڵێن ئێوە بەس ئەم هەفتەیە قانونەکە دەربکەن، ئێمە دەتوانین سەرپەرشتی بکەین، ئەوجا لە ناو هەرێم کۆمسیۆنەکە سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکە دەکات، پێویست ناکات خەلەلێك هەبێت یان هەر شتێك هەبێت کە پێویست ناکات هەمووی بنێردرێتە بەغدا و پاشان بێتەوە، ئەمان حازرن لێرە و هەموو شتێکت هەیە، ئیمکانیاتیش هەیە بەس قانونەکە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان موقەسرین تاکو ئێستا و پاشان دێتەوە، ئەوان حازرن لێرە، هەموو شتێکت هەیە، ئیمکانیاتیش هەیە، بەس قانونەکە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان موقەسرین تا ئێستا قانونەکەمان دەرنەکردووە، شتی خۆمان دەدەینە دەست بەغداوە، من لەگەڵ ئەوە نیم، ئێمە جوزئێکین لە بەغدا و عیراق، ئێمە هەرێمێك نین لە ئاسمان، هەرێمێکی فیدراڵین، بەڵام سیقەمان بە خۆمان زیاترە لەبەر کێشە و حەقێکی قانونی و دەستووری خۆشمانە بەو حەقەی خۆمان هەڵبستین، ئەگەر پێمان ناکرێت قانونەکە دەربکەین وەك پەرلەمانی کوردستان، ئەوا ئێمە دەبێت هەموومان ئیعتراف بکەین موقەسرین، چونکە نەمانتوانیوە لەو فەترەیە قانونەکە دەربکەین، کە قانونەکە هەفتەیەکیش نابات، قانونی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژارنی بەغدا بێنە و وەکو ئەو دەری بکە تەنها بڵێ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی دەکات، بە یەك ڕۆژ دەردەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

د.کمال ئەم قسەیەم ئاراستەی جەنابت دەکەم، هەڤدە دانە ساڵە هەتا وەکو ئێستا یاسای هەڵبژاردن لەسەری نووسراوە بەرەی کوردستانی، پەرلەمان و هەڵبژاردنەکان بە یەکەوە هەموار کراوە لەگەڵتانم، هەموار کراوە و جێمان نەکردووەتەوە، باسی موئەسەسات دەکەین، موئەسەسات بە یاسا جیادەکرێتەوە، باشە تۆ چ زەمانەت و گرەنتیەك دەدەی بە ئێمە؟ سیقەمان بە یەکتری نیە لە ناو هەرێمی کوردستان دا کەسمان سیقەمان بە یەکتری نیە، باشە ئەم ئەزمەیە با بڕوات، ئەم هەموو هەڵبژاردنە با بڕوات، سیقە بگەڕێتەوە بۆ خەڵك، با کۆمسیۆنی باڵای عیراق ئەم هەڵبژاردنە ئیشراف بکات، کاکە من 100٪ لەگەڵ قسەکانی مام رشادم، سیقە نەماوە لە نێوان ئەم خەڵکە دا لەگەڵ دەسەڵات و حکومەت دا، چۆنی بگەڕێنینەوە؟ بەو نەوعە دەیگەڕێنینەوە، ئەم هەڵبژاردنە با عیراق ئیشرافی بکات، کۆمسیۆنی باڵای عیراق ئیشرافی بکات، بۆ پاراستنی ئەو سیقەیە، لە دوای ئەوەشەوە دەتوانێت پەرلەمانی داهاتوو ئەو بەڕێزانەی کە دێن لەسەرخۆ کۆمسیۆنیش دەست نیشان بکەن، ئینجا لە دوای ئەوەش یاساش دەربکەن، ئێمە هەتا ئێستا نەمانتوانیوە چاودێری دارایی سەر بە پەرلەمانە نەمانتوانیوە دایمەزرێنین، دەگەڕێین بۆ کەسێکی موستەقیل، دەستمان ناکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

پێش ئەوەی كاك كمال جوابتان بداتەوە، خۆم تەوزیحێك دەدەم لەسەر قسەكانت، مەبەستت ئەوەیە سیقە نەماوە، لە بەینی ئەحزابە كە سیقە نەماوە، ئەوە لەسەر كۆمسیۆنە نەك بەینی میللەت و دەسەڵات، هەتا ئەوە من بۆت چاك دەكەمەوە، لەبەرئەوە بە تەئكید ئەو سیقەیە مەوجودە وبەهێزیش بووە، ئەگەر گلەییش هەبێت، بەڵام سیقە لە بەینی ئەحزاب دا لە هەموو عیراق دا نیە، فەرموو تەماشای ئەو هەڵبژاردنانە بكە، هیچ كیانێك نیە بە كیانی مالكیشەوە شكایەتی نەكردبێت لە كۆمسیۆن، متمانەی نیە جا ئەوە چەندی ڕاستە، ئەوە مەوزوعێكی ترە، فەرموو كاك كمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

سوپاس بۆ خوشكە سۆزان بۆ بۆچوونەكەی، هەموو بۆچوونێك جێگەی ڕێزو ئیحترامە، بەڵام لە هەرێمی كوردستان سیقەمان بە خۆمان هەیە، سیقەمان بە خەڵكی كوردستانیش هەیە، سیقەمان بە هەموو حیزبەكان هەیە، ئەوەی مەعارزی ئێمەشن ئیحترامی ئازادی بیروڕایان دەگرین، ئەوە زۆر زۆر تەبیعیە ئینسانێك یان تەنزیمێك یان گروپێك یان حیزبێك بە شێوەیەك نەقدت بكات، ئەگەر لە ئێمە نەقد نەكرێت و قبوڵی نەقد نەكەین مانای وایە دەچینە ڕیزی ئەوانەی كە ئیمانیان بە دیموكراسی نیە، بۆیە شەعبی كوردستان من لەو قەناعەتەم بە هەموو ئەترافی عیلمانی و بە هەموو كۆمەڵگای مەدەنی سیقەی بەیەكە، ئەو ئیستیفتایەش بوو كە چەندین جار كراوە لەناو كوردستان ئەو ڕێژە بەرزەی بە دەست هێناوە، مانای ئەوەیە خەڵكی كوردستان باوەڕی بەیەكە، باوەڕیشی بە دیموكراسی هەیە، باوەڕی بە هەموو چین و توێژێك هەیە، ئێمە ئەگەر بیهێنینە ئەو بارەی بڵێین سیقەمان بە خۆمان نیە، با بەغدا بیكات و فاتیحە لەسەرمان بخوێنن، من بە خوشكی عەزیزی خۆم سۆزان خان دەڵێم وەكو پەرلەمان یاسایەكە بەیەك ڕۆژ دەردەكرێت و ئەوەی ناوێت، وە زۆر زۆر تەبیعیە و كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی هەرێمی كوردستانیش حازرە، ئەوە مەكتەبی هەولێر بەڕێزێك بەرپرسیەتی بەناوی كاك هەندرێن، مەكتەبی سلێمانی كاك سید طاهر، مەكتەبی دهۆك كاك بەیارە، مەسئولی هەموویان كاك د.علی، هەیكەلەكە داندراوە، بەغدا موافەقەتی كردووە، كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی عیراق، بە ئێمە دەڵێت یاساكەتان دەربكەن و خۆتان ئیشكەی خۆتان بكەن، ئێمە موقەسرین خوشكان، برایانی بەڕێز، لە قسەی كۆتایش دا دوا ڕەئی بۆ ئێوەیە، هەركەسێكیش ڕەئی ئازادی خۆی هەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تاڤگە خان فەرموو.

**بەڕێز تاڤگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

به نیسبەت کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراقی بمانەوێت و نەمانەوێت، ئێمە کاتێك کە پەرلەمان پێشنیارەکەی دا بە مەکتەبی کوردستان، یەکسەر ئەوان ناردیانەوە بۆ بەغدا بۆ ئەوەی رەئی ئەوانیش وەربگرن، لە کاتی ئنتیخاباتیش بە هەماهەنگی، مادام لە یاسایەکە هاتووە هەماهەنگیە، مانای ئەوە نیە کە ئێمە بڕیارمان دا کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراقی دەستەکەی لێ لاببەین، مانای وابێت ئیشی خۆمان دایە ئەوان، بەڵکو هەردوو ئیشەکە هەماهەنگیە، ئەوان و کوردستانیش ئیشرافی دەکەن، ئینجا کۆمسیۆنی باڵای عیراقی خاڵی نیە لە کورد، پڕە لە کورد کە کۆمەڵێك کوردی کارای تیایە، ئەندامانی هەموو پێکهاتەکانی تیایە، بۆیە منیش لەگەڵ ئەوەم کە موخاتەبەمان بۆ کۆمسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراقی بیت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا رۆستایی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، خۆی موشکیلەیەك هەیە ئەوەی لە ئەخیری قسەی بکات، لەبەرئەوەی کەس نیە تەئیدی بکات لە پاشی خۆی ئیقتراحەکانیشی لەوانەیە زۆر بە هەند وەرنەگیردرێت وەکو ئەوەی کە دوێنێ ڕووی دا، وەڵڵا من دەست خۆشی لەو هەستە ناسکەی د.کمال دەکەم، هەم ئەو شتێکی واقعی جوانی هەرێمی کوردستانی پیشان دا بە سیقە و متمانە و خۆشە ئینسان بە تەفائولەوە قسە لەسەر واقیعەکە بکات و دڵ خۆشی بداتە خەڵکی کوردستان، ئەوە شتێکی زۆر زۆر باشە، حەریس بوونیش لەسەر ئەوەی کە هەرێمی کوردستان هەموو مافە دەستووریەکانی خۆی مومارەسە بکات، هەیئەتێك حەقمان هەیە دەری بکەین، قانونێك حەقمان هەیە و دەری دەکەین، ئەوە زۆر زۆر چاکە و لە جێگای خۆیەتی، خولی رابردووی پەرلەمان لە 2004/11/20 تەعدیلی کردووە و لە تەعدیلەکەی دەڵێت تەشکیلی هەیئەتێك بکرێت، مانگێکی مابوو لە بۆ ئینتیخابات ئەو تەعدیلە کراوە فریا نەکەوتوونە بیکەن، ئێمە دوو، سێ مانگمان مابوو بۆ ئینتیخابات لەوە ناچێت فریا بکەوین، باوەڕ ناکەم فریا بکەوین، بەڵام پێمان دەکرێت وەسیەت بکەین بۆ خولی دوای خۆمان کە ئەوان لە ساڵی یەکەم تێی نەپەڕێنن و ئەو هەیئەتە دروست بکەن، بەسە تا کەی؟ وەسیەتیش هەر لە ئەخیر مەرحەلە ئینسان دەیکات، لە ساڵی یەکەمیان پەلە بکەن لە دروست کردنی ئەو هەیئات و ئەو مفەوەزیاتانەی هەرێمی کوردستان، حەقی خۆیەتی هەیبێت، نەبوونی دەستووری هەرێمی کوردستان هیچ ڕێگرێکی نەبووە، چونکە ئێمە حەقێکی دەستووری خۆمانە، من لەگەڵ ئەوەدام کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان سەرپەرشتی ئینتیخاباتەکان بکات، لەبەرئەو سەبەبەی کە ئێستا باسم کرد، هەرچەندە ناوی کۆمسیۆنی سەربەخۆیە، بەڵام پێم وانیە نوێنەری لایەنە سیاسیەکان سەرپەرشتی بکەن، ئەوانی لە هەرێمی کوردستانیشن لەگەڵ ڕێزم لەبۆیان، بەڵام قسە لەسەر سەربەخۆییان هەیە، خۆ ئەگەر ئێمە بێین کۆمسیۆنی سەربەخۆ دروست بکەین، بەڕاستی دەبێت ئەو کەسانە هەڵبژێرین

كه فعلەن سەربەخۆن، ئینسانی تەكنۆكراتن و ئەكادیمین و لێهاتوون، ئەو كاتە قسە و باسمان لە حیزبەكانیش لەسەر ئەو مەوزوعە، ئەو سیغەیەی كە لە تەعدیلەكە و لە لیژنەی یاسایی و ئەو برایانە نووسیویانە، من پێم وایە دەقیق نیە، ئێستا بڵێی (تحل المفوضیة العلیا محل الهیئة العلیا) كەئەنەهو هەیئەی عولیا مەوجودە، لەڕاستی دا مەوجود نیە، سیغەكە بەو شێوەیە باشە (تشرف المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات فی العراق علی الانتخابات) بە شێوەیەكی گشتیش باسی موحافەزات و ئەوەش نەكرێت (لحین تشكیل المفوضیة المستقلة للانتخابات فی الاقلیم) ئەوە دەقیق ترە، ئێمە ئەوە لە قانونەكە هەیە و لای دەبەین، خاڵێكی تر بۆ زیاتر نەزاهەتی ئینتیخاباتی داهاتوومان و بۆ زیاتر شەفافیەتی ئینتیخاباتی داهاتوومان من داوا دەكەم لە لە (ثانیا) كە باسی موفەوەزیە دەكات، ئەنزیمە و تەعلیماتی خۆی جێ بەجێ دەكات و مورافەعاتی ئەو قانونە دەكات بڵێین (بالتعاون مع السلطة القضائیة فی الاقلیم) دەزانم موفەوەزیە دەچێت لەگەڵ ئیتیحادی حقوقین و لەگەڵ نەقابەی موحامین و تەنسیق دەكات و ئەوان لەسەر سندوقەكان دادەنێن، بەڵام ئەوە هەردووكیان هەیئاتی حیزبن هەتاوەكو ئێستاكە، بەڵام سوڵتەی قەزائی لە هەرێمی كوردستان ئیحترامی خۆی هەیە و ئەگەر بڵێین (بالتعاون مع السلطة القضائیة) ئەوە باشترە مودەعی عام و موحەققی عەدلی و قازیەكان و ئەوانە بەكاردەهێنێت لەسەر مەراكزی ئینتیخابی، پێم وایە زۆر مورتاح تر دەبین لە نەزاهەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك زانا فەقت مولاحەزەیەك عەرزی جەنابت بكەم، ئەویش ئەوەیە هەیئەی عولیای ئینتیخابات لە قانون دا مەوجودە، بۆیە دەبێت بە قانون ئیشارەتی پێ بكرێت ئەوە جێگەی ئەو دەگرێتەوە، چونكە لە قانون دا هەیە، هەیئەی موفەوەزیەی عولیا جێی بگرێتەوە، لەبەرئەوەی لە قانون دا ناوی هاتووە، د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێوەی بەڕێز هەرچیەكتان لە سەرۆكایەتی پەرلەماندا من پێم وایە لەم بابەتە زیاتر لە هەمووومان شارەزایتان پەیدا كردووە، چونكە وەكو ئاگادارین پەیوەندیتان كردووە بە لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەكانەوە، هەروەها هەردووكتانیش جەنابت و كاك د.كمال لە كۆبوونەوەكانی سەرۆكایەتیش لەگەڵ كاك فرست دا و لە گەڵ كۆبوونەوەكانی هەر سێ سەرۆكایەتیش بەشداری دەكەن، لەبەرئەوە پێم وایە ئایا ئەو پێشنیارەی كە كاك د.كمال دەیكات من بەش بەحاڵی خۆم پشتگیری لێ دەكەم ئەگەر بتوانین، بەڵام ئایا ئەو زەمەن و ئەو كاتەی كە بە دەستمانەوە ماوە لەگەڵ مەسائیلی ماددی كە دێتە پێشەوە، ئایا ئێمە دەتوانین ئەوە جێ بەجێ بكەین؟ یان ناتوانین جێ بەجێ ی بكەین، لە حاڵەتێك دا ئەگەر ئەوەش بتوانین وەك ئەوەی كە جەنابی پێشنیاری دەكات، ئێمە ناتوانین ئەو لیژنە باڵایەی كە خۆمان دروستی دەكەین بەو نەوعە ئەم هەیئەتەی كە ئێستا هەیە جێ ی دەگرێتەوە، ناتوانین، چونكە ئەوەی بەشێكە لە هەیئەی لیژنەی باڵای

هەڵبژاردنەکانی بەغدا، هی عیراق هەمووی، یەعنی ئەو بەشێکە لە ئێمە، ئێمە ناتوانین قەرار بۆ ئەوان دەربکەین و بیان کەین بە بەدیل و لە هەرێمی کوردستان بێت و، بیان کەین بە هەیئەتێکی سەربەخۆ، ئێمە ئەوە ناتوانین، تەنها ئەوە دەبێت هەیئە باڵاکەی بەغدا ئیلغای بکەنەوە، لەبەرئەوە ئەگەر دەکرێت باشە، ئەگەرنا ئەو پێشنیارەی کە جەنابت کردت من پێم وایە ئەوەیان واقعی تر دەبێت لە گەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.نوری، سەرۆکی پێشووی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان، فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ڕێگام بدەن هەندێك ڕوونکردنەوە هەیە بۆ ئەوەی بیخەمە بەرچاوی ئێوەی بەڕێزو ئەندامانی پەرلەمان، لەسەرەتاوە لە ناوەڕاستی ساڵی 2004 کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عیراق بە بڕیارێکی بریمەر دروست کرا، ئاماژەی بە ئەوە کردبوو کەوا مەکتەبی هەرێمی کوردستانیش تێدا هەیە، پاش ئەوەی کەوا من دەست نیشان کرام بە سەرۆکی ئەو دەستەیە لێرە، ئێمە هەستاین لیژنەیەکمان دروست کرد وەکو ئەنجومەنێك بۆ هەرێمی کوردستان لە شێوەی ئەوەی کەوا لە بەغدا هەیە، سەرۆکی هەر سێ کۆمسیۆنەکە من و جێگرەکەم کە کاك شوان مفتی بوو، نیزامێکمان بۆ خۆمان داناو ناردمان بۆ بەغدا، داوامان لێی کرد پەسەندی بکەن، ئەوان بەشێکی زۆری داواکاریەکانی ئێمەیان ڕەد کردەوە، کار گەیشتە ئەوەی کەوا ئەگەر بێتو ئەوان ڕازی نەبن بە کەمترین داواکاری ئێمە، ئێمە بڕیارمان دا پێکەوە هەر پێنجمان دەست لە کاربکێشینەوە، ئەوجا ڕازی بوون بە دامەزراندنی هەیئەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان، مایەوە مەسەلە داراییەکە، هەر بۆ ئەوەی کەوا کەم دەسەڵاتی بدەنە هەیئەکەی ئێمە پارەیان بۆ هەولێر نارد، بۆ سلێمانی و بۆ دهۆکیشیان نارد، بۆ ئێمە پارەیان نەنارد، پێنج، شەش نامەمان بۆ ناردن فایدەی نەبوو، ئێمە ناچار بووین پارە بە قەرز وەربگرین لە دەستەی هەولێر، پاش ئەوە من پەوەندیم کرد بە جەنابی مام جلال و جەنابی کاك نێچیرڤان لێرە، گوتمان وەزعەکەمان بەو جۆرەیە، ئێوە هاوکاریمان دەکەن لەڕووی مادییەوە، چونکە ئەوان نایانەوێت دان بە ئێمە دابنێن، هەردوولا گوتیان هەتا نیو ملیۆن ئێمە دینارتان دەدەینێ، نامەیەکم نووسی بۆ سەرۆکی کۆمسیۆنی بەغدا و گوتم لە ماوەی 24 سەعات دا ئەگەر پارەمان بۆ نەنێرن ئێمە پارە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەردوو ئیدارەکە وەردەگرین، لە ماوەی 24 سەعاتدا سکرتێری کۆمسیۆن بە ملیۆنێك دۆلارەوە هات بۆ هەولێر و پارەکەی بۆ هێناین، ئێمە بەردەوام بووین لەسەر کارەکانی خۆمان بە پێی ئەو نیزامەی کە خۆمان دامان نابوو، بەڵام پاشان کە ئەو کۆمسیۆنە نەما، کۆمسیۆنی ئێستا پرۆژە قانونێکی ئامادە کرد و نوسخەیەکیشیان ناردبوو بۆ هی ئێرە (کاك صالح محمد امین) کە ئەو سەردەمە ئەو سەرۆك بوو، پەیوەندی پێوە کردم گوتی پرۆژەیەکیان بۆ ناردووینە هیچ باسی ئێمەی تێدا نەکراوە، تەنها وەکو شتێکی ڕواڵەتی نەبێت، پێکەوە دانیشتین پرۆژە

قانونێکی باشمان دانا، ئەوەی کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە ئامادەمان کرد، هێنام بۆ لیژنەی قانونی و لێرە پێکەوە تاوتوێمان کرد، شتێکی باشمان ئامادەکرد و نوسخەیەکیشمان نارد بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق بۆ ئەوەی کەوا پشتگیری لێ بکەن، بەداخەوە نەیانتوانی بوو کەوا پشتگیری لە داواکاریەکانی ئێمە بکەن، بۆیە ئەو قانونی ژمارە 11ی ساڵی 2007 پەسەند کرا لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقەوە بە بێ ئەوەی دەسەڵاتێکی ئەوتۆ درابێت بە دەستەی باڵای هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان ئەو دەستەیەی کە ئێستا بەشێکە  لە کۆمسیۆنی باڵا ناتوانێت لە ڕێنماییەکانی ئەوان دەربچێت، بۆیە ئەو هەڵبژاردنەی پەرلەمانی کوردستان و هی ئەنجومەنی پارێزگاکانیش دەبێت بە پێی قانونی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عیراق ئەنجام بدرێت، بەڵام بە پێی قانونی هەڵبژاردنی خۆمان، بۆیە من لەو باوەڕە دام، کەوا ئەوەی کەوا ئێستا پێشنیاز کراوە هیچ تەئسیرێکی نیە و ئەو ماددەیە من بەزیادی دەزانم، هەتا ئەو ڕۆژەی کەوا دەستووری هەرێمی کوردستان پەسەند دەکرێت، ئێمە کۆمسیۆنێکی سەربەخۆ بۆ هەرێمی کوردستان ئەو کاتە کە دروست دەکرێت بە قانون ئەو کاتە ئێمە دەتوانین بڵێین کەوا کۆمسیۆنێکی سەربەخۆمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بیدایەتەن کە هەیئەی ئینتیخابی لە بەغدا ئیشراف لەسەر ئینیتخابات بکات مەخاوفی ناوێت، چونکە ئەگەر مەخاوف هەبێت، یەعنی دیارە موخالەفات هەیە، ئەگەر موخالەفات هەبێت یەعنی ترسمان لە ئەوان هەبێت نا وانیە، بەس ئەوەیە کە ئەوان شتەکان زەق دەکەنەوە، ئەگەر شتێکی کەم هەبێت زۆر زەقی دەکەنەوە، یەعنی بزانە لە وەسەت و لە هەندێك جێگای تر موخالەفاتی ئەوها کراوە ئەگەر تەماشا بکەی بە نیابی سەوت دراوە، یەعنی یەك شەخس هاتووە لەباتی شەش کەسی عائیلەکەی خۆی سەوتی داوە، 10 هەزار عائیلەی کوردی سەوتی نەداوەو کەس باسیش ناکات، ئەوجا بەڕاستی ئەوەی کە ئێمە باسی دەکەین، تەسلیم کردنی شتەکانە لیرە کە بە خۆمان شتەکانی خۆمان تەسلیمی ئەوان دەکەین، ئیسارەش نیە، دەبێت ئەوهاش بێت، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا تەفسیر لە کێیە کە  هەتا ئێستا ئەو هەیئەیە لێرە دانەمەزراوە؟ ڕاستە تەفسیر لە ئێمە نیە، بەس ئایا تەفسیر لە ئەوانەی بەغداشە کە ئەوان محاوەلەیان نەکردووە کە ئەو هەیئەیە لێرە دابمەزرێت، بۆ هەتا ئێستا بیری لێ نەکراوەتەوە، بەڕاستی ئەوە حەقی ئەوەی هەیە ئەو نەوعە شتانە هەڵوەستەی لەسەر بکەی و پێداچوونەوەی پێدا بکەی، ئەگەر بێتو تەماشای قانونەکەش بکەی لێرە لە فەقەرەی دووەم ئەگەر ئەوان هەر قانونی خۆیان بەکاربێنن و ئەنزیمە و تەعلیماتی خۆیان

بەکاربهێنن موفەوەزیەی عولیا، مانای ئەوەیە ئەوە ئیستیفادەی نیە، چونکە دەڵێت (للمفوضية العليا) یەعنی بۆی هەیە قەوانینەکان و ئەنزیمەکانی ئێمە بەکاربهێنێت و بۆشی هەیە بەکاری نەهێنێت، ئەوجا بەڕاستی یەعنی لێرە با هەڵوەستەیەکی لەسەر بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، قسە زۆر کرا، فەرقێکی ئەوتۆ نیە لە نێوان تروحاتەکانی موتەناقز، هەمووومان کۆکین لەسەر ئەوەی هەیئەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە کوردستان دا دەبێت دابمەزرێت و سەربەخۆ بێت و سەر بە هەرێم بێت، سەربەخۆ بێت لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عیراقیش، بەڵام دانەمەزراوە ئەوە، ئەو سیغەیەی کە ئێستا هاتووە عەمەلیەن موفاتەحەی ئەو هەیئەیەی ئێرەمان کردووە و نامەمان بۆ نووسیون و بە ڕەسمی پێمان گوتوون کە دەمانەوێت 5/19 هەڵبژاردن بکەین، ئەوان نامەکەیان ناردووە بۆ بەغدا و بۆ کۆمسینی باڵای هەڵبژاردن، وەڵامیان هاتووەتەوە لە پاشان تەلەفۆنیان بۆ من کردووە لە بەغداوە، گوتوویانە ئێمە پێویستیمان هەیە بەوەی کە موباشەرەتەن لەگەڵ ئێوە هەندێك شت باس بکەین، هەندێك شتیش لە ڕێگەی کۆمسیۆنی باڵا لە هەرێمی کوردستاندا، واتە ئێمە ئیلغای کۆمسیۆنی هەرێمی کوردستان ناکەین، ئیشەکان زۆریش ئەوان دەیکەن، بەڵام لە زۆر وردەکاری دا ڕاستەوخۆ پەیوەندیمان لەگەڵ یەك دەبێت لەگەڵ بەغدادا، بە تەئکید کۆمسیۆنی باڵا لەگەڵ هەرێم قسە دەکات و من نامەوێت زۆر قسە بکەم، دوو ئیقتراح هەیە، کە یەکەمیان تازەیە ئەو ئیقتراحە، یەکەم: تەنها لە (اولا: تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات) پاش ئەو دەڵێت ( هيئة انتخابات اقليم كوردستان) ئەوەندە شەتب بکرێت، واتە بگوترێت (تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات العراقية محل الهيئة العليا لانتخابات برلمان كوردستان العراق الواردة فى هذا القانون للاشراف على انتخابات الدورة الانتخابية للبرلمان وادارته لحين تشكيل الهيئة العليا للانتخابات فى الاقليم) لێرەشدا ئاماژەی پێکراوە تا ئەو کاتەی ئێمە ئەو هەیئەتە دروست دەکەین، ئەگەر توانیمان هەفتەیەکیش دروستی بکەین، ئەوە خۆی لە خۆدا ئیلغا دەبێت ئەو کۆمسیۆنە، کاك د.کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەسڵەن مفەوەزیەی عولیای موستەقیلە لە ئینتیخابات خۆی ناوی عیراق لەسەر خۆی لاداوە، ئێمە لێرە (العراقيه) یەمان بۆی ئیزافە کرد، دەڵێت (المفوضية العليا المستقلة للانتخابات) ناوی خۆی وا لێ کردووە، لەسەر ئەوراقەکانی وایە، ئێمە عیراقێکمان پێوە نووساندووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نیە، بەڵام مەعروفە کە عیراقە، تۆ خۆت دەڵێی ئەو جێگای هەیئەتی تۆ دەگرێتەوە، کاکە هەیئەت گوتووە؟ کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ چارەسەر كردنی ئەو تێبینیەی كە هین كرا، بڵێین (فی العراق) ئەو وەختە موشكیلەكە حەل دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك شێروان و كاك عونی رەئیتان لەسەر ئەو هینەی عیراق چیە؟ لە قانونەكە ئەوەتا لە پێشمانە (جمهورية العراق المفوضية العليا المستقلة للانتخابات) یەعنی جمهوریەی عیراقی لە پێشە، عەینی شت دەكاتەوە، بەڵێ كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بنووسی (العراقیە) و نەنووسی هەر عیراقیە، تەواو، (العراقیە)ی با پێوە نەبێت لەبەر خاتری كاك د.كمال.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نا، نا خۆی دەزانی بۆچیە؟ بۆ ئەوەیە كە ئاماژەمان كردووە كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستان سبەینێ خۆشمان پرۆژەیەكمان هەبێت ئەو كۆمسیۆنە دادەمەزرێنین، دەبێت فەرقی هەبێت، ئەوێ ناوی باڵایە، ئێرەش ناوی باڵا دەبێت، كاكە ئەوهای هین دەكەین ئەگەر موافەقتان كرد ئەوا باشە، (للمفوضية العليا المستقلة للانتخابات العراقية، هيئة الانتخابات لاقليم كوردستان ـ العراق) ئەوە لادەبەین و شەتب دەكرێت، دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی ئەو فەقەرەیە بخەینە دەنگدان، (تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات العراقية محل الهيئة العليا لانتخابات برلمان كوردستان العراق الواردة فى هذا القانون للاشراف على انتخابات الدورة الانتخابية للبرلمان وادارته لحين تشكيل الهيئة العليا للانتخابات فى الاقليم)، كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بكات تكایە؟ كاك د. كمال فەرموو فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.كمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئارای موختەلف هەبوو، ئەوەش بخە دەنگدانەوە با دەنگیش نەهێنێت، بەڵام بە پێی نیزام بیخە دەنگدانەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئارای موختەلف هەبوو، ئەگەر دەنگی نەهێنا  بە تەئكید رایەكانی تر، نەسەكە وەكو خۆیەتی موقتەرەحی تازە ئەوەبوو ئەو هەیئەی ئینتیخاباتی ئیقلیمی كورستان شەتب بكرێت، من ئەوەم خستە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەو كاتە رەئیەكەی جەنابت بە تەئكید دەخەینە دەنگەوە، كاك عثمان  فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە لەو تێكەڵی و پێكەڵیەی لای خۆتان ئێمەش سەرمان لێ شێواوە بەڕاستی، ئەم هەمموو موناقەشەیە، هەمووی یەك مەسەلەیە، ئێمە ئێستا ناوێكمان لە خۆمان ناوە كە وا نیە، دەڵێین لیژنەی هەڵبژاردنەكانی

کوردستان که نیمانه، که نیمانه ئەوەی لەسەر خۆمان ڕەش بکەینەوە چی بکەین، چ موشکیله هەیە، کەنگی مەجالمان هەبوو لیژنەیەکی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان له کوردستان دادەنێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازناز خان تکایه با نوقتەی نیزامی بێت، تکایه وەکو جاری پێشوو نەبێت، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دوێنێ تەعلیقمان لێ دەدرا دەیانگوت هەموو شتەکان له مەکتەبە سیاسیەکان بڕیاری لەسەردەدرێت و داروە، ئێمەش مەجبورین بپرسین ئایا بڕیاری لەسەرنەدراوە؟ ئایا سەرکردایەتی کورد جا به جیهەتی تەنفیزی و تەشریعی و سیاسیەکە هەمووتان به یەکەوە دانیشتوونە، دیارە تاوتوێی وەزعەکەتان کردووە که دەزانن دەبێت کۆمسیۆنی باڵای عیراق ئەو هەڵبژاردنە بکات، نازانم ئێستا ئێمه بۆ ئەو وەزعە له خۆمان تێك دەدەین و خۆمان دەشێوێنین، بەڵام ئێمه که جەنابی د.کمال که خۆی گوتی ئێمه موقەسرین، ڕاستە بەرلە هەموو کەسێکیش سەرۆکایەتی پەرلەمان موقەسرە لەوەی که ئەو قانونەی دەرنەکردووە بۆ ئەوەی جیهاتی تەنفیزیش ئەو قانونە پیادە بکەن و ئەو کۆمسیۆنە تەشکیل بکەن، ئێستا درەنگ نیه ئێمه له ئێستاوە دەتوانین ئیش بۆ ئەو قانونە بکەین، له هەفتەی داهاتووەوە لیژنەی یاسایی دەتوانێت ئیشی بۆ بکەن، بەڵام با ئەوە بڕوێنین، لەوەی زیاتر با تەئخیری نەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەڵەن، ئێمه ئیتیفاقمان هەیه نه باسیشمان کردووە و نه هیچی تریش، بەداخەوە که وا دەڵێی، دووەمیش بەڕاستی بۆ ئەوەی هین نەبین، موفەوەزیەی عولیای موستەقیلەی ئینتیخاباتی عیراقیش پێوە نەبێت، هەر مانای عیراقەکەیه له قانون دا، بەڵام لەوێ نووسراوە (جمهورية العراق / المفوضية العليا للانتخابات)، حەز دەکەن با ئەوەشی نەگوتووە، موشکیله نیه وەکو کاك ئارێز گوتی بۆ ئەوەی ڕەئیەکان لێك نزیك ببێتەوە، ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، ئەو موقتەرەحە تازەیە (تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات العراقية محل الهيئة العليا لانتخابات برلمان كوردستان العراق الواردة فى هذا القانون للاشراف على انتخابات الدورة الانتخابية للبرلمان وادارته لحين تشكيل الهيئة العليا للانتخابات فى الاقليم)، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دانیە، به یەك دەنگ ئیعتراز کرا، ئەوە بۆتان روون بێتەوە، ئەوەی که هەر وەختێك د.شکریە که پرۆژەیەك سبەی تەقدیم کرا 10 ئەندام هین بکات بۆ تەشکیلەکە با بێتە ئێرە، ئەگەر توانیمان تەشکیلەکە وەکو گوتم به هەفتەیەك تەواوی بکەین و هەیئەتەکە دابنێین قانونەکەش ئیسدار بکرێت، میزانیەی بۆ دابنێین،ئەو هەیئەتە یەکسەر جێگای ئەوە دەگرێتەوە، خاڵی دووەم: (للمفوضية العليا تطبيق الانظمة والتعليمات الخاصة بها على انتخابات برلمان كوردستان ـ العراق بما لايتعارض مع الاحكام الواردة فى هذا القانون........) تەبعەن زۆر هاتووە موختەسەرەکەی پێم باشە لیژنەی

قانونی تەماشای بکات، کاك عبدالرحمن مولاحەزەیەکی بۆ ناردم جێگای خۆیەتی و سوپاسی دەکەم، ئەو وا لێ بکەن هەمووی دەگرێتەوە کە موقتەرەحی خۆشتان بووە، دەیخوێنمەوە و دەیخەمە دەنگدانەوە لە جیاتی ئەو تەفسیلاتە نەوەکو شتێکمان لە بیر چوو بێت لەو ئەحکامە داهەبێت، حەسری نەکەین بە ( بما لایتعارض مع .. فلان شت و فلان شت) هەموو ئەحکامی ئەو قانونە ئەگەر تەعاروزی کرد بۆیان نیە هین بکەن، دووەم: (للمفوضیة العلیا تطبیق الانظمة والتعلیمات الخاصة بها علی انتخابات برلمان کوردستان ـ العراق بما لا یتعارض مع الاحکام الواردة فی هذا القانون) کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ تەعلیماتی خۆیان هەیە، لەگەڵ ماددەی 9 بە هەردوو بڕگەیەوە دەیخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵە دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا کاك د.کمال لەگەڵی نیە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەبیعی ئەو ماددەیە تەسویتی لەسەر کراو بڕایەوە، بەڵام زۆر قسە لەسەر ئەوە کرا کە کەئەنەهو ئێمە موقەسرین و کۆمسیۆنمان نیە، ڕاستە، بەڵام تەفسیرەکەی یەك لایەنە نیە، تەفسیرەکە هەمە لایەنەیە، ئەوەڵەن دروست کردنی هەر مەسەلەی قانونێك نیە، مەسائیلی ئیداری تێدایە، مەسائیلی فەنی تێدایە، مەسائیلی ئەوەی تێدایە عەجەبە لە زمنی نەفەقاتی سیادیە مەسارفی ئەو کۆمسیۆنە یان نا؟ ئەمانە بەڕاست دەبێت هەمووی یەکلابکرێتەوە، یەعنی ئەوە نیە 10 ئەندامی پەرلەمان پرۆژەیەك تەقدیم بکەین بە بێ ئەوەی ڕەئی وەزارەتی تەختیت و وەزارەتی مالیە وەربگرین و بیهێنینە ئێرە بە مانگێك و دوو مانگ تەواوی بکەین بەڕاستی، بۆیە بە حەقیقەت ئەمە دروست کردنی هەیکەلیەتێکە لە هەرێمی کوردستانی عیراق، ئەو هەیکەلیەتەش هەر وەکو ئیشارەتم پێیدا پێویست بە دەزگایەکی ڕێك و پێك و تۆکمە هەیە، نەك ئەو دەزگایەی کە ئێستا هەیە لە هەرێمی کوردستان ئەوە بکەینە کۆمسیۆنێکی خۆمان، ڕەنگە ئیعادەی نەزەرلە تەشکیلاتەکەی دەکەین بەو شێوەی کە خۆمان دەمانەوێت، بۆیە بەڕاستی پێویستی بە موشاوەرە کردنە لەگەڵ حکومەت و لەگەڵ دەزگاکانی پەیوەنداری حکومەت، لەگەڵ لیجانی پەیوەنداری پەرلەمان، بۆ ئەوەی بە هەموو لایەك بتوانین پرۆژەیەکی یاسا بێنینە ئەو پەرلەمانە بەڕێزە، لێرە گفتوگۆی لەسەر بکەین و دەنگی لەسەر بدەین، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو قانونە پەسەند بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

بەڕێزان لیژنەی یاسایی بۆ ماددەی 10، مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی 8

ئەم ماددەیە بۆ یاساکە جێگیر دەکرێ و بۆی دەبێتە ماددەی 36 دووبارە، ماددەی 36 دووبارە:

1 ـ 5 کورسی تەرخان دەکرێت بۆ کلدان و ئاشوری و سریان کە پاڵێوراوانی ئەو پێکهاتانە کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

2 ـ 5 کورسی تەرخان دەکرێت بۆ تورکمان کە پاڵێوراوانی ئەو پێکهاتەیە کێبڕکێی لەسەر دەکەن.

3 ـ دەنگدەرانی ئەو پێکهاتانەی باسکران پاڵێوراوی پێکهاتەکە هەڵدەبژێرن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

فەرمووو کاك عونی بە عەرەبی بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة رقم 8

تظاف المادة التالية للقانون وتصبح المادة 36 مكرر له:

1 ـ تخصص 5 مقاعد للكلدان والاشوريين والسريان، يتنافس عليها مرشح المكونات المذكورة.

2 ـ تخصص 5 مقاعد للتركمان يتنافس عليها مرشح المكون المذكور.

3 ، يجرى انتخاب مرشحى كل مكون من قبل الناخبين من المكونات المذكورة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

ئێستا بەڕێزان کێ دەیەوێت لەسەری قسە بکات، کاك محمد فەرمووو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەو قەرارە قەرارێکی زۆر باشە و لە زۆر وڵاتانی دونیاش هەیە و ئەوە یەکێکە لە ئەو بنەمایانەی دەڵێت دیموکراتی حەقی لە زۆرینە و کەمینە نیە، مافی ئەوانی تریش دەدات، ئەوە کارێکی باشە و دڵنیاکردنەوەی نەتەوەکانی تریشە لە کوردستان لە مافەکانی خۆیان و هەنگاوێکی گرنگە، بەڵام من یەك، دوو سوئالم هەبوو لەوەی ئایا ئەو نیسبەی کە دانداراوە لە بەینی خوشك و برایانی کلدان و ئاشوری و سریانی، لە بەینی خوشك و برایانی تورکمانیش، بە نیسبە داندراوە؟ یان فەرق هەیە لە بەینیان، یان نیە؟ بۆ هەریەکەیان پێنجە، خاڵی دووەم: ئەوەیە کە ئایا ئەوان بۆ نموونە تورکمان تەنها تورکمان لە هەولێر دەتوانێ بەشداری بکات یان لە کەرکووك و دوبز و تەلەعفەر و شوێنەکانی تریش دەتوانن ئەندام بن لێرە؟ بە نیسبەت خوشك و برایانی مەسیحی و کلدان و ئاشوری و هەر ئەو پرسیارەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی):**

کاك جمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مکەوناتی مەسیحی لە کوردستان نیشانەیەکی پێشکەوتووە بۆ نیزامی دیموکراتی کە ئەمڕۆ هەیە لە عیراق و لە کوردستان، پەیڕەو کردنی لە ڕووی عەمەلی و بەو نیزامەی کە دەڵێن کۆتا شتێکی زۆر چاکە، بەڵام من ئەوەی مولاحەزەی دەکەم مکەونێکی تری مەسیحی فەرامۆش کرا کە ئەوانیش ئەرمەنیەکانن، ئەرمەنیەکان غوبنێکی تەئریخیان لەسەر هەیە، هەر لە ساڵی 1915 ەوە مەجزەرەکە کە ڕووی داوە و تا ئێستاش دەربەدەرن لەو وڵاتانەی کە ئیهتیمام بە حقوقی ئەوان دەدەن، ئێستا لە ئێران ئیهتیمامێکی باشیان پێ دەدەن و نوێنەریان هەیە، لە لوبنان هەر نوێنەریان هەیە، کە ئەو غوبنە تەئریخیشیان لەسەر هەیە، ئەمڕۆ لە کوردستانە، حەقە ئێمە میسالێکی چاکتریش بین، جالیەکی گەورەش هەیە لە ئەورووپا و لە ئەمریکا و کەنەدا، لە زاخۆ و لە مەنتیقەی زاخۆ ژمارەیەکی زۆریان هەیە، کە ئێستا دێهاتیان هەیە، حەقە ئەو مکونە مەسیحیە فەرامۆش نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی کە کۆتا دابندرێت بۆ برایانی کلدان و ئاشور و تورکمان کارێکی زۆر باشە، بێ گومان بۆ ئەوان ئەوە هەوڵێکە بۆ ئەوەی ئەو مافەی کە لە رابردوو هەیان بوو وەری بگرنەوە، بەڵام سەبارەت بە کلدان و ئاشور من قسەم هەیە، لێرە ژمارەیەك ئەندام هەیە کە نوێنەرایەتی ئەوان دەکەن، یەعنی زۆر جار لە دەرەوەش قسە دەکرێت، ئایا بەڕاستی ئەوانە نوێنەری شەرعی گەلی کورد و ئاشورن؟ ئەگەر ئەوانە نوێنەری شەرعینە حەقە ئێمە گوێ لە ئەوان بگرین، خۆیان 5 کەسن، ئەو 5 کەسە چ جۆرە ناوێك هەڵدەبژێرن؟ زۆر بەداخەوە ئەوان تاکو ئێستا یەعنی لەسەر ناو ڕێك نەکەوتوون، جا لەبەر هەر هۆکارێك بێت، من ناچمە ناو هۆکارەکان، یەعنی یەك دەڵێت ئێمە کلدانین و یەك دەڵێت ئێمە ئاشورین، بە نیسبەت ئێمە کە من کەسێکم نە مەسیحیمە و نە کلد و ئاشورم، من بەرژەوەندی ئەوە دەبینم ئەوان یەك میللەت بن، یەك گەل بن، بەرژەوەندی گەلی کوردستانیش لەوەدایە کە لێك نزیك کردنەوە هەبێت، نەك لەیەك دوورکردنەوە، ئێستا لێرە بە سێ بەش نووسراوە کلدان و ئاشوری و سریان، ژمارەی کلدان چەندە و ژمارەی ئاشور و سریان چەندە؟ نازانرێت! ئەوە یەك، دووەم: باشە تۆ ئەگەر جیاوازیت کرد مادام کۆتات دەدەنێ کەواتە دەبێت نەڵێی بۆ ئەوان، ئەگەر هەر پێنج لەوانە دەرچوون و گوتیان ئێمە کلدانین، یان بە پێچەوانەوە، ئەوە جارێکی تر ئێمە کێشەیەکمان بۆ ئەوان دروست کردەوە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم شتێك بکەین کە ئەوانە بۆ نموونە لە ناوەکەی ناوی لێ بنێین گەلی بۆ زیاد بکەین، گەلی کلد و ئاشور یان گەلی کلد و ئاشور و سریانی، یان بەیەکەوە بلکێنین بۆ ئەوەی لەو مەسەلەیە ئێمە تەحەمولی مەسئولیەت نەکەین، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: گوێ لە ئەوان بگرین خۆیان لەسەر چ ناوێك ڕێك دەکەون، ئێمە

وەكو پەرلەمان پشتیوانی لەوە بكەین، لە دەرەوە خەڵكێك چی دەڵێت یان ناڵێت! شتێكی ترە، خۆمان دەزانین ئێزیدی كوردن، یەعنی هەندێك خەڵك هەیە دەڵێن ئێمە كورد نینە، قابیلە ئێمە قسەی ئەوان قبوڵ بكەین؟ شەبەك كوردن، دەڵێن كورد نینە، سبەی كاكەیش دێن دەڵێن ئێمە كورد نینە، هەورامیش دێت وا دەڵێت، یەعنی ئێمە ئەوە قبوڵ بكەین، من داواكارم ئێمە گوێ لە ئەوان بگرین، لەو برایانەو لەو خوشكانەی كە ئێستا لە پەرلەمانن و پشتیوانی لە بۆچوونیان دەكەین، ئەگەر بۆچوونەكەیان یەك بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تەبعەن لێرە ئێمە 5 ئەندامман هەیە لە پەرلەمان، هەمووشیان بە هەڵبژاردن هاتوون جا چ بە لیستی خۆیان، چ لەناو لیستەكانی هاوپەیمانی هاتوون، بەتەئكید بە ناوی ئەوانەوە قسە دەكەن، بەڵام بە داخەوە لەو دوو ساڵەی رابردوودا ئەو مەوزوعە زۆر موناقەشەی كراوە، بە تایبەتی لە پرۆژەی نووسینەوەی دەستوور، ڕێك نین لەسەر ئەوە، من تەمەنا دەكەم یەك میللەت بن، حەزدەكەم ناویان لێ بنێین كلدۆ و ئاشوور، ناویان لێ بنێین كلدان یان ناویان لێ بنێین ئاشوور، موهیم ئەوەیە زمانیان یەكە، هەموو بەزمانی سریانی قسە ئەكەن، بەڵام هەندێكیان پێیان وایە، دوو میللەتی جیاوازن، ڕەنگە كەلتوری جیاوازیان هەبێت، لەڕاستیدا زۆر زەحمەتە بۆ ئێمە لەجێگەی ئەوان قەرار بدەین، ئێمە ئەمڕۆ پرۆژەی دەستوورمان یەكێك لەئەسبابەكانی دواكەوتنی ئەو خاڵەیە، تا ئێستا نەیان توانیوە، بگەنە نەتیجەیەك و پێمان بڵێن بەهەموویان كە ئەو موستەڵەحەیان ئەوێت، ئەڵێن دەمانەوێت بنووسرێت (كلدان و ئاشوور) یەكێكی تر ئەڵێت ئێمە دەمانەوێت فاصیلەی تێدا نەبێت بنووسرێت، ( كلدان ئاشوور سریان) یەكێك ئەڵێت فاصیلەی تێدا بێت، یەكێكیش ئەڵێت نەخێر ئێمە سێ میللەتی جیاوازین، بنووسرێت( الكلدان والسريان والاشور)جا باشە ئێمە لێرە كە موشەرعین ناتوانین بەحەقیقەت قەوانین ڕابگرین بۆ دوایی تائەگەنە نەتیجەیەك، لەبەر ئەوەی ئەو موقتەرەحەی كەوا لێرەدا هاتووە، حەتا تۆزێكیش زیاتر دەسەڵاتمان داوە بەخۆمان كە وەكو نەصی قانونی عێراقی نیە، دەستووری عێراقی ئەڵێت(الكلدان والاشور والسريان) واوەكەیان نووسیوە، واتە كردوویانە بەدوو میللەت، ئێمە قەوسێكمان كردۆتەوە(الكلدان – الاشور – السريان) یەعنی ئەو قەوسە بۆ ئەوەیە، لەدوایدا هەموویان ئەگرێتەوە، وەكو یەك موكەوین سەیریان ئەكەین، ئەوە بەینی خۆیانە كەی ئەگەن بەنەتیجە، بە صیغەیەك ئەیكەن بە (كلدان) یان(ئاشوور) یان( كلدان و ئاشوور) ئەوە مەسەلەیەكی ترە، هەڵبژاردن دوو مانگی لەپێشەوە ماوە، ناكرێت، هەر وەختێك گەیشتنە نەتیجە ئەگەر دەستوریش هەمواركرا و دەرچووبێت، دەگەینە نەتیجەیەك، دەتوانین ئەو موستەڵەحە بگۆڕین، بۆ ئەوە ئەو مولاحەزەمدا بۆ قسەكانی ئەو برایانە، كاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یەکەم: پێدەچێ ئەو هەویرە ئاوێکی زۆر بکێشێ، پێش هەموو شتێك ئێمە ڕێك کەوتووین، من ئێستا یاداشتنامەی (9-10)ی حزب و لایەنە سیاسیەکانی کلدانی وسریانی و ئاشووریم پێیە، هەموویان داوا ئەکەن، کەناوی ئەم گەلە لەدەستووردا بەناوی( کلدانی سریانی ئاشووری) بنووسرێت و تەسبیتیش بکرێت، بەڵام وادیارە و واتێدەگەم، بەڵام لەنێوان دوو کەوانەدا ئەمە هەڵەیە ئەم بیروبۆچوونە، کەباسی هەرشتێك دێت، باسی گەلی ئێمە دێت، پێش وەخت دەڵێن ئەوان خۆیان ڕێك نەکەوتوون، ئێمە ڕێك کەوتووین، من دەپرسم ئایا من نوێنەری ئەم گەلەم؟، یاخود خەڵکانێکی تر ناوی ئەم گەلە دەنێن ولەدەستوورەکەدا دەیچەسپێنن، دووەم: وەکو وتم سەرجەم هێز ولایەنە سیاسیەکانی گەلی ئێمە داوا ئەکەن بەم شێوەیە لەدەستوورەکەدا بچەسپێتەوە، سێیەم: لەنوسخە کوردی و عەرەبیەکە هەریەکەیان بەشێوەیەك هاتووە، چوارەم: حەتا لەمەسەلەی هەڵبژاردندا بەحەقیقەت ئێمە بیروبۆچوونێکی جیاوازمان هەیە، من پێش هەموو شتێك دەستخۆشی لەوە دەکەم، ئەو بیروبۆچوونە لەکوێیەوە سەری هەڵداوە؟، سەرچاوەی ئەم بیروبۆچوونەی کۆتایی بۆ گەلی ئێمە و برا تورکمانەکانیش بکرێت، بەڕاستی ئێمە وەکو ئاشووری لە ساڵی 1992 دا لەپەرلەمانی کوردستاندا بەشدار بووین، بەناوی ئاشووری بوو، ئێستا ئێمەش دەزانین لەوانەیە ئەم ناوە دوورودرێژە تەواو نەبێت، بەڵام من لێتان ناشارمەوە هی ئێمە لەترسەوەیە، ئێمە ترسمان هەیە لەوەی ئێمە وەکو نەتەوەیەکی بچووك، بەبەراورد لەگەڵ کورد و عەرەب لەعێراق و لەکوردستاندا ئێمە جارێکی تر بچووکتر بکرێینەوە، جائێمە داوا ئەکەین بۆ بڕینەوەی هەموو ئەم مەسەلانە بەڕاستی، ناوی گەلی ئێمە بەناوی گەلی( کلدانی سریانی ئاشووری) بنووسرێتەوە، یاخود هەرناوێك کە تەعبیر لەیەکبوونی ئەم نەتەوەیە بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئایا ئێوە هەر پێنجتان دەنگتان پێدا، لەسەر ئەو موقتەرەحە ڕازین، گەلی (کلدان سریان ئاشوور)، ئەگەر هەر پێنجتان ڕازین ئەوە باشە، ببورە گەلاوێژ خان ئێمە ناتوانین یاداشتنامە بنووسین، ئێوە لێرەدا ئەو پێنجەتان سیغەیەکمان بدەنێ و ئێمەش ئیعتیباری دەکەین کەئێوە نوێنەری خەڵکن، فەرموو کاك ڕۆمیۆ.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:.**

من لێرەدا پرسیارێك دەکەم، ئایا ئێستا، ئەگەر ناوی کورد بێتە ناو ئەو مەسەلانەوە هەریەکە قسەیەکی لێ بکات، ئەوە ماوەکە درێژتر ناکرێتەوە؟، ئەویش موشکیلەی بۆ پەیدا ئەبێت، من پێم وایە ئێمە داوا لەئێوە دەکەین وەکو برا کوردەکان، ئەگەر ئێوە پشتگیریمان لێ بکەن و پاڵپشتیمان بکەن، ئێمە هیچ موشکیلەیەکمان نیە، ئەو ناوە زۆر بەئاسانی چارەسەرێکی بۆ دەدۆزرێتەوە، سەرجەم خوشك وبرایانی نوێنەری گەلی ئێمەش لەگەڵ ئەوەدان هەر ناوێك بێت، هەر وشەیەك بێت، هەر زاراوەیەك بێت، بەڵام تەعبیر لەبوونی ئەم نەتەوەیە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە گەلاوێژ خان فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پێشنیارم ئەکرد کاک ئەندریۆس یەکەم جار وەکو ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی لەپێش من قسەکەی خۆی بکات، ئینجا دوای ئەو من تەواوی ئەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا ئەویش لەجیاتی تۆ قسە ئەکات و تەواو هەر یەکێکتان قسە بکەن، چونکە ئێوە هەردووکتان حەرەکەی ئاشووری دیموقراتین، کاک ئەندریۆس فەرموو.

**بەڕێز اندریوس یوخنا گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی من هاوڕام، لەگەڵ قسەکانی کاک رۆمیۆ، ئێمە پێش دوو، سێ مانگ لەمەوبەر بوو، یاداشتمان ئاراستەی لیژنەی دەستوور کرد، ئێمە چوارکەسمان موتەفقین، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە ئێمە هەموو موتەفقین، تەنها خوشکە بایزار موتەفق نیە، لێرەشدا من مولاحەزەم هەیە لەسەر خوشکە بایزار، بەڕاستی خوشکە بایزار هەرچەند ڕێزم هەیە بۆی نوێنەری حزبی کلدانیە، بەڵام ئەو بەخۆی ئەرمەنە، ئەرمەن جیاوازی هەیە لە کلدان وئاشوورو سریان، ئەرمەن نەتەوەیەکی جیاوازە، ئەگینا بەڕاستی ئێمە موتەفقین، ڕاستە ئێمە وەکو بزوتنەوەی ئاشووری داوامان کردووە ناوی کلد وئاشوور ئاماژە پێبکات، ئەوەش بەتەنها بڕیاری ئێمە نەبووە، کۆنگرەی گشتی لە بەغداد لەساڵی 2003 سازکراوە، لەو کۆنگرە زۆرینەی ئەحزاب ولایەنە سیاسیەکان ئامادە بوون، لەسەر ئەو ناوەش موتەفق بوون، بەڵام ئەگەر ئەم ناوە پەسەند نەکرێت ئێمە وەکو ئیشارەی پێدرا هەر ناوێك بێت، بەڵام دەبێ یەکبوونی گەلەکەمان بچەسپێنێ، ئەگەر کلدان وئاشووری نەبێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە هەر لیژنەی دەستووری پێش دوومانگ ڕایگەیاند لە ڕاگەیاندن کە تەسبیت کراوە ناوی (کلدانی سریانی ئاشووری) بەبێ واو وبەبێ فاریزە، بەبێ هیچ فەواصلێك، ئێمە پێنجین، چوارمان موتەفقین کەناومان وەك یەك نەتەوە بێت، بێ فاریزەو بێ فەواصلٚ وبێ هیچ شتێك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

گەلاوێژ خان فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

منیش لەهەمان کاتدا هاوڕای هەردوو برادەرانم کاك رۆمیۆ و کاك اندریوسم لەیەکبوونی نەتەوەکەمان، هیچ مولاحەزەیەکم لەسەر ئەوە نیە، لەخەباتی هەرەگرنگی گەلەکەمان وحزبەکەشمان، ئەوەیە کە دەمانەوێت بیچەسپێنین بۆ هەموو نەتەوەیەك کە ئێمە لێرە هەموومان یەك نەتەوەین، هەر ناوێکمان

هەبێت، بەڵام ئەوەی کە ئیشارەتی پێدا کاک رۆمیۆ( کلدانی ئاشووری) خۆشمان وەکو بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری، لە ئیعلامەکەمان ئەو ناوە بەکاردێنین، ئاشکراشە بۆ هەموولایەك، بەڵام جێگای داخە کە ئەیڵێم لەسەر ئاستی عێراقدا هەمووی، بەمەرکەزو بەهەرێمەوە، لەکەسایەتیە سیاسیەکان بگرە، لەسەرۆکایەتی هەرێمەوە تاخۆمان ئەندامانی پەرلەمان، تا سەرۆکایەتی پەرلەمانیش، هیچ کات بەوناوە بانگمان ناکەن، بووین بەناوی مەسیحی و ناوبانگمان پێ دەرکردووە، ئێمە شانازیمان بەمەسیحیەتی خۆمان هەیەو هیچ کێشەیەکمان لەوە نیە، بەڵام کاتێ من بەرامبەرم بەکورد وبەتورکمان بانگ دەکرێن، منیش بەمەسیحی بانگ دەکرێم، ئەوە لەنەتیجەدا مەسیحی ناسنامەو هەویەی خۆمە، لەبەر ئەوەو بەمەسڵەحەتی گەلەکەی خۆمان دەزانم کە کاتێك ئەڵێم کلد و ئاشووری، ئێمە سەقافەت ولوغەتمان وەکو برادەرانیشم ئاماژەیان پێدا، سریانیە، بەڵام کەئیختیاری ناوی کلد و ئاشووری دەکەین، ئەوە یەکبوونی گەلەکەمانە، خۆشمان لەم پەرلەمانە کەیەکەمجار سوێندمان خوارد، سوێندمان بەیەکبوونی گەلەکەمان خوارد، (کلد و ئاشووری) لەسەر ئاستی هەرێم چەند سریان هەیە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان چەند سریان هەیە لەسەر ئاستی هەرێم، من ئەو پرسیارەتان لێ دەکەم، ئێمە وەنەبێ سریانمان نەوێ، سریان خۆمانین، من زمانم سریانیە، سەقافەتم سریانیە، ئەوەشی کەدیفاعی کردووە بۆ سریان هەر بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری بووە، چونکە پەرلەمانی بەغدادش ئەوەی چەسپاندووە، لەدەستووری عێراقیش ئەوە چەسپێندراوە، دەمەوێت ئەوە ڕوون بێت بۆ هەموو برادەران، وەنەبێت فیتنەیەك بکرێت لەبەینی ئێمەدا، ئێمە ئێستا داوا دەکەین کە برادەرانیش دەپرسن، دەڵێن مەسیحی منیش ئەوە ئەڵێم کاتێ کورد ناوی خۆی ببات بەموسوڵمان منیش ڕازیم تەنها ناوی خۆم بەمەسیحی ناو ببەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم: من پرسیارێکم لەو برایانە هەیە، ئایا سریان قەومیەتە یان لوغەیە، ئەگەر قەومیەتە کامتان سریانن ئەوی تریان شتێکی ترە، دووەم: ئەرمەن هەیە، بڵێین و نەڵێین لەکوردستان هەیە، ئێستاش لەدەستووری عێراقدا هەیەو لەدەستووری ئێمەشدا لەڕەشنووسەکە ئەرمەنمان تێ کردووە، بەڵام لێرە دانەنراوە، من ئیقتراح ئەکەم ئەوەش بێتە ناو پرۆژەکەوە، چونکە ئەوانیش قەومیەتن، لێرەدا نەهاتووە، دەمەوێت لەم یاسایەشدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوانەی کەناویان نووسیوە، با قسە بکەن، کاك تارق فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بڕگەی کەخوێندرایەوە، بەداخەوە ناوی ئەرمەن لەبیرکراوە، ئەرمەن نەتەوەیەکی تایبەتەو زمانی تایبەتی خۆی هەیە، سەقافەو شتەکانی جیاوازە، لەگەڵ ئەوانی تر، زۆر پێویستە لێرەدا بێت، من پشت ئەستوورم بەوەی کەوا لایەنی دەستووری ولایەنی یاسایی باس ئەکەم، ئێمە بڕیارێکمان لەپەرلەمانی کوردستان دەرکردوە، بەژمارە (26) لە 2002/11/7 لەوێ پێکهاتەکان ئەرمەنیشی تێدایە، ئەوە خاڵی یەکەم: لەهەموارکردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بڕگەی یەکمان هەیە، کە کام حزب لەحزبەکانی ئەو نەتەوەیە، زۆرترین دەنگی هێنا کورسیەکی ئەدرێتێ، ئەرمەن کورسیەکی دراوەتێ، بەڵام ئێستا ئێمە پەشیمان ببینەوەو کورسی نەدەینێ وناوی نەهێنین ئەوە نابێت، لەقانونی تاڵ لەماددەی نۆ کاک فرسەت لەهەمووومان باشتر ئەزانێ کە ئێمە دواتر لە دەستووری عێراقی بەشداریمان کرد، ناوی ئەرمەن لەدەستووری عێراقیدا هەیە، بەسەراحەت دێت، لێرە لابراوە، لەدەستووری عێراقی دان بەهەموویدا دەنێت، من کەباسی ئەوە ئەکەم لە 1992 و 2004 دان بەهەموو بڕیارو قانونەکانی پەرلەمانی کوردستان دەندرێت، ئێمە کە بڕیارمانداوە ئێستا پەشیمان ببینەوە، ئەوە ناکرێت، لەپڕۆژەی دەستووری ئێستاشمان ناوی ئەرمەن هاتووە، بۆیە مافێکی دەستووری یاساییە، دەبێ ناوی ئەرمەن بێت، ئەگەر هاتوو لەبیرکرا، واتە مافەکانی دەستووری ویاساییان پێشێل دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەبەر رۆشنایی قسەکان موقتەرەحێك بدەین، یان حەزەکەن قسەکانتان بکەن، باشە موقتەرەح دەکەین، ئەویش ئەوەیە یەکەم: سێ ئەندامی پەرلەمان لێرە قسەیان کرد، کە تەمسیلی کلدان وئاشوور ئەکەن، دووەم: پڕۆژەی یاسای دەستووری هەرێمی کوردستانمان هەیە، نەصەکەی وا ئەڵێت( الكلدان و السريان والاشوريين) موقتەرەحەکەی من وایە، ئەو فاصیلەیەش لابرێت، قەوس بکرێتەوە، ( الكلدان السريان الاشوريين) وەکو لەپڕۆژەی دەستووردا هاتووە، لەجیاتی مکوناتهم بکرێت بەمکون، وەکو تورکمانەکان، تەبیعی ئەوە دەستووری نیە، ئەوە کاتیە، تەنها بۆ هەڵبژاردن، لەبەر ئەوەی بڵێین براوەتەوە یان حەسمی ئەو مەوزوعەمان کردووە، یەکێك بێت گلەییمان لێ بکات، بڵێت ئێوە قەرارتان داوە، ناتوانین ئەو قانونە ڕابگرین تا هەڵبژاردن، ئەوە حەلێکی کاتیە، بۆ ئەوەی ئەو هەڵبژاردنە بەردەوام بێت، دەستوور ئەساسە، دەستوور ئێمە بەردەوام لەپەیوەندی دەبین، لەگەڵ ئەحزاب ونوێنەرانی گەلی کلدان وئاشوور و سریان، تا ئیتیفاق بکەن لەنێوان خۆیاندا، ئەو وەختە ئەوە دەچێتە ناو دەستوورەوە، لەبەر ئەوە ڕوون بێت ئەوە فەقەت بۆ هەڵبژاردنە، بۆ ئەوەی لەکۆتاییەکەدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، ئەگەر وابێت من دەڵێم، ئەگەر لیژنەی قانونی پێیان باش بێت، لەگەڵ پڕۆژەی دەستووریشدا ئەگونجێت، موتابقە، ئینجا نوقتەیەکی تر دەمێنێت، ئەرمەن، ئەگەر موافق نین لەسەر ئەو موقتەرەحە ئەوە قسە بکەن، بەڵێ کاك رۆمیۆ، فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی قسەکردن بەعاتیفە، دەربارەی نەتەوەیەك شتێکی زۆر خراپە و زۆریش هەڵەیە، ئەرمەن نەتەوەیەکی تری جیاوازە، ئەگەر دەتانەوێت ناوی ئەرمەنیش بێت، دەبێ کۆتایەك بۆ ئەرمەنیش هەبێت، ئەمە یەك: دووەم: بۆ تەسبیت کردن من سوپاستان دەکەم، بەڵام بۆچی ئەو ترسە بمێنێت، تەنها بۆ ئەم قۆناغە یان بۆ قۆناغی هەڵبژاردن، ئێمە پێتان دەڵێین خۆمان ئایا ئێمە نوێنەری ئەو نەتەوەین، ئەگەر نوێنەری ئەو نەتەوەین ئێمە بەم شێوەیە داوا دەکەین، ئێوە پێم بڵێین یاخود قسەی ئێوە جێبەجێ دەکرێت، ئەگەر قسەکەی ئێوە ناخوات با سەریح بین، لەگەڵ یەکتری، پاشان ئێمە دوای هەڵبژاردن چەند مانگێکی تر بێینە سەر ئەم مەسەلەیەو ئەم کێشەیە، کە کێشەی دەستوورە، من نازانم نەتەوەیەك لێی دەپرسن تۆ چیت یاخود چیت دەوێت، شتێکی بۆ دێنن و دەڵێن بتەوێت یان نەتەوێت ئەمەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەکەم شت: کاك ڕۆمیۆ جاری من قسەم نەکردبوو، لەسەر ئەرمەن تۆ پێش کەوتی، مەعلومە هەموو کەس دەزانێت ئەرمەن میللەتێکی جیاوازن، مێژوویان جیاوازە، زمانیان جیاوازە، حەتا بڵێین ناحیەی دینیش تقوسیان جیاوازبێت، کە ئەوەش مەوزوعێکی ترە، لەمەوزوعی ئەوەی کە ئێوە پێنج ئەندامن لێرەدا، سیانتان حازرن، ئەگەر هەر پێنجتان لێرە بونایەو هەمان ڕەئیتان هەبووایە، من ئەو قسەیەم نەئەکرد، من ئەو قسەیە دەکەم، ئاخر ئێوە حەرەکەی ئاشووریتان تێدایە لەو ئیمزایە، دوایی وتیان ئێمە ئیمزامان نەکردووە، گەلاوێژخان تۆ وات نەوت، وتت ئێمە ئیمزامان نەکردووە، کەواتە خیلافە لێرەدا، کەواتە سریانی تێدا نیە، بەڵێ کاك ئارێز، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام خوشکە بایزار کلد و ئاشوور نیە، حەق نیە ڕەئی بەوجهە نەزەر وەربگیرێت، بەڕاستی ئەو نەتەوەیەکی ترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر ئەو بەناوی حزبی ئیتیحادی کلدانی هاتووە، ئەو بەناوی ئەرمەن قسە ناکات، بەناوی حزبەکەی ئیتیحادی دیموقراتی کلدانی هاتووە، کاك دکتۆر ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ڕێگام بدەی من ئەمەوێت تۆزێك لەسەر ئەم مەوزوعە بدوێم، بەحوکمی ئەوەی منیش لە 1992 وە لە هەڵبژاردنەکان ئاگادارم، و ئاگام لەمەسەلەکە هەیە، ڕێگام بدە با تۆزێك قسە بکەم، تەبعەن جاری جێگای خۆیەتی ئەو کۆتاییە بۆ ئەم نەتەوانە دیاری کراون، چۆن ناوی خۆیان ئەنێن ئەوە شتێکە

پەیوەندی بەوانەوەی هەیە، چ بۆ تورکمانەکان چ بۆ ئەوانیش، کە بەخۆیان ئەڵێن( کلدان یان ئاشووریین یان الناطقین بالسريانية)ئەمەش جێگای خۆیەتی کە هەیانبێ، بەس حەز ئەکەم دوو، سێ شت هەیە بیڵێم، ئێمە ساڵی 1992 نفوسی کوردستان نفوسی دانیشتوانی کوردستان بە 3 ملیۆن تەقدیر ئەکرا، ئەو دەمە لە هەرێمی کوردستان 28 هەزار ئاشووری وکلدان هەبوون، 8 هەزاریان ئاشووری بوون، 20 هەزاریشیان کلدان بوون، بەڵام ئێمە بەحوکمی ئەوەی کەبەشێکی هەرە زۆریان بەشدارییان کردبوو لە شۆڕشەکانی کوردستان، ئێمە وەك تەقدیرێك هەم بۆ خەبات وهەم بۆ ڕێز لێنان لەم نەتەوەیە، 5 کورسیمان بۆیان دیاری کرد، بۆ زانین 5 کورسی دەبوایە موقابیلی 150 هەزار دەنگ بوایە، ئەوان تەنها 28 هەزار دەنگ بوون، من پێم وابوو ئەمە ئیجابی بوو نەك سلبی، شتێکی زۆر پیرۆز بوو کەکرا، خولی دووەم بەداخەوە ئەوان، لەگەڵ قائیمەی حزبەکاندا هاتن، نەزانرا ژمارەکە چەند بوو، ئێستا تەقدیر ئەکرێت لەبەینی 30 تا 40 هەزارکەس تەقریبەن ئەوەندەن، لە سنوری هەرێمی کوردستان ئەوەندەن، تەبعەن لەگەڵ ڕێزمدا کاتی خۆی سریان ڕاستە لەسنووری ئێمەدا نەبوون، کە هەڵبژاردنی ساڵی 1992 مان کرد، بەڵام سریان لەناوچە دابڕاوەکانی تردا هەیە، ئێمەش ئەڵێین ئەو ناوچە دابڕاوانە ئەبێ بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوە شتێکی سروشتیە خۆشیان تەئکید لەسەر ئەوە ئەکەن ئەڵێن ناوی (کلدان وسریان و ئاشووری) تێدا بێت، سریانیشیان خستووەتە دووەم بەخۆیان هێناویانەتە دووەم، من نازانم بۆچی ئێستا ئینکاری ئەوە ئەکەن، بەنیسبەت بایزارخانەوە تەبعەن ڕاستە بایزار خان خۆی ئەرمەنیە، بەڵام بایزارخان مێردەکەی کلدانیە، هەروەکو گەلاوێژخان بەخۆی کلدانیە مێردەکەی ئاشووریە، زۆر تەبیعیە، بەڵام جەنابت ئاماژەت پێدا بەناوی حزبی کلدانی تۆ هاتوویتە ئێرە، یەعنی نوێنەری کلدانە بمانەوێت یان نەمانەوێ، ئێمە بۆ ئەوەی جیاواز بێت، منیش پشتگیری ئەوە ئەکەم کە ئەبێت ئەرمەن نوێنەرێکی هەبێت، بەڵام بۆچی یەك نوێنەر بێت، چونکە بەڕاستی ژمارەی ئەوان بەرامبەر بە ئاشووری و کلدانیەکان کەمترە، ئەوان لەزاخۆ و لەچوار دێی دەووروبەری زاخۆ هەن، تەبعەن جوولەکەش هەیە لەئێران ژمارەیان زۆر زۆر کەمە، دوو، سێ هەزار کەسن، بەڵام نوێنەر تایبەتی خۆیان هەیە، بۆیە منیش پێم وایە زۆر زۆر سروشتیە نوێنەری کۆتاییەك دابنێین یەك نوێنەر بێت ها، کەسێك هەبێت بۆ ئەرمەن لەهەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

برادەران من باسم کرد، وتم ئەمە بۆ هەڵبژاردنە، بەڵام حەسمی ناوەکە لە دەستووردا دەکرێت، لەبەر ئەوە ئەو موناقەشەیە لێرەدا ناگەین بەنەتیجە، ئەوە وەکو عەرزم کردن موختەسەر فاصیلەکان هەڵبگیرێن و قەوسەکەش بکەینەوە، دوایش مەوزوعی ئەرمەن دوا بخەن، ئەوە مەوزوعێکی ترە باسی دەکەین، تخصص خمسه مقاعد، پاشان قەوس بکرێتەوە(للكلدان السريان الاشوريين) وەکو لەپرۆژەی دەستووردا هاتووە، يتنافس عليها مرشحوا المكون المذكور) المكون لەباتی مكونات، ئەمە کاتیە تەنها بۆ هەڵبژاردنە، دوایی حەسمی مەوزوعەکان ئەکرێت بەنیهائی لە پرۆژەی دەستووردا، ئەگەر موافقن دەیخەمە دەنگەوە، کێ

لەگەڵ ئەوەدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟ تەواو بڕایەوە، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، كاك تارق نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من جەخت دەكەم، كەلەم ماددەیە ناویان بهێنرێت و كۆتایان بدرێتێ، كاك جەمال قسەی كرد.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاكە وتمان ئەرمەن لێرە نەهاتووە، لێرەش ناكرێت بێت، ئەرمەن میللەتێكی ترە، موقتەرەحێك هەیە، ئەڵێت با كورسیەكیان هەبێت ئەوە مەوزوعێكی ترە، توركمانیشمان هەیە، بەس كوا لێرەدا هاتووە، ئەوە باسی مكونێك ئەكات كە ناویان (كلدان ئاشوور سریانە) تەواو بوو ئەوە، باسی ئەرمەن ناكات، پێنج كورسیان دەبێت، ئەو سیانە وەكو لە پرۆژەدا هاتووە، بەس جارێكی تر دووبارەی ئەكەمەوە، ئەوە حەسمی تەسمیەی كلدان سریان ئاشوور نیە، ئەوە حەسمی تەسمیەیە بۆ ئەو قانونەی هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی دوا نەكەوێت، لەپرۆژەی دەستووردا لەبەر رۆشنایی گفتوگۆكردن و لەگەڵ نوێنەرانی ئەو پێكهاتانە تەسمیەكە تەسبیت ئەبێت، بەڵێ كاكە حەمە قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا من پێم وایە، ئەوە بۆ كاتی مەرحەلەی هەڵبژاردن بڕوات، بۆ ئەوەی ئەوان خۆشیان بگەنە صیغەیەكی موشتەرەك، ڕەنگە ئەوە باشتر بێت هەروەها گوێ لەخۆشیان بگیرێت، ئێمە نازانین ئەوان چۆنن، ئێمە هەر قسەیەك بكەین، لەوانەیە قسەكانی ئێمە تەعبیر لەوان نەكات، لەبەر ئەوە گوێ لەخۆیان بگیرێ باشترە، بەڵام بۆ ئەم قۆناغەی هەڵبژاردن با وابێ باشە، من پرسیارێكم هەبوو لەكاك دكتۆر كەمال، وتم ئایا ئەو پێنج كەسەی كلد و ئاشوور و سریانی، هەم هی برا توركمانەكانیش، تەنها بۆ هەولێر و ئەو ناوچانەیە، یان بۆ كەركووك و تەلەعفەرو دوزخورماتوو شوێنەكانی تریش ئەتوانن بەشداری بكەن، ئەوە خاڵێك، خاڵێكی تر پرسیارێكم هەیە، ڕەنگە ئەوەش پەیوەندی بەو مەوزوعەوە نەبێت، بەس پرسیارەكە ئەكەم، ئایا ژمارەی ئەندامانی پەرلەمان هەر وەكو خۆی ئەبێت، یان زیاد ئەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

جارێ دیارە ئەو هەڵبژاردنە تەنها بۆ ئەو سێ پارێزگاییە، بۆ ناوچەكانی دابڕاو نیە، ئەگەرنا بۆ ناوچەی دابڕاو بێت، هەموو سیستەمەكە ئەگۆڕدرێت ژمارەكە ئەگۆڕدرێت، قانونەكە دەگۆڕدرێت، لەبەر ئەوە بۆ كلدان و ئاشوورو سریان و بۆ توركمان، بۆ هەر كەسێكی تر كۆتاشی هەبێت، هەر لەو سێ پارێزگادایە،

ئـەوانی تـر ناگرێتـەوە، ئێستا قسە هـات باسـی ئەرمـەن کـرا، بـا خـاڵی دووەم تـەواو بکـەین ئینجا ئـەو موقتەرەحەی تر دەخەینە موناقەشەو دەنگەوە، دەڵێین (تخصص خمسة مقاعد للتركمان يتنافس عليها مرشحوا المكون المذكور) بەڵێ کاك عزالدين نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە داوای قسەمان کردبوو، لەسەر ئەوە لەخاڵی یەکەم ودووەم بەگشتی قسەمان هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت ئینتباهی ئەوەت نەکرد، کە قسەم کرد وتم دەگرێ من موقتەرەح بکەم و هـەمووتان قسـە نەکـەن، وتتان بەڵێ، بۆیە قسەکانم بڕی، ئەگینا 9 کەس ماوە قسە بکات لەسـەر ئـەو موقتەرەحـە، بۆیـە دەنگی بـۆ دراو تەواویش بوو، مەوزوعی تورکمـان کـاك کـەرخی، کـاك تەلعـەت، قسـە بکـەن دوایـش ئەگـەر کەسـی تـر قسەی هەبوو، فەرموو کاك کەرخی.

**بەڕێز كرخي نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بەڕاستی وەکو کوتلەی تورکمانی، جێگای دەستخۆشیە، بۆ ئەوەی کە کۆتایەك بۆ ئێمـە دانـراوە، بـەڵام حەز ئەکەم یەك، دوو تـەوزیحات بـدەم، هەتا بەرچاوی هـەموو ئەندامـە بـەڕێزەکانی پەرلـەمان و هـەموو خەڵکیش ڕوون بێتـەوە، ئـەوە ئێمـە وەکو تورکمـان تـەنها ئەوانـەی ئـەو بەشـەی کـە ئێسـتا لـەناو حـدودی ئیداری کوردستان، کە دەکاتە سێ پارێزگاکـە، هـەولێر و سـلێمانی و دهـۆك کـە ئـەوانی تـری لەسـەردا نیـە، بێگومان، ئەگەر بەجێ بەجێبوونی مادەی 140 وگەڕانەوەی شوێنە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەوە حەتمەن وەزعەکە دەگۆڕێ و ئـەو کۆتاییانـەش نـامێنن، وهەرکەسـە بـە قائیمـەی خـۆی دادەبـەزێت و شوێنی تەبیعی خۆی دەگرێت، هیوامان ئەوەیە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو شتە بەچاوی خۆمان ببیـنین، دووبـارە دەست خۆشی دەکەین و پێموایە بۆ ئێمە شتێکی باشە، لەبەر ئەوەی کە دەتوانی خەڵکی تورکمان دەنگ بـە تورکمان بداتن وئیتر ئەو قسانەش لەسەر ئەو ئەندامانە لادەچێ، کـە پێشـتر هـەبوو دەیـانگوت ئـەوە لـەبن باڵی ئەوە، ئەوە لەبن بالی ئەوە، ئەوەش بە راستی وەکو برینێك بوو لەدلماندا کە ئێستا حەز دەکـەم بیلـێم، بۆ ئەوەی باشەکە کەس نەتوانێ بلێ، ئێمە ئەگـەر بـە چـەند دەنگیش بلـێ ئێمـە لـەناو پەرلەمانـەوە هـەر بەدەنگی تورکمان دێینە ناو پەرلەمانەوە، زۆر سوپاسی هەموو ئەو لایەنانە دەکەین کە بەشداریان کـردووە لە جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە، دووبارە سوپاستان دەکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك تەلعەت، فەرموو.

**بەڕێز طلعت محمد صالح توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی کاك کەرخی هیچی بۆ من نەهێشت، هەمووی وت ، بەس ئەوەندەیە من زۆر زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی دەکەم، کە ژمارەی ئێمە لە چوار بووە پێنج، تەبعەن ئەوە تەقدیرێکە بۆمیللەتەکەمان، وە ئینشالله ئێمە لە ئاستی مەسئولیەتیش دەبین، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك ئەسعەد قسەت هەیە؟ باشە قسەی نیە، هەر چوار نوێنەری گەلی تورکمان پشتگیری لەوە دەکەن، کاك ئەسعەدیش پێم وت، وتی قسەم نییە، سهام خانیش دەڵێ پشتگیری لە قسەکانی کاك کەرخی دەکەم، کەواتە ئەوە خاڵی دووەم (تخصص خمسة مقاعد للتركمان يتنافس عليها مرشحوا المكون المذكور)دەیخەمە دەنگەوە ، کێی لەگەڵدایە دەستی بڵند بکات تکایە؟ ، فەرموو کێ لەگەلدانییە؟ بەکۆی دەنگ قبووڵ کرا.

ئێستا موفتەرەحێك هاتووە لەسەر مەوزووعی ئەرمەن، رەئیەك هەیە دەڵێ مەقعەدێکیان بدەینێ ، دەمەوێ بەس ئەوەندەیە ئەوانی شارەزان بەس پێمان بڵێن لەکوردستان لەو سێ شارەدا، چەند ئەرمەن هەیە؟، ژمارەیەکمان بدەنێ، تەقدیرێکمان بدەنێ، بۆ ئەوەی موناقەشەکە لە رۆشناییدا بێت، بە عاتیفە نەبێت چونکە میللەتێکی عەریقن، میللەتێکی گەورەن، میللەتێکن لە تاریخدا دەوریان هەبووە و دۆستی ئێمەنە و ڕێزیان هەیە، لەدەستوری عێراقیشدا کە ناویان هاتووە، تەحالوفی کوردستان ئیلحاحی کردووە ، ئێمە داوامان کرد دەبێ ناوی ئەرمەن بێتن، لەوێشدا لەسەر ئیلحاحی ئێمە ناویان هاتووە، وەئەگەر لێرەشدا نەبن مەعنای وا نییە حقوقیان نییە لە دەستور.

دیسان ئاماژەی پێکراوە، وەکومکەوینەك لە کوردستاندا ناویان هاتووە، بەلاَم دەبێت بزانین ڕێژەیان چەندە، چونکە سابیئەشمان هەیە، لە کەرکووك هەرچەندە لە هەرێمدا نیە، ڕەنگە 5000-6000 کەس زیاتر بن، کێ شارەزایە ژمارەیان چەندە؟، شیرین خان و کاك جعفر، فەرموو کاك جعفر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من قسەی کاك جمال دەکەم چووە دەرەوە، دەڵێت لە مەنتیقەی زاخۆش ژمارەیان لە 2000هەزار کەس زیاترە ئەرمەنەکان.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەرچەندە ناوی من هاتبێت من تەئجیلم کردووە، بەس ناوی من هاتبێت هەر شانسی من لە دەرەوەی بازنەیە وەك هەموو جار من دەڵێم، بە نیسبەتی ئەرمەن من تەئیدی کاك جمال یوسف دەکەم، کە ئیشارەتی پێدا کاك طارق، د. شکریە، ئەکید ئەرمەن 2000هەزار زیاترن هەتا سێ هەزاریش دەبێت، ئێستا بەغداو موسل 3000هەزاری تیادا هەیە تەقریبەن ئەرمەن، بەنیسبەت لە شاری زاخۆ 1000هەزارو تشتەکن، دوو گوندیان هەیەو قوتابخانەیان هەیە، بەزمانی خۆیان دەخوێنن، لەگەڵ ئەوەش من دەڵێم لە دەسەلاَتی پەرلەمانە، ئەگەر هاتوو لێرە ناوی ئەرمەنەکان زیاد بکەن، ڕێز گرتنە بۆ ئەو نەتەوە

تایبەتیەتی خۆی هەیە و بەشدارە لە هەرێمی کوردستان، من داوا لە هەموو برادەران دەکەم، ئەوەی دەنگی داوە بۆ ئەرمەنەکان تەسبیت بێت لێرە، لە دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانە، بێتە دەنگ دان کارمەندیان هەبێت یان نەبێت، ئەگەر ئێمە تەماشابکەین لە ئێران 100 کەسەك هەبنە لەوێ مەقعەدەکیان هەیە لە پەرلەمان، بەس ئەوان بە هەزاران هەنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو، کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەتەوە بە ژمارە پێوانە ناکرێت، چەندە یان چەند نیە، هەمووومان ئەو حەقیقەتە دەزانین، سەبارەت بە ئەرمەنیش نەتەوەیەکن هەن، بەس ئێمە کاتێك باسی ژمارە دەکەین، بۆئەوەمانە بزانین ئایا کۆتاییەکەیان یەك بێت، پێنج بێت، سێ بێت، چوار بێت بۆ ئەوەیە، ئێستا مەسەلەن بڵێین یەك رەنگە کەم بێت، بەس بڵێین پێنج رەنگە بەپێی حەجم بێت ئەوەی هەیە، لەبەر ئەوە دوێنێش قسەیەك کرا، شتێکی تر هەبوو، کراوە بێت یان داخراو بێت، ئایا داخراو بێت یان کراوە بێت؟ بە گوتن پێشنیار نیە،من پێشنیار دەکەم هەم ئەو مەعلوماتانەمان بۆ ئەوەیە بزانین کۆتاییەکە چەند بێت؟، هەم دوایی بە پڕۆژە تەقدیم بکرێت، بە پێی ئەو حەجمەی کە هەیە، یەعنی ئەو نسبەتەی کە هەیە، ڕێژەیەك دابنرێت، یەك، دوو، سێ، چوار، ئێستا ئێمە هەرچی بڵێین، لە یەك زیاتر بن، رەنگە حەقیان زیاتر بێت، پێشنیار دەکەم ئەو مەسەلەیە تەئجیل بکرێتەوە، بەپڕۆژە تەقدیم بکرێت، دوێنێ گوتمان کراوەیی و داخراوی بە پڕۆژە تەقدیم بکرێت،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا کاکە ئێمە قانونەکەمان پەلەمانە، بۆ هەڵبژاردنە، بۆ دەستوورنیە، فەرموو کاکە حەمە.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرەئی من مەسەلەی نەتەوەیەك، ژمارە چەند بێت یان چەند نەبێت، گوندێکیش بێت، 100 ماڵیش بێت، ئەوەندە بێت، ئێمە ئەو هەنگاوەی کە ئێستا دراوە، بە قانونی کۆتا با تەکاملی بکەین، باشترە بەرەئی من، ئێمە ئەوەی دەستوور، دوایی دەستوور چۆن قەرار دەدات و چۆن دەکات ئەوە شتێکی ترە، بەڵام بەرەئی من، ئەگەر هەرچەندێك بن بایەك کەسیان بۆ دابنرێت بۆ ئەرمەن، چونکە مەوزوع تەنیا ئەوە نیە، ئەو ئاینێکە، نەتەوەیەکە بوونی خۆی هەیە، هەرچەندێك بێت پێموایە ئەوە بۆخۆمان وبۆ هەموو لایەك باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا قسەکان دیسان دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی مقعدێکیان بدەینێ، ئەگەر قسەی ترتان نیە، من ئەو موقتەرەحە هی ئەغلەبتانە، قەومیەتێکی چڕن، حەقی خۆیانە ڕێزیان لێ بگیرێت، مەقعەدێك بالە ئێمە کەم بێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە کۆتاییەکە بێت، یەك مەقعەد بۆ نەتەوی ئەرمەن بێت دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟، سوپاس کێی لەگەڵدا نیە؟ سوپاس بەکۆی دەنگ مەقعەدێك لە کۆتایدا دەبێتە هی نەتەوەی ئەرمەن، سێیەم بەڵێ کاك عزالدین دیسان قسەت هەیە، کاکە دەنگمان بۆدا، خۆ ناکرێت دیسان بێینەوە سەر ئەو مەسەلەیە، کاتێ ئێمە بڕگەیەك موناقەشە ئەکەین پەنجا کەس ناوی خۆی ئەنووسێ بۆ ئەوەی بگەینە ئەوەی کە قەناعەتمان پێی هەبێت، کە چوار کەس قسەی کردوو، سەرۆکایەتی تێگەشت، ئەو چوار کەسە تەعبیر لە ڕەئی عامەی قاعەکە ئەکات، پێویست ناکات وەخت بەفیڕۆ بدەین وهەر پەنجاکەی قسە بکات، بۆیە خولاسە ئەکرێت کاتێکیش کە دەنگی بۆ درا، پێویست ناکات نە ئێوە ماندوو بکەین نە وەختیش بەهەدەر بدەین، کاك عزالدین، فەرموو.

**بەڕێز عزالدین سلیم خدیدا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە قسەمان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، کە ئەو ماددەیەش تێپەڕی ئێمە قسەمان نەما، ئێمە لەسەر کۆتا قسەمان هەیە، ئەوە مەسەلەیەکی ئەخلاقیە، واتە دیاری کردنی نسبەی ئەو پێکهاتانە، وە ئیعتیباریشە، مەسەلەکە هیچ لە واقعی پەرلەمان ناگۆڕێت، تەنها مەسەلەیەکی ئەخلاقیە، من لەگەڵ کۆتاش نیم، چونکە تەجروبەیەکی تاڵمان هەیە، ئەگەر شەبەکەکان ئێمە بەکۆتای شەبەك دەنگمان دا، دەنگەکانی شەبەکەکان گشتیان بۆ کۆتا بێت ئەوەش دۆڕا، واتە کۆتاشمان دۆڕا، ئێمە با لەگەڵ قائیمە بین، لەگەڵ کۆتا نەبین، هەر کەسێك بەپێی حەجمی خۆی ئێمە بە موجامەلەو عاتیفە، لەگەڵ هیچ قەومیەتێك و هیچ پێکهاتەیەك موجامەلە نەکەین، بۆ ئەوان پێنج کەس بن و ئەوانی تر یەك کەس بن، واتە بە ئارەزووی خۆمان و بەکەیفی خۆمان ئیش بکەین، ئەوە یەکەم شت، دووەم: ئێزیدییەکان پێکهاتەی کوردستانی نین، بۆ کۆتاییان نیە، بۆیە من لەگەڵ کۆتادا نیم، بەڵام ئەوانەش ئیعتیبارێکیان هەبێت واتە بۆ ئیزیدییەکان، یەعنی بەپێی نیسبەی ئێزیدییەکان کورسیان هەبێت، نابێت کۆتا بۆ مەسیحی هەبێت واتە( کلدان وئاشوور و سریان) کەئەمانە هەموویان هەر مەسیحی ئەگرێتەوە، ئەمانە هەموویان هەر پێکهاتەی دینین، ئێمەش پێکهاتەی دینیمان هەیە، شانازیمان بەخۆمان هەیە، ئێمە تەسبیتمان کرد و لە هەڵبژاردنیش و لە دەستووری عێراقیش بەشداریمان کردووە، ئەگەر مەنتیقەی شنگار و ئێزدییەکان نەبوونایە، ئەوانە تێنەدەپەڕین، بەڵام ئێمە داوای نسبە ئەکەین نەك داوای کۆتا، کە نیسبەی ئیزیدی لەپەرلەمان چەند بێت، ئەوەش ئەگەر بڕیاری قیادەی سیاسی بێت، ئەوە دوو لە مەکتەبی سیاسی لێرەن، با بڕیاری قیادەی سیاسی ڕەچاو بکەن لەو شتەدا، ئەگەر بۆ کۆتاش بێت لە پەرلەمان وەڵلاهی داخڵی کۆتات بکەن تاکو ئێمە شعور بە نەقس نەکەین، ئەو پێکهاتە ئەوەندە کورسی هەیە وئەوەی تر ئەوەندەی هەیە، بەڵام ئێزیدی کورسی نیە،

من تەجروبەیەك ئەهێنمەوە، ئێمەی ئێزدی تەبعەن کوردیشین، بەڵام چەند مودیری عام هەیە لەکوردستان، بێگومان زۆرین ئایا چەندیان ئێزیدییە، هیچ کەواتە بەوە حەقمان دەخورێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵاهی کاك عزالدین بەڕاستی قسەکانت جێگای ئەسەفە، ئێمە کۆتا دەدەین بە نەتەوەکانی تر، ئیزیدی گەلی کوردی ڕەسەنن، زمانمان یەکە، کەلتورمان زۆر لەیەکتری نزیکە، ئێمە کۆتامان نەداوە بەمەسیحی، نەداوە بەئیسلام، نەداوە بە سابیئە، تاکو بڵێیت کۆتا لەسەر ئەساسی قەومیەتە، کە زمانیان جیاوازە، کە کەلتوریان جیاوازە، پێویستە خصوصیەتیان بپارێزرێت، هەروەها نەتەوەشن، نەتەوە جیاوازن، نەتەوەی کورد (ئێزیدییە، کاکەییە، شیعەیە، سونەیە) هەموو جیاوازن، ئەوەتا جیاوازکردنی تائیفی و دینی باش نیە، بەڵام من لەگەڵ تۆدام بایەخدان بە خصوصیەتی دینی ئێزیدی واجبە، پێویستە لەسەر هەموو حزبەکان لەسەر حکومەتی هەرێم، ئێستا ئێوە سێ کەستان هەیە، ڕەنگە بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو ببن بە چوارکەس، ڕەنگە ببن بە پێنج، شەرت نیە بەتەنها پێوەرەکە بۆ هەڵبژاردنی جەنابت، لەبەر ئەوەی ئیزیدیت، شەرت نیە ئەوە بێت، بەتەئکید حساباتی تر هەیە، تۆ ئیزیدیت لێهاتوویت بەتەنها بۆ ئیزیدی باش نیە، بەڵام دەبێ ڕەچاو بکرێت، کەقائیمەی دادەندرێت ئەوە ڕەچاو بکرێت، تەمسیلی مەناتق هەبێت بۆ کوردستان، مەسەلەن هەولێر ئەوەندەیە، سلێمانی ئەوەندەیە، دهۆك ئەوەندەیە، جا لەناو دهۆکیشدا مەناتق هەیە، دەکرێت ئەوە باس بکرێت، ئێمە باسیشمان کردووە، هەمووشمان موهتەمین بەوە، لەبەر ئەوە من بەحەقیقەت ئەو موقارەنەیەم پێ باش نەبوو، لە ماددەکەدا سێیەم هاتووە(یجري انتخاب مرشحي كل مكون من قبل الناخبين من المكونات المذكورة). یەعنی کۆتایە بۆ( کلدان، ئاشوور، سریان) کە تەنها ئەو پێکهاتەیە دەنگی بۆ ئەدات، تورکمانیش تەنها تورکمانەکان دەنگی بۆ دەدەن، ئەرمەن تەنها ئەرمەنەکان دەنگی بۆ دەدەن، بەڵێ کاك ئەندریوس فەرموو.

**بەڕێز اندریوس یوخنا گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من لێرەدا داوا دەکەم، لەکۆتایی ڕستەکەدا ئەوەی بۆ زیاد بکرێت( ضمن قوائم انتخابية خاصة)یەعنی وەکو قائیمەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق بێت، چونکە ئەگەر یەك قائیمە بێت، ئەوە نهێنی ئەبێت و کوردیش ئەتوانێ دەنگ لە قائیمەی خاصدا بدات، دوایش خصوصیەت لەقائیمەی خاصدا نامێنێت، وەك ساڵی 1992 دوو قائیمە هەبوون، لسیتی عام و لیستی کوتلە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك دکتۆر ناصح نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕاستی ئەو تێبینیەی کاك اندریوس لەجێگای خۆی نیە، چونکە لەناو هەر هەویەیەکی ئێمە دیانەتمان نووسراوە، نووسراوە مسلم چۆن ئەتوانێ لەجێگای مەسیحیەك دەنگ بدات، یان لەجیاتی ئاشووریەك و

کلدانیەك دەنگ بدات، چونکە هەویە پیشان ئەدرێت لەهەویەکە نووسراوە مسلم، یەعنی ئەوە هەر نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕاست ئەکات دکتۆر ناصح، یەکەم شت: ناو هەیە، ئەبێ دیار بێت ئینجا هەویە هەیە، ئینجا شتی تر هەیە خەریکن دای دەنێن، ئەگەر سەرکەوتوو بوون تا ئەو وەختە کۆمسیۆنی باڵا ئاگادارمان ئەکەنەوە، ئەگەر بتوانن ئەوە دیاری بکەن، ئەوە هەڵبژاردنەکانمان زۆر زۆر ڕێك وپێك ئەبێت، لە دروست کردنی هەویەی ئینتخابی، ئەگەر فریا بکەون، چونکە ئێستا خەریکن، فریا بکەون ئێمە ڕزگارمان ئەبێت لەهەموو گلەییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ سیقەمان بەیەکتری هەبێت، باوەڕمان بەیەکتری هەبێت، کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا لێرەدا ئەو مەسەلەیە زۆر زۆر حەساسە، خۆ کەس لە هەوییەکەی وەك جەنابی کاك دکتۆر ناصح ئەڵێت ئەو مەسیحیە ئێمە موسوڵمانین، خۆ ئێمەش موسوڵمانین، ئەی ئێمە چۆن جیا دەکرێینەوە، خۆ لە نێوچەوانمان نەنووسراوە، ئەوە یەکەم شت، دووەم: بەڕاستی ئەگەر تورکمانێك بچێت دەنگ بدات بەحزبێکی کوردی، یان حزبێکی ئیسلامی، ئەوەی بۆ ئیعتیادی بێت، بەڵام کوردێك سبەی دەنگ بدات بە تورکمانێك ئەوە مەمنوع بێت ئەوە ناکرێت، ئەوە دەبێ شتێکی حەدی بۆ دابندرێت بەڕاستی، یان یەك قائیمە بێت، بەڕای من دەنگ حورە، هەر کەسەو ئازادە دەنگ بەکێ ئەدات، لەوانەیە کوردێکی برای ئێمە حەز بکات، یان ڕای لە حزبێکی تورکمانیە، وا دەزانێت زیاتر خزمەت دەکات، دەچێ دەنگ بەو دەدات، بۆچی ئەوە قەدەغە بێت، من پێم وایە ئەو شتە بە قەوائمی موختەلیفە نەبێت، یەك قائیمە بێت، هەتا دەنگەکان ئازاد بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نا بۆ تورکمان قسەکەت ڕاستە، بەڵام بۆ کلدان وئاشوور ئەو مولاحەزەیە جێگای خۆیەتی، کەسێکیش ناکرێت موسوڵمانە بچێت دەنگیان بۆ بدات، کاکە پێش هەڵبژاردن هەر کەسەو لە جێگای مەرکەزی هەڵبژاردنی خۆیان دەبێت، پێشتر دەزانی لەکوێ دەنگ دەدەیت، لەو شوێنە ناوت دانراوە، کە دەچیتە ژوورەوە ناوەکەت شەتب دەبێت، وەکو هەڵبژاردنی پێشوو نیە، هەرکەسەو جێگای هەڵبژاردنی خۆی هەیە، کە دەچێت ناوەکەی نووسراوە، هەویەکەی ئەدات وناوەکەی شەتب دەکات و دەنگ دەدات، ئەگەر بێت و ئەو هەویە دروست نەکرێت، لەبەر ئەوە ئیمکانی تەزویر باوەڕ ناکەم هەبێت، بەنیسبەت ئەوەش کە کاك کەرخی وتی، حەقی خۆیەتی کوردێك دەنگ بدات بۆ لیستێکی تورکمانی یان تورکمانێك دەنگ بدات بۆ کەسێکی کوردی، بەڵام ناتوانێت لەهەمان کاتدا دەنگ بۆ هەردووکیان بدات، یەك دەنگی هەیە، بەڵێ کاك دکتۆر کەمال قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەدەستووری عێراقی فیدڕالی لەماددەی 14 دەڵێت هەموو عێراقیەك، هەر قەومێك هەر دینێك، هەر ڕەگەزێك بێت یەکسانن، بۆیە زۆر زۆر ئاساییە کەسێك بۆ ئەو بەڕێزانەش دەنگ بدات، بەڕای من ئەوە ئەمێنێتەوە سەر کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کە چۆن ڕێکی بخات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەوەش تەواو بوو، ئێستا ثالثاً دەبێت بە (رابعاً: يجري انتخاب مرشحي كل مكون من قبل الناخبين من المكونات المذكورة). یەعنی ئەو چوارە هەرکەسەو بۆ خۆی دەنگ دەدات، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە با دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ ، بەزۆرینە دەنگ وەرگیرا، سێ کەسی لەگەڵدا نیە، کاك ئەندریوس پرسیارت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز اندريوس يوخنا گورگیس:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەغداد، ئاوارەکانی دەرەوەی عێراق حەقی دەنگدانیان هەبوو، ئایا لێرە خەڵکی کوردستان ئەوانەی لەدەرەوەی عێراقن، حەقی دەنگدانیان هەیە، یان نیانە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر حەقی دەنگدانیان نیە، ئەگەر بێتەوە بۆ ئێرە ئەوە حەقی دەنگدانی ئەبێت، لەووڵاتانی تر مەراکز دانەنراوە بۆیە حەقی دەنگدانیان نیە، ئێمە تەمەنامان ئەکرد، چونکە ئەوە لەبەرژەوەندی خۆمان بوو، لە بەرژەوەندی پەرلەمانە، لەبەرژەوەندی گەلی کوردستانە، کە خەڵکی دەرەوە بتوانن دەنگ بدەن، بەڵام کۆمیسیۆنی باڵا ڕێنماییەکانی دەڵێت ئەوە ئیمکان نیە، زۆر زەحمەتە ناکرێت، بۆیە ئەگەر ئەوان پێیان بکرێت ئەوە باشتر، تەمەنا دەکەین بۆیان بکرێت، داواشیان لێ دەکەین، ئەگەر وتیان پێمان دەکرێت ئەوە باشتر، ئێستا ماددەکە بەهەر چوار خاڵیەوە دەخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز عبدالكريم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی نۆیەم:

ئەم ماددەیە بۆ یاساکە زێدە دەکرێ و بۆی دەبێتە ماددەی (پازدەم/دووبارە):

ماددەی پازدەم: (دووبارە)

دەستەواژەی (تۆماری دەنگدەران) شوێنی دەستەواژەی (خشتەکانی هەڵبژاردن) دەگرێتەوە لە هەر شوێنەکی ئەم یاسایەدا هاتبێت.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة (11) تضاف المادة التالية الى القانون وتصبح المادة الخامسة عشرة مكررة له:

المادة الخامسة عشرة (مكررة):

تحل عبارة سجل الناخبين محل عبارة (جداول انتخابية) اينما وردت في هذا القانون".

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا ماددەی پێشوو دووجار دەنگمان لەسەردا، لەبەر ئەوە نەفسی نەتیجەیە، کاك غەفور قسەت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرەدا من باسی دوو خاڵ دەکەم، یەکەم: پێویستە ئێمە لێرەدا ماددەیەکی ئیزافیمان هەبێت، مەسەلەن ئەو ناوچانەی کەوا کێشەیان لەسەرە، چ کەرکووك، چ خانەقین، چ سنجار، چ مەخمور، حەقە لەڕووی سیاسیەوە، نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستان هەبێت و حەقی دەنگدانیشیان هەبێت، باشە ئەو ناوچانە، ئەگەر نوێنەریان لە پەرلەمانی کوردستان نەبێت و دەنگیان بۆ ئەو پەرلەمانە نەدابێت، بۆ ئەو پەرلەمانە بەهی خۆیان بزانن، یەعنی بەڕاستی لەڕووی سیاسیەوە ئێمە حەقە هەندێجار، جورئەتی بڕیاری سیاسیمان هەبێت، ئێمە لێرە بەماددەیەك ئەوە ئیزافە بکەین و دیاریشی بکەین، لەڕووی قەومیەوە لەڕووی مێژوویشەوە، حەقە وەکو پەرلەمانی کوردستان ئەوە بکەین ئەو ناوچانە وا لێنەگەڕێین، چونکە بەغداد خۆی ناکات بەخاوەنی، تەماشا دەکەین کەرکووك لە چ ڕەوشێکدایە و بەغداد خۆی لێ بێ ئاگاکردووە، سنجارە موصڵ خۆی ناکات بەخاوەنی، دیالە خۆی بەخاوەنی خانەقین ناکات، ئێمە خاوەنی ئەو شوێنانەین دەبێ ئێمە کار بکەین بۆ ئەو ناوچانە، بۆیە دەبێ بڕیارمان هەبێت ئەوان حەقیان هەبێت دەنگ بۆ پەرلەمانی عێراق دەبدەن، ئەوەش هەنگاوێك دەبێت بۆ بەرەو کوردستان هاتنەوەی ئەو ناوچانە، دووەم: کۆمیسیۆنی باڵا بەڕاستی غەدری لە کوردستان کرد کە 60 هەزار کەس حەقی دەنگدانی نیە، ئەوەش تا ئێستا یەکلایی نەبووەتەوە، لەوێ نەیتوانی دەنگ بدات، ئایا لێرە دەتوانێ دەنگ بدات، بەڕاستی ئەبێ ئێمە ئەوەش یەکلایی بکەینەوە، ئەو خاڵەش خاڵێکی گرنگە، لەبەر ئەوە دیسان ئێمە لێرەش 60 هەزار دەنگی ترمان لە دەست ئەچێت، لەوێ دەنگی نەداوە لێرەش دەنگی نەداوە، بەنیسبەت ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش، جالییەی کوردی لەدەرەوە باشە بۆ عێراق ئامادە بێت سندوق لەدەرەوە دابنێت لە سەفارەتەکان لەشوێنەکانی تر دەنگ بدەن، بۆ ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان وا نەکەین، هەمان سندوق دابندرێت ئەو خەڵکەش حەقی خۆیەتی، کە ئەو پەرلەمانە، پەرلەمانی ئەوانیشە، دەنگی بۆ بدەن، بزانن کێ هەڵدەبژێرن

و دەنگ بەچ نوێنەرێك دەدەن، بەڕاستی ئەبێ ئێمە موعالەجەی ئەو كێشانە بكەین، لەڕووی یاساییەوە لەڕووی مێژوویشەوە، ئێمە مەسئولین بەرامبەر بەو كێشانە، بۆیە من پێشنیار دەكەم، ئەو ماددەی ئیزافیە هەبێت، كە ناوچەكانی مەشمول بە ماددەی 140 نوێنەریان لە پەرلەمان هەبێت، حەقی دەنگدانیشیان هەبێت بۆ پەرلەمانی كوردستان، هەرچەندە لەوانەیە ئێستاش وەڵامم بدەنەوە بڵێن ئەوە كێشەی لەسەرە ناكرێت، بەڵام ئێمە هەندێ شت هەیە ئەبێ جورئەتی بڕیاری سیاسیمان هەبێت، خۆمان بیكەین بەبڕیار، ئەگەر ئێمە ئەو جورئەتەمان نەبێت، ئەو وەزعە هەروا ئەمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان یان كاك فرسەت لە ناحیەی قانونی دەكرێت ئەو شتە، حەز ئەكەم تەوزیحی بكەن، فەرموو كاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

هەر قانونێك لێرە دابنێین لازمە جیهەتێك مەسئول بێت لە تەنفیز، لە جێبەجێ كردنی، ئێمە ئەگەر بێت و نەصێك دابنێین بۆ ئەو ناوچانە، كێ لەوێ تەنفیزی ئەكات؟، قانونیەن حەقمان نیە، بێین ئیدارەی ئەو ناوچانە بكەین بەو شێوەیە، حكومەتی ئیتیحادیش لە ئێستاوە ئینسان ئەزانێت كو ڕەفزی ئەو شتە ئەكات، وەكو تر خۆ مەحروم نابن، ئەگەر سبەی هاتنە سەر هەرێم، باشە ئەگەر سبەی نەتیجەی تەنفیز كردنی ماددەی 140 بەشێك لەو ناوچانە هاتنە سەر هەرێمی كوردستان، بەشێكی تریان ڕەفزیان كرد، هەر ئەو وەختەش نوێنەریان ئەبێت لە پەرلەمانی كوردستان، ئاخر ناحیەی عەمەلی زۆر زەحمەتە ناحیەی سیاسی بەڵكو منیش لەگەڵ جەنابت بم كاك غەفور، بەس ناحیەی قانونی ناحیەی تەتبیقی چۆن بڵێین ئیستیحالەیەكی ماددی هەیە، ناتوانین جێبەجێی بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك غەفور نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

نوقتەكەشم زۆر نیزامیە، كاك فرسەت دەڵێت قانونیەن ئێمە كە ئەو قانونە دەردەكەین شوێنێكی دەوێت كە جیهەی تەنفیزیە بۆ ئەوەی تەنفیزی بكات، ئێمە ناتوانین لەوێ تەنفیزی بكەین قانونیەن ناتوانین ئیدارەی ئەو ناوچانە بكەین، من دەپرسم، ئەگەر ئێمە ناتوانین ئیدارەی ئەو ناوچانە بكەین ئەی چۆن قائیم مەقام بۆ خانەقین دادەنێین؟، ئەی چۆن قائیم مەقام بۆ مەخمور دادەنێین؟، ئەی چۆن بۆ سنجار دای دەنێین؟، باشە ئیدارەكە ئێستا خۆمان نایكەین، ئێستا ئیدارەی ئەو ناوچانە هەمووی حكومەتی كوردستان دەیكات لەڕووی ئیدارییەوە، حەز دەكەم بیزانن بەس لەڕووی ئەوەی كە كێشەی لەسەرە، لەڕووی مەسەلەی دەستوورییەوە سەر بەسنووری ئەو پارێزگایانەن، دواتر مەخمور لە 2005 ەوە

گەڕاوەتەوە سەر هەولێر، خۆمان بڕیارەکەمان جێبەجێ نەکردووە بەدوایدا نەچووین، قانونیەن ئێستا ئێمە ئیدارەی دەکەین، هەموو ئەجهیزەی ئیداری ئێمەیە تەنها مەحاکم سەر بەموصڵە، ئەوی تر هەمووی سەر بە هەولێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی جەنابت فەرمووت بەنیسبەت مەخمور ڕەنگە ناحیەی عەمەلی وابێت، بەس ئەمە تەنها مەخمور وا نیە، ئێمە کەرکووکمان هەیە، سنجارمان هەیە، خانەقینمان هەیە، کە بودجەیان، تەعیناتیان، ناویان، ناوی ناخبینیان، هەمووی ڕەبتە پارێزگای ترەوە بەداخەوە، ئێستا بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان بۆ مەخموور وەکو هەرێمی کوردستان دوا نەکەوت، لەهەڵبژاردن بەشێك بوو لە هەڵبژاردنی نەینەوا، بۆ سنجار هەڵبژاردنی لێ کرا، موصڵ لێی کرا، ئەگینا هەموو ناحیەی سیاسی ناحیەی حکومەت، تەمەنامان ئەکرد بمانتوانیایە ئەو شتە فەرز بکەین، ئەوە لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە، کۆمیسیۆنی باڵا ئەڵێت ئەوە هەر لەگەڵ قانوندا ناگونجێت، بەنیسبەت صندوق بۆ دەرەوە، وەڵڵاهی سەد دەرسەد تەمەنا ئەکەین، کەوا صندوق دابنێین لەدەرەوە، زۆر شتێکی چاکەو بەتایبەتی ڕێژەیەکی زۆرمان هەیە لە دەرەوە، واتە ژمارەیەکی زۆر کورد هەیە لە دەرەوە حەقیانە، خەڵکی ئەم سێ پارێزگاشن، بەڵام ناتوانین صندوق دابنێن، جاری یەکەم بۆ دەنگدان دایان نا کۆمیسیۆنی باڵا وتیان ئەوە زۆر زەحمەت بوو، پارەیەکی یەکجار زۆریش ڕۆشت وکاتێکی زۆریشی ویست، تەمەناش ئەکەم بتوانین و لێشیان دەپرسین، لە کۆمیسیۆن ئەپرسین، ئەڵێین ئەگەر ئەتوانن تەمەنا دەکەین، بەڵێ کاك دکتۆر کەمال، فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆ ئەو بەڕێزانەی کەوا لەدەرەوەن، ئەتواندرێ تەنزیم بکرێت، بەڕێگای ئەلیکترۆنی دەنگ بدەن، بەڵام پێویستە لەگەڵ کۆمیسیۆندا ئیش لەسەری بکرێت، کە بتوانن ئەو بەڕێزانە دەنگ بدەن کە لیستی ناویان هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی شارەزای ئەلکترۆنیاتە ڕەنگە لە 20٪ بێت، یان 30٪ بێت، چۆن ئەتواندرێت ئیعتیماد بکرێتە سەر ئەوە، بەڵام حەقیانە ئەگەر لێرە بن، بەتەئکید حەقی خۆیانە و تەبیعیە، بەس ئێمە داواش لە کۆمیسیۆن ئەکەین، بزانن ئیمکان هەیە، ئەگەر ئیمکان هەبێت ئەوە داخڵ دەکرێت، کاکە حەمە فەرموو.

**بەڕێز محمد حاجی محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من یەك، دووجار، پرسیاری ئەوەم کرد، وتم بۆ برایانی تورکمان و کلد و ئاشووری، ئەتوانن ئەوەی دەرەوە دەنگ بدەن، من مەبەستم خۆشمان بوو، واتە مەبەستم کوردیش بوو، بەڕای من ئێمە کار ئەکەین بۆ

ئەوەی ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە، من قانونی نیم، بەلام قانون بەدەستی خۆمانە، با ئێمە قانونی خۆمان دەربکەین و بلێین کوردێکی کەرکووك وخانەقین و سنجار بۆیان هەیە، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بن، ئەوە وجهە نەزەری ئەوانیشی پێ ڕائەکێشی، بەلام کە ئێمە هیچی بۆ نەکەین بۆیە من پێم وایە ئەوەش ئەکرێت، بۆ دەنگدان بۆ هەموو عێراق ئەکرێت کە لەدەرەوەش دەنگ دەدەن، ئەی بۆ بۆ کوردستان نەبێت، خالێکی تریش بەڕاستی لەگەڵ ئەو ڕەئیانەی کاك غەفورم، ئێمە ئێستا ئەگەر کەسێکی مەندەلی بتوانێ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بێت، بۆ ئەوە نەبێت خۆ ئێمە قانون بەدەستی خۆمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بوونی بەئەندام پەرلەمان، ئەوە هیچ مانعێك نیە، خەڵکی بەغداد بێت، کورد بێت خەڵکی خانەقین بێت، هی سنجار بێت، کەرکووك بێت، هەر کەسێك کەلەناوماندا بێت، بەلام ئەو خەڵکەی کەلەوێن ئایا ئەتوانن دەنگ بدەن؟ نەخێر ئەوە ئێستا نەختێك ڕێگری تێدا هەیە، هەتا ماددەی 140 جێبەجێ نەکرێت ئەوە زەحمەتە، مەخموور لە ناحیەی عەمەلی دەکرێت، بەلام بەتەنها مەخموور ئەکرێت، لەبەر ئەوەی نزیکەو ئاسانە بەشداری بکات، بەلام ئەویش ئیعتزازی لەسەر دەگیرێت، بەهەرحاڵ ئێمە ئێستا ئەو ماددەی کە دەنگی لەسەر درا، باشە ئەوە 60 هەزار دەنگ دەنگی نەداوە لە دووزخورماتووش ژمارەیەکی زۆر دەنگی نەداوە، ئیشکالێك هەیە، هەمووومان شکایەتمان کردووە، تەحالوفی کوردستانیش شکایەتی کردووە، هەموو مکەویناتەکانیش شکایەتیان کردووە، بەلام ئایا ئەمە تەقصیرە؟ ئایا لەبەرئەوەیە کە ئەوان درەنگ خۆیان تەسجیل کردووەو قائیمەکە نەگەشتووە، ئەوە ئێستا لە تەحقیقدان تا بزانن سەبەبەکەی چیە، جەنابیشت یەکێك بوویت لەوانەی کە ناوت نەبوو، ئەو ماددەی کە خوێندرایەوە، تحل عبارة سجل الناخبين محل عبارة (جداول انتخابية) اينما وردت في هذا القانون". ئەوە شتێکی تەکنیکیە ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ ئەوەش قبولکرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شريف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە هەندێ موقتەرەحی تر هەیە بۆ تەعدیل، ئێمە بیدایەت وا قسە کرا کەدوایی کە گەشتینە ئەخیر ئەوە باس ئەکەین، من مەقسەدم ئەوەیە، یەکەمیان: حاڵەتێك هەیە، لە تەعدیلی سێیەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان، تەعدیلێك ئێستا ئێمە لە قانونی سەرۆکایەتی هەرێم کردوومانە، لەوێ نەکراوە، لێرەش ئیقتراحی تەعدیلیمان نەکردووە، بۆیە تەناقوز ئەکات، خۆی ئەبێت بەپێی مەرسومێك سەرۆکایەتی هەرێم لەماوەی 60 ڕۆژ پێش هەڵبژاردن، ئیعلانی هەڵبژاردن بکات، ئەوە ئێستا لێرە هاتووە بە 15 ڕۆژ لە نەصە کۆنەکە، کەئەمەش تەعاروز ئەکات، لەگەڵ ئەوەی سەرۆکایەتی هەرێم، لەبەر ئەوە ئەبێ تەعدیل بکرێت، ماددەی 12 لە تەعدیلی سێیەم، دووەم: لەماددەی چوار، ئێمە لەلیژنەی قانونی کەموناقەشەمان کرد، لە ئەصڵی یەکەمیان واتە تەعدیلی یەکەمی پرۆژەکە، موقتەرەحی ئەوەمان کردبوو، کەوا جەمع لەبەینی ئەندامێتی

پەرلەمان و وەزارەتدا نەکرێت، نەصیشمان بۆ دانابوو، بەو مانەیە بەم شێوە بوو، (لايجوز الجمع بين عضوية البرلمان، او اي عمل او منصب رسمي اخر) تەبعەن هەدەف هەبوو لەمەدا، ئێمە لەحاڵەتی ئەوەی کە هەمانە، تەبیعەتی نیزامی و سیستەمەکەی ئێمە، سەرۆکایەتیە یان پەرلەمانیە، یان تێکەڵە، ئەمە حاڵەتێکە، بەڵام زرووفی سیاسی ئێمە وا پێویست ئەکات، کە ئێمە دیفاع لە دیموکراتیەت بکەین، ئەساسی دیموکراتیەت محاوەلە بکەین بچەسپێنین، ئەوەش زەروورەت وایە فەصڵی سوڵتات تەئکیدی لێ بکەینەوە، چونکە ئەگەر مەبدەئی فەصڵی سوڵتاتمان پێشێل کرد، یان تێکەڵمان کرد، بەشێك لە مەسەلەی دیموکراتیەت خەڵت ئەکەین لەو حاڵەتەدا، لەبەر ئەوە فەصڵی سوڵتاتیش ئەبێت هەر سوڵتەیەك تەنفیزی و تەشریعی و قەزائی جیاواز بن لەیەکتری، ناکرێ ئەندامێکی پەرلەمان کەیەکێك لە مەهامەکانی چاودێری کردنی حکومەتە، خۆشی وەزیر بێت، ئەم نموزەجە هەیە لە وڵاتان لەبەریتانیا ڕاستە هەیە، سیستەمی بەریتانی و ئیرلەندی کە لەمانەدا هەیە، بەڵام ئەوان جیاوازە، تەبیعەتی ئەوان جیاوازە، من بەقەناعەتم ئێمە ئەو شتە نەچەسپێنین لەناو ئێرەدا، بۆیە فەرمانبەری گشتی هاتووە، لەناو دەقە کۆنەکەدا، فەرمانبەری گشتی تەعبیر لە فەرمانبەر ئەکات، تەعبیر لە مەنصەب ناکات، لە دەرەجاتی خاصە ناکات، کە بەمانای وەزیر دێت، بۆیە کەلیمەی مەنصەب من پێشنیار ئەکەم، بەڕاستی پێویستە ئەبێ چاکی بکەین پێم وایە ئەبێ تێشیدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك شێروان، فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی برای بەڕێزم کاك دلێر ئیشارەتی پێدا ڕاستە، ئێمە لە لیژنەی یاسایی گفتوگۆمان لەسەر کرد، ڕەئێکی وا گەڵاڵە بوو، کەوا ناکرێت جمع لەبەینی وەزیری و ئەندام پەرلەمانیدا بکرێت لەیەك شەخصدا، ئەمە ڕەئی لەسەر بوو، پاشان کۆبوونەوەیەکمان کرد، ڕەنگە کاك دلێر ئامادە نەبووبێ، بەگوێرەی ئەو تەوەقوعەی کەوا لای ئێمە هەیە، ئاخر ڕەئی ئیستقراری لەسەر ئەوە کرد، کە ئەو بڕگەیە لەناو یاساکەدا دەربهێنین، وەکو یاسا ئەصڵیەکە بمێنێتەوە، مەحزەرەکەش لامانە ئەوانەی کەوا ئیمزایان نەکردووە، ناوی کاك دلێری تێدایە، حەقێکی تەبیعی خۆشیەتی کەوا ئیعتراز بگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی قانونەکەی پێشوو وەکو خۆی ماوەتەوە، بەحەقیقەت لێرە تەوەجوھ وایە، کە مەنصەب بەس وەزیر ئەگرێتەوە، نابێ ئەندام پەرلەمان وەزارەتی تری هەبێت، هەرچەندە لێرە دوو، سێ، حاڵەتمان هەیە، مامۆستای زانکۆیە، یان دکتۆرە، وامان عیلاج کرد کەوا بەناوی محازەراتەوە دەوام دەکات، نەك بەناوی وەزیفە، ئەگینا تەعاروز ئەکات، بەڵام تەوەجوهی عام لە کوردستاندا ئەوەیە، وەزیر نابێ ئەندام پەرلەمان

بێت، بەس ئەگەر بیخەینە ئەو حاڵەتەوە، سبەینێ ئەگەر پێویستی کرد حاڵەتێکی ئاوا ئیستسنائی هاتە پێشەوە، ئێستا ئێمە تەنها کاکە حەمەمان هەیە، خاتوو چنار کەرۆشت ئیستیقالەی دا، عادەتەن خۆشی وایە و هەر وئەبێ وابێت، بەس ئێمە بیخەینە ئێرە و زەبتی بکەین، ئەوە نابێت و تۆزێك قورسە، بەس نەچێتە ئەو سیستەمەی کەوا وەزیرەکان هەمووشیان ئەندام پەرلەمان بن، ئەگەر پێویستیشی کرد لە داهاتوودا دەیگۆڕین، بەڵێ کاك شێروان، فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:.**

لە 1992 وە تا ئێستا ئێمە سێ حاڵەتمان هەبووە، حاڵەتێکیان هی شەهید فەرەنسۆ بووە، حاڵەتێکیشیان هی یونادم یوسف کنا بووە، حاڵەتەکەی تریش هی کاکە حەمەی حاجی مەحمودە، ئەگینا حاڵەتی وا زۆرمان نەبووە لەو مەسەلانەدا، هەر بۆیەش هاتینە ئەو قەناعەتەی کەوا بڕگەکە هەڵبگرین لەیاساکەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو ماددەی کە خوێندتانەوە، من پێم وایە زیادە لەبەر ئەوەی لە ئەصڵی قانونەکەدا هەیە، بۆیە شەتب بکرێت باشترە، لەئەصلی قانونەکە هەیە، پێویست ناکات لێرە دووبارەی بکەینەوە، ئەوە زیادە، ئەوە شەتب کرا، ئەوە هەیە لە قانون، لەبەر ئەوەی لە ئەصڵی قانونەکە هەیە، لەسەر ئەوە قسە دەکەی، فەرموو کاك ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ماددەیەکی تر پێویستە، بە حوکمی ئەوەی کە ئێمە ماوەیەکە هەمووومان بانگەشە بۆ ئەوە دەکەین و دەنگی داوەتەوە لە کوردستان کە ڕۆژی 5/19 هەڵبژاردن دەکرێت لە هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمان، ئینجا ئەگەر تەسبیتی بکەین لێرە، من پێم وایە باشتر دەبێت ئیشارەت بەوە بدەین ئەگەر نەکرا عوزرێك هاتە پێشەوە، ئەو وەختە شتێکی ترە، یانی تەئکیدی لەسەر بکەینەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، باش بوو ئەو مەوزوعەت باس کرد، من پێرێ لەگەڵ موفەوەزیەی عولیا لە بەغدا قسەم کرد، چونکە دەنگی ئەوە هەبوو کە ناتوانرێ بکرێ، کۆمیسیۆنی ئێرە وتیان ناتوانین لە وەختەکە بکرێ، لەگەڵ خۆیان قسەم کرد، وتیان زۆر ئیمکان هەیە لە وەختی خۆی لە 5/19 بکرێت، بەڵام رجاتان لێ دەکەین ئەو ڕۆژە مەخەنە ناو قانون نەوەك زرووفێکە، شتێکە نەتوانرێ لە 19 بکرێ و لە 25 بکرێت، بۆ ئێوە موحتاج بن بچن قانون بگۆڕن، ئەوە بەجێ بێڵن بۆ ئێمە، قەرارێك دەرچێت لە موفەوەزیە دەردەچێت دەڵێن کاکە هەفتەیەك دوابخرێت، یان دوو ڕۆژ دوابخرێت، بۆیە داوایان کرد کە نەخرێتە ناو قانون، باشە

ماددەی دوازدە دەڵێن پێویست ناکات، چونکە لە ئەصڵدا هەیە دەبێت لێرە ئیلغا بکرێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغا بکرێت دەستی بڵند بکات؟ فەرموو کێ لەگەڵدا نییە؟ بەکۆی دەنگ ئیلغا کرا، کاک عبدالرحمن فەرموو نوقتەی نیزام.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەتوانین بڵێین کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن ماوەیەك دیاری بکات کە لە 6/4 تێنەپەڕێت، ئەو کات ئاسایی دەبێت، بۆ خۆشمان کە لە 6/4 تێنەپەڕێت بە پێی کاری بەڕێوە بردن و هونەری خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بۆ بدەینە ئەوان، خۆمان قەرارمان داوە، ئەوە دەسەڵاتی خۆمانە، سەرۆکی هەرێم پێش دوو مانگ لە قەرارەکە تەئکید دەکاتەوە لەسەر ئەوە، پێشتر رەئیی ئەویشمان وەرگرتووە کە 5/19 کە لێرە دەست نیشانمان کرد، موافەقەتیشی کرد، بەڵام قانونەن دەبێت دوو مانگ پێشتر ئیعلان بکات، ئەوە دەسەڵاتی بانگهێشت کردن بۆ رۆژی هەڵبژاردن دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمە، بۆ بیدەینە ئەوانە، ئێمە کە نووسراوی رەسمیمان بۆیان کردووە، وتومانە ئێمە بەنیازین رۆژی 2009/5/19 رۆژی هەڵبژاردنی گشتی بێت داواتان لێ دەکەین کە کارئاسانی بکەن و هەموو پێداویستیەکان دابین بکەن بۆ ئەوەی لەو رۆژەدا بیکەین، ئێمە رەئیمان قەت ناگۆڕێت و قەتیش داوایان لێ ناکەین کە رۆژێك تاخیری بکەن، ئەگەر شتێکی وابوو ئەوان مەسئولیەتی هەڵدەگرن، فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە ماددەیەکی ترە، من باسم کرد ئەگەر چارەی نەکەین لە قانونەکە نوقصان دەبێت، ماددەی دوازدە لە تەعدیلی سێ هاتووە بەم شێوەیە: (يحدد موعد الانتخابات بقرار من رئيس الاقليم خلال 15 يوماً) ئێمە چاکمان کردووە لە قانونی سەرۆکایەتی هەرێم، ئەگەر لێرە چاکی نەکەین تەناقوض دەکات، چونکە دەبێت تەحدیدی بکەین ئەو نەصەی کە لە قانونی سەرۆکایەتی هەرێم ماوەیەك پێش ئێستا چاکمان کرد، نەیهێنینە ئێرانە لەگەڵ ئەمە موخالیف دەبێت، چونکە دەبێت شەست رۆژ پێش رۆژی ئینتیخابات ئیعلان بکرێت، ئەوە ئەگەر چاك بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مولاحەزەیەك رەنگە راست بکات کاك دلێر، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی كاك دلێر دەیڵێ، ئەوە لە قانونی سەرۆكایەتی هەرێم لە ئاخیری تەعدیل كرا و ئێمە دەنگمان لەسەرداو ئەوە بڕاوە، بەراستی ئەو مودە دانانە و سەقفی زەمەنی هەمووی لەوێ هەیە، ئەوە نەسخ دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆی داخیلیش نەبێت، تەنفیز دەكرێت ئەوە، فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە كاك د.ناصح.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی دوای ئەمە دەڵێ (لایعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون) كەواتە ئەوەی كە كاك دلێر وتی دەبێت ئێمە تەسبیتی بكەین، چونكە ئەگەر ئەوە نەكەین ئەمە ئیلغا دەكاتەوە، ئەوەی تازە هی كۆن ئیلغا دەكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

باش بیخوێنەوە چیت گوت ئەوەی كە تۆ خوێندتەوە (لا يعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون)ئەوەی كە وتمان تەعاروزی نییە، چونكە ئەوە دەڵێت هیچ قانونێك تەعاروزی هەبێت لەگەڵ ئەوە كاری پێ ناكرێت، ئەو قانونەی سەرۆكایەتی تەعاروزی نییە لەبەر ئەوەی كاری پێ دەكرێت، كاك عونی تەعاروز ناكات، ئەوە هەموویان دەڵێن تەعاروز ناكات، كاك دلێریش دەڵێت تەعاروز ناكات، ماددەی سێزدە (على مجلس الوزراء و الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون) ئەوە ماددەیەكی رۆتینیە ، كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات؟ كێ لەگەڵ نییە؟ بە كۆی دەنگ قەبووڵ كرا، ماددەی چواردە (ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ اصداره و ينشر في الجريدة الرسمية وقائع كوردستان) كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات؟ كێ لەگەڵ نییە؟ بە كۆی دەنگ قەبووڵ كرا، پرۆژەكە هەمووی، پرۆژەی یاسای هەمواركردنی چوارەمی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی ژمارە (1) ی 1992 ی هەمواركراو دەخەمە دەنگەوە و بە هەموو ماددەكانی، كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات تكایە؟ كێ لەگەڵدانییە؟ بە كۆی دەنگ قەبووڵ كرا ، زۆر سوپاستان دەكەم و دەستتان خۆش بێت، داوای لێبوردنیش دەكەم ئەگەر هەندێكتان نارەحەت بووبن لە موناقەشاتدا، بەدڵتان نەبووبێت، ئەوە دیموكراتیەتە هەر وا دەبێت، دانیشتنی داهاتوومان ئاگادارتان دەكەمەوە، ئومێد دەكەم لە هەفتەی داهاتوودا بێت، بەڵام ئینشائەڵڵا بەم زووانە دەبێت بەهەر حاڵ، كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دێنین.

**فرست احمد عبدالله**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)**
**جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک**

**دووشەممە ڕێکەوتی 2\3\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك

## دووشەممە رێكەوتی 2009/3/2

كاتژمێر (10ر11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی دووشەممە رێكەوتی 2009/3/2 ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆكی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز

محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكى) جێگرى سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێرى ئەنجومەن, دانیشتنى دەستپێكى خولى دووەم, ساڵى (2009) ى خۆى بەست.

**بەرنامەى كار:**

ڕێورەسمى كردنەوەى خولى گرێدانى یەكەمى خولى هەڵبژاردنى دووەمى ساڵى چوارەمى هەڵبژاردنى ئەنجومەنى نیشتمانیى كوردستان، بەپێى حوكمى بڕگە (1)ى مادده (5) هەردوو بڕگەى (1و2)ى ماددەى (54)لە پەیڕەوى ناوخۆى ئەنجومەنى نیشتمانیى كوردستان – عێراق ژمارە (1)ى ساڵى 1992ى هەمواركراو، بڕیار درا كاتى كردنەوەى خولى گرێدانى یەكەمى ساڵى چوارەمى خولى دووەمى هەڵبژاردنى ئەنجومەن لە كاتژمێرى (10ر11)ى پێش نیوەڕۆى ڕۆژى دووشەممە ڕێكەوتى 2009/3/2دا بەم شێوەیەى خوارەوەى بەرنامەى كارەكە ببێت:

1-دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانى پاكى شەهیدانى كوردستان و عێراق.

2-وتارى بەڕێز جێگرى سەرۆكى هەرێمى كوردستان – عێراق.

3-وتارى بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەنى نیشتمانیى كوردستان – عێراق بەم بۆنەیەوە.

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**بەناوى خواى گەورەو میهرەبان.**

بەناوى گەلى كوردستان، ڕێورەسمى كردنەوەى خولى گرێدانى یەكەمى خولى هەڵبژاردنى دووەمى ساڵى چوارەمى هەڵبژاردنى ئەنجومەنى نیشتمانیى كوردستان، بەپێى حوكمى بڕگە (1)ى مادده (5) هەردوو بڕگەى (1 و2)ى ماددەى (54) لە پەیڕەوى ناوخۆى ئەنجومەنى نیشتمانیى كوردستان - عێراق ژمارە (1)ى ساڵى 1992ى هەموار كراو، بڕیار درا كاتى كردنەوەى خولى گرێدانى یەكەمى ساڵى چوارەمى خولى دووەمى هەڵبژاردنى ئەنجومەن لە كاتژمێرى (10،11)ى پێش نیوەڕۆى ڕۆژى دوو شەممە ڕێكەوتى 2009/3/2دا بەم شێوەیەى خوارەوەى بەرنامەى كارەكە ببێت:

1- دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانى پاكى شەهیدانى كوردستان و عێراق.

2- وتارى بەڕێز جێگرى سەرۆكى هەرێمى كوردستان - عێراق.

3- وتارى بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەنى نیشتمانیى كوردستان - عێراق بەم بۆنەیەوە.

سەرەتا داواتان لێ دەكەم دەقیقەیەك بوەستین بۆ گیانى پاكى شەهیدانى گەلى كوردستان و عێراق. فەرموون.

بەناوى ئێوەى بەڕێزەوە زۆر بەخێرهاتنى گەرمى براى بەڕێزم جەنابى كاك كۆسرەت ڕەسول عەلى جێگرى سەرۆكى هەرێمى كوردستان، خوشك و برایانى بەڕێز وەزیرەكانى حكومەتى هەرێم، مێوانانى بەڕێز دەكەم، كە ئەمڕۆ لە ڕێورەسمى كردنەوەى ئەم خولە لەگەڵمان بەردەوامن، بەندى ئەجندەى ئەمڕۆمان وتارى بەڕێز جەنابى كاك كۆسرەت ڕەسول عەلى بەم بۆنەیەوە با بفەرمووێت بۆ خوێندنەوەى وتارەكەى.

**بەڕێز كۆسرەت رسول على/جێگرى سەرۆكى هەرێمى كوردستان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

**بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.**

**بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.**

**گەرمترین پیرۆزبایتان لێ دەکەم بە بۆنەی کردنەوەی خولی دووەمی ساڵی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، هەروەها لەڕێگای ئێوەشەوە پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان دەکەم بە بۆنەی یادەکانی ڕاپەرین و نەورۆزو بەهارو ساڵی تازەی نوێی کوردی.**

**دیارە ئەو ئەزموونەی ئێمە، بەرهەمی خوێن و فرمێسکی هەموو شەهیدەکانی کوردستانە، بەرهەمی ماندوو بوون و شەونخونی هەموو خەڵکی کوردستانە، بەرهەمی فیداکاری خەڵکی کوردستانە، لەبەر ئەوە پێویستە هەموومان بیپارێزین و گەشەی پێبدەین و بەرەوپێشی ببەین، کەموکوڕییەکانی چارەسەر بکەین، هەروەها هەموومان بە یەکگرتوویی و یەکێتی ریزەکانی خەڵکی کوردستان و میللەتەکەمان بپارێزین.**

**خۆتان دەزانن ئەو ئەزموونەی حکومەتی کوردستان درێژترین ئەزموونە لە مێژووی میللەتی کورد، بە درێژایی خەباتی رەوای خەڵکی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ئەو ئەزموونە درێژترین ئەزموونە تا ئێستا بەردەوامە، لەگەڵ ئەو هەموو کەموکوڕییانەو، ئەو کێشانەی کە هاتە پێشەوە لە ئەنجامی شەڕی خۆکوژی و دەستدرێژی ئەولاو ئەولاو دوژمنەکانی دەوروبەرمان، بەڵام لە هەمان کاتدا هەمیشە بەردەوام بووە.**

**ئەو حکومەتەی خۆشمان ئێستا لەو ماوەیە، لە چەند ساڵی رابردوودا کە ئیمکانیاتی هەبووەو دەرامەتی هەبووە شتی باشی کردووە، بۆ نموونە لە خزمەتگوزاری ئاو و کارەبا ئێستا کارەبا، ئاوی ئیفراز بۆ هەولێر، ئاوی دوکان بۆ سلێمانی، کەمپی زانکۆی سلێمانی کە دروستکراوە بە پێنج سەد ملیۆن دۆلار، ڕێگاوبان، ئێستا چەندین پرد کراوە لە ناو شاری هەولێر، دەبینی شارەکە شتی باشی بۆ کراوە، هەروەها خەدەماتی باش کراوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئێمە دەبێت ئەوانەمان لەبەر چاو بێت، نابێت هەر بڵێین هەر هیچ نەکراوەو گلەیی بکەین، گازاندە بکەین، راستە کەموکوڕی هەیە، کێشە هەیە، بەڵام ئەو کێشانە ئەو نین لەبەرامبەر ئەو شتانەی کە بەو ئینجازانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوویەتی بۆ خەڵکی کوردستان، هەروەها لە رووی خزمەتگوزاریەوە، ناو شارەکان هەمووی چاککرایە، ئێستا بۆ نموونە لە بواری رێگاوبان لەنێوان ئێرە بۆ کەسنەزان، هەروەها بۆ مەسیف سەلاحەددین، لە دوکان بۆ سلێمانی، لە سلێمانی بۆ عەربەت، ئەو رێگاوبانانەش کە ژێرخانی ئابووری کوردستانە، جگە لەمانەش چەندین پرۆژەی تری گرنگ و ستراتیژی کراوە.**

**لەڕووی سیاسیشەوە دەیان کۆنسولیەت کراوەتەوە لە هەولێری پایتەختی کوردستان، ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە بەڕاستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیشی کردووە، هەروەها لە مەسەلەی شەفافیەت و**

دیموکراتیەت، من پێم باشە زیاتر شەفافتر بێت حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئیش و کارەکانی لە میزانیەی، لە ئیراداتی، لە سەرفیاتی، هەروەها دیموکراتیەت، لێرە راگەیاندنی ئازاد لە سەرانسەری کوردستان هەیە، هەندێك جار زیاتر لە سنووری خۆشیان دەڕۆن، بۆیە دەبێت ئێمە هەموومان بە یەکەوە هەوڵ بدەین یەکێتی ریزەکانی میللەتەکەمان بپارێزین، هەروەها یەکێتی ریزەکانی حکومەت بپارێزین، هەروەها ئەو حکومەتە کە لە ئەنجامی خوێن و فرمێسك هاتۆتە کایەوە، هەموومان هەوڵ بدەین کە ئەو حکومەتە بپارێزین، نەك هەموومان دژی حکومەتەکە بین و هەموومان رەخنەی لێ بگرین، ئینجازاتەکانیشی باس بکەین، ئێوە ئەندامی پەرلەمانن و خەڵکی کوردستان ئێوەی هەڵبژاردووەو شانازیە بۆخۆتان و بۆ کەس و کارتان و بۆ میللەتەکەمان، لەبەر ئەوە ئینسان دەبێت مەسئولانە مامەڵە بکات لەگەڵ واقعی حکومەت و لەگەڵ کەموکوڕتیەکان، داوا لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەکەم، وەزیرەکان بانگ بکەن ئیستجوابی وەزارەت بکەن، رۆژی حکومەت دابنێن، حکومەت با بەرنامەی خۆی بهێنێتە پەرلەمان، لە پەرلەمان مناقەشە بکرێت، بەڵام لە دەرەوەی پەرلەمان تەسریحات و لێدوان مەدەن، هەندێك ئیعلامی ناحەز هەیە شتی بچووك زۆر گەورە دەکەن، ئینجا هیوادارم پەرلەمانی کوردستان ئەکتیف تر بێت و چالاکتر بێت.

دیارە ئێمە لەبەردەمی هەڵبژاردنی داهاتووش هەڵبژاردنێکی نەزیهانە بێت، کە خەڵك هەمووی پێی رازی بێت و نەزاهەت هەبێت لە هەموو ئیشەکان، ئێمە لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان باسمان کردووە، کە لیژنەیەکی نەزاهەت دابنێت بە سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی ئەو کەمووکوڕییانەی هەیە لە وەزارەتەکان و لە دامودەزگاکانی حکومەت، ئەو لیژنەیە تەحقیقی تێدا بکات لەسەرەوە بۆ خوارەوە، ئەو لیژنەیە ئێستا خەریکە دادەمەزرێت و ئیعلان دەکرێت، جەنابی سەرۆکی هەرێم ئەوە خەریکە.

لەڕووی سیاسیشەوە ئێوە ئەوە بزانن خوشکان، برادەران ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، دەبینین کە ئێستا گرنگیەکی زۆر بە کوردستانی عێراق هەیە، مەسەلەن سەرۆکی هەرێم وەکو سەرۆکی وڵاتێك لە وڵاتانی دەوروبەرو وڵاتانی ئەوروپی پێشوازی لێدەکرێت، هەروەها لە بەغداش وەزیری دەرەوەمان هەیە، سەرۆك کۆمارمان هەیە، جێگری سەرۆکی وەزیرانمان هەیە، لە دامودەزگاکانی حکومەتی ناوەندیش بەشداری کاریگەرمان هەیە، ئەوانەش هەموو دەسکەوتی گەورەن بۆ کورد، ئەگەر کەسێك بێت بەراورد بکات لەنێوان کوردستان و باقی ناوچەکانی تری عێراق بە ئاسانی بۆی دەردەکەوێت کە کوردستان پێشکەوتوو ترە لە باری ئاسایش و پێشکەوتن و پەرە سەندنی بیناسازی و بوونی فڕۆکەخانەو لەسەرجەم بوارەکان، ئەوانە هەمووی جێگای شانازیە، بەڵام دیسانەوە ئەوانە بەس نین، پێویستە ئێمە خزمەتی زیاتری میللەتەکەی خۆمان بکەین و شەفاف تربین، ئێمە میللەتێکی ئازاو قارەمانمان هەیە، ئەو میللەتە پشتیوانی لە ئێمە کردووە، لە هەمان کاتدا نەبۆتە مایەی تێکدانی ئەو بارو دۆخەی کە هەیە، سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان حکومەتی ناوەندی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دیارە ئێمە کێشەمان هەیە لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، ئەو کێشانەش هەتا ئێستا بەردەوامە، بەڵام قابیلی چارەسەرکردنن، ئێمە

پابەندین بە دەستووری هەمیشەیی عێراق کە خەڵك دەنگی بۆ ئەم دەستووورە داوە، هەرچییەکی تێدا هاتووە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبین بەو دەستوورەو لەسەر مەسەلەی کەرکووك و شوێنەکانی تری کوردستان کە کێشەی لەسەرە، هەروەها هەڵبژاردنی ئەمجارەش ئەوەی سەلماند کە شوێنە کێشەدارەکان، ساغ بوونەوەی کوردستانە، ئەوە شنگارە، ئەوە شێخانە ئەوە مەخمورە ئەوە حەمدانیەو شوێنەکانی ترە، مەبەستم سەرجەم ئەو شوێنانەیە کە غەیری کەرکووك هەڵبژاردنی تێدا کراوە، زۆرینەی کوردو لیستی هاوپەیمانی کوردستان دەرچووە، ئەوەش جێگای ئەوەیە شانازی بەوە بکەن کە خەڵکی ئەو ناوچانە دەنگیان بۆ لیستی هاوپەیمانی کوردستان داوە، هەروەها ئێمە ڕێزی کەمینەکانیش بگرین لێرە لە پەرلەمانی کوردستان ولە دەستووری کوردستان کە بەشی ئەوان دانراوە، برا تورکمانەکان و کلدو ئاشوریەکان و ئەوەش جێگای شانازیمانە، دەبێت هەموومان پشتیوانی لێبکەین و لەو دیموکراتیەتەی کە هەیە لە کوردستانی خۆمان و لەڕێگەی پەرلەمانەوە داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەین پشتیوانی لە حکومەت و پەرلەمانی خۆمان بکات، ئەو حکومەت و پەرلەمانەی کە بە خوێن و فرمێسك هاتۆتەکایەوە، بەگاڵتە نەهاتۆتەکایەوە، لەوانەیە هەندێك گەنج هەبێت کە کاتێك ئێمە ڕاپەرینمان کرد لە ساڵی 1991 ئەو دووساڵ بووە، سێ ساڵ بووە، بەلام ئێستا دەڵێت هیچ نەکراوە، یان هیچ ناخۆشی نەبینیوەو بەعسی نەبینیوە کە چەند دڕندە بووە، ئەو سەردەمە پۆلیسێکی ئەمن گەڕەکێکی کۆ دەکردەوە، ئێستا خەڵك بە کەیفی خۆی لەڕاگەیاندن لە خوارەوە هەتا سەرەوە قسەو جنێو بە مەسئوولەکانمان دەدات و ناویان دەزڕێنن لە قانون دەردەچن، بەلام لەگەڵ ئەوش دیسان هەر قبوڵ کراوە،ئێمە هیوادارین لەڕێگای ئێوە داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەین، کە خەڵکی کوردستان، بەڕاستی ئەو شتانە کە لە عاداتی کوردەواریدا نییە وازی لێ بهێنێت، ئێمە لەگەڵ ئەوەین یاسا سەروەر بێت، لەگەڵ ئەوەین عەدالەتی ئیجتماعی هەبێت، لەگەڵ ئەوەین کە بەڕاستی هەموو خەڵك ماف و ئەرکی هەیە، مافی خەڵك دابین بکەین و ژیانی خەڵك باش بکەین، من داوا دەکەم لە پەرلەمانی کوردستان و لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و لێرەوە پێداچوونەوە بە مووچەی هەموو خەڵکدا بکەن، ئەو خەڵکانەی کە وەزیرن، یان بریکاری وەزیرن، یان بەڕێوەبەری گشتین، یان ئەوانەی مووچەیان بەرزە لەگەڵ ئەوانەی خوارەوە، لەگەڵ کارمەندان و مووچەخۆرانی کوردستان کە مووچەیان نزمە یەکسانیەك لەو نێوانەدا دروست بکەن، نەك هەر مووچەی ئەوان بەرز بێت و ئەوانی تریش مووچەیان کەم بێت، هەروەها بایەخی زیاتر بەقاعیدەی کۆمەلایەتی خەڵکی کوردستان بدەن، واتە بەهەژارەکان بدەن، بەو خەڵکانە بدەن کە ئێستا خزمەتگوزاریان بۆ ناچێت، نەك هەر ئەو شوێنانەی بە بەرچاوی خەڵکەوەن کە خەڵك دەیبینێت و سەردانی دەکرێت ئەو شوێنانە چاککراوە، وەکو گەڕەکە میللیەکان و ئەو شوێنانەی کە خزمەتگوزاریان بۆ نەبراوە، ئێستا خزمەتگوزاریان بۆ ببرێت، جێگای شانازیە ئێمە خۆمان دوو وێستگەی تەولیدی گەورەمان هەیە، یەکێکیان لە پیرداود، ئەوەی تریان لە بازیان بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، پێموایە کۆتایی مانگی سێ و سەرەتای مانگی چوار ئەو دوو مەحەتەیە تەواو دەبێت، مەسەلەی ئاو چارەسەر کراوە، مەسەلەی ڕێگاوبان بایەخی زۆری پێ بدرێت، مەسەلەی ئیعتماد

لەسەر خۆمان لەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان و لەسەر ئابووری کوردستان، ئەوەش دیسان کە دەتوانین هەوڵ بدەین ئەو گرێبەستانەی کە دەکرێن لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی دێن با شەفافەیتی تێدابێت، با لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند بکرێت، مانع نییە، خەڵك بزانێت کە حکومەتی کوردستان چ دەکات و چ ناکات، حکومەتی کوردستان ئیشی باشی کردووە، بەلاّم هەندێك ئیشی هەیە کەموکوڕی هەیە، هەر وایە لە هەموو دنیا کەموکوڕی هەیە، بەلاّم بەم شێوەیە نییە کە لێرە قسەی لێ دەکەن و میدیاکان قسەی لێدەکەن و بەرپرسانی حکومەتی پێ دەشکێنن، بەڕاستی وانییە، جا من لە بابی دیفاع لە حکومەت، من دەڵێم حکومەت شەفاف بێت، حکومەت بێت لەبەردەم پەرلەمان ئیش و کارەکانی خۆی بخاتەڕوو بۆ خەڵکی کوردستان لەڕێگەی پەرلەمانەوە کە نوێنەری خەڵکە، هەروەها حکومەتی هەرێمی کوردستان ئینجازاتەکانیشی باس بکات چی کردووەو چی نەکردووە، گۆڕانکاری لەناو حکومەت شتێکی ئاساییە، مەسەلەن برادەرێك لادەن مانای ئەوە نییە لەسەر چ لادراوە، بەمانای ئەوەیە مومکنەو پێویستە یەکێکی تر دابنرێت لە شوێنی، ئەو برادەرە دەگۆڕدرێت چیە، خۆکاتی خۆی کە من سەرۆك وەزیران بووم فەترەیەکی زۆر ناکرێت بڵێم هەتا دنیا ماوە سەرۆك وەزیران بم، مانای ئەوە نییە لەسەر چی لادراوە، مانای وایە ئەو برادەرە ئیشی باشی زۆر کردووە، بەلاّم یەکێ تر بێتە شوێنەکەی مومکنە بە نەوعێکی تر ئیش بکات، ئینجا من هیوادارم پەرلەمانی کوردستان ئەو پەرلەمانە بێت کە خەڵك متمانەی پێیەو خەڵك ئێوەی هەڵبژاردووە، بەرگری لە حکومەت بکەن، هەروەها راستیەکانیش بۆ خەڵکی کوردستان روون بکەنەوە، چەواشە کردن و کەموکوڕییەکانی حکومەت دەربخەن، مەسەلەیەکی تر هەیە لێرە پێموایە خەڵکی کوردستان ئێستا زۆر هۆشیارە، ئێستا هەموو دنیا بۆتە گوندێك بەهۆی ئەنتەرنێت و بەریدی ئەلیکترۆنیەوە هەمووشتەکان بلاّو دەبێتەوە لەسەرانسەری دنیا، لەبەر ئەوە پێموایە راستیەکان بلاّو بکەنەوە، نەك هەر سلبیاتەکان، کەس باسی ئەوە ناکات پاش دوو مانگی تر کارەبای کوردستان تەئمین دەکرێت بەبێ باران و بەبێ ئاوی، کەس باسی ئەوە ناکات کارەبا لە کوردستان باشترە لە بەغداو بەشەکاتی تری عێراق، کەس باسی ئەوە ناکات خزمەتگوزاری باشترە، کەس باسی ئەوە ناکات ئاسایش باشترە، هەر باسی ئەوە دەکەن فلان واو فیساروا، من لەگەڵ ئەوەمە رەخنەکانتان بنیات نەر بێت، رەخنە بگرن لە حکومەت، بەلاّم رەخنەکان لە چوارچێوەی هۆڵی پەرلەمان بێت نەك لە دەرەوەی هۆڵی پەرلەمان، مەسەلەیەکی تر هەیە رەمزەکانمان، ئەو خەڵکانەی بۆ مێژوو ئیش دەکەن بەڕاستی خەڵك لە بیریان ناکات، لێرە من سەرۆکی حکومەت بوومەو ئەندامی پەرلەمانی کوردستانیش بوومە، ساڵی 1993 کە تەرمی مەرحوم بارزانیمان هێنایەوە هەموو خەڵکی کوردستان بەیعەتی پێ کرد کە جارێکی تر بەمردوویەتیش لەبەر ئەوەی کە بینیان راستە، ساڵی 1975 ئەو قائیدی حەرەکە بوو، بەلاّم خەڵك خۆشی ویست و تەئیدی کرد، ئینجا من هیوادارم مەسئوولەکانمان هەموویان بۆ مێژوو ئیش بکەن، بۆ میللەتەکەیان ئیش بکەن، کە میللەتی کورد لە بیری ناچێتەوە، بۆیە ئێمە ئەو رەمزانەی هەمانە دەبێت بیانپارێزین، هەموو میللەتێك رەمزی هەیە، نەك بیان شکێنین و بچووکیان بکەین، لەبەردەمی خەڵك و بیان خەینە بەردەمی

ئیعلامەکان، ئەوشتان شتی خراپە، بەڕاستی مەسەلەیەکی تر هەیە مەسەلەی وەزعی ناوخۆی یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان، دڵنیاتان دەکەم کە جەنابی مام جەلال دێتەوە، مام جەلال ئێستا بوویتە قاسمی موشتەرەك لە نێوان عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعەو لەبەینی شیعەو شیعە، لەبەینی کوردو هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق، پێموایە ئەوەش شتێکی ئاساییە کە یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان کێشەی هەیەو کە بێتەوە چارەسەری بکات، چارەسەریشی دەکات.

جارێکی تریش پیرۆزبایتان لێدەکەم لە خولی دووەمی ساڵی چوارەمتان کە کۆتایی خولەکەیە ئەوساڵ ئینشائەڵلا هەڵبژاردن دەکرێت، پیرۆزبایی لە خەڵکی کوردستان دەکەم هیوادارم خەڵکی کوردستان ئەمجارە نوێنەری راستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن و بە ئارەزووی خۆیان دەنگ بدەن، دەنگ بدەنە ئەو کەسانەی کە متمانەیان پێیەتی، بەلام ئێوە شتی باشتان کردووە، حکومەت شتی باشی کردووە، پەرلەمانی کوردستان شتی باشی کردووە، یاسای زۆرتان دەرکردووە، ئەوانە بەمانای ئەوە نییە هیچ نەکراوە، سوپاس بۆ هەموولایەکتان و سوپاس بۆ سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پەرلەمان و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس بۆ جەنابی کاك کۆسرەت جێگری سەرۆکی هەرێم، بۆ ئەو وتارە بە نرخەی راشکاوانە کە ئاماژەی بە زۆر شتی گرنگ کرد، ئومێدەوارم هەموو لێپرسراوان، پەرلەمان، حکومەت، هەریەکە بەپێی مەسئوولیەتی، ئەو مەسئوولیەتانەی کەلەسەر شانیانە، خەڵك رای سپاردوون، خزمەتی خەڵك بکەن، وەکو جەنابی کاك کۆسرەتیش ئاماژەی پێی کرد، هەرچی لە توانامانـدا هەیە، پێی هەڵسین بۆئەوەی کەموکوڕییەکان نەهێڵین، خەڵکیش بگاتە ئامانجەکانی خۆی، دەسکەوتەکانیشمان بپارێزین، خاڵی سێیەم لە ئەجندای بەرنامەی ئەمڕۆمان وتاری سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستان - عێراقە.

بەڕێز کاك کۆسرەت رەسول عەلی جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

خوشكو برایانی بەڕێز ... ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.

بەناوی گەلی کوردستان، خولی کۆتایی دانیشتنەکانی لە ساڵی چوارەمی پەرلەمان، لە خولی دووەمی هەڵبژاردن دەست پێ دەکەین.

سەرەتا سەری رێزو نەوازش بۆ گیانی پاکی شەهیدانی گەلی کوردستان دادەنەوێنین‌و سڵاوی وەفاداریش ئاراستەی کەسوکارە سەربەرزەکانیان دەکەین، کە بە خوێنی ئەو شەهیدانە بوو گەلەکەمان توانی ساڵەهای ساڵ رووبەڕووی سیاسەتی رەگەزپەرستی و شۆڤینی و توندرەوی‌و رژێمی لەناوچووی بەعس ببێتەوە تاگەیشتە راپەڕینە مەزنەکەی گەلەکەمان لە ساڵی 1991، کە لە 5ی ئازاری ئەم مانگەدا یادی 18

ساڵەی دەکەینەوە. بەم بۆنەیەوەش پیرۆزبایی لە گەلەکەمان دەکەین و سلاٌوی وەفاداریش بۆ گیانی پاکی شەهیدانی راپەڕین دەنێرین، بەئومێدی ئەوەین کە ئەمساڵ ببێتە ساڵی پێشکەوتنو زاڵبوون بەسەر کۆسپەکانو دابینکردنی داواکاریەکانی خەڵکو بەدیهاتنی ئامانجەکانی راپەڕین لەپێش هەموویانەوە گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان.

راپەڕین وەرچەرخارنێکی مێژوویی بوو لە خەباتی گەلەکەماندا، بووە هەوێنی قۆناغێکی نوێی جیاوازو سەرەتای دامەزراندنی کیانی کوردی و دامودەزگاکانی کۆمەڵی مەدەنی، لە پێش هەمووشیانەوە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە 1992\5\19، دواتریش دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئەمرۆش کە دوا خولی دانیشتنەکانی پەرلەمان دەکەینەوە، دوای سێ مانگی تر لە 6\4 ئەمساڵ چوار ساڵی خولی دووەمی هەڵبژاردنەکان تەواو دەبێت.

ئەگەر هەڵسەنگاندنی بابەتی و خێرا بۆ کاری پەرلەمان بکەین دەبینین سەرەڕای ئەو کۆسپ و تەگەرانەی هاتنە پێش خەباتی گەلەکەمان و ئەزموونە نوێیەکەی و کاری پەرلەمان لەپێش هەموویانەوە شەڕی ناوخۆو دابەشبوونی حکومەتی هەرێم بەسەر دوو ئیدارەو بەردەوامبوونی پیلانەکانی رژێمی بەعسی لەناوچوو و ناحەزانی گەلەکەمان لەناوەوو دەرەوەی هەرێم. گەلەکەمان بەخۆڕاگری و خەباتی بەردەوامی توانی بەسەر زۆر لەو کۆسپانە زاڵبێت و رێگای ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکان دەست پێ بکات، تا حەدێکی باش پەرلەمانیش بەرنامەی خۆی جێبەجێ بکاتو ئەرکەکانی سەرشانی لەم قۆناغەدا بەجێ بهێنێت. تا ئەو خەباتە لەگەڵ خەباتی گەلان و پێکهاتەکانی تری عێراق گەیشتە ئەنجام بە لەناو بردنی رژێمی دیکتاتۆری و دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراتی و فیدراڵی نوێ لە عێراقدا کەلەسە بنەمای دەستووری هەمیشەیی بیناکردراو زیاتر لە 80٪ی گەلانی عێراق دەنگیان بۆدا، لەبەر رۆشنایی ئەم دەستوورەش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ئەنجام درا.

بەڕێزان.

لە کردنەوەی دوا خولی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە ساڵی چوارەمیدا، رەنگە پێویستی بەهەڵوەستەو هەڵسەنگاندنی کارەکانی پێشوومان هەبێت. بۆ ئەوەی بزانرێت پەرلەمان لە چوار ساڵی رابردوو چیی کردووە!. تا چ ئاستێك ئەرکەکانی خۆی جێ بەجێ کردووە. وردەکاری و تەفصیلاتی تەواوی ئەم مەسەلەیە جێ دەهێلم بۆ دوا دانیشتنی ئەم خولەمان، بۆ ئەوەی کارکانی ئەم سێ مانگەش لەوێدا ئاماژەی پێبکرێت. بەتایبەتی چەند پرۆژە یاسایەکی گرنگمان لەبەردەستدایە. پێویستی بەکارو تەواو کردن هەیە. بەلاٌم لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە ئەرکی پەرلەمان بدەین لەو ماوە کورتەی کە لەبەر دەستماندا ماوە، دەبێ هەوڵی چڕترو زیاتر بدرێت بۆ تەواو کردنی ئەو پرۆژەو بەرنامانەی کە لە ئەجێندەی دانیشتنەکاندا دێتە پێشەوە، لە پێش هەموویانەوە ئەم پرۆژە یاسایانەی خوارەوە:

1- پرۆژە یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای هەڵبژاردنی  پەرلەمانی کوردستان، وەك هەموومان پێشنیازمان کردووە کە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان لە 2009\5\19 ئەنجام بدرێت. بۆ ئەم مەبەستەش یاسای ژمارە 1ی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی ساڵی 1992 جارێکی تر  هەموار بکرێتەوە، کە بەپێی ئەو یاسایە هەڵبژاردنی خولی یەکەمی پەرلەمان لە 1992 ئەنجامدرا. دواتریش ئەم یاسایە سێ جار هەموار کراوەتەوە. تاوەکو لە ساڵی 2005 خولی دووەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان بەڕێوە چوو. نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردن پێویست بوو چەند بڕگەو ماددەیەك هەموار بکرێنەوە. ئەوە بوو پرۆژەیەك لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەماندا چوارەم هەمواری ئەم یاسایە پەسند کراو رەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم کرا بۆ دەرچوواندنی. ئێستاش سەرۆکایەتی هەرێم ئەو یاسایەی گەڕاندۆتەوە پەرلەمان بە چەند تێبینیەکی خۆیانەوەو داوای کردووە پەرلەمان پێداچوونەوەی لەسەر بکات. ئەمەش دەخوازێ کاری پێویست لە پەرلەمان ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی لە دانیشتنی داهاتووماندا بخوێندرێتەوەو لەلایەن لیژنەی یاسایی و ناوخۆ دیراسەی لەسەر بکرێتو دواتر ئێوەی بەرێزیش بڕیاری کۆتایی لەسەر بدەن. من لێرەدا داوا دەکەم پەلە بکرێت بۆ تەواو کردنی یاسای هەڵبژاردن. دووپاتیشی دەکەمەوە کە گێڕانەوەی یاساکە نابێتە هۆی دواخستنی هەڵبژاردن، ئەنجام نەدانی لەوادەی دیاری کراوی خۆیدا. چونکە یاساکە بەگشتی ئامادەیەو پێداویستی کاری تەکنیکی بۆ هەڵبژاردنەکە رانەگیراوە بۆ پێداچوونەوە بەو تێبینیانەی سەرۆکایەتی هەرێم.

2- مەسەلە کە لە ئەجندەی پەرلەمانی داهاتووماندا هەیە بودجەی هەرێمە:

ئێستا لە مانگی سێی ساڵی 2009داین، هێشتا بودجەی هەرێمی کوردستان نەگەیشتۆتە پەرلەمان، بەهۆی دواکەوتنی بودجەی گشتی عێراق و دابەزینی نرخی نەوت. بێگومان دوای پەسند کردنی میزانیەی فیدراڵی عێراق، پێویستە حکومەتی هەرێم بەزوویی بودجەی هەرێم بۆ ساڵی 2009 بنێردرێتە پەرلەمان. پێویستە لە ئێستاوەش لیژنەی داراییو ئابووری و لیژنەکانی ترو ئەندامان بەگشتی بەبایەخەوە خۆیان بۆ گرنگیدان بە دیراسە کردنی وردی بودجەی ئەمساڵ ئامادە بکەن، لەبەر رۆشنایی ئەزموونی ساڵی پێشوو کە چەند هەنگاوێکی باش چووینە پێشەوە لە هەڵسەنگاندن و دیراسە کردن و مناقەشە کردنی بودجەو بە جێگەیاندنی یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی پەرلەمان. بەڵام پێویستە ئەمساڵ باشتر خۆتان بۆ گفتوگۆکردنی بودجە ئامادە بکەنو بەرژەوەندییەکانی خەڵك لەبەچاو بگیرێت.

بەڕێزان.

دیارە بودجەی هەرێمی کوردستان گرنگیەکی زۆری هەیە، نەك  بەتەنها وەك ئەرکێکی سەرەکی پەرلەمان لە گفتوگۆ کردن و پەسند کردنی، بەڵکو بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە وردەکاریەکانی ئاشنابن و ئاگاداربن، کە ئەم بودجەیە چەندەو چۆن سەرف دەکرێت؟ بۆ ئەمەش پێویستە حکومەتی هەرێم و

پەرلەمان وردەکاریەکانی بۆ خەڵك روون بکەنەوە. لێرەدا جەخت لەسەر کاراکردنی بڕیارەکانی پێشووی پەرلەمان بکەینەوە سەبارەت بەموازەنەی گشتی ساڵی 2008 وراپۆرتی شەش مانگی دوایی کەدەبێ پێشکەش بە پەرلەمان بکرێت. کەتیایدا چۆنیەتی سەرفکردنی بودجە روون بکرێتەوەو، چەند ئەو وردەکاریانە بۆ خەڵك روون بکرێتـەوە ئەوا رۆشنبیری خەڵك لەسەر بابەتەکانی بودجە زیاتر دەبێتو رەخنەی نابەجێش کەم دەبێتەوە. هەر بۆ نموونە سەبارەت بەو رەخنە نابەجێیانە کە ئاماژە بەوە دەکەن کە حکومەتی هەرێم بینایەکی بۆ ئەندامانی پەرلەمان کڕیووە، بەپێی ئەو رەخنانە ئەمە دژی بنەماکانی یاسایە کە نابێت پەرلەمان ئیمتیازات لە حکومەت وەربگرێت. بێ ئەوەی راستی ئەو بابەتە بخرێتە بەرچاوی خەڵك کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1- ئەم شوقانە بۆ ئەندامانی پەرلەمان نەکڕاوە، بەڵکو بۆ خودی پەرلەمانەو بۆ ئەو ئەندامانەیە کە لەشارو شارۆچکەکانەوە دێنە هەولێرو، لە هەولێر نیشتەجێ دەبن لە کاری ئەندامیەتی پەرلەماندا، دوای تەواوبوونی ئەندامێتیان لێیان وەردەگیرێتەوە، شوقەکانیش بەموڵکی پەرلەمان دەمێنێتەوە.

2- ئەو بڕە پارەیەی کەئەو شوقانەشی پێکڕاوە لەمیزانیەی خودی پەرلەمانە، نەك وەك ئاماژەی پێکراوە لە رۆژنامەکاندا کە حکومەت کڕیویەتی بۆ پەرلەمان.

سەبارەت بە خودی بودجەی پەرلەمانیش کە لەلایەن ژمێریاری پەرلەمان ئامادە کراوە ئەم ساڵیش بەشێوەیەکی روون پێداویستی پەرلەمان دیاری کراوە. بۆ ئاگاداربوون لە وردەکاریەکانی بودجەکەش هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە بەدواداچوونی لەسەر بکاتو سەرنجی خۆی لەسەر بدات. وەك هەموو ساڵانێکی پێشووی ئەم خولەمان، ئەمساڵیش لەسەر داوای سەرۆکایەتی پەرلەمان، دیوانی چاودێری دارایی وردبینی پێویستیان کردووە لەسەر بودجەی ساڵی 2008 ی پەرلەمان، ئەم وردەکاریەش بۆ ئەوەیە کە پەرلەمان ببێتـە پێشەنگو نموونەی کرانەوەی دامودەزگاکانی هەرێم کە دەبێت بەم شێوەیە ئیش بکەن، دیوانی چاودێری دارایی هەڵستێت بە ئەرکی خۆی لەسەر هەموو دەزگاکان بەپێی یاساو رێنماییە داراییەکان.

3- پرۆژە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانە لەبەردەممان لەم چەند هەفتەی ئایندەدا تەواوی بکەین، پرۆژە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان چاوەڕوان دەکرا، لە دانیشتنێکی نائاساییدا لە پشووی پەرلەماندا گفتوگۆ لەسەر ئەم پرۆژەیە بکرێت، ئەم پرۆژەیە بایەخێکی زۆری هەیەو گرنگیەکی زۆری هەیە، بەڵام چەند وردەکارییەکی نوێ و گرنگ هاتنە پێشەوە، بۆیە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەنێوان سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت و دواتر لیژنەی یاساییو پسپۆرانی یاسایی حکومەت کرا، دواتر بەرەچاو کردنی تێبینی و پێشنیازەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان چەند جیاوازیەك رەچاو کراو، نەدەکرا بەو جیاوازیانەوە ئەو کۆبوونەوە نائاساییە بکرێت. لەدوا کۆبوونەوەشمان لەگەڵ لیژنەی یاساییو ناوخۆ

بەشێکی ئەو جیاوازیانە یەکلایی کراوەتەوەو داواشیان لێکراوە کە بەزووترین کات راپۆرتی هاوبەشی خۆیان ئامادە بکەن، دیارە ئەگەر هەر نەگەیشتنە ئەنجام دەبێ پرۆژەکە بخرێتە بەرنامەی کارو دوا بڕیاریش بۆ ئێوەی بەڕێز دەبێت لە یەکلایی کردنەوەی ئەو خاڵانەی کە رای جیاوزیان لەسەر هەیە.

4- خاڵێکی تری گرنگ کە لەم چەند مانگەی داهاتوودا دەبێ تەواو بکرێت. بریتیە لە دەنگدان لەسەر پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە وەك لەپێش پشووی پەرلەماندا رامانگەیاند: پێویستە پێش هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمانی، پرۆژەی دەستوور پەسەند بکرێت، چونکە چەند خاڵێکی تێدایە کە گرنگیان هەیە بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی، هەروەها بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، کە لە 12ی حوزەیرانی ئەمساڵ چوار ساڵی ویلایەتی یەکەمی هەڵبژاردنی تەواو دەبێتو پێویستی بە هەڵبژاردنی تازە هەیە. خاڵێکی تر لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە بایەخێکی باش بەمافو تایبەتمەندێتی برایانی تورکمانو (کلدانو ئاشووریو سریان) دراوەو هەموو مافەکانیان لەڕووی دەستووریو قانونیەوە دابینکراوە. ئەمەش بەمنەت نازانین بەسەر هیچ پێکهاتەیەك، بەڵکو مافێکی سروشتی ئەوانە. هاوکات بنەمای دیموکراسیەتو ئەزموونی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکات. ئومێدەوارین رۆژانی داهاتوو لە پەرلەمان دەنگی لەسەر بدات.

5- ئاشکرایە لە دوا دانیشتنی پەرلەمان لە کۆتایی ساڵی 2008 ئاماژەمان بەیەك نەگرتنەوەی هەرسێ وەزارەتی ناوخۆو دارایی وپێشمەرگە کرد، کە دەبوایە بەر لەکۆتایی ساڵی 2008 یەك بگرنەوە، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی لە پەرلەمان رامانگەیاند: کە ئەگەر تا پشووی دوو مانگەی دانیشتنەکانی پەرلەمان تەواو دەبێت، هەرسێ وەزارەت یەك نەگرنەوە، ئەو کاتە بانگهێشتی سەرۆكو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم دەکەین. بۆ روونکردنەوەی هەڵوێستی حکومەتو هۆکاری دواکەوتنی یەکگرتنەوەی هەرسی وەزارەت. کە چاوەڕوان دەکەین لە چەند رۆژی داهاتوو ئەم دانیشتنە ئەنجام بدرێت، ئومێد دەکەین پێش دانیشتنەکە بڕیاری راگەیاندنی یەکگرتنەوەی هەرسێ وەزارەتەکە بدرێت.

6- هەروەها پێش تەواو کردنی خولی پەرلەمان پێویستە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانیش دەبێت هەموار بکرێت. کە هەندێك کەموکوڕی تێدایەو زۆریش گلەییمان لێ دەکرێت کە دواکەوتووە. بەپێویستی دەزانم لەم خولەدا بڕیاری لەسەر بدرێت، لەبەر رۆشنایی ئەزموونی چوارساڵەی ئێوەی بەڕێز، چونکە ئێستا باشتر دەتوانن ئەو خاڵانەی کە پێویستیان بە هەموار کردن هەیە دەستنیشان بکەن، بەشێوەیەك هەمواری بکەنەوە کە لەگەڵ ئەرکەکانی پەرلەمان و کاراتر کردنی لیژنەکانی پەرلەمان بگونجێت.

بەڕێزان.

جگە لەم پرۆژانەی باسمان کرد، چەند پرۆژە یاسایەك هەیە، کە لەلایەن لیژنەی یاسایی پەرلەمان ئامادە کراوە کە چاوەڕوان دەکرێت لە ماوەی ئەم خولەدا کاریان لەسەر بکرێت وەك:

- پرۆژە یاسای پاراستنی خاوەنداریێتی هزری و هونەری.
- پرۆژەی یاسای پاراستنی موستەهلیك .

⋆ پرۆژە یاسای قۆرخکردن( ئیحتیکار) کردن.

⋆ پرۆژە یاسای لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان.

هەروەها بەشێکی تری پرۆژە یاساکان کە خوێندنەوەیان بۆکراوە ئاراستەی حکومەت کراون بۆ وەرگرتنی راوبۆچوونیان، بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی کە پێویستیان بە دابین کردنی پارە هەیە وەك:

- پرۆژە یاسای بودجەی حزبەکان کە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لەئەندامان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرابوو، ئێمەش ناردوومانە بۆ حکومەت.

- پرۆژە یاسای بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیو دیاری کردنی سەرمایەی بەرپرسانی هەرێم، کە پرۆژەیەکی گرنگەو لەلایەن ئەندامان ئامادە کراوە، پێویستە کاری بۆ بکرێتو وەك یاسایەك دەربچێتو لەگەل یاساکانی تر وەك دەسەڵاتی دادوەری و یاسای دیوانی چاودێری دارایی رۆلی هەبێت بۆ نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی وەك هەنگاوێکی گرنگ بۆ پلانی چاکسازی و چەسپاندنی حوکمی یاسا.

- پرۆژەی یاسای قەدەغەکردنی توندوتیژی لەدژی ژنانو ئافرەتان.

- پرۆژەی یاسای رێکخستنی خۆپیشاندان

- پرۆژەی یاسای بەدەستهێنانی زانیاری .

- پرۆژەی یاسای خۆپاراستنی تیشك.

- پرۆژەی یاسای خاوەنداریێت هزری (فکری).

- جگە لەم پرۆژانە زۆر پرۆژەی جۆراوجۆر لەلایەن رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێت، وەك دیاریشە کە گفتوگۆکردن لەسەر هەر پرۆژەیەك پێویستی بەوە هەیە کە بخرێتە بەرنامەی کار ئەویش بەدوو رێگا دەبێت:

1- پرۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان .

2- ئەو پرۆژانەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی یان ژمارەی یاسایی ئەندامان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێت.

بۆیە زۆر لەو پرۆژانەی کەلەم دوو رێگایەوە نەنێردرێت، داوا لە حکومەت دەکرێت، بۆ ئەوەی راو سەرنجی خۆیان لەسەر بدەن، بەتایبەتی ئەگەر ئیلتیزاماتی مالی و تەرخان کردنی پارەی تێدابوو. پاش وەرگرتنی رای حکومەت، دەکرێت ئەو پرۆژانە بەشێوەیەکی یاسایی کاری پێویستی بۆ بکرێت و بخرێتە ئەجندای پەرلەمان.

میوانانی بەرێز.

خوشكو برایانی بەرێز.

دیاره زۆر خاڵی گرنگی تر هەیە پێویستە باسیان بکەین، بەتایبەتی لەسەر وەزعی سیاسیو گۆڕانکاریەکانی هەرێمو عێراقو ناوچەکەو دنیا. هەرچەندە برای بەڕێزم جەنابی جێگری سەرۆکی هەرێم ئاماژەی بە زۆری کرد، بەڵام لێرەدا بەکورتی هەڵوەستە لەسەر چەند مەسەلەیەکیان دەکەین.

یەکەم/ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

سەبارەت بەهەرێمی کوردستان جارێکی تر ئاماژە بەوە دەکەینەوە کە ئەو مەترسی و هەڕەشانەی لەساڵانی پێشوو لەئاستی ناوخۆو دەرەوە لەسەر هەرێم هەبوون هەرماون. بۆیە وەك هەمیشە پێویستمان بەیەك ریزیو یەك هەڵوێستی هەیە. بۆ ئەوەی بتوانین رووبەڕووی نەخشەو پیلانەکانی ناحەزانو دوژمنانی ناوخۆو دەرەوە ببینەوە، بۆ پاراستنی دەسکەوتە دەستووریەکانی گەلەکەمان، کە لەو چەند ساڵەی رابردوودا بە دەستمان هێناون.

هەروەها پێویستە هەنگاوەکانی چەسپادنی دیموکراسەتو حوکمی یاساو بنەبڕکردنو بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی خێراترو کاراتر  بەرێوەبچێتو هەموو ناوەندەکانی دەسەڵات پشتیوانی لەهەنگاوە یاساییەکانی پەرلەمان بکەن، کە بێگومان دوای یەکگرتنەوەو کارا بوونی دیوانی چاودێری دارایی و بەهێزبوونی دەسەلاتی دادوەری، هەنگاوەکانی بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵیو نەهێشتنی دیاردەی نایاسایی وچەسپاندنی سەروەری یاساو دامەزراندنی کۆمەڵی مەدەنی زیاترو زیاتر دەچێتە پیشەوە. هەروەك پێویستە حکومەتیش لەلایەن خۆیەوە بەپێی بەرنامەیەکی چاکسازی داڕێژراوی  زانستی خەبات بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لەگشت ئاستەکان دەست پێ بکات.

سەبارەت بەکێشەکانی خەڵك بەخزمەتگوزاریەکانو چارەسەکردنی گرفتەکانی خەڵك، جێی خۆیەتی دەستخۆشی لە هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بکەین. بەتایبەتی کە لەم چەند مانگەی دواییدا، هەست دەکرێت بەرەوپێشچوونی باش لەچارەسەرکردنی کێشەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵك لەبواری کارەباو ئاو وسووتەمەنی بەدی دەکرێت.

هەروەها سوپاسی حکومەتی هەرێم دەکەین کەهاوکاری پەرلەمانی کردووە لە وەڵام دانەوەی ئەونووسراوانەی پەرلەمان کە لەسەر کێشە وداواکاریەکانی هاووڵاتیانو کەموکوڕی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ئاراستەی حکومەت کراوەو، ئەویش بە دەنگیانەوە هاتووەو زۆربەی کێشەکانی چارەسەر کردووە.

هەروەك لەسەر داواو پیشنیازی لیژنەکانی پەرلەمان پرۆژەی جۆراوجۆر  لەناوچە جۆر بەجۆرەکان ئەنجامدراوە، بەتایبەتی لەناوچەکانی هەڵەبجەو بالیسانو رانیەو قەلادزێو پشتیوانی کردن لەئیدارەی گەرمیان. لەلایەکی ترەوە  حکومەت بڕیاری گونجاویدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دامەزراندنی دەرچوانی کۆلیژی پزیشکی بەشێوەی دائیمیو وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆری خوێندکارانی دەرچووی ئامادەیی لەزانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان. بەڵام هێشتا پێویستە حکومەت بایەخی تەواو بەدابینکردنی دەرفەتی کارکردن بۆ گەنجانو لاوان بدات، نەك تەنها بەدامەزراندنی بەشێکیان، بەڵکو بە رەخساندنی کار

بەرێگای پشتگیری کردن لەدامەزراندنی کەرتی تایبەت، بەتایبەتی لە بواری کشتوکاڵو پیشەسازی و گەشتوگوزارو هەتا دوایی.

لەسەر ئاستی کیشەکانی لەگەڵ بەغداش، پەرلەمان پشتگیری لەهەموو هەنگاوەکانی هەرێم دەکات، لەرووبەڕوو بوونەوەی گرفتو کێشەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیو جەخت لەسەر پابەند بوون بەدەستوورو رێکەوتنامەکانی نێوان هێزە سیاسیەکان دەکات. کە لەسەر ئەو بنەمایانە عێراقی نوێ دامەزراوەتەوەو بەرێوەدەچێت، پێویستە بەدیالۆگو لێك تێگەیشتن چارەسەری کێشەکان بکرێت.

هەروەها جارێکی تر جەخت لەسەر پابەندبوون بەجێبەجێکردنی ماددەی140ی دەستووری هەمیشەیی عێراق دەکەینەوە بۆ چارەسەکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان. لێرەدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکەین، کە لە 14 پارێزگای عێراق ئەنجامدرا. خۆشبەختانە ئەنجامەکانی زۆر بە روونی کوردستانی بوونی زۆر لەوناوچە دابڕاوانەی سەلماند وەك (مەخموورو خانەقینو سنجارو زومارو ناوچەکانی تر) کەرێژەیەکی زۆرو دیاریان ئازایانە دەنگیان بەلیستی هاوپەیمانی کوردستاندا. ئەمەش خۆی لەخۆیدا ریفراندۆمێك بوو لەسەر سەلماندنی کوردستانی بوونی ئەو ناوچانەو ئیرادەی راستەقینەی خەڵکەکەی دەرخست. بۆیە لێرەوە سڵاوی رێزو وەفادارییی بۆ خەڵکی تێکۆشەری ناوچە دابڕاوەکان دەنێرین،ودڵنیایان دەکەینەوە کەلەخەباتی نەپساوەو بێوچان بەردەوام دەبین تاجێبەجێ کردنی ماددەی 140و گێڕانەوەی تەواوی ناوچەکانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

لە کۆتاییدا دووپاتی دەکەینەوە کە گرنگیو بایەخی تەواو بەدەسەڵاتی چوارەم دەدەین لەکوردستان کەئەویش دەسەڵاتی میدیایە، چونکە رۆڵی گرنگیان هەیە لەهوشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵكو گەیاندنی زانیاریو راستیەکانو دەستنیشانکردنی کەموکوڕیەکان بەبێ ئەوەی پەنابەرنە بەر بابەتی وروژاندنو چەواشەکاری. ئەمەش بەپابەندبوون دەبێت بە یاسای کاری رۆژنامەنووسیو بەیاننامەی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان. هەروەها بە پەروەردەکردنی رۆژنامەنووسان لەسەر بنەمای پیشەییو راستگۆییو بوێریو رەچاو کردنی بەرژەوەندی گشتی. لێرەوە جێی خۆیەتی سوپاسی گشت ئەو کەناڵانەی راگەیاندن بکەین کە لەماوەی ساڵانی رابردوو بایەخیان بەچالاکیەکانی پەرلەمانو گواستنەوەی راستەوخۆی دانیشتنەکانی داوە، بەتایبەتی کەناڵە ئاسمانیەکانی (نەورۆزو کوردساتو کوردستانو گەلی کوردستان وزاگرۆس وجەزیرەو سۆمەریەو عیراقیەو شەرقیەو رادیۆکانی (زاگرۆسو نەواو دەنگی گەلی کوردستان) رۆژنامەکانی (خەباتو کوردستانی نوێو ماڵپەرەکانی PUPK MEDIA و پەیامنێرو دەنگەکانی عێراق.

هەروەها سوپاسی ئەو رەخنە بەجێیانەش دەکەین کە هەندێك جار لە رۆژنامەکانی (هاووڵاتی وئاوێنەو رۆژنامەو میدیاو چاودێرو ئاسۆو میدیا) بڵاو دەکرێتەوە.

لە کۆتاییدا سوپاسی بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێم و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین بۆ ئامادە بوونیان لەم دانیشتنەدا، بەئومێدی هاوکاری هەموو لایەك بۆ خزمەت کردنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و

بەجێهێنانی ئەرکەکانمان لەپێشی هەموویانەوە ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەشێوەیەکی دیموکراتیانەو ڕێزگرتن لەئەنجامەکەی و لە بڕیاری هەڵبژاردن، زۆر سوپاستان دەکەم و بەخێر بێن، پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکان بهێنین، ئەو بەرنامەی کە باسم کرد لە بەرنامەی کاردا، واتا هەموار کردنی یاسای هەڵبژاردنەکان و یاسای پارێزگاکان، دەستووری هەرێم لە نزیکترین کات دەخرێنە ئەجندەی کار، ئەگەر هەر وەختێك تەواو بوو، سبەی بێت، یان دوو سبەی بێت، ئاگادارتان دەکەینەوە لە ڕێگای تەبیعی خۆی، بۆی ئەوەی خۆمان حازر بکەین و کۆتایی پێ بێنین، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین تا دانیشتنی داهاتوو بەخێر بێن سەرچاو.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) | عدنان رشاد مفتی |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)**

**سێ شەممە رێکەوتی 10\ 3\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)

## سێ شەممە ڕێکەوتی 10/3 /2009

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێکـەوتی 2009/3/10 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆکی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمـد عبـداللە سـکرتێری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژمارە (1)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمـارەی (1)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شـەممە ڕێکـەوتی 10/ 2009/3 دا بـەم شێوەیە بێت:

1-خوێندنەوەی دەقی بڕیاری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ژمارە (3) لە 2009/2/22، دەربارەی تێبینیەکانی لەسەر یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2009 بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق، لەسەر هەموار کردنی چوارەمی یاسای ژمارەی 2.

2-خوێندنـەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموارکردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان:

1-خوێندنەوەی دەقی بڕیاری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ژمارە (3) لە 22-2-2009 ، دەربارەی تێبینیەکانی لەسەر یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2009 بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عیراق، لەسەر هەموارکردنی چوارەمی یاسای ژمارە 2.

2-خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموارکردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو کەلەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ ئەوەی بێن لە جێگای خۆیان دابنیشن، من بەئیجازەی هەمووتان حەز دەکەم جارێکی تر ئاماژە بە بەشێك لە وتارەکەم بکەم کە لەدەستپێکی پەرلەمان باسمان کرد، ئەم ڕۆژانە ڕۆژانی ڕاپەرینە، جارێکی تریش پیرۆزبایی لە خەڵکی خۆڕاگری کوردستان دەکەم بە بۆنەی مانگی ئازار کە مانگی ڕاپەرین و نەورۆزە، بەیانیش 11ی ئازارە، ڕۆژی ڕاپەرینی هەولێرە، سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدان، پێشی چەند ڕۆژێکیش ئەم ڕاپەرینە، لەپێنجی مانگەوە ئەو ڕاپەرینە دەستی پێکرد لە دەروازەی ڕاپەرین لە ڕانیەوە و دواتر هەموو شار و شارۆچکەکانی گرتەوە، لە سلێمانی و هەولێر و دهۆك و کەرکووکی خۆشەویستەوە. سڵاو لە گیانی پاکی هەموو ئەو شەهیدانە ، سڵاو بۆ هەموو گەلی کوردستان، دیارە دوێنێ ڕۆژی ژنان بوو، سڵاو لە هەموو ژنان و ئافرەتانی کوردستان و هەموو ژنان و ئافرەتانی دنیا،

لەم ڕۆژەدا کە 8ی مانگ بوو، کە من بە داخەوە لێرە نەبووم کە بەشداری لە چالاکییەکان بکەم، بەڵام هەم پیرۆزباییم نارد وکوێستان خان بەشداری کرد لە شوێنی من، سوپاسی دەکەم ،دیارە دەمەوێ بە شتەکیش ئاماژە بکەم کە سەرەتا ئەم مانگە ئامانجێکی تری گەلەکەمان هاتە دی، ئەویش موحاکەمەکردنی ئەو تاوانبارانەی کە تاوانیان بەرامبەر بە گەلەکەمان کردبوو، دووەم: مەحکەمە دەستی پێکرد ئەو تاوانبارانەی کە ئەنفالی بارزانییەکانیان کردبوو لە یەکی مانگەوە دەستی پێکرد و دواتریش ئەوەی پێشتریش کە هەبوو، دواتریش پێریێ ئەو تاوانبارانەی کە بە ئەنفالی برا فەیلیەکان تاوانبار کرابوون لە مەحکەمەدا خۆتان دیتتان کە کارەکی باش بوو ئەوانەی کە ئەو تاوانانەیان کردبوو، گەیشتنە سزای خۆیان، هەموو خەلك بە بیریان هاتەوە کە ئەو تاوانانەی کە بەرامبەر بە گەلەکەمان کراوە چۆن بووە! خەلکێك دەیەوێ لە بیرمان بباتەوە، بەڵام دەبێ ئێمە هەردەم لە بیرمان بێت ، نەك تەنها بۆ ئەوەی گەلەکەمان مێژووی خۆی بناسێت، بەڵکو بۆ ئەوەی هەموو کەسێك لەم جۆرە رەفتارانە بەرامبەر بە گەلەکانیان بزانن کۆتاییان چۆن دەبێت ، خاڵێکی تریش کە باسمان کردووە چەند ئەندامێکی پەرلەمان ئەمڕۆ هاتنە لام بۆ ئەوەی کەی بانگی سەرۆکی حکومەت دەکەین بۆ یەکگرتنەوەی ئەو سێ وەزارەتە ، دیارە ئێمە موتابەعەش دەکەین هەنگاو بە هەنگاو، بەڵام یەکەم: سەرۆکی حکومەت لێرە نییە کەی بێتەوە بە تەئکید، وەکو باسمان کردووە بانگهێشتی دەکەین بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەین لەسەر ئەو مەسەلەیە و ئەگەر لێرەش نەبێت، یەعنی ئەو قسەیە پێموایە کاتی نەهاتووە ،کەی هات دوو، سێ ڕۆژی پێچوو بانگهێشتمان نەکرد، ئەو کاتی حەقە داواکاریەکانتان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن ، من هەر ئەو دوو سێ خاڵەم هەبوو، داوا دەکەم لە برایانی بەڕێز کاك شێروان و کاك تاریق لە خاڵی یەکەمی لە بەرنامەی کار خوێندنەوەی دەقی بڕیاری بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ژمارە (3)ی 22-2 بخوێننەوە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەقی بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (3)ی ساڵی 2009 کە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە سەبارەت بە ڕاو بۆچوون و ئیعتیرازاتی بەڕێزی جەنابی سەرۆکی هەرێم لەسەر چوارەم هەموارکردنی پرۆژە یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

**سەرۆکایەتی هەرێمی کورد ستان**

**بڕیار**

**ژمارە (3) ساڵی 2009**

بەپێی دەسەڵاتمان کە لەخاڵی (2)ی بڕگەی "یەکەم"ی ماددەی "دەیەم"ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق ژمارە (1) ساڵی 2005ی هەموارکراودا هاتووە بڕیارمدا یاسای ژمارە(2) ساڵی 2009، یاسای هەموارکردنی چوارەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان-عێراق ژمارە (1) ساڵی 1992ی

هەموارکراو کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (3) لە 12-2-2009 تەشریعی کردووە و بە نووسراوی ژمارە (263/3/4) لە 2009/2/15 نێردراوە بۆ دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بگەڕێنینەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان بۆ پێداچوونەوەی لەبەر ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

1-لەماددەی چوارەمدا دەستەواژەی(فئە) (دەستە) ڕوون نییە و پێناسەی نەکراوە. بۆیە ئێمە بە باشی دەزانین دەستەواژەی((قەوارەی سیاسی)) ((کیان سیاسی)) بەکاربهێنرێت لەجیاتی دەستەواژەی (حزب او فئە) هەروەك لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ژمارە (11)ساڵی 2007 لە ماددەی چواریدا بەکار هێنراوە.

2-ماددەی حەوتەم دەسەڵاتی تەواوی داوەتە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان کە هەڵسێت بە بەڕێوەبردن وسەرپەرشتی خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و گشت سیستەم و ڕێنماییە تایبەتەکانی خۆی جێبەجێ بکات لە پرۆسەی هەڵبژاردنیدا لە لایەکەوە و لەولاشەوە بە تەواوی ڕۆڵی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کە ڕێکخراوێکی هەرێمیی سەر بەکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیە بۆ هەڵبژاردنەکان پشت گوێ خستووە، لەکاتێکدا یاسای کۆمسیۆنی باڵای ناوبراو لەسەر ڕۆشنایی سیستەمی فیدرالی لەعێراقدا و ناسینی کوردستان وەك قەوارەیەکی فیدرالی تایبەتمەند دەسەڵاتی داوەتە دەستەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان لەبڕگەی (4)ی ماددەی (2)ی یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان هەڵسێت بە ئەرکی بەڕێوەبردن وڕێکخستنی هەڵبژاردنی هەرێمی و ناوچەییەکان کە تایبەتن بە هەرێم لەژێر سەرپەرشتی کۆمسیۆنی باڵادا.
بۆیە پێشنیار دەکەین ئەم دەسەڵاتانەی لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکاندا دراون بە دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لەم یاسایەشدا پێی بدرێتەوە تاوەکو کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی کوردستانی تایبەت بە هەرێم و بە یاسای پەرلەمانی کوردستان دادەمەزرێت.
لیژنەی ناوەندی هەڵبژاردنەکان (لجان المراکز الانتخابیة) ئەو کۆنوسەی ڕێکی دەخەن دەربارەی دەنگدان و هاوپێچ و گشت بەڵگە تایبەتییەکان بە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی خۆیەوە دەخەنە زەرفەکەوە و بە مۆری خۆیان مۆری دەکەن و دەینێرن بۆ کۆمسیۆنی باڵا، نەك بۆ دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان ،هەروەکو لە مادده 35 یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق ژمارە 1 ی ساڵی 1992ی هەموارکراو دا هاتووە، هاوکات پێشنیار دەکەین دەستەواژەی دەربارەی ئەنجامەکانی دەنگدان لە هەمان ماددەدا بگۆردرێت بۆ دەربارەی ژماردنی دەنگەکان، چونکە ئەنجامەکان دواتر لەلایەن ئۆرگانی ترەوە ڕێك دەخرێن و بڵاو دەکرێنەوە .
3-پرۆژە یاساکە مەسەلەی سکاڵای چارەسەر نەکردووە، کە زۆر لێڵ و لاوازە بۆیە پێشنیار دەکەین بەم جۆرە لە یاساکەدا بچەسپێت:

أ-دەستەی هەرێمی کوردستان دەسەڵاتی هەیە چارەسەری هەر ناکۆکییەك بکات کە لەکاتی ئامادەکاری و جێبەجێ کردنی پرۆژەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان سەر هەڵدەدات.
ب-دادگای تەمیزی هەرێمی کوردستان دەستەیێك لە سێ دادوەر پێك دەهێنێت و دەسەڵاتی پێدەدات سەیری ئەو تاوانانە بکات کە لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنەوە حەواڵەی دەکرێت، یان لەلایەن ئەو کەس و لایەنانەوە کە ڕاستەوخۆ تووشی زیان بوون لە دەرئەنجامی بڕیارەکانی دەستە.
4-پێشنیار دەکەین یاساکە ماف بداتە ئەو هاووڵاتییانەی کە عێراقین دانیشتووی کوردستانن لە بنەڕەتدا، و ئێستا لە دەرەوەی وڵاتن بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن.
5-پێشنیار دەکەین کە یاساکە ڕێگابدات بە گشت دەنگدەرانی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش وسوپا و پاسەوانی هەرێم وکارمەندان و خزمەتگوزارانی نەخۆشخانەکان و بەندیخانەکان، پێش ڕۆژی هەڵبژاردن دەنگی خۆیان بدەن، هیوادارین بتوانن بە زووترین کات چاو بخشێنن بەو پێشنیارانەدا، تاوەکو ئامادەسازییەکانمان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن بۆخولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لەم چەند مانگەی داهاتوودا تەگەرەی تێنەکەوێت و سەرکەوتوو بێت.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عیراق**
**2009-2- 22**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
بە زمانی عەرەبیش بیخوێنەوە زەحمەت نەبێ، نیە؟ باشە وامزانی بە زمانی عەرەبیش هەیە، بەهەرحال ئەم بڕیارەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم کە تێبینی کردووە لەسەر هەموارکردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان چەند خاڵێکی گرنگە کە دەبێ باسی لێبکرێ و تاوتوێی لەسەر بکرێت، من ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامانی پەرلەمانی دەکەمەوە، لەو چەند ڕۆژەی ڕابردووشدا باسمان کرد، یەك شتتان پێ بڵێم کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن، یەك لە مەسەلەکان کە چاوەڕوان دەکات، ئەم هەموارکردنەیە ئەو بڕیارەیە، کەدەبێ بە پوختەیی لای بێت، لەگەڵیشیان دانیشتووین و، پەسەند کردنی ئەوەو بڕگەکەی دووەمی بەرنامەی کاریشمان موناقەشە کردن و بڕیار دان لەسەری پێویست دەکات پەلەی لێبکرێ، بەڵام دەبێ دیراسەت بکرێ، لەبەر ئەوەی بابەتی گرنگن پێویست بە ڕاوێژ دەکات هەریەك لە ئێوە بۆ خۆی دیراسەتی بکات و تێی بگات، چونکە زۆر شت دێتە پێشەوە، پێویستە ئاگاداری تەفسیلاتت هەبێ ، بۆ نموونە کاتێ کە دەڵێ کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە بەغدا یاخود ئەو هەیئەتە دەبێ ئەو ئەندام پەرلەمانە کە دەیەوێ بڕیار لەوە بدات ،دەبێ باش بزانێت لە ڕووی دەستوورییەوە، لە ڕووی واقعییەوە، ئەو هەیئەتە یەعنی چی؟ تەفسیلاتی بزانێت، ئینجا رەئی خۆی لەسەر بدات و دەنگی لەسەربدات، من داوا دەکەم لەو چەند ڕۆژەی داهاتوودا ئەو بابەتانە بەدیراسەت و تێگەیشتنەوە باسی لێبکەن، مومکینە پێویست بکات فراکسیۆنەکان لە نێوان

خۆیاندا موناقەشەی لەسەر بکەن و بیرورا لەسەری وەرگرن، ئینجا لێرە بڕیاری لەسەر بدەین، هەروەها بە نیسبەت هەندێ خاڵی تر کە لە  بڕیاری بەڕێز سەرۆکی هەرێم هاتووە، ئەویش دەبێ وەکو حەقێکە مەسەلەی دەنگدانی هاووڵاتیانی خەڵکی کوردستان لە دەرەوەی وڵات کە لە هین دا باس نەکراوە ،لەبەر ئەوە باس نەکراوە، چونکە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق پێی وایە ئەو هەڵبژاردنە گشتییە تەنها بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی نیشتمانییە، با بڵێین هەموو عیراق دەگرێتەوە، هەڵبژاردنەکانی تر پێیان وایە ناوچەییە، پێویست ناکات لەگەڵ ئەوان بکرێت، بۆیە پێم وایە حەقێکە وەکو حەق کە ئەوە بەندە بە بڕیاری کۆمسیۆنی باڵاوە، ئەوانەی کە لەو مە سەلەدا مەسئولن، مەسەلەیەکی گرنگە، تکام وایە بە هەندی وەربگرن، دیارە کە خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار دەخوێنینەوە ،ئینجا هەندێ قسەم هەیە لەسەری کە ڕەبتی بە خاڵی یەکەمیش هەیە، بۆیە قسەکانم دوادەخەم تاوەکو بەڕێزان ئەندامانی لیژنە خاڵی دووەم لەبەرنامەی کار کە بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموارکردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی کوردستانی ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ئێستا داوا دەکەین باسی لەسەر بکەن، کاک طارق فەرموو.

**بەڕێز طارق سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرۆژەی هەموارکردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای هەرێمی کوردستان ژمارە (1) ی ساڵی 1992 ی هەموارکراو.

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی 22 لە یاساکەدا هەمواردەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە :

1 - هەر حیزب یان کۆمەڵێك بۆی هەیە لیستی پاڵێوراوەکانی خۆی پێشکەش بکات ،بە مەرجێك ڕێژەیەکی لە ئافرەتان تیابێ کە لە 30٪ کەمتر نەبێ .

2 - پاڵاوتن بە پێی سیستەمی لیستی کراوە دەبێت .

3 - پێویستە ژمارەی پاڵێوراوان لەهەر لیستێك لە 3 کەمتر نەبێ .

**ماددەی دووەم:**

بڕگەی (1) لە ماددەی 29 هەمواردەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە :

هەڵبژێر مافی ئەوەی هەیە دەنگ بدات بە لیستە کراوەکە یاخود بە یەکێك لە پاڵێوراوەکانی لیستە کراوەکە .

ماددەی سێیەم

ماددەی 36 هەمواردەکرێ و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:

1 - دەنگە ڕاستەکان کە لیستە کراوەکە بە دەستی هێناون بەسەر دابەشکەری هەڵبژاردن دابەش دەکرێ بۆ دەستنیشانکردنی ژمارەی کورسییەکان کە موستەحەقێتی .

2 - دابەشکردنی کورسییەکان بەسەر پاڵێوراوانی لیستەکەوە لەسەر بنچینەی ژمارەی دەنگەکانی کە هەر پاڵێوراوێك بە دەستی هێناوە لە سەرکەوتووی یەکەم و دووەمەوە دەست پێدەکات و بەم پێیەش بۆ پاڵێوراوەکانی تریش پەیڕەو دەکرێت.

3 - ئەو دەنگانەی کە لیستەکە وەریگرتووە بە پێی بڕگەی (2)ی سەرەوە دابەش دەکرێت .

4 - کورسی چۆڵ بەسەر بەهێزترین ئەوەی ماوەتەوە دابەش دەکرێ .

5 - ئەم هەموارکردنە بە شێوەیێکی سلبی کار ناکاتە سەر ڕێژەی 30٪ ئافرەت و، بەڵگەش بۆ ئەمە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنەکان و پارێزگاکانی عیراقە.

**ماددەی چوارەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت، گەر لەگەل حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ، لەڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە، ئەوانەی ئیمزایان لەسەر پرۆژەکە کردووە:

1 - صبريە غفار أمين

2 - عثمان أحمد محمد أمين

3 - أنور محمد غفور

4 - تاڤگە محمد على

5 - سارا خدر پیرۆت

6 - حسن بابكر حمد

7 - عثمان بانى مارانى

8 - گێلاس محى الدين محمد غريب

9 - عبد الرحمن أحمد

10 د. نورى تاڵەبانى

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، بەهەمان شێوە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئەندامانی پەرلەمانی دەکەم ، بەڵام من خۆم تێبینییەکم هەیە، خۆی ئەوە دەبوایە یەك ماددە بێت، چونکە ئێوە داوا دەکەن سیستەمی هەڵبژاردن بگۆڕێت لەداخراو بۆ کراوە، بۆیە داوا دەکەم لە لیژنەی یاسایی کە ئەوە ڕەچاو بکەن، پێش

هەموو شتێك دەبێ ديراسەتی سيستەمی هەڵبژاردن بكەن، ئێستا كە داخراوە وەكو لە پرۆژەكەی پێشوو دا هاتووە لە ياسای خۆمان كراوە بێ، ئەگەر ئەوە پەسند كرا، ئينجا دەبێ هەموو ياساكە هەموار بكەين، لەبەر ئەوە من داوا دەكەم بۆ ئەو ڕۆژەی كە هين دەبێت، ئەو پرۆژەيە ئامادە بكەن، ئەگەر ببێتە كراوە، يان بووە كراوە، ئەو كاتە دەبێ بە هەموو ياساكەدا بچينەوە، ئەو خاڵانەی كە هاتووە زۆر كەم و كوڕی تێدايە، ناكرێت، لەبەر ئەوە ئەگەر پەسند كرا دەبێ دابنيشين و ليژنە پێك بێنين و پسپۆر بن و شارەزا بن، بەڵام ئەو مەوزوعە دەبێ پێش ئەوەی خاڵی يەكەم بخوێندرێتەوە لە بەرنامەی كارمان هەمواركردنی پێنجەم، پێش هەمواركردنی پێنجەم دەبێت ئەو بڕيارە بدەين، هەڵبژاردن لەسەر داوای ئەو 10 ئەندامە بەڕێزە دەبێتە كراوە يان نا؟ ئەگەر كراوە بوو ئەوا پێموايە دەبێ خاڵی ئەوەی تری هەمواركردنەكە رابگرين وپێدابچينەوە، پرۆژەيەكی كامل وياساكەی هەمواربكەينەوە كە بگونجێت لەگەل ئەو بڕيارەی كە داتان، پێم وايە دەبێ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئەو مەسەلەيە بەوەرگرتنی تەفسيلات و تێگەيشتنی هەموو بابەتەكان، چونكە سيستەمی هەڵبژاردن هەمووی ديموكراتييە، بەڵام هەر سيستەمێك ئيجابيات و سلبياتی هەيە لە هەندێك حالەتدا بزانن تەجروبەی وڵاتان چۆنە لەگەڵ تەجروبەی خۆمان بە دەوڵەمەند كردنی تێگەيشتنی ئەو بابەتە بێين بڕياری لەسەر بدەين، كەی ليژنەكان كارەكانيان تەواوكرد، داواش دەكەم زوو تەواوی بكەن ، ئەو كات ئێمە بانگهێشتی دانيشتن دەكەين بۆ ئەو مەوزوعە، پێش ئەوەی كۆتاييش بە دانيشتنەكە بێنم ، ئێمە تەبعەن لە بەرنامەی كار كە لە كردنەوەی خولی دانيشتنی پەرلەمانمان باس كرد، چەند پرۆژەيەكمان لە بەردەمدايە كە پێويستە ليژنەكان تەواوی بكەن، تكام وايە لە ليژنەكانی پەيوەنديدار ڕاپۆرتەكانيان بەپەلە تەواو بكەن لەو خاڵانەی كە لە بەرنامەی كارمان دا هەيە،هەر كاتێك راپۆرتەكان لە هەر پرۆژەيەك حازر بوو، ئێمە دێين لێرە دانيشتنی بۆ دەكەين، لێرەدا كۆتايی بە دانيشتنەكەمان دەهێنين تا دانيشتنی داهاتوو، زۆر سوپاستان دەكەم.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)**

**چوارشەممە رێکەوتی 25\3 \2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (2)

## چوارشەممە ڕێکەوتی 25/ 3/2009

کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2009/3/25 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 25/ 3/2009 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیارەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر هەموار کردنی چوارەمی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 کە بە بڕیاری ژمارە (3) لە 2009/2/22 گەڕاوەتەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان – ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (2)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2009/3/25دا بەم شێوەیە بێت:

1- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیارەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر هەموار کردنی چوارەمی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 کە بە بڕیاری ژمارە (3) لە 2009/2/22 گەڕاوەتەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق.

2- خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموار کردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی کوردستان – ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموار کراو کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە.

سەرەتا دەمەوێت بەناوی ئێوەوە ئیدانەی توندی ئەو کارە تیرۆریستیەی کە لە جەلەولا ئەنجام درا بوو لە لایەن تیرۆیستانەوە بووە هۆی شەهید بوونی ژمارەیەك لە هاووڵاتیان و بریندار بوونی ژمارەیەکی تر، بەداخەوە کە کاری تیرۆریستی لێرەو لەوێ لە عێراقدا هەر بەردەوامە، ئێمە کەمترین شت بتوانین لێرەوە

بۆ ڕەد دانەوەی ئەو کارە تیرۆریستیانە ئیدانە کردنەیەتی و تەئکید کردن لەسەر ئەوەی کە بە یەك ڕیزی گەل و بە هەڵوێستی بوێرانە بەرامبەر ئەو تیرۆریستانە دەبێت خەباتی گەلانی عێراق بەردەوام بێت تا نەهێشتنی، ئومێد دەکەین ئەو شەهیدانە جێگەیان بەهەشت بێت و تیرۆریستانیش ریسوای دنیاو قیامەت بن، بریندارەکانیش ئینشائەڵلا بە زووترین کات چاك دەبنەوە، پێش ئەوەی باسی ئەوە بکەین داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لێرە دابنیشن، بۆ بەردەوام بوون لەسەر بەرنامەی کارمان، پێشتریش من خۆم دوو، سێ قسەم هەیە لەسەر بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان و پرۆژەی یاسایەکە، بەخێرهاتنی هەموو برایان دەکەین لە رۆژنامەنووسان و میدیا، بەتایبەتی کاك رەمەزان رۆژنامەنووسی بوێری وڵاتی تورکیا، کە دەورێکی گرنگی هەبوو لە نیشاندانی هەڵەبجە، ئێستا لێرە لەگەڵمان بەردەوامە، زۆر بەخێر بێت سەرچاو، ئیفادەکەی لە مەحکەمەی تاوانبارانی هەڵەبجە، قەسفی هەموو هەڵەبجە دەورێکی زۆر گرنگ و بە روونی و راستگۆیانە هەموو راستیەکانی خستەڕوو، ئەمڕۆ لەگەڵمانە، ئەزموونێکی زۆری لەگەڵ خەباتی گەلی کوردستاندا هەیە، زۆر بەخێر بێت سەرچاو، هەروەها نوێنەری یۆنامیش لێرەیە زۆر بەخێر بێت سەرچاو، هەموو لایەکتان بەخێر بێن، من دەمەوێت چەند راستیەك روون بکەمەوە، لەبەر ئەوەی لە میدیاکاندا بەڕاستی وەکو ڕووداوەکان و هەڵوێستەکانی پەرلەمان چۆنە رەنگ ناداتەوە، هەندێك جار مانشێتی نابەجێ دەبینین لەسەر رەوشتی پەرلەمان، ئەمڕۆ هەندێك مانشێت وایان دەرخستووە کە پەرلەمان کەم تەرخەمە، یاخود نایەوێت هەڵبژاردن لە واعدەی خۆیدا ئەنجام بدرێت، کە ئەوەش بە پێچەوانەی راستییە، پێش هەموو کەسێك ئێمە باسی هەڵبژاردنمان کردووە، هەشت مانگ لەوەو پێشتر باسمان کردووە، کە دەبێت لە واعدەی خۆیدا بکرێت، چەند مانگیشە تەئکید دەکەینەوە پێشنیارمان کردووە کە دەبێت لە 2009/5/19دا بکرێتن، کە پێشترە لە تەواو کردنی خولی پەرلەمان لە 6/4دا تەواو دەبێت، ئێمە پێشنیارمان کردووە لە 5/19دا بێتن، ئێوەش هەمووتان پشتگیریتان لەو پێشنیارەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، هەندێك دەڵێن پەرلەمان یاسای دەرنەهێناوە بۆ هەڵبژاردنی، یاسایەکە لە ساڵی 1992ەوە هەیە، سێ جاریش هەموار کراوەتەوە، پێویستیمان بە یاسا نەبووە بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان، بەڵام لەبەر رۆشنایی گۆڕانکاری پێشنیارێکی تر هاتووە کە چەند بابەتێك هەموار بکرێتەوە، ئەوەش لە وەختی خۆیدا کردوومانە، جگە لەوەش هەر بە موبادەرەی پەرلەمان، یاسای سەرۆکایەتی هەرێم هەموار کراوەتەوە بۆ ئەوەی بگونجێتن و پێش وەخت داوا بکاتن هەڵبژاردن بکرێتن، یەعنی ئەو دەسەڵاتەمان بە هەموار کردنی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم داوەتەوە سەرۆکی هەرێم، بۆ ئەوەی بتوانێت دوو مانگ پێش کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمان بانگهێشت بکاتن بۆ پەرلەمان، بۆ هەڵبژاردن، ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەڵێت یەك ساڵە کۆمسیۆنی باڵا داوای کردووە پەرلەمان یاسای هەڵبژاردن هەموار بکاتن، ئەوەتا داوای کۆمسیۆنی بالام لایە لە 2009/3/1 نامەی بۆ ئێمە نووسیووەو دوو پێشنیاری داوە، لەبەر رۆشنایی هەموار کردنی ئێمە دەڵێت ئەو دوو پێشنیارەش بخەنە بەرنامەی کارتان، بەڵکو هەموار بکرێت، لە 3/1 ئەمڕۆ (25) رۆژە ئەو نامەیە بۆ ئێمە هاتووە، ئەو ئەندامە بەڕێزە ئەو تێبینیەی لە کوێی هێناوە نازانم؟ برادەرێکی بەڕێزی تر

دەڵێت پەرلەمان خۆی لە هەڵبژاردن دەدزێتەوە، هیچ بەڵگەش نییە، بۆچی خۆمان لێی دەدزینەوە؟ ئێمە جگە لەوەی کە سوێندمان خواردووە پابەند بین بە یاساو بە خزمەتی گەل، یەك لەو سوێندانە ئەو دەگەیەنێت کە پابەند بین بە واعدەی هەڵبژاردن، باشە بۆ خۆمان دەدزینەوە؟ پێشی چەند مانگێك داوامان کردووە کە هەڵبژاردن بکرێتن، ئێستاش سوورین داوامان کردووە لە کۆمسیۆنی باڵا لە 5/19دا بکرێتن، هەر دواکەوتنێك ناکەوێتە سەر ئەستۆی ئێمە، ئەندامێکی تری بەڕێزی پەرلەمان دەڵێت پێویستە پەرلەمان هۆکاری دواخستنی هەڵبژاردن بە خەڵك بڵێت، کەس هێشتا بڕیاری نەداوە کە دوابخرێت، ئەگەر دوابخرێت ئەو لایەنەی دوای دەخات لێپرسراوە، ئەو بەرپرسە ئەو روون کردنەوەیە بدات بە خەڵك بڵێت بۆ دوامانخستووە، ئێمە پێشنیارمان کردووە 5/19 بێتن، ئەوەش نازانم لە چیەوە هاتووە، برادەرێکی تر دیسان هەمووی مانشێتی ئەمڕۆیە، مانشێتی گەورە لەڕاستیدا نەمتوانی هەمووی بخەمە بەردەمتان، بەڵام کاك سەعد لەوانەیە وەڵام بداتەوە، دەڵێت دواخستنی پەرلەمان بۆ تەواو نەکردنی ئامادەکاری پەرلەمانە، بزانێ ئامادەکاریەکان بۆ کۆمسیۆنی باڵایە، بۆ ئێمە نییە، ئەوەش تێ نەگەیشتنێکە لە مەسئوولیەتی هەڵبژاردن، ئێمە تەنیا یاسایەکەیە دواتر کۆمسیۆنی باڵا بە وردەکاری و بە مەسئوولیەت و بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێم و ئەو لایەنانەی بەرپرس دەبن لەو مەسەلەیەدا هەڵدەستن، ئومێد دەکەم کە هەموو لایەکمان هاوکاری ئەو لایەنانە بین بۆ ئەوەی هەڵبژاردن لە واعدەی خۆیدا بکرێتن، ئەگەر هەر دواکەوتنێك و دواخستنێك روویدا، ئەو لایەنەی بەرپرسە هۆکارەکەی دەبێت بۆ خەڵك روون بکاتەوە، زۆر سوپاستان دەکەم، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم، کاك سەعد فەرموو.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتێکت نازانم ئاراستەی من کرد، من زۆر موتەوەجیه نەبووم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

رەبتی بە خۆتەوە هەبوو، نەك بە مەنصەبەکەت وەکو وەزیر، ئەو برایە بەڕێزە کە ئاماژەم پێ کرد گوتم مانشێتێکی قسە کردووە، خۆت دەزانی مەقصەدەم کێیە ئەو برادەرە؟ نامەوێ لێرە باسی بکەم، بەڵام ئەوەندەیە ئەویش بەناحەق تاوانێکی خستۆتە پاڵ پەرلەمان، ئینجا تەبعەن رەنگە رۆژنامەکە وای نووسی بێت، بە هەر حاڵ روون کردنەوەیەك هەبێتن، ناوی کەسم نەهێناوە، لەبەر ئەوە بۆ خۆتان تووشی ئەوە دەکەن بڵێن من وام نەگوتووە، ناوەکانم نەهێناوە، بەڵێ کاك محەمەد حەکیم.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە رۆژانە رۆژنامەکان پەیوەندیمان پێوە دەکەن، نازانم جەنابت مەبەستت کاممانە، بەڵام مەبەستم لەوەی کۆمسیۆنی باڵا کە نامەی بۆتان ناردووە کاك هەندرێن لەگەڵ مندا لە نەوا بەرنامەی هەبوو ئیشارەتی بەوە کرد کە لە ناوەڕاستی ساڵی 2008ەوە هاتوونە سەردانی جەنابتیان کردووە، ئەوە بۆ مەعلوماتتان.

دووەم/ من پێم خۆشە لێرەدا نوقتەیەکیش باس بکەین، ئایا ئێمە دەتوانین لە 5/19 هەڵبژاردن بکەین؟ با ئەوەش بۆ جەماوەر روون بکەینەوە، یەعنی ناکرێت کۆمسیۆنی باڵا بڵێت سێ مانگی دەوێت و ئەمڕۆ ئەوە 3/25یە، سێ مانگ بخەیتە سەری دەردەکەوێت کەیە، کەی دەکات، یەعنی بۆ ئەوەی شتەکانمان لای جەماوەر روون بێتەوە، پاشان کاك عەلی قادریش سەرۆکی کۆمسیۆن قسەی کردووەو تەلەفۆن لەنێوانماندا هەبووە، دەڵێت من زووتر بە پەرلەمانم گوتووە کە یاسا تەعدیل بکات، من داوا لە لیژنەی یاساییش دەکەم بۆ ئەوەی بەناوی ئێمەوە لە میدیاکان شتێك بە هەڵە نەگوترێت، کاتی خۆشی هەر لە تەعدیلی سێیەمدا هەستامەوە ئەو پرسیارەم کرد، وەڵامم وەرنەگرت، ئایا جەنابی سەرۆکی هەرێم کە دوو مانگ پێش وەخت بۆی هەیە ئیعلانی رۆژەکە بکات، رۆژەکەی کەیە؟ چونکە هەندێك رۆژنامەنووس دەنووسن کە بۆی هەیە دوو مانگ دوای بخات، ئایا ئەوە راستە؟ یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ پێش قانونەکە ئەگەر جەنابت بخوێنیەوە زۆر روونە، دوایێ ئێمەش کە 5/19مان پێشنیار کرد، لێرەدا ئاڵوگۆڕی رەئیمان کرد، لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێمیش ئەو پێشنیارەم خستەڕوو، ئەویش موافیق بوو، بۆ ئەوەی ئەو پێشنیارە، چونکە کە ئێمە پێشنیارمان کرد دواتر تەحدید کردنی رۆژەکە لە دەسەڵاتی ئەوە، ئێمە گوتمان رەئیمان وایە، گوتی زۆر باشە، بۆیە ئیعلانمان کرد، بۆ ئەوەی ئەو هەموار کردنەش بۆ دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم کە تەحدید کرا دوو مانگ پێشتر ئەو بزانێت ئەو رەئیە هەیەو خۆشی موافیقە، ئەگەر هۆکارێکی نەیەتە پێشەوە 5/19، بەڵام ئەگەر کۆمسیۆنی باڵا شتێکی تر بڵێت، سەرۆکی هەرێم دیارە بە هەندی وەردەگرێت، رەنگە رەئی خۆی بگۆڕێتن، بەنیسبەت مەسئوولیەتی پەرلەمان نییە هەڵبژاردن ئەنجام بداتن، مەسئوولیەتی پەرلەمان تەنیا یاساکەیە، ئەنجامدانی هەڵبژاردن حکومەتە، کۆمسیۆنی باڵایە، ئەوان هەڵدەبژێرن، ئەو یاسایە کە دەرچوو مەسئوولیەتمان تەواو دەبێتن هیچ حەقێکیشمان نییە، تەنیا رەنگە تیمێك دروست بکەین بۆ ئەوەی هاوکاری کۆمسیۆنی باڵا بکاتن، بۆ ئەوەی ئەگەر پێداویستیەکیان هەبوو، یان رەئیەکیان ویست، یان شتێکیان ویست بەدواچوونی هەبێتن، ئەگەرنا مەسئوولیەتەکە مەسئوولیەتی ئێمە نییە، بەنیسبەت سەردانی کۆمسیۆنی باڵا لەسەر داوای خۆمان بووە، ئێمە داوامان کردووە بێتە ئێرە، ئەوان داوایان نەکردووە، ئێمە گوتوومانە هەڵبژاردنی خولی پەرلەمان لە 6/4 تەواو دەبێت، لە ئێستاوە خۆتان حازر بکەن، ئێمە بە ئەوانمان گوتووە، بەڕەسمیش کۆمسیۆنی باڵا لە 3/1ی ئەمساڵدا نامەی نووسیووە، دوو تێبینی ناردووە بۆ ئێمە، زۆر سوپاس، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پێشنیارەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر هەموار کردنی چوارەمی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992 کە بە بڕیاری ژمارە (3) لە 2009/2/22 گەڕاوەتەوە بۆ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان – عێراق، فەرموون بۆ خوێندنەوەی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشەکی ئێمە راپۆرتمان ئامادەیە بە زمانی کوردی و عەرەبی، ئەگەر ئیجازەمان پێ بدەیت برای بەڕێزم کاك کەریم راپۆرتەکە بە زمانی کوردی دەیخوێنێتەوە، پاشان برای بەڕێزم کاك زانا بە زمانی عەرەبی دەیخوێنێتەوە، ئینجا دەچینە یەکە یەکەی ئەو بڕگانەی کە لە زیمنی راپۆرتەکەمان دەست نیشانمان کردووە، کە ئەویش تێبینیەکانی سەرۆکی هەرێم لەخۆ دەگرێت، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموون.**

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لیژنەکەمان رۆژی پێنج شەممە 2009/2/26 رێکەوتی 7/ی رەشەمێ، 2708 کوردی، کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا بۆ تێڕوانین لە رەخنەی رێزدار سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەسەر یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 2009 (یاسای هەموار کردنی چوارەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە/1ی ساڵی 1992)، کە لە دانیشتنی ژمارە (3)ی نائاسایی پەرلەمان دەنگی لەسەردرا. دوای گفتوگۆو تاوتوێکردنی، لیژنە راسپاردەو پێشنیازەکانی بەم جۆرەی خوارەوە دەخاتە روو:**

**لیژنە رای وایە: رەخنەکە بەپێی بڕگەی یەکەمی ماددەی دەیەمی (یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە/1ی ساڵی 2005ی هەموار کراو)، لە کاتی یاسایی خۆی پێشکەش کراوەو شیاوی وەرگرتنە.**

**1- لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەی چوارەمی یاساکە بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**ماددەی چوارەم: بڕگەی (1) لە ماددەی (بیست و دوو ) هەموار دەکرێ و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:**

**ماددەی بیست و دووەم:**

**هەر قەوارەیەکی سیاسی لە کوردستاندا بۆی هەیە لیستێکی تایبەت بەناوی پالێوراوەکانی خۆی لەسەر ئاستی کوردستان - عێراق پێشکەش بکات، بەمەرجێ رێژەی ژن لە 30٪ کەمتر نەبێ و زنجیرەی ناوەکان بەجۆرێ رێك بخرێت کە ئەم رێژەیەی ژنان دەستەبەر بکات و ژمارەی پالێوراوان لە هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە (3) کەمتر نەبێت.**

**2- لیژنە پێشنیاز دەکات ماددەی حەوتەمی یاساکە بەم جۆرەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:**

**یەکەم: (کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان) شوێنی (دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق) دەگرێتەوە کە لە یاساکەدا هاتووە بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق و بەڕێوەبردنیان بەپێی حوکمەکانی یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی ژمارە/11ی ساڵی 2007.**

دووەم: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆی هەیە ئەو پێڕەوو ڕێنماییانەی تایبەت بەخۆی پیادە بکات بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بەجۆرێك ناکۆك نەبن لەگەڵ ئەو حوکمانەی لەم یاسایەدا هاتوون.

4- بۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو پێشنیازانەی لە تێبینیەکانی سەرۆکی هەرێمدا هاتوون، لیژنە پێشنیاز دەکات ئەو ماددانەی خوارەوە بخرێنە سەر یاساکە:

(ماددەیەکی نوێ):

یەکەم: کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەو ناکۆکی و ڕەخنانە دەبینێت کە لە کاتی ئامادە کردن و جێبەجێ کردنی ڕێکارەکانی هەڵبژاردن دێنە پێشەوە.

دووەم: دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندە بە بینینی ئەو ڕەخنەو تانووتانەی بۆ لای ڕەوانە دەکرێن لە لایەن دەستەی هەڵبژاردنەکان، یان تاکە کەسان، یان ئەو قەوارانەی زیانمەند بوونە لە بڕیارەکانی دەستە.

(ماددەیەکی نوێ): هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان کە لەدەرەوە نیشتەجێن بۆیان هەیە بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان بکەن.

(ماددەیەکی نوێ): پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و زێرەڤانی هەرێم (پێشمەرگە)و سوپاو کارمەندانی خەستەخانەو بەندیخانەکان و سەرنشینەکانیان لە چەند بنکەیەکی تایبەت ئەنجام دەدرێت کە دەستەی کۆمسیۆن بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە تایبەتمەندەکان دیاری دەکات، بەمەرجێك 48 کاتژمێر پێش کاتی هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزام فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ لە کۆبوونەوەکان پێشتر جەنابت ئەو یاسایەت ئاراستەی لیژنەی ناوخۆش کرد، تۆ بەس ناوی لیژنەی یاساییت هێنا، نازانم حەقە لیژنەکانی مەعنیش بەو یاسایە بانگ بکرێن لەگەڵ لیژنەی یاسایی، چونکە ڕاپۆرتمان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ڕاپۆرتت هەیە فەرموو، من نەمزانیوە ڕاپۆرتتان هەیە، فەرموو وەرە دانیشە، دەبوایە بیدەنە سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی تەوزیعی بکەن، نەتان ناردووە بۆ سەرۆکایەتی، دەبوایە بینرێنە لای سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی ئێمەش تەوزیعی بکەین و ناوتان بهێنین، یەعنی لیژنە کۆبۆتەوەو ڕاپۆرتی هەیە لە لای خۆی بەجێی هێشتووە، دەبێت پێمان بڵێی، چونکە لیژنەی یاسایی ئەمڕۆ بەیانی ڕاپۆرتەکەیان پێ گوتین، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز قادر سعيد خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الى/ رئاسة المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق**

**م/ رأي اللجنة القانونية على الاعتراض الواقع من قبل السيد رئيس الاقليم**

أجتمعت اللجنة القانونية في 2009/3/24 الموافق ليوم الرابع من نەورۆز 2708ی كوردی للنظر في الاعتراض الواقع من قبل السيد رئيس اقليم كوردستان ـ العراق على القانون المرقم (2) لسنة 2009 قانون التعديل الرابع لقانون المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق المرقم (1) لسنة 1992 المعدل والمشرع من قبل البرلمان بجلسته الاستثنائية المرقمة (3) في 2009/2/12 وبعد الدراسة والمناقشة توصى اللجنة وتقترح مايلي:

1- قبول الاعتراض لوقوعه خلال المدة القانونية المنصوص عليها في الفقرة (أولاً) من المادة العاشرة من قانون رئاسة اقليم كوردستان ـ العراق المرقم (1) لسنة 2005 المعدل.

2- ترى اللجنة إعادة صياغة المادة الرابعة من القانون وكالآتي:

المادة الرابعة: تعدل الفقرة (1) من المادة الثانية والعشرين من القانون وتقرأ كالآتي:

المادة الثانية والعشرون: لكل كيان سياسى في كوردستان تقديم قائمة خاصة بها تتضمن اسماء مرشحيها على نطاق كوردستان ـ العراق على ان تحتوى على نسبة لاتقل عن (30٪) من النساء ويتم ترتيب اسماء المرشحين بالشكل الذي يضمن تمثيل النسبة المذكورة للنساء في البرلمان على ان لايقل عدد المرشحين في كل قائمة انتخابية عن ثلاثة.

3- ترى اللجنة إعادة صياغة المادة السابعة كالآتي:

تعدل المادة الثامنة عشرة المضافة بالتعديل الثالث للقانون وتصبح المادة ﴿السادسة مكررة﴾ له وتقرأ كالآتي:-

المادة السادسة مكررة:

أولاً: تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات محل الهيئة العليا المستقلة لانتخابات برلمان كوردستان الواردة في هذا القانون للاشراف على انتخابات الدورة الانتخابية الثالثة للبرلمان وادارتها بموجب احكام قانون المفوضية العليا للانتخابات رقم (11) لسنة 2007.

ثانياً: للمفوضية العليا المستقلة للانتخابات تطبيق الانظمة والتعليمات الخاصة بها على انتخابات برلمان كوردستان ـ العراق بما لايتعارض مع الاحكام الواردة في هذا القانون.

4- إنسجاما مع الاقتراحات الواردة في ملاحظات السيد رئيس الاقليم تقترح اللجنة اضافة المواد التالية الى القانون:

مادة مضافة:

اولا: تتولى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات النظر في الخلافات والاعتراضات الواقعة خلال إعداد وتنفيذ إجراءات الانتخابات.

ثانيا: تختص محكمة تمييز اقليم كوردستان بالنظر في الاعتراضات والطعون المحالة اليها من قبل هيئة الانتخابات او الافراد او الكيانات المتضررة من جراء قرارات الهيئة.

مادة مضافة: لمواطني إقليم كوردستان المقيمين في الخارج حق المشاركة في انتخابات برلمان كوردستان.

مادة مضافة: تجرى عملية اقتراع منتسبي قوى الامن الداخلي وحرس الاقليم (البيشمەرگە) والجيش والعاملين في المستشفيات والسجون ونزلاءهما في مراكز اقتراع خاصة تحددها هيئة المفوضية العليا المستقلة للانتخابات بالتنسيق مع الوزارات المختصة على ان تجرى قبل ثمانية واربعين ساعة من موعد اجراء الانتخابات.

راجين التفضل بالاطلاع وعرض اعتراضات رئيس الاقليم وملاحظاته بشأن المشروع ورأي اللجنة وتوصياتها على المجلس للمناقشة وابداء الرأي المناسب بصدده مع التقدير

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سەردار راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەكەمان لە رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2009/3/10 بە مەبەستی گفتوگۆ كردن لەسەر ناڕەزایی و پێشنیارەكانی جەنابی سەرۆكی هەرێم بۆ هەموار كردنی چوارەمی یاسای ژمارە (1)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان كۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، پاش ئەوەی ئەم ناڕەزایی و پێشنیارانە لە كۆبوونەوەی ژمارە (1) رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2009/3/10 خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراو سەرۆكی ئەنجومەن لەم كۆبوونەوەدا ئەم پرۆژەی بۆ لیژنەكەمان رەوانە كرد، لیژنەكەمان پاش گفتوگۆو دیراسەت كردنی، راو پێشنیارەكانی خۆی بەم شێوەیە دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان بۆ وەرگرتنی بڕیاری گونجاو:

یەكەم/ پرۆژەی هەمواری چوارەمی یاسای ژمارە (1)ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان كە لە رۆژی 2009/2/12 پەسند كراوەو لە رۆژی 2009/2/15 رەوانەی سەرۆكایەتی هەرێم كراوەو جەنابی سەرۆكی هەرێم لە رۆژی 2009/2/22 ناڕەزایی لەسەر دەربڕیوە، واتە ئەم ناڕەزایانە لە ماوەی یاسایی خۆی بووە.

دووەم/ سەبارەت بە خاڵی یەكەم لەم پرۆژەیە كە تایبەتمەندە بە ماددەی چوارەمی هەمواری چوارەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستان ژمارە (1) كە تایبەتمەندە بە بڕگەی (1) لە ماددە (22)و ناڕەزایی لەسەر دەستەواژەی (فئة)و گۆڕینی دەستەواژەی (حزب او فئة) بە دەستەواژەی (قەوارەی سیاسی) لیژنەكەمان لەگەڵ ئەم ناڕەزاییەو پێی رەوایە دەستەواژەی (قەوارەی سیاسی) یاسایی ترو گونجاوترە،

چونکە دەستەواژەی فئە تەمومژی پێوە دیارەو هیچ پێناسەی نییە لەهیچ یاساو ڕێنمایی و سیستەمەکان، کەچی دەستەواژەی (قەوارەی سیاسی) گونجاوترەو پێناسەی هەیە لە سستەمی ژمارە پێنجی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بەتایبەتی کە ماددەی (7) لە هەمواری چوارەمی یاسای ژمارە (7) ڕێگا بە کۆمسیۆن دراوە کە یاساو سیستەمەکانی خۆی جێ بەجێ بکات، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین کە بڕگەی (1)ی ماددەی (22) بەم شێوازە دابڕێژرێ:

(هەر قەوارەیەکی سیاسی لە کوردستان – عێراق بۆی هەیە لیستێکی تایبەتمەند بەخۆی پێشکەش بکات بە مەرجێك ڕێژەیەك بۆ ژنان کە 30٪ کەمتر نەبێت تەرخان بکرێت و ناوی پاڵێوراوەکان بەشێوازێك دابڕێژرێت، جێ بەجێی ئەم ڕێژەیە بکات لە پەرلەمانی کوردستان کە نابێت ژمارەی پاڵێوراوەکان لە هەر لیستێك لە سێ کەمتر بێت).

سێیەم/ سەبارەت بە خاڵی دووەم تایبەتمەند بە ماددەی حەوتەمی هەمواری چوارەم تایبەتمەند بە ماددەی (18)ی زیاد کراو لە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ژمارە (1) بەپێی هەمواری سێیەم، سەبارەت بە لایەنی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان، لیژنەکەمان پێیوایە دەسەڵاتی سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکان لە ماددەی (110) دەستووری هەمشەیی عێراق نەهاتووە، واتە بەپێی ماددەی (115) دەستووری هەمیشەیی عێراقی دەسەڵاتی هەرێمەو پێویستە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی خۆمان هەبێت، بۆیە ئێمە لە لیژنەی کاروباری ناوخۆ پێشنیار دەکەین کە پاش هەڵبژاردنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان دەبێت کۆمسیۆنی خۆمان دروست بکەین، بەڵام لەبەر نەبوونی کات و ئەگەری دروست کردنی ئەم کۆمسیۆنە لەم کاتەدا ببێتە هۆی دواخستنی هەڵبژاردنەکان، ئێمە پێشنیار دەکەین کە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق سەرپەرشتی ئەم هەڵبژاردنانە بکات تاکو کۆمسیۆنی هەرێم دروست دەکرێت، هەروەکو لە پرۆژەی هەمواری چوارەمی یاسای ژمارە (1)دا هاتووەو بەم شێوازەی خوارەوە:

(تاکو کۆمسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دروست دەکرێت، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆیی هەڵبژاردنەکان جێگای دەگرێت بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکان).

چوارەم/ سەبارەت بە خاڵی سێیەم تایبەتمەندە بە بابەتی سکاڵاکان و لایەنی تایبەتمەند بە وەرگرتنیان، لیژنەکەمان لەگەڵ هەردوو پێشنیارەو پێشنیار دەکەین لە ماددەی (37) یاسای ژمارە (1) جێگای بۆ بکرێتەوەو بەم شێوازەی خوارەوە:

ماددەی سی و هەشت:

1- کۆمسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بۆی هەیە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن لە هەر سەنتەرێکی هەڵبژاردن پووچەڵ بکاتەوە، ئەگەر سەلمێندرا کە فێڵ، یان یارییەکی کاریگەر بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان کراوە.

2- ناكۆكیەكان و ناڕەزاییەكانی كاتی ئامادە كردن و جێ بەجێ كردنی ڕێكارەكانی هەڵبژاردن دروست دەبن لە لایەن كۆمسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی كردنی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان سەیر دەكرێن.

3- دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی كوردستان تایبەتمەند دەبێت بە سەیر كردنی ئەو ناڕەزایانەو تانە لێدراوەكان كە لە لایەن كۆمسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی كردنی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان بۆی ڕەوانە دەكرێن، یان ڕاستەوخۆ لە لایەن زیان لێكەوتووەكان لە بڕیارەكانی كۆمسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی كردنی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان.

4- تێهەڵچوونەوە لە بڕیارەكانی كۆمسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی كردنی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان لە لایەن دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی كوردستان دەبێت كە بڕیارەكانی كۆتایی دەبێت.

پێنجەم/ سەبارەت بە خاڵی چوارەم كە پێشنیار كراوە هاووڵاتیانی كوردستان – عێراق دانیشتووی دەرەوەی وڵاتن مافی بەشداری كردنیان هەبێت لە هەڵبژاردنەكان، لیژنەكەمان پشتگیریی دەكات و پێشنیار دەكەین لە ماددەی (بیست) جێگا بكرێتەوەو بەم شێوازەی خوارەوە:

ماددەی بیست:

1- دەنگدەر دەبێت هاووڵاتی كوردستانی عێراق بێت و هەژدە ساڵی لە تەمەنی تەواو كرد بێت.

2- هاووڵاتیانی كوردستانی عێراق كە ئێستا دانیشتووی دەرەوەی وڵاتن مافی بەشداری كردنیان هەیە لە هەڵبژاردنەكان، ئەگەر ئەو مەرجانەی لە بڕگەی پێشوو هاتووە هەیانبێت، ئەم مافە لە لایەن كۆمسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی كردنی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان دابین دەكرێت كاتی ئامادە باشی تەواو دەبێت.

شەشەم/ سەبارەت بە خاڵی پێنجەم لە پرۆژەكە تایبەتمەند بە پێشنیار كردنی ڕێگەدان بە گشت دەنگدەرانی سەر بەهێزەكانی پۆلیس و ئاسایش و سوپاو پاسەوانەكانی هەرێم و كارمەندان و خزمەتگوزارانی نەخۆشخانەكان و بەندیخانەكان پێش هەڵبژاردن دەنگی خۆیان بدەن، لیژنەكەمان لەگەڵ ئەم پێشنیارەیە، چونكە بەم شێوەیە هەڵبژاردنەكان باشتر ڕێك دەخرێت و ڕێگا بە شێوازێك لە تەزویر كردن دەگیرێت، پێشنیار دەكەین لە ماددەی (13) یاسای ژمارە (1) جێگای بكرێتەوەو بەم شێوازەی خوارەوە:

ماددەی سێزدە:

1- دەنگدان لە هەموو هەرێمی كوردستان لە یەك ڕۆژدا دەكرێت.

2- دەنگدانی كارمەندانی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆو پاسەوانانی هەرێم (پێشمەرگە)و نەخۆشەكان و كارمەندانی نەخۆشخانەكان و بەندكراوەكان پێش (48) سەعات لە ڕۆژی دیاری كراوی هەڵبژاردنەكان لە سەنتەری دەنگدانی تایبەت دەبێت كە بە هەماهەنگی نێوان كۆمسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی كردنی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان وەزارەتە تایبەتمەندەكان دیاری دەكرێن.

ئەوە راو تێبینیەکان و پێشنیارەکانی لیژنەی کاروباری ناوخۆیە، هیوادارین بخرێتە بەردەم ئەنجومەن بۆ وەرگرتنی بڕیاری گونجاو، لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو نازناز خان نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی لە دەقی نووسراوی عەرەبی و کوردیەکە هەڵەیەکی گەورەیان کردووە لە تاریخی دانیشتنەکەیان، ئەگەر مولاحەزەی بکەن، چونکە دیکۆمێنتە دەمێنێتەوە، دەبێت چاك بکرێتەوە.

دووەمیشیان/ کاك سەردار لە راپۆرتەکەی خۆی ئیستیلاحی کوردستانی عێراق بەکار دەهێنێت، ئەمە ستاندار نییە، دەبێت بنووسرێت کوردستان – عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تاریخەکە کامەیە.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راپۆرتی عەرەبی نووسراوە لە 2009/3/24 دەکاتە چوارەمی نەورۆزی 2708، بەلام لە هی کوردیەکەی نووسراوە 2/26 ڕێکەوتی (7) رەشەمێی 2708، هەروەها لە خوارەوەش، لە ریزی خوارتریش ماددەکان و ئەوانەش غەڵەتی تێدایە، کاك شێروان لە هەمان پەرەگراف لە ژمارەی ماددەکانیش هەڵە هەیە لەنێوان هەردوو راپۆرت جیاوازی هەیە، هەمووی چاك کردنی دەوێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەلام دوو جار چاپ کراوە، جاری دووەم کە چاپ کراوە مەتبعیەکەیان چاك کردۆتەوە لە لای من 3/24 نووسراوە، بەلام لە هەندێك کۆپی 2/26 نووسراوە راستە، بە هەر حاڵ مولاحەزەیەکی بەجێیە، لە ماددەکانیشدا کە هاتینە سەر تەفسیلات چاکی دەکەینەوە، ئێستا دێینە سەر ماددەی یەك لە راپۆرتی هەردوو لیژنە، ئەسڵی ماددەکە کە ئیعتیرازی لەسەر گیراوە تەنیا وشەی فئە داوا کراوە بگۆڕێت بۆ کیان، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەسڵی ماددەکە کە ئیعتیرازی لەسەر گیراوە بخوێندرێتەوە، دوایێش هەردوو لیژنە پێشنیاریان هەیە پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسڵی ماددەی چوار کە ئێمە بەرزمان کردەوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم.

(المادة الرابعة: تعدل الفقرة (1) من المادة الثانية والعشرين من القانون وتقرأ كالآتي:

المادة الثانية والعشرون: لكل كيان سياسى في كوردستان تقديم قائمة خاصة بها تتضمن اسماء مرشحيها على نطاق كوردستان ـ العراق على ان تحتوى على نسبة لاتقل عن (30%) من النساء ويتم ترتيب اسماء المرشحين

بالشكل الذي يضمن تمثيل النسبة المذكورة للنساء في البرلمان على ان لايقل عدد المرشحين في كل قائمة انتخابية عن ثلاثة)، ئەوە ئەسڵی ماددەکەیە کە لێرە پەسند کرا بوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکەتان بە هەردوو زمان بخوێننەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر رۆشنایی تێبینی بەڕێز سەرۆکی هەرێم لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە ماددەی (22)ی داڕشتووە لە ماددەی چوارەمدا:

ماددەی بیست و دووەم:

هەر قەوارەیەکی سیاسی لە کوردستاندا بۆی هەیە لیستێکی تایبەت بەناوی پاڵێوراوەکانی خۆی لەسەر ئاستی کوردستان - عێراق پێشکەش بکات، بەمەرجێ ڕێژەی ژن لە 30٪ کەمتر نەبێ و زنجیرەی ناوەکان بەجۆرێ ڕێك بخرێت کە ئەم ڕێژەیەی ژنان دەستەبەر بکات و ژمارەی پاڵێوراوان لە هەر لیستێکی هەڵبژاردن لە (3) کەمتر نەبێت.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية والعشرون: لكل كيان سياسي في كوردستان تقديم قائمة خاصة بها تتضمن اسماء مرشحيها على نطاق كوردستان - العراق على ان تحتوي على نسبة لاتقل عن (30٪) من النساء ويتم ترتيب اسماء المرشحين بالشكل الذي يضمن تمثيل النسبة المذكورة للنساء في البرلمان على ان لايقل عدد المرشحين في كل قائمة انتخابية عن ثلاثة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە پەیوەندی هەیە، تەعدیل کردنی فەقەرە یەك لە ئەصڵی ماددەی 21 لە ئەصڵی قانونەکە کە دەکاتە ماددە چوار لە تەعدیلی چوارەمی یاسای ژمارە (1)ی ساڵی 1992، هەروەکو هەموو لایەك دەزانین ئیعتیرازی جەنابی سەرۆکی هەرێم لەسەر ئەوە هاتبوو کە دەستەواژەی کیانی سیاسی بەکار بێت لە جیاتی دەستەواژەی (حزب یا قەوارە)، ئێمەش نەصەکەمان بەو شێوەیە داڕشتووە، پشتگیری دەکەین و تەئیدی ماددەکە دەکەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەللا عەرەبیەکە تەنیا کاک زانا: لكل كيان سياسي في كوردستان-العراق، داشەکەی ئیزافە بکە، تقديم قائمة خاصة بە (نەك بها) تتضمن اسماء مرشحيە، على نطاق كوردستان ئەوەش زیادە، جا ئەوە پێم وایە لیژنەی ناوەخۆش هەمان بۆچوونی هەیە، هەردوو لیژنە موافیقن لەسەر بۆچوونی بەڕێز سەرۆکی هەرێم کە دەڵێ: دەستەواژەی (فئة) بگۆڕدرێ بۆ (کیان)، قابیلی موناقەشە نیە وابزانم، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ پێشنیازەکەیە، من دەڵێم کێ قسەیەی هەیە و کەس دەستی بڵند نەکرد، فەرموو کاک خەلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە، لەبەر چی (فئە) گۆڕدرا بە کیان؟ لەبەر ئەوە عەلا ئەساس موعەرەف نیە لە ئەنزیمە و قەوانین مفەوەزیەی عولیا، لێرە (کیان) لە نیزامی ژمارە (9) تەعریف کرایە و لە قانونی سولتەی ئیئتیلافیش رەقەم (97)(قانون الاحزاب والهيئات السياسيه) تەعریف کرایە، لە هەردووکیان باسی فەردیش هەیە، شەخسیش ئەتوانێ خۆی تەرشیح بکات، لێرە صیاغەی مادده بە شێوەیەك هاتیە نابێت لە سێ کەمتر بێت، ئایا، سوئال ئەوەیە: بۆ مورەشەحی فەرد ناکرێ؟ یەعنی مەشمول نیە؟ ئەویش کیان نیە؟ تەبعەن من لەگەڵ ئەوەمە شەخسیش بتوانێت خۆی تەرشیح بکات، نیسبەی ژنان ئەوە لە قائیمەیەك باسی خۆ پاڵاوتنە، یەعنی هەر قائیمەیەك ئەگەر موتەعەدید بێت، مورەشەح زۆر بن، لازمە ئەو نیسبەیەی تێدا بێت، بەس قائیمەیەك ئگەر فەردێك، ئافرەتێك ئەتوانێ بەتەنیا خۆی تەرشیح بکات، پیاوێکیش بەتەنیا ئەتوانێ خۆی تەرشیح بکات، یەعنی مەفهومی ئەو ماددەیە وانەگرێت کە کیان شاملی شەخس نەکرێ کە فەردە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابت کاك خەلیل ئیمزات کردووە، بەبێ ئەوەی کەس ئاماژە بەوە بدات کە ئەتو ئیعتیرازت هەیە، ئیمزات کردووە لێرە بۆیە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوێنێ درەنگ هاتم، وەکو هاتم ئەوە تەواو ببوو، لە دهۆکەوە هاتم، کە گەیشتینە ئەو مەسەلەی تەبعیش کرابوو، من موناقەشەی هیچ بڕگەیەکی لەوەم نەکرد، بەس موناقەشەی لیستی کراوەم کرد بوو لەوێ، بەڵام تەوقیعیشم کرد، مەعنای ئەوە نیە قسە نەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی داوای قسەیان کردووە، فەرموو سارا خان.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قەوارەی سیاسی بوونی باشە لێرە، بەڵام بە تەنیا شمولی نیە، یەعنی بەرفراوان نیە، لەوانەیە هەموو کەسێك یان هەموو دەستەیەك نەتوانێ بەشداری هەڵبژاردن بکات بە پێی ئەوە، لەبەر ئەوەی مانەوەی (فئە) یان بە شکلێکی تر ئەگەر

(فئە) ش نەبێت، چونكە شەرت نیە هەموو دەستەیەك سیاسی بن، لەوانەیە دەستەیەك خەڵك هەبێت دیفاع لە كۆمەڵێك خەڵك بكات، نوێنەری كۆمەڵێك خەڵك بێت، بەڵام سیاسی نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد حكیم فەرموو.

**بەڕێز محمد حكیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من بۆ ئەوەی درێژەی پێ نەدەم، نەفسی قسەكانی مامۆستا خەلیل دەكەمەوە دەربارەی ئەوەی كە تاكە كەس، جا چ پیاو بێت و چ ئافرەت بێت، مافی هەبێ لیستی هەبێ و مولزەمی نەكەین دوو كەس لەگەڵ خۆیدا بنووسێ لە لیستەكەیدا و تەوقیعیشم نەكردووە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەلەن، بۆ ئەوەی تیكرار نەبێتەوە ئەو بابەتە، ئەوە قابیلی موناقەشە نیە، لێرەدا باسی ئەوە ناكرێت یەك كەس بێت یان سێ كەس بێت، ئەوە بڕاوەتەوە، تەنیا ئیعتیرازی سەرۆكی هەرێم لەسەر ئەوەیە، (فئە) كە بگۆڕێ بۆ (كیان)، لەبەر ئەوە تۆ سێیەكە موناقەشە بكەی بۆ یەكەكە، ئەو مەوزوعە مەترەح نیە بۆ ئێرە، پێشتر كراوە، ئیعتیرازی سەرۆكی هەرێم بۆ ئەوەیە (فئە) بكرێتە (كیان)، لەبەر ئەوە هەر بابەتێك زیاتر لەوە مەوزوعێكی ترە و خاریجی بەرنامەیە، كاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەموو پرۆژەكەمان نەخستووتە بەرباس، تێبینیەكە راستە، ئایا هەمووی یاسایی نیە ئەگەر قسە لەسەر بەندەكانی تریش بكرێ یان نا، ئەوە یەك، ئەگەر یاساییش نەبێ هەر پشتیوانی لە قسەكانی كاك محمد و كاك خەلیل دەكەم بۆ ئاگاداریتان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پێم خۆشە، یاساییش نیە، بەڵام هەر ئیصرار دەكەی لەسەر قسەكەت، بەڵێ.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەخێر لەسەر شتێكی ترە، پێشنیار كراوە ئەوە هەموار كردنی چوارەمە، لە كاتی خۆی یاساكە لە زروفێكی ئیستیسنائی داندراوە، پێشنیار دەكەم لە ئێستا بەولاوە، لێژنەی یاسایی یان لێژنەیەكی تایبەت پێكبهێندرێ كە یاسایەك، كە پرۆژە یاسایەكی گونجاو بۆ هەڵبژاردنەكە لە كوردستان ئامادە بكرێ و چیتر ئەو هەموار كردن و ئەو سەر لێشواندنەی تێدا نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

پەرلەمانی داهاتوو  پاش هەڵبژاردن ئەو پێشنیارەی تۆ دەخەینە بەردەم ئەوان، لێرەوە ئەوە دەمێنێتەوە، ئەگەر کەسێکتان مانەوە، ئەگەر خۆت مایەوە، خۆت تەرحی بکە، ئەگەر کەسێك مایەوە بە بیریان بێننەوە، کاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەم لەسەر کیانی سیاسیە، کیان سیاسی وازیح نیە، نە لە قانونی خۆمان تەعریف کرایە، راستە لە نیزامی مفەوەزیە تەعریف کراوە، بەڵام باش وایە ئێمە لە قانونەکەی خۆمان کیان سیاسی ئەحزابیش ئەگرێتەوە و لەوانەیە مەجموعەیەك رێکخراویش بگرێتەوە لە ئاستی حیزبیشدا نیە، باش وایە ئەوە بە موتڵەقی نەمێنێتەوە، با لێرە تعریفێکی بکەین، یان ئەگەر تەعریف نەکرێ ئاماژە بەوە بکەین بەو نیزامە کە مفەوزەیە دایناوە، خۆیان لەوێ تەعریفیان کردووە بە تەفصیلی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر باس لە کەیان سیاسی بکەین، بە قەناعەتی خۆم پێویست ناکات بچینەوە سەر ئەو مەوزوعانە و تەعریفی بکەین، چونکە ئەصڵەن ئێمە ئینتیخاباتەکەمان ئەدەین بە مفەوزیە عولیا لە بەغدا، تەعریفی کردووە و تەعریفەکەی ئەو مولزەم نین پێی، ئەوە یەکەم، لەو حاڵەتەش دیارە ئێمە تەعریفی حزبمان هەیە و خۆمان لە قانونی خۆماندا تەعریفی کیانی سیاسی وازیحە و هەموو ئەنزیمە و ئەوانە دەگرێتەوە و بما فیها شەخص، بەڵام ئێمە ئەگەر باس لە شەخص بکەین بۆ هەڵبژاردن کە من بەش بە حاڵی خۆم، لەگەڵ هەموو مافێکدام بۆ خەڵك کە هەیبێت کە ئەوە لە دەستووردا تەسبیت بکرێ، ئەو هەموو مافانە چ مافی مەدەنی و چ سیاسی و چ ئیقتیصادی، هەموو ئەو مافانەی کە لە زمنی ئەوانە مافی دەنگدان و خۆ هەڵبژاردنە، بەڵام ئەگەر ئێمە باس لە خەڵك بکەین کەواتە دەبێ سیستەمەکە بە کاملی بگۆڕین بۆ سیستەمی فەردی، یەعنی نیزامی ئینتیخاباتی فەردی نەك نیزام بە قائیمە، ئەو کاتە، فەرد لێرانە ئەبێ لەسەر ئەساسی دائیرەی بچووکیش بێ، چ ئەنزیمەی قانونی کە لەهەموو دونیادا موتەبەعە و باوە، ئەگەر کردتە فەردی، ئەبێ دائیرەی بچووك بێ، یەك کەس خۆی هەڵدەبژێری و خەڵك دەنگ بۆ یەك کەس دەدات، ئەگەر باس لە قائیمە بکەین، ئەو کات ئەبێ قائیمە تەحدید بکەین، قائیمە مەعنای ئەوە نیە خەڵك دەنگ نادات، هەموو کەسێك حەقی خۆیەتی بچێتە ئینتیخابات و خۆشی هەڵبژێرێ، بەڵام تۆ تەحدیدی دەکەی، ئێمە شەرتێکمان لە قانونەکەدا داناوە بۆ سێ کەس، ئەوە بەغداش هەر وای کردووە

تەبعەن، ئێمە سێ کەسەکە ئیحتیماله لەو قۆناغەی ئێمە ئەگەر ئەوە نەکەین، نیسبەی ئەو کۆتایەی کە بۆ ژن دانراوە لە 30٪،بکرێتە بەردەم ئەوەی کە شەرعیەت لە هیچ ئینتیخابێکدا وەرنەگرێت، تۆ دێیت، ژنێك دەنگی ئەدرێتێ، راستە لەناو قائیمەکەیە، بەڵام ئیحتیماله بە 100 دەنگ یان 200 دەنگ، بە 500 دەنگ، بەڵام لە کاتێکدا پێویستی بە 10000 دەنگە، ئەوە بەراستی مەتعون دەبێ و مەفهومی عەدالەت ئەگۆڕدرێ، بە قەناعەتی خۆم ئەم نەصە لە جێی خۆیەتی، لە سێ کەس کەمتر نەبێ، ئەوە بە مەعنای حەقە و داوەتە بە سێ کەس و دروستی بکات، سێ ژن، سێ پیاو، دوو ژن و پیاوێك، دوو پیاو و ژنێك، ئەتوانێ بەرنامەیەك بۆ خۆی دابنێ بە پێی مەفهومی کیان، کیانیش بەو مەعنایەی کە تۆ تەقدیمی دەکەی بۆ مفەوەزیە، کە شروتی خۆی هەیە و ئێمە دایناێین، ئەو شروتانە بە پێی ئەوە دێتە ناو ئینتیخابات ئەوە کیانە و بە مەعنای ئەوە نیە ئیلا حزب بێ، هەموو سێ کەس ئەتوانێ ببێتە کیان، پاش ئەوەی لە مفەوەزیە عولیا بە شرووتی ئەو وەردەگیرێ و دەبێتە کیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رەشاد فەرمووو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر قەوارەیەکی سیاسی لە کوردستان بۆی هەیە لیستێکی تایبەتی بە ناوی پالێوراوەکانی خۆی لەسەر ئاستی کوردستان پێك بهێنێ لێرە من پێشنیار دەکەم لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی کوردستان بە گشتی زۆر شوێن هەیە لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان نیە، کە مەشمولە بە ماددەی 140، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من ئەوەت جواب دەدەمەوە، لەسەر ئاستی کوردستان، کەرکووکیەك دەتوانێ لێرە ئەندام پەرلەمان بێت، مەعنای ئەوە نیە هینە، ئەوە لۆیە نووسراوە هەرێمی کوردستان، مومکینە هەیتمان خەڵکی خانەقینە، خەڵکی سنجارە، دەکرێت ببێتە ئەندامی پەرلەمان، لێرە مانای وا نیە پەرلەمانەکە هی هەموو کوردستانە، بەس بۆ ئینتیخاباتەکە ئەوە بە دیقەت هاتووە، کاك جەمال قاسم فەرمووو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها تێبینیەکم لەسەر ئەوە هەیە، تەبیعی بە نیسبەت ئێمە، هەموو شەخص ماڤی تایبەتی خۆی هەیە، بۆی هەیە خۆی هەڵبژێرێ و بۆی هەیە دەنگ بدات، بەڵام لە سیستەمی خۆ هەڵبژاردن ئەبێ هەر کەسێك کە بیەوێ خۆی هەڵبژێرێ ئەبێ ئیسبات بکات کە شیاوی ئەوەیە کە خۆی هەڵبژێرێ، ئەبێ لیستێك ناو هەبێ کە پشتیوانی ئەو بکەن، شەرعیەت بەوە بدات کە ناوی خۆی بنووسێت، بە نیسبەت گۆڕینی سیاسیەوە شتێکی زۆر واریدە و زۆر رێك و پێکە، زۆر پشتیوانی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەمال یوسف فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، باسکرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو دەقەی کەوا لە لێژنەی یاسایی خوێندیەوە، من پێم وایە لە جێی خۆیەتی و بەتایبەتی باسی کیانی سیاسی دەکات، بە نیسبەت ئەو یاسایەی ئێمە کە ئەڵێین کیانی سیاسی، مەبەستمان ئەوەیە ئەو کیانە سیاسیە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێت، چونکە لەناو یاساکەی ئێمەدا، ئەوە تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە، کە ئەڵێین، قائیمە خاصە، ئەوە عادەتەن لە چەند ناوێك پێکدێت، لە یەك ناو قەت قائیمەیەك دروست نابێت، ئەوە دوو، سێ: ئێمە هەر بە خۆمان لەناو یاسایەکەدا ئەڵێین، ثانیاً: للمفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات تطبیق الانظمة و التعلیمات الخاصة بها علی انتخابات برلمان کوردستان-العراق بما لا یتعارض مع الاحکام الواردة في هذا القانون، ئەوە یەعنی قانونەکەی ئێمە ئەخوا، نەك ئەو تەعریفەی کە ئەوان مفەوەزیە لەوێ تەعریفیان کردیە بۆ فەرد، دوایی بەراستی ئەوەی کە تەعریفەکەیان کردیە، کاك دلێر باسی کرد، ئەو وەختی ئێمە دەبێ دائیرە بێ، لە نیزامی دائیرە فەرد دەتوانێ وەکو تاکە کەسێك خۆی تەرشیح بکات، نەك لە لیستی ڕێژەیی، لەگەڵ ڕێز وسوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.شکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من تەنها لەسەر زاراوەی حیزب، لەگەڵ قەوارەی سیاسی، من پێم باشە لەبەر ئەوەی ئەم زاراوەیە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە، کە زاراوەی حیزب، بنووسرێ، حیزب و قەوارەی سیاسی، تەنها لەبەر ئەوە، چونکە لە چلەکانەوە حیزب هەیە و لە دوای پەنجاکانەوە، چەندین حیزب هەبووە، لە شەستەکان و حەفتاکان، کەواتە حیزب و قەوارەیەکی سیاسی، لەبەر ئەوە لە عەربیەکە نووسیوەتی: لکل حزب او مجموعە، مەجموعەکە بۆ کیانی سیاسی یان قەوارەی سیاسی باشترە، بەڵام حیزبەکەش هەر هەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

حیزبیش کیانی سیاسیە، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نامەوێ لە جیاتی جەنابت ئەوە بکەم، ئیشارەتت پێدا کە تێبینی بەڕێز سەرۆکی هەرێم لەسەر تەنها یەك کەلیمەیە، فیئە بکرێتە قەوارەی سیاسی، من نازانم، تێناگەم، ئەو ڕۆژی ئەو یاسایەمان دەنگ لەسەر دا، لەناو ئەو پەرلەمانە تەنها من قسەم لەسەر ئەو مەوزوعە کرد، ئەو وەختی چوار کەس بوون، لەدوایی کرا بە سێ کەس، من ئەو کاتی موناقەشەم لەسەر ئەو مەوزوعەم کرد، کە تاکە کەس بۆی هەبێ خۆی تەرشیح بکات، کەسێك لەو بەڕێزانە پشتگیری لە ڕەئیەکەی منی نەکرد، ئێستا بەنایاسیی دێن لێرە موناقەشەی دەکەن، ئەدی باشە ئەو کاتی لە کوێ بوون ئێوە؟ بۆ موناقەشەتان نەکرد؟ بۆ ئێستا بیرتان هاتەوە؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوی کەسی نەهێناوە، پێی ناوێ کەس ڕەدی بداتەوە، قسەتان کردووە، دەنگی نەهێنا، خەلکی تریش داوای فەردی کرد، جەنابت بەتەنها نەبووی، بەلام دەنگی نەهێنا، لەبەر ئەوە ڕێژەی ژن لێرە، قسە کرا، ڕێژەی ژن دابین ناکرێ، بۆیە دەنگی نەهێنا، کاك شێروان هەندێ پرسیار هاتنە پێش وەلامیان بدەوە بەکورتی تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی زۆری پرسیارەکان، لەدەوروبەری قەوارەی سیاسی دەسوڕێتەوە، قەوارەی سیاسی هەروەکو برادەران ئیشارەتیان پێدا ، لە تەعریفی نیزامی کۆمسیۆنی بالادا هاتووە بە شکلێکی تەفصیلی، بۆیە لەو پێناسەیە ئێمە ئیعتیمادمان لەسەر ئەو پێناسەیە کردووە کە لە یاسای کۆمسیۆنی بالادا هاتووە، لەوێندەریش ئێمە قسەمان لەگەل کرد، حزب دەگرێتەوە، مونەزەمە دەگرێتەوە، موجاز بێ، غەیرە موجاز بێ، هەر کەیانێك کە مفەوەزیە دانی پێدا پێ دەگوترێ کیانی سیاسی، هەتا بە نیسبەت ئەشخاصیش، ئەوان وتیان ئێمە تاکە کەسیش قبول دەکەین، بەلام پێویستە لیستێك تەقدیم بکات و ئێمە ئیعتیراف پێ بکەین کە ئەوە کیانێکی سیاسیە، بەلام ئەو شکلەی کە لە کۆمسیۆنی بالادا هەیە، ئێمە پابەندین بەوە، ئێمە پابەندین بە یاساکانی خۆمان، بۆیە ئێمە کە قائیمەمان داناوە بۆ سێ کەس کەمتر نەبێ، ئێمە حیسابی زامن کردنی ڕێژەی ئافرەتانمان کردیە، ئەوان مومکینە بە شیکلێکی تر تەعامولیان کردیە، بەلام ئێمە بەو شکلە تەعامولمان نەکردیە، ئەوان پابەندی یاساکەی ئێمەنە، ئیلا ئەگەر هاتو بەندێك لە یاساکانی ئێمەدا نەبوو، یاخود ئەگەر تەعاروزێکیش هەبوو، هەر یاساکانی ئێمە نافز المفعوله، بۆیە ئێمە بەو شکلە دامانڕشتووە سەبارەت بەو مەوزوعەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە هەموار کردنی چوارەم، سەبارەت بە پێناسە، کاک خەلیل و کاک عادل باسی ئەوەیان کرد، کە کیانی سیاسی تەعریف نەکرایە، ئێمە لە تەعدیلی چوارەم باسی ئەوەمان کردیە کە مفەوەزیە بۆی هەیە، یاسای خۆی و سیستەمەکەی خۆی جێبەجێ بکات، لە سیستەمی پێنجەم، یەعنی لەوانەیە ئەوە جوابیش بێ بۆ د.شوکریە، تەعریف هاتیە لە سیستەمی پێنجەم دەڵێ: عرف قانون الاحزاب و الكيانات السياسية، الكيان السياسي بـ(المنظمة بما في ذلك الحزب السياسي)، یەعنی واتە کە دەڵێی: کیان سیاسی یەعنی حیزبیش دەگرێتەوە، و الذي يتكون من ناخبين مؤهلين يتآزرون طواعية على اساس الافكار و المصالح و الاراء المشتركة، بهدف التعبير عن مصالحهم و نيل النفوذ و تمكين مندوبيهم من ترشيح انفسهم لمنصب عام، بشرط حصول الكيان على المصادقة الرسمية ككيان سياسي من قبل المفوضية، ئەوە یەك،دوو: لە مەسەلەی فەردی، یەعنی ئەگەر سیستەم مەجال بداتە شەخص خۆی تەرشیح بکات، بۆ خودی ئەو قائیمەیە زەرەمەندە، زۆر جار هەیە ئەو قائیمەیە کە یەك شەخصە زیاد دێنن، مەسەلەن لە قانونی پێشتر 30 هەزار کەس، هەر سی هەزار کەس مورەشەحێکی دەبوو، لەوانەیە ئەو قائیمەیە 60 هەزار دەنگ بێنێ، بە قائیمەی یەك کەسی دەڕوات، ئەو حالەتەش لە کەربەلا روویدا، قائیمەی حبوبی کە یەك شەخس بوو، یەکەم لیست بوو لە کەربەلا، بەڵام لەبەر ئەوەی یەك ئەندامیان هەبوون، تەنها یەك کەس گەیشتە ئەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 22، کە لەبەر رۆشنایی پێشنیاری سەرۆکی هەرێم، هەموار کرایەوە بە پێشنیاری هەردوو لێژنەکە و زۆرینەتان موافیقن لەسەری، دەیخوێنمەوە ئەوجا دەیخەمە دەنگدان،

المادة الثانية والعشرون: لكل كيان سياسي في كوردستان تقديم قائمة خاصة بها تتضمن اسماء مرشحيها على نطاق كوردستان ـ العراق على ان تحتوى على نسبة لاتقل عن (30٪) من النساء ويتم ترتيب اسماء المرشحين بالشكل الذي يضمن تمثيل النسبة المذكورة للنساء في البرلمان على ان لايقل عدد المرشحين في كل قائمة انتخابية عن ثلاثة.

کێ لەگەڵ هەموار کردنی ئەو ماددەیەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بەس سارا خان، بە زۆرینە قبول کرا، کاک خەلیلیش؟ کاکە مەوزوع فەرد نیە، فەرد پێشتر دەنگمان بۆ داوە، ماددەی دواتر کاک شێروان.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێژنە پێشنیاز دەکات ماددەی حەوتەمی یاساکە بەو شێوەی خوارەوە دابرێژرێتەوە:

1-کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان شوێنی دەستەی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، دەگرێتەوە، کە لە یاساکەدا هاتووە بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانی

خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان-عێراق و، بەڕێوەبردنیان بە پێی یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، ژمارە11ی ساڵی 2007.

2-کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، بۆی هەیە ئەو پەیڕەو و ڕێنماییانەی تایبەت بە خۆی پیادە بکات، بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان-عێراق، بە جۆرێك ناکۆك نەبێت لەگەڵ ئەو حوکمانەی کە لەم یاسایەدا هاتووە.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تعدل المادة الثامنة عشرة المضافة بالتعديل الثالث للقانون، و تصبح المادة السادسة المكررة و تقرأ كالآتي:**

**المادة السادسة المكررة:**

**1-تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات محل الهيئة العليا المستقلة لانتخابات برلمان كوردستان الواردة في هذا القانون، للاشراف على انتخابات الدورة الانتخابية الثالثة للبرلمان و ادارتها بموجب احكام قانون المفوضية العليا للانتخابات رقم 11 لسنة 2007.**

**2- للمفوضية العليا المستقلة للانتخابات تطبيق الانظمة و التعليمات الخاصة بها على انتخابات برلمان كوردستان-العراق، بما لا يتعارض مع الاحكام الواردة في هذا القانون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان من پێم وایە لە جیاتی (تعدل) بکرێتە (تعاد صیاغە)، چونکە تەعدیلی تێدا نەکراوە ئەو یاسایە، باشە من شەرحی دەکەم ئێستان کاك سەردار با ڕاپۆرتی خۆی بخوێنێتەوە.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی دووەمی تایبەتمەند بە ماددەی حەوتەمی هەمواری چوارەمی تایبەتمەند بە ماددەی 18ی زیادکراو لە یاسای ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، بە پێی هەمواری سێیەم، سەبارەت بە لایەنی سەرپەرشتیاری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان، لێژنەکەمان پێی وایە دەسەڵاتی سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکە لە ماددەی 110ی دەستووری هەمیشەیی عێراق نەهاتووە، واتە بە پێی ماددەی 115ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، لە دەسەڵاتی هەرێمە، پێویستە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی خۆمان هەبێ، بۆیە ئێمە لە لێژنەی کاروباری ناوەخۆ پێشنیار دەکەین، لە پاش هەڵبژاردنی خولی سێیەم، پەرلەمانی کوردستان دەبێ کۆمسیۆنی خۆمان دروست بکەین، بەڵام لەبەر نەبوونی کات و ئەگەری دروست کردنی ئەم کۆمسیۆنە لەو کاتەدا دەبێتە هۆی دواخستنی هەڵبژاردنەکان، پێشنیار دەکەین کە کۆمسیۆنی باڵای

سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق، سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنانە بکات، تاکو کۆمسیۆنی هەرێم دروست دەکرێت، هەروەکو لە پرۆژەی هەمواری چوارەمی یاسای ژمارە یەك کە هاتووە بەم شێوەی خوارەوە:
تاکو کۆمسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دروست دەکرێت، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان جێگای دەگرێتەوە بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان، جیاوازی ئێمە لەگەڵ لێژنەی یاسایی ئەوەیە: باسی خولی سێیەممان نەکردیە بۆ هەڵبژاردنەکان و بە شێوازێکی موتلەقی بەجێی بهێڵینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئەوەی زیاتر روونکردنەوە لەسەر ئەو مەوزوعە هەبێت، ئەو ماددەیە کە ئیعتیرازی سەرۆکی هەرێمی لەسەر بوو، زۆر موناقەشە کرا، لە لێژنەی یاسایی و لێژنەی ناوەخۆ، هەروەها لە سەرۆکایەتی، من لەگەڵ جەنابی سەرۆکیش بە بێ ئەوەی ئیعتیرازەکەی ببێنم و بزانم هەر مەوزوعە کرایەوە، لە دانیشتنێکی سەرۆکی حکومەتیش، پێشتر لەگەڵ جەنابی سەرۆکی هەرێم باسی ئەو مەوزوعەم کرد و وجهەی نەزەرەکەم باس کرد، کە وتم ئێمە هێشتا هەیئەی هەڵبژاردنی سەربەخۆی تەشکیلاتمان نیە، قانونەکەمان هەیە، بەڵام ئەو تەشکیلاتەی لێرە هەیە بەشێکە لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی ئیتیحادی، کەواتە ئەو هەیئەتەی لێرە هەیە هی هەرێم نیە، ئیتیحادی عێراقیە، یەعنی هەر فیدرالیە، ئیمکانیەتیشیان نیە لەو پەلە پەلەیەدا، تەشکیلاتی هەیئەتەکەی دروست بکەین و ستاف بۆ دابنێین و پێداویستیەکانی فەنیشی بدەین، رەنگە لە 6 مانگ زیاتر، ساڵێکی بوێت، بۆیە رەئیەکە لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەتیش لە رۆژی رابووردوودا باسمان کرد، رەئیەکە لەسەر ئەوە هاتەوە کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بە هەڵبژاردنی خولی سێیەم هەڵبستێت، بۆ ئەوەی دوا نەکەوێت، بۆ ئەوەی وادەی هەڵبژاردن دوا نەکەوێت، چونکە ئەگەر وا بکەین و بڵێین هی خۆمان هەبێت دەبێ تەشکیلاتەکەی دابنێین، ئینجا دەبێ تەکنیکیەن پێداویستی هەڵسانیان بەو کارە، هەمووی ئیمکانیاتێکی زۆری دەوێ، بۆیە رەئیەکە وا ئیتیفاقی لەسەر کرا کە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بەو هەڵبژاردنە هەڵبستێت، بەڵام ئاماژە بەوە بکرێت کە بۆ ئەو جارەیە، بۆیە فەقەرەیەك ئیقتیراح کراوە کە کاك شێروان ئێستا بۆتان ئەخوێنێتەوە کە لە پێشترشدا دەڵێ: لە جیاتی بڵێ ئەو جارەیە، دەڵێ: لە عەرەبیەکە وا نووسرایە: تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات محل الهيئة العليا المستقلة لانتخابات برلمان كوردستان، الواردة في هذا القانون، للاشراف على انتخابات الدورة الانتخابية الثالثة للبرلمان و ادارتها بموجب الفقرة 4 من المادة 2 من قانون رقم 11 لسنه 2009، یەعنی ئەو دەورەیە کە سێیەمە، کۆمسیۆنی باڵا پێی هەڵدەستێ، سێیەمەکە تەحدید کراوە، ئەوە تەئکیدەکە بۆ ئەم جارەیە، بۆ ئەوە پەرلەمانی داهاتوو بە واجیبی خۆی هەڵبستێت بۆ تەواو کردنی تەشکیلاتی لەگەڵ حکومەتیش تەبعەن و لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، بۆ دامەزراندنی تەشکیلاتی هەیئەی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە

کوردستان، بە پێی پرۆژەی دەستووریش کە لەوێشدا فەقەرەیەك هەیە، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنی هەرێم دادەمەزرێت، سەربەخۆش دەبێت، جا ئەگەر کەس ئیعتیرازی لەسەر ئەوە نیە و قابیلی موناقەشەی زۆر نیە، جارێکی تر عەرەبیەکە دەخوێنمەوە: تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات محل الهيئة العليا المستقلة لانتخابات برلمان كوردستان، تەبعەن دەبوایە بڵێین: المجلس الوطني لكوردستان-العراق، چونکە هێشتا تەعدیل نەکراوە، الواردة في هذا القانون، للاشراف على انتخابات الدورة الانتخابية الثالثة للبرلمان و ادارتها بموجب الفقرة 4 من المادة 2 من قانون رقم 11 لسنه 2009، لە ناحیەی ئەوەی کە ئایا دەکرێ لێرە بنووسرێ پەرلەمان کوردستان یان مجلس الوطني، ئەوە مەوزوعێکە، پێش ئەوەی کاك شێروان قسە بکات، کاك د.نوری داوای قسەی کردووە لەگەڵ کاك عەونی، فەرموو د.نوری.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتی تاوتوێکردنی ئەم ماددەیە، ماددەی (7)ی قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، من پێشنیازی ئەوەم کرد کەوا ئەم ماددەیە زیادەیە و پێویست ناکات، وەکو چۆن ئەڵێین: تحصيل حاصله، چونکە وەکو جەنابتان ئاماژەتان پێکرد، تا ئێستا قانونێکی تایبەت بە دەستەی هەڵبژاردنەکان بۆ هەرێمی کوردستان دانەمەزراوە، ئەم دەستەی کە هەیە بەشێکە لە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق، چ بە پێی قانونی 92ی ساڵی 2004، یا بە پێی قانونی ژمارە 11ی ساڵی 2007، لەبەر ئەم دەستەی ئێرە، حوکمەکانی قانونی هەڵبژاردنی بەغدا جێبەجێ ئەکا، واتە قانونی 11ی ساڵی 2007، پێویست ناکات ئێمە لێرەدا بڵێین کۆمسیۆنی بەغدا جێگای دەستە ئەگرێتەوە، چونکە ئەوە حوکمی قانونە، پێویست بە وتنەوە ناکات، بە تایبەتی ئەوە ئەبێتە پێشینەیەك بۆ پاشە ڕۆژ، کەوا ئێمە خۆمان لێرە پەسندمان کردووە کە کۆمسیۆنی بەغدا سەرپەرشتی بکات، جگە لەوەش هەر لە قانونی 11ی ساڵی 2007دا، لە بڕگەی یەکەمدا دەڵێ، کۆمسیۆن بنەما و ڕێنمای هەڵبژاردن و ڕێفراندۆمی ئیتیحادی و هەرێمی لە هەموو عێراقدا دادەنێت، هەروەها لە بڕگەی دووەمدا دەڵێ: دەبێت کۆمسیۆن سەرپەرشتی هەموو ئەو هەڵبژاردن و ریفراندۆمانە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێم و پارێزگاکان دەکات، کەواتە ئەوە حوکمی قانونە، لەبەر ئەوەی کەوا ئێمە قانونێکی تایبەتی بە خۆمانەوە نیە، پێویست ناکات ئێمە ئەو حوکمە قانونە بەسەر خۆماندا بسەپێنێ کە کۆمسیۆن سەرپەرشتی دەکات، ئایا قانون داوای لێ بکەین یان نەیکەین؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من به پێچەوانە لەگەڵ رەئی د.نوری تاڵەبانیمە، چونکە یاساکە باسی ئەوە دەکات، کە کۆمسیۆنی باڵا لە کوردستان دادەمەزرێ، بەڵام هەتا ئێستا دانەمەزراوە، لەبەر ئەو سەبەبەی ئیعتیماد دەکەین لەسەر کۆمسیۆنی باڵای عێراقی، ئەوە نوقتەی یەکەم، دووەم سەبارەت بە مەوزوعی پەرلەمان کە ناوەکە ببێتە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان وەکو خۆی بێت، نەخێر، ئێمە لە ماددەی یەکەمی قانونەکە کە پەسەندمان کرد، دەنگمان لەسەر ئەوەیدا کە بووە پەرلەمانی کوردستان، واتە لە ماددەکانی دوایی هەمووی دەبێ ببێتە پەرلەمانی کوردستان لە جیاتی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مولاحەزەی دووەمت راستە، ماددەی یەکەمیش کاك فورسەت پێشانی دام، کە مادەم نووسرایە و دەنگمان بۆ داوە کە پەرلەمانی کوردستانە، دواتر دەبێ بە هەمان شێوە وا بێت، راستە، کاك جەعفەر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی یەك تێنەگەیشتنی بچووك هەیە لە نێوان ئەوەی لێژنەی یاسایی و ئەوەی لێژنەی ناوەخۆ، ئەگەر ئەوەی لێژنەی ناوەخۆ بکەینە بەرنامەی کارەکە، باشترە لەوەی لێژنەی یاسایی، چونکە ئەوەی لێژنەی یاسایی تۆزێك وازیح نیە، بە ئیزافەی جەنابتەوە، بەس ئەوەی لێژنەی یاسایی کە شەرحێکی زیاتری داوە، چونکە دەرەوەی پەرلەمان کە ئەیخوێنێتەوە، هی نیهایەتەکە بە باشی تێناگات، بەس ئەوەی لێژنەی ناوەخۆ بەباشی تێدەگات، بە ئیزافەی جەنابتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان پێش ئەوەی بدەینە دەنگدان فەرموو چ مولاحەزەت هەیە؟

**بەڕێز شێروان ناصح حیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی قسەکانی من برای بەڕێزم کاك عەونی کردی، بەڵام بە نیسبەت قسەی ئەو بەڕێزەم کاك د.نوری کردی، بەراستی منیش لەگەڵ رەئی ئەو نیمە، ئەوەلەن ئەو یاسای ژمارە 11 راستە تەتبیق دەکرێ لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئێمە، بەڵام ئێمە پابەند نین بە هەموو بڕگەکانی ماددەی 11، بەو سنوورەی ئێمە پێی پابەندین کە لەگەڵ قەوانینی ئێمە تەعاروز نەکات، ئەی بۆ ئێستا کۆمسیۆنی باڵا ئینتیزاری ئەوە دەکات، ئێمە یاسایەکەی بۆ پەسند بکەین، تەسلیمی دەستی بکەین، بۆیە من بەراستی لەگەڵ بۆچوونەکانی برای بەڕێزم کاك د.نوری نیمە، ئێمە پێویستیشە یاسای تایبەتی هەڵبژاردنمان هەبێ، راستە ئێستا یاسایەکمان هەیە، بەڵام رەنگە تەعدیلاتەکی زۆری لەسەر کرابێ، زۆر هەموار کرابێتەوە، لەهەمان کاتدا لەگەڵ یاسای بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانی پەرلەمان تێکەڵ بووە، ئیمکان هەیە لە ئایندەدا ئێمە ئەوانە هەمووی کۆبکەینەوە و یاسایەکی پوختەی لێ دەربچێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەردار فەرمو.

**بەڕێز سردار صباح بۆزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە لە یاسای مفەوەزیەی هەڵبژاردنی عێراق، باسی ئەوەی كرایە كە سەرپەرشتی لە هەڵبژاردنەكانی پارێزگاكان و ئەقالیمەكان دەكرێ، بەڵام ئێمە پابەند نین بەو قەوانینەی كە لە عێراق دەرچووە، وەكو دەستوور تەحدید دەكات، دەسەڵاتەكانی ئێمە چەندە و دەسەڵاتی حكومەتی ئیتیحادی چەندە، لە ماددەی 110 لە سەلاحیاتی حەسری نەهاتووە كە ئەوان سەرپەرشتی بكەن، لەبەر ئەوەی لە ماددەی 115 دەڵێ: هەر ئەوەك كە لە سەلاحیاتی حەسری نەهاتووە، و موشتەرەك نەهاتیە، سەلاحیاتی هەرێمە، ماددەی 115، واتە ئەوە سەلاحیاتی خۆمانە، كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی عێراق، كۆبوونەوەشمان كرد و زۆر گفتوگۆمان لەسەر ئەو بابەتە كرد، ئەوان هاتنە سەر رەئی ئێمە، ئەوە یەك، دوو: لەسەر قسەكانی شێخ جەعفەر، بەراستی ئێمە پێمان وایە كە زیادە بڵێین: الدورة الثالثة، لە هەردوو حاڵەت كە تێیدا بێ یان تێیدا نەبێ، ئەوە تەنها لەبۆ ئەوەیە كە كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی عێراق، سەرپەرشتی ئەو هەڵبژاردنانە دەكات، تاكو كۆمسیۆنی خۆمان دروست دەكرێ، كەواتە هەر كاتێك ئەو كۆمسیۆنە دروست بكرێت، ئیدی ئەوەی عێراق سەرپەرشتی ناكات، ئەوەی خۆمان سەرپەرشتی دەكات، واتە لێرەدا زیادە، لە تەعدیلی سێیەمیش دیسان دەكرێ: الدورة الثانیة، ئێستا ئێمە جارێكی هاتینەوە و دەڵێین: الدورة الثالثة، پێم وایە ئەوە شتێكی زیادە و لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی باسی یاسای ژمارە(11)ی ساڵی( 2007) مان كرد، جەنابت ئێستا باسی فەقەرەی چواری یاساكە ئەكەیت، لە ماددەی دووەم بەتەنها، ئێمە هەر فەقەرەی چواری ماددەی دوومان ناوێت، سەرجەم یاساكەمان ئەوێت( بما لایتعارض مع احكام هذا القانون) ئێستا ئەوە پێشنیارێكی نوێیە، كە جەنابتان باستان كرد، ئێمە لەلیژنەی قانونی ئەوەی كە پێشكەشمان كرد و ئیتیفاقمان لەسەری كرد، سەرجەم قانونەكە بوو، یاسای ژمارە(11)ی ساڵی2007، بۆیە ئەوەی كە ئێستا جەنابت خوێندتەوە و باسی فەقەرەی چوارت كرد، پێشنیارێكی نوێیە، دەبێ وەكو پێشنیارێكی نوێ تەعامولی لەگەڵ بكەین، ئەگینا ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

من پێم وانیە، خۆی عەینەن شتە، هەردووکیان هیچ فەرقێکی وایان نیە، بۆیە کاک زانا ئەوە پێشنیارێکی نوێ نیە، بەڵام لەو فەقەرەیەدا دەڵێت( کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان هەڵ ئەسێت بە ئیشراف وئیدارەو جێبەجێ کردنی هەڵبژاردنەکان، لە هەرێمی کوردستان و لە پارێزگاکانیش)، ئەوەیە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەسەور ناکەم فەرقێکی وا هەبێت، ئێمە ئەگەر بەنیسبەت فەقەرەی چواری ماددەی دوو، دوایش بێینە خوارێ، زۆر تەبیعی و زۆر ئاساییە، مەسەلەکە تەنسیق و هاوکارییە لەنێوان نووسینگەی هەرێم و نووسینگەی بەغداد، هیچ شتێکی تری تێدا نیە، بڵێین موجیبی ئەوەیە، بۆیە ئێمە پشتگیری لە پێشنیارەکەی سەرۆکایەتی ئەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو پێشنیارەی کە جەنابت کردت بۆ ئەو فەقەرەیە، ئەوە شتێکی باشە کە بکرێت، چونکە ئەمە تەئکیدە بۆ ئەم فەقەرەیە، بەڵام لە کۆتایی ماددەکەدا ڕاستە ئێمە لەوێش تەئکیدمان کردووە، لەماددەی 12 ( لایعمل بأي نص قانوني او قرار يتعارض مع احكام هذا القانون)، لە کۆتاییەکەیدا وتوومانە هەر شتێك لەگەڵ قانونەکەی ئێمە تەعاروز بێت، ئێمە ئامادە نین جێبەجێی بکەین، کەواتە ئێمە پابەند دەبین بەوەی خۆمانەوە، بەنیسبەت ئەوەش کە پێشنیارێك کرا کە باسی دەستەی هەڵبژاردنی خۆمان بکرێت، من پێم وایە لێرە پێویست ناکات، ئێمە ئەوە ئیزافە بکەین، چونکە لێرەدا ئەمە وازحە، ئەمە باسی ئەم هەڵبژاردنە ئەکات، باسی هەڵبژاردنی ژمارە سێ ئەکەین، بۆیە پێویست ناکات ئەوەی کە پێشنیار کرا، وابزانم لیژنەی ناوخۆ بوو، کە ئیستیفساری ئەو مەوزوعەیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر نوری، فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وادیارە ئەو برادەرانە، لەمەبەستی من حاڵی نەبوون، من باسی ئەوەم نەکردووە کەوا پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، ناتوانێت کەوا دەستکاری ئەو قانونە بکات، چونکە ئەو قانونە قانونێکی حەسری نیە، من باسی ئەوەم کردووە، کە بەپێی قانونی ژمارە(11)ی ساڵی 2007، حوکمەکانی ئەو قانونە لێرە جێبەجێ ئەکرێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا، بەحوکمی قانون پێویستە ئێمە ئەوەی کە ئەو قانونەی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، جێبەجێ بکرێت، جەنابی کاك فرسەت خۆی لەبیریەتی پێش پەسەند کردنی

هەمواركردنی قانونی هەڵبژاردنی هەرێمی كوردستان لەساڵی 2004دا، ئەو كاتە من سەرۆكی دەستەی هەڵبژاردنەكان بووم، هاتمە پەرلەمان، لێرەدا داوام كرد كەوا قانونی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان هەموار بكرێت، بۆ ئەوەی كەوا بگونجێت لەگەڵ قانونی ژمارە (92)ی ساڵی 2004، فیعلەن ئەو قانونەش هەموار كرا، لێرە كەمن باس لەوە ئەكەم، لەبەر ئەوەی كەوا حوكمی ئەو قانونە لێرە جێبەجێ ئەكرێت، دەستەی هەڵبژاردن بەشێكە لەو كۆمیسیۆنە بەحوكمی قانون، دەستەی هەڵبژاردنی هەرێمی كوردستان قانونی ژمارە(11)ی ساڵی 2007 و ڕێنماییەكانی ساڵی 2004 جێبەجێ ئەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ئەو فەقەرەی كە سەرۆكایەتی ئیقتراحی كردووە، دەڵێت( بموجب الفقرة الرابعة من المادة الثانية)ئەو فەقەرەیە باس لەوە ئەكات، كە كۆمیسیۆنی باڵا هەڵدەستێت بەئیشراف لەسەر هەڵبژاردنەكانی هەرێم و پارێزگاكان بەهاوكاری لەگەڵ ئۆفیسەكەی خۆی، ئیدارەشی ئەكات، بۆچی تەحدیدەن وا دەڵێین؟، زۆر لە مەوادی تر لەقانونەكەی ژمارە(11)دا هاتووە، مەوادی تەشكیلات هیچ پەیوەندیەكی بەئێمەوە نیە، خاڵێكی تر مەسەلەن لێرەدا لە ماددەی دووەم دەڵێت( كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆ ڕێكخراوێكی پیشەیی حكومیە، موحایدە وا دەكات كەوا هەموو دەق و قەواعیدێك دادەنێت بۆ هەڵبژاردن و ئیستیفتایەكان، لە هەرێمەكان و پارێزگاكان و هەموو ناوچەكانی عێراق)، ئێمە لە پرۆژەی دەستووری خۆماندا هاتووە، كۆمیسیۆنێكی سەربەخۆی بۆ هەڵبژاردن دادەمەزرێت، كەواتە ئێمە لێرەدا بڵێین هەموو قانونەكە، ئەوە پابەند دەبین بەو ماددەیەش، كە ئەو قانونەی ژمارە(11)ی ساڵی 2007 تەنفیز ئەبێت لێرەدا، مانای وایە ئەوان تا دونیاش ماوە بۆیان هەیە بەو قەرارەی ئێمە، ئەگەر هەمواری نەكەینەوەو نەیگۆڕین كار بكەن، بۆیە من پێم باشە ئەو فەقەرەیە بڵێین و تەحدیدی بكەین، كە ئیشرافەكەیە، ئەو تەفصیلاتەی كەوا لە قانونەكەدا هاتووە، زۆربەی عیلاقەی بەخۆیانەوە هەیە، بە ئیستفتایە، بە هەڵبژاردنە بۆ خۆیان دەریان كردووە، و دووەمیش ئەوە دەسەڵاتی ئیتیحادی حەسری نیە، قانونی برێمەر ئیلغا كراوەو بووە بەو قانونە، ئەو قانونەش بۆمان هەیە، ئەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی خۆماندا بگونجێ وەری بگرین و هەمواری بكەین، بۆشمان هەیە، قانونی خۆمان دەربكەین، ئێمە لەو حاڵەدا دەڵێین كۆمیسیۆن دەتوانێ ئەو شتانەی كەباسمان كرد بیكات، بەڵام ئەو فەقەرەی كەباسمان كرد، تەحدیدەن بۆ ئەوەیە كە پابەند نەبین بە مەوادی تر كەلە قانونەكەدا هاتووە، ڕەنگە لەگەڵ بەرژەوەندی وداهاتووی ئێمەدا پاش ئەوەی كە دەستوورمان دەبێت، دەمانەوێ كۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی سەربەخۆمان هەبێت نەگونجێت، بۆیە من داوا دەكەم موقتەرەحەكەی سەرۆكایەتی كەلەلایەن هەردوو لیژنەكەشەوە پشتگیری لێ كرا، بخوێنرێتەوەو بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو كاك كەریم.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەم بەو شێوەیە دادەڕێژرێتەوە:

**کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، شوێنی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان – عێراق دەگرێتەوە، کە لەیاساکەدا هاتووە، بۆ سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنەکانی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، بەڕێوەبردنیان بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (4) لەماددەی (2)ی یاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ژمارە(11)ی ساڵی 2007.**

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا بەعەرەبی دەیخوێنمەوە:**

**تحل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات محل الهيئة العليا المستقلة لانتخابات برلمان كوردستان – العراق، الواردة في هذا القانون للاشراف على انتخابات الدورة الانتخابية الثالثة للبرلمان وادارتها بموجب الفقرة (4) من المادة (2) من قانون رقم (11) لسنة 2007.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**لە کوردیەکەدا کەلەم یاسایەدا هاتووە، لەعەرەبیەکەش پەرلەمانی کوردستان – عێراق ئەوە دەخەمە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەس کاک زانا، بە زۆرینەی دەنگ فەرموون بۆ ماددەی دواتر، هەر بۆ تەئکید ئەو ماددەیە یەکەم و دووەمی هەیە، بەس ئەوانەی نەگۆڕاوە، بۆیە پێویست ناکات بیخەینە دەنگدانەوە، چونکە وەکو خۆیان ماونەتەوە، بۆ ماددەی دواتر.**

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دواتر ماددەیەکی نوێیە، کە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشنیازی کردووە، بەم شێوەی خوارەوە داڕێژراوە:**

**یەکەم: کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئەو ناکۆکی و ڕەخنانە دەبینێت کە لەکاتی ئامادە کردن و جێبەجێ کردنی ڕێکارەکانی هەڵبژاردن دێنە پێشەوە.**

**دووەم: دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان تایبەتمەند دەبێت بە بینینی ئەو ڕەخنەو تانووتانەی کە بۆلای ڕەوانە دەکرێن، لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنەکان، یان تاکە کەسان یان ئەو قەوارانەی کەوا زەرەرمەند بوون لە بڕیارەکانی دەستە.**

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة المضافة:**

**اولاً: تتولى المفوضية العليا المستقلة للانتخابات النظر في الخلافات والاعترضات الواقعة خلال اعداد وتنفيذ اجراءات الانتخابات.**

تختص محكمة تمييز اقليم كوردستان بالنظر في اعتراضات والطعون المحالة اليها من قبل هيئة الانتخابات او الافراد او الكيانات المتضررة من جراء قرارات الهيئة.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین و تەئیدی ئەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین هیچ ماددەیەك ئیزافە بكرێت، بەناوی ماددەی زیاد كراو، بەڵكو هەوڵ بدرێت لەیاساكە لە ماددەكانی هاوشێوە، بەزیاد كردنی بڕگەكان جێگای بۆ بكرێتەوە، پێمان وابێ ئەو ماددە زیاد كراوە، یان حەتا ماددەی دووبارەش، ئەمانە بڕێك سەر لێشێوان دروست ئەكات، لەلایەن ئەو كەسەی كە ئەیخوێنێتەوە، بۆیە ئێمە پێشنیارمان بەو شێوەیە:

چوارەم: سەبارەت بەخاڵی سێیەمی تایبەتمەند بە بابەتی سكاڵاكان ولایەنی تایبەتمەند بە وەرگرتنیان لیژنەكەمان، لەگەڵ هەردوو پێشنیارەكەیە، پێشنیاریش دەكەین كەوا لە ماددەی (38) یاسای ژمارە(1) جێگای بۆ بكرێتەوە، بەم شێوەی خوارەوە:

ماددەی 38:

بڕگەی یەكەمی ماددەكە هەر خۆی هەبووە، ئێمەش وەكو خۆیمان نووسیوەتەوە.

یەك: كۆمیسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی كردنی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان، بۆی هەیە ئەنجامەكانی هەڵبژاردن لەهەر سەنتەرێكی هەڵبژاردن پووچەڵ بكاتەوە، ئەگەر سەلمێندرا كە فێڵ یان یارییەكی كاریگەر بەئەنجامەكانی هەڵبژاردن كراوە.

دوو: ناكۆكیەكان و ناڕەزاییەكان كاتێ كە ئامادە دەكرێن، جێبەجێ كردنی ڕێكارەكانی هەڵبژاردنەكان كۆمیسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی كردنی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان سەیری دەكرێن.

سێ: دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی كوردستان تایبەتمەند دەبێت، بەسەیركردنی ئەو ناڕەزایی و تانە لێدراوەكان كەلەلایەن كۆمیسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی كردنی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان بۆی ڕەوانە دەكرێن، یان ڕاستەوخۆ لەلایەن زیان لێكەوتووەكان لە بڕیارەكانی كۆمیسیۆنی باڵا بۆسەرپەرشتی كردنی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان بۆ دەنێردرێت.

چوار: تێهەڵچوونەوە واتە ( استئناف) تێهەڵچوونەوە لەبڕیارەكانی كۆمیسیۆنی باڵا بۆ سەرپەرشتی كردنی هەڵبژاردنەكانی هەرێمی كوردستان لەلایەن، دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی كوردستان دەبێت، كە بڕیارەكانی كۆتایی دەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان، فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی برای بەڕێزم كاك سەردار تەئیدی ئەو ماددەی كردووە، كە لەلیژنەی یاسایی بووە، ئێستا ئەو ماددەی كە خوێندیەوە بەپێچەوانەی ڕەئیەكەی خۆی بوو، ئەمە یەكەم: دووەم: بەنیسبەت ماددەی زیادكراو و ماددەی دووبارە، حەز ئەكەم ئەو تەوزیحەی بدەمێ، ئەگەر تەماشای دەلیلی تەشریعاتی عێراقی بكەین، زۆر تەبیعیە ماددەی زیاد كراو ئیزافە بكرێت، زۆریش ئاساییە ماددەی دووبارە ئیزافە بكرێت، سەبەبەكەشی یەك سەبەبە، نایانەوێت تەسەلسولی مەوادی ئەصڵی قانونەكە دەستكاری بكرێت، مەسەلەن دەڵێت ماددەی 34 لە قانونێكی دیاریكراو، تۆ زۆر ئاساییە بڵێیت ماددەی دووبارە، بەتایبەت ئەو نەصەی تازە كە پەیوەندی لەگەڵ ئەوەی پێشتر هەبوو، زۆر تەبیعیشە بڵێیت ماددەی زیادكراو بۆ ئەوەی تەسەلسولی تەشریعی مەوادی قانونەكە تێك نەچێت، بۆیە بەقەناعەتی خۆم صیاغەكەی لیژنەی قانونی زۆر لەجێگای خۆیەتی، بەنیسبەت ئەوەوە، لە زمنی دەسەڵاتی خۆشمانە مەسەلەی موزافەو مكررە كە دایبنێین، دەیان یاساش لەپەرلەمانی كوردستان دەرچووە بەو شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شەوقی نوقتەی نیزامی هەیە، فەرمووو.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دووەم نەخوێنرایەوەو نەدرایە دەنگدان( للمفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات تطبیق الانظمة........) زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دیارە كاك شەوقی یان لە قاعەكە نەبوویت، یان قسەت ئەكرد، باشە ئێستا كێ ئەیەوێت قسە بكات تا ناوی بنووسم، فەرمووو كاك محمد فەرەج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: من وا ئەزانم پێشتر شتی وامان كردووە، كە ئیزافەی مەوادمان كردووە، یان دووبارەی مەوادمان كردووە، بەس لێرەدا پرسیارێكی تر دێتە بەردەم، ئایا ئەو جیهەتەی كەخاوەنی ئەم یاسایە، ژمارە(11)ی ساڵی 2007، ڕازی ئەبێت بە تەجزیئە كردنی انتیقای مەوادی یاساكەی، كە دێت سەرپەرشتی ئەكات، ئەم لێرە لەماددەی دوو نووسیویەتی و چوار ئیشی بۆ خۆی داناوە، بەڵام ئێمە تەنها ئیشرافەكەمان هەڵبژاردووە، دووەم: ئەوەی كاك شێروان وتی ئیزافەكە تەواوە، بەڵام لێرەدا هاتووە، لە ماددەی چوارەم،

پێنجەمی ( البت في الشكاوي والطعون عن طريق هيئة قضائية تمييزية) کەپەیوەندی بەوەوە هەیە، یەعنی ئەگەر ئیزافەکە نەهاتایە، ئەوە تەواوە کە ئیزافە بکرێت بەس مادام لێرەدا هاتووە، ئەبێ ناوێکی لێ بنێین، مەسەلەن ئەوە لە سەلاحیەتی ئێمە بێت، یان شتێکی تر یەعنی ئەگەر نەهاتایە، ئیزافەکە تەواو ئەبوو، بەس مادام هاتووە، ئەبێ موعالەجەیەکی ئەمە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد رەفعەت، فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار ئەکەم ماددەی دوو، لەباتی ئەوەی دادگای پێداچوونەوەی هەرێم ناڕەزایی وگلەییەکان بچێتەوە بەردەمی بگێڕدرێتەوە بۆ دادگای پێداچوونەوەی فیدرالی لەبەغداد، چونکە وەکو هەموو ئەزانین وەزیری داد چەند جارێك لە رۆژنامەکاندا گلەیی لەوە کردووە، کە حزبەکان تەئسیراتیان هەیە، لەسەر سوڵتەی قەزائی، بۆ ئەوەی ئەو شکە نەهێڵین لە کوردستاندا، بەڕەئی من بگەڕێتەوە بۆ دادگای فیدڕالی باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە بازمانداوە بەسەر هەندێك لەو بابەتانە، بەڕاستی هەندێ ئیعتزازی سەرۆکی هەرێم هەیە، کە پێشتر باس لەوە ئەکات، لێرە لە ماددەی 35 ئەڵێت( لیژنەی ناوەندی هەڵبژاردنەکان ئەو کۆنووسە دەخەنە ڕوو دەربارەی دەنگدان و هاوپێچی گشت بەڵگە تایبەتیەکان دەربارەی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە، کە دەیخەنە زەرفێکەوەو بەمۆری خۆیان مۆری دەکەن، پاشان دەینێرن بۆ کۆمیسیۆنی بالاّ) نەك بۆ دەستەی هەڵبژاردنەکان، ئەمە جارێ ئیعتزازێکیەتی، ئەڵێت( بۆ کۆمیسیۆنی بالاّ نەك بۆ دەستەی هەڵبژاردنەکان)، لەدوای ئەوە ئەڵێت( هاوکات پێشنیار دەکەین، یەعنی سەرۆکی هەرێم پێشنیار دەکات) دەڵێ دەستەواژەی (دەربارەی ئەنجامەکانی دەنگدان)، لەهەمان ماددەدا، واتە 35 کەوابزانم لێرەدا ماددەی 14 دەکات، بگۆڕدرێت بۆ (دەربارەی ژماردنی دەنگدان) ، نەك باسی ئیعتزازاتی مەحکەمەی تەمییز، ئەو دوو شتە باسی لێوە نەکرا، یەعنی ئەوە ئیعتزازی سەرۆکی هەرێمەو دوو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەنیسبەت ماددەی 35 زۆر بەووردی چووینە ناو مەسەلەکان، موناقەشەیەکی زۆریشمان کرد لە لیژنەی یاسایی، تەنها تەلاعوب بە ئەلفازەو هیچی تر نیە، بۆیە بەپێویستمان نەزانی ئەصڵەن دەستکاری ماددەکە بکەین بەشێوەیەکی گشتی، لە قانونەکەشدا حەتا لە تەعدیلی یەکەمیش ماددەی 35 نەهاتووە،

هی ئەو پرۆژەی کە تەقدیم کراوە، ئەوە پێشنیارێکی نوێیە، بەڵام ئێمە دیسان تەدقیقمان کرد، تەنها ئیعادەی صیاغە نەبێت هیچی تر نیە، پەیوەندیشمان کرد بە کۆمیسیۆن، ئەوانیش هەمان ڕەئیان هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بارزان، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێشەکی ئەمەوێت تەعلیقێك لەو قسانەی کاك شێروان بۆ کاك سەردار ئەوەی ئارێز بۆ کاك بەڵێن و هی کاك بەڵێنیش بۆ برادەران بدەم، کە مەگەر دیموکراسی ڕەبت بکەین بە دائیرەی کەش و هەواوە، یەعنی کەش ناسی، چونکە لێرەدا ئەگۆڕێت، هەر لیژنەیەك قەرارێك دەدات و لە شوێنێکی تر قسەیەکی تر ئەکرێت، من دوو پرسیارم هەیە؟، یەکەم: ئێمە قانونەکەمان بەکاملی نارد بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی هەرێم مولاحەزاتی داوە، ئایا ئەکرێت ئێمە لێرە ئیزافاتی بۆ بکەین؟، دووەم: دەوری تاکە کەس چیە لەم قانونەدا؟، کە پێشتر بە کیانات موافەقەتمان کردبێ، ئایا زیان کەوتن لە تاکە کەس چیە لەم قانونەدا؟، ئەمەوێت ئەوەم بۆ ڕوون بکەنەوە، لەو مادده موزافەی کە ئێستا لیژنەی قانونی کردی، ئەڵێت(دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان تایبەتمەندە بەبینینی ئەو ڕەخنەو تانووتانەی کە بۆلای ڕەوانە دەکرێن، لەلایەن دەستەی هەڵبژاردنەکانەوە یان تاکە کەسەکان)، تاکە کەسەکان لەم قانونەدا دەوری هەیە؟، تا زیانی لێ بکەوێت؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال، فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی بەحەقیقەت منیش هەر تێبینیم لەسەر ئەم مەسەلەی مەحکەمەی تەمییز هەیە، عادەتەن مەحکەمەی تەمییز، بەبڕیاری مەحکەمەدا ئەچێتەوە، نەك بەبڕیاری شتێك کەلەدەرەوەی مەحکەمە بێت، بۆ ئەم مەبەستە لەو شوێنانەی کە هەڵبژاردن ئەکرێت و مەحکەمەی دەستووری نیە، بڵێین ئێمە گەورەترین مەحکەمەمان مەحکەمەی تەمییزە، سەرۆکی مەحکەمەی تەمییز و دوو ئەندامی مەحکەمەی تەمییز، لەگەڵ نوێنەری ئەو کیانە سیاسیانەی کە بەشدارییان کردووە لە هەڵبژاردندا، ئەمانە ئەبنە مەحکەمەیەك بۆ پێداچوونەوە لەو تەعنانەی کەوا لە هەڵبژاردن ئەدرێت، بەمەش ئەو قەلەقەی کە تەرەفەکان هەیانە نامێنێت، کە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان ئەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عومەر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەستخۆشی لە لیژنەی یاسایی ئەکەم، بۆ ئەو ئیزافەیە، بەڵام بەنیسبەت فەقەرەی دووی ئەو مادده موزافەوە کە باسی لەسەر کراوە، ئەڵێت(تختص محكمة تمييز اقليم كوردستان بالنظر في اعتراضات)من پێم وایە نابێ بڵێین مەحکەمەی تەمییزی هەرێم موختەصە بەسەیر کردنی ئەو کێشانەی کە ئەچێتە بەردەمی، بۆچی؟، ئەگەر ئێمە باسی ئیختیصاصی مەحکەمەی تەمییز بکەین، بگەڕێیینەوە سەر قانونی ژمارە (23)ی ساڵی 2007، قانونی سوڵتەی قەزائی، لە ماددەی 10ی ئیختیصاصەکانی مەحکەمەی تەمییز، لەگەڵ ماددەی(34)ی ئیختیصاصاتی مەجلسی قەزا، هیچ شتێکی لەو بابەتە باس نەکردووە، کە بۆی هەیە سەیری ئەو نیزاعاتانە بکات، ئەگەر بێت و ئێمە ئەو ئیختیصاصاتانە بدەینە دەست مەحکەمەی تەمییز، بەواتا ئەبێت تەعدیلێك لە قانونی سوڵتەی قەزائی بکەین، ئەمە پێم وایە شتێکی گرنگەو دوور و تەفصیل ئەخایەنێت، پێم باشە هەر وەکو ئەوەی لە قانونی ژمارە(11)ی ساڵی 2007ی کۆمیسیۆنی باڵا هاتووە، ئەو ئەڵێت( هيئة قضائية تمييزية) بە هەیئەی قەزائی هێناویەتی، کەواتە ئەم هەیئەیە، شتێکی کاتیە، فیعلەن کاتیش ئەبێت، تەنها ئیختیصاصی ئەوەیە، هەر سەیری ئەو موشکیلانە بکات کە لەنەتیجەی هەڵبژاردندا هەیەو دوای هەڵبژاردنیش بە ئیعلان کردنی ئەنجامەکان، ئەو کاتە هەیئەکەش حەل ئەبێت و نامێنێت، پێم باشەو قانونی تریشە، ئەگەر بڵێین( هەیئەیەکی قەزائی تەمییزی) ئەم هەیئەیە صیفەی تەمییزی وەرئەگرێت، بەصیفەی تەمییزی سەیری ئەو کێشانە ئەکات، بەکۆتایی هەڵبژاردنیش ئەو هەیئەیە حەل ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر نوری، فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ بۆچوون و تێبینیەکانی سەرۆکایەتی هەرێمم، چونکە لەپاش ڕاپەڕینەوە، دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان، واتە دادگای تەمییز، ولایەتی قانونی گشتی هەیە لەهەرێمی کوردستاندا، تەنها ماوەیەکی کەم ئەو بڕیارانەی کەوا لەلایەن دادگاکانی هەرێمی کوردستانەوە دەردەچوون، ڕەوانەی بەغدادیان ئەکرد ولەوێش ماوەیەکی زۆر تەماشا نەئەکران وپاشان دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوەی کەوا ولایەتی قانونی گشتی هەبوو، تەماشای هەموو ئەو بڕیارانەی دەکرد کەوا لەلایەن دادگاکانی هەرێمی کوردستانەوە دەردەچوون، ئێستاش ئێمە نالێین خودی دادگای پێداچوونەوە تەماشای ئەو تانانە ئەکات، لەلایەن ئەو دادگاوە دەستەیەکی سێ کەسی دروست ئەکرێت بۆ تەماشا کردنی ئەو تانانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بۆ هەمان ئەو گومانانەی کەوا هەیە، لەو تەداخولەی کە ئەکرێت لە سوڵتەی قەزائی بەتایبەتی لەدادگای تەمییز، مولاحەزەم هەیە، کەوا بۆ ئەم مەسەلەیە دادگای تەمییز پێداچوونەوەی تێدا بکات، جا چۆن چارەسەر ئەکرێت من ئەوە نازانم، دیارە ئەو چارەسەرە لەلای قانونیەکانە، پێم وایە نابێ دادگای تەمییز بەم کارە هەستێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەنیسبەت بڕگەی یەکەمەوە، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ئەو ناکۆکیانە یەکلایی ئەکاتەوە)، پێم وایە ئەوە تەحصیل حاصلە، چونکە لەیاسای کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئەوە هاتووە، کە کاری فەنی و ئیدارییە، کارەکانیشی هەر ئەوەیە، بڕگەی دووەمیش کەئەڵێت( دادگای پێداچوونەوە هەرێمی کوردستان تایبەتمەندە، لە تێبینی بەڕێز سەرۆکی هەرێم هاتووە، کە دەستەیەك هەبێت نەك بە موتڵەقی دادگای پێداچوونەوەی هەرێم، پشتیوانی ئەو پێشنیازەی بەڕێز خاتوو کوێستان ئەکەم، چونکە لەیاسای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان باسی مەحکەمەی تەمییز ئەکات بە موتڵەقی، ئەگەر بکرێت ئەوە شتێکی باشە، بۆ نەزاهەت و لادانی ئەو توانج و ڕەخنانەی کە لە ئێمە ئەگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ناصح، داوای قسەی نەکردووە، بەس نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەم پەرلەمانەدا یاسای سوڵتەی قەزائیمان دەرکرد، باسی مەحکەمەی تەمییزیش ئەکرێت، مەحکەمەی تەمییز بەڕاستی دروست نیە ئێمە ئێستا گومان بخەینە سەر مەحکەمەی تەمییز، کە باڵاترین مەحکەمەیە لە هەرێمی کوردستاندا، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەوە شتێکی باش نیە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورە كاكە تۆ ڕەئی خۆت مەدە تۆ نوقتەی نیزامیت هەبوو، بۆیە تەواو نوقتەكەت، چونكە داوای قسەت نەكردبوو، ئەگەر نەگەشتین بە حەل ئەو كاتە داوای قسە كردن ئەكەین، سوپاس بۆ نوقتەی نیزامیەكەت، بۆ ئەوەی حەلێكی وەسەت هەبێت، چونكە خۆی مەحكەمەی تەمییز، ئێمە خۆمان دەسەلاتمان داوەتێ، خۆی قانونی سەربەخۆیە، بەپێی قانونی ئێمە جیهەتێكی سەربەخۆیە، سەربەخۆیە بە قەراراتی بە بودجەی بە هەموو بڕیارەكانیشی، بەس فەقەت یەك خاڵ هەیە، ئەویش ئەوەیە، مەحكەمەی تەمییز وەكو هەیئەتێكی تایبەت بەهەرێم، تەعن لەقەراراتی جیهەتێكی ئیتیحادی بدات، ڕەنگە ئەوە ئیشكالێك بێت، بۆیە من پێم باشە، لەگەڵ كاك كەمال و كاك فرسەتیش قسەم كرد، ئەو قسەی كاك عومەر، ( تشكیل هیئة قضائیة تمییزیة في اقلیم للنظر)، ئەگەر لیژنەی یاسایی ئەوەیان پێ باش بێت، وتتان چی كاك شێروان، چونكە ئەوە هەمان شت ئەكات و هەر لە مەحكەمەی تەمییزیش ئەبێت، (تشكیل هیئة قضائیة تمییزیة في اقلیم...)، كاك شێروان، فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەكەمیان: ئەو دەسەلاتانەی كە بۆ مەحكەمەی تەمییز دانراوە، لە یاسای سولتەی قەزائی، شەرت نیە مەحكەمەی تەمییز پابەند بێت، تەنها بەو دەسەلاتانەی كەوا لە سولتەی قەزائی هەیە، لە هەر قانونێكی تر ئێمە دەسەلات بدەین بە مەحكەمەی تەمییز، دەتوانێت ئەو قەزایانە ببینێت كەوا ئیحالەی مەحكەمەی تەمییز دەكرێت، دووەمیان: مەسەلەی تەشكیلی هەیئە، دوو بابەت هەیە، هەندێك هەیئات هەیە، لە هەندێك لە ولاتان، هەیئەیەك تازە دروست دەكرێت عیلاقەی بە هیچ مەحاكمێكەوە نیە، تەنها بۆ ئەم مەبەستە، هەندێكیشیان دەدرێت بە مەحكەمەی تەمییز، ئێمە كە ئەڵێین( تختص محمكة تمییز) ئەمە زۆر تەبیعیە كە مەحكەمەی تەمییز، هەیئاتی جۆراو جۆری هەیە، دەتوانێت هەیئەیەك تەشكیل بكات لە سێ دادوەر، بۆ ئەوەی تەنها تەماشای ئەو دەعوایانە بكەن كەلەلایەن كۆمیسیۆنەوە بۆی دێت، هەر خۆشی وایە ئێمە، ئەگەر بڵێین ( تختص محكمة تمییز) هەر هەمان مانایە، ئەگەر بڵێین ( تشكل هیئة قضائیة من قبل محكمة تمییز) هەر هەمان مانایە، هیچ موشكیلەی تێدا نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دكتۆر كەمال، فەرمووو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەم یاسایەی كەدای ئەنێین، كۆمیسیۆنی بالای هەڵبژاردنەكان پێویستە تەعامول لەگەڵ ئەو یاسایەدا بكات، یەعنی ئەو یاسایەی كەلە هەرێمی كوردستان هەیە، كە سەلاحیەتیان پێدراوە بەپێی بڕیاری

ژماره(11) فەقەرەی (4) لەماددەی (2)دا کە کار بکات، ئەگەر لە بەغداد هەڵبژاردن بکرێت، کێشەیەك هەبێت ئەچێتە مەحکەمەی دەستووری، ئەگەر لێرە هەبێت، لای ئێمە هەبێت، مادام مەحکەمەی دەستووریمان نیە، ئەچێتە مەحکەمەی تەمییز، ئێستا هەردووکی مەعقولە ئەوەی کەوا سەرۆکی پەرلەمان پێشنیاری کرد، ئەوەش کەلە لیژنەی یاسایی هاتووە، هەردووکی لە جێگای خۆیدایە، بۆیە (تشکل هیئة قضائیة تمییزیة)حەلی موشکیلەکە ئەکات بەس لە هەرێم بێت، چونکە ئێمە نامانەوێت ئەم هەرێمە تەفریغ بێت لە محتەواکەی، تۆ هەرێمێکی فیدرالیت هەیە، دواکەوتووین، قانونی خۆمان دەرنەکردووە بۆ هەڵبژاردنەکان، ئێستا نابێ بەیەکجاری هیچی تێدا نەهێڵین و تەسلیمی لایەکی تری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مادام کاك شێروانیش ئەڵێت هیچ فەرقی نیە، وای لێ ئەکەین، (تشکل هیئة قضائیة تمییزیة في الاقلیم) فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حەقیقەتدا قانونی سوڵتەی قەزائی باسی ئەوەی کردووە، کە مەحکەمەی تەمییز بۆی هەیە، لیژنەی تایبەت دابنێت، بۆ تەماشا کردنی هەر بابەتێك لە بابەتەکان، پێی ناوێت ئێمە لێرەدا باس لەوە بکەین، (تشکیل هیئة قضائیة خاصة للنظر في الاعتراضات) لەبەر ئەوەی قانونی سوڵتەی قەزائی ئەو سەلاحیەتەی کەداویەتی بە مەحکەمەی تەمییز، کە لێرەدا باسکراوە، ئەوە دەتوانین باسی لێوە بکەین لە قانونی کۆمیسیۆنی سەربەخۆی کوردستان کاتێك کە قانونەکەمان دانا، کە بەوازحی دەتوانین ئەوە چارەسەر بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلام کاك عونی عەفوم دەکەیت، بەعەکسەوە لێرەدا زۆر پێویستە باسی لێوە بکەین، چونکە بۆ ئەم جارەیە بۆ هەڵبژاردنێکی کاتیە، بۆ ئەوەی گومان کە مومکینە بێتە پێشەوە، بڵێت کۆمیسیۆنیش تەواو نیە، خەڵکیش حەقی هەبێت و جیهەتێك هەبێت بچێت شکایەتی لەلا بکات، جیهەتێکی هەرێم، واتە هەموو شتێکمان نەدەینە بەغداد و شکایەتمان نەچێتە ئەوێ، مومکینە خەڵکێك هەبێت گومان بکات، بۆ لە بەغداد قەراری لەسەر بدرێت، یان سەیر بکرێت، ئێمە لەگەڵ کۆمیسیۆن لێرە ڕێککەوتین کە سندوقەکان کۆپی بچێتە بەغداد، بەلام ئەصڵەکەی لێرە بێت، بۆ ئەوەی متمانەکە دروست بێت، ئەو هەیئەیە، هەیئەی خاصە( تشكل هيئة قضائية خاصة دستورية في الاقليم للنظر في الاعتراضات الواردة ....) ئەوەی کاك عومەر وتی، زۆر باش هاتووە، ئەگەر دکتۆر ناصح قسەی نەبێت دەیخەمە دەنگەوە، باشە فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو دەستەیە پێویست ناكات، هەر لێرە ئەمە بمێنێتەوە باشترە، بەڵام ئەتوانین تەئكید بكەین، تەنها بۆ ئەم هەڵبژاردنەیە كە هی سێیەمە، یەعنی لەناو یاساكەدا ئەمە تەئكید بكەین باشترە، چونكە پێویست ناكات جارێكی تر ئێمە لیژنەیەك تەشكیل بكەینەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاكە جوابمان داوەتەوە، لە پێشتر نووسراوە بۆ ئەم دەوورەیە، دەوورەی سێیەم، كاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ كۆمیسیۆنی باڵا ئەو مەوزوعەمان زۆر بە تەفصیلی باسكرد، ئەوەی لە قانونی ژمارە(11) هاتووە، تەنها باسی ئەوە ئەكات، مەحكمەی تەمییز بەتەنها، حەتا مەقصەدیان ئەوەیە كەوا تانووتەكان لێرەوە بچێتە بەغداد بۆ مەحكمەی تەمییز، دوایی هاتن وتیان ئێمە بە موتڵەقیمان داناوە، وتمان كە بە موتڵەقیتان داناوە مانای وایە شمولی ئێمەش ئەكات، بۆیە ئێمە ئەو نەصەمان لێرە دارشت، كە تایبەتمەندیەك بدەن بە هەرێمی خۆمان، بۆ ئەوەی مەحكەمەی تەمییزی خۆمان، ئەو تانووتانە وەربگرێت و چارەسەریان بكات، ئەوانیش تەئیدیان كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر، من ئیقتراحەكەی تۆم پەسەند كرد، دەی باشە فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ڕێزم بۆ ڕەئیەكەی كاك شێروان هەیە، ئەوەی لە قانونی ژمارە(11)ی ساڵی 2007 هاتووە، باسی مەحكەمەی تەمییز ناكات، ئەڵێت( البت في الشكاوي والطعون الانتخابية كافة وتكون قراراتها قابلة للطعن امام هيئة قضائية تمييزية مختصة)، كەی باسی مەحكەمەی تەمییز ئەكات، منیش وام وت وتم، هەیئەیەكی قەزائی موختەص، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوە دەیخوێنمەوە بەم شێوەی لێهاتووە، ( تشكل هيئة قضائية خاصة في محكمة التمييز تتكون من ثلاثة اعضاء للنظر في الاعتراضات والطعون المحالة اليها من قبل هيئة الانتخابات او الافراد او الكيانات)، تكایە بێ دەنگی بپارێزن، (تشكل هيئة قضائية خاصة فى محكمة التمييز تتكون من 3 قضاة للنظر فى الاعتراضات والطعون المحالة اليها من قبل الهيئة الانتخابات أو الافرد أو الكيانات المتضررة من جراء قرارات الهيئة ) یەكێك پرسی گوتی (أفراد) چیە؟ ڕەنگە فەردێك هەبێت لە ناو قائیمەیەك دا شكایەتی هەبێت و بڵێت فێڵ لە من كراوە، مەبەستی لەوەیە، وەكو كیانیش شكایەت هەیە و وەكو شەخسیش شكایەت هەیە، مومكینە یەكێك بڵێت شكایەتم هەیە و من رەقەمم 12 یەو حەقم ئەوەیە، سیغەی كۆتایی كە لیژنەی یاسایی بە ئیتیفاق لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ وابزانم عەینی شتیان ئیتیفاق كردووە، وابزانم كاك فرستیش رەئی لەسەر داوە من پێم وایە ئێمەش پێمان باشە، دەیخوێنمەوە (تشكل  هيئة قضائية خاصة فى محكمة تمييز اقليم كوردستان ـ العراق تتكون

من 3 قضاة للنظر فى الاعتراضات والطعون المحالة اليها من قبل هيئة الانتخابات أو الافرد أو الكيانات المتضرة من جراء قرارات الهيئة وتكون قراراتها باتا)، كاك عونى فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وارده ئەگەر قبولّ کرا، بەڵام بنووسن (غير المتفرغين) وەکو قانونی عیراقی، چونکه کە هەیئەیەك دادەنێی دائیمەن ئیش و کاری نیە تەنها ئینتیزاری نەتیجەی ئینتیخابات دەکات و ئیعترازات تەماشا بکات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە وەکو قانونی عیراقی و زەرەریشی نیە، ئەوەش ئیزافە دەکەین، کاك جمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە شتێکە عیلاقەی بە ئەمریکاوە هەیە، دەمەوێت بیخەمە بەردەمی بەڕێزتان، لە هەڵبژاردنی یەکەمی مستەر بۆش خیلافێکی ئەلیکترۆنی لە فلۆریدا ڕووی دا، تەبیعی لە ئەمریکا مەحکمەی دەستووریش هەیە و مەحکەمەی فیدڕاڵی هەیە کە هی هەموویەتی، بەڵام بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە هەدەف لە دروستکردنی ئەو مەحکەمەیە قەناعەت هێنانە بەو تەرەفەی کە موشکیلەکەی هەیە و گلەیی و گازاندەکە دەکات، نوێنەری هەردوو حیزبەکەیان بەشدار کرد لەگەڵ ئەو مەحکەمەیە بۆ ئەوەی پیاچوونەوە بکەن بە عەتەڵە ئەلیکترۆنیەی کە ڕووی دا لە فلۆریدا، جا مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر تەرەفێك گلەیی و گازاندەی هەبێت ئەو مەحکەمەیە حەقە نوێنەری ئەو تەرەفە لەگەڵ ئەو تەرەفەی تر کە هینی هەیە بەشداری بکات لەو پێداچوونەوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە بۆ ئەخیر سیاغە کە بۆ لیژنەی یاسایی و ناوخۆ و سەرۆکایەتی گەیشتین، دەیخوێنمەوە بە عەرەبیەکەی (تشكل هيئة قضائية فى محكمة تمييز اقليم كوردستان ـ العراق تتكون من 3 قضاة غير متفرغين للنظر فى الاعتراضات والطعون المحالة اليها من قبل هيئة الانتخابات أو الافرد أو الكيانات المتضررة من جراء قرارات المفوضية وتكون قراراتها باتا)، دەیخەمە دەنگەوە، کاکە ئەوە وابزانم، فەرمووو کاك د.ناصح دەستی خەریکە بگاتە سەقفەکە.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەجالمان پێ نادەی مەجبورین هەر بەرزی بکەینەوە، (هيئة قضائية مؤقتة) کاکی من دەبێت ئێمە تەئکید لەسەر موقەتەکە بکەینەوە، چونکە دوایی لە ناو یاساکە دەبێتە دائیمی بەرەئی من دەبێت تەئکید لەسەر ئەوە بکەینەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە ئێمە ئەوەڵ مادده کە هەموارمان کرد ئەمڕۆ دەڵێین (تحل المفوضیة العلیا محل.... للدورة الانتخابیة الثالثة) یەعنی بۆ ئەو جارەیە، کەواتە ئەوەش کە دەڵێی بۆ ئەو جارەیە، تۆ هینێکت نەکردووە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ئێوە غەیری موتەفەرغتان داخیل کرد، حەتمەن ئەو هەیئەیە خۆی دەبێتە وەقتی، وەکو مەسەلەی موتەفەرغ دێتە گۆڕێ، خۆ موتەفەرغ نیە، غەیری موتەفەرغە، دەچێتەوە ئیشەکەی، بۆیە بە قەناعەتی من لە جێگای خۆی هاتووە، زۆر تەبیعیشە ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە ئەوەی خوێندمەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ نیە؟ فەرموون، بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، ماددەکە تەواو کاك شێروان یان فەقەراتی ماوە، کەواتە ئەو ماددە موزافەیە فەقەرەیەك دەنگتان بۆی دا، فەقەرەی پێشوو کە دەڵێت (تتولی المفوضیة العلیا المستقلة للانتخابات النظر فی الخلافات والاعتراضات الواقعة خلال اعداد وتنفیذ اجراءات الانتخابات) تیکرارە، لەبەرئەوە ماددە موزافەکە بە هەردوو فەقەرەی کە دەنگتان بۆی دا بەو فەقەرەی ئێستاکەوە ماددەکە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ فەرموون، بە کۆی دەنگ ئەو ماددە موزافەیە دەنگی بۆ درا، ماددە موزافەکەی تر دەڵێت (لمواطنی کوردستان من المقیمین فی الخارج المشارکة فی انتخابات برلمان کوردستان)، قسەی لەسەر هەیە، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تەبیعی لەگەڵ ئەو خاڵەم، بەڵام ئەم خاڵە ئەگەر چاك تر بکرێت بۆ ئەوەی شمولی ئەوانەش بکات کە لە دەرەوەی کوردستانن و لە دەرەوەی عیراقن، کوردستانیەك کە چووە بۆ سەفەر ئەو ڕۆژی ئینتیخاباتە لە بەسرەیە، دەبێت حەقی دەنگدانی هەبێت، یان بۆ مودەیەکی کەم چووەتە شوێنێکی تر، بۆ مانگێك مەسەلەن لە خەستەخانە کەوتووە، دەبێت مەجالی ئەوەی هەبێت کە دەنگ بدات، بۆ ئەم مەشاکیلانە لە ئەمریکا تەحدیدی ڕۆژیان کردووە، مودەتێکی زەمەنیان داناوە بۆ ئەوانەی کە لە دەرەوەی ئەمریکان، بۆ نموونە لە 20 ڕۆژ پێشی ئینتیخابات ئەوانە لەوێ دەنگ دەدەن بۆ ئەوەی دەنگەکەیان بگاتەوە شوێنی خۆیان، کەواتە ئێمە با سیغەیەك بنووسین کە ئەو کوردستانیانەی کە لە خوارو و وەسەتی عیراقن ئەوانیش مەجالی ئەوەیان هەبێت بەشداری دەنگدانەکە بکەن، ئەوە یەك، دووەم: تەحدیدی ئەو ڕۆژە بکرێت بۆ ئەوان، ئێستا حالیەن سورین لە سەر 5/19، تەحدیدی ڕۆژیش بکرێت بۆ ئەوانەی کە غائیبن و پێی دەوترێت (abcent)، یەعنی ئەوانەی کە لە دەرەوەی وڵاتن یان ئەوانەی لە دەرەوەی ئەو شوێنانەن کە حەقی ئەوەیان هەیە دەنگ بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا ئەوە پێم وایە تیکرار دەبێتەوە لە قسەکانتان بە تەئکید، بەڵام زۆر نین بە پەلە و بە موختەسەری قسەی بکەن تکایە، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە کە کوردستانیانی دەرەوەی وڵات کێشەیان زۆرە بە تایبەتی ئەوانەی کە دوو ناویان هەیە ئێستا، دەبینم ئەو خاڵە تۆزێك وجوبیەتی تێدا نیە زیاتر، ئەگەر بکرێت عیبارەیەکی تر ئیزافە بکرێت ڕەنگە خراپ نەبێت (لمواطنی اقلیم کوردستان المقیمین فی الخارج حق المشارکة فی انتخابات برلمان کوردستان، وعلی المفوضیة العلیا تأمین ضروف والمستلزمات الضروریة لتطبیق ذلك) یەعنی ببێت بە حاڵەتێکی وجوبی کە مفەوەزیە هەڵسێت بەو کارانە و ئیشی بۆ بکات، چونکە کێشەکانیان زۆرن لە ئەوروپا، هەر لە ئێستاوە مفەوەزیە دەست پێ بکات، بۆیە خەلەلی زۆر هەیە لە ناوەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵڵا بۆ ئەوەی ئەو هینە تیکرار نەبێتەوە، ئەو مەوزوعە زۆر باسکرا، زۆر کەسیش دەڵێت، بۆیە لەو دوو مانگەدا ئەوە ئەنجام بدرێت، ئەوە تەبعەن وەکو مافێکی سروشتیە، پێمان وایە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانی کوردە، لە دەرەوەش بن، چۆن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق دەنگی سەرتاسەری بۆ درا، لە دەرەوەش سەندوقیان بۆ داندرا، بۆ پەرلەمانیش هەر وایە، ئێستا ئەو حەقە لە قانونەکە دا وەکو حەقێك دەبێت تەسبیتی بکەین، بەڵام بۆ هەڵبژاردن کۆمسیۆنی باڵا دەتوانێت بڵێت دەیکەین یان نایکەین، دەتوانین بیکەین یان نەیکەین، ئەو حەقە دەبێت لێرە تەسبیتی بکەین وەکو حەقێك، کۆمسیۆنی باڵا بۆی کرا، سوپاسی دەکەین و مەمنوونیشین، بۆشی نەکرا دەتوانێت بڵێت ئەسبابەکانی چیە و بۆی ناکرێت و دیاری بکات، من لەسەر قسەکانی کاك جمال قسەم هەیە، فەرموو کاك غفور.

**بەڕێز غفور  طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بیرتانە لەوانەیە کە لە هەموار کردنی یاساکەدا گفتوگۆ دەکرا من دوو پێشنیارم کرد، پێشنیاری یەکەم: گوتم ئەوانەی کە لە دەرەوەی وڵاتن، ڕەوەندی کورد مافی دەنگدانیان هەبێت، هەموو لایەك گوتیان ئەوە قەت ناکرێت و ئیمکان نیە، زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە بوون، لیژنەی یاسایش، ئەوە پرۆتۆکۆڵەکانیش ماون و جەلسەکەش تۆمار کراوە، پێشنیاری دووەم: گوتم ئەو ناوچانەی کە مەشمولن بە ماددەی 140 مافی دەنگدانیان هەبێت، ئەگەر ئەوان مافی دەنگدانیان نەبێت و نوێنەریان لە پەرلەمان نەبێت و دەنگیان بە پەرلەمان نەدابێت و بە چ حەقێك ئەو پەرلەمانە بە نوێنەری خۆیان بزانن!؟ بە چ حەقێك ئەو پەرلەمانە خۆی بە خاوەنی ئەو ناوچانە بزانێت! بەڕاستی هەردوو پێشنیاری من دژی وەستان ئەوان، هەتا

ئێستاش ماوەو سیدیەکەش ماوەو وەریشم گرتووە، کاک فرستیش دژی ئەو رەئیانەم بوو و وەڵامیشی دامەوەو گوتی یاساییەن نابێت، باشە کە یاساییەن نەبوو، ئەو کاتی بە هەموو شێوەیەك دژی من بوون، ئەگەر روخسەتم بدەن توخوا؟، بۆ ئێستا ئێمە لێرە هاتووین بە ماددەی موزاف ئەوەمان هێناوە، من دەست خۆشی لە لیژنەی یاسایی دەکەم، پشتگیری ئەوەش دەکەم، بەڵام بۆ بڕگەی دووەمیش داوادەکەم کە ئەو ناوچانانەی مەشمولن بە ماددەی 140، کەرکووکە، شنگالە، شێخانە، مەخمورە، خانەقینە، هەمووی فەقەرەیەك هەبێت و حەقی دەنگدانی هەبێت، لەڕووی سیاسیشەوە دەعمێکە بۆ ئەوان و دەعمێکە بۆ ئێمەش، بەڕاستی حەقە ئێمە لەو مەسەلانە جورئەتی بڕیاری سیاسیمان هەبێت و ئەو مەسەلانە یەکلایی بکەینەوە، ئێمە دەڵێین کۆمسیۆنی باڵا دەبێت پەیوەست بێت بەو یاسایەی ئێمە و بە دەر نەبێت لە یاسا و بڕیارەکانی ئێمە، ئێمە کە لێرە بڕیارمان لەسەر ئەوە دا، لە چوارچێوەی یاسا جێمان کردەوە و دەبێت ئەویش پەیوەست بێت و سندوقی دەنگدانمان بۆ لەو شوێنە دابنێت، بۆیە من لێرەوە جارێکی تر پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بڕگەی دووەم بنووسرێت ﴿ئەو ناوچانانەی کە پەیوەستن یاخود مەشمولن بە ماددەی 140 ئەوانیش مافی دەنگدان و مافی خۆ پاڵاوتنیان هەیە﴾، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو قسەیەی کە کاك غفور کردی مادام دەڵێت مافی دەنگدانیان هەبێت، مافی کاندید کردنیشیان هەبێت، من لێرە پرسیارێکم هەیە، ئایا ئەو کوردانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن، مەبەست لەو ناوچە دابڕاوانە، ئەگەر حەقی مافی دەنگدانیان بدەینێ واتە دەبێت حەقی ئەوەشیان بدەینێ خۆیان بپاڵێون و خۆیان کاندید بکەن، ئایا چ یاسایەك هەیە ئەوە ڕێك بخات؟ لەلایەکی تریش ئێمە 3 ملیۆن لەوانەیە زیاتریش یان کەمتر هەمان بێت، ئەو کوردانەی کە لە ئەوروپان یان لە ئەمریکان ئایا ئەوانیش دەتوانن خۆیان هەڵبژێرن؟ لە ئێستاوە کە دەنگ دەدەن دەتوانن خۆیان کاندید بکەن بۆ هەڵبژاردنەکان، لەوانەیە زۆر بە شەهادەمان هەبێت کە لە وڵاتانی ئەوروپا شەخسی زۆر موناسب و گونجاومان هەبێت، پرسیارێکی تریش دێتە ئاراوە، بە نیسبەت ئەو کوردانەی کەوا حەقی لجوئیان لەبەر هۆی لجوء کاتێك کەوا خۆیان بە خەڵکی کەرکووك یان موسڵ نووسیوە لە کاتی سەردەمی رژێم، کە بە نیسبەت ئەوانە چۆن دەبێت؟ دووبارە ئەشخاسی وامان هەیە کە هی ناوچەی موسڵ یان کەرکووکن، لەبەر مەسەلەی لجوء خۆیان بە خەڵکی ئەو ناوچانە نووسیوە، خەڵکی ناوچەی هەولێرن یان سلێمانی و یان دهۆکن، بەڵام لەبەر وەرگرتنی لجوء خۆیان بە خەڵکی کەرکووك نووسیوە، ئایا ئەوانە دەتوانن خۆیان کاندید بکەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دیارە ئەمە وەك بەڕێزتان ئاماژەتان پێی كرد لە ڕووی ئالیەت و جێ بەجێ كردنەوە زۆری دەوێت، دیارە كە پێوەری نێودەوڵەتیش هەیە بۆ بەشداری كردنی خەڵكی دەرەوە، هەروەها بۆ تۆمار كردنی دەنگدەرانی و هەروەها بودجەی دەوێت، من پێشنیاردەكەم ئەو مادده نوێیە و ئەو بڕگەیەی كە لیژنەی یاسایی نووسیوەتی شتێكی باشە بەڵام با ئیزافەیەكی بۆ بكەین، لەبەرئەوەی گرفت لەبەردەم كۆمسیۆنی باڵا دروست نەكەین با بڵێین بە پێی ڕێوشوێنی یاسای كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان، ئەوە شتێكی باشە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك د.نوری فەرمو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لەو بڕگەیە دەكەم، چونكە پێویستە پەیوەندیەكی قانونی لەنێو كوردەكانی دەرەوەی هەرێم لەگەڵ هەرێم دا بە بەردەوامی بمێنێتەوە، هەست بە هاوڵاتی بوون بكەن، بۆیە پێویستە كەوا هەموو كارێك بكرێت بۆ ئەوەی كوردانی دەرەوەی هەرێم دەنگ بدەن، ئێمە بە شێوەیەكی گشتی بڵێین لە دەرەوەی هەرێم مافی ئەوەیان هەبێت كەوا بەشداری لە هەڵبژاردن بكەن، هەتا مافی ئەوەشان هەبێت خۆیان كاندید بكەن بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان، كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان دەتوانێت هاوكاریەكی باش بكات بە هاوكاری ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان لە دەرەوە، چونكە لە ساڵی 2005یش هەر بە هاوكاری نەتەوە یەكگرتووەكان ئەو كارە ئەنجام درا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەمە شتێكی گرنگە و فعلەن وایە، یەعنی هەست بە دابڕانێك دەكەین لە بەینی ناوەوەی هەرێمی كوردستان و دەرەوەی هەرێمی كوردستان، ئەوە ژمارەیەكی كەم نیە كە ئێمە هەمانە لە ملیۆن نزیك دەبێتەوە، ئایا تا چوار ساڵی تر ئەمە هەر ئاوا بوەستێت؟ ئەی ناكرێت مەسەلەن ئەو ڕێوشوێنە لەبەر بگرین وەكو كۆتە، فەلسەفەی كۆتە بۆ دوو شتە، یان ژمارەیەك وەكو كەمینە بێت یان وەكو شتێك تۆ بترسی هیچ نەهێنێ، یان ژمارەكەی نەزانی، ئایا ناكرێت مەسەلەن ئێمە بۆ ئەوەی ئێستا دوو قازانج لەو مەسەلەیە بكەین، یەكەم: ئنتیمای ئەمانە بەهێز تر بكەین لە گەڵ هەرێمی كوردستان دا، دووەم: ئەو

ڕەوەندەی کە لە دەرەوەن بە یەکیانەوە ببەستین، ئێستا دەبینین پەرشوبڵاویەك لە ناویشیان دا هەیە، وەکو پەیوەندیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان بە هێز نیە، لە ناو خۆشیان دا بەهێز نین، ئەگەر ئێمە کۆتەیەك دابنێین با ژمارەکەی زۆر کەم بێت، وا بکات هەم ئەوان لە دەرەوە بەیەکەوە ببەستێتەوە وە هەم ئەو ئینتیمایەش جارێکی تر بە هەرێمی کوردستانەوە ببەسترێتەوە، ئێمە ئاگامان لە کێشە و گرفتەکانی ئەوانەوە بێ و ئەوانیش ئاگایان لە ئێمە بێت بە ڕاستەوخۆیی، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە لە جێی خۆیەتی، بەڵام ئەگەر دەسکاریەکی بچووکی بکرێت بڵێین (لمواطنی اقلیم کوردستان المقیمین فی خارج الاقلیم) نەك خارج، ئەو کاتە وازح تر و باشتر دەبێت، ئەو تێبینیەی خوشکە ڤیان گوتی کە گوایە خەڵك لەوێ ئەوانەی داوای لجوئیان کردووە یان مواتنی ئەو وڵاتانەی دەرەوەن لە ئەوروپا و لە ئەمریکا گوایە شوێنی خۆیان گۆڕیوە بۆ ئەوەی لجوء وەربگرن، ئێ باشە خۆ هەویەی ئەحوالی مەدەنی هیچ لجوئێك، هیچ مواتنەیەك نادرێت ئەگەر هەویەی ئەحوالی مەدەنی ئەسڵیەکەت نەبێت کەواتە لەسەر هەویەی ئەحوالی مەدەنی ئەسڵیەکە دەدرێت، لەبەرئەوە ئەوە هیچ ئەشکالیەتێك دروست ناکات، بە پێچەوانەوە من پێم وایە ئەمە حەقێکی تەبیعیە، بە نیسبەت ئەوەی جەنابی باسی کرد تەبعەن ئەوە تێبینی موفەوەزیەی عولیا بوو، هەروەها بەرامبەر بە وەختەکەش من ئەوانەی کە لەبیریان دەکەی ئینتیخاباتی جاری یەکەم ساڵی 1992 کە دەڵێن داوای 3 مانگ دەکەن، مفەوەزیەی عولیا گوایە بۆ جێ بەجێ کردنی ئینتیخابات، باشە خۆ ئینتیخاباتی یەکەممان کە کرد یاسایەکە لە 8/نیسانی ئەو کات کە هەندێك لەو برادەرانە لێرەن کە کاك فرست یەکێکە لە داڕێژەرانی ئەو یاسایەی ژمارە 1 و 2 لە 8/نیسان بوو یاسایەکە ئامادەکرا، دوای ئەوە لە 5/19 ئێمە ئینتیخاباتمان کرد، یەعنی 40 ڕۆژی پێچوو نەك 90 ڕۆژ و 60 ڕۆژ، ئێستا ئێمە هێشتا شەست و قسور ڕۆژمان ماوە هەتا دەگاتە ئەو هینە، لەگەڵ ڕێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك جمال یوسف دەکەم کە ئەو ئیزافەیە بکرێت بۆ ئەوەی ئێمە کۆمسیۆنی باڵا مولزەم بکەین، ئەوانەی هەرێم کە لە دەرەوەن بەشداری ئینتیخاباتیان پێ بکرێت، ئەگەر ئینتیخابات چەند ڕۆژێکیش دوا بکەوێت، بەڵام ئەوانەی دەرەوە بە هەموو شێوەیەك بەشداری ئینتیخابات بکەن،

ناکرێت ئەوانی خەڵکی لە مەرکەزی ئینتیخابات کراوە لە دەرەوە کە زۆر ترن لە کوردەکان بەشداری ئینتیخابات بکەن و کوردەکان بەشداری نەکەن، یەعنی ئێمە بە هیچ بیانوویەك ڕێگا نەدەین ئەوانە بێ بەش بکرێن لە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەگەر ئێمە لێرە ئەو شەرتە دابنێین بۆ کۆمسیۆنی باڵا بڵێین دەبێت وا بکات، مومکینە بڵێت ساڵێکم دەوێت، جا ئەوە ئەگەر بۆیان بکرێت پێمان گوتوون، ئەگەر بۆیان کرا لە وادەی خۆیدا و نەبێتە هۆی دواکەوتنی هەڵبژاردن، لەوە باشتر هەیە؟ ئەگەر دوو هەفتەش لەسەر ئەوانیش بێت قەیناکات، بەڵام پێمان بڵێن 6 مانگی تری دەوێت و ئیمکانیەت نیە و کێ پێی هەڵدەستێت و تەجروبەی پێشوویان عایدی کۆمسیۆنی باڵایە، ئێمە وەکو مافێکی سروشتی خۆمانە تەسبیتی بکەین، بە نیسبەت ئەوەی کاك غفور باسی کرد هەموومان لەگەڵ ئەوەین ئەو ناوچانە بەشێکن لە کوردستان، هەمووشمان لەگەڵ ئەوەین کە ئەوانە مافی حەق دانیان هەیە و دەشبێت هەبێت، بەڵام ئێستا کێشەیان هەیە، ئەی بۆ ئێمە باسی ماددەی 140 دەکەین؟ کێشەیەکە یاساییە و سیاسیە و هەموو بابەتیە، ئێمە لێرە مەسئولیەتمان یاساییە، یاسایەك ناتوانین دەربکەین تەناقوزی هەبێت لەگەڵ دەستووری عیراق و لەگەڵ وەزعی سیاسی و جانبی تر، ئێستا ئێمە ئەوەی کە جەنابت فەرمووت ئەو کوردانەی لە دەرەوەی هەرێمن مەشمولن بە ناوچەی 140، هەر لەو بەینە دا هەمووی دوو مانگ نابێت دەنگیان داوەو خۆیان پاڵاوتووە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا، تەبعەن بەشێکیان غەیری کەرکووك، ئەنجومەنی پارێزگای دیالە و بۆ موسڵ، ڕەنگە ئەوانەی موسڵ زۆر پێیان خۆش بێت بڵێین باشە مادام ئەو حەقەتان هەیە خۆتان هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی لە ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ هیچ کوردێکی تێدا نەبێت، چونکە لە دوو ئەنجومەن نابێت نوێنەرایەتی هەبێت، بەڵام ئەگەر ماددەی 140 جێ بەجێ بوو، ئەو ناوچانەی کە دەگەڕێنەوە سەر ناوی هەرێمی کوردستان بە تەئکید بەشیان هەیە، تا ئەو کاتەش لەڕووی مەعنەوی و لەڕووی تاریخی و لەڕووی ویست و ئیرادە و لە هەموو ڕوویەکەوە، ئێمە تەعبیر لە ویستی ئەوانیش دەکەین، چونکە دوو ویستی جیاوازمان نیە، هەم ویستی ئەوانە بگەڕێنەوە سەر هەرێم، هەم ویستی ئێمەشە، هەردوو لاشمان هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی ماددەی 140 جێ بەجێ بکرێ، من یەك ئیزافە دەکەم بۆ ئەوەی ئەو خیلافە کە بەینی دەرەوەی هەرێم و ئەوانە (لمواطنی اقلیم کوردستان المقیمین خارجە) هەتا ئەوانەی دەرەوەی بگرێتەوە و بەغداش دەگرێتەوە، بەڵام بزانین موفەوەزیە دەتوانێت بۆ نموونە سەندوق دابنێت بۆ ئەو کوردانەی هەرێم کە لە بەغدا دەژین یان لە شارێکی تری، تەنها بەغدامان هەیە ڕەنگە ..........، تەنها (خارج) لەوانەیە دەرەوەی هەرێم بگرێتەوە، بەڵام ئەگەر (خارجە) بنووسین، دەتوانێت سندوق دابنێت بۆ کوردەکانی هەرێم کە ناویان هەیە لە لیست، وەکو دەنگدەر ناویان هەیە لە بەغدا زۆرینەیەکن، مومکینە هەزاران کەس بن، ئەو ئیقتراحە بەو گۆڕانکاریەی کە عەرزم کردن بۆ ئەوەی هەردوو لا هین بکەن، داوای قسەت نەکرد، ئەگەر نوقتە نیزامیت هەبێت؟ ئەگەر نا زۆر قسەمان کردووە، کاك حاتم فەرموو.

**بەڕێز حاتم محمد جان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من یەك تێبینیم هەیە لە سەر ئەو ماددەیە، ئەویش ئەوەیە لەبەرئەوەی جیای بکەینەوە دوو دەرەوەمان هەیە، خاریجی ئیقلیم، ئەو مەنتیقانە کە متنازع عەلەیهیە لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە بکرێتە بەم شێوە، هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان ئەوانەی کە لە وڵاتانی دەرەوە نیشتەجێن، ئەو پێشنیارەم هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە (لمواطني أقليم كوردستان)، لمواطني گوتمان ئەو هەرێمەی ئێستا، (المقيمين خارجه)، بەغداش دەگرێتەوە، دەرەوەش دەگرێتەوە، ڕەنگە موفەوەزییە بتوانێ سندووق لە بەغدا دابنێ، بەڵام ڕەنگە بڵێ ناتوانم، بەهەرحال دەبێ بە جێی بهێڵێن بۆ ئەو، بەڵام مەبدەئەکە وایە، دەیخەمە دەنگەوە پاش خوێندنی، (لمواطني أقليم كوردستان المقيمين خارجه حق المشاركة في انتخابات برلمان كوردستان – العراق)، کێ لەگەڵ ئەو ماددە موزافەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ دا نییە؟ فەرمووون، بە کۆی دەنگ قبول کرا، زۆر سوپاس. بۆ ماددە موزافەکەی تر، کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی نوێ، پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و زێرەڤانی هەرێم و پێشمەرگە و سوپا و کارمەندانی خەستەخانەو بەندیخانەو سەرنیشینەکانی لەچەند بنکەیەکی تایبەت ئەنجام بدرێت کە دەستەی کۆمسیۆن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە تایبەتمەندییە کان دیاریان دەکات، بەمەرجێك چل و هەشت کاتژمێر پێش کاتی هەڵبژاردنەکانیان ئەنجام بدرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید (زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادة مضافة: تجرى عملية اقتراع منتسبي قوات الأمن الداخلية و حرس الأقليم البيشمركة و الجيش والعاملين في المستشفيات و السجون و نزلائهما في مراكز اقتراع خاصة تحددها هيئة المفوضية العليا المستقلة للانتخابات بالتنسيق مع الوزارات المختصة على أن تجرى قبل ثمان و أربعين ساعة من موعد اجراء الانتخابات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک سەردار ئیختیلافتان هەیە؟

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ (هەرکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینە، تەنها جیاوازی لەگەڵ لیژنەی یاسایی لە بۆ هەموو ئەو مەوادانە، ئێمە تەنها پێشنیارمان کردیە کە لە مەوادی دیکەی هاوشێوە جێگایان بۆ بکرێتەوە، نەوەك مەوادی موزاف لە بەردوو سەبەب، یەك: مەوادی موزاف ئێستا یەکجار زۆر بووە، کاتێك لە ئاینده تۆ دێی مەبەست ئەوەیە هەمواری ئەو مەوادانە بکەی، یەعنی کام مادده دەڵێی، رەقەمی چەند؟ رەقەمی پێنادرێ، مەواد موزافەیە، دوایی کە ئێمە جێگایان بۆ دەکەینەوە تەسەلسولی مەوادەکان تێك ناچێ، چونکە لە مەوادی هاوشێوە بە بڕگە جێگامان بۆ کردیتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک سەردار ئەوە ئێستا لێرە هین دەکەین، دایدەڕێژین بە تەئکید دوایی رەقەمی پێ دەدرێ ئەکید، ئەگەر کەس لەسەر ئەوەی قسەی نییە، ئەوە شتێکە لە بەغداش بڵێم، لە شارەکانی تری عیراقیشدا بەو شێوەیە ئەنجام درا، پێشی چل و هەشت سەعات سندوقی تایبەت داندرا بۆ هێزەکانی سوپای عیراق و خەستەخانەو ئاسایش و ئەوانە، چونکە ناتوانن لە عەینی ڕۆژدا، مەسئولیەتیان هەیە لە شوێنی ترا، بۆیە چل و هەشت سەعات پێشتر دەبێ ئەوە ئەنجام بدرێت، ئەو ماددەیەی زەروری بوو داخل کراوە، ئەگەر کەس قسەی لەسەر نییە؟ کاک جەعفەر قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە ئیشارەت نەدراوە بەو هێزانەی ئێمە کە سەر بە جەیشی عیراقین، لیواکانی دەوروبەری ئێرە، ئەوە یەك. ئیشارەتی نەداوە بە هێزی گومرگ کە عیلاقەیان بە هەرێمەوە نییە ئێستا ئەوان، ئەو گومرگەی کە لێرەیە ئیلتیزامیان بە شورتەی هەولێرەوە نیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەیش نوسراوە، کاك محمد قسەت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە وەكو پرسیارە، ئایا ئەمانە لە ئینتیخابەكانی پێشوودا، وەكو هاووڵاتی لە بیتاقەی تەموینیدا ناویان هاتووە، ئایا ئێستا كە ئێمە جیای دەكەینەوە زەمانی چییە ئەو ناوە لە بیتاقەكاندا مابێ؟ هەروەك ئەو هاووڵاتییە جارێكی دی ئەو مافەی هەبێ، چۆن مەسەلەن ئەوە چاك دەكرێ؟ئەو پرسیارە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە مفەوەزیەی كۆمسیۆنی باڵا مەسئولە لەوە، وەكو لە تەجرووبەیان هەیە لە شارەكانی تری عیراقدا كردوویانە، ناویان هەیە، ناویان دەسڕێتەوە كە دەنگ دەدەن لە شوێنەكان، ئەوان مەسئولن لەو شتە، د. شكریە فەرموو.

**بەڕێز د. شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من لە ڕووی زمانەوانییەوە لە عەرەبییەكە جەیش هاتووە، ئەو جەیشە لابردرێت، لە كوردیەكەشدا فەرمانبەر هاتووە، یەعنی ئەو دووانە ناگونجێن جا هەر وشەی جەیشیش لابەرن، چونكە لە كوردیەكەشدا نییە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نا وەڵڵا باشتر وایە نەك لابردرێت، بەس بنوسرێت (الجیش العراقي)، جیش العراقي باشترە، كاك شێردڵ بەئیعتبار موختەسی! فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ عبدالله حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەیش خۆی تەعریف كرایە، كە دەڵێی جەیش، یەعنی جەیشی عیراقی، ئەوەكەی مە حەرەسی ئیقلیمە، ئێستا كە نووسیتت جەیش مەعنای زێرەڤان و جەیش ئیدی پێی ناوێ زیادی بكەین و مەزبووتە، لە جێی خۆیەتی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، مولاحەزەكەت ڕاستە، دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵە دەستی بڵند كا؟ كێ لەگەڵ دا نییە؟ بە كۆی دەنگ قبول كرا، زۆر سوپاس، بەڵێ كاك محمد خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە تا قانونەكە هەموو مونسەجیم بێت لەگەڵ یەكتر، ڕاستە ئەو مولاحەزە نەهاتییە لێرە، بەڵام ئێمە لە تەعدیلی چوارەم ئەوەی پێشتر پەسەندمان كردییە، كۆتامان دانایە بۆ نەتەوەكانی تر، بۆ ئەرمەن، ئاشوور، توركمان، كلدان، ئەمانە. ئەسڵی قانوونی ئێمە، تەمسیلی نیسبیە، نیزامی تەمسیلی نیسبی تەوزیعی ئەسوات

لەسەر موعەدەلی ئینتیخابی دەكرێت، وە ئەوە لە قانونەكە هەیە و، و ئەو لەسەر وان تەتبیق نابێ ، ئێمە موحتاجین ماددەك دابنێین، بڵێین (يستثنى مرشحوا المكونات القومية من أحكام المادة) كە چ ماددە دەگرێتەوە، و( يخضعون لنظام الأكثرية)، چونكە ئەوانە موعەدەل لازمە تێدابێت وە ئیلا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەوە ئیشی قانونییانە، بەڵام كە خۆت نیزامی كۆتات گوت، خۆی لە خۆیدا ئیستیسنایە ئەوە، پێویست بەو تەفسیلە ناكات، ئەوە مەعروفە، بۆچی ناوت لێناوە كۆتا؟ بۆ ئەوەیە، ئیستسنا حەصر دەكات، پێویست بە هیچ ئەو تەفسیلاتانە ناكات، نیزامی كۆتا مەعروفە لە مفەوەزییەی عولیادا تەفسیلاتی هاتووە، هەموو دونیا بە بەهەمان شێوە هین دەكەن. دوایە ئەمە تەعدیلیشە هەر جێی نییە لێرە، نەهاتووە لە هینەكە، پرۆژەیەك تەقدیم بكە لەوە ئەگەر زۆر موفتەنیع نی، هەمووی دەخەمە دەنگەوە، هەرچەندە هەمواری چوارەم خاڵەكانی تری دەنگمان بۆ داوە، لێرەشدا بڕگە بڕگە دەنگمان بۆ داوە، بەڵام باشتر وایە بە هەمواركردنەكەی تازەوە هەمواری چوارەم جارێكی تر بەو چوار هەموارە، چونكە دوو ماددەی موزافی تێدایە، سێ ماددەی موزافی تێدایە هەمووی دەخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵە دەستی بڵند بكات تكایە، فەرموو، كێ لەگەڵدا نییە؟بەس كاك عوسمان بانیمارانی، بە ئەكسەرییەت، باشە.زۆر سوپاس، بە نیسبەت ئەو یاسایە تەواو، بۆ ئەوەی لێرەوە كۆمسیۆنی باڵا دەڵێ بە هەموو راگەیاندن دەڵێن، ئەو یاسایە پێویستی بە جێبەجێ كردن هەیە، لەوڕۆدا باعتبار جەنابی سەرۆكی هەرێم جارێك ئیعتیرازی كردووە، جاری دووەم قەتعییە قەراری پەرلەمان، پەرلەمانیش قەراری داوە، لەو رۆدا كۆمسیۆنی باڵا نەڵێ پێمان نەگەیشتووە، لایانە وە ئەو تەفسیلاتانەشی لایە، هەر بە زووترین كات ئەوڕۆ و سبەی بە ئیمێلیش بۆیان دەنێرین، مەسئولیەتی پەرلەمان لە دواكەوتنی ئەوانە، ئێوەش تەصریح نەدەن بڵێن كەم تەرخەمن ئەوەی پێدەكەنێ دەزانی مەخسەدم كێیە، ئەوە لێرە مەسئولیەتی ئێمە تەواو بوو، لەوڕۆوە هین دەكەین و سوپاستان دەكەین.

خاڵی دووەم لەبەرنامەی كارمان، جا ئەگەر هاتو دوو دەقیقەی یەكەم دەنگتان بە نەوعێك دا پشووی ناوێ، ئەگەر بە نەوعێكی تر دەنگتان دا دوای دەخەین، چونكە هەموو شتەكان دەگۆڕێن، خستنە ڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی هەمواركردنی پێنجەمی یاسای پەرلەمانی كوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەمواركراو كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كراوە، فەرموو بۆ خوێندنەوەی پرۆژەكە، كاك كریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێژنەی یاسایی ڕۆژی سێ شەممە 24-3-2009 بەرامبەر 4 ی نەورۆزی 2709ی كوردی، كۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دا بۆ لێكۆڵینەوە لەو پرۆژە یاسایەی كە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشكەش كرابوو، بە ناوی پرۆژەی هەمواری پێنجەمی یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان، كە ڕۆژی

سێشەممە بەرواری 10-3-2009 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، ناردرایە لیژنەکەمان لە لایەن سەرۆکی ئەنجومەن لە هەمان ڕۆژدا، پاش لێکۆڵینەوەو گفتوگۆ، لیژنەکەمان بەو جۆرەی خوارەوە رای خۆی دەردەبڕێت،

یەك: لیژنەکەمان بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامان پشتگیری لەم پرۆژەیە ناکات، دوو: خاڵی سەرەکی و بنەمای هەموارکردنەکە لەو پرۆژەیە گۆڕینی سیستەمی هەڵبژاردنە لە نوێنەرایەتی ڕێژەیی-لیستی داخراو کە کاری پێ دەکرێت لە هەرێم بۆ نوێنەرایەتی ڕێژەیی-لیستی کراوە، یەکلا کردنەوەی ئەم بابەتە دەبێتە هۆی یەکلاکردنەوەی تەواوی پرۆژەکە بە هەر بارێك دا بێت، بۆیە لیژنەکەمان گفتوگۆی لەسەر ئەم بابەتە کردووە بە شێوەیەکی سەرەکی، وە بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی لیژنە لەگەڵ ئەوەداین کە ئەو پێشنیارە نوێنەرایەتی ڕێژەی کراوە رەت بکرێتەوە، لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە:

أ - سیستەمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ڕێژەیی لیستی کراوە گونجاو نییە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستانی و پێشەوەچوون و بە پێچەوانەی سیستەمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی لیستی داخراو کە گونجاو ترە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردستانی و بەرەو پێشەوەچوونی ئەم قۆناغەی، هەروەها سەرکەوتنی ئەو شێوازە سەلمێندراوە، لە ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی هەرێمدا.

ب - ئەم جۆرە سیستەمە هەڵبژاردنانە کاریگەری خراپی هەیە لەسەر هاوپەیمانێتی نێوان حزبەکان و قەوارە سیاسیەکاندا، کاتێ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان نایێتەوە لەگەڵ جۆری هاوپەیمانێتیەکانی نێوان ئەم پارت و قەوارە سیاسیانە.

ج- سیستەمی لیستی کراوە هاندەرە بۆ تاوانەکانی هەڵبژاردن، بە تایبەتی تاوانی کڕینی دەنگەکان.

د- لەبەر ئەوەی پێویستە فۆرمەکانی دەنگدان ناوی هەموو پاڵێوراوەکان و قەوارە سیاسیەکان لە خۆ بگرێت، بە پێی سیستەمی لیستی کراوە فۆرمی دەنگدان زۆر گەورەو ئاڵۆز دەبێت و تێچوونی زۆرتری دەوێت، هەروەها ماندوبوون و سەر لێ شێوانی دەنگدەری لێ دەکەوێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی زۆربوونی دەنگە پووچەکان، بۆیە لیژنەکەمان ڕای وایە کار بەردەوام بێت بە سیستەمی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی لیستی داخراو، کە ئێستا کاری پێ دەکرێت لە هەرێمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، یەعنی ئەوە داوا دەکەن کە ئەو داوای 10 ئەندام پەرلەمانە کە ناویان دەخوێنمەوە، ئێوە لە بیرتان چوو هینەکە بخوێننەوە پرۆژەیەکیان تەقدیم کردووە، داوا دەکەن، غەلەتێکی گەورەشی تێدایە پرۆژەکەیان، دەڵێ (قائمە المفتوحە)، هەر ئەوە یەکەم غەڵەتە ئەوە لە ناوەڕۆکدا قائیمە مەفتوحە نییە، قائیمە مەفتوحە ئەوە نییە کە ئێوە باستان کردووە، ئەوە قائمە (المغلقە المفتوحە) کە تەنیا لە عیراقدا، ڕەنگە لە یەك دەولەتی تر دا، لە دونیادا هەبێت ئەو سیستەمە کە ئەنجام درا لە هینا، ئێوە لێرەدا دەڵێن قائیمە مەفتوحە، ئەمن بەڕاستی لەبەر ئێوە چوومە سەر ئەنتەرنێت، دەرم هێنا، هیچ ئەو شتەی تێدا نییە کە ئێوە لێرە نووسیوتانە لەسەر قائیمە مەفتوحە، لەبەر ئەوە زانیم مەخصەدتان قائیمەی موغلەقە

مفتوحەیە، بە هەرحاڵ ناوەکان دەخوێنمەوە، صبریە غفار أمین، عثمان أحمد محمد أمین، أنور محمد غفور، تاڤگە محمد علی، سارا خضر پیرۆت، حسن بابکر أحمد، عثمان بانیمارانی، گێلاس محی الدین، عبدالرحمن أحمد، د.نوری تالەبانی، ئەو 10 ئەندامە بەڕێزە داوای ئەوەیان کردووە، لیژنەی یاسایی دەڵێ داواکەیان رەت بکرێتەوە لەبەر ئەوە لیژنەی ناوخۆ چی دەڵێ با بفەرمووێ.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ (هەرکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاش ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان لە دانیشتنی ژمارە 1 ی ڕۆژی سێشەممە ڕێککەوتی 2009-3-10 پرۆژە یاسای هەمواری بەناوی پێنجەمی یاسای ژمارە 1 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان، کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە، ڕەوانەی لیژنەکەمان کرا، لیژنەکەمان لە هەمان ڕۆژدا کۆبوونەوەمان ئەنجام دا، لە ئەنجامی گفتوگۆکردن وئاڵوگۆڕکردنی بیرو ڕادا، ڕاو پێشنیارەکانی خۆی بەو شێوە پێشکەش دەکات:

1 - لیژنەکەمان بە زۆرینە لەگەڵ ناوەڕۆکی پرۆژەکەدا نییە.

جەنابی سەرۆك ئەوەی کە تێبینیمان کرد پرۆژەی قانونە، پێمانوایە با مادده مادده، فەقەرە بە فەقەرە دەبێت دیراسە بکرێ وگفتوگۆ بکرێ، بۆیە ئێمە لە لیژنەی ناوخۆ ئەم هەموو کارەمان کردییە.

2 - سەبارەت بە ماددەی یەکەم کە تایبەتمەندە .... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەفوم دەکەی کاك سەردار، کاك بارزان نوقتەی نیزامی هەی، بزانین چ دەڵێ، فەرموو کاك بارزان.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێش ئەوەی قانونەکەی تر تەسبیت کەین، دەبوایە ئەوە موناقەشە بکرایە بۆ ئەوەی ڕاوەستین، ئێستا ئێمە قانونەکەمان تەسبیت کردووە، چووە جێی خۆی ئێستا، پێش ئەوە لە جەدوەلی عەمەلدا ئەوە موناقەشە بکرایە لەسەر موغلەق بین یان لەسەر مەفتوح بین، ئینجا موناقەشەیان بکردایە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمە زۆر موناقەشە کرا، بە عەکسەوە کاك بارزان لەبەر ئەوەی ئەو قانونە هەیە، وە حازرە، ئامادە کراوە، هەموارکراوە، دەنگتان بۆ داوە، تۆزێ ئیعتیرازات هەبووە دەبێ تەواوی بکەین، ئەوەی تر پرۆژەیە، پرۆژەی 10 ئەندام داوای کردووە، پرۆژەی 10 ئەندامەکە تەحویل کراوە بۆ لیژنەکان، بۆ ئێوە، شتێکی تازەیە ئەگەر قبولتان کرد ئەو وەختی دەبێ لەبەر ڕۆشنایی قبول کردنەکەتان مادده مادده پێدا بچینەوە، با بچینە سەر ماددەکانی تر، هەرچی قانونێك هەبێت، ئەگەر قبولتان کرد، هەرچی قانونێك هەبێت بە پێچەوانەی ئەو قانونە کە ئێستا دەنگی بۆ دەدەن، ئەگەر قبولتان کرد دەبێ هەموار بکرێتەوە، جا ئەوە،

بەهەرحاڵ کاك سەردار لیژنەی یاسایی رەتی کردۆتەوە، ئێوەش بە زۆرینە رەتتان کردۆتەوە، بۆیە ئەو مەسەلەیە حەسم بکرێت، قبولە یان نا، ئەگەر قبول کرا، دەچینە سەر یەکە یەکە، ئەگەر قبول نەکرا ئێستا لیژنەی یاسایی روونی کردەوە، کە بۆچی رەتی کردۆتەوە، و ئەو 10 ئەندامەش داوایان کردووە حەقی خۆیانە دوو یان سێ کەسیان شەرحی بکەن، حەقی خۆیانە شەرحی بکەن، وجهەی نەزەری خۆیان شەرح بکەن، بۆچی داوای ئەو سیستەمەیان کردووە؟ کێ دەیەوێ لەو 10 کەسەی کە ناویان نووسیوە، کاك عوسمان بانیمارانی و سارا خان وکاك محمد خلیل، باشە، لەو 10 کەسە کاك د. نوری، عوسمان بانیمارانی، سارا خان ، کاك عبدالرحمن، ئەو چوار کەسە قسە دەکەن، دوایەش ئەگەر پێویستی کرد لیژنەی یاسایی یان لیژنەی ناوخۆ جەوابیان بدەنەوە، فەرموو کاك عوسمان بانیمارانی.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانیمارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە لیژنەی یاسایی ئێمە بە پێچەوانەی یاساناسانی دونیا بیر دەکەنەوە، لەگەڵ داخراون و لیستی کراوە زۆر بە خراپی باس دەکەن، زۆر بەداخەوە یەعنی، دەکرا بە شێوەیەکی تر باسی بکەن، بەڵام نەدەکرا بەو نەوعەی دژی بوەستنەوە، دیارە شێوەی هەڵبژاردنی لیستی داخراو خراپترین شێوەی هەڵبژاردنە لە دونیا، لە سەرتاسەری دونیا شێوەی لیستی داخراو وەك ئەو ڕیشە گەورەیە کە جادووگەرێك دەیکا، نازانی لە ناو ریشەکەدا چی هەیە،بۆیە ئێمە لێرە مافی تەواوی خەڵکی میللەتی کورد پێشێل دەکەین، خەڵك نازانێ کێ مورەشەحەکەیەتی تا دەنگی بۆ بدات، ئێمە ئەو خەڵکەی دێتە ئەم پەرلەمانە نابێ میللەت بزانێ کێ یە ئەوجا دەنگی بداتێ؟ لیستێکی داخراو دەینن حەزت لێیە یان حەزت لێ نییە دەبێ دەنگی بۆ بدەی، کە ئەوە کارێکی بەڕاستی زۆر خراپە، زۆر حەیفە ئێمە بەو شێوەیە ئیهانەی لیستی کراوە بکەین یان نیمچە کراوە، لیستی کراوە ئەو لیستە باشەیە کە فیعلەن تەجروبەکەی ئەوجارە لەبەغداد تەجروبەیان کرد، زۆرباشە، تۆ ئەو کەسەی دێ دەنگ دەدا نوێنەرەکەی خۆی دەناسێ، ئەمن دەبێ کوڕەکەی من لە ناو لیستەکە بێ، کوڕی مەسئولێکی تر لە ناو لیستێکی تر بێ، یان کەسێکی تر حیسابە لەسەر یەکێك لەناو لیستەکە بێ، خەڵك نازانێ کێ لەناو لیستەکەیە، چۆن ئەوە کارێکی باشە، چۆن لیستی کراوە کارێکی خراپە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس ناتوانێ بڵێ ئەو سیستەمە باشە یان ئەو سیستەمە خراپە، هەر سیستەمێکی هەڵبژاردن لە سەرتاسەری دونیا بەکار هاتووە، ئیسرائیل تا ئێستاش داخراوە، زۆر جێگا هەیە وە هەر وڵاتێ تەجروبەی خۆی هەیە، هەر سیستەمێکیش ئیجابیاتی هەیە و سلبیاتی هەیە، هەر هیچ شتێك نییە کامل بێ، جارێ ئەوەی کە داواتان کردووە کراوە نییە، داخراوی کراوەیە، داخراوە دەنگ دەدرێ بە داخراوەکەو هێشتا ناتوانین بڵێین ئەو تەجروبە لای ئێمە لە عیراق سەرکەوتوو بووە یان نا، ماویەتی، وەختی ماوە، ئەنجامدانەکەی ئەنجام درا، بەڵام هێشتا ماویەتی، سارا خان فەرمووی.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر وەکو جەنابت باست کرد هەموو لیستێك لایەنی ئیجابی و سلبی هەیە، بەڵام ئێمە پێمان وایە لایەنی ئیجابیەکانی لیستی کراوە، یان باشتر بڵێین لیستی کراوەی سنوردار، یەعنی نیمچە کراوە، باشترە کە لایەنە ئیجابیەکانی لە لیستی داخراو، ئەمن دەمەوێ لەسەر ئەو خاڵانە قسە بکەم کە لیژنەی یاسایی خستوویەتە ڕوو وەکو سلبیات بۆ لیستی کراوە، باس لەوە دەکا دەڵێ ئەو لیستە گونجاوترە بۆ کۆمەڵگەی کوردستان و بەرەو پێشچوونی، ئێمە هەمومان ئەو ڕاستییە دەزانین کە بەرەو پێشچوونی هەموو کۆمەڵگایەك پابەندە بە بەرەو پێشچوون و فراوان بوونی دیموکراسیەت، لیستی کراوە دیموکراسیەتی زیاتر تێدایە، لەبەر ئەوە ناکرێ ئەمە بڵێین لەگەڵ بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگای کوردیدا لیستی داخراو دەگونجێ، خاڵێکی تر باس لەوە دەکەن، خاڵی (ج) دەڵێ سیستەمی لیستی کراوە هاندەرە بۆ تاوانەکانی هەڵبژاردن، هەموو لیستێك و هەموو هەڵبژاردنێك خالی نییە لە تاوانی هەڵبژاردن یان لە کڕینی دەنگ، ناکرێ  ئەو خاڵە بکرێتە خاڵێکی هێندە بەهێز بۆ ئەوەی لیستی کراوەی پێ خراپ بکەین، لە خاڵی (د) دا دەڵێن تێچوونی زۆری دەوێ، من زۆر ئەو قسەم پێ سەیرە، تێچون، کەی ئەوە کێشەیە، ئەو لیستە، ئەو هەڵبژاردنە پارەی زۆری تێبچی خۆ بودجەی هەرێمی کوردستان کەم نییە بڵێین بەشی هەڵبژاردنی کراوە نەکات، بەڵێ بۆیە ئێمە پشتیوانی لە لیستی کراوە دەکەین لەبەر ئەوەی ئەو بۆشاییە گەورەی لەنێوان دەسەڵات و خەڵکدایە، ئەو شتەی  کە ئێستا سەرکردایەتی باسی دەکات چاکسازییە لەوەی کە حیزب لە حکومەت جیا کرێتەوە، لیستی کراوە دەسەڵات و هەیمەنەتی حیزب لەسەر دامودەزگاکان کەم دەکاتەوە، لەبەر ئەوە لە لیستی کراوەدا خەڵك دەنگ دەداتە کاندیدەکان بێجگە لە حزبەکان، کاڵ دەبێتەوە ئەو کێشە گەورەی کە ئێستا کۆمەڵگای کوردەواری بە دەستییەوە دەناڵێنێ، ئەو حزبایەتییە تۆخە و ئەو کاریگەرییەی کە ئێستا ئەمە دەمانەوێ بە پرۆژە چاکی بکەین، بە دەنگدانی لیستی کراوەدا بە فراوان بوونی دیموکراسیەت دێتەدی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویست ناکا لێرە کەوا ئێمە باس لە لایەنە باشەکانی لیستی کراوەی ڕێژەیی بکەین، چونکە کۆمەڵێك نووسین و لێکۆڵینەوەی زۆر باش لە میدیاکان لە هەموو لایەك بڵاو کراوەتەوە، بەڵام ئەو پاساوانەی کە وا لە ڕاپۆرتی لیژنەی قانونی و لیژنەی ناوخۆیی کە نیوەی خوێنرایەوە، بە داخەوە بەشی زۆریان پاساوی سیاسین نەك قانونی، بەهەر حاڵ من لەسەرەتاوە ئەوەم دەزانی کەوا ئەو پێشنیازە کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم خولە ناگونجێت، ناگونجێ لەبەرئەوەی ئەوە لە پەرلەماندا ناڕوات، وتەکانی جەنابت پێش 10 دەقیقەییێکەو ئاشکرات کرد با کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و میدیاکان ئاگادار بن لەوەی کە قانونەکە

پەسند کرا دەست بە کار بن بۆ جێبەجێ کردنی، ئەوە باشترین بەڵگەیە کەوا قانونەکە بەو شێوەیەی کەوا پێش تۆزێك پەسند کرا، هەربەو جۆرە دەمێنێتەوە، بە هەر حاڵ ئەمە هەڵوێستێك بوو، پێویستە کە ئاگاداری خەڵکی کوردستان بکەینەوە کەوا شێوازی باشتر هەیە، شێوازی دیموکراتیانە تر هەیە، شێوازێکی وا هەیە کەوا خەڵك بتوانێ دەنگ بدەن بۆ ئەو کەسانەی کەوا باشتر دەیانناسێت، ڕابردوویان پاکە، کەسانێك کەوا شارەزان دەتوانن باشتر لەناو پەرلەماندا خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەن، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من تەنیا تەعلیقم لەسەر قسەکانت کە بۆ من مووەجەهبوو بدەم، جەنابت قانونی و شارەزاییەیەکی باشت هەیە، پسپۆری و کتێبیشت نووسیوە، ئێمە دەنگمان بۆ قانونێکدا، خۆشت لە وانەبووی کە دەنگت بۆ دا، کەواتە لەبەر ڕۆشنایی ئەو قانونە هەر یەکێ پرسیارت لێ بکات دەبێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو قانونە جەوابی بدەیەوە، من پێتم وت ئەو قانونە جێبەجێ کرایە و دەبێ ئەوە تەواو بوو، ئەگەر ئەو قانونەتان پەسند کرد قانونەکی تازەیە، قسەکانی من دەگۆرێت، بەڵام قانون ناگۆڕێت، یەعنی ئەگەر هەبێت من ناتوانم دژی قانون قسە بکەم، ئەگەر ئەوەتان پەسند کرد هەر لێرە دەڵێم ئەو قسانەی پێشووم بسڕنەوە، کە پێویست دەکات کۆبوونەواتی تر بکەین وخۆمان حازر بکەین، بەڵام تۆ ئەو توهمەیە بە پاڵ من بدەیت! ناحەقی بەڕاستی، ، ئیعازی چی؟ خەڵك ئەمر وەرناگرێت، لە قانونەکە وەردەگرێت، قانون دەچێتە پێشی هەمووتان، دەبێ بە پێی ئەو قانونە پەلەی بکەن و جێبەجێ بکرێت، ئەگەر قانونەکە ئەوەی ئێستا ئەو پرۆژەیە قبوول کرا ئەو قانونە دەبێ هەموار بکرێت، دەبێ بگۆڕدرێت، ئەو کاتی ئەوە ڕادەگیرێت، ئەو کاتی قسە قسەیەکی تر دەبێت، کاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن أحمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە شێوازێکی تر دەڵێم، دەڵێم فەنیێکی تێدا بوو، نازانم فەنی ئیداری بوو یاخود فەنی لیژنەی یاسایی بوو کە پرۆژەکە داخرا، دوای ئەوەش ئەم پرۆژەیە داوای خواست و داوای ڕۆژانەی هاوڵاتیانە، ئاگامان لە میدیاکان هەیە بەڕاستی، خۆ ئەمە پەنجەرەیەکە، یەعنی ئاگادار کردنەوەیەکی هاووڵاتیانە کە ئاشنابن بە سیستەمی هەڵبژاردن، جۆرەکانی سیستەمی هەڵبژاردن، من پێموایە ئەم جارە ئەنجومەنی نوێنەرانی بەغدا دەیکاتە لیستی کراوە، شێوازی هەڵبژاردن دەگۆڕێت، با خەڵکی ئێمەش ئاشنا بێ، وە لایەنە باشەکانی تری ئەوەیە کە خەڵکی پسپۆر مورەشەح دەبێ، پاڵێوراو دەبێ، لەبەر ئەوەی کە خەڵك دەنگی پێ بدات، ئینجا هاندانی خەڵکە بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، کە بزانە دەنگ بە کێ دەدات، مورەشەحەکە، پاڵێوراوەکە بەرچاوی ڕۆشنبێت بزانێت کێیە، ئەوە هاندانی خەڵکە، تەشجیعکردنە، هەروەها شەفافیەتی زیاتر تێدایە، وە دەکرێ لیستەکە زۆر بەڕێزتان ئاماژەتان پێ کرد لیستیش بێ و کراوەش بێ، ئەوەی کە بەڕێزتان ئاماژەتان پێکرد، هەروەها ئەندامان ئەو کاتە دەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن، پارێزگاری لە مافەکانی هاووڵاتیان بکەن، چونکە ڕەخنە لە ئێمە دەگرن دەڵێن نوێنەری حیزبن، ئێوە نوێنەری خەڵك نین، ئەوانە

هەموو لایەنی باشن، لەگەڵ ئەوەش ئێمە ڕەچاوی بارودۆخی کوردستانیش دەکەین، وەزعی سیاسی خۆمان، وە ناشکرێ کە ڕەچاوی بارودۆخی وەزعی سیاسی خۆمان دەکەین، باسی سیستەمی هەڵبژاردن و جۆرەکانی هەڵبژاردنی تر نەکەین، وە هەروەها ئەمە هەموو لایەنە باشەکانی بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، زۆر سوپاس، ئێستا چوار کەس بە دیفاع لە پرۆژەکە قسەیان کرد، چوار کەس، ئەوەی کە رەئی هەیە عەکسی، دوو سێ کەس، قسەکان تیکرار دەبێتەوە، تەبعەن دیفاع کردن لە پرۆژەکە تەواو، چوار کەسی تر حەقی هەیە، ناکرێ پەنجا کەس قسە بکات، باشە یەکێکیش لە یەکگرتوو، لەوانەی کە ناویان نوسراوە، تافگە خان فەرموو.

**بەڕێز تافگە محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەموو لیستێك ئیجابیات و سلبیاتی هەیە، ئێمە کە داوای لیستی کراوەمان کردووە ئەو کۆمەڵە ئەندامە، نەمانویستووە کراسێك بەبەری خۆمان بدوورین و قسەی لەسەر بکەین، وتومانە ئەوەی کە مومارەسە کراوە لە کوردستان تا ئێستا داواکارییەك و هەنگاوێك، ئێمە لە کوردستان زۆر باس لە دیمەکراسیەت دەکرێ، زۆر باس لە شەفافیەت دەکرێ، زۆر باس لەوە دەکرێ کە ئەزموونەکەمان زۆرتر بەرەو پێشەوە چووە، ئێمە هەنگاوی باشترمان ناوە، ئێمەش ویستوومانە لە ڕێگای ئەم پرۆژەیە هەنگاوێك بنێین بەرەو پێشتر، ئێمە ناڵێین ئەگەر لیستی داخراو بێت هەنگاوە بۆ دواوە، دواکەوتووین، بەڵام لیستی کراوە، ئەگەر لیستی کراوە بێ ئەوە هەنگاوێکە بەرەو پێشتر، بە ڕای ئێمە من وەك خۆم وەڵامی ئەوانە دەدەمەوە کە ئەو پاساوانەی کە لیژنەی یاسایی هێناوییەتەوە، لەگەڵ ڕێزم بۆ لیژنەی یاسایی، لیژنەی یاسایی کە باس لەوە دەکات ئەگەر تەعدیل بکرێت، ئەگەر لیستەکە بکرێتە نیسبی، یاخود بکرێتە ڕێژەیی مەفتوح کراوە، ئەوە دەبێ هەموو قانونەکە بگۆڕێت، بەڵکو من لێرەوە دەڵێم کۆمەڵێك یاخود بڵێین چەند ماددەییێکی تێدایە پێویستی بە هەموارکردن هەیە، بە هیچ شێوەیێك پێویستی بە هەموو گۆڕانکاری لە یاساکە نییە، خاڵێکی تر باس لەوە دەکرێ کە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردەواری و کوردستانی ناگونجێ، ئێمە زۆر ئاماژە بەوە دەکەین کە کۆمەڵگای کوردستانی زۆر بەرەو پێشەوە ڕۆیشتووە، زۆر ئافاقی کراوەتەوە، هەموو وڵاتان ئەمڕۆ شانازی دەکەن کەوا هەرێمی کوردستان هەنگاوی بەرەو دیموکراسیەت ناوە، هەنگاوی باشی ناوە، بۆ لەو خاڵە کۆمەڵگای کوردەواری ئەوەندە لاواز کردووە کە نەتوانێ لە ڕێگەی لیستی کراوە تەعبیر لە ڕای خۆی بکات، باس لەوە دەکا کە لەگەڵ لیستی کراوە ئیرتیکابی جەرائیم دەکرێ، من دەپرسم ئایا لەگەڵ لیستی داخراو ئیرتیکابی جەرائیم نەکراوە؟ ئەوەش پرسیارێکە ، تەنها لە لیستی کراوە دەکرێت، خاڵێکی تر کە باس لەوە دەکات کە کاتێکی زۆری دەوێ، ئەو کاتە زۆرە هی کۆمسیۆنی باڵایە، ئێوە ناتوانن وەکو لیژنەی یاسایی پەرلەمان پاساوی ئەوە بهێننەوە کە کۆمسیۆنی باڵا کاتێکی زۆری دەوێ، بەڵام ئێستا دووبارەی دەکەینەوە کە لیستی کراوە بە ڕاستی لەگەڵ خواستی جەماوەر دەگونجێ، لەگەڵ دیموکراسیەت

دەگونجێ، تەعبیر لە ڕای جەماوەر دەکات، بێجگە لەوەش کە ئێمە ئەوڕۆ قسەمان لەسەر بێ وەکو پەرلەمان، کە ئێمە دەنگۆی حزبەکانین یاخود دەنگۆی قەرارتی سیاسین، ئەوەشمان لەسەر نامێنێ، بۆیە ئێمە بۆ مێژوو دووبارە دەیلێینەوە، لیستی کراوە بەڕاستی لەگەڵ کۆمەڵگای کوردەوارییەوە دەگونجێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو وەختی باوەڕت پێ دەکەم کەی ئیستیقالەت کرد لە حزبەکەت! دەڵێی خەڵك ئیتیهامman دەکەن کە ئێمە پابەندین بە سیاسەتی حزب و هین و ئەوانە، ئەو وەختی ئەوە ڕاستە کە لە حیزبەکەت نەمینێ، دەستت خۆش بێ، کاك غەففور نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز غەفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پرۆژەکەمان لە بەردەستدایە، هەموو لایەك پرۆژەکەی خۆی وت و هەموو ئەندامانی پەرلەمان، ڕەئیەکی لیژنەی یاسایی هەیە، ئێستا ئەمە دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە تەواو نابین بەو شێوە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بە پێی بەرنامەی خۆمان بڕۆین، ئەو ڕەئیەی لیژنەی یاسایی بخە دەنگدان، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە کۆتایی بە موناقەشە دێ، ئەگەر دەنگی نەهێنا، ماددە ماددە گفتوگۆی لەسەر دەکەین و دوا ڕەئیش بۆ ئەنجومەن دەمێنێتەوە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێنج کەس لە ئەندامانی ئەو پرۆژەیە کە پرۆژەکانیان تەقدیم کردووە قسەیان کرد، کەمتر سێ کەس لەوانەی تەئیدی لیژنەی یاسایی دەکەن، قسەی بکەن، کاك ئارام، کاك دلێر، تەوزیعاتەك هەبێ، کاك ئارامman وت لە پارتی، کاك دلێر لە حیزبی شیوعی، گوڵاڵە خان، بەسە سێ کەس، ئەگەر کۆمەڵ کەسێك هەبێت قسەی بکات، تەواو سێ کەس بەسە، کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامند :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە دوای خوێندنەوەی یەکەمی ئەم پرۆژە یاسایە لە پەرلەمان، ئێمە چووین بە دواداچوونمان کرد بۆ ئەو پرۆژەیەی کە 10 ئەندامی پەرلەمان تەقدیمی کردووە، بەڕاستی من لێرەدا حەز دەکەم ئەوە ڕوون بکەمەوە کە لە هیچ شوێنێك لەم سەر زەمینە سیستەمی گۆڕانکاری لە هەڵبژاردن بە پرۆژەیەکی 10 پەرلەمانتاری نەکراوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە هەر کۆمەڵگایەکدا ئەبێ بە چەندین قۆناغ کاری بۆ بکرێت و ئامادەکاری بۆ بکرێت، دواتر بە شێوەی یاسا ئەو گۆڕانە ئەنجام بدرێت نەك دوو مانگ پێش هەڵبژاردن، یان فەترەیەك پێش هەڵبژاردن پرۆژەیەکی لەم شێوە تەقدیم بکرێت، بۆیە من خۆم پێم سەیرە، پێویست بوو ڕوونکردنەوەی زیاتر لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمان هەبووبایە، پێش ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایە بخرێتە بەرنامەی کار ئەمە یەکەم، دووەم گوێبیستی ئەم بەڕێزانە بووین کە ئیمزایان لەسەر ئەم پرۆژەیە کردووە و قسەیان کردووە، بە داخەوە من بۆچوونێکم گوێ لێ نەبوو کە جێگای قەناعەت

بێت، بە پێچەوانەوە هەموویان هەوڵیان دا وەڵامی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی بدەنەوە، ئەمانە کە ئەو پرۆژەیان تەقدیم کردبوو، ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی نەبووە، بۆیە زەمینەیەکیان نەبووە بۆ ئەوەی کە دیفاع لە پرۆژەکەیان بکەن، دواتر ئەگەر ئێمە بێینە سەر سیستەمی داخراو و سیستەمی کراوە تا ئەم دەقیقەیە سیستەمی لیستی داخراو وەکو سیستەمی هەڵبژاردن، لە زۆربەی وڵاتانی جیهان کاری پێ دەکرێت، وە بە باشترین سیستەم دادەنرێت لەبەر ئەوەی کاریگەری تێدایە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەکێك لە مەبدەئەکانی هەڵبژاردن ئەوەیە کە دەبێت هەڵبژاردن شمولی بێت، واتە ئەبێت شمولی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بکاتەوە، ئەگەر ئێمە تەماشای کۆمەڵگای هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوە دەبینین ڕێژەیەکی باش خەڵکی نەخوێندەوارمان هەیە کە ناتوانن  وەکو پێویست ئیستیفادە لە سیستەمی لیستی کراوە بکەن، واتە لیستی کراوە لەم کاتەدا لە هەرێمی کوردستان شمولی نییە، دووەم ئێمە لە هەموارکردنی چوارەمدا کۆتەمان بۆ ڕێژەی ئافرەت و بۆ تەمەنی خۆپاڵاوتن لە بیست و پێنج ساڵ کەمکردۆتەوە، ئەگەر ئێمە بە سیستەمی لیستی کراوە بڕۆین، بەراستی غەدر لە هەردوو ئەو گۆڕانە دەکەین و بوار بە گەنجان نادەین کە بتوانن لە ڕێگەی لیستەکانەوە داخیلی پەرلەمان ببن، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تر بە گوێرەی دراسەی یەکێك لە ناوەندە ستراتیجیەکانی هەڵبژاردن کە وێنەی لەبەردەستی منە و دەینێرم بۆ خزمەتتان، دەرچووە کە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە لیستی کراوە بەکاردێنن، دەنگدەر تەنانەت کە رووەکاتە بنکەی ناوەندی دەنگدان ئامادە نییە، تەنیا لایزال صەوتی بۆ لیستەکە دەدات و تەسەلسولی ڕێزبەندی ناوەکان ناکات، واتە بەراستی ئەمڕۆ ئێمە لێرە کۆبووینەتەوە لە بابەتێکی لەم شێوەیە قسە دەکەین،  من دەمەوێ ئەوە تەئکید بکەمەوە مافی هاووڵاتیانی خەڵکی کوردستان، مافی دەنگدانیان شتێك نییە کە ئێمە یاری پێ بکەین، بەراستی ئەبێت ڕێزی لێ بگیرێت، لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەو پەرلەمانتارانەی کە ئەو پرۆژەیان ئیمزا کردووە، بەس من پێیان دەڵێم ئێوە دیراسەتان نەکردووە، ئێوە واقیعی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستانتان لەبەرچاو نەگرتووە و لیستی کراوە و قوڵ بوونەوەی پرۆسەی دیموکراسی نییە، بە پێچەوانەوە سەرلێ شێواندنی خەڵکە، دواکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنە، بۆیە من لەگەڵ لیستی داخراوم، لەگەڵ ڕێزم و جەنابی سەرۆکی پەرلەمان من تەئکیدیش لەسەر ئەوە دەکەمەوە، تۆ ناتوانی بە لیستێك بڵێی لە لیستیەکەی تر باشترە، بەپێی زۆربەی دیراسەتەکان هیچ جیاوازیەك نییە، لەبەر ئەوەی پرنسیپی هەڵبژاردن، یەکێکە لە پرنسیپەکانی دیموکراسیەت، تۆ ناتوانی بڵێی ئەو لیستە، یان ئەو شێوازی هەڵبژاردنە باشترە لە شێوازی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

موشكیلەی ئێمە ئیحتماله هەندێ جار لەوە بێت، ئێمە چۆن ناوەڕۆکی قەزیەكان بەكاردێنین لە خزمەتی ئەم مەرحەلەیە و كۆمەڵگاكە بێت، ئێمە كاتێك كە باس لە لیست دەكەین، من بەشبەحاڵی خۆم كە تێیدەگەم لەروانگەی قانونیشەوە قسەی لەسەر دەكەم، لیستی كراو وداخراو هیچ لە مەوزوعەكە ناگۆڕێت، چونكە ئەصڵەن ئێمە لە ناوەڕۆكدا موناقەشەتی حەقیقەی قەزیەكە ناكەین، ئەگەر ئێمە سلبیاتی قەزیەكەمان لە پێش چاو وەرگرتبێت، چونكە لیستی كراوە وداخراو لە ئەصڵدا هەردووكیان لیستە، لە تەبیعەتی سیستەمی هەڵبژاردنی لیست، كە ئەڵێین قائیمە جیاوازە لە شێوازەكانی تر كە فەردی و نسبی، قائیمە سێ جۆری هەیە، قائیمەی كراوە هەیە، داخراو هەیە، تێكەڵاو هەیە، كراوە وداخراو هەر یەك مەوزوعە، خەڵك هەر دەنگ دەدات بەو حزبە، بەو لیستە دەدات، بەڵام لە لیستی كراوەكە یەك شت دەگۆڕێت، تەسەلسول دەگۆڕێ پێنجەم ئەكەی بە یەكەم، یەكەم ئەكەی بە حەوتەم، یانی لە ئەخیرەكەدا تۆ هەر دەنگ دەدەی بە حزبەكە، تێكەڵاو جیاوازی لەگەڵ ئەم دوانە هەیە، ئەگەر ئەم تەرحەی من گونجاو تر بێت، پێم وایە ئەبو باس لە تێكەڵاو بكرێت، چونكە لە تێكەڵاو تۆ دەتوانی ئیختیاری ئەشخاص بكەیت، لەم لیست و لەو لیستیشدا كۆیان بكەیتەوە، لیستێكی تازەی بۆ دروست بكەی، ئەوەیان ئیحتیماله ئازادی زیاتر دروست بكات بۆ هاووڵاتی كاتێك كە دەچێتە دەنگدانەوە، ئەوە حەقیقەكەیەتی بە قەناعەتی من، پاشان ئێمە كاتێك باس لەو لیستانە دەكەین، من پێم وایە دەبێت ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێت، ئێمە لەو قۆناغە دیموكراتیە كە باس لە دیموكراتیەت دەكەین، هەردووكیان یەك مەوزوعن وەك وتم، هەردووكیان ئیجابیات و سلبیاتی خۆی هەیە، كاتێك كە باس لە لیستی داخراو دەكەین، ئیحتیماله مەفهومی تەحالوفات زیاتر بخوڵقێت لەگەڵیدا، تەحالوفات بە مانای ئەوەی نییە كە ئێمە وەك مەبدەئێكی قۆرغكاری لەم كوردستانەدا جارێكی تر حزب بكەین بە سوڵتەیەكی فەرز كراو بەسەر خەڵكیدا، مانای كە ئێمە قەزیەكمان هەیە هێشتا كۆتایی نەهاتووە، من بەشبەحاڵی خۆم وای دەبینم كە بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردستانی بە ئامانجی خۆی نەگەیشتووە، هێشتا ئامانجەكانی لەبەردەم مەترسیدان، لەبەر ئەوە ئێمە پێویستیمان بەیەك ریزی هەیە، ئەوە بە مانای ئەوە نەبێت لە ناوەڕۆكدا ئێمە جارێكی تر ئەگەر ئەو حاڵەتە سلبیانەی كە هەمانە لەروانگەی گەندەڵی و كۆمەڵێك مەسەلەی تر كە ئێمە كە هیچمان ئینكاری لێ ناكەین ئەمە بكەین بە موبەریر بۆ ئەوە، بەڵام ئێمە لەروانگە سیاسیەكەوە لەم لەحزەیە هێشتا پێویستیمان بە تەحالوفات هەیە، لیستی كراوە كە باسی دەكەین بەو مانایەی خۆی كراوە ناكات، بە مانای فەردی دێت، ئەگەر فەردی بێت لەو كاتە تەحالوفات نامێنێت، چونكە تۆ لەو حاڵەتەوە قائیمە خەڵك دروستی دەكاتەوە بۆ خۆی ئەیشێوێنێ بە شێوازێكی تر، تەبعەن من ناچمە سەر سلبیات و ئیجابیاتی ئەو حاڵەتە، لەبەر ئەوە شەست و حەوت دەوڵەت لەو عالەمە لیستی داخراو بەكاردێنێت، دەوڵەتی تریش زۆر كە لیستی كراوە بەكاردێنێت، هەردووكی دیموكراتین، لەزمنیان ئەو دەوڵەتانەی پێشكەوتووی ئەورووپاش كە فەرەنسا و هۆڵندە و ئیسپانیا و ئیتالیا و زۆری تر من ناچم بەدوایاندا كە بەشێوازی قائیمەی داخراو دەڕۆن، ئیحتیماله موشكیلەی گەورەی ئێمە لەوەدایە كە ئێمە ئیختیاری ئەو كەسانەی كە لەقائیمەی

حزبیەکانمان دیاری دەکەین، کەسی موناسب نەبێت، ئێمە ئەگەر خەلەلەکە لەوە بێت ئەبێت ئەوەیان چارەسەر بکەین، ئەگەر خەلەل لەوە بێت حزب دەسەڵاتێکە خۆی فەرز کردووە بەسەر قانوندا، ئەبێت ئێمە جارێکی تر ئیعادەی نەزەر بکەین، لە دەوڵەتی قانون چۆن ئێمە  موئەسەساتی قانون دروست دەکەین، حزب چۆن پێی دەڵێین تۆ ئیشت ئیختیاری ئەشخاصە بۆ ناو موئەسەساتی دابنێی؟ لەوە زیاتر تۆ ئیشت ئەوە نییە هەر لەسەر سەر و گوێلاکی بیت، ئێمە پێم وایە دەبێت بە جریئی ترەوە بڵێین ئەحزاب ئێوە دەبێت لەو حدودە موئەسەسات دروست بکەن، ئەبێت ئێمە ئیش بۆ دەوڵەتی قانون بکەین، ئێمە بۆ موئەسەسات بکەین، ئێمە بۆ ئەو هەرێمە بکەین، کە ئەبێت حەق لەجێی حەقدا بێت، ئەو مافانەی کە لەدەستووردا کە زەرووره هەمان بێت کە بۆ هەموو هاووڵاتیەك، ئەبێت ئەو مافانە بۆ خەڵك زامن کرابێت، بەپێی مەبدەئی عەدالەت و یەکسانی کە بەداخەوە ئەمانە لەجێی خۆیان نەبوونە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گوڵاڵە خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە زۆربەی بۆچوونەکانی کاك دلێر دەکەم، بەداخەوە ئێمە ناچینە سەر ئەصڵی مەوزوعەکەوە کە کێشەکە ئاوا ئاڵۆز کراوە، مەسەلەی لیستی داخراو بۆتە تابۆیەك لە کوردستاندا کە لە تەشکیل کردنی حکومەتەوە و لە کۆنترۆڵ کردنی پەرلەمانەوە کە ئێمە لەزۆر بۆنە ئەڵێین کە پەرلەمان ئازادە و پەرلەمان فشاری حزبەکانی لەسەر نییە، ئەوەش ڕەنگی داوەتەوە لەزۆر قسەکانماندا، بەڵام بەکردەوە هێشتا نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەمە وای کردووە لە خەڵك گومانێك دروست بکات لە پەرلەمانی داهاتووش گەشبین نەبێت، بۆیە بەردەوام بەدوای لیستی کراوە دەڕوات، لە لیستی کراوە ڕەنگە باجەکە بەوە گران بێت، کە تاکە کەس نەتوانێ بە ئاسانی سی هەزار دەنگ کۆنترۆڵ بکات، بە داخەوە ئەو تێبینیە دەڵێم، لیژنەی یاسایی دەیانتوانی بەجۆرێکی تر ڕەخنە لەو بۆچوونە بگرن، نەك بەو شێوەیە، چوار خاڵی هێشتۆتەوە، ئەو چوار خاڵە موقنیع نییە، نە بۆمن و نە بۆ خەڵکێك، مەسەلەی کۆمەڵگەی کوردەواری، کۆمەڵگەی کوردەواری ئێستا لە حاڵەتێکدایە کە خۆی دەپاڵێوێ بۆ ئینتیخابات، چۆن دەنگ دەدات، ئەو کات حزب هەیە وتاکە کەسیش هەیە، مەسەلەی تێچوونی خەرج و باج بۆ ئەو کەسە دەگەڕێتەوە کە خۆی ئەیپاڵێوێ یان کیانەکەی ئەیپاڵێوێ، ئەبێت حسابی ئەوە بکات چی ئەرکێکی ئەکەوێتە سەرەوە،  کورتەی قسەکانی من ئەوەیە ئێمە داواکارین هەڵبژاردنی داهاتوو و یاساکەش بەو جۆرە دابڕێژرێ کە لیستێك بە لیستی داخراویش دێت کە کاندیدەکان ئاشکرا بن بۆ خەڵکی، خەڵکی

کاندیدی خۆی بناسێ، ئەو کاتە لەناو هەیکەلی حزبدا، یان لەناو هەر کیانێك بێت، ئێستا دەیان ڕێکخراوی مەدەنیمان هەیە، ئەو ڕێکخراوە مەدەنیانەش دەتوانن نوێنەری خۆیان یان دەستەی خۆیان کاندید بکەن، بۆ ئەوەی ئێمە ترسی ئەوەمان نەبێت لەو شێوازە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك خلیل فەرموو، نازناز خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە جەنابت ناوت نەنووسیم، بەڕاستی کۆمەڵێك ڕەئیم هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە و دەمەوێ قسە بکەم، ئەگەر یەك دەقە مەجالم بدەی، زائیدەن یەك نوقتەی نیزامی کە لەسەر قسەکانی کاك عوسمان من دەستم بڵند کرد، بۆ ئەوەی ئەو نوقتە نیزامیە بدەم وەك ڕوونکردنەوەیەك، لیستی داخراو بە مانای ئەوە نیە کە ئەشخاصەکان دیارنین، یانی زۆر کەس هەیە لەسەرکردایەتی حزبەکانیش ئەو قسەیە دووبارە دەکەنەوە، لیستی داخراو ناوەکان ئاشکرایە، هەتا کورتەیەك لە ژیانی ئەو کەسانەش لە ڕۆژنامەکان و لە شوێنەکان بڵاودەبێتەوە، بە مانای ئەوە نییە کە تۆ قەپاتت کردووە، هەر بە حزبەکەت داوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دانیشە، ئەگەر لەگەڵ لیژنەی یاسایی قسە بکەی، لیژنە پێنج کەس قسەی کردووە، حەقت نییە قسە بکەی.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ تەواوی ڕێزم وئەو پەڕی پێزانین بۆ جهودو بۆ هەموو برادەران، من بیدایەتەن ئەو پرۆژەیە وەکو دانراوە سەرپێی دانراوە، ئەوە دیراسە کراوە، دیراسەی هەموو ئەنزیمەی ئینتیخابی کراوە، زۆر لەگەڵ مونەزەماتی مەعنی لەو مەوزوعە ئێمە دانیشتووینە، ئەمە مەوسوعەی ئەنزیمەی ئینتیخابی لە موئەسەسەی دەولی لە بۆ دیموکراتیەت و بۆ ئینتیخابات کە موئەسەسەیەکی عالەمیە، تەقییمی هەموو مونەزەمەی ئینتیخابی دەکات، ئێمە دیراسەی دووسەدو سێزدە نیزامی ئینتیخابیمان کردووە کە لە عالەم تا 2004 دانراوە، من قسەکان دەکەم، هەموو قسەکانم دیراسە کردووە و دەستم هەبووە لە داڕشتنی ئەو پرۆژەیە، ئینجا ئەگەر مەجالم دەدەن زۆر سوپاستان دەکەم.

پێش ئەوە جەنابی سەرۆك بەداخەوە جەنابت هەر لە جەلسەی یەکەم وەکو قیرائەی یەکەم و لەو جەلسەش، یوئسفنی من ئەمە بڵێم، زۆر بەداخەوە جەنابت بە موحایدی نەچوویتە ناو ئەو مەوزوعە، هەر بیدایەتەن تۆ هاتیە تەقییم، ئەوەش حەق بوو ڕەئیی جەنابت ئەوە نەبێت، دەسپێك جەنابت گوتت کە ئەصڵەن مەشروعەکە غەڵەتە وەکو گوترایە نیزامی مەفتوح، ئا ئەمە نیزامی مەفتوحە، لێرە لە دونیا قانونێك نییە، نیزامێك نییە کە بڵێی موغلەقە و مەفتوحە، موغلەقە هەیە، مەفتوحە هەیە، برای بەڕێزم

كاك دلێریش دەڵێ موختەڵەتە، ئەوە موختەڵەت نییە، لیستی حورە هەیە، قائیمەی حورە هەیە، ئەوە چ بۆ تەمسیلی نسبی بێت، چ بۆ نیزامی ئەغلەبی بێت، بۆ هەردووکا ئەوە هەیە، ئێمە ئەوە ئەڵێین جەوهەری دیموقراتیەت ئەوە ئیرادەی هاووڵاتی بەشداربووە، ئوسوسی دیموقراتیەت لەسەر ئەساسی موشارەکەیەو موسائەلەیە و شەفافیەتە، ئێمە ئەڵێین کە ئێمە لە مەرحەلەیەکین لە کوردستان بە تەماینە ئیصلاحی وەزعی سیاسی بکەین، یەکەم مەدخەل بۆ ئێمە ئیصلاحی وەزعی سیاسی بکەین، لازمە سەیری نیزامی خۆی ئینتیخابی بکەین، ئایا چەند لە صالحی پرۆسەی ئیصلاحی سیاسیە، ئێمە ئەزمەیەکمان هەیە دەڵێین هەیمەنەی حزب لەسەر موئەسەسات، هەموو پرۆژەکان بەڕێز سەرۆکی کۆمار مام جلال، چوار حزبەکە، هی خودی حزبەکە لیژنەیەکی وەزارەتی دروست کرد و لەگەڵ یەکێتی پەرلەمانتاران هەموو ئیشارەت بەیەك ئەزمە دەکەن، ئەویش ئەوەیە تەتابقی حزب لەگەڵ موئەسەساتی حکومەت، ئەمە نیزامی ئینتیخابی، نیزامێکی فەنی نییە بەحت، نیزامێکە عیلاقەی بە سیستەمی وڵات هەیە، بە ئیدارە هەیە، بە حوکم هەیە، بە مەزمونی حکومەت هەیە، بە نەوعی ئەدائی ئەحزاب هەیە، ئێمە لێرە مەزایەی ئیجابیاتی لیستی موغلەق کە حزب خاوەن بەرنامەیە، یان خاوەن پرۆژەیە، یان بەرنامەی ئینتیخابی هەیە، ستراتیجیەتی خۆی سیاسیە، ئەم سیستەمی حورە هیچ نەفی ئەوە ناکات، یانی هەموو مەزایای قائیمەی حورە، قائیمەی موغلەقە لەوە دایە، بە ئیزافەی هەندێ شتی تر، ئەوەیە دەنگدەر(ناخب) بەشدار دەکەی، ئەڵێی دەنگی تۆ وەزنی هەیە، تەئسیری هەیە، استهانە پێ ناکرێت، ئەتۆ دەورت هەیە ئەو نەفەرەت هێناوە لەسەر ئەساسی مەعریفەی شەخصی دەنگ دەدات، ئەوکاتە صیلەیەك، عیلاقەیەك دروست دەبێت لە نێوان دەنگدەر و پاڵێوراو ئەگەر دەرچوو، ئەوکاتە ئیهتیمام بە قەزایای هاووڵاتیش دەدرێت بە ئیزافەی سیاسەتی وەتەنی عام کە هەموو بەرامجی ئینتیخابی هەیە، ئەویش ئەوەیە بەو شێوەیە ئەتوانێ حکومەت باشتر موسائەلە بکەیت، بەو شێوەیە ئەتۆ دەتوانی زیاتر ناخب عیلاقەی بە نوێنەری خۆی هەبێت، نوێنەریش عیلاقەی بەو هەبێت، بەوەش منەتی حزبیش بەو جۆرە نابێت، بڵێ وەڵڵا تۆ نوێنەری منی، تۆ نوێنەری گەل نی، گەلیش ناتوانێ ئەوە بڵێت، بڵێ وەڵڵا تۆ نوێنەری حزبی، نوێنەری من نی، ئێمە لەم ئەزمە دەربچین خزمەتێکی زۆر دەکەین بە پرۆسەی ئیصلاح، بە موحارەبەی گەندەڵی، بە ئەوەیە ناخب شعور دەکات بەشدارە لە ژیانی سیاسی، مونافەسە بەشداری لە دەنگدان بازنەی ئەو زۆر فراوان دەبێت، مونافەسە بەینی قەوائیم گەرم وگوڕتر دەبێت، مونافەسە لە خودی قائیمەکە باشتر دەبێت کە هەر حزبێك لە داخیلی حزبەکە موناقەسەی تێدا نەبێت، ئەوەش ڕەوشێکی دیموکراتی نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك خلیل، وەختم زۆر دایێ، زۆرت قسە کرد.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

تۆزێکی تر ماوەم بدە، ئەو دەوڵەتانەی نیزامی لیستی داخراو تەبەنیان کردووە، لەبەر تەنەوعی عرقی، دینی، جنوب ئەفریقیا بگرە، ئەندەنوسیا بگرە، ئەنگۆلا بگرە، ئەرجەنتین بگرە، ئێمە ئەو موشکیلەمان نییە، لەبەر ئەوەی کۆتامان داناوە....

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو کاک خلیل، وەختت زۆر وەرگرت، وەختت زیاد وەرگرت، تۆ دەڵێی من رەئیی خۆم داوە، من هێشتا قسەم نەکردووە، ئەگەر قسەش بکەم دوو ئەوەندەی جەنابت مەعلوماتم هەیە، نەبۆ مانای ئەوەی کە تەئییدت دەکەم یان نا، لەبەر ئەوەی لێرە دانیشتوومە مەجبورم لەو دوو مانگەی رابردوودا هەرچی نیزامێکی ئینتیخابی هەیە لە وڵاتاندا بەدوای دابچم و داوای تەفصیلات بکەم، قسە بکەم بە دوو دەقە تەواو نابێت قسەکانم، بۆیە لەبەر ئەوە قسە ناکەم، چونکە نامەوێ تەئسیر بکات لەسەر دەنگدەران و ئەوانە، تۆ ئەو ئیتیهامە دەکەی، ئەو ئیتیهامەت بە تەواوی رەت دەکەمەوە، هیچ وەختێکیش تەنیا حرص بووە لە کاتی خۆی هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بۆچوونێکم هەبووە پەلەی بکەن لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، دەشزانم ئەنجامی ئەو جۆرە پرۆژانە خەلفیاتی چییە، مەبەستەکە چییە، خۆشتان دەزانن مەبەستەکە چییە و خەلفیەکەش چییە، دوا کەس قسە دەکات، کاک بەڵێن لە حزبێکی جیاوازە با قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز حمد عبدالله محمود(بەڵێن):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من سێ خاڵ باس دەکەم، یەکیان زۆر ئیشارەت بە تەجروبەی عێراق دەدرێت لە لیستی نیمچە کراوە یاخود داخراو وکراوە، کە سەرکەوتوو بووە، نازانم ئەو پێوەرە بە چ پێوەرێك، یانی چ تەقیمێك هەیە لەسەری، یانی پرۆژەکە سەرکەوتوو بووە، پرۆسەی هەڵبژاردن سەرکەوتوو بووە، بەڵام بۆ پێمان وابێت ناوەرۆکی ئەو پرۆسەیە، پرۆسەیەکی زۆر دیموکراسیە، ئێمە با نموونە لە رومادی بێنینەوە، لە رومادی کێ دەرچووە (ئەسناد) دەرچووە، یانی عەشائیر، من نازانم لە کام دونیا هەیە عەشائیر بەرنامەی سیاسی و دیموکراسی بێنێتە ناو کۆمەڵگای عێراق، ئەوە یەك، دوو لە موصڵ کێ دەرچووە، ئەگەر ئێمە لیستی هاوپەیمانی کوردستان نەبوایە، لەوانەیە لەسەر ئەساسی ئەفراد خۆمان تەرشیح بکردبایە، لە موصڵ بەو شێوەیە نەدەبوو، کێ دەرچووە لە موصڵ، لە موصڵ یا خەڵکی دیموکراسین یان خەڵکی شۆڤێنی، لە عێراق لیستی مالکی لەسەر ئەساسی پشتیوانی کردن لەسەر عەشائیرەکان دەرچووە، زۆرینەی بەدەست هێنا، سەبارەت بە خاڵی دووەم کە لیستی داخراو ناوەکانی دیار نییە، من نازانم لە ئینتیخابەکان کە ئێمە دوو ئینتیخابمان کردووە، لیستی داخراو هەموو ئەوانەی کە لێرە دانیشتوون لەسەر لیستی ئەحزاب بووە، ناوی کاندیدەکانی خۆی، ژیاننامەی، پۆستەری، چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردووە، کاندیدەکەی خۆی و لیستەکەی خۆی بەراشکاوی بە خەڵك دەناسێنێ، یانی ئەو خەڵکەی دەچێتە دەنگدان، ئەو لیستەی لە پێشە، تاریخ حەیاتی ئەو ئینسانەی لەبەر چاوە، ژیاننامەی لەبەرچاوە، دەزانێ کێ یە و شەهادەی چییە، لەوە زیاتر نازانم، پاشان یەك خاڵ ماوە نازانم چۆنە، گۆڕینی شێوازی ئینتیخابی پەیوەندی بە هۆشیاری کۆمەڵگاوە

هەیە، هوشیاری کۆمەڵگا دەبێت ئەساس و پێوەر بێت بۆ شێوازی ئینتیخابی لەو شێوەیە بۆ شێوەیەکی تر، رجا دەکەم ئەو خاڵە لەبەر چاو بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان تەوزیحی هەیە و دوایی دەیخەمە دەنگدان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هێرشێکی زۆرمان کرا سەری، ئێمە بە سینگێکی فراوان ئەو هێرشانە وەردەگرین و هیچ وەڵامیشمان نییە، بەڵام ئێمەش ئازادین رەئیی خۆمان دەربڕین هەروەکو لە راپۆرتەکە هاتووە، خەڵکی تریش ئازادە، هەرکەسێك بەپێی وەزعی خۆی دەتوانی قسەی خۆی بکات لە حدودی ئەو جەلسەیەی کە ئێمە دانیشتووین، بەڵام ئێمە زۆر خاڵمان هەبوو کە ئەصڵەن داخیلی راپۆرتەکەمان نەکرد، بەڵام ئێستا بە دەرفەتی دەزانم کە هەندێك تەوزیحات بدەم سەبارەت بەو مەسەلەیە، یەك، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە هەردوو شێواز، شێوازی هەڵبژاردنن، لەگەڵ ئەوەین کە هەردوو شێواز، شێوازی دیموکراسین، لەگەڵ ئەوەشداین کە هیچ حزبێك ئەو شێوازەی دانەناوە، بەڵکو سەد ساڵە، دوو سەد ساڵە ئەو شێوازە دانراوە، هەندێ وڵاتی پێشکەوتوو پێی وەرگرتووە، هەندێك پێی وەرنەگرتووە، هەر کەسێك ئیجابیات و سەلبیاتی خۆی هەیە، بەڵام بە دیدی ئێمە هەڵبژاردن بە لیستی داخراو پرۆسەیەکی سووك و ئاسانە، چ بەنسبەت دەنگدەر و چ بە نسبەت ژمارەی دەنگدەران، جگە لەوەش لە لیستی داخراودا دابەش کردنی کورسیەکان لەسەر حزبەکان دادپەروەری تێدایە، چ بەنسبەت ئەو لایەنانەی کە دەنگ دێنێ و چ بەنسبەت ئەو لایەنانەی کە دەنگیش ناهێنێ، زەمانەت بەنسبەت کۆتایی ئافرەتان لە لیستی داخراو زیاتر زامنترە نەك لە لیستی کراوە، هاوکاری کردن و هەماهەنگی نێوان لایەنە سیاسیەکان لە لیستی داخراو پێمان زیاترە، نەك لەلیستی کراوە، ئێمە لەگەڵ لیستی داخراو دوو هەڵبژاردنمان هەیە، دوو تەجروبەمان هەیە، یەکیان لەساڵی 1992 و ئەوی تر لە ساڵی 2005، رۆژێك لە رۆژان هیچ لایەنێکی سیاسی ئیعتیرازی لەسەر ئەم پرۆسەیە نەگرتووە، ئێستا ئیستیغراب دەکەم هەندێ لە برادەران رەخنە لەوە دەگرن و بەتایبەتی کاك خلیل، من پێم وایە ئەوە تەنها و تەنها پروپاگەندەیە بۆ هەڵبژاردن و لەوە زیاتر نییە، زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتوو لە دیموکراسیەت لیستی داخراو بەکاردێنن بەتایبەتی وەکو بەلجیکا و فەرەنسا و ئەرجەنتین، ئێمەش قائیمەیەکمان لەلایە زیاتر لە (60) وڵات ئەم لیستە بەکاردێنێ، پێویستە ئێمە لە شێوازی هەڵبژاردن شتێکی وا دەست نیشان بکەین، یاخود پرۆسەیەکی وا دەست نیشان بکەن کە خزمەتی واقیعی کۆمەڵگای ئێمە دەکات، ئێمە بۆ بچینە دەرەوە، بەنسبەت لیستی کراوە، لیستی کراوە من بە واقیع و مەنتیق پێتان دەڵێم، دە کەس لە قائیمەی ئاخیری هاتە ئەوەڵی قائیمە، ئایا ئەم دە کەسە دەتوانێ بەرنامەی حزبەکەی خۆی بگۆڕێت، ئایا کاریگەریەکی ئەوتۆی دەبێت کە بتوانێ زەغت لەسەر حزبەکەی خۆی بکات، من ئەوە لە ئێوەی بەڕێز دەپرسم، بۆیە بە قەناعەتی ئێمە و تەئکیدیش دەکەمەوە وەکو

لیژنەی یاسا کە ئێمە لەگەڵ لیستی داخراوین، تەنها یەك برای بەڕێزمان نەبێت کە کاك خلیل موعارز بوو، ئەگینا هەر نۆ ئەندامی لیژنەی قانونی لەگەڵ ئەم پرۆسەیەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کات تەواو، موناقەشە تەواو، ئەو پرۆژەیەی کە پێشکەش کراوە لەلایەن دە ئەندامەوە، پێنج ئەندام لەوانەی پێشوو قسەیان کرد لەگەڵ ئەندامێکی لیژنەی یاسایی کە تەنیا ئەندامی لیژنەی یاسایی بوو موعتەرز بوو لەسەر قەراری لیژنەی یاسایی، یانی شەش کەس لەوانەی قسەیان کردووە، چوار کەسیش لەوانەی تەئییدی راپۆرتی لیژنەی یاساییان کردووە و راپۆرتی لیژنەی ناوخۆ تەئییدیان کردووە، ئێستا ئەوەی دەخەمە دەنگەوە کە رەتی ئەو پرۆژەیە دەکاتەوە، فەرموو کاك هیوا نوقتەی نیزامی چییە.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پرسیارێك لە جەنابت دەکەم بزانم نوقتەی نیزامیە، ئەگەر نوقتەی نیزامی نەبوو مەجالم مەدە، من وا نازانم هەموو جارێك (10) پەرلەمانتار پرۆژەیەك تەقدیم دەکەن، ئەوە تایبەت نییە بەو (10) پەرلەمانتارەوە، لەبەر ئەوە هەر مافی ئەوان نییە قسە بکەن، ئەوە ئێمە لێرە نەبووین واژوومان نەکردووە، لەلایەکی ترەوە لە راستیدا خۆی جەنابت موتابەعەی دام و دەزگاکانی راگەیاندن دەکەی، هەر لە نەخوێندەوارێك تاکو بەرزترین ئاستەکان، ئەو راپرسیانەی کە کراوە زۆربەی زۆری جەماوەر لەگەڵ لیستی کراوەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوەلەن کاك هیوا سوپاسی پرسیارەکەت دەکەم، بەڵام شتەکە یەك نوقتەیە، ئەو پرۆژەیە قەبوڵ بکرێت لە لایەن دە ئەندام تەقدیم کراوە یان نا؟ لێرە رێگە درا بە پێنج ئەندامی ئیمزا کراو و ئەندامێکی لیژنەی یاسایی کە دەعمی پرۆژەکە بکەن بە قسە کردنیان، بەڵام خۆ ناکرێت لەبەر یەك نوقتە رێگە بدەین پەنجا کەس عەینی نوقتە دووبارە بکەنەوە، ئەگەر دەتانەوێ قسە بکەن هەریەکە و تەلەفزیۆنتان هەیە و رۆژنامەتان هەیە، لەوێندەر دەتوانن رەئیی خۆتان بدەن و بەتەفصیلیش، هەر وتووشتانە رەئیی خۆتان، لێرە ناکرێت ئەوەندە وەختە هەر لەبەر نوقتەیەکەوە، عەینی نوقتە کاك خلیل وتی، تاڤگە خانیش وتی و تۆش بیڵێیەوە و کاك عوسمانیش دەیڵێتەوە، یەك نوقتەیە هەر ئەوەیە کە هەڵبژاردنەکە بە لیستی کراوە بێت، لیستی کراوەی موحەدەد، رەنگە وتبم لیستی کراوەی موغلەق هەڵە بێت، لیستی کراوەی موحەدەد وەکو لێرە هاتووە، من هێشتا دیسان رێگە بەخۆم نادەم کە بۆچوونەکان و تەفصیلاتی خۆم باس بکەم، بەتەنیا لەبەر ئەوەی ئیکتیفا کرا بە موناقەشە و قسەی لەسەر کراو، ئەو رەئیەی لیژنەی یاسایی کە دەڵێ ئەو پرۆژەیە رەت بکرێتەوە کە لیژنەی ناوخۆش پشتگیری لێ کردووە، بە بۆچوونێکی جیاوازتر دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە رەدی ئەو پرۆژەیە دەداتەوە دەستی بەرزبکاتەوە؟ دەستتان مەهێننە خوارەوە تکایە با بتانژمێرین، شەست و سێ کەس، کێ لەگەڵدا نییە؟ چواردە کەس لەگەڵ نییە، شەست و قسور و ئێمەش دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵێداین، سوپاستان دەکەم، بەڵام داوام وایە لەبیر بکەن ئەو موناقەشاتانە، ئەگەر ئیزنم بدەن دوو قسە لە خزمەتتان بکەم، ئەو قسانە لە بیر بکەن، ئەسبابەکان و خەلفیاتی هەمووی مەعلومە لامان، داواکاریم بە تایبەتی لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حزبەکان هەیە، هەوڵ بدەن خەڵکی بوێر و بەتواناو زانا و پسپۆر داخیلی قائیمەکانیان بکەن لەجیاتی ئەو قسانەی کە لێرە کران، زۆر

**سوپاستان دەکەم و کۆتایی بەدانیشتنەکە دێنین، دانیشتنی داهاتوومان 30ی مانگە، ئیتیفاقمان لەگەڵ سەرۆکی حکومەت کردووە دێن لێرە قسەمان بۆ بکات، لەسەر دواکەوتنی سێ وەزارەتەکە لە کاتژمێر (11).**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی كوردستان - عێراق

**پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)**

**سێ شەممە رێكەوتی 31\3 \2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3)

## سیٚ شەممە ریٚكەوتی31/ 3/2009

كاتـژمیٚر (11)ی پـیٚش نیـوەرِۆی رۆژی سـیٚ شـەممە ریٚكـەوتی 2009/3/31 ئەنجومـەنی نیشـتمانیی كوردستانی عیٚراق بە سەرۆكایەتی بەریٚز عدنان رشاد مفـتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەریٚز محمد قادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جیٚگری سەرۆك و, بەریٚز فرست أحمـد عبـداللە سـكرتیٚری ئەنجومـەن, دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی دووەم, سالْی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی ()ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كات (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 31/3/ 2009 دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی دووەمی یاسای بەرەنگار بوونەوەی جگەرەكێشان لە هەرێمی كوردستان ژمارە (31)ی ساڵی 2007.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای پاراستنی ناوچەكانی شینایی و دارستان كردنی شارەكان لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە، بەرنامەی كار:

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار كراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی كوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆكایەتیی ئەنجومەن بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (3)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە كاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2009/3/31دا بەم شێوەیە بێت:

1- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای هەموار كردنی دووەمی یاسای بەرەنگار بوونەوەی جگەرەكێشان لە هەرێمی كوردستان ژمارە (31)ی ساڵی 2007.

2- خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی یاسای پاراستنی ناوچەكانی شینایی و دارستان كردنی شارەكان لە هەرێمی كوردستان ـ عێراق.

3- خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بێن لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ راپۆرتی هاوبەشیان هەیە بێن دانیشن، بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەكان و میدیا دەكەم لەگەڵ كاك سەعدیش بەخێر بێن سەرچاو، حەز دەكەم پێش ئەوەی دەست بە بەرنامەی كارمان بكەین یەك، دوو روون كردنەوە بدەم هەرچەندە لە بەرنامەی كارماندا نییە، برای بەڕێز كاك فرسەت دەڵێت مادام لە بەرنامەی كاردا نییە ناكرێت، بەلام دەزانم ئێوە پێتان خۆشە و ناكرێت باسیشی نەكەین، دوێنێ بڕیار بوو بەڕێز كاك نێچیرڤان بارزانی و بەڕێز كاك عیماد بێن لێرە ئامادە بن، دوایێ لەسەر داوای ئەوان ئەو دانیشتنە تایبەت بوو بۆ باس كردن و گفتوگۆ كردن لەسەر هۆی دواكەوتنی یەكخستنەوەی هەر سێ وەزارەتەكان، گوتیان چەند رۆژێكی ترمان بدەنێ، چونكە بەڕێز سەرۆكی هەرێم گەڕاوەتەوە چەند كۆبوونەوەیەكمان لە پێشە هەنگاوێكی زۆرمان ناوە، بۆ ئەوەی ئەو سێ وەزارەتە یەك بگرێتەوە، پێش ئەوەی بێینە پەرلەمان، ئەمەش تەبعەن خەبەرێكی خۆش بوو بۆ

ئێمە، گوتمان ئێمە چەند رۆژو هەفتەو مانگ و ساڵە راوەستاوین، بەو چەند رۆژەش ئەگەر هەنگاوەکە تەواو بێتن خۆشترە کە ئامادە دەبن لێرە بە ئەو خەبەرە خۆشەو بە مەراسیمی تەواو کردنی ئەو بڕیارە ئامادە بن، بۆیە دانیشتنەکەی دوێنێ ئەنجام نەدرا، دوێنێ هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان کۆبۆوە، یەکێك لە تەوەرەکانی گرنگی کۆبوونەوەکەی دوێنێ یەکخستنەوەی ئەو سێ وەزارەتە بوو، کە باسێکی تەواوی لێ کراو بڕیاری کۆتایی لێدراوە، کە دەبێت پێشی کۆتایی ئەم هەفتەیە وەکو حکومەت کارەکان ئەنجام بدەن، سەرەتای هەفتەی داهاتوو بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی بۆ تەواو کردنی مەراسیمی یاسایی ئەو یەکخستنەوەیە بێنە ئێرەو دواتریش گفتوگۆ لەسەر مەسائیلی پێویست لەگەڵ هەردووکیان لێرەدا بکرێت، ئەوە خەبەرێکی خۆشە و انشاللە جێ بەجێ دەکرێت، هەروەها زۆر باس لە مەسائیلی تر کرا کە ئێمە هەمووومان پێمان خۆشە و خەڵکیش چاوەڕوان دەکات مەوزوعی دەستووری هەرێمی کوردستان خرایە باسەوە کە پێویست دەکات ئەو پرسیارانەی کە کردوویانە، هەنگاوەکانی نووسینەوەی دەستوور، ئێمەش باسمان بۆ کردن کە شتەکانیان تەواو کردووە، ڕەنگە پێویست بکات بە یەك کۆبوونەوەی لیژنەی دەستووری بۆ ئەوەی دوا سیغەی خۆیان لە بەینی خۆیان دا چیە، ئومێد دەکەین ئەوەش کە لەم هەفتەیە و لە هەفتەی داهاتوو دا تەواو بێت، لە کۆتایی هەفتەی داهاتوو یاخود سەرەتای هەفتەی دواتر پێش ئەوەی دانیشتنی بۆ بکەین کۆپیەك دەدەین بە هەموو ئەندامانی پەرلەمان و ئینجا خوێندنەوەی بۆ دەکەین و دەنگی بۆ دەدەین، انشاللە ئەمەش هەنگاوێکی گەورە دەبێت بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی دەستووری خۆی بێت، هەروەها زۆر مەسائیلی تر باسکرا کە هەمووی بریتی بوون لە داواکاریەکانی خەڵك لە چاکسازی لەناو دامودەزگاکانی حکومەت و دامەزراندنی هەیئەی نەزاهە کە لە پرۆژەی دەستووردا ئاماژەی پێ کراوە، پەلە کردن لە دامەزراندنی ئەو هەیئەتە کە ئەرکێکی زۆری لەسەر شانە بۆ ئەوەی ڕووبەرووی دیاردەکانی گەندەڵی ببێتەوە لە کوردستان دا و بە واجبی خۆی هەڵبستێت بۆ چاککردنی کۆمەڵگای کوردستان، دەزگاکانی، پەرلەمانیش بەم شێوەیە دەتوانێت شانازی بە ئەوەوە بکات کە هەنگاوێکی باشی ناوە بۆ بە یاسایی کردنی کۆمەڵگا، ویستم ئەو دوو، سێ نوقتەیەتان عەرز بکەم کە خەبەری خۆش بوو، بۆیە موبەرراتی دواکەوتنی کۆبوونەوەکەی دوێنێ ئەسبابی خۆی هەبوو، زۆر سوپاستان دەکەم، ئێستا داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ دەکەم کە خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کار بخوێننەوە وبکەونە باس کردنی، (خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای هەموار کردنی دووەمی یاسای بەرەنگار بوونەوەی جگەرەکێشان لە هەرێمی کوردستان ژمارە (31)ی ساڵی 2007)، ئەوە لە حکومەتەوە هاتووە، بۆیە بیخوێننەوە بە کوردی و عەرەبیەکەی، فەرموو کاك اخر.

**بەڕێز شێخ اخر شێخ جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای ژمارە ( ) ساڵی 2009

**یاسای هەموار كردنی دووەمی یاسای بەرەنگار بوونەوەی جگەرەكێشان لە هەرێمی كوردستان ـ عیراق ژمارە 31 ی ساڵی 2007**

**ماددەی یەكەم:**

**برگەی (2 ـ یەكەم) لە ماددەی 5 دا هەموار دەكرێت و بەم شێوەیە دەخوێدرێتەوە:**

**2 ـ ئاگاداركردنەوەیەكی تەندروستی بە یەكێك لە زمانە جیهانیەكان بە پێی بەرزەفتكاریەكانی رێكخراوی تەندروستی جیهانی.**

**ماددەی دووەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.**

**ماددەی سێیەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژی 2009/1/1 ەوە جێ بەجێ دەكرێ و لە رۆژنامەی وەقائیعی كوردستان بە فەرمی بڵاودەكرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**قانون رقم ( ) لسنة 2009**

**قانون التعديل الثانى لقانون مكافحة التدخين فى الاقليم كوردستان ـ العراق رقم 31 لسنة 2007**

**المادة الاولى**

**تعدل الفقرة 2 من المادة الخامسة وتقرأ كالاتى :**

**2 ـ تحذير صحى باحدى اللغات العالمية وفق ضوابط منظمة الصحة العالمية.**

**المادة الثانية:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.**

**المادة الثالثة:**

**ينفذ هذا القانون اعتبار من 2009/1/1 وينشر فى جريدة وقائع كوردستان الرسمية.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**ئەم پرۆژەیە لەلایەن حكومەتەوە هاتووە، ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی تەندروستی و لیژنەی ناوخۆ و یەكە یەكەی ئەندامانی پەرلەمانی دەكەین بۆ ئەوەی بۆچونی خۆیان و تێروانین و راپۆرتی خۆیان حازر بكەن، خاڵی دووەم لە بەرنامەی كرا خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژە یاسای پاراستنی ناوچەكانی**

شینایی و بەدارستان کردنی شارەکان لە هەرێمی کوردستان، کاك شێروان کە یەکێکە لەو 10 کەسەی کە پرۆژەکەیان نووسیوە و واژوی خۆی سەحب کردووە لەو هینە، یاساییە نیە، بۆیە ئەم خوێندنەوەی یەکەمەی دوا دەخەم تاوەکو ئەو مەوزوعە لە نێوان خۆیان ئەو 10 ئەندامە یەکلایی دەکەنەوە، بە 9 ئەندام ناکرێت هینەکە لەو دانیشتنەدا خوێندنەوەی یەکەمی ئەو پرۆژەیە دوای دەخەین بۆ دانیشتنێکی تر تاوەکو ئەوە یەکلایی دەکرێتەوە، خاڵی سێیەم لە بەرنامەی کار خستنەروو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ، داواتان لێ دەکەم لە راپۆرتی هاوبەشتان فەقەرە بە فەقەرە بیخوێننەوە، پێشەکی راپۆرتەکە بخوێننەوە دواتر ماددە بە ماددە بخوێننەوە و موناقەشەی دەکەین، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الى رئاسة برلمان كوردستان ـ العراق

م / تقرير اللجنة المشتركة

استنادا الى حكم المادتين (39 و 46) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ـ العراق رقم (1) لسنة (1992) المعدل اجتمعت اللجنتان القانونية والداخلية بصورة مشتركة في الايام (9، 10، 28 ، 12/31 /2008 و 3، 1/4/ و 3/29/ 2009) باغلبية عدد اعضاء اللجنتين لدراسة مشروعي قانون مجالس محافظات اقليم كوردستان ـ العراق المقدمين من قبل مجلس وزراء اقليم كوردستان بموجب كتابيه المرقمين (10383 في 2006/9/17 و 1704 في 2007/7/9 ) والمحال الى اللجان المعنية بعد القراءة الاولى للمشروع الاخير في المجلس بجلسته الاعتيادية المرقمة (8) في 2008/4/16 وكذلك الاقتراحات والملاحظات المقدمة من قبل رؤوساء مجالس المحافظات الثلاث والسادة المحافظين في الاقليم واللجنة المشتركة المشكلة من البرلمان والحكومة، قررت اللجنتين توحيد هذه المشاريع وتقديم تقرير واحد حول الموضوع يتضمن خلاصة ما ورد في المشاريع توحيدا للافكار وتسهيلا للمناقشات والتصويت في البرلمان، وان الاغلبية في اللجنتين تؤيد المشروع بالصياغة الاتية:

مشروع قانون المحافظات لاقليم كوردستان ـ العراق

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك اخر.

**بەڕێز شێخ اخر شێخ جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق

ب / راپۆرتی لیژنەی هاوبەش

پشت بە حوكمی ماددەكانی (39 و 46 ) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ـ عیراق، ژمارە 1ی ساڵی 1992 ی هەموار كراو، هەردوو لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ بەیەكەوە لە ڕۆژانی (9، 10، 28 ، 2008/12/31 و 3، 4/1/ و 3/29/ 2009)، بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی هەردوو لیژنەكە كۆبوونەوە بۆ لێكۆڵینەوە لە هەردوو پرۆژە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان ـ عیراق، كە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان بە نووسراوەكانی ژمارە 10383 لە 2006/9/17 ، 1704 لە 2007/7/9 بۆ لیژنە پەیوەندارەكان هاتوون، دوای خوێندنەوەی یەكەمی پرۆژەی دوایی لە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە 8ی ڕۆژی 2008/4/16 وە هەروەها ئەو پێشنیارو تێبینیانەی كە لە لایەن لیژنەی هاوبەشی پێكهێنراو لە پەرلەمان و حكومەت و ئەم پرۆژەیەی كە لەلایەن لیژنەی ناوخۆوە پێشكەش كراون، لیژنە بڕیاری دا ئەم پرۆژانە بكرێن بە یەك و ڕاپۆرتێك لە بارەی بابەتەكە پێشكەش بكرێت كە پوختەی ئەوەی لە پرۆژەكان دا هاتووە بگرێتەوە، لە پێناوی یەكگرتنەوەی هزرەكان و ئاسانكردنی وتوێژ و دەنگدان لەسەری لە پەرلەمان دا وبە زۆرینەی ئەندامانی هەر دوو لیژنە پشتگیری پرۆژەكە دەكەن بەو شێوەی كە پێشكەش كراوە، بەم جۆرەی خوارەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەی یەكەم بە كوردی و بە عەرەبی بخوێننەوە، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی دەست بە موناقەشەكان بكەین، دەمەوێ هەندێك خاڵ هەیە بۆ بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان تەوزیحی بكەم، بۆ ئەوەی سورەتێكی وازحیان هەبێ لەو پرۆژەیە، ئەو پرۆژەیە لە ساڵی 2006 پێشكەش بە پەرلەمان كرا، كە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا، پاشان ئەو پرۆژەیە كەموكوڕی تێدابوو، حكومەت سەحبی كردەوە، دووەمین جار ساڵی 2007 ئەو پرۆژەیە تەقدیم كرا، دیسان خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا بە هەمان شێوە كەموكوڕی تێدا هەبوو كە لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی ناوخۆ چەندین كۆبوونەوەیان ئەنجام دا بۆ چارەسەركردنی ئەو كەموكوڕیانە وە لە هەمان كاتدا بە ئەنجومەنی پارێزگاكانیش پەیوەندیمان كردووە و چەندین كۆبوونەوەمان لەگەڵ ئەوانیش كرد، ئەوانیش پرۆژەیەكی لابەلایان پێشكەش بە ئێمە كرد، جگە لەوەش ئێمە لەگەڵ پارێزگارەكانیش دانیشتین، ئێمە و لیژنەی ناوخۆ چەندین كۆبوونەوەمان ئەنجام دا، بۆیە بە قەناعەتی هەمووومان گەیشتینە ئەوەی كە ئەو پرۆژانە هەمووی و ئەو ڕەئیانە هەمووی ئەوەی سوودبەخش بێت بۆ ئەو پرۆژەیە تەوحید بكرێ و ئێستا ئەو پرۆژەیەی كە تەقدیم دەكرێ و دەخوێندرێتەوە ڕەئی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی لیژنەی یاسایە و لیژنەی ناوخۆیە، ڕەنگە لێرەو لەوێش هەندێك تێبینی بەڕێزان ئەندامانیش هەبێت لەسەر هەندێك لەبڕگەكانی ئەم پرۆژەیە و لەگەڵ ڕێزماندا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرمو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

**المادة الاولى:**

يقصد بالتعابير الاتية المعانى المبينة ازائها لآغراض هذا القانون:

اولآ: الاقليم: اقليم كوردستان ـ العراق.

ثانيا: البرلمان: برلمان كوردستان ـ العراق.

ثالثا: مجلس الوزراء: مجلس وزراء الاقليم.

رابعا: الوزارة: وزارة الداخلية للاقليم.

خامسا: الوزير: وزير الداخلية للاقليم.

سادسا: المحافظة: وحدة ادارية ضمن حدودها الجغرافية وتتكون من اقضية ونواحى وقرى.

سابعا: الوحدة الادارية: المحافظة، القضاء، الناحية.

ثامنا: رئيس الوحدة الادارية: المحافظ، القائمقام، مدير الناحية.

تاسعا: المجلس: مجلس المحافظة.

عاشرا: المجلس المحلى: المجلس المحلى للقضاء، المجلس المحلى للناحية.

حادى عشر: المجالس: مجالس الوحدات الادارية.

ثانى عشر: القرية: مجموعة المساكن التى لايقل عدد نفوسها عن مائة نسمة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك اخر.

**بەڕێز شێخ اخر شێخ جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەکان**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایەیە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

دووەم: پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق.

سێیەم: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

چوارەم: وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.

پێنجەم: وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێم.

شەشەم: پارێزگا: یەکەیەکی کارگێڕیە لە ناو سنووری جوگرافی دا و کە لە قەزاو ناحیە و گوند پێك دێت.

حەوتەم: یەکەی کارگێری: پارێزگا، قەزا، ناحیە.

هەشتەم: سەرۆکی یەکەی کارگیری: قائیمقام، بەڕێوبەری ناحیە.

نۆیەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی پارێزگا.

دەیەم: ئەنجومەنی خۆجێیەتی: ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا، ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە.

یازدەم: ئەنجومەنەکان: ئەنجومەنەکانی یەکە کارگێڕیەکان.

دوازدەم: گوند (دێ): کۆمەڵێك ماڵە کە ژمارەی دانیشتوانی لە 100 کەس کەمتر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو فەسڵە تەنها مانای زارەوەکان بوو، کەس قسەی هەیە؟ پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی من تێبینیم هەیە لەسەر عینوانی تەقریرەکە، ئێمە بە پێی نیزامی داخیلی کە لیجان دائەنیشن، دوو لێژنە یان زیاتر، نابن بە لێژنەی موشتەرەك، بەڵام راپۆرتەکەیان ئەبێتە راپۆرتی موشتەرەك، ئەوەندەی من تێگەیشتبم، لەبەر ئەوەی پێم وایە عینوانەکەی ببێتە( التقریر المشترك)، بۆ ئەو دوو لێژنەیە، سەبارەت بە ماددەی یەکەم، من نازانم هەست دەکەم، ئەگەر ئەوە بگرێتەوە لە یاسا، یەعنی هەر بۆ تەعریفی خۆمان نەبێ، تۆزێك ئالۆزیەك دروست دەکات، مەسەلەن: مجالس الوحدات الاداریە، المجلس المحلی، یەعنی رەنگە صیغەیەکم لا نەبێ ئێستا، سەبارەت بە قەریە، القریة: مجموعة المساكن التي لا يقل عدد نفوسها عن 100 نسمة، رەنگە گەڕەکێکیش نفوسی 100 نسمە بێت، تۆزێك جیا بکرێتەوە، في الريف، یان تابعة الى ناحية، یان شتێکی ئاوا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر سلێمان کاملا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من به عام لەسەر پرۆژەکە تێبینیم هەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چەند ساڵێك لەمەو پێش، پێشنیارێك هەبوو لە لایەن برێمەرەوە کە عێراق بکرێتە فیدراڵیەتی موحافەزات، لێرەدا کە باس لە ئەو پرۆژەیە، سەیر بکەن بە شێوەیەکی گشتی تێکەڵیەك لە دەسەڵاتی هەبێ، یان ئەو ئەنجومەنە نیشتنملنیەی کە لە کوردستاندا هەیە، ئایا هەڵدەگرێ پەرلەمانێکمان هەیە، پەرلەمانی کوردستان و سێ ئەنجومەنی ترمان هەبێ و ئەویش نیمچە پەرلەمانێك بوو، دەسەڵاتەکان لێرەدا تێکەڵاو نابن؟، ئایا ئەوە جێبەجێکردنی فیدراڵیەتی موحافەزات نیە لە لایەن مەرکەزەوە زیاتر ئیهتیمام پێدانی بە فیدراڵیەتی موحافەزات و ببێتەوە یەك؟ ئەگەر بکرێ ئەوە زیاتر هەڵوەسەیی لەسەر بکرێ، چونکە تەماشا بکەین کۆمەڵێك دەسەڵات کە دراونە پارێزگاکان، نیمچە سەربەخۆییەکی هەیە، ئەوە زیاتر مەسەلەی ماهیەتی ئەقلیم کەم ناکاتەوە؟ کە ئێمە ئیش بۆ ئەوە ئەکەین کە ئیقلیم بەهێز بکەین، زیاتر هەوڵ بدەین لە بەشەکانی تریش ئیقلیم دروست بێت، لە وەسەت و لە جنوبی عێراقدا، من پێم وایە ئەوە زیاتر هەڵوەستەی لەسەر بکرێ، نەك بۆخۆمان رەوا بە شتێك بدەین، کە لە نەتیجەدا بە زەرەری ئێمە بشکێتەوە، ئەگەر بکرێت زیاتر ئەوە هەڵوەستەی لەسەر بکرێ و مەسەلەی شارەوانیەکان زیاتر دەسەڵاتی پێ بدرێ، لە هەمان کاتدا، تەسادومێك دەبێنم لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیران و دەسەڵاتی پارێزگاکاندا، کە ئەوەش فەوزایەکی تر لە رووی یاساییەوە و لە رووی دەسەڵاتەکان هەمووی تێکەڵە، دەسەڵاتەکان چ لەگەڵ پەرلەمان و چ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت، بۆیە من پێم باشە زیاتر وردبینەوە، من بەرچاو روون نیم لەوە، راستە شارەزاییەکی تەواویشم نیە لە رووی یاساییەوە، بەڵام ئەوەی سەرنجم داوە وای تێگەیشتووم، ئومێدەوارم لێژنەی یاسایی زیاتر بەرچاومان روون بکەن لەو رووەوە، چونکە تێکەڵ بوونێك دەبێتە ئەوەی زیاتر ئێمە ماهیەتی ئیقلیم کەم بکەینەوە، زیاتر گرنگی دان بە پارێزگاکان بدەین، کە ئەوە لە مەصلەحەتی ئێمە نیە، بۆ موستەقبەلێکی دوور لە رووی سیاسیەوە تەماشای بکەین و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصر الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا ئەم یاسایە بە مەبەستی تەبەنی کردن و جێبەجێکردنی مەبدەئی لامەرکەزییەتە، لامەرکەزیەتیش بە مانای تەوزیع کردنی دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی شەفاف بەشدارییەکی بەرفراوانی خەڵك لەسەرجەم پارێزگاکانی هەرێمە، ئەم یاسایەی ئێمە جیاوازییەکی زۆری تێدا دەبێنم لەگەڵ یاسایەکانی پارێزگاکانی هەرێمی عێراق، ئەگەر مەبەست لەم جیاوازیەش پاراستنی تایبەتمەندییەکانی

هەرێم بێ کە گوایە ئێمە لە چوارچێوەی هەرێمێکداین و ئەوان پارێزگایەکی رێك نەخراون لە هەرێمدا، ئەگەر پاراستنی خصوصیاتەکانی هەرێم لەسەر ئەساسی کەم کردنەوەی دەسەڵاتەکان و تەبەنی کردنی لامەرکەزیەت بێ، بەراستی پاراستنی ئەو خصوصیاتە نەبێ باشترە وەك لەوەی کە هەبێ، لێرە ناوی وەزارەتی ناوەخۆ هاتووە، ناوی ئەنجومەنی وەزیران هاتووە، بەهەمان شێوە وەزارەتێك تەعامول دەکات لەگەڵ مەجلیسی موحافەزات و مەجالیسە مەحەلیەکان هیچ ئازادیەك و سەربەستیەك لە بواری مالی ئیشارەتی پێنەدراوە، نە لە بواری کارگێڕیەوە، پاشان لە عێراقدا وەزارەتێك هەیە، راستە وەزارەتی ناوەخۆ و پارێزگا لە رووی ئیداریەوە رەبتە بە وەزارەتی ناوەخۆ، بەڵام لە عێراقدا هاوشێوەی ئەوە وەزارەتێکی تایبەت کراوە بۆ شوئونی موحافەزات، ئەکرێ لێرەش وەزارەتێك، یان هەر هەیئەتێکی تر کە مەجلیسی موحافەزات پێوەی رەبت بکرێ، دیاری بکرێ بۆ ئەوەی ئایندەی کاری ئەوان لە چوارچێوەی ئەو وەزارەتە دابێت، ئێمە لەسەر زاری بەڕێز وەزیری پلاندانان و هەمووومانیش کۆکین لەسەر ئەوەی کە کاروباری وەزارەتەکە و ئەنجومەنی پارێزگاکان و پارێزگاکان لە رابووردودا لە بواری وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم باشتر بەرێوەچووە و بە شێوەیەکی شەفافانە بەرێوەچوون و لە کاتی خۆشیدا زۆربەی پرۆژەکانیان داناوە، ئەوە قسەی ئێمە نیە، ئەوە قسەی بەڕێز وەزیری پلاندانانە کە چەند جارێك و لە چەند بۆنە و موناسەبات تەئکیدی کردۆتەوە، بۆیە من داوا ئەکەم، بەشێوەیەك ئەم یاسایە دەربچێ کە تەبەنی مەبدەئی لامەرکەزیەت بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، وەللا من پێش ئەوەی نوقتەی نیزام بڵێی، من خۆم دەزانم نوقتەی نیزامەکەتان چیە، من خۆم نوقتەی نیزامیم هەیە لەسەر ئەو دوو، سێ برادەرەی کە قسەیان کرد بەڕاستی، دەبوایە یان خۆم، یان برادەرانی لێژنە روونکردنەوەی زیاتر بدەین، دوو حەقیقەت هەیە لە موناقەشەکاندا ئینتیباهی بکەن، یەکێکیان: ئێمە ئەو قانونە بۆ ئەنجومەنی سێ موحافەزەکە دائەنێین لە هەرێمی کوردستاندا رێکخراون، ئەو قانونە پێشتر بە هەڵبژاردن کراوە، لەهەموو عێراقدا، لەسەرتاسەری عێراقدا دەسەڵاتێکی هەبووە، دوایی پاش ئەوەی کە دەستوورمان هەیە، دەستوور ئیقراری ئەو هەرێمەی کردووە وەکو هەرێمێکی فیدراڵی، پاشان قانونێك دەرچووە، قانونی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە عێراقدا، ئەو ئەنجومەنانەی کە لە هەرێمێکدا رێکنەخراون، هەڵبژاردنیش بۆ ئەوان کران، قانونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە لە هەرێمێکدا رێکنەخراون، واتا رێکخستنی هەموو بابەتەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەکرێت، دەسەڵاتەکانی هەڵبژاردنی هەموو دەبێ لێرەوە قانون دەربچێ، ئەوە راستیەك، دووەم: قسەکانی کاك باپیر و کاك بارزان، دوو شتی عەکسی یەکتر بوون، ئەو دەڵێ: دەبێ پەرلەمان وا بێت، دەسەڵاتی زیاتر بدرێ، ئێمە هەرێمێکین، کاك بارزانیش داوای زیاتری دەکات، بەبێ ئەوەی بگەینە ئەو ماددەیەی کە عیلاقەی بەو دوو قسەیەوە هەیە، مەفروزە کە گەیشتین و ئەوەی کە پێت وایە لامەرکەزیەتی زیاتری داوە، قسەی خۆت بکە، یان پێت وایە ئەوە دەبێ زیاتر بدات، ئەو کاتی

قسەی خۆت بکە، ئەگەر رەئیەکەت پەسندکرا، ئەو وەختی رەنگە پەیوەندی بەوە هەبێ کە بگەڕێنەوە سەر ماددەکانی پێشووتریش، هەتا سەر ئەو تەعابیرانەی کە لە ماددەی یەکدا هاتووە، بەڵام ئێستاکە من پێم وایە واز لە یاساکە بێنن، کەئەنەهو لە لێژنەی دانیشتووین و تازە پرۆژە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکەینەوە، ئەوە شتێکی هینە، من پێم وایە ئەو ماددانەی کە تەبیعینە بڕۆن، ئەگەر بێت و گۆڕانکاری کرا، خیلافێ هەبوو لەگەڵ ماددەی پێشتر دەنگمان بۆداوە، دەگەڕێنەوە سەری و رایدەگرین و پێویست دەکات لێژنەی یاسایی و لێژنەی ناوەخۆ پێداچوونەوە بکەن، بەڵام هەتا دەگاتە ئەوە، من پێم وایە نەچینە سەر ئەو مەوەزوعە، چونکە ئەوە یەکلاکراوە، پرۆژەیەکی حکومەتە هاتووە، چەندین مانگە دواکەوتووە، موناقەشە کراوە، لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکان کۆبوونەوە کراوە، چەندین جار کۆبوونەوە کراوە، جارێکیان ناردوومانەتەوە حکومەت و هاتووتەوە، کۆبوونەوەی هاوبەش کراوە، خولاصەی رەئی لێژنەی یاسایی و لێژنەی ناوەخۆ، ئەوەیە کە راپۆرتەکان هەمووی تەوحیدکراونەتەوە، لەوەی کە ئەو هینە، بەرەئی من، بەرچاوکردنی ئەوەی کە هەردوو پرنسیپەکان، یەکێکیان، لامەرکزیەتی زیاد بدرێتن بە دام ودەزگاکانی موحافەزات و ئەنجومەنی پارێزگاکان، لەبەر ئەوەی کاری ئیداری پێویست دەکات ئەو لامەرکەزیەتە هەبێت، دووش: تایبەتمەندی کوردستان بپارێزرێت وەکو هەرێمێك، دەسەڵاتی تەشریعی، ئەو دەسەڵاتانەی کە لە ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقدا هەیە، پەرلەمانی کوردستان پێی هەڵدەستێت، ئەگەر نوقتەی نیزامی نیە، قسەی خۆتان کرد، فەرموو دەی.

**بەڕێز باپیر کاملا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێمە زیاتر لامەرکەزی سیاسیە، ئەوەی کە باس دەکرێ لامەرکەزی ئیداریە، تێکەڵیەك هەیە لە نێوان لامەرکەزی ئیداری و لامەرکەزی سیاسی، من مەبەستم ئەوە بوو کە لە موحافەزات داوا دەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصر الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەسەت لەم قسانە و لەم ماددەیە، من پێشنیارێکم کردووە کە وەزارەتێکی مەعنی هەبێ کە بۆ شوئونی موحافەزات و کاروباری ئەوی بەرێوەبەرێ لە جیاتی وەزارەتی ناوەخۆ، کە تەنها رەبتی بەوەوە هەیە، دوو: پێشنیارێکی ترم هەبوو، بوارت نەدا، کە من پێشنیاردەکەم، مەجلیسی قەزا و ناحیەی نەمێنێ لەو قۆناغەدا، زۆربەی پرۆتۆکۆلاتی نێودەوڵەتی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لەو ماددەیەی كە باسی لێ دەكەین، دەتوانی تەرحی بكەی، باسی ئەنجومەنی مەجلیسی قەزا دەكەین، باسی ئەنجومەنەكان دەكەین، دەتوانی، كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عپمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو یاسایەی دەریدەكەین، خاوەنەكەی كەس لێرە مەوەجود نیە، دەبوایە ئەوەی نوێنەری پارێزگاكان یەعنی نوێنەری وەزیرەكان لێرە مەوجود بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ئاگاداری وەزیرمان كرد، بەڵام وەزیری ناوەخۆ هێشتا سوێندی نەخواردووە، وەزیری ناوەخۆی پێشوو ئیستیقالەی كردووە، وەزیری ناوەخۆ كە پێویستە لەو تەوحیدەدابێت، ئەنجومەنی پارێزگاكان، پارێزگار یان ئەنجومەن، ئەوانە ناتوانن بێنە ئێرە بەڵام لە كۆبوونەوەی لیژنەكان حازر بوونە و گوێ بیستی رەئی ئەوان بووینە و دەزانین رەئیەكانیان ئەوەندەی بۆیان كرابێت لیژنەكان ئەو رەئیانەی كە پەسەندیان كردووە لیژنەكان نووسراوە، بەڵام لەگەڵ حكومەت بە دائیمی لە كۆبوونەوەدا بوونە و خولاسەی ئەوەیە و ئەوە تەعبیریش لە رەئی حكومەتیش دەكات ئەو راپۆرتە، چونكە دوا راپۆرت بە ڕاوێژ كردن لەگەڵ حكومەتیش و لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاكانیش حازر كراوە، نوقتەی نیزامی بێت تكایە، فەرموو كاك سعدالدین.

**بەڕێز مەلا سعدالدین مەلا عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو مەشروع قیرائەی ئەوەلی و مەشروع، ئێمە تەسویتمان لەسەر مەشروعێكی تر كردووە، لابودە ئەو راپۆرتەی هەردوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ كە حازریان كردووە ئەو سیاغە نوێیەیان حازر كردووە تەسویتی لەسەر بكرابا و بكرابا ئەساس، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان ئەوەی جواب بدەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی ئەو مەشروعەی ئێستا ئامادە كراوە، هەمووی لە مەشروعی یەكەم و مەشروعی دووەم هاتووەتە ئاراوە و هیچ شتێكی تازەی تێدا نیە، بەڵام ئەگەر بشدرێتە تەسویت هیچ مانعێك نیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە نایەوێت بخرێتە تەسویت، ئەوە شتێکی تەبیعیە و خۆتان دەتوانن تەوحیدی بکەن، حەقی تەبیعی لیژنەکانە، کاک ماموٚستا انورفەرموو.

**بەڕێز انور محمد غفور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من لە بڕگەی 11 (المجالس: مجالس الوحدات الاداریه) یەعنی پێویستی بە تەوزیحی زیاتر هەیە، چونکە لە بڕگەکانی داهاتوو دا هەمووی باسی لە مەجلسی موحافەزە دەکات یان مەجلسی قائیمقامیەت دەکات، ئەوە نازانم چۆنە؟! خاڵی 12 یش مەسەلەی 100 کەس بۆ قەریەیەك، بۆ گوندێك، بە چ پێوەرێك ئەوە داندراوە، یەعنی ئەوە چۆنە؟ چونکە ئێستا گۆڕانکاری زۆر لە گوندەکانی کوردستان بووە، شوێنێك هەیە ئاوی نەماوە و شوێنێکی تر هەیە ئاوی هەیە و سێ ماڵی لێ هەیە، شەرت نیە بگاتە 100 کەس لەو گوندەدا، خەدەماتی بۆ دەچێت یان ناچێت؟ یەعنی ئەوە نازانرێت، ئەوە پێویستی بە تەوزیحێك هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا زۆر وازحە کاک مەلا انور، بە نسبەت ئەو پرسیارەی کە کرد، مەجلس بە تەنها ئەگەر ناوی بێت مەبەستی ئەنجومەنی پارێزگایە ، ئەگەر گوتی ئەنجومەنی مەحەلی ئەوە لێرە دیاری کردووە و مەبەستی ئەوەیە ئەنجومەنی قەزاو ناحیە، ئەگەر بە تەنها گوتی ئەنجومەنەکان مەبەستی هەر سێکیانە زۆر وازحی لێرە، کاک کریم نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی کاک سعدالدین سەبارەت بەوەی کەوا دەبێت ئەوە بکرێتە ئەساس و دەنگی بۆ بدرێت، ڕاستە لەڕووی یاساییەوە ئەگەر دەنگی بۆ نەدرێت و نەکرێتە ئەساس ئەوە ناکرێت، چونکە پرۆژەکەی دیکە زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو پرۆژەیە، کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، یان ئەوەتا ئەوە بکرێتە ئەساس و ئەوە موناقەشە بکرێت، یان ئەوە، لەڕووی یاساییەوە دەبێت دەنگی بۆ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک فرست ڕەئیت لەسەر ئەوە چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ نەسێك لە نیزامی داخلی دا نیە کە تەئیدی ئەوە بکات، دەمێنێتەوە بە نیسبەت لیجانی قانونی لە قەواعیدی عام لە پەرلەماناتی عالەم کە زیاتر لە مەشروعێك هات، لیجانی موختەس حەقیان هەیە تێکەڵاوی بکەن و تەوحیدی بکەن، بە ڕەئی من موحتاجی تەسویت ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

مساعەدە بكەن، ئەگەر نە بە ئا و نە بە نا نیە، ئەگەر هەر دوو لیژنە، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ پێیان باش بێت دەیخەینە تەسویتەوە.كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزان هیچ لیژنەیەك مانع نیە كە بخرێتە تەسویتەوە، ئەگەر بخرێتە تەسویتیش شەرعیەتی زیاتر دەدرێت و دەبێتە یەك پرۆژە بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بكەین.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو راپۆرتەی هاوبەشی هەر دوو لیژنە كە حازریان كردووە دەیخەمە بەردەمتان بۆ دەنگدان بۆ ئەوەی موناقەشەی لەسەر بكەین، كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ فەرموون، تەنها كاك بارزان لەگەڵ دانیە، موناقەشەی بكەن، كاك هیوا نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئایا نابێت پرۆژەكە بخوێندرێتەوە ئینجا تەسویتی بۆ بكرێت؟ پرۆژە نەخوێندراوەتەوە تەسویتی چی بۆ دەكرێت؟.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی) :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەو پرسیارەم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەمە تەسویتی بۆ كرا، تەواو بوو، تەسویتمان بۆ ئەوە كرد ئایا ئەو دوو راپۆرتە بخوێندرێتەوە یان نا؟ موافەقەتتان كرد بخوێندرێتەوە، یەعنی بخرێتە بەرباس یان نا؟ گوتتان بەڵێ، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەرەتاش ئیشارەتم پێی دا، ئەم دوو پرۆژەیە هەردووكیان خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، ئەوەی ئێستا ئامادەكراوە لەسەر ڕۆشنایی ئەو دوو پرۆژەیەیە كە پێشتر هاتووە و لێرە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ

کراوە زائیدەن مولاحەزاتی لیژنەی قانونی، زائیدەن مولاحەزاتی لیژنەی ناوخۆ لە ناو پرۆژەکە دایە، واتە ئەو پرۆژەیەی کە تەسویتی بۆ کرا دەبێتە پرۆژەیەك بۆ ئەساسی ئەوەی کە موناقەشەی لەسەر بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەشکالەکە لە چی دروست بووە؟ ئێمە بە عورفی پێشوومان هەمیشە ئەسڵێك هەبووە ئینجا راپۆرتیش هەبووە، ئێستا راپۆرت و ئەسڵەکە بووە بە یەك، یەعنی ئەشکالیەتەکە بۆچی؟ ئەو دوو راپۆرتە موشتەرەکە حەقی خۆیەتی هی ئەو لیژنەیەیە، بەڵام ئەسڵەکە کامەیە، ئێمە هەموو جارێك ئەسڵەکەشمان دەخوێندەوە لەگەڵ ئەویش دا راپۆرتەکەشمان دەخوێندەوە، ئێستا ئەو ئەسڵە گوم بووە، ئەوە چۆن موعالەجە دەکرێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەنگمان بۆی دا، ئەوە هیچ، بەڵام هەر بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتر ئەسڵەکە خوێندراوەتەوە و چەندین کۆبوونەوە کراوە، لەگەڵ حکومەت دنیشتن کراوە، ئەگەر ئەو تفسیلاتە نەبایە هەمووومان سەرمان لێ دەشێوا، کە بیخوێنیەوە گۆڕانکاریەکی زۆری بۆ کراوە، بۆیە هەردوو لیژنە رەئیان وا بوو ئەسڵەکە و راپۆرتەکان یەك بخەن وەکو راپۆرتێك، چونکە گۆڕانکاری زۆری لەسەر کراوە، ڕەنگە لە هەموو ماددەکان کرابێت، بۆچی هین بکەین مادام هەمووی گۆڕانکاری کراوە، یەك ڕاپۆرت بخرێتە بەردەمی ئێوە و رەئیشتان لەسەر ئەوە بووە و کە ئێوەش دەنگتان بۆی داوە، دەچینەوە سەر موناقەشەکانمان، بە ناوی نوقتەی نیزامی چارەت ناکەم فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ موعالەجەی ئەو مەوزوعە رەئیم هەیە، کە برادەران حەقیانە لەم مەوزوعە، ئەم راپۆرتە هاوبەشە جیاوازە لەگەڵ راپۆرتە هاوبەشەکانی تر، کە هاتوون لە تەعاریفەوە دەستیان پێ کردووە و هەموو قانونەکەیان داڕشتووەتەوە، دەستیان خۆش بێت، بۆیە ئێمە بەس ناونیشانەکەی با بگۆڕین بیکەینە پرۆژە یاسای ئەنجومەنی موحافەزات، ئینجا لە ناو تەعریفەی کە بیدایەت کردوومانە، لەوێ بڵێین لە ئەنجامی دانیشتن و وردبوونەوەی هەر دوو لیژنە ئەم پرۆژە یاسایە هاتە ئاراوە، یەعنی لێرەدا هیچ موشکیلەمان نامێنێت، بەس ناوی بابەتەکە بگۆڕین و بیکەینە پرۆژە یاسای پێشنیار کرا و بۆ ئەنجومەنی موحافەزات، دواتر لەو تەفاسیلەی کە لە بیدایەت باسمان کردووە بڵێین ئەم پرۆژە یاسایە دوای خوێندنەوەی یەکەمی چەندجارەکی و دانیشتنی هەر دوو لیژنە هاتووەتە ئاراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی نەبوو، حەلەکەشت حەل نەبوو، ببورە، ئەگەر تەماشای تەقریرەکە بکەی لەسەرەوە نووسراوە (راپۆرتی لیژنەی هاوبەش)، لە خوارەوەش (پرۆژە یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان)، خۆی نووسراوە، کاك اسعد فەرموو.

**بەڕێز اسعد شاكر امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێ تێبینم هەیە، یەکەم: لە لیژنەی هاوبەش داواکارم لەسەر ناوی پرۆژەکە لەسەرەوە لەشەرح دەڵێت (قانون مجالس محافظات اقليم كوردستان ـ العراق) لە خوارەوەش بە گەورەیی نووسراوە (قانون محافظات لاقليم كوردستان ـ العراق) ئایا (مجالس محافظات اقليم كوردستان) یان (محافظة لاقليم كوردستان)ە؟ دووەم: دەبێت لە ماددەی یەکەم فەقەرەیەك زیاد بکەین پێناسەی یاسایەکە، چونکە لە ناو پرۆژەکە لە زۆر جێگا ناوی یاسایەکە دێت، کەواتە دەبێت بڕگەیەك بۆ یاسا دابنێین، سێیەم: لەسەر فەقەرەی 12 ژمارەی دانیشتوان کە 100 کەس بێت، زۆر گوند هەیە لە 100 زیاترە، ژمارەکە لە نێوان 150 ـ 200 کەس بێت باشترە، یەعنی (لايقل 150 ـ200 )یەعنی تەسبیت بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی لە ڕاستیدا مولاحەزەی یەکەمت هێنە، عەینی مەفهوم دەگەیەنێت، وابزانم هی عیراق قانونی موحافەزات نووسراوە، یاسای پارێزگاکانی کە ڕێك نەخراوە لە هەرێمێك دا، نەنووسراوە ئەنجومەنی پارێزگاکان، شامل ترە بڵێی یاسای پارێزگاکان، لەبەر ئەوە لێرەشدا وا هاتووە، بە هەرحاڵ دواتر لیژنەی هاوبەش مولاحەزاتەکان کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی وەڵامیان بدەنەوە، کاك ئارێز فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر بڕگەی 12 یە کە گوند لە 100 کەس کەمتر نەبێت، من پێم وایە 100 کەس کەمتر نەبێت کەمە، وەکو مامۆستا اسعد پێش من ئیشارەی پێدا، لەبەرئەوەی بەڕاستی تۆ ئەگەر گوتت گوند ئەگەر لە 100 کەس پێك بێت، عادەتەن لە گوندانیش لە لادێکان ژمارەی خێزان زۆرە و 10 خێزان تا 12 خێزانە، هەر 10 خێزان و 12 خێزانێك مەکتەبی پێویستە و بنکەی تەندروستی پێویستە و کارەبای پێویستە، مزگەوتی پێویستە، ئەرکێکی زۆر دەکەوێتە سەر حکومەت، ئەوە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە هاندانی خەڵکە کە پەرش و بڵاو بێت، حکومەت بە ئاسانی ناتوانێت خزمەتگوزاری بگەیەنێت، جگە لەوەش ئەوەی دیومانە لەو چەند ساڵەی دوایی بە هەر هۆکارێك بێت، لەبەرئەوەی ڕێنمایی پێویست نیە، حکومەت ئاگادار نیە، تەنانەت بە هۆی بڵاوبوونەوەی خەڵك لە ناوچەکانی دەرەوەی شار، ناوچەیەکی زۆری کشوکاڵی داگیر کراوە، لەبەرئەوە ئێمە پێمان وایە، منیش و مامۆستا اسعدیش پێشنیاری ئەوەی کرد کە لە 150 کەس کەمتر نەبێت بە لایەنی کەم، چونکە ئەو کات حکومەت ئاسان تر دەتوانێت، ئەگەر خەڵکێکیش هەبێت بیەوێت دوو ماڵ و سێ ماڵ و چوار ماڵ لە شوێنێك بۆ خۆیان نیشتەجێ بن ئەوە

خزمەتگوزتاریەکە دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان، بەڵام بەو شێوەیە، پێم وابێت بۆ دوا ڕۆژ کارێکی خراپ دەکەین و ئەرکی حکومەتیش قورس دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵاهی ئەو مولاحەزەیە بە جێیە، چونکە هی عیراق زۆر زیاترە نفوسی، وابزانم 250 یە 300؟ حەقە ئیهتیمامێك بدرێت بە ئەوە، کاك محمد فەرمووو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش مولاحەزەکەم هەر لەسەر بڕگەی 12 بوو کە بەڕاستی گوند بکرێتە 250 باشترە و دەتوانین لەو حاڵەتە هەندێك گوندی بچووك هەیە کە کۆیان بکەینەوە و دێی تازەیان بۆ دروست بکەین و هەموو خەدەماتێکیان بۆ دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ نوقتەی نیزامی هەیە فەرمووو.

**بەڕێز شێردڵ عبداللە حەوێزی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی مەنیقەی ئێمە مەنتیقەیەکی شاخاویە و چیایە، عادەتەن کەم دەژین، لە هەندێك شوێن، وەکو عیراق نیە، خۆتان دەزانن دوو ئاوی گەورەی هەیە، لەبەرئەوە دەبێت لە کوردستان شتێکی تایبەتی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ئێستا موناقەشەی ئەو خاڵە ناکەین، ئەوە رەئی ئەندامانی پەرلەمانە و ناویان نووسراوە، موناقەشەی دەکەین ئەخیرەکەی دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەوەی ناوی نووسیوە و لەسەر ئەو مەوزوعە قسەی دەکات....، ئەگەر وابێت ئەو ماددەیە بە ڕۆژێك تەواو نابێت، کاك جمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال شمعون ئیلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بە پێویستی دەبینم کە بڕگەیەك یاخود تەعریفێکی تر ئیزافە بکرێت، بە ناونیشانی (الناخب) تەحدید بکرێ کە ناخب کێیە، تەعریفەکەشی بەم شێوەیە بێت، (لایقل عمره عن 18 سنة وان یکون من ابناء المحافظة او مقیما فیها مدة لاتقل عن 10 سنوات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە قانونی ئینتیخابات نیە کاك جمال، قانونی ئینتیخابات دەبێت بنووسرێتەوە، کاك سعدالدین فەرمووو.

**بەڕێز مەلا سعدالدین مەلا عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەكو مولاحەزە ئیقتیراح دەكەم، تەصویتی ئەو ماددەیە بخرێتە ئاخیری، چونكە لەبەر ماددەی 21 ئەوانەی پەیوەندیان بە یەكەوە هەیە، باسی وەزارەتی داخیلی و مەركەزیەت و لامەركەزیەتی تێدایە، چونكە ناكرێ ئێمە تەصویت لەسەر ئەو ماددەیە بكەین و جارێكی دیكەش بگەڕێینەوە سەری، ئەگەر هەندێ تەغیرات روویدا، ئەوە یەكەم، دووەم: لێرە باس لە نۆیەم دەكەم، نۆیەم لە 11، لە نۆیەم دەڵێ: المجلس:مجلس المحافظة، دوایی عەینی صیغەكەی بە جمع هێنایە و دەڵێ: المجالس: مجالس الوحدات الاداریە، شەرت نیە یەعنی كە گوتت مەجلیس ئیلا مەقصەدت مەجلیس موحافەزە بێت، كە گوتت مەجالیس مەقصەدت ئەوە بێت مەجالیس وەحداتی ئیداریە، ئەوە جەمعە و ئەوەش پێی دەڵێی مەجلیس، نوقتەی سێیەم: لێرە كە باسی قەریەی دەكات، مەقصەدی لەوە نیە ئەوە قانونی بەلەدیە بێت، یان قانونێكی دیكە بێت تەحدیدی ئەوەی بكات، ئەوە قەریە لە چەندی پێك دێت و لە چەندی پێك نایەت، یان تەسمیەی قەریەی لەسەری بكات، نا ئەوە باس لەوە دەكات، باس لە مەجالیس دەكات، مەجالیس لەوەندەیە و قەریە ئەگەر هات و لەوەندە تا ئەوەندە بوو، لۆی هەیە ضم بێت لە قەزا بۆ ناحیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

دیارە كە جوابی كاك ئەنوەرم داوە، جەنابت كە بانگم كردی ئاگات لێ نەبوو، یان لەشەرحدا ئاگات لێ دەبوو، ئەگەر نا زۆر بە وازیحی باسم كرد، و زۆر وازیحە و جەنابت عەرەبیەكی باش دەزانی، ئەگەر لەو قانونانەدا ئەگەر وتیان المجلس، مەقصەدی مەجلیسی موحافەزەیە، كە وتی (المجلس المحلی)، مەجلیسی مەحلی قەزایە یان ناحیەكەیە؟، كە بەتەنیا المجالس هات، مەقصەدی ئەوەیە مەجلیسی قەزا و ناحیە و موحافەزەكەیە، ئەوە عەینی قسەم كرد، كاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارەكم هەیە، هی دووەم: ئەو قانونە صادر دەكرێ بە ناڤێ ئەنجومەنی پەرلەمان؟

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

قانونەكە صادر بوو، ناوەكە گۆڕدرا، ناوەكەی گۆڕا لە 26ی مانگەوە، ناوی كرا بە پەرلەمانی كوردستان، بەرەسمیش لە 25ەوە، بە رەسمیش بە كیتاباتی رەسمی فەرمانێك دەردەچێ كە لە 4/1 هەموو نووسراوێك و دام و دەزگاكانی حكومەت دەبێ بنووسرێ پەرلەمان، ناوی پەرلەمانیش لە پێش هیندا، ئەوە ئیشی تێدا دەكەین و ناوەكەش بگۆڕن، بەڵام قانونیەن لە 25ی مانگەوە ناوی بوویتە پەرلەمانی كوردستان، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەبارەت بە پرۆژەکەوە نازانم، پێم وایە ئەوە پرۆژەیە بە چوار نەوع لەلام هەیە، ئەوەی کە برادەران باسیان کرد کە نوقتەی نیزامیە،فیعلەن نوقتەی نیزامیە، ئەبوایە ئەم پرۆژەیە مادام ئەو تەقریرە کرایە ئەساسی گشتی بۆ پرۆژەکە، ئەبوایە خوێندنەوەی بۆ بکرابا و لە دواتردا، ئەو تەقریرە ئەمڕۆ بەڕاستی ئێمە لە سندوقەکاندا بینوومانە، ئەوەی ترمان لە لایە، لە 2006ەوە تا ئێستا لە لامانە، ئەوە دووبارە بوویتەوە، سەبارەت بە ناوی پرۆژەکە، من پێم باشە بیکەینە (قانون الادارە المحلیە)، لەبەر ئەوەی موحافەزە لە لامەرکەزیەی ئیداریدا شەخصێکی ئیقلیمیە، یەعنی ئەبێت جوزئێك لەوەی کە ئێمە لامەرکەزیەتی ئیداری دروست دەکەین، کە ئەو شوێنەی کە ئەمانەوێ، ئیدارە مەحلی بێ و بیگرێتەوە، هەروەها قانونی مصریش کە ئێستا هەیە، هەر بەو ناوەیە، پێشتر بە ناوی حوکمی مەحلی ناوی هەبوو، بەڵام دوای دیراسەیەکی زۆر دەرکەوت کە ئیدارەی مەحەلی گونجاوترین ناوە بۆ لامەرکەزیەی ئیداری، سەبارەت بە پارێزگا، جەنابت ئاگاداری ئێمە بەراستی ئەگەر لێرە ناوی پارێزگا بێت، ئێمە پێشتر باسی گەرمیانمان کرد و جەنابت ئاگاداری لەو مەوزوعانە، گەرمیان پێش رووخانی رژێمی سەددام، پارێزگایەکی هەبوو بەناوی پارێزگای کەرکووك لە دەربەندیخان، لە قانونی ئیدارەی دەوڵەتدا لە ماددەی 53دا ئیعتیراف کراوە کە هەموو ئەو قەرار و قەوانینەی کە حکومەت و بەپەرلەمانیشەوە دەریانکردووە، ئەم موحافەزەیە کە لە دەربەندیخان بووە، بە فەرمانی ژمارە 7 لە 1992/9/13 یەکەم پارێزگاری بۆ دانراوە، ئەوە بەڵگەیەکی قانونیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەرکووك رزگار بوو، کەرکووکی راستەقینە، ئێستا یەعنی ئەو ئیدارەیە وجودی نەماوە، ئەگەر ئەم قانونە بە موحافەزە بەس تەنها ناوی موحافەزە بێت، ئیدارەی گەرمیان جێگەیەکی نەبێ وەکو جەنابت ئاگادار بێت پرۆژە بریارێکیش تەقدیم کراوە نازانم تا چ ڕاددەیەك ئەخرێتە بەرنامەی کارەوە، یەعنی بەڕاستی ناکرێ (1010)دێ، ناکرێ 17 ناحیە، ناکرێ ئەو مەجموعە قەزایە، راستە ئێستا قەزا و ناحیەکان بێ، بەڵام ئێمە کە باس لە مەجلیس دەکەین، لە ماددەکانی داهاتوودا دەسەڵاتێکی زۆر فراوانی هەیە، ئەگەر بەو شێوەیە بڕوات و ئەو وەزعەی ئەوێ جێگەی نەکەینەوە، کەواتە ئەو ناوچەیە بێ ئەنجومەن دەبێ، یەعنی بێبەش دەبێ لە لامەرکەزیەی ئیداری، یەعنی بەڕاستی من ئەڵێم: ئەگەر بکرێ لەم یاسایەدا، یان لەو پرۆژە بڕیارەدا کە جەنابت لێرە زۆر بە تەفسیلی ئاگاداری لێی، ئەگەر بکرێ بخرێتە بەرنامەی کارەوە، ئەویش حاڵەتێکە و عیلاجێکی بۆ بکرێ، سەبارەت بە ئاوایی، من بە تەجروبەی خۆم، هەم مودیر ناحیە بووم، هەم هەندێ جار وەکیلی قایمقام بووم، گەرمیان ئەهێنمەوە بۆ نموونە، کە بەر ئەنفال و کاولکاریەوە کەوتووە، 1100 دێی گەرمیان ئێستا بچۆ ئیحصا بکە 10 دێ نابینیتەوە دانیشتوانەکەی 100 کەس بێت، یەعنی بە پێی ئەم تەعریفە، لەسەرتاسەری گەرمیاندا، تەنها ڕەنگە 10 دێ هەبێت کە 100 کەسی لێ بێت، بۆیە من دەڵێم: ئەم ژمارەیە بەراستی بە زۆر ئەزانم، ئەگەر وەکو مەرحەلەیەکی ئینتیقالیش بێت، ئێمە ئەو تەعریفە بە شێوەیەك بنووسین با بڵێین لە 50 کەس کەمتر نەبێ، یەعنی ئەوەی بە باشتر دەزانم، ئەکرێ لە داهاتوودا ئەگەر حکومەت بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی هەبێ، وەرن ئیحصایەکتان بدەمێ کە لە هەموو گەرمیاندا 10

دێ ئاوەدان نەکراوەتەوە تا ئێستا لە لایەن حکومەتەوە، ئەگەر لە داهاتوودا ئاوەدانکردنەوە هەبێت، 10 تا 15 دێـی کۆبکەیتـەوە لـە جێیەکـدا و بـە ئـارەزووی خۆیـان ژمارەکـە زیـاد بـێ، ئـەوە ئـەگونجێ لەگـەڵ تەعریفەکەدا، بەڵام لەم قۆناغەدا من پێم باشە ژمارەیان کەم بکەینەوە، لەبـەر ئـەوەی دێهاتـەکانی هـەموو کوردستان، بە تایبـەتی ناوچـەی گـەرمیان بێبـەش نـەبن، ئـەو تەعریفـە، ئـەو قانونـە ئەگـەر لـە داهـاتوودا لەسەری جێبەجێ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل ئەوە ناوی هیچ موحافەزەیەکی تێدا نیە، قانونی موحافەزاتـە، ئـەو قسـەی جـەنابت کـردت، مـن بـاش تێدەگـەم، بـەڵام لێـرەدا نـەیوتووە موحافـەزەی سـلێمانی و هـەولێر، قـانونی موحافەزاتـە، ئـەوە مەوزوعێکی ترە، مەوزوعەکەی تـر لـە بـاس کردندایـە، باسیشـمان کـردووە و قسەشمان لێـی کـردووە، کـاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد حکیم جبار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من تەئیدی قسەکەی کاك عادلە، دەکرێ ژمارەکە کەم بکەینەوە لەبـەر ئـەو هۆکارانـەی کـە باسـی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مولاحەزاتانە دوایی هەردوو لێژنە جوابتان دەدەنەوە، قسەکان کۆتایی پێهات، خاتوو نەسرین فەرموو.

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەو خاڵی 12 بە نیسبەت گوندەکانەوە، ئەگەر هـاتو لـە 100 کـەس کـەمتر بێـت، ئەوانـەی لـە 100 کەس کەمتر بێت چۆن ئیشیان بۆ ئەکرێ؟ ئێستا ئەوە ئەڵێی: 100 کـەس کـەمتر نـەبێ، ئـەی ئەگـەر 50 کەس بێت؟ ئەگەر 60 کەس بێت؟ ئەو ماڵانە ئەبێ سەر بە کوێ بـن و چـۆن چارەسـەری کێشـەکانیان دەکرێ و سەر بە کوێ دەبن تا ئیشیان بۆ بکرێ؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش تێبینیم لەسەر ناونیشانی پرۆژەکە هەیە، دەبوایە پـرۆژەکە بـە ناونیشـانی، وەکـو چـۆن لـە دواییدا هاتووە، (مشروع قانون المحافظات لاقلیم کوردستان-العراق)، ئەوە بهاتبایە، ئینجا دوایـی ئـەوان ئـەو

ناونیشانەی کە داویانە لە تقریر اللجنە المشترکە، پێویست نەبوو ئەصڵەن ئەوە وەکو ناونیشان بێت، منیش لەگەڵ ڕەئی خوشکە پەخشانم کە نەئەبوایە بەناوی لیژنەی موشتەرەك بوایە، دەبوایە تەقریری موشتەرەك بوایە، بۆ چاککردنەوەی ئەوەش من پێم وایە ئەتوانرێ عیلاج بکرێ، بڵێین: قررت اللجنة توحيد تلك الافكار و تسهيلها للمناقشة و التصويت، قررت اللجنة توحيد تلك الافكار في مشروع واحد، او في هذا المشروع، ئەو وەختە حەل دەبێت یەعنی پێویست ناکات، یەعنی عینوانەکە بگەڕێنینەوە بۆ خۆی، ئەوە خاڵێك، دوو: من لەگەڵ ڕێزمدا من نوقتەی نیزامیم هەبوو، بەڵام ترسام وتم ئێستا نوقتەی نیزامی بڵێم، دوایی نایەڵێت قسە بکەم، جا لەبەر ئەوە بەڕاستی من نوقتەی نیزامیم هەیە و ئەبوایە وەزیری ناوەخۆ، ئەگەر نیە، وەزیری کاروباری ناوەخۆمان هەیە، ئەبوایە لێرە بوایە، جگە لەوەش، بەڕاستی وەزیری هەرێم هەیە بۆ کاروباری پەرلەمان، من لەگەڵ ڕێزمدا نەدەبوایە ئیجازەت بدابا پێی تا بڕواتە دەرەوە، ئەگەر هیچ نەبوایە ئەو لێرە ئامادە بوایە، خاڵێکی تر، من لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەوانەی کە باسی دێهاتی کوردستان دەکەن، ئەیانەوێ بەراوردی بکەن لەگەڵ دێهاتی ناوچەکانی تری عێراق، ئێمە وەکو کاك شێردڵی بەڕێز باسی کرد کە ئێمە ناوچەی شاخاویمان هەیە، ئێمە هەندێك دێهاتمان هەیە دوورە دەستن، یەعنی نەك تەنها ئەو ژمارەیە، یەعنی من پێم وایە ئەو ژمارەیە هەر ناکرێ ئێمە تەسبیتی بکەین، لەوانەیە پێنج ماڵ بێت، دە ماڵ بێت، على الاقل ئێمە بڵێین: لە بەینی 10 تا 20، ئێمە پێویستە ناوی ماڵەکان بڵێین، لە چەند ماڵ پێك دێت، نەك لە چەند کەس پێك دێت، چونکە ئەبێ لەبیر نەکەین، ڕۆژ بە ڕۆژ، هەتا ژمارەی دانیشتوانی دێهاتەکانیش خەریکە کەم دەبێتەوە، یەعنی خەریکە وەکو جاران، ئەگەر جاران هەر ماڵێك لە 15 یان 16 کەس پێك هات، ئێستا لەوانەیە هەر ماڵێك لە پێنج کەس یان شەش کەس پێك بێت، لەبەر ئەوە على الاقل ئێمە بڵێین لە 5 ماڵ یان 10 ماڵ یان لە 15 ماڵ، تەحدیدی ماڵەکان بکەین، من پێم وایە 20 ماڵەکە مەعقولە، ئەگەر بڵێین: لە 20 ماڵ کەمتر نەبێ ئەوە دێ بێت، نەك بڵێین لە 100 کەس یان 200 کەس، ئەو ژمارانە ئەصڵەن ئێمە ناتوانین تەسبیتی بکەین، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیلمان فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد صالح(دیلمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەسەر ماددەی 12 بە تەصەوری من ماددەیەکی زیادە هاتووە لە قانونەکەدا، چ لەسەر گوند، چونکە لەناو ئەم یاسایەدا هیچ قەزیەك نیە لەسەر مەجلیسی گوند، هیچ شتێك عیلاقەی بە گوندەوە نیە، باشترە هەر لای بدەین ئەوە، ئەگەر بمێنێتەوەش، بە تەسەوری من تا ئێستاش، تەئریخیەن لە کوردستان زۆر گوند بچووك هەبووینە، ئێستاش ماینە، هەیە سێ ماڵە یان چوار ماڵە یان پێنج ماڵە، زیاتر نیە، لەبەر ئەوە با نفوسەکە نەبێتە ئەساسی گوند، پرسیارێکیشم لە لیژنەی یاسا هەیە، موبەریرەکە چیە کە بڵێین المجلس المحلي للقضاء او للناحية؟ ئەو مەجلیسە بۆ نەبێتە مجلس القضاء و الناحية؟ چونکە هەمان

صلاحيات و رسمی سیاسەی قەزایە، موراقەبـەی سـوڵتەی تەنفیزیـە، ئینتیخابی قائیمقـام و هـەموو شـتێك هەیە، باشتر وایە بڵێین موباشەرەتەن (مجلس القضاء و الناحية) ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك غەفور فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەکەمم لەسـەر نـاوی یاسـاکەیە، پـرۆژە یاسـای پارێزگاکـانی هـەرێمی کوردسـتان، بکرێتـە پـرۆژە یاسـای ئەنجومـەنی پارێزگاکـان، چـونکە ئێسـتاکە باسـی مەجالیسـی موحافـەزات دەکـات و زیـاتر لـە زمـنی مەجالیس صلاحیاتەکانی تری دیاری دەکرێ، ئەوە یەك، دوو:ئێمە کە ناوی پەرلەمانمان گۆڕی، بە نیسبەت بڕگـەی سـێیەم، هـاتووە ئەنجومـەنی وەزیـران، ئەنجومـەنی وەزیرانـی هـەرێم، بەڕاسـتی حەقـە ئێمـە لـە کوردستان، هەموو دەزگاکان ناوەکان یەك بخـەین، مەسـەلەن: پەرلـەمانی کوردسـتان-عێـراق، لـەو قۆناغـەدا، ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان-عێراق، ناوەکان هەمووی یەك بخرێت، ئەوەش دەزانم پێویستی بە تەعدیل کردنی یاسای ئەنجومەنی وەزیران هەیە، بەڵام حەقە لەسـەر ئـەوەش ئـیش بکـرێ، خـاڵێکی تـر ئـەوەی کـە پێویستە لێرە باسی بکەین، مەسەلەی ئەوە بوو کە زۆر لە برایـان و خوشـکانی بـەڕێز باسـیان کـرد، لەگـەڵ ئەوەدام کە هیچ ژمارەیەك دیاری نەکرێ، لەبـەر ئـەوەی خۆمـان دەزانـین کـە لـە کوردسـتان گونـد هەیـە 4 ماڵە، 5 ماڵە، بە تایبەتی لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراق، ناوچەی گەرمیانـە، ناوچـەی کەرکووکـە، دەڤـەری مەخمـوورە، شـنگالە، تـازە گونـدەکان هەنـدێ خـەڵك دەگەڕێنـەوە، کـەم، کـەم ماڵـەکان چوونەتەوە، ئـەوەش خۆمان لێی مەسئولین، بە پێی پێویست خزمەتگوزاریەکانمان نەگەیاندۆتە ئەو گوندانـە بـۆ ئـەوەی خـەڵك بە تەواوی بگەرێتەوە، هەندێ گوند هەیە لەوانەیە سێ ماڵی بۆ چووبێ، بە سێ ماڵەکەوە سـی کـەس بێـت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام کە هیچ ژمارەیەك نەنووسرێ، هەر ئەوە بنووسرێ: لە کۆمەڵە ماڵێك یان کۆمەڵـە کەسێك پێك هاتووە، وشەی مەجموعـە بـەکاربهێنـرێت لـە جیـاتی ژمارەکە، زۆر حەلەکـە تـەوفیقی تـریش دەبێ، لە هەمان کاتدا ئێمە دەتوانین ئەوەی پێنج ماڵیشە بە گوندی حیساب بکـەین و ئـەوەی 10 ماڵیشـە، مەسەلەی یەکخستنی گوندەکانیش، ئەوە زۆر زەحمەتە، چونکە خەڵك لەسەر ڕەز و باخی خۆیەتی، لەسـەر زەوی وزاری خۆیەتی، زەحمەتە تۆ بتوانی کۆمەڵێك گوند لەو شـوێنە بگوێزیـەوە بـۆ شـوێنێکی تـر و بـۆی دروست بکەی، ئەوە ئەرکی حکومەت قورستر دەکات، دەبێ حکومەت لێرەدا هەوڵ بدات، خۆی خانوویان بۆ دروست بکات، خۆی خزمەتگوزاری زیاتریان بۆ ببات، بـەڵام ئێسـتا خـەڵك خـۆی خـانووی دروسـت کـردووە لەسەر ڕەز و باخی خۆی و لەسەر گوندی خۆی، من مەسەلەیەکی زۆر بچووکتان بۆ باس بکـەم، بـرادەرێکم باسی گەرمیانی کرد، باسی ئەو دەڤەری قەراج و مەخمورو گوێر و کەندیناوە و ئەو ناوچانە، خەڵکەکە بـە زۆری گـەڕاوە لـە دوای پرۆسـەی ئـازادکردنی عێـراق، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هـیچ خزمـەت گوزارییـەکی بـۆ

نەچووە، نەرێگا و بانی بۆچوو و نە نەخۆشخانەی بۆ کرایەوە و نە قوتابخانەی بۆ کرایەوە و نە پرۆژەی ئاوی بۆ چوو، ناچاربوون خەڵکەکە وردە،وردە گوندەکانیان بەجێهێشتەوە، ئێستا لە هەندێ گوند لەوانەیە سێ ماڵ مابێت، پێنج مابێت، بۆیە بەڕاستی ئێمە دەبێ بەرنامەمان بۆ ئەو مەسەلەیە هەبێت، ئەرکی ئەنجومەنی پارێزگاکانە لە داهاتوودا کە ئەو یاسایە دەردەچێ، زیاتر بایەخ بە ئاوەدان کردنەوەی کوردستان بدەن، ئەرکی هەرە لە پێشیان ئەوەیە کە خزمەتگوزاری پێشکەش بەو گوندانە بکەن، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژە قانونە دەبوو لە ساڵی 2005 لە سەرەتادا پەسند بکرێ کە لەم دەمەوە ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبژێردراون، بەڵام لەبەر ئەوەی قانونیان نەبووە، نەیانتوانیوە ئەرکەکانی سەر شانیان جێبەجێ بکەن، ئەو قسەیە تازە بەسەرچوو، نەکرا و نەبوو، دێمە سەر بڕگەی 12، لەگەڵ بۆچوونی کاك دیلمانم، ئەو بڕگەیە زیادە، ئەو بڕگەیەش بۆیە لێرەدا هاتووە، چونکە لە قانونی هەڵبژاردنی شارەوانیەکان، کە لە ساڵی 92دا ئێمە ئامادەمان کرد، شەرتی ئەوەمان دانابوو ئەو گوندانەی کەوا ئەنجومەنی شارەوانیان ئەبێ، نابێ نفوسیان لە 1000کەس کەمتر بێ، ئێستا لێرەدا هاتووە، چونکە تێکەڵ و پێکەڵیەك هەیە، چونکە ئێستا گوندەکان ئەنجومەنیان نیە، لێرە پێویست ناکات ئێمە باسیان بکەین، کە هاتینە سەر قانونی ئەنجومەنی شارەوانیەکان، ئەو کاتە دەڵێین: ئەنجومەنی شارەوانی لە پارێزگا، لە قەزا، لەناحیە، لەو گوندانەی کەوا نفوسیان ئەگاتە ئەو ژمارەیە لەویانە ئەنجومەنیان دەبێت، بۆیە من وا ئەزانم کەوا بڕگەی 12 زیادە و پێویست ناکات، چونکە لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی نیە، گوندیش هەر گوندە، ئایا دوو ماڵ بێ یان 100 ماڵ بێ هەر گوندە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسایە هەر خۆی زیادە، هەر پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی ئەو یاسایە دەسەڵات لە ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسێنێتەوە، بە حەقیقەت ئێمە حەق وابوو بە وازیحتر باسی ئەو یاسایە بکرابا، بە باشتر و روونتر باس بکرابا، لەبەر خاتری هیچ کەس و لەبەر هیچ شتێك ئەو یاسایە دەرنەکەین، ئێمە مادام هەرێمێکی سەربەخۆینە، مەجلیسی بەلەدیاتمان هەیە، پارێزگامان هەیە، پارێزگا و مەجلیسی بەلەدیە و ئەنجومەن هیچ دەسەڵاتێکی نیە، ئەو یاسایە نازانم لەبەر چی دەری دەکەین بەراستی، بەرەئی من ئەو یاسایە زیادە، حەقە بەڕاشکاوی ئێمە قسە بکەین، ئێمە هەرێمی سەربەخۆینە و موحافیزمان هەیە، ئەنجومەنی بەلەدیاتمان هەیە، هیچ ئەنجومەنی پارێزگای پێویست نیە لەو کیانەی ئێمە، ئێمەش مەقصەدەکەمان لە ئەصڵدا ئەوەیە، بۆ حەقیقەت و راستیەکە بە باشی موناقەشە نەکەین بۆ ئەوەی هەموو برادەران زۆر بەباشی لە وەزعەکە تێبگەن، ئەو هەموو تێکەڵ و پێکەڵیەیە بۆ ئەوەیە کەس تێنەگات، ئەوە یەك، دوو: مەسەلەی دێهاتەکانیش، ئێمە حەق نیە دێهات

ئەو ژمارەیەی بۆ دابنێین، بۆ ئەوەی هیچ خزمەت گوزارییەکی نەگاتێ، بە عەکسەوە ئێمە دەبێ، هەم لە مەسەلەی کشتوکاڵی و هەم لە مەسەلەی ئاوەدانکردنەوەی لادێیەکان، تەشجیعی لادێیەکان بکەین، ئەگەر دە ماڵ بێت، یان پێنج ماڵ بێت، ئەبێ هەموو شتی بۆ بکەین، بۆ ئەوەی ئەو تەزوخومەی کە لەسەر شار هەیە نەمێنێ، دوای ئەوە ئیکتیفای زاتی بکەین لەسەر خۆمان، حکومەت بەرنامەی باشی هەبێ بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان، چونکە ئەوەی ئێمە دڵێتەوە تەنها ئیکتیفای زاتیە، ئیعتیماد کردنە لەسەر خۆمان، ئاوەدانکردنەوەی لادێیەکان و پەرەپێدانی کاری کشتوکاڵیە لە وڵاتی ئێمە، مەسەلەن نەوت خۆتان دەبێنن وەزعی چۆنە؟، ئەوە نەوت لەوانەیە ساڵێکی تر لەەی خراپتر دابەزێ، ئێمە ئیعتیمادمان لەسەر نەوت بێ، وەزعمان لەوەی باشتر نابێ، حەقە ئیعتیماد لەسەر کشتوکاڵ و ئاوەدانکردنەوەی لادێیەکان بکەین، خاڵێکی تر من بەراستین مادام وەزیر نیە، داوا دەکەم ئەو یاسایە دوا بخرێ، چونکە هەند تێکەڵ و پێکەڵی زۆرە، کێشەی زۆر تێدایە، هەم وەزیریش نیە، تا خوا وەزیرێکمان دەداتێ، بەراستی ئەو یاسایە دەرنەکەین، کەی وەزیرێك سوێندی خوارد و هاتە ئێرە، بووە خاوەنی پرۆژەکە، ئەو کاتە یاسایەکە دەربکەین، ئێستا با دوای بخەین تا وەزیرێك دەبێ و، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**وەڵڵا کاك عوسمان رەئیەکانت پێویستی بە رەدکردنەوەی هەیە، داوای لێبوردنت لێ دەکەم، جارێ تۆ دەڵێی پێویستمان بەو قانونە نیە، ناتوانم بێ دەنگ بم لەوەدا، چونکە ئەوە پرنسیپێکی دیموقراتی تەبیعیە، مەبدەئێکی تەبیعیە، زۆر زەروریە ئەو قانونە، چونکە ئەنجومەنێکت هەیە، خەڵك دەنگی داوەتێ، نابێ قانونێکی هەبێت؟ قانونەکە لەبەر ئەوەی لە دەستووری عیراقدا-هەرێم، تایبەتمەندی خۆی هەیە، خۆی کەی هاتینە سەر ئەو ماددەیە، هەستت کرد دەسەڵاتمان سەندووتەوە، لەوێ قسە بکە، باسم کرد، لە چ ماددەیەك کە هات و هەستت کرد کە دەسەڵاتی ئەنجومەن کەم کراوەتەوە و دراوەتە کەسێکی تر، لەوێ قسە بکە، بەڵام تۆ ئێستاکە پێشەکەی مەوقیفێکت هەیە و دەتەوێ بیسەلمێنی، بەراستی هێن نیە، بیدایەتەکەی باسم کرد، ئێمە لە ماددەیەك کەی گەیشتینە ئەو ماددەیەی کە پێت وایە دەسەڵات کەم بوویتەوە لە ئەنجومەنی وەزیران، بۆت هەیە باسی بکەی و دەستنیشانی ئەوەش بکەیتەوە، کامەیە دەسەڵاتەکە کە کەممان کردۆتەوە، کامەشە پێویستە بیدەینێ؟ حەقی خۆتە، کاك شێخ فەتاح فەرموو.**

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاست دەکەم، ئەوەی من ئەمەوێ باسی بکەم، ئەو عدد النسمە کە لێژنەی قانونی هێناوەتیان، سوپاسیان دەکەم، بەڵام حەقە ئەو صیغەیە باس بکرێ، صیغەکە، سوپاسی برادەران دەکەم، کاك د.ناصح و کاك شێردل باسیان کرد، چونکە کوردستانی ئێمە پێویستی بەوەی هەیە کە ئاوەدان بکرێتەوە، زۆربەی دێهاتەکانی ئێمە هەر پێنج ماڵە و ناگاتە بیست ماڵ، ئەگەر هەوڵ نەدەین ئەو بیست ماڵە خزمەتێکی بکرێ، باوەر بکە ئەویش نامێنێ، ئێستا لە مەنتیقەی باڵەکایەتی لە وڵاتی ئێمە زۆربەی دێهاتەکان لە بێ خزمەتی لە بیست ماڵ ئێستا بوویتەوە ماڵێك، یان ئەو ماڵەش نەماوە، جا بۆیە من داوا ئەکەم و تەئیدی رەئی ئەو برادەرانەش دەکەم، عەدەدی عەوائیل بنووسرێ، (لا یقل عدد العوائل عن عشره عوائل)، ئەوە قەیناکە، بەڵام (عدد النسمه المئه)، ئەوە لابرێ و، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.شوکریە.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من ئەو پرسیارەم لە هەردوو لێژنەی موشتەرەك هەیە، لە هینی پێشوودا نووسرابوو لە 250 كەس زیاتر بێ، كەچی لێرە دەڵێ: لە 100 كەس كەمتر بێ، بەرەئی منماڵەكە كەمتر نەبێ، بەرەئی من ماڵ بنووسرێ جوانترە تا كەسەكە، ئەوە وەكو خاڵێك كە من لێرەدا خستوومەتە ڕوو، دووش: لە یاساكە جەخت لەسەر گوندیش كراوە، كە ئەڵێ: پارێزگا بریتیە لە یەكەیەكی كارگێڕی، لە سنوورێكی جوگرافی، قەزایە، ناحیەیە، گوندە، ئیتر بۆ پێشنیاز دەكرێ ئەڵێ: ئەو خاڵە دەبێ لابرێ؟ بە رەئی من ئەو خاڵە دەبێ پێیدابگیرێ و لە جیاتی كەس بكرێت بە ماڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان، ئەوە تەبعەن لەبەر ڕۆشنایی موداخەلات و ئەو رەئیانەی كە تەقدیم كران، رەئیەك كە ئەگەر چی تەوزیحیشمان كرد، وەزیری ناوەخۆ كە لێرە نیە، تەوحیدیش نەبێتن، بەیانی كۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خۆیان هەیانە، ئەگەر بیخەینە هەفتەی داهاتوو، داواش بكەین وەزیریش بێت، كۆپیتان لایە؟ دەنگیشتان بۆ دا كە ئەوە بۆ موناقەشە كراوەیە، تا ئەو وەختی وەزیریش حازر دەبێ، لێرەشدا موناقەشە دەكەین، دەیخەمە دەنگدان، كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بڵند بكات؟، كێ لەگەڵدا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ دواخرا كۆبوونەوەكەمان، سوپاستان دەكەم، بەخێر بێن سەرچاوم.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) | عدنان رشاد مفتی |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)**

**دووشەممە ڕێکەوتی 6\4 \2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (4)

**دووشەممە ڕێکەوتی 2009/4/6**

کاتــژمێر (11)ی پــێش نیــوەڕۆی ڕۆژی دوو شــەممە ڕێکــەوتی 2009/4/6 ئەنجومــەنی نیشــتمانیی کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عـدنان ڕشـاد مفـتی سـەرۆکی پەرلـەمان و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (4)ی خولی دووەمـی هەڵبـژاردن لـە کـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی دووشـەممە ڕێکـەوتی 2009/4/6 دا بـەم شێوەیە بێت:

1- وتاری بەڕێز سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران سـەبارەت بـە یەکگرتنـەوەی وەزارەتـەکانی دارایـی، نـاوخۆ، پێشمەرگەو بارودۆخی گشتی هەرێم.

2- ڕێـو ڕەسمـی متمانـە بەخشـین و سـوێند خـواردنی یاسـایی لـە لایـەن ئـەو پالێوراوانـەی کـە بـۆ جێگـری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و پۆستە وەزارەییە بەتاڵەکان دانراون.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بـەپێی حوکمـەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، دەستەی سـەرۆکایەتیی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی کاری دانیشتنی ژمارە (4)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی 2009/4/6دا بەم شێوەیە بێت:

1- وتاری بەڕێز سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران سـەبارەت بـە یەکگرتنـەوەی وەزارەتـەکانی دارایـی، نـاوخۆ، پێشمەرگەو بارودۆخی گشتی هەرێم.

2- ڕێـو ڕەسمـی متمانـە بەخشـین و سـوێند خـواردنی یاسـایی لـە لایـەن ئـەو پالێوراوانـەی کـە بـۆ جێگـری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و پۆستە وەزارەییە بەتاڵەکان دانراون.

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران، بـەڕێز کـاك عیمـاد احمـد جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران بـە وەکالـەت، وەزیـرە بـەڕێزەکان و وەفـدی یـاوەری بـەڕێز سـەرۆکی حکومەت دەکەین زۆر بەخێر بێن، هەروەها بـەخێر هـاتنی میوانـە بـەڕێزەکان دەکـەین، لەگـەڵ برادەرانـی میدیا ئەمڕۆ زۆرن، ئەو یادە خۆشەویستە کە ئەمڕۆ بەڕێوە دەچێتن، ئەو بایەخدانە لەلایەن ئەوانـەوە کـە جێگـەی خۆیـەتی، مـن نامـەوێت زۆر لەسـەر ئـەو مەسـەلەیە قسـە بکـەم، چـونکە دەزانم هـەموو خـەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئەم ڕۆژە بوون، ئەمڕۆ ڕۆژێکی گـرنگ و مێژووییـە لـە کـاری پەرلـەمان و حکومەتـدا،

وەعدێكە كە دابوومان بە خەڵكی كوردستان بە یەكخستنەوەی دوو ئیدارەكە ئەنجام درا، ئەم وەزارەتانەش هەوڵێكی زۆری بۆ دراوە هەتا گەیشتوونەتە ئەمڕۆ، داوا لە بەڕێز جەنابی كاك نێچیرڤان بارزانی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دەكەم بێت لە شوێنی خۆی دابنیشێت، بۆ ئەوەی خاڵی یەكەمی بەرنامەمان ئەنجام بدرێتن، فەرموو.

خاڵی یەكەم لە بەرنامەی كار/ وتاری بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە یەكگرتنەوەی وەزارەتەكانی دارایی، ناوخۆ، پێشمەرگەو بارودۆخی گشتی هەرێم، فەرموو جەنابی سەرۆكی حكومەت.

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی/ سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان.**

پێشەكی زۆر سوپاستان دەكەین بۆ ئەو كۆبوونەوەی ئەمڕۆ لە پەرلەمانی كوردستان كراوە بۆ یەكگرتنەوەی ئەو وەزارەتانەی كە پێشتر یەكیان نەگرت بۆوەو ئەمڕۆش لێرەدا یەك دەگرنەوەو ڕێورەسمی یەكگرتنەكەیان بەڕێوە دەچێ و جێ بەجێ دەكرێت.

جا بۆ ئەوەی باسی ئەمڕۆ بكەم زۆر پێم خۆشە هەندێك لە گرنگی ئەو مەسەلەیە باس بكەم تا دواكەوتنی یەكگرتنەوەی ئەو وەزارەتە لە بەرچاوان روون بێت و بۆتانی باس بكەم. لێرەدا دەمەوێ سوپاسی رۆڵی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان بكەم كە بەڕاستی بە هەر شێوەیەك لە شێوەكان، چ راستەوخۆ لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران، یان لە ڕێگەی میدیاكانەوە هەمیشە خەمخۆری ئەو یەكگرتنە بوون.

هەروەها سوپاسی جەنابی سەرۆكی پەرلەمان و جێگری سەرۆكی پەرلەمان دەكەم كە هەمیشە خەمخۆری یەكگرتنەوەی ئەم وەزارەتانە بوون. من سوپاستان دەكەم و ئەو هاندانەی ئێوە، هەر ئەو خەمخۆرییەی ئێوە وایكرد ئێمە لە حكومەتی هەرێمیشدا ئەو وەزارەتانە زوو یەك بخەینەوە. ئەو رۆڵ و بەرپرسیارێتیەش كە لەسەرشانی ئێوەیە وەكو پەرلەمانی كوردستان جێگەی رێزی گەلی كوردستان و ئێمەیە لە حكومەتی هەرێمی كوردستاندا. لێرەدا بەو بۆنەوەیەوە دەمەوێ باسی ئەوە بكەم، تەبیعی خۆتان دەزانن خەلفیەتی وەزعی ئەو بارودۆخەی لە كوردستان هەبوو پێش یەكگرتنەوەی هەردوو حكومەت، ئێمە دەبێت هەندێك جار تەعامول لەگەڵ ئەو واقیعە بكەین ئەوەی كە هەیە، هەندێ شت هەیە ئێمە تەمەننا دەكەین بتوانین بە زوویی بە ئەنجامی بگەیەنین، هەندێك شت هەیە واقیعە دەبێت تۆزێك هەوڵی بۆ بدەین و كاتی پێبدەین بۆ چارەسەر كردنی، یەكێك لەو كارانەی كە ئێمە لە كاتی راگەیاندنی حكومەتی یەكگرتوودا كردوومانە یەكەم ئیشی ئێمە دروست كردنی متمانە بوو بۆ كاركردن بەیەكەوە لە كوردستاندا، ئێوە دەزانن ئێمە پێشتر بەداخەوە مێژوویەكی ناخۆشمان هەبووە لە شەرو پێكدادان و بێ متمانەیی لە كاركردن وا بووە، كاتێ ئەو حكومەتەمان یەكخست یەكەم كاری ئێمە هەوڵدان بووە بۆ دروستكردنی متمانە لەنێوان پێكهاتەو بەشدارانی حكومەت بەتایبەتی یەكێتی و پارتی، ئەوەی بە راشكاوی دەمەوێ پێتانی بڵێم كارەكان ئاسان نەبوو، زۆریش زەحمەت بوو تۆ ئەو متمانەیە دروست بكەیت و كاتێكی

زۆریشی دەویست، بەلاّم من پێموایە ئەوانەی بەواقیعی سەیری بارودۆخی هەرێمی کوردستان دەکەن و دەڕواننە مێژووی ئەو گرفتانەی هەبووەو بەشێوەیەکی واقیعی مامەڵە لەگەڵ مەسەلەکان دەکەن تێدەگەن ئێمە رێگایەکی یەکجار زۆرمان لەماوەیەکی کورتدا بڕیوە، ئێمە تەقدیری پەرۆشی ئێوە بۆ یەکگرتنەوەی وەزارەتەکان دەکەین، کە دەبوایە لە رۆژی یەکەمەوە یەکتر بگرێتەوە، بەلاّم واقیعی سیاسی کوردستان جۆرێکی دیکەیە، کە من یەکەمین جار ئەو بەرپرسیارێتیەم وەرگرت بەهیچ شێوەیەك بڕوام نەدەکرد ئێمە لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانین ئەو متمانەیە دروست بکەین، بەلاّم ئەو متمانەیە دروستبوو. ئێستاش من بەهەموو راشکاوییەکەوە پێتان دەڵێم لە ئەنجومەنی وەزیران و لە نێو کابینەی حکومیدا من هەست بەوە ناکەم فلان وەزیرلە چ حزبێکە، ئەوەی کە من دەیانبینم ئەمانە وەزیرن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیش دەکەن بۆ خزمەتی گەل و نیشتیمان، دروستکردنی ئەو گیانە یەکەم ئەولەویەتی من بووە وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاتێ ئەو ئەرکە بە من سپێردرا. بەلاّم لێرەدا من نامەوێ باسی ئەو ئەرکە بکەم کە من کردوومە، جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە ئەرکی برای خۆشەویستم کاك عومەر فەتاح بکەم کە ئەویش رۆڵێکی سەرەکی لەو مەسەلەیەدا بینی هەر لە رۆژی یەکەمی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە لە هەرێمی کوردستانداو، بەبێ ئەوە من ئیشارەت بەوە بدەم من پێموایە هەم بێ ئینسافی دەبێت و، هەم لەکاری سیاسیشدا و لە ئەخلاقی سیاسیشدا دروست نییە کاتێ مرۆڤ بەیەکەوە کاریان کرد دروست نیە ئەو هاوکارییە لەبەرچاو نەگیرێ، کاك عومەر فەتاح لە رۆژی یەکەمی کارکردنمان بەیەکەوە بەو گیانە ئەویش ئیشی لەگەڵ ئێمەدا کرد، ئەگینا یەکگرتنەکە بەو شێوەیە ئاسان نەبوو، ئەگەر ئێمە لەسەر شتی بچووك گرفتمان دروست بکردبا، بارودۆخ وایە سەقامگیری بەردەوام نەدەبوو، ئێوە بارودۆخی کوردستان باش دەزانن و دەزانن هەمیشە شتی بچووك هەن کە مرۆڤ بیەوێ گرفتی لەسەر دروست بکات، بەلاّم ئێمە هەردوولامان بەگیانێکی وا کارمان کرد کە بەڕاستی هیچ هەستێکم بە جیاوازی نەکردووە بلێم کێ وەزیری یەکگرتووی ئیسلامیەو کێ وەزیری حزبی شیوعی کوردستانەو کێش یەکێتیە و کێش پارتیە، هەمووومان بەیەکەوە بەیەك تیم کارمان کردووە، گرفتیش زۆرن و واتە پێی بلێین هەموو گرفتەکان چارەسەر کراون و بەشەوو رۆژێك چارەسەر ناکرێن، بەلاّم ئێمە کە ئەو بەرپرسیارێتیەمان وەرگرت ئەولەویەتی ئێمە دانرا بۆ ئەوەی سیقە دروست بکەین لەنێوانمان، ئێمە ئەو مەرحەلەی دروستکردنی متمانەمان تەواو کردووە، لە پاڵ دروست کردنی سیقە ئێمە هەوڵی ئەوەماندا هەوڵ بدەین ستراتیژێك بۆ هەرێمی کوردستان دابنێین کە چۆن کار لە هەرێمی کوردستاندا بکەین. یەکەم شت بۆ ئەوەی متمانەیەك و عیلاقەیەك، پەیوەندییەکی باش دروست ببێت لەگەڵ ولاّتانی دراوسێی، حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەولەویەتی دا بەوەی کە هەوڵ بدات ئەو کێشانەی کە هەیە لەگەڵ ولاّتە دراوسێیەکاندا دەبێت چارەسەر بکرێن، بۆ پاراستنی سەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو ولاّتانە ئێرانە، تورکیایە، سوریایە، بۆیە ئێمە هەوڵی جیدی بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە دەدەین ئەوە جگە لە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا و چارەسەرکردنی ئەو کێشە هەڵواسراوانەی لە نێوان هەردوولادا هەن، ئەوە بووە ستراتیژی ئێمە بۆ دەرەوە و بەغدا، هەروەها

هەوڵماندا پەیوەندی باشمان لەگەڵ وڵاتانی دونیادا هەبێ وەکو ئەمەریکاو وڵاتانی ئەوروپا، ئێمە لە ڕۆژی یەکەمەوە ئەو ستراتیژەمان دانا، ئەگەر ئیجازە بدەن من حەزدەکەم ئەوستراتیژەتان بۆ ڕوون بکەمەوە و بۆتانی دیاری بکەم کە چەند تیایاندا سەرکەوتووین و نموونەشتان بۆ بهێنمەوە. ئێمە هەموو ئاگادار بووین ڕۆژێك لە ڕۆژان تورکیا بەسەد هەزار سەربازی سوپاوە لە سنورەکان راوەستاوە، بۆ ئەوەی تەحدیدی ئەوە بکات کە عەسکەرییەن تەدەخول دەکاتن، ئێمە لەو ڕۆژەوە هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەمان داوە کە بەدیداری من لەگەڵ جەنابی سەرۆك گول لە بەغدا تەواوە بوو، ئێمە لەیەکەمین ڕۆژی ئەو هەرەشەیەوە هەوڵی ئەوەمان داوە ئەو پەیوەندییە ببێتە پەیوەندییەکی دۆستانە، ئێمە لە ڕووی ئابووری و بازرگانی و ئەمنی و لە ڕووی دراوسێیەوە تەسەور دەکەین لە ڕێگایەکی راست داین، من خۆم شەخصی زۆر گەش بینم بە پاشەڕۆژی ئەو پەیوەندییەی کە ئێستا ئێمە لەگەڵ تورکیای دراوسێمان زۆرباش دەبن زۆر زۆر پێ خۆشحاڵ دەبین. کۆبوونەوەی ئێمە لەگەڵ سەرۆك گول کۆبوونەوەیەکی سەرکەتوو بوو، خاڵی یەکەمی سەرکەوتنی ئەو کۆبوونەوە لەوەدابوو کە یەکەمین جارە سەرۆکی تورکیا دەڵێ ئێمە بەپێی پێناسەی دەستووری عێراقی مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا دەکەین، ئەمە لەخۆیدا پێشکەوتنێکی ئیجابی و گەورەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئێمەدا.

لەو دانیشتنەدا ئێمە لەرووی ئابوورییەوە بڕیاری زۆر باشماندا لەوانە کردنەوەی بازاڕی ئازاد لە سنووری زاخۆ لەگەڵ تورکیا و هەر سێ لایەنی توکیاو هەرێمی کوردستان و بەغدا چاوەڕوانی ئەوەین وەزیری بازرگانی تورکیا بەم نزیکانە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و ئێمە لە ڕووی عەمەلیەوە دەست بە دروستکردنی ئەو بازاڕە بکەین. لە ڕووی ئابووریەوە ڕۆژانە سەرمایە گوزاریی تورکیا بەرەو زیاد بوون دەچێ، ئێستا قەبارەی بازرگانی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئێستا بۆ پێنج تاشەش ملیار دۆلار زیادی کردووە، ئێمە پلانی ئەوەمان هەیە لەگەڵ تورکیا قەبارەی ئەو بازرگانیە زیاتر بکەین، لەگەڵ تورکیا بە پەیوەندی نێوانمان خۆشبێت و کە لە ئایندەدا باشتر دەبێت، دەربارەی پەیوەندی لەگەڵ ئێران ئێمە ماوەیەك بەر لە ئێستا سەردانی یەکترمان کردووەو، تەبیعی ئێران ئەو موشکیلەیەی نییە لە ڕووی ناساندنی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەو شێوەیە ئەو مامەڵەی لەگەڵ ئێمەدا کردووە، ئێمە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران کۆمەڵێك پێشکەوتنی باشمان بەدی هێناوە لەمەسەلەی سەقامگیری سنوور، پێمان وایە بەتایبەتی سەقامگیربوونی سنووری دراوسێکان ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەو زۆر ئاساییە دراوسێکانمان ئەو داواییەیان لە ئێمە هەبێت، کە خاکی هەرێمی کوردستان نەبێتە شوێنی هەرەشە کردن نە بۆ ئەوان و نە بۆ وڵاتانی دیکەی دراوسێ. ئەمە زۆر ئاساییە و پێویستە ئێمە بەو پرەنسیپە پابەندبین ئەو پرەنسیپیش لە دەستووری عێراق ئاماژەی پێدراوە، ئێمە پابەندی دەبین، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە هیواداریین ئەو گرفتانەی لەو وڵاتانەدا هەیە بەڕێگەی ئاشتیانەو دیالۆگ چارەسەر بکرێ، لە ڕووی ئابووریشەوە ئەمساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ئێران بەرەو پێش بردووە ئێستا ئاڵوگۆری بازرگانیمان لەیەك ملیار دۆلار نزیك بووە بۆ

دوو ملیار دۆلار کە زۆربەی بۆ هەرێمی کوردستانە نەك بۆ عیراق، سەرمایە گوزاری ئێرانی لە هەرێمی کوردستاندا بەرەو زیاد بوون دەچێت، راستە کێشەکانی سنوور تا ئێستا تارادەیەك ماوە، مەسەلەی بۆردوومان هەرماوە، بەلاّم دەتوانم بڵێم تارادەیەك پێشکەوتنی باشمان لەو دۆسیەیەدا بەبەراورد لەگەڵ رابردوو بەدەستهێناوە. دەربارەی پەیوەندیمان لەگەڵ بەغدا، ئێمە کۆمەڵێك بابەتی هەڵواسراومان لەگەڵ بەغدا هەیە کە پێویستە چارەسەر بکرێ، ئەگەر ئێمە بمانەوێت عێراقێکی بەخۆشی و ئاشتیانە لەگەڵ هاوولاّتیانی خۆی و دەرەوەدا بکرێ، پێویستە چارەسەری کۆمەڵێك گرفت بکرێ، یەك لەو مەسەلانەش کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانە، هەروەها مەسەلەی یاسای نەوت و مافی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغداو، بڵێین نەوعی عیلاقەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا، ئەو حەقە دەستوورییەی لەگەڵ هەرێم هەیەتی بەنیسبەت دروست کردنی عیلاقە لەگەڵیان، ئەمانە هەموویان لەلایەن ئێمەوە هەوڵی بۆ دراوە، لە دوایین دانیشتنیشمان لە بەغدا لەگەڵ جەنابی سەرۆك وەزیران مالیکی کاتێ چوومە بەغدا بۆ دیداری سەرۆك گول. لە دانیشتنمان لەگەڵ جەنابی سەرۆك وەزیران نوری مالیکی قسەمان کردو هەردوولامان لەسەر ئەو کۆك بووین کە پێویستە کە شێکی ئیجابی دروست بکرێ بۆ پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، ئێمە دووپاتمان کردەوە کە پێویستە کێشەکان بەدیالۆگ چارەسەر بکرێن و بەپێی ئەزموونی رابردووی عێراقیش گرفتەکان لەسەر بنەمای بەهێزو لاواز چارەسەر ناکرێت، ئەزموون سەلماندوویەتی ئەگەر مەنتق زاڵ بێ ئەو هەمیشە شکستی خواردووە، ئێمە هیوادارین بەدیدێکی فراوان ئەو کێشانە بۆ خۆشگوزەرانی و خۆشبەختی گەلی عێراق چارەسەر بکرێن، ئێمە لەو چوارچێوەیەدا لەسەر راگرتنی هەڵمەتی راگەیاندن تارادەیەك رێککەوتین، هەروەها هەوڵ بدری شاندێك لەبەغداوە سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن یەکەمیان شاندی حزبی دەعوە بوو کە سەردانی هەولێریان کرد، هەروەها پاشان هەندێك دیدارو دانوستاندن لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا دەکرێ، ئێمە هەوڵدەدەین ئەو پەیوەندییانە بگەیەنینە ئاستێك بۆ چارەسەری گرفتەکان بەتایبەتی بۆ کەرکوك و شوێنەکانی دیکە. لە رووی خزمەتگوزاریی ناوخۆوە، ستراتیژی ئێمە لە رۆژی یەکەمەوە لە پاڵ دروستکردنی متمانە لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە بوو کاری خزمەتگوزاری لە هەرێمی کوردستاندا بەرەو پێش ببەین، کاری یەکەمی حکومەتی هەرێمی کودستان چارەسەرکردنی کێشەی کارەبا بوو، ئێمە ئەوەمان بە ئەولەوییەتی سەرەکی خۆمان زانیوە هەروەها سوود وەرگرتن لە سامانە سروشتیەکانی هەرێمی کوردستان و بەکارهێنانیان و بۆ خۆشگوزەرانی خەڵکی ئێمە لە هەرێمی کودرستان. لەم پێناوەدا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی کارەبا دوو پرۆژەی گەورەمان جێبەجێ کردووە، یەکیان لە چەمچەماڵ و ئەوەی دیکەیان لە هەولێر، ئێمە هەوڵماندداوە غازی سروشتی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەو دوو وێستگەیە دەربهێنین و بەکاریان بێنین. کارەکە ئاسان نیەو لەوانەیە ماوەیەکی بوێت، بەلاّم ئەوەی دەمەوێ پێتانی بڵێم لەو کابینەیەدا ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە لەسەر رێگای راستداین، ئێمە دەزانین گرفتەکان گەورەن، بەلاّم ئارامگرتنی دەوێ و ئاسان نیە، ئێوە تەسەورناکەن هێنانی کۆمپانیای گەورە کارێکی چەند زەحمەتە، لە هەموو لایەکەوە کارێکی

زەحمەتەو ئەسڵەن ئاسان نییە، تۆ بتوانی کۆمپانیایەك بهێنی، سەرمایەی600-700 ملیۆن دۆلاربهێنێتە هەرێمی کوردستان و کاربکات و لە رووی تەقەنی و تەکنیکیشەوە کارەکە زۆر زەحمەتە، من تەسەور دەکەم ئێمە لە ماوەیەکی کورتدا توانیومانە کارێکی باش و دەستکەوتی گەورە لە هەرێمی کوردستاندا بەدەست بهێنن، ئەمڕۆ لە کوردستاندا نزیکەی 35 کۆمپانیای نەوت لە 15 دەوڵەت کاردەکەن.

زۆرجار ئێمە بەوە تاوانبار دەکرێیین کۆمپانیای پلە 3و4 دێنینە کوردستان، ئەو قسەیە ئەسڵ و ئەساسی نییە، ئەو کۆمپانیایانە لە رووی کوالێتی و کارکردنەوە زۆر بەباشی لە هەرێمی کوردستاندا کار دەکەن، حەز دەکەم پەرلەمانی کوردستان لە شەفافیەتی ئەو گرێبەستانە لە هەرێمی کوردستاندا دڵنیا بکەمەوە. وەکو سەرۆك وەزیرانیش حەز دەکەم پێتان بڵێم ئێوە پشتڕاست بن لەوەی ئەو کارەی کردوومانە زەحمەت و هەستیارە و ئەگەر کەمترین گەندەڵیی تیایدا هەبێت دەبێتە گرفتێك بۆ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکی پشتراست لەگەڵ بەغدا قسە بکەین، بۆیە هەرچی گرێ بەستە کردوومانن زۆر شەفافەو، لەوانەیە لە ئایندەشدا لە ئینتەرنێت هەموو ئەو گرێبەستانەی کردوومانە لە پێش چاوی خەڵك بلاّو بکرێنەوە. ئەوەی هەرێمی کوردستان کردوویەتی لەو بارەیەوە بەپێی ئەو مافە دەستوورییە بووە کە هەرێمی کوردستان هەیەتی. ئێمە کارێکمان لەدەرەوەی دەستوور نەکردووە، من لێرەدا دەمەوێ پەرلەمانی کوردستان دڵنیا بکەمەوە کە پەنامان بردۆتە بەر لایەنێکی نێودەوڵەتی و گرێبەستی خۆمان و دەستووری عێراقمان نیشانداون، ئەوان گوتوویانە ئەوەی ئێوە کردووتانە کارێکی دەستوورییەو لەگەڵ ئەو دەستوورەدا دەگونجێ، بە راشکاویش پێتان دەڵێم ئێوە تەسەور دەکەن کۆمپانیایەك وەکو کۆمپانیایەکی نەمساوی، یان هیندی کە لە ئاستی جیهاندا یەکەمن، یانیش کۆمپانیای ئەمەریکی کە شاندی بێننە کوردستان و بەبێ پاڵپشتی دەستووری کار بکەن، ئەوە مومکین نییەو، مەحاڵە بێتە کوردستان موتەئەکید نەبێت لەوەی پاڵپشتێکی دەستووری هەیە، موتەئەکید نەبێت لەوەی کە پاڵپشتێکی قانونی هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئەمانە ریز ناکەن بێنە هەرێمی کوردستان، بەلاّم لەوەدا دڵنیام. ئەوەی ئەمرۆ لە بەغدا دەکرێ سیاسەتێکی فاشیلی وەزارەتی نەوتی عێراقە، مەسەلەکە هیچ پەیوەندییەکی بە حکومەتی هەرێمەوە نییە، ئێمە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەوت لە عێراقدا پێشنیارمان کردووە بگەینە ئەنجامێك دەربارەی یاسای داهاتی نەوت، ئەگەر ئێمە بتوانین لەوەدا بگەینە ئەنجام، ئەوەی کە دەمێنێ وەکو ئیدارە کردنی نەوت و گرێبەستەکان و رەفتاری وەزارەتی نەوت و ئەوانە دواتر باس دەکرێن، کەواتە لێرەدا کەیشتن بە ئەنجامێك دەربارەی دابەش کردنی داهاتی نەوت کارێکی سەرەکیە. مکوڕ بوونی ئێمەش بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە تەنها بۆ ئەوە نییە کە بمانەوێ داهاتمان هەبێ، بەڵکو یارمەتیدەر دەبێ بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کەرکووك. زۆرجار بۆچوونێکی وا لە دونیا دروست دەبێ کە کورد لەبەر مەسەلەی ئابووری کەرکووکیان دەوێ، ئەم بۆچوونە لە بنەڕەتەوە راست نییە، چونکە دەستووری عێراق دەڵێ: نەوت و غاز موڵکی هەموو گەلانی عێراقە، ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان پابەندین بەو مادده دەستوورییە، هەروەها داهاتی نەوت بەسەر هەموو عێراقیان دابەش دەکرێ و لە چوارچێوەی ئەو داهاتە بەشی هەرێمی

کوردستان 17٪، جا زیاد دەبێ، یان کەم، بەڵام ئەوەی ئێستا هەیە 17٪ەیە، ئێمە پابەندین بەو پرەنسیپە، ئەگەر قانونی دابەش کردنی داهاتمان هەبێت خودی ئەو قانونە یارمەتیدەر دەبێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کەرکووك، ئەویتر کە دەمێنێتەوە ئەو نادادپەروەریەیە کە لە کەرکووك و شوێنەکانی دیکەی عێراق کراوە دەرهەق بە کورد، دەرهەق بە تورکمان و ئاشووری و کلدان و هەموو ئەو پێکهاتانە کراوە کە کوردستانین. ئێمە دەبێ هەوڵ بدەین ئەو نادادپەروەریە نەمێنێ و چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکەین.
بۆچوونی هەرێمی کوردستان لەو چوارچێوەیە خۆی دەبینێتەوە. خزمەتگوزارییەکان هەتا حەدێکی زۆر دەتوانم پێتان بڵێم کەموکوڕی هەیە، تارادەیەك گەندەڵی هەیە، ئێمە ئەوەمان نەشاردۆتەوە، ئەوەی گرنگە حکومەتی هەرێم بەهاوکاری ئێوەی بەڕێز هەوڵ بۆ نەهێشتنیان دەدات. بۆ نەهێشتنی ئەوانە چمان کردووە؟ حەز دەکەم پێتان بڵێم لە رووی نێو دەوڵەتیەوە ئێمە لەگەڵ گەورەترین کۆمپانیا لە دەرەوە کە زۆر شوهرەتی زۆرە، کە لە مەسەلەی شەفافیەت و گەندەڵی رێزی زۆرە، عەقدێکمان کردووە، بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات لەو هەوڵانەی هەرێمی کوردستان دەیدات بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و مەسەلەی شەفافیەت لە هەرێمی کوردستان. ئێمە گرێبەستمان لەگەڵ کۆمپانیای (Price Wator House) کردووە، دامەزراوەیەکی گەورەی ئەمەریکیە، ئێستا زۆر بەجدی کار لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات، تا ئێستا کاری زۆرباشمان کردووەو دوا راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاش شاهێدی ئەوە دەدات، کە هەرێمی کوردستان ئەم هەنگاوەی ناوە، ئەمە لە رووی دەرەوە. لە ئاستی ناوەوەش لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان هەوڵ بۆ دامەزراندنی دەستەیەك، دەستەی نەزاهە لە هەرێمی کوردستان دەدەین بۆ بنبڕ کردنی ئەم دیاردەیە.
بێگومان هەقیقەتێك هەیە ئەم مەسەلەیە مەسەلەیەکی کولتووریەو تەنها پەیوەندی بەوە نییە کە حکومەتی هەرێم وایە، بەڵکو دەبێ هەمە لایەنە هەوڵ بۆ بنبڕ کردنی بدرێ، هەوڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبێ، لەم نزیکانەدا ئەو قانونەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان بۆ چاودێری دارایی هەیە جێ بەجێ دەکرێ، بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان هەوڵماندداوە دەست نیشانی چەند ناوێك بکرێ بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە، ئەمە هەنگاوێکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، چاودێری دارایی دەتوانێ زۆر یارمەتیدەر بێت بۆ ئەو هەوڵانەی حکومەت دەیدات بۆ نەهێشتنی گەندەڵی، ئێمە ئەمەش دەکەین، ئەم وەزارەتانە دەبوایە زووتر یەکتر بگرنەوە، هەوڵەکان هەوڵی ئەمڕۆ نین، بەڵکو بەردەوام بوو بۆ ئەوەی ئەو وەزارەتانە یەکتر بگرنەوە، ماوەیەك پێش ئێستا تەنها لەسەر دەست نیشان کردنی رۆژەکە مابوو کە ئەو رێورەسمەی ئەمڕۆ هەمانە بکرێت، بەڵام بەداخەوە خۆتان ئاگادارن هەندێ کێشە لەناو برادەرانی یەکێتی روویداو بوونە هۆکاری دواخستنی ئەو پرۆسەیە، ئەو کێشانە تا رادەیەکی زۆر چارەسەر کراون، ئێستا بە یەکگرتوویی هاتووینەتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی ئیعلانی یەکگرتنەوەی ئەو وەزارەتانە بکەین. نوقتەی تر من دەمەوێت ئیشارەت بکەم مەسەلەی میزانیەی هەرێمی کوردستانە، تەبیعی ئەمە زۆرجار دەبیستن ئەو گلەییانەی کە پەرلەمان، لە ئێمە هەیانە لەسەر مەسەلەی ناردنی

بودجە، من حەز دەکەم هۆکاری دواکەوتنی بودجەتان بۆ باس بکەم، مەسەلە ئەوە نییە ئێمە نامانەوێ بودجە بنێرینە پەرلەمان، خۆتان دەزانن بەڕاستی ئێمە بودجەی سەربەخۆمان لە هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو ئەو ئیمکاناتەیە کە لە بەغداوە بۆمان دێت، لەسەر بنەمای ئەوەی لە بەغداوە بۆمان دێت، ئێمە بودجە دادەنێین و دەینێرین بۆ پەرلەمانی کوردستان، لە بودجە ئێمە دوو کێشەمان هەیە، بودجەی پار تا ئێستا بە تەواوی نەگەیشتووە، حەودی 263 ملیار دینار پارەی ئێمە لە بەغدا ماوە، کە ئیستیحقاقی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەمسالیش وەك خۆتان دەزانن بودجەکە لە چاو جاران زۆر کەمی کردۆتەوە، بێشك ئەو کەم بوونەوەیە کاریگەری لە بارودۆخی هەرێمی کوردستانیش دەکات هەم لە رووی خزمەتگوزاری و هەم لە رووی ئەو کارانەی کە دەکرێت. ئێمە هەوڵمانداوە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوت بکەین، هەوڵمانداوە لەو ناوچانەی کار دەکەن هەندێ کاری خزمەتگوزاری لەو ناوچانەدا بکەن، یەکێك لەوانە کە پێی دەڵێن (تلیسمان) ماوەیەکە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە خەریکین، کە لە دەڤەری گەرمیان بەڕێوە دەچێ، لە ماوەیەکی زۆر نزیکدا ئیعلانی ئەوە دەکەین کە نزیکەی 200 ملیۆن دۆلار پارە لە دەڤەری گەرمیان خەرج دەکرێ، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی لە گەرمیان هەنە، بێگومان کێشەی خزمەتگوزاری لە هەموو کوردستان هەیە، بەلام یەکێك لەو سنوورانەی کە لەم رووەوە مەغدورە، دەڤەری گەرمیانە، ماوەی چەند مانگێکە گفتوگۆ لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان دەکەین بۆ دەست نیشان کردنی ئەو پرۆژانە، لە ماوەیەکی نزیکیشدا دەست بە جێ بەجێ کردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان دەکەین، ئەوەم وەکو نموونەیەك هێناوە کە ئێمە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانە کار دەکەین و هەندێك دەڵێن پارە وەردەگرن، ئەو شتەی کە ئێمە لەسەر ئەو کۆمپانیایانە فەرز دەکەین و گرێبەستیان لەگەڵ دەکەین کە لە بەرامبەردا ئێوەش دەبێ هەندێ پرۆژەی خزمەتگوزاری بکەن، بۆ زانیاری ئێوە ئەو پارەیە تەنها لەبن دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانابێ، نوێنەری کۆمپانیاکان بەشدار دەبن و ئەو پرۆژانەی دەکرێن، دەتوانن زۆر بە شەفاف جێ بەجێی بکەن. ئێمەش پێکەوە کار دەکەین لەگەڵیان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانە.
دوا خاڵ کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم ئەو پەیوەندییە کە لەنێوان پەرلەمان و حکومەت هەیە، وێڕای سوپاسم بۆ پشتگیری پەرلەمان، دیسانەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە بەنیسبەت ئێمەوە پەرلەمان دەزگایەکە دەبێ زۆر بە دیقەت، زۆر بە رێکوپێکی چاودێری کارەکانی حکومەت بکات لە هەموو رووییەکەوە، من وەکو سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێتان دەڵێم ئێمە داوا دەکەین و پێشتریش داوامان کردووەو حەز دەکەین پەرلەمان رۆڵی تەواوی خۆی ببینێ بۆ چاودێری کردنی کارەکانی حکومەت، ئەمە هیچ کەم کردنەوەیەك نییە، بەپێچەوانەوە چەسپاندنی پرۆسەی دیموکراتیە لە هەرێمی کوردستان، پێموایە دەبێ پەرلەمان ئەو کارە بکات، دوا داواکاریم لە میدیاکان ئەوەیە کە بەرپرسانە رەفتار بکەن، میدیای ئازاد ئەو میدیایە کە راستیەکان بە خەڵك بڵێ، میدیای ئازاد ئەوە نییە لەپێناو هەندێ مەسەلەی دەرەکی هەوڵ بۆ کەمکردنەوەی ئەو دەستکەوتانە بدات کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەمانە، ئەگەر رێگەم بدەن لەو بابەتە شەفافتر قسە بکەم، ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا هەندێك پێوەرمان داناوە

که دەبێ لەسەریان بڕۆین، لە وڵاتانی دەرەوە سەیری ئەوە ناکەن کە چەند جادە دروستکراوەو خانوو لێرە بەرز بۆتەوە، هەندێ شتی دیکە سەیر دەکەن وەك ئەوەی بزانن رەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان چۆنە؟ سەیری ئەوە دەکەن کە بزانن مافی ژنان لە هەرێمی کوردستان چییە، سەیری رەوشی زیندانیەکان دەکەن، ئەمانە پێوەرن بۆ دونیا، سەیر دەکەن بزانن مەسەلەی شەفافیەت لە هەرێمی کوردستان چۆنە، سەیری ئەوە دەکرێ ئایا ئەو میدیایانە بە ئازاد کار دەکەن، یان نا؟ ئەمانە بنەمان، بەڵێ میدیا دەبێ بەرپرسانە رەفتار بکات، ئێمەش وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندین بەو پرەنسیپانە، حەز دەکەم ئەوەش بڵێم ئێمە خۆمان ئەو بارودۆخەمان لە هەرێمی کوردستان دروست کردووەو خۆمان پابەندبووین کە دەبێ میدیای ئازادمان هەبێ، دیموکراتی هەبێ، دەبێ مافی مرۆڤ پارێزراو بێ، ئێمە هەنگاوی باشمان هاوێشتووە، من کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانم وەرگرت نزیکەی (600 – 700) کەس بەبێ دادگا لە زیندان بوون، ئێستا ژمارەیەکی زۆر کەم هەن، ئێمە لەم وڵاتەدا زیندانی سیاسیمان نییە، کێشەکانی ئێمە مەسەلەی تیرۆرە، ئێمە بە دەست تیرۆرەوە دەناڵێین، کێشەی ئێمە کردەوەی تیرۆرە کە کاریگەری لە رەوشی هەرێمی کوردستان و پاراستنی هاووڵاتیان هەندێك رێو شوێنمان گرتۆتەبەر، هەر دوو، سێ رۆژ لەمەوبەر باندێکی زۆر گەورە کە بە تەما بوون تەقینەوە لە هەولێر بکەن، بە هەوڵ و کۆششی ئاسایش و هێزەکانی ئاسایشی کوردستان ئەمانە دەستگیر کران، واتە ئەو تیرۆریستانە بەردەوام هەوڵی تێکدانی باری ئارامی هەرێمی کوردستان دەدەن، لەولاشەوە هێزەکان شەونخوونی دەکەن بۆ ئەوەی زەرەر بە هاووڵاتیان نەگات، دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و پێشمەرگەی ئێمە جێی رێزن و هەمیشە پۆلیس و پێشمەرگەی ئێمە جێی رێزن و هەمیشە لە هەوڵی بەردەوامن بۆ ئەوەی نەهێڵن باری ئاسایشی خەڵك تێك بچێ، هەروەها لە مەسەلەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، بەڵێ گلەیی هەیە، پێشکەوتنیش هەیە، ئێمە لە حکومەتی هەرێم بەرێوەبەرایەتی تایبەتیمان داناوە کە مامەڵە لەگەڵ ئەو مەلەفە دەکات، لێرەو لەوێ دەبینین زۆر باسی کێشەکان دەکەن، راستە جاران کەس باسی ئەمانەی نەدەکرد هەمووی دەشاردرانەوە، ئەمرۆ لەبەر ئەوە ژمارەکە زۆرە، چونکە رۆژانە راپۆرتی لەسەر دەکرێ، ئێمە لەو مەلەفەشدا پێشکەوتنمان بە دەست هێناوە، ئەوە نییە پاشەکشەمان کرد بێت، لە مەسەلەی بارودۆخی ناو زیندانیەکان، ئێستا پرۆژەمان هەیە بۆ دروستکردنی زیندانی باشتر بۆ ئەوەی هەوڵ بدەین بارودۆخی ناو زیندانیەکان باش بکەین، هەوڵی زۆرمان داوەو پرۆژەی باشیش ئەنجام دەدرێ، لە کوردستان هیچ کەس ناتوانێ بڵێ میدیا ئازاد نییە، ئێوە سەیری یەك هەفتەی رۆژنامەکانی کوردستان بکەن بۆتان دەردەکەوێ کە ئایا لە کوردستان ئازادی رۆژنامەگەری هەیە، یان نا؟ من پێموایە لە کوردستان ئازادی رۆژنامەگەری هەیە، بەڵام هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کەمە، ئەوەی کە ئێمە دەیبینین، ئێمە لە رەخنە ناترسین، پیمانوایە میدیای ئازاد دەتوانێ زۆر بە چاکی یارمەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بدات و رەخنەی لێ بگرن لەسەر ئەدائی حکومەت بۆ چاك کردنی، دەتوانێ ئەو گەندەڵیانە بە بەڵگە ئاشکرا بکات، من باسی هەموویان ناکەم، بەڵکو هەندێك مەسەلەی شەخسین و هەندێکی کە باس دەکرێن بەڕاستی هیچ بنەمایەکی بۆ نییە، ئەگەر بنەمای هەیەو ئەوان

دەتوانن ئیسپاتی بکەن بەمە یارمەتی حکومەتی هەرێم دەدەن بۆ بنبڕ کردنی گەندەڵی، بەڵام ئەوەی کە ئێمە لێی نیگەرانین، ئێوە دەزانن ئەزموونی کورد لە کوردستانی عێراق یەکەم ئەزموونی کوردە لەو وڵاتانەدا، لێرە بە دوو شێوە سوود لە میدیای ئازادو دەزگاکانی راگەیاندن دەکرێ، لە لایەکەوە ئێمە دەبێ پابەند بین بەو پرەنسیپەو لە لایەکی ترەوە هەوڵدانی وڵاتانی تر بۆ بێ قیمەت کردنی پرۆسەی هەرێمی کوردستان، دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت، کە بە بەرنامە هەول هەیە، ئامانجەکەش ئەوەیە کە بە وڵاتی خۆیان بڵێن ئەوەی کە ئێوە پێی دەنازن کە یەکەم جارە لە مێژوودا فەرموون گەندەڵەو ئەوەو ئەوەیە، سەیری ئەو میدیانە بکەن کە بینوتانە یەك راپۆرتی پۆزەتیف لەسەر کوردستانی عێراق باس بکرێ لە هەموو ئەو دەزگا راگەیاندنەی کە لە وڵاتانی تر هەیە بەکوردی و زمانەکانی تریشەوە، تێبینی بکەن ئەمە بۆ بێ نرخ کردنی ئەزموونی کوردستانە، ئێمە زۆر چاك دەزانین مەسەلە چییە، بەڵام لەوە پاشگەز نابینەوە، ئەوەی ئێمە داوا دەکەین ئەوەیە کە میدیاکانی ئێمە بەرپرسانە رەفتار لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەن، ئەم ئەزموونە، ئەزموونی گەلی کوردستانە، من زۆر جار باسی ئەوە دەکەم پەرۆشی خەڵکی کوردستان بۆ سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە زۆرە، ئەم پەرۆشیە لەچ هاتووە؟

ئێوە سەیری ئەو خێزانانە بکەن، هەر یەکێکیان چیرۆکێکیان هەیە کە چیان بەسەر هاتووە، ئەوە نییە کە بڵێی یەك توێژ زەرەرمەند بووەو خەڵکی دیکە زەرەرمەند نەبووە، ئەوەی کە لە گەرمیانە، یان لە هەولێرە خۆی بە بەرپرس دەزانێ، چونکە سەردانی هەر ماڵێك بکەی یان برای شەهیدە، یان باوکی شەهیدە، یان خزمێکی ئەنفالە، یان چەند ساڵێك زیندان بووە، لەبەر ئەوە خۆی بە بەرپرس دەزانێ و دەیەوێ ئەو بارودۆخە بەرەو باشی بڕوات، گەلی ئێمە شایستەی خزمەتگوزاری زیاترەو شایستەی ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان شەفافتر بەرخوردی لەگەڵ بکات، گەلی ئێمە شایستەی ئەوەیە دەبێ هەموو کەموکوڕیەکانی هەیە نەمێنن، بەڵام ئەوە پرۆسەیەکە بەردەوام دەبێ کاری بۆ بکرێ، بۆیە دەبێ میدیا لە گەڵماندا یارمەتیدەر بێت، خەڵکی کوردستان و پەرلەمان دەبێ یارمەتیدەر بێت، داوا دەکەم ئەوە بۆ ئەوە نییە کە هەرچی کەموکوریمان هەیە بشاردرێتەوە، بە پێچەوانەوە لە رووی رەفتاری بەرپرسانەوە هەوڵ بدرێ ئەمانە بەدیار بخرێن و وەکو گوشارێکیش بەکاربێن و بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێ خۆی چاك بکاتەوە، بەهەرحاڵ دەمێك بوو دەمویست ئەو قسانەتان لەگەڵدا بکەم. من داوای لێبوردن لە سەرۆکی پەرلەمان و ئێوەی بەرێز دەکەم قسەکەم زۆر درێژبوو. ئەمڕۆ ئێمە هاتووین تا پێشنیاری ئەوە بکەین کە ئەو سێ وەزارەتە یەکتر دەگرنەوە، یەکەم پێشنیاری ئەوە دەکەین بەرێز کاك عیماد ئەحمەد دەستنیشانکرا بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و هیوادارم ئێوەی بەرێز متمانەی بدەنێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەو کارە هەڵسێ. دوای ئەوەی متمانەی وەردەگرێ من دەمەوێ ئەوەندە بڵێم، چۆن پێشتر لەگەڵ جەنابی کاك عومەر پێکەوە کارمان کردووە بەردەوام دەبین بەو رۆحیەتە لەگەڵ کاك عیمادو هەموو ئەو برادەرانەی لە ئەنجومەنی وەزیران دان، بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی زیاتری گەلی خۆمان بکەین، پێشنیاری دووەمی ئێمە ئەوەیە جەنابی کاك شێخ جەعفەر پێشنیار دەکرێ بۆ پۆستی

وەزیری پێشمەرگە، هەروەها کاك عبدالکریم سنجاری پێشنیار دەکرێ بۆ پۆستی وەزیری ناوخۆ، هیوادارین پەرلەمانی بەڕێز متمانەیان پێ بدات. دەمێنێتەوە وەزارەتی دارایی، وەکو خۆتان دەزانن ماوەیەکە کاك شێخ بایز ئەرکی وەزیری دارایی بەڕێوە دەبات، هەردوولا بەوەکالەت. کاك شێخ لەو کارەی خۆیدا بەردەوام دەبێت هەتا بزانین کاك سەرکیس کەی لە دەرەوە دەگەڕێتەوەو باری تەندروستی چۆنە؟ دیسانەوە سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو وتارە، بەڕاستی تیشکی خستە سەر مەسەلەی زۆر گرنگ، دیارە ئێمە پێشتر بڕیارمان وا بوو دانیشتنێکی تایبەت لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بکەین، ڕێگاش بکرێتەوە بۆ پرسیارو وەڵام، بەلاٌم ئێمە لە قسە کردنماندا لەگەڵ جەنابی سەرۆکی حکومەت وامان بە باش زانی ئەمە دوا بخەین بۆ ڕۆژانی داهاتوو، لەبەرچی؟ لەبەر مەراسیمی یەکخستنی سێ وەزارەتەکە زۆر گرنگن، دەبێت ئەهمیەتی ئەم دانیشتنە تایبەت بێتن بەوە، دووەمیش/ من سەبەبێکی تر ئیزافە دەکەم، ئەویش ئەوەیە پێمان باش بوو لەو دانیشتنەدا جێگری سەرۆکی حکومەتیش حازر بێت، ئێستاکە هێشتا متمانەی وەرنەگرتووە، لەبەر ئەوەی کە ئەمڕۆکە متمانەی دەدرێتێ لەو دانیشتنەدا لە ڕۆژانی داهاتوودا داوایان لێ دەکەین تەشریف بفەرموونە ئێرەو هەردووکیان بێن، بۆ ئەوەی بتوانن وەلاٌمی پرسیارەکان بدەنەوە، هەروەها لە قسەکانی جەنابی سەرۆکی حکومەت کە ئاماژەی بە زۆر مەسەلە کرد، یەك لەو مەسەلانە ئەو پرۆژانەی کەوا لە پێشماندا ماوە لەبەردەم پەرلەماندا لەو دوو، سێ مانگەی پێش هەڵبژاردن دەبێت ئەنجامی بدەین، چەند پرۆژەیەکمان ماوە ئومێد دەکەم لە ژیانی پەیوەندیدار تەواوی بکەین لە پێش هەموویانەوە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان، هەروەها چەند پرۆژەیەکی تریش هەیە، ئەوانیش زۆر گرنگن، کە ئاراستەی حکومەتی هەرێم کراوە، بۆ ئەوەی ڕەئی خۆیان دەربارەی بدەن، لەوانە پرۆژەی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزان، کە تێگەیشتین لە حکومەت کاری پێویستی ئەنجام داوەو لەم ڕۆژانەدا دەینێرێتەوە بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەی بخرێتە بەرنامەی کار، من لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم ئەو گۆڕانکاریانەی لە حکومەتدا کراوە جەنابی سەرۆکی هەرێم دەست لەکارکێشانەوەی ئەم بەڕێزانەی قەبول کردووە بە نووسراو ئاگاداری ئێمەی کردووە، بەڕێز کاك عومەر فەتاح حسێن لە پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێز کاك عیماد ئەحمەد لە پۆستی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە، بەڕێز کاك عوسمان حاجی محمود لە پۆستی وەزیری ناوخۆ، بەڕێز فەریق عوسمان لە پۆستی وەزیری پێشمەرگە، بەڕێز کاك کەریم سنجاری لە پۆستی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، بەڕێز کاك شێخ جعفر مصطفی لە پۆستی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە، ئەم پۆستانە دەست لە کارکێشانەوەی ئەو بەڕێزانە قەبول کراوە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە، دواتریش بە فەرمانێك لە لایەن سەرۆکی هەرێمەوە قەبول کراون، لەسەر داوای بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەو بەڕێزانەی

خوارەوە دەست نیشان کراون بۆ پۆستەکانیان، ئەمڕۆ ئەو ڕێورەسمە بۆ ئەوەیە، فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەکو بەڕێزتان روونتان کردەوە و ئیشارەتتان پێدا، ئێمە ساڵێك و دوو مانگە چاوەڕێین بەڕێز سەرۆکی حکومەت بێتە پەرلەمان و کۆمەڵێك پرسیارمان هەیە، ئەمڕۆش کۆمەڵێك سەرنجمان بۆ دروست بوو لەسەر قسەکانی کە ئاراستەمان بکردایە، دیارە بەڕێزتان ئیشارەتتان پێدا کە لە جەلسەی داهاتوودا، ئێمە پێشتر کۆبوونەوەی فراکسیۆنمان کردووە، بەناوی فراکسیۆنەوە داوا ئەکەین، لە ئایندەیەکی زۆر نزیکدا، لە حەفتەی داهاتوو تێنەپەڕێ، بەڕێزیان بێنە بەردەم پەرلەمان، کۆمەڵێك پرسیار و سەرنجمان هەیە، خاڵی دووەممان ئەوەیە: کە لە زووترین کاتدا کێشەی وەزارەتی دارایی چارەسەر بکرێ، بەڕێزیان بێتە بەردەم پەرلەمان، کە لە 10 رۆژ تێنەپەڕێ، وەزیری دارایی سوێندی یاسایی بخوات، ئەگەر نا، ئەو کاتەی ئێمە وەکو فراکسیۆن، داوا لە پەرلەمان دەکەین، هەڵوێستێکی روونی هەبێت، کە لە ماوەی 10 رۆژ تێپەڕ نەبێت، وەزارەتی دارایی یەکلایی بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من جوابی قسەکانتم دابووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قسەکانی خۆت کرد، دیارە لە فراکسیۆن داوایان لێ کردبووی ئەو قسانە بکەی، ئەوەی یەکەم جوابم داوە، وتم لە رۆژانی داهاتوودا جەنابی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی دێنە ئێرە، ئەگەر وەزارەتی دارایی یەکیش بگرێتەوە، ئەگەر کاك سەرکیس بمێنێتەوە، پێویست بە سوێند خواردن ناکات، وەکو وەزیری داد کە کاك فاروق بوو لە جێی خۆی ماوە، پێویست بە سوێند خواردن ناکات، بەڵام ئەگەر یەکێکی تر بوو، بەتەئکید وایە، ئەوەش خۆشی ئاماژەی بەوەی دا کە بڕیاری یەکخستنەوەی وەزارەتی دارایی وەکو وەزارەتەکانی تر دراوە، وەزیر لێرە نیە، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی راسپێراوە بە وەکالەت، یەعنی ئێستا وەزیرە بە وەکالەت، بەو ئەرکە هەڵدەستێت، ئەگەر گۆڕانکاری کرا، بە وەزیرێکی تر درا، یان کاك سەرکیس دەستی لە کار کێشاوە، ئەوە ئەو وەختی مەراسیمی دانانی وەزیری تازە، ئەگەر شێخ بایز ئەوە شێخ بایز دەبێ دەست لە کار بکێشیتەوە وەکو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی، بێت و لێرە متمانە وەربگرێت، سوێند بخوات، بەڵام ئەگەر کاك سەرکیس مایەوە و ئینشاالله سیحەتی باش دەبێ، ئەوە ئەو وەختی هیچ سوێند خواردنی پێویست ناکات، ئێستا خاڵی یەکەم: وەرگرتنی متمانەی پەرلەمان بۆ پاڵێوراوی ئەنجومەنی وەزیران، بۆ کاك بەڕێز کاك عیماد احمد سیفور، بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، دیارە ئەم سێ برادەرە هەرسێکان دەیانناسن، ئیشیان کردووە، من داوا دەکەم لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، متمانە بدرێتە بەڕێز کاك عیماد احمد، کێ لەگەڵ ئەو پاڵاوتنەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ متمانەی پێدرا، زۆر سوپاس، پیرۆزبایی لە بەڕێز کاك عیماد احمد دەکەین، بەڕێز کاك (جەعفەر موستەفا عەلی) ناسراو

به شێخ جەعفەر، داوا کراوە متمانەی پێبدرێ وەکو وەزیری پێشمەرگە، ئێوەش وەکو کاك عیماد ئەویش دەناسن، لەبەر ئەوەی (سی ڤی)ەکەمان (سیرة ذاتیة) تەوزیع نەکردووە، وەکو وەزیر بووە پێیشتریش و هەموو کەسێك دەیناسێ و داواتان لێ دەکەم، متمانەی پێ ببەخشن، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ متمانەی پێدرا، زۆر سوپاس،پیرۆزبایی لێ دەکەین، بەڕێز کاك (عبدالکریم سولتان شنگاری)، داوا کراوە متمانەی پێبدرێ وەکو وەزیری ناوەخۆ، ئەویش ناسراوە لە لایەن هەموو ئەوانە، داواتان لێ دەکەین متمانەی پێبدەن، کێ لەگەڵ ئەو متمانەیە دەستی بڵند بکات؟ فەرموون، کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ متمانەی پێدرا، زۆر سوپاس، پیرۆزبایی لێ دەکەین، ئومێدەوارم هەرسێکتان سەرکەوتوو بن، داوا لە جەنابی کاك نیچیر دەکەم، بێت لەگەڵ ئێمە بوەستێت بۆ مەراسیمی سوێند خواردنیان، داوا لە بەڕێز کاك عیماد احمد دەکەم بێت بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخوات.

**بەڕێز عماد احمد:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

من (عیماد احمد) جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بە دڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز عبدالکریم سوڵتان شنگاری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

من (عبدالکریم سوڵتان شنگاری) وەزیری ناوەخۆ ، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بە دڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستان - عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز جعفر مصطفی علی:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

من (جعفر مصطفی علی) وەزیری پێشمەرگە، بە خوای مەزن سوێند دەخۆم، کە بە دڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستان - عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، پیرۆزبایی گەرم لە جێگری تازەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوەخۆ دەکەم، ئۆمێدی سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم لە یەکخستنی تەواوی عەمەلی وەزارەتەکانیان، ئەم دوو وەزارەتە وەزیرەکانیان لێرەن، وەزارەتی گرنگن، پێشمەرگە ئومێد دەکەم لەسەر دەستی ئەوان ببێتە پێشمەرگەی تەواوی خەڵکی کوردستان یاسایی، دوو پیشمەرگە نەمێنێت، دوو پۆلیس نەمێنێت، دوو ئیدارەیی لەو دوو

وەزارەتە بنبڕ بكرێت لە زووترین وەختدا، دەزانم كارێكی زۆریان كردووە، لە رووی تەكنیكیەوە زۆریان ئەنجامداوە، تەنیا ماوە لە رووی ئیداریەوە بە كارەكانیان هەڵبستن، ئیتر لە موتابەعەی پەرلەمانیش بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەركە بەردەوام دەبێت، من جارێكی تر سوپاسی بەڕێز كاك نیچیروان دەكەم كە بەراستی هیچ وەختێك داوام نەكردبێ و نەهاتبێتە پەرلەمان، هەر وەختێكی داوامان كردبێ هاتیە، ئەگەر نەشهاتبێ بە هۆی سەفەرێك بوو، یان بە هۆی كارێك بووە كە هاتووتە پێشەوە، بەڵام هیچ وەختێك نەیوتووە نایێم، یان مەهانەی هێنابێ بۆ نەهاتنی، بەعەكسەوە چەندین جار هاتووە و لێرە وەڵامی پرسیارەكانی ئێوەشی داوەتەوە، ئەمرۆش ئامادەبوو وەڵامتان بداتەوە، بەڵام ئێمە داوامان كرد و وتمان گرنگی یەكخستنی ئەو سێ وەزارەتە پرسیار و جەوابەكە دەخەینە دوا، لە جاری داهاتوو، لە هەفتەی داهاتوو، لە رۆژانی داهاتوودا، رۆژێك تەرخان دەكەین جەنابی بێت لێرە، لەگەڵ جێگری سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران، ئەو پرسیارانەی كە لە لاتاندا دروست بووە لەبەر رۆشنایی قسەكانی، یان ئەو قسانەی كە ئەو رۆژەی بە پێویستی بزانی كردبێتی، پێم وایە راشكاوانە وەڵامتان دەداتەوە، ئێستاكە پێش ئەوەی كۆتایی بە دانیشتنەكەمان بێنم، بەیانی ناتوانین دابنیشین لەبەر ئەوەی كۆنفرانسێكی گەورە هەیە، لە لایەن یۆنامیەوە، كۆنفرانسێكە لەبارەی نەوت و غاز و فیدرالیەت و دەستوورە، ژمارەیەكی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان دەعوەت كراینە، ژمارەیەك لە ئەندامانی پەرلەمانی عیراقیشدا بەشدارن، فورسەتێكە بۆ ئەوەی لەیەكتێگەیشتنی باشتر هەبێ لە رووی یاساییەوە، لە رووی دەستوورییەوە، بۆ مافەكانی هەرێم لەو روەدا، بۆیە سبەینی دانیشتنمان نابێ، پێنج شەمیش 9ی مانگە رۆژی رزگار بوونی عێراقە، جا بۆیە دانیشتنەكەمان دەكەوێتە سەرەتای حەفتەی داهاتوو، تا ئەو وەختی كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دێنین، زۆر سوپاستان دەكەم بەخێر بێن سەرچاوان.

| | | |
|---|---|---|
| فرست احمد عبدالله | محمد قادر عبدالله(د.كمال كەركووكی) | عدنان رشاد مفتی |
| سكرتێری پەرلەمانی | جێگری سەرۆكی پەرلەمانی | سەرۆكی پەرلەمانی |
| كوردستان – عێراق | كوردستان – عێراق | كوردستان - عێراق |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (5)**

**سێ شەممە ڕێکەوتی 14\4\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5)

## سێ شەممە رێكەوتی 2009/4/14

کاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێکـەوتی 2009/4/14 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆکی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمـد قـادر عبداللە(د.کمال کەرکووکی) جێگری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـداللە سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (5)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕۆی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی کوردسـتان - عێـراق, دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (5)ی خـولی دووەمی هەڵبژاردن لە کات (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 14/ 2009/4 دا بەم شێوەیە بێت:

1- یاد کردنەوەی کارەساتی ئەنفال و خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەو بارەیەوە.

2- پێش چاوخسـتنی نامەکـەی بـەڕێز سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان - عێـراق دەربـارەی کـاتی هەڵبـژاردنی پەرلەمانی کوردستان و خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری تایبەت بە پێدانی دەسەڵات بە سەرۆکی هەرێم بۆ دیاری کردنی کاتەکە.

3- خوێندنـەوەی یەکـەمی پێشـنیاری یاسـای هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگاکـانی هـەرێمی کوردسـتان – عێراق.

4- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەکەینەوە، بەرنامەی کار:

بـەپێی حوکمـەکانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلـەمان بڕیاریـدا بەرنامـەی کاری دانیشتنی ژمارە (5)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (11)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2009/4/14دا بەم شێوەیە بێت:

1- یاد کردنەوەی کارەساتی ئەنفال و خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەو بارەیەوە.

2- پێش چاوخسـتنی نامەکـەی بـەڕێز سـەرۆکی هـەرێمی کوردسـتان - عێـراق دەربـارەی کـاتی هەڵبـژاردنی پەرلەمانی کوردستان و خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری تایبەت بە پێدانی دەسەڵات بە سەرۆکی هەرێم بۆ دیاری کردنی کاتەکە.

3- خوێندنـەوەی یەکـەمی پێشـنیاری یاسـای هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی پارێزگاکـانی هـەرێمی کوردسـتان – عێراق.

4- بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

سەرەتا بەخێرهاتنی کاك کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ، بەڕێز کاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەم، بەخێرهاتنی وەفدی هەرێمی (فلانجەرز) کە لە بەلجیکاوە هاتوون بەڕێزان (خاتوون ئاناماریا) بەڕێز (یاهۆجەر) بەڕێز (یۆهان) بەڕێز (پلیپراون) دەکەم، بەخێر بێن سەرچاوم، هەروەها بەخێرهاتنی هەموو میوانە بەڕێزەکان دەکەم، بەخێرهاتنی ئەو قوتابیان و خوێندکارانە دەکەم کە لە خوێندنگای بتوێنی نموونەیی لێرەوە لەگەڵمان ئامادەن، بەخێر بێن سەرچاو، بەخێرهاتنی میدیاش دەکەم، وەکو هەمیشە زۆر بەخێر بێن سەرچاو، خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار یاد کردنەوەی کارەساتی ئەنفال و خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، داوا لە لێپرسراوی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە دەکەم بێن لێرە دابنیشن بۆ خوێندنەوەی ئەو راپۆرتە، پێش ئەوەی دەست بە بەرنامەی کار بکەین، من دەمەوێت باسی ئەوە بکەم سبەینێ سەری ساڵی جەژنی برا ئیزیدیەکانە، پیرۆزبایی لە هەموو برا ئیزیدیەکان دەکەین بەبۆنەی سەری ساڵی تازەیان، ئومێد دەکەین ئەمساڵ ساڵی خۆشی و سەرکەوتن بێتن بۆ برا ئیزیدیەکان و بۆ هەموو گەلی کوردستان، هەروەها چەند رۆژێك پێش ئێستا برا مەسیحیەکانیش جەژنی قیامەیان بوو پیرۆزبایی لە هەموو برا مەسیحیەکان دەکەین، هەندێکیان هەر بەردەوامن لەسەر پشوویان، ئومێد دەکەین لە خۆشی و کامەرانیدا بن، ئێستا ئێمە لێرە دانیشتووین رێوڕەسمی بەخاك سپاردنی روفاتی (187) شەهیدی تری کارەساتی ئەنفال لە گوندی (بێ بنە) لە ناحیەی رزگاری لە گەرمیان بە خاك دەسپێردرێت، لە رێوڕەسمێکدا کە دوو رۆژ پێش ئێستا لەبەر دەمی تەلاری پەرلەمان لە خزمەتیان راوەستاین بۆ ئەو پۆلە شەهیدانە، بۆ ئەو پۆلە قوربانیانەی ئەنفال کە پاشی چەند ساڵ ئەو کارەساتەو ئەو تاوانە گەورەیە ئێستاکە روفاتیان دۆزراوەتەوە، دیارە تاکو ئێستا چەند هەزارێك لەو روفاتانە مەعلوم بووە لەکوێنەو دۆزراونەتەوە؟ هێشتا دەیان هەزاری تر چاوەڕوان دەکرێن بدۆزرێنەوەو بگەڕێنەوە شوێنی باپیری خۆیان، هەمیشە دەبێت لە یاد کردنی ئەمڕۆ رۆژی (4/14)ە، رۆژی کارەساتی ئەنفال، ئەو رۆژەمان دەست نیشان کردووە وەکو دەستپێکی کارەساتی ئەنفال، کە رژێمی گۆڕبەگۆڕ چووی بە پلانێکی داڕێژراویدا دەیویست گەلی کورد لەناو بەرێت و ئیرادەی بخنکێنێت، ئەوەی بتوانێتن بیانکوژێت و بە سیاسەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئەنفال، ئەویتریش بە گۆڕینی رەگەزی تاکو دەگاتە ئەوەی نەتەوەی کورد لە عێراقدا وجودی نەبێت، بەڵام نەك تەنیا نەیتوانی بەڵکو ئەو کارەساتانە بوون بە هاندەرێکی گەورەتر کە ئیرادەی گەلەکەمان بەهێزتر بێتن بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەو سیاسەتە چەوتەی رژێمی دکتاتۆر، تا گەیشتە ئەوەی کە رق و کینی کۆمەڵانی خەڵك بەرامبەر ئەو سیاسەتە رەگەزپەرستیە بتەقێتەوەو راپەرینێکی بێ وێنە لە ساڵی 1991دا هەموو کوردستان بگرێتەوە، هەموو کوردستانیش ئازاد بکرێت، پلانەکانی رژێمیش گۆڕ بە گۆڕ بچێتن و دواتر خۆشی لەناو بچێت، وەك سزایەکی خواو میللەت بەرامبەر ئەو تاوانبارانە، ئەمڕۆش کە یادی کارەساتی ئەنفال دەکەینەوە جارێکی تر سەری رێزو نەوازش بۆ گیانی پاکی شەهیداندا دەنوێنین، دڵنیایی گەلەکەمان دەکەینەوە کە خوێنی ئەوان بە فیڕۆ نەچووەو ناچێتن، بەرز رادەگرین ئەو قوربانیانەی ئەوان داویانە، ئەو یادە بەرز رادەگرین، وەفاداریش بۆ قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران و

هەموو شەهیدانی گەلەکەمان لەوەدا دەبێت بەردەوام بین لەسەر ئەو خەباتەی کە ئەوان لە پێناویدا شەهید بوون و بوونە قوربانی سیاسەتی رژێمی بەعس، وەفاداری بۆ گیانی ئەو شەهیدانە بەوە دایە کە نەك هەر بەردەوام بین لەسەر ئەو خەباتە، بەڵکو زیاتر ڕێزەکانی گەلەکەمان پتەوتر بکەین و یەك ڕیزی خەبات بەهێزتر بکەین، بۆ ئەوەی رووبەڕووی ئەو ئەرکانە بینەوە، کە چاوەڕوانمانن، لە پێش هەموویانەوە چەسپاندنی ئەو دەستکەوتانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا گەلەکەمان بە دەستی هێناوە، چەسپاندنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەر لەسەر بنەمایەکی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ، ڕێزگرتن لە مافی ژن، یەکسانی، نەهێشتنی دیاردەی نامۆو گەندەڵی لەناو کوردستاندا، دابین کردنی عەدالەت، بەردەوام بوون لەسەر چەسپاندنی دیموکراتیەت، ئەمانەش هەمووی بەرنامەن کە لە پاش راپەرینەوە هێزە سیاسیەکان و هەموو گەلی کوردستان بەشدارن بۆ دامەزراندنی ئەو کۆمەڵگایە، ئەمڕۆش لە قۆناغێکی گرنگ داین، چەند مانگێکی تر هەڵبژاردنی پەرلەمانیشمان لە پێشە، سەرخستنی ئەم ئەزموونە ئەرکی سەرشانی هەموو گەلی کوردستانە، لە پێش هەموویانەوە هێزە سیاسیەکان، ئینجا کۆمەڵگای مەدەنی، ئینجا هەر تاکەیەك، هیچ کەسێك نییە بڵێ من لێپرسراو نیم، هەموو لێپرسراوین هەر یەکە بەپێی جێگایەکەی و بەپێی مەوقیعیەت و بەپێی لێپرسراویەتی، جارێکی تر لێرەوە سڵاو و ڕێزمان بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە، دووپاتی دەکەینەوە بۆ کەسوکاریان کە ئێمە وەفادار دەبین بۆ ئەو خەباتە، بۆ ئەو قوربانیە، لە خزمەتی ئەواندا دەبین، چەندمان کردووە بە ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین، پێویستیشە هەموو لایەکمان، پەرلەمان، حکومەت، هێزە سیاسیەکان، کۆمەڵگای مەدەنی، هەریەکە لە شوێنی خۆیدا خزمەتی کەسوکاری شەهیدان بکات، ئەوەندەی بۆمان بکرێتن لەو ڕێبازەدا بەردەوام بین، هەر لەم رۆژانەشدا لیژنەی ئاوەدانکردنەوە سەردانی هەندێك لەو ناوچانەی کرد بوو، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە وەکو راسپاردەیەك لە لایەن ئێوەوە، لە لایەن سەرۆکایەتیەوە، لە نزیکەوە ئەو ناوچانە بەسەر بکاتەوە بزانن کێشەکانیان چۆنە؟ وەزعیان چۆنە؟ داواکارییان چیە؟ راپۆرتێکیان ئامادە کردووە، پێمان باش بوو لەم رۆژەدا (4/14)ە یادی ئەنفالە، ئەو راپۆرتە بیخەینە بەردەم ئێوەو داوا لە بەڕێز کاك زرار دەکەم لێپرسراوی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکەی، زۆر سوپاستان دەکەم، فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان- عێراق**

**بابەت/ راپۆرتی لیژنەی ئەشغال و ئاوەدانکردنەوە**

راپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە تایبەتە بە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی دەڤەری کەلارو کفری و دەربەندیخان و قەزای چەمچەماڵ لە سەردانی لیژنەکەماندا، لیژنەکەمان پێکهاتبوو لەم بەڕێزانە:

1- زرار طاهر امين سەرۆكی لیژنە
2- ئارام رسول مامند جێگری سەرۆك
3- خەمار زرار اسعد ئەندام
4- عبدالرحمن اسماعیل سلیم ئەندام
5- ارسلان غفور سلیمان ئەندام

رۆژی 2009/3/30 كاتژمێر (10)ی بەیانی سەردانی قەزای چەمچەماڵیان كرد بە ئامادە بوونی بەرای بەڕێز كاك فاروق كەریم ئەندامی پەرلەمانی كوردستانی دەڤەرەكە، لەگەڵ قائیمقام و بەڕێوەبەری ناحیەكانیش شۆڕش، ئاغجەلەر، قەرەهەنجیر، تەكیە، شوان، سەنگاو، قادر كەرەم و تەكیەی جەباری و سەرجەم بەڕێوەبەری فەرمانگەكان و بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان و چەند بەرپرسێكی حزبی دەڤەرەكە كۆبۆوەو بە ئامادە بووانی راگەیاند كە ئەم سەردانە بۆ دەڤەرەكەیان لەسەر بڕیاری سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستانی بەڕێزەوە بووە، بۆ ئەوەی گوێی لە هەموو پێشنیارو زانیاری هەموو داواكاریەكانتان بگیرێ لەگەڵ بوارەكاندا، دوای ئەوەی پێشوازییەكی گەرم كرا لە لیژنەی ئاوەدانكردنەوەی پەرلەمانی كوردستان لە هەموو بوارەكان زانیارو پێشنیاری داواكراوەكان خرانە بەردەم لیژنەكەمانەوە، ئەم زانیاریانەی خوارەوە تایبەت بوون بە كەسوكاری شەهیدان و ئەنفال و كیمیاباران لە قەزای چەمچەماڵ بە هەموو ناحیەكانیەوە:

یەكەم/ ژمارەی وارسی ئەنفال وكیمیاباران (2800) وارسە، تاوەكو ئێستا (602) وارس خانووی بۆ كراوە لە قەزای چەمچەماڵ، ئەوانی تر كە ژمارەیان (2198) وارسە تاوەكو ئێستا خانوویان بۆ نەكراوە، (600) وارسی ئەنفال زەوی نیشتەجێ بوونی پێ نەدراوە، ئەوانی تر هەموو زەویان وەرگرتووە.

دووەم/ ژمارەی وارسی شەهیدی سەنگەر لە قەزای چەمچەماڵ و بەهەموو ناحیەكانیشەوە، بە گوندەكانیشەوە (2800) وارسە، دواتر لیژنەی ئاوەدانكردنەوە رۆژی 2009/4/1 كاتژمێر (11)ی سەرلە بەیانی كە پێكهاتبوو لە بەڕێزان: زرار طاهر امین سەرۆكی لیژنە، ارسلان غفور سلێمان ئەندام، محسن علی اكبر ئەندام، خەمان زرار اسعد ئەندام، بە ئامادە بوونی بەڕێزان: كاك عادل محمد امین و گوڵەی گەرمیان سەردانی قەزای كەلاریان كردو لەگەڵ بەڕێز كاك سەعید سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان و قائیمقامی قەزاكانی كەلارو كفری و سەرجەم بەڕێوەبەری ناحیەكانی گەرمیان و بەڕێوەبەری فەرمانگەكانی گەرمیان و بەڕێوەبەری كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان كۆبۆوە، دووبارە بە ئامادە بووانی راگەیاند كە ئەم سەردانە لەسەر بڕیاری سەرۆكایەتی پەرلەمانی بەڕێزە، بۆ ئەوەی لە نزیكەوە گوێ لە هەموو زانیاری و پێشنیارو داواكارییەكانتان بگیرێت، دوای ئەوەی پێشوازییەكی گەرم كرا لە لیژنەی پەرلەمان لە هەموو بوارەكانی زانیاری و پێشنیارو داواكارییەكان خرایە بەردەم لیژنەكەمانەوە، ئەم زانیاریانەی خوارەوەش تایبەت بوون بە كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان لە دەڤەری گەرمیان، لە ئیدارەی گەرمیان كە بریتی بوو لە قەزای دەربەندیخان و كەلارو كفری:

یەکەم/ سەرجەم ژمارەی وارسی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و کیمیاباران (4264) وارسە.

دووەم/ ژمارەی وارسی ئەنفال (1664) وارسە لە ئیدارەی گەرمیان کە کفری و کەلارو دەربەندیخان دەگرێتەوە.

سێیەم/ تاوەکو ئێستاش (390) خانوو لە رزگاری لە کەلار دروست کراوە بۆ وارسی ئەنفال، (120) خانوو لە قەزای کفریش بۆ ئەنفال دروست کراوە، واتا لە ئیدارەی گەرمیان تەنها (510) خانوو دروست کراوە بۆ وارسی ئەنفال.

چوارەم/ ژمارەی ئەوانەی زەویان وەرنەگرتووە، وارسی ئەنفال (165) وارس تاوەکو ئێستا زەویان وەرنەگرتووە.

پێنجەم/ وارسی شەهیدی سەنگەر (119) وارس زەویان وەرنەگرتووە، سەرجەم ئەوانی تر زەویان وەرگرتووە، سەرجەم کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی سنووری چەمچەماڵ و دەربەندیخان و کەلارو کفری ئەم داواکارییانەیان خستە بەردەم لیژنەکەمان:

1- دروست کردنی خانوو بۆ سەرجەم کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ئەوانەی بۆیان نەکراوە.

2- زیاد کردنی مووچەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، بەتایبەتی مووچەی ئەنفال و ئەوانەی کە لە یەك ئەنفالکراو زیاتریان هەیە بەشێوەیەك لەگەڵ بارو گوزەرانی ئەم رۆژگارە بگونجێت.

3- دروست کردنی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بەکەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە سنووری چەمچەماڵ.

4- دروست کردنی مۆنەمێنتێك بۆ ئەنفال لە چەمچەماڵ داوایان دەکرد دەبێت پێش 2009/4/14 بناغەی ئەم مۆنەمێنتە دابنرێت، خۆشبەختانە (12)ی مانگ دانرا.

5- قەرەبوو کردنەوەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە لایەن حکومەتی ناوەند لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە.

6- گەیاندنی پرۆژەی خزمەتگوزاری ئاو و کارەباو رێگاوبان و قوتابخانەو بنکەی تەندروستی و بنکەی پۆلیس، هەروەها بۆ ئەو شوێنانەی کە کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی تێدا نیشتەجێیەو بەتایبەتی لە سنووری چەمچەماڵ و خانووەکانی رزگاری و کفری کە بەم دواییە بۆیان دروست کراوە.

7- ناردنە دەرەوەی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ئەوانەی کە نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە.

8- زیاد کردنی بڕی پارەی دیاری پێشینەی هاوسەرگیری بۆ کوڕو کچی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بۆ سێ ملیۆن دینار.

9- داوایان دەکرد لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر هەوڵ بدرێت بۆ بەناساندنی ئەنفال وەك جینۆساید لە دەرەوەی وڵات.

10- داوایان دەکرد دەسەڵاتی تەواو بدرێت بە بەڕێوەبەرایەتی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە قەزای چەمچەماڵ و ئیدارەی گەرمیان لە کەلار، هەروەها کێشەی کەمی میلاك هەیە لە بەڕێوەبەرایەتیەکەیاندا.

11- پەلە بکرێت لە سزادانی تاوانبارانی کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران.

12- داوایان دەکرد بۆ هێنانەوەی روفاتی قوربانیانی ئەنفال بۆ سنوورەکەیان.

13- دامەزراندنی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە دەرچوانی زانکۆو پەیمانگا لە دامودەزگا حکومیەکان.

ئێمە وەك لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی پەرلەمانی کوردستان:

1- دەستخۆشی دەکەین لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ساڵی پار لە قۆناغی یەکەمدا (1112) خانووی بۆ وارسی ئەنفال دروست کرد لە چەمچەماڵ و کفری، بەڵام هیواداریین سەرجەم وارسی ئەنفال بڕیاری دروست کردنی خانوویان بۆ بدرێت لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لە هەموو هەرێمی کوردستان.

2- هەروەها لیژنەکەمان بە ئامادە بووانی راگەیاند سەرجەم داواکارییەکانیان بە راپۆرتێك لە رێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێزەوە دەنێردرێت بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، بۆ ئەوەی داواکارییەکانیان بخرێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، زۆر سوپاس بۆ هەموو گوێگران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ کاك زرارو بۆ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، بۆ ئەو بەڕێزانەی کە سەردانی ئەو دەڤەرەیان کردووەو ئەو راپۆرتەیان ئامادە کردووە، سوپاس بۆ لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، چونکە ئەمە تەنیا ئەم سەردانە نییە، سەردانی تریشیان کردووە بۆ ناوچەکانی تر، هەروەها لیژنەکانی ترو نووسینگەکانیش لەو ماوەی رابردوودا کاری باشیان ئەنجامداوە لە سەردانی سنوورەکان و سەردانی ناوچەکان، لە نزیکەوە ئاگاداری داواکارییەکانیان بووین، من ئەو راپۆرتە بەنرخە بە باشی دەزانم هەموو ئەندامێکی پەرلەمان نوسخەیەکی هەبێت، ئەو شتانەی پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە لە داڕشتنی یاساو بڕیاری پێویست بۆ کەسوکاری شەهیدان لەبەرچاویان بگرن، لە داهاتوودا هەر یاسایەك بێتە پێشەوە، ئەو داواکارییانە لە پێشیان بێت و ئەو راپۆرتەش ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکەین وەکو پێشنیاریان کردووە، بۆ ئەوەی هەموو ئەو داواکارییانە بە هەند وەربگرن، هەر بۆ ئاگاداریشتان ئەمڕۆ خوێندمەوە جێگری سەرۆکی حکومەت دەڵێ حکومەت هەزار خانووی تریش دروست دەکات، واتا بەو هەزارو سەدەی ئاماژەی پێ کرا لەو راپۆرتەدا هەزاری تریش دروست دەکات، ئێمە دەستخۆشیان لێ دەکەین بۆ هەر کارێکی باش، داواشیان لێ دەکەین بەردەوام بن لەو بەرنامەیە بۆ خزمەت کردنی کەسوکاری شەهیدان و ئاوەدانکردنی ناوچەکانیان، زۆر سوپاس بۆ کاك زرار دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی.

خاڵی دووەم لە بەرنامەی کارمان: پێش چاوخستنی نامەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق دەربارەی کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری تایبەت بە پێدانی دەسەڵات بە سەرۆکی هەرێم بۆ دیاری کردنی کاتەکەی، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، نوقتەی نیزامیت چیە؟ فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، دوا ئیشارەتی پێ دەدەم ئەمڕۆ رۆژی ئەنفالە هەتا تەسبیت کرن لە پەرلەمانێ، بریا جەلسەکی تایبەت با، یەعنی جەلسەکی تایبەت با ئەڤرۆکە بۆ ئەنفال.

دوو/ راپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە ئیشارەت بە ناوچا دایا وابزانم سەردانی ناوچەی دهۆك و ئەوانەش ژی کریا، ئەڤیا راپۆرتی خۆ ئیشارەتی پێدا بایە، ئیشارەت نەهاتیە کرن لەگەل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش هەموو شتێك ئەو داوایە لە جێیە، دانیشتنێکی تایبەت بکرێت، بەڵام ئێمە بۆ دانیشتنە تایبەتەکە رێوڕەسمێك هەیە بۆ بە خاك سپاردنی (187) کەس لە قوربانیانی ئەنفال، هەموو تەلەفزیۆنەکان ئەو رێوڕەسمە بەڕێوە دەبەن، بۆیە ئێمەش دڵمان لەگەڵ ئەوانە، لەگەڵ ئەوەشدا خاڵی یەکەم لە بەرنامەی کارمان خستبووە باس کردن و بەرز راگرتنی ئەو یادە، راپۆرتەکەش تایبەت بوو بە سەردانی ئەو دەڤەرە تەواویان نەکرد بوو، وەختی نەبوو بچنە بادینان و ئەوانە، ئەگینا لە ناوچەی بادینانیش ئەنفال هەیە، بارزانیەکان ئەنفال کراون، هەموو ئەنفالی نەگرتۆتەوە، تەنیا ئەو شوێنانەی گرتۆتەوە کە سەردانیان کردووە، بەڵام ئێمە یادەکەمان بەگشتی یاد کردەوەو باسمان کرد، گوتمان 4/14 رۆژی دەست پێ کردنی شاڵاوی ئەنفالەو هەموو ناوچەکان دەگرێتەوە، کاك زرار هەر خۆی راپۆرتەکەی خوێندەوە تەوزیحت هەیە فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە سەردانە مەیدانیەکەماندا، تەبعەن گوێمان لە هەموو داواکاری و زانیاری و پێشنیارەکان گرتووە، هەروەکو لە راپۆرتەکەدا ئاماژەمان پێ کرد، لە سەردانی دەڤەری بادینانیشمان کە لە مانگی (8)ی ساڵی 2008 کردمان لە راپۆرتێکی تێروتەسەل ئاماژەمان بەوە کرد بوو کە چەند کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوەکان هەیە، ئەو کاتی راپۆرتەکەشمان بۆ سەرۆکایەتی ناردو زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش دەکەین، کە ناردیان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و من رۆژێکیان سەردانی نازەنین خانم کرد، لای وەزیری شارەوانی راپۆرتەکەی ئێمە هەبوو کە خودی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران راپۆرتەکەی ئێمەی پێداون، هەر رۆژی (12)ی مانگ سەردانی شاری کۆیەمان کرد لە سەردانەکەی شاری کۆیەش (610) وارسی ئەنفالیش لەوێ هەیە، ئەم (610) وارسە هەمووی خانووی بۆ کراوە، هەمووی

زەوی وەرگرتووە، بەلاّم هیچی خانووی بۆ نەکراوە، ئێمە لەو راپۆرتەدا فریا نەکەوتین، بەلاّم من ئاماژەم پێ کرد لە زۆر شوێنی تر، مەسەلەن لە دوکان هەیە، لە بالیسان هەیە، لە چەند شوێنێکی تر هەیە، بەلاّم ئەم راپۆرتە تایبەت بوو بە کەسوکاری چەمچەمالّ و کفری و کەلارو گەرمیان، هەمووتان باش دەزانن سەرجەم هەرێمی کوردستان ئازاری ماددی و گیانی دیوە، بەلاّم گەرمیان جگە لەوەی کە ئازاری گیانی وماددی دیوە، بەڕاستی چەند گوندی وەکو عسکەرو گۆپتەپەو سێنیان کیمیاباران کراوە، هەمووتان باش دەزانن وەکو هەموو ناوچەکانی دی دەیان شەهیدی سەرکردەی وەکو حەمە غەفوری ئاغجەلەری و سیروان تالّەبانی و خالید گەرمیانی و مامە ریشەو سۆران و گۆرانی پورە گولّێ هەن، لەبەر ئەوە ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان داوا دەکەین لە هەموو جەماوەر پەرلەمان بە بەردەوامی بەدواداچوونی کردووە بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بەڕاستی کاری جددی بکات بۆ ئەوەی داواکارییەکانیان جێ بەجێ بکات، هەموویان مردن، هەموویان پیر بوون کۆتایی بە ژیانیان هات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک شێروان فەرموو، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ خالّی دووەم لە بەرنامەی کار/ پێش چاوخستنی نامەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق دەربارەی کاتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیاری تایبەت بە پێدانی دەسەلاّت بە سەرۆکی هەرێم بۆ دیاری کردنی کاتەکە، داوایان لێ دەکەم سەرەتا نامەکەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامان.

ئێستا دەقی نووسراوی سەرۆکی هەرێمی کوردستانتان بۆ دەخوێنمەوە سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان.

**بۆ/ سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان – عێراقی بەڕێز**

سلاّوو رێز....

ئاماژە بە نووسراوتان لە 2009/1/5 دوای تاوتوێ کردنی ئەگەری دیاری کردنی رۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بۆ خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان لەگەلّ سەرۆکایەتی کۆمسیۆنی بالاّی هەڵبژاردنەکان لە عێراق، بۆمان دەرکەوت کە لەبەر هۆکاری تەرخان نەکردنی بودجەی تایبەت بۆی و نەبوونی پلانی دارایی روون و توانای تەکنیکی پێویست، کۆمسیۆنی بالاّی هەڵبژاردنەکان لە عێراق ناتوانێت لە 2009/5/19دا هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدات، ئەمەو ئەو ماوە دوو مانگییەی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (دەیەم)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی سالّی 2005ی هەموار

**كراو دیاری كردووه بۆ ئێمه كه رۆژی هه‌ڵبژاردنی گشتی بۆ په‌رله‌مانی كوردستان به‌ فه‌رمانی هه‌رێمی دیاری بكه‌ین له‌ 2009/4/4 به‌سه‌رچوو.**

**بۆیه‌ داواتان لێ ده‌كه‌م پاش له‌به‌رچاو گرتنی ئه‌و هۆكارانه‌ی سه‌ره‌وه‌ په‌رله‌مانی كوردستان – عێراق كاتێكی گونجاوتر له‌ هه‌موو روویه‌كه‌وه‌ دیاری بكات بۆ هه‌ڵبژاردنی خولی سێیه‌می په‌رله‌مانی كوردستان.**

**له‌گه‌ڵ رێزدا.**

**مسعود بارزانی**

**سه‌رۆكی هه‌رێمی كوردستان**

**به‌رێز سه‌رۆكی په‌رله‌مان:**

**زۆر سوپاس كاك شێروان، من هه‌روا تۆزێك بۆ زیاتر ئه‌و مه‌وزوعه‌ روون بكه‌ینه‌وه‌، ئێمه‌ دیاره‌ هه‌مووتان ده‌زانن سه‌ره‌تا 5/19مان پێشنیار كرد بوو بۆ هه‌ڵبژاردن، دواتریش كۆمسیۆنی باڵا ئاگاداری كردین گوتی له‌و رۆژه‌ی یاسایه‌كه‌ به‌ ئێمه‌ ده‌گات (90) رۆژمان ده‌وێت، بۆ ئه‌وه‌ی بتوانین ئه‌نجامی بده‌ین، ئه‌وه‌ بوو هه‌موار كردنی یاسایه‌كه‌ دواكه‌وت له‌به‌ر ئه‌وه‌ی چه‌ند پێشنیارێك هاته‌ پێشه‌وه‌، هه‌ندێكیان به‌ هه‌ند بوون و له‌ 3/25 لێره‌ ئێوه‌ ده‌نگتان بۆ هه‌موار كردنه‌كه‌دا، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی یاسایه‌كه‌ جارێكیان ئیعتیرازی له‌سه‌ر گیرا بوو، پێویستی نه‌ده‌كرد راوه‌ستین بۆ ئه‌وه‌ی یاسایه‌كه‌ ده‌ربچێت له‌لایه‌ن سه‌رۆكی هه‌رێمه‌وه‌، هه‌ر له‌ 3/26 یاسایه‌كه‌ گه‌یشته‌ كۆمسیۆنی باڵا، من ئه‌و قسانه‌ بۆیه‌ ده‌كه‌م، بۆ ئه‌وه‌ی بزانرێتن هه‌نگاوه‌كان به‌و په‌ڕی په‌له‌یی و حرسه‌وه‌ سه‌رۆكایه‌تی په‌رله‌مان كاری كردووه‌، بۆ ئه‌وه‌ی هیچ مه‌هانه‌یه‌ك نه‌بێتن بۆ گله‌یی كردن، یاخود قسه‌ كردن له‌وه‌ی كه‌ په‌رله‌مان مه‌سئووله‌ ئه‌گه‌ر هه‌ر دواكه‌وتنێك له‌سه‌ر هه‌ڵبژاردندا بێت، 25ی مانگ ئێوه‌ ده‌نگتان بۆدا، بۆ هه‌موار كردنه‌كه‌، 26ی مانگ یاسایه‌كه‌ له‌ به‌غدا له‌به‌رده‌م كۆمسیۆنی باڵا بوو، داواشمان لێیان كرد په‌له‌ی بكه‌ن، خۆیان دوایانخست و داوایان كرد به‌ په‌له‌ بێنه‌ ئێره‌، بۆ ئه‌وه‌ی پێمان بڵێن چ رۆژێك ده‌توانن هه‌ڵبژاردن بكه‌ن، تاوه‌كو سه‌رۆكی هه‌رێم بتوانێتن، ده‌شیانزانی 4/4 ئاخیر رۆژه‌ به‌پێی یاسا سه‌رۆكی هه‌رێم ده‌توانێتن پێشی 4/4، رۆژی 4/4 بانگهێشت بكات، ئه‌وان دوای ئه‌وه‌ هاتن، كه‌ هاتیشن مه‌سه‌له‌ی دابین كردنی بودجه‌ بۆ هه‌ڵبژاردنییان یه‌كلا نه‌كرد بۆوه‌، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ده‌سه‌ڵاتدارانی حكومه‌تی فیدراڵ باسیان كرد بوو كه‌ ئه‌وه‌ له‌سه‌ر بودجه‌ی هه‌رێمه‌، ئه‌مه‌ بووه‌ كێشه‌یه‌ك له‌نێوان تێگه‌یشتنی ئه‌و لێپرسراوه‌تیان هه‌بێت، ئێستاش ده‌ڵێین ئه‌م بودجه‌یه‌ ده‌بێت له‌سه‌ر بودجه‌ی حكومه‌تی فیدراڵ بێت له‌به‌ر زۆر هۆ، به‌لای كه‌میه‌وه‌ خه‌ڵك تێ بگات و هین و ئه‌وانه‌، هه‌ر چه‌ند مانگێك پێش ئێستا هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجومه‌نی پارێزگاكان كراوه‌ به‌ پاره‌یه‌كی ته‌رخان كراو له‌لایه‌ن حكومه‌تی فیدراڵه‌وه‌، وه‌كو ئه‌و موعامه‌له‌یه‌ی له‌گه‌ڵ ئه‌نجومه‌نی پارێزگاكان بكاتن و داوا له‌ پارێزگاكان نه‌كاتن بودجه‌كه‌ی له‌ بودجه‌ی ئه‌وان بچێتن، بۆچی له‌گه‌ڵ هه‌رێمدا به‌و شێوه‌یه‌ ته‌عامول ده‌كاتن، بۆیه‌**

ئـەو مەسـەلەیە لەلایـەن کۆمسـیۆنی بـاڵاوە یـەکلا نەکرایـەوە، ئێمـە بڕیارمـان هەیـە کـە لەسـەر بودجـە هەڵبژاردن راناگرین، بەڵام حەقی خۆشمانە دیفاع لە مافـەکانی خۆمـان بکـەین و پارەکـەش نزیکـەی (37) ملیۆن وەکو خەملێنراوە داوا دەکاتن، ئێستاش لە پەیوەندیداین پێموایە خەریکە یەکلا ببێتـەوە، بـەڵام کـە 4/4 نـەبوو، ئـەو دەسـەڵاتەی کـە دراوتـەوە سـەرۆکی هـەرێم بـۆ بانگهێشـت کـردن و دیـاری کردنـی رۆژی هەڵبژاردن بەسەرچوو بەپێی یاسایەکە، یـەعنی دەبوایـە پێشی 4/4 ئـەو رۆژە دیـاری بکـاتن و بانگهێشـتی بکاتن، کە کاتی بەسەرداچوو ئـەو نامەیـەی بـۆ ئێمـە نووسـیووە دەڵێـت مـن دەسـەڵاتم نـەماوە بـەپێی ئـەو یاسایە بانگهێشت بکەم، خۆتان بڕیاری لەسەر بدەن، ئێمەش تەبعەن لە سەرۆکایەتی لەگەڵ لیژنەی یاسایی باسمان لەوە کرد گوتمـان چ رێگایـەك باشـترین رێگایـە، بـۆ ئـەوەی ئـەو هینـە بکـەین، ئایـا پەرلـەمان خـۆی بانگهێشـتەکە بکـات؟ یـان دەسـەڵات بداتـە سـەرۆکی پەرلـەمان بانگهێشـت بکـاتن؟ ئایـا دەسـەڵات بداتـە کۆمسیۆنی باڵا بانگهێشت بکاتن؟ پێمـان باشـترو جوانتریشـە جارێکی تـر ئـەو دەسـەڵاتە بدەینـە سـەرۆکی هەرێم بەو ئیعتیبارەی باڵاترین دەسەڵاتە لە هەرێمدا، هـەر ئـەوە ئـەو بانگهێشـتە بکات، بۆیـە پرۆژەیـەك ئامادە کراوە لە خۆیدا ساز دراوە ئەو دەسەڵاتە، دووەمیش/ ئێستا لەبەر وەزعێکی نائاسـایی ئـەو نـەیتوانی ئـەوە بکـاتن، ئێسـتاکەش نامانـەوێت دەسـەڵاتەکە بدەینـە کۆمسـیۆنی بـاڵاو هـین و ئەوانـە، ئێمـە لەگـەڵ دەرهێنانی یاسایەکە مەسـئوولیەتمان وەکـو پەرلـەمان تـەواو بـووە بـۆ بانگهێشـت کردنـی هەڵبـژاردنێك کـە خۆمان مەسئوولین بۆ خۆمانە، خۆمان سەرۆکینە، تۆزێك من خۆم بە باشی نازانم، ئەگەر بێتو ئیختیاراتی باشترمان لە پێش هەبێت، ئیختیاراتی باشتر ئەوەیە جارێکی دیکە ئەو دەسـەڵاتە بدەینـە سـەرۆکی هـەرێم، لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە پێداویستیەکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵا ئەو لەحزەیەی کە تەواوی کـرد ئاگاداری سەرۆکی هەرێم بکاتەوە، سەرۆکی هەرێم ئەو بانگهێشتە بۆ هەڵبژاردن بکاتن، بۆیـە ئێسـتا داوا لـە لیژنـەی یاسایی دەکەم ئەو پرۆژە بڕیارە بخوێنێتەوە، ئومێد دەکەم سبەینێ دەنگی بۆ بدەین و بۆ ئەوەی مـەجالتان هەبێتن بیخوێننەوە، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو بەڕێزتان ئیشارەتتان پێدا ئەمە پێویست بە پرۆژە بڕیارێکە، بۆیە ژمارەی یاسایی لـە ئەنـدامانی پەرلـەمان پرۆژەیـەکیان ئامـادە کـردووە، ئـەو ئەندامـە بەڕێزانـەی کـە ئیمزایـان لەسـەر پرۆژەکـە کـردووە بەڕێزان:

1- کریم بحری عبدالله.
2- شێروان ناصح حیدری.
3- طارق جامباز.
4- عەونی بەزاز.
5- د.رۆژان دزەیی.

6- **خليل ابراهيم محمد.**

7- **پخشان عبدالله زەنگەنە.**

8- **د. ناصح غفور رمضان.**

9- **فتاح عبدالله نقشبندی.**

10- **شێخ الله ابراهیم شێخ الله.**

**ئەو بەڕێزانە ئەو پرۆژەیان پێشکەش کردووە، ئێستاش پرۆژەکە بە زمانی کوردی دەخوێنمەوە:**

**پرۆژەی بڕیاری ژمارە (   ) بۆ ساڵی 2009**

**یەکەم: بەدەر لە حوکمەکانی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (1) ساڵی 2005ی هەموار کراو، سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق دەسەڵاتی پێ دەدرێت بۆ دیاری کردنی ڕۆژی هەڵبژاردنەکانی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان - عێراق بانگهێشت کردن بۆ هەڵبژاردنەکان دوای دابین کردنی پێداویستیەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە لایەن کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانەوە.**

**دووەم: لایەنە پەیوەندیدارەکان لەسەریانە حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێ بەجێ بکەن.**

**سێیەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچواندنیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بلاّو دەکرێتەوە.**

**هۆکارەکانی دەرچوونی ئەم بڕیارە**

**لەبەر ئەوەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆی نەکرا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان لە ماوەی دیاری کراویدا، کە بووە هۆی بەسەر چوونی ئەو ماوەیە بە یاسا دیاری کراوە بۆ بانگهێشت کردنی سەرۆکی هەرێم بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە، بۆیە ئەم بڕیارەمان دەرکرد.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**عەرەبیەکەی بخوێنەوە.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا دەقی بڕیارەکە بە زمانی عەرەبی دەخوێنمەوە:**

مشروع قرار (   ) لسنة 2009

**اولاً: استثناءاً من احكام قانون رئاسة الاقليم رقم (1) لسنة 2005 المعدل، يخول رئيس اقليم كوردستان العراق بتحديد موعد اجراء انتخابات الدورة الثالثة لبرلمان كوردستان - العراق والدعوة اليها بعد استكمال المفوضية العليا المستقلة للانتخابات مستلزمات العملية الانتخابية.**

**ثانيا: على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار.**

**ثالثاً: ينفذ هذا القرار اعتباراً من تاريخ اصداره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).**

الاسباب الموجبة

**نظراً لتعذر توفير المستلزمات الاساسية المالية والفنية والادارية للمفوضية العليا المستقلة للانتخابات لاجراء الانتخابات وفقاً للمعايير الدولية في موعدها المحدد والتي ادت الى تجاوز المدة المحددة قانونا لدعوة رئيس الاقليم لاجرائها، فقد شرع هذا القرار.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ئەو پرۆژە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەكەم، بۆ ئەوەی بەیانی یەكلای بكەینەوەو دەنگی بۆ بدەین، زۆر سوپاستان دەكەم.**

**بەخێرهاتنی ڕێكخراوی خۆر دەكەین كە ئێستا گەیشتن لە سەرەوە، زۆر بەخێر بێن سەرچاو، كار دەكەن بۆ مافی ئافرەتان و ژنان و دەوری بالآی بینیوە، وەكو بۆ من نووسراوەو نازناز خان بۆی ناردووم و سوپاسی دەكەم، بەخێر بێن هەمووتان سەرچاو، كاك ناصح ناویان رۆژە، یان خۆرە، كاك كەمال دەڵێت رۆژە، منیش دەڵێم خۆرە، لەبەر ئەوەی وا نووسراوە، بە هەردوو ناوی بەخێر بێن، موشكیلە نییە، خاڵی سێیەم لە بەرنامەی كارمان خوێندنەوەی یەكەمی پێشنیاری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان – عێراق.**

**دیارە ئەو پرۆژەیە دوورو درێژە، بۆ ئەوەی وەختمان نەچێت یەكسەر ئاراستەی لیژنەی یاسایی و ناوخۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەكەم، ئومێد دەكەم دیراسەت بكرێت و ئەگەر بكرێتن راپۆرتێكی هاوبەشی هەردوو لیژنەكە ئامادە بكرێتن، ئەندامانیش دیراسەتی بكات خۆیان حازر بكەن بۆ رۆژی گفتوگۆ كردن، سوپاستان دەكەم.**

**خاڵی چوارەم لە بەرنامەی كار/ بەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆ كردنی پرۆژەی یاسای پارێزگاكانی هەرێم.**

**پێش ئەوەی دەست پێ بكەین كاك شێروان ئەگەر ئیجازەم بدەن برادەران، ئاماژە بەوە بكەم جارێكی تر ئەو رۆژەی كە دوامانخست، هۆی دواخستنی كۆبوونەوەكەو گفتوگۆیەكە لەسەر چی بوو؟ تەنیا شت هۆكاری دواخستنی پرۆژەكە ئێوە بوون، كەسی تر نەبوو، نە لە پشتمانەوە كەسێك هەیە داوامان لێ بكاتن، نە كەسێكیش فشاری لەسەر كردووین، نە كەسێكیش غەیری ئێوە بتوانێتن فشار بكاتە سەر سەرۆكایەتی پەرلەمان، نە لە پشتەوەش كەس پێمان دەڵێتن، نە چاوەڕوان دەكەین كەسێك دەست نیشانی سیاسەتمان بۆ بكاتن، ئێمە لێرە پابەندین بە بەرنامەی كارمان، بەو سوێندەی كە خواردمان بەرامبەر بە ئێوەو بەرامبەر بە خەڵك پابەندین بەوە، تەنیا بەوەش پابەندین، گوێش لە هەموو كەسێك دەگرین، هەر شتێك بە هەند بزانین، لە بەرژەوەندی گەل بزانین، تەنیا بەوە رەفتار دەكەین، ئێوە لێرە لەبەر ئەوەی رەخنەیەكی زۆرتان گرت، كە پرۆژە یاسایەكە نەگەیشتۆتە دەستتان، ئاگادار نین و وەزیری ناوخۆ لێرە نییە، تەنیا لەبەر ئەو سەبەبە گوتم نە یەك و دوو هەموو ئەوانەی قسەیان كرد زۆربەیان ئاماژەیان بەوە كرد، كە ئەمە پرۆژەیەكی تازە ئیعتیبار دەكرێت، راپۆرتەكان تەوحید كراون و گۆڕانكاری زۆر كراوە، ئاگادار نین، دیراسەتمان نەكردووە، زیاتر لە چوار، پێنج ئەندامیش گوتیان دەبێت وەزیری ناوخۆ لێرە بێت، لەبەر**

ئەوە ئێمە سەرۆکایەتی لە نێوان خۆماندا گوتمان ئەو بۆچوونانە پەسندن، بۆیە دوامانخست، هیچ هۆیەکی تر نەبووە لە دواخستنەکەی، ئێستاکەش دەست پێ دەکەینەوە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم خاڵی یەکەم زۆر موناقەشەی لەسەر کرا، دەکرێتن ئەگەر پوختەی ئەو موناقەشەیە بخەینە روو، بۆ ئەوەی یەکلای بکەینەوە، فەرموو، بۆ خوێندنەوەی خاڵی یەکەم و دووەم، راستە لیژنەی ناوخۆی تێدا نەبوو، بەلاّم بۆ پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبێت لیژنەی ناوخۆشی تێدا بێتن، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**مشروع قانون المحافظات لأقليم كوردستان_العراق**

**الفصل الاول**

**التعاريف**

**المادة الاولى:**

يقصد بالتعابير الآتية المعاني المبينة ازائها لأغراض هذا القانون:

اولاً: الأقليم: إقليم كوردستان - العراق.

ثانياً: البرلمان: برلمان كوردستان - العراق.

ثالثاً: مجلس الوزراء: مجلس وزراء الأقليم.

رابعاً: الوزارة: وزارة الداخلية للأقليم.

خامساً: الوزير: وزير الداخلية للأقليم.

سادساً: المحافظة: وحدة أدارية ضمن حدودها الجغرافية وتتكون من اقضية ونواحي وقرى.

سابعاً: الوحدة الأدارية - المحافظة، القضاء، الناحية.

ثامناً: رئيس الوحدة الأدارية - المحافظ، القائمقام، مدير الناحية.

تاسعاً: المجلس: مجلس المحافظة.

عاشراً: المجلس المحلي: المجلس المحلي للقضاء، المجلس المحلي للناحية.

حادي عشر: المجالس: مجالس الوحدات الادارية.

ثاني عشر: القرية: مجموعة المساكن التي لا يقل عدد نفوسها عن مائة نسمة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک هیوا فەرموو نوقتەی نیزامیت چیە؟

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم لە جەنابتان هەبوو، ئایا دەکرێت بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ پڕۆژە یاسای خوێندنەوەی لە پەرلەمان بۆ نەکرێت ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان بکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارەم بدەنەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پڕۆژە یاسای چی؟ تێ نەگەیشتم.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پڕۆژە یاسایەی کە خوێندنەوەی بۆ نەکرا لە پەرلەمان یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کرا، ئایا نابێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت؟ ئایا کەمی کات ڕێگا بەوە دەدات ئێمە ئەو سنوورە بەزێنین؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە پێشتر چەندین جار وامان کردووە، خوێندنەوە بۆ ئیعلان کردنە، کە دەڵێین خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئیعلان کردنە، چەندین جاریش پڕۆژەی وا دوورو درێژ هاتۆتە پێشەوە بە موافەقەتی هەمووتان وامان لێ کردووە، ئاراستەی لیژنەکانمان کردووە، ئاراستەی ئەندامانی پەرلەمانمان کردووە، ئەمە موناقەشە نییە، دواتر لە ڕۆژی موناقەشەدا هەم خاڵ بە خاڵ دەخوێندرێتەوە، هەم ڕەئی لیژنەکان لەسەری، هەم ئێوە خۆتان حازر کردووە بۆی، بۆ ئەوەی وەختمان لە دەست نەچێت، ئەوە یەکەم جاریش نییە، هەشت، نۆ جار بەو شێوەیە پڕۆژە ئەگەر زۆرو درێژ بوو بێ، ئەگەرنا ئێستا دەیویست بەلای کەمی چل دەقیقە تەرخان بکەین، بۆ ئەوەی بە کوردی و عەرەبیەکەی بخوێندرێتەوە، تەواوی بکەین.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەی یاسای پاریزگاکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

بەشی یەکەم

پێناسەکان

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

دووەم: پەرلەمان: پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق.

سێیەم: ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.

چوارەم: وەزارەت: وەزارەتی ناوخۆی هەرێم.

پێنجەم: وەزیر: وەزیری ناوخۆی هەرێم.

شەشەم: پارێزگا: یەکەیەکی کارگێڕییە لەناو سنووری جوگرافیداو لە قەزاو ناحیەو گوند پێکدێ.

حەوتەم: یەکەی کارگیری: پارێزگا، قەزا، ناحیە.

هەشتەم: سەرۆکی یەکەی کارگێڕیی: پارێزگار، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە.

نۆیەم: ئەنجومەن: ئەنجومەنی پارێزگا.

دەیەم: ئەنجومەنی خۆجێیەتی: ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا، ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە.

یازدەم: ئەنجومەنەکان: ئەنجومەنەکانی یەکە کارگێڕییەکان.

دوازدەم: گوند (دێ): کۆمەڵێك ماڵە کە ژمارەی دانیشتوانی لە (100) سەد کەس کەمتر نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو ماددەیە بڕگەکانی زۆر موناقەشە کرا، ئەوەی کە زۆرترین قسە لەسەر گوندەکە کرا بوو، ژمارەی گوند، ئێمە لەو نێوانەدا کە دامانخست تا ئەمڕۆ باسمان کردووە لەگەڵ هین و ئەوانە، رەئیەك هەیە بۆ ئەوەی یەکلای بکەینەوە، لەسەر ئەوە زۆر رانەوەستین، ئەو فەقەرەی دوازدە هەر ئیلغا بکەین، ئەگەر ئیلغامان کرد ئەو موناقەشەشمان لە کۆڵ دەبێتەوە، یان پێویست ناکاتن دەست نیشانی ژمارەی دانیشتوان دیاری بکرێت، من ئەو پێشنیارە کە لە لایەن لیژنەی هاوبەشەوە هاتووە بۆ سەرۆکایەتی دەیخەمە دەنگدانەوە، فەقەرەی دوازدە لە ماددەی یەکەم دەست نیشانی ئەوە دەکاتن گوند چیە؟ ژمارەی چەندە؟ زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا، هەندێك گوتیان دەبێت ژمارەی کەمتر بێت، هەندێك گوتیان زیاتر بێت، پێشنیاری تازەی هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆ کە ئەو فەقەرەیە هەر ئیلغا بکرێتن و نەمێنێت لە ماددەکە، تەحصیل حاصلە تەعامول لەگەڵ گوند دەکرێتن بەو شتەی کە ئێستا هەیە، بەو مەنتیقەی کە ئێستا هەیە، پێویست ناکات تۆ خۆت بخەیتە هینێکەوە بڵێی ئەوەندە، سبەینێ کەمتر بێتن، یان زیاتر بێتن چی بکەین، بەڵێ کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە هەر ژمارەکە لابرێت، چونکە ناوی گوند دوایی هاتووە، خۆ دەبێت هەبێ لە تەعریفەکان، یەعنی هەر ژمارەکە نەمێنێت، یەعنی تەعریفەکە بمێنێت بەبێ ژمارەکە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

چی بڵێین، بڵێین (مجموعة مساكن)، فەرموو کاك ئاخر.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆ پێموایە گوند هەبێ و ناویشی هەبێ، لەبەر ئەوەی کوردستان کە تەعریف دەکرێت کاوڵ و وێرانی دەکرێت باسی گوندە، (4500) گوند لە کوردستان وێران کراوەو تا ئێستا لە 80٪، 90٪ی ئەو گوندانە ئاوەدان نەکراوەتەوە، ئەوە لە قانون ناوی گوند بێت شتێکی زۆر باشە، پێشنیارێکیشم هەیە هەروا بڵێین (گوند لە کۆمەڵێك خێزان پێکهاتووە)، جا ئەو خێزانەی تەحدید نەکەین چەندە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نازناز خان نوقتەی نیزامییە ئاگات لێ بێت.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە تەعاریف، تەعریفی وشە ناکەین بەپێی پسپۆڕیەتەکەی خۆی، ئێمە نە تەعریفی موحافەزەمان کردووە، نە هی شارمان کردووە، گوندیش هیچ پێویست ناکات، تەعاریف بۆ کورت کردنەوەیە، کە دەڵێین ئەنجومەنی وەزیران، یان ئیقلیم تەعریفی ئەوە دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو دوورو درێژییە دووبارە نەبێتەوە، گوند وشەیەکە نە دوورو درێژە، نە هیچ، پێویست ناکات لەوێ تەعریفی بکەین، ئەگەر تەعریفیشی بکەین لەو لاپەرەی کە هاتووە لەناو تێکستەکەدا تەعریفی بکەین لەناو کەوانەدا، نەوەك بۆ ئێمە نییە لەناو تەعریفدا تەعریفی شتێك بکەین کە پێویست ناکات، بۆیە ئێمە بەڕاستی گوند زیادە هەر نابێت تەعریف بکرێت، ئەگەر وا بێت دەبێت تەعریفی زۆر وشە بکرێت وەکو شارو پارێزگاو ........هتد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە بۆ ئەوە بوو ئیقتیراحەکە زۆر موناقەشە نەکەین، یەعنی ئەگەر دەرگا بکەینەوە بۆ موناقەشە، با کاك عەونی تەوزیح بدات فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشك و برایانی ئەندامانی پەرلەمان.

مەبەست لە تەعریف لە ماددەکانی قانونی کە دێت ئەو وشەیەی کە ئیستیعمال دەکرێت زۆر جار دووبارە کرا بێت لەناو مەتنی قانونەکە، بەڵام ئەگەر مولاحەزەی پرۆژەکەی بکەین هەر ناوی گوندی ئیتلاقەن لە قانونەکە نەهاتیە، لەبەر ئەوەی زیادە لابدرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا حوجەتی ئەوەی لابردنەکەی کاك عەونی باسی کرد، دوو کەسیش قسەی بکاتن پێی وا بێت کە دەبێت لا نەبرێت، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، کاك فەتاح فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە وشەی گوند بمێنێت، چونکە بە حەقیقەت کوردستانی ئێمە زۆربەی ژیانی لەسەر دێهات بووەو شۆڕشەکانیشمان هەمووی بە دێهات ژیاوە، لەبەر ئەوەی وشەی گوند من بە شتێکی زەروری دەزانم، پێموایە واجیبە ئەو وشەیە بمێنێت، جا ئەگەر عەدەدی نفوس و سوکانی دێ دیاری بکرێت، یان دیاری نەکرێت موشکیلە نییە، بەڵام بوونی دێ زەرورە بمێنێت، چونکە دێهات بۆ ئێمە سەنگەرێك بووە بۆ هەموو شۆڕشەکانی ئێمە، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر هەمان ڕەئی کاك فەتاحم هەیە، وەکو ناوی دێ بمێنێت، وەکو ناو ناکرێت ناوی دێ نەبێت، یەعنی ناوی گوند نەبێت، یەعنی ناوەکە هەبێت لە یاسایەکە، بەڵام ژمارەی دانیشتوانی نە بەماڵ و نە بە خێزان ئەوە دیاری نەکرێت، فیعلەن ئەگەر گوند نەبێت لە بەرنامەی کاری حکومەت، بۆیە دەبێت حیساب بۆ گوندو لادێیەکان بکرێت بەناو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو وجهە نەزەر هەیە یەکێکیان ئەوەی کە کاك عەونی گوتی کە نەبێتن، ئەویتریشیان کاك عوسمان و کاك فتاح باسیان کرد کە ئەهمیەتی هەیە، دوو ڕەئیە یان هەبێتن، یان نەبێتن، لە بڕگەی شەشدا هاتووە دەڵێت (پارێزگا بریتیە لە وەحدەی ئیداری لە چوارچێوەی حدودی خۆی پێك دێتن لە قەزاو ناحیەو گوند)، کە ئەوە هەیە بەسە، مادام ناوی هاتووە ڕاستیەکەی من نەمدی بوو، ئینتیباهم نەکرد بوو، کەواتە لەوێ ناویشی نەیەت لێرە ناوی هاتووە، کەواتە فەقەرەی دوازدە بۆ نەهێشتنی دەیخەمە دەنگدانەوە، کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسایەکە یاسای پارێزگایە، کە تەعریفی پارێزگا دەکرێت دەڵێت پارێزگا پێکهاتووە لە قەزاو ناحیەو لە گوند، دەبێت تەعریف بکرێت کە قەزا چیە؟ ناحیە چیە؟ گوندیش چیە؟ دەبێت بڵێین قەزاش پێکهاتووە لە کۆمەڵێك ناحیە، ناحیەش پێکهاتووە لە کۆمەڵێك گوند، گوندەکانیش پێکهاتووە لە کۆمەڵێك ماڵ، دەبێت تەعریف بکرێت لە کۆمەڵێك خێزان پێکهاتووە، چونکە ئەو قانونی موحافەزاتە، تەنها ئەوە نییە کە دووبارە بۆتەوە، یان دووبارە نەبۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرە گوتراوە قەزا پێك دێت لە گوندو هین و ئەوانە، نەگوتراوە ئیعتیادییە، ئەو شتەی کە لە بڕگەی شەش هاتووە دەڵێت (پارێزگا بریتیە لە وەحدەی ئیداری لە چوارچێوەی سنووری جوگرافی خۆی و پێك دێتن لە قەزاو ناحیەو گوند)، ئەوە تەواوە، بۆیە بڕگەی دوازدە لە ماددەی یەکەم دەخەمە دەنگدانەوە بۆ نەمانی، کێ لەگەڵ ئەوەیە لابرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ بڕگەی دوازدە لابردرا، پابەند بن بە دیموکراتیەت بەزۆرینەی دەنگ فەقەرەی دوازدە لابردرا ڕەئیەکەتان پەسندەو موحتەرەمە کە ئەوەی دەڵێت بمێنێتەوە، بەڵام قەراری زۆرینەیە کە لابچێتن بەو تەفسیراتانەی کە کردمان، دەمێنێتەوە ماددەی یەك کە زۆر موناقەشەی لەسەر کرا، ئێستا

جەنابی وەزیریش لێرەیە، ئەگەر جەنابی وەزیر چ مولاحەزەی نییە لەسەر ماددەی یەکەم دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی یەکە بەو یازدە فەقەرەی کە موناقەشە کرا دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی دووەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية: يحدد هذا القانون صلاحيات ومسؤوليات المجالس ورؤسائها واعضائها لترسيخ مبدأ اللامركزية في توزيع السلطات وتحسين ايصال الخدمات العامة الى المواطنين والمحافظة على حقوق ومصالح المجتمع وتطوير ادارة الوحدات الأدارية في الاقليم.**

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دووەم: ئەم یاسایە دەسەڵات و بەرپرسیەتی ئەنجومەنەکان و سەرۆکەکانیان دەستنیشان دەکات بۆ پتەوکردنی پرنسیپی ناسەنتەری لە دابەشکردنی دەستەڵاتەکان و چاك کردنی گەیاندنی خزمەتگوزاری گشتی بۆ هاووڵاتیان و پاراستنی مافەکان و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگاو پەرەپێدانی یەکە کارگێڕییەکان لە هەرێم.**

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەیەکی مەبدەئییە، ئەگەر کەس موناقەشەی لەسەر نییە، بەڵێ سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناسەنتەری وشەیەکی تازەیە زۆر نامۆیە، خەڵك لێڕانەهاتووە، ئەگەر بکرێت بە لامەرکەزیەت خەڵکیش باشتر لێی تێ دەگات، بۆ ئەوەی هیچ تەفسیرێکی تری بۆ نەکرێت، ئەو وشەی پرنسیپی لامەرکەزیەت لە جیاتی ناسەنتەری، ئەوەی کە ئەوان نووسیوویانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەرەبیەکە لەلامان ئەساسە، کوردیەکە دوایی چی لەسەر رێکەوتین لەگەڵی، کاك ئیحسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ تەواو کردنی مانایەکە ئەوە لێرە هاتیە ئەگەر کەلیمەی لامەرکەزیەت (الاداریە) پێوە بێت بە تەسەوری من باشترو رێکتریشە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر چی دەڵێی.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی قسەکەی کاك ئیحسان دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرسەت بەمنی گوت بوو پێشتر دەبێت ئیدارەیەکەی بکرێتن، من بەڕاستی نەمخستە هینەوە، بەلاّم ئێستاکە کە کاك ئیحسانیش گوتی و وەزیریش هین دەکاتن، ئەو موفتەرەحە هاتۆتە پێشەوە (اللامرکزیة الاداریة)، بۆ ئەوەی وزوح هەبێتن تەفسیر نەکرێت و هین و ئەوانە، ئەگەر پێتان باشە دەیکەینە (اللامرکزیة الاداریة)، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان تکایە، ئەو کەلیمەیە ئیزافە بکەین لەسەر پێشنیاری کاك ئیحسان و کاك فرسەت و تەئیدی وەزیریش دێتە پێشەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثانية: يحدد هذا القانون صلاحيات ومسؤوليات المجالس ورؤسائها واعضائها لترسيخ مبدأ اللامركزية الادارية في توزيع السلطات وتحسين ايصال الخدمات العامة الى المواطنين والمحافظة على حقوق ومصالح المجتمع وتطوير ادارة الوحدات الأدارية في الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی دواتر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة: يقسم الأقليم ادارياً الى محافظات والمحافظات الى اقضية والأقضية الى نواحي وتكون لكل وحدة ادارية شخصية معنوية وذمة مالية مستقلة ضمن ميزانية المحافظة.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم: هەرێم لە رووی کارگێڕییەوە دابەش دەکرێ بۆ پارێزگاکان و پارێزگاکانیش بۆ قەزاش، بۆ ناحیەو هەریەك لە یەکە کارگێڕییەکان کەسایەتی مەعنەوی و زیمەتی دارایی سەربەخۆی دەبێ لەناو بودجەی پارێزگادا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیەش مەبادیئە، باوەڕ ناکەم کەس خیلافی لەسەر هەبێت، کەس خیلافی هەیە؟ فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا حەقی خۆیەتی باسی ئەوە بکەیتەوە، ناحیەکانیش گوندی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئێمە ئەنجومەنی گوندەکانیشمان هەیە، لێرە باست نەکردووە، باس نەکراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر لێرە دەڵێت (شخصية معنوية وذمة مالية) زیمەی مالی گوندی نازانم چۆن دەبێتن؟ ئەوە ناکرێتن، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان قسەم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەو ماددەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، فەسڵی دووەم ماددەی چوارەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**اولاً- مجلس المحافظة واختصاصاته**

المادة الرابعة: يشكل مجلس المحافظة عن طريق الأنتخابات العامة المباشرة، ويتكون من (25) خمسة وعشرين عضواً ويضاف اليهم عضو واحد لكل (200000) مائتي الف نسمة لمازاد عن (500000) خمسمائة الف نسمة حسب احدث الأحصائيات المعتمدة على ان لايقل نسبة تمثيل النساء في المجلس عن 30٪ من عدد اعضاءه.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**یەکەم/ ئەنجومەنی پارێزگاو تایبەتمەندییەکانی**

ماددەی چوارەم: ئەنجومەنی پارێزگا لە ڕێگەی هەڵبـژاردنی ڕاستەوخۆوە دادەمـەزری و لـە (25) ئەنـدام پێکدی و بۆ هەر (200000) دووسەد هەزار کەس لەوانەی زیاد دەبـن لـە (500000) پێـنج سـەد هـەزار کەس ئەندامێکی دەخرێتە سەر بەپێی نوێترین سەرژمێری باوەڕ پێکراو، بەمەرجێك ڕێـژەی نوێنەرایـەتی ئافرەت لە ئەنجومەندا لە (30٪)ی ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر کەس قسەی نییە، ئەوەش مەبدەئێکە لە قانونی موحافەزاتە بە عام هاتووە، لە هی عێراقیشدا، کاك ڕەمەزان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم لە ڕووی ژمێریارییەوە غەڵەتێکی تێدا هەیە، چونکە (500)کە هەر بیست هـەزار کەسـە مـەعقول نییـە ئـەوەی سـەروو پێـنج سـەدەکە بـە دوو سـەد هـەزار کـەس، ئـەوەیان هەڵەیـەکی حیسابیە کـە کـراوە، پێویستە ڕاست بکرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

عەفو، ئێستا بۆت شەرح دەکات، فەرموو کاك جەعفەر.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە عەرەبیەکە بە باشی هاتووە، بەڵام لـە کوردیەکـە غەڵـەت نووسـراوە، ئەگـەر چاك بکرێـت بـەو شـێوەیە، ئەگـەر سـەیری عـەرەبی و کوردیەکـە بکـەین جیاوازییـەکیان هەیـە لـە جیـاتی دوو سـەد هـەزار کەسـەکە بنووسرێت ئەندامێك دەخرێتە سەر بۆ دوو سەد هەزار کەس وەکو عەرەبیەکەی لێ بکرێت، لـە کوردیەکـە وا نەنووسراوە، سەیری عەرەبی و کوردیەکە بکە وەکو یەك نییە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو عەدەدەی کە هاتیە ئەو پێوەرە وەرگیرایە عەدەدی نسمەی موحافەزەکانە وەرگیرایە، کە ڕەنگە هیچ موحافەزەیەك لە پێنج سەد هەزار کەمتر نەبێت، بۆیە هەر دوو سەد هەزارێك یەك ئەندامی ئەنجومەن زیاد دەکات، ئەمە یەك.

ڕەنگە ئەو نیسبەتە بەنیسبەت قەزاو ناحیەکان نەهاتبێت، ئێمە با هەر لە ئێستاوە تەسبیتی بکەین لەبەر ئەوەی قەزاو ناحیەکان هاوسەنگ نین لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانییەوە، قەزا هەیە سی هەزار کەسە، قەزا هەیە سەدو بیست هەزار کەسە، بۆیە تەنها ئەو پرەنسیپە لەناو مەجلیسی موحافەزە هاتییە، لەناو قەزاو ناحیەکاندا نەهاتووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ زیاتر ئەوەی کاك ڕەمەزان، کاك شێروان هەر ئەنجومەنی موحافەزەیەك لە بیست و پێنج کەمتر نییە، بیست و پێنجی هەیە، ئەگەر لە نیو ملیۆن زیاتر بوو نفوسەکەی، بۆ هەر سەد، دوو سەد هەزار کەسێکی تازە مەقعەدێك زیاد دەبێت، ئەوە مەقصەدی لەوە دایە، یەعنی بەپێی ئیحصائیاتی دوایی، بۆ ئەوەیە لە بیست و پێنج کەمتر نییە، دواتریش هەر دوو سەد هەزارێك مەقعەدێك زیاد دەبێت.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەزانین هیچ پارێزگایەك لە پێنج سەد هەزار کەمتر نییە، کەواتە دایدەنێین هەر چەند سەد کەسێك، چەند هەزار کەسێك نوێنەرێکی هەیە، بە پێنج سەد لەسەر بیست و پێنج هەر بیست هەزار کەس نوێنەرێکی بۆ دانراوە، بۆ لە ئیزافەکە دەیکەیە دوو سەد هەزار کەس، یەعنی بۆ بیستی ئەوە بۆ ئیزافەی دەکات، مەفروزە ئێمە دانێین بە چەند هەزار کەس نوێنەرێکی هەیە، ئەوەش زیاد بکرێت بەپێی عەدەدی خەڵکەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێی کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەو حیسابەی کە دکتۆر ڕەمەزان دەیکات مانای وایە عەدەدی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕەنگە بگاتە چل و پەنجا، مومکینە زیاتریش.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بیست و پێنجە دانراوە کە حەددی ئەدنا بۆ ئەوەی بەلانسێك رابگری، ڕەنگە زۆر کەمتریش بێتن نابێت لە بیست و پێنج کەمتر بێت، بەڵام زیاتر بوو مەسەلەن ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ، یان سلێمانی لە

نیو ملیۆنی یەکەم بیست و پێنجە، لە نیو ملیۆنی دووەم دوو سەد هەزارەکان هەر یەکە مومکینە دەگاتە بیست و حەوت و بیست و هەشت، بەلاّم بەو حیسابەی جەنابت بێت دەکاتە چل و پێنجیش، جەنابی وەزیر رەئیت هەیە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەو بڕگەیە دەکەم وەکو خۆی هاتووە، تەئیدی بڕگەکە دەکەم وەکو چۆن هاتووە لە قانونەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من خۆم یەك مولاحەزەم هەیە بەڕاستی، ئەگەر ئیجازە هەبێت، ئەوە قانونی ئەنجومەنی پارێزگایە، ئەو 30٪یە لێرە دەبێت بچێتە قانونی هەڵبژاردن، لێرە دابنێین مومکینە قانونی هەڵبژاردنەکە بگۆڕێت، مومکینە نەوعێك بێت، لێرەوە تۆ هینی بکەیت، پێموایە ئەوە لێرە زیاد هاتووە، تەمسیلی مەرئەکە ناکات، پەشیمان نابینەوە، ئەوە ئێمە لە دەستووردا تەسبیتمان کردووە، موشکیلە نییە، ئەو مافە لە قانونی پەرلەمانمان کردووە، بەلاّم لێرە لە قانونەکەی هین بکەین مانای وایە زەرەری نییە، بەلاّم بە هەر حاڵ سەحبی دەکەمەوە، گلەیی مەکەن، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم یاسایە زۆر بڕگە هەیە پەیوەندی بە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەیە، کە هاتینە سەری ئەو بڕگانە رەنگە ئیحالەی یاسای دیکەی دەکەین، لەبەر ئەوەی یاسای تر ئێمە بەم دواییە دامانناو هەستمان کرد هەندێك شتی دووبارە هەیە، بەلاّم بەنیسبەت رێژەی ئافرەتان ئێمە پێمان باشە لەو یاسایە وەکو خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە من جملەیەك ئیزافە دەکەم ئەگەر ئیجازە هەبێتن بە راوێژ لەگەڵ کاك فرسەت، لێرە شتێك ئیزافە بکەن (على ان تنظم قوائم الانتخابات بشكل يضمن تمثيل النساء في المجلس بما لايقل عن30٪) بۆ ئەوەی ئیشارەت بکرێتن تەنزیمی قەوائیم نەبێتن لێرە چۆن لە 30٪یەکە ئیزافە دەکرێت، خۆی تەحصیل حاصلە، بەلاّم کاك فرسەت باشتر دەزانێ صیاغەکە تێدا بێت باشترە، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پێشی جەنابت سەحبت کردەوە، من وەریدەگرمەوەو تەبەنای دەکەم، چونکە لە پرۆژە یاسای هەڵبژاردنەکە لە ماددەی هەشت لە بڕگەی دووەم بە هەمان شێوە هەیە، ئیتر ئەو دووبارە بوونەوەیە هیچ پێویست ناکات، داواکارم لێرە لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەندێك جار دووبارە تەئکیدە، بۆ ئەوەی دڵنیا بن کە گۆڕانکاری نییە، خۆت مەخە ئەو زاوییە کاك زانا، کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو کۆمەڵگایانەی کە زۆر پێشکەوتوون هەر لە پێنج ساڵ، شەش ساڵ جارێك یاسایەکانیان دەگۆڕن، خۆ بە پێنج ساڵی تریش ژمارەی دانیشتوانی پارێزگاکانی ئێمە لە پێنج ملیۆن تێپەر ناکات، لەبەر ئەوەی هیچ کێشەیەك لێرە دروست نابێت ئەگەر وەك خۆی بمێنێتەوە، زۆر سوپاس، کاك غەفور فەرموو نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامیەکەی من لەسەر بەڕێوەبردنی دانیشتنەکانە بەڕاستی، ئەگەر روخصەت هەیە حەقە ماددەکان کە دەخوێندرێتەوە بڵێ کێ قسەی هەیە، ناوەکان بنووسرێتەوەو تۆمار بکرێت، بەدەر لەوە حەقی قسە کردن بە هیچ کەسێك نەدرێت، بەڕاستی ئەگەر بەو شێوەیە بێتن ئێمە بە چەند دانیشتنیش ئەو یاسایە تەواو نابێت و لە چەندین دانیشتنی تر ئەوە دووبارە بۆتەوە بە بەڕێزتمان راگەیاندووە کە ئەوە تەنزیم بکرێت، هیوادارم کە بتوانرێت کۆنترۆلی ئەوە بکەن و تەنزیمی ئەو مەسەلەیە بکەن، لەگەڵ رێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەکەت بەجێیە ئینشائەڵلا دەبیە سەرۆکی پەرلەمان لە من باشتر بەڕێوەی دەبەیت، مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ناوی ئەنجومەنمان گۆڕیوە بە پەرلەمان، رۆژنامەکانیش وا لەسەرمان دەنووسن دەڵێن ناویان گۆڕیوەو هەر دەڵێن سەرۆکی ئەنجومەن و ئەنجومەنی نیشتمانی، ئێستا برادەران لێرە، خوشکان قسە دەکەن بە کاك شێروانەوە هەر دەڵێن بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن، جا ئەوە کۆتایی پێ بێنین، هەموو جەریدەکان وا لەسەرمان دەنووسن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەتا لێرادێن، قسەکەت بەجێیەو هەتا لێرادێن من خۆشم پێموم خۆشە، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا ئەو صیاغەمان ئامادە کردووە کە لە سەرۆکایەتی بۆمان هات ڕەبتی دەکەین لەگەڵ ماددەکە، بۆ ئەوەی بخوێنینەوە بۆ بەڕێزان و ئەندامانی پەرلەمان، فەرموو کاک عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الرابعة: يشكل مجلس المحافظة عن طريق الأنتخابات العامة المباشرة، ويتكون من (25) خمسة وعشرين عضواً ويضاف اليهم عضو واحد لكل (200000) مائتي الف نسمة لمازاد عن (500000) خمسمائة الف نسمة حسب احدث الأحصائيات المعتمدة على ان يكون تنظيم قوائم المرشحين بالشكل الذي يضمن نسبة تمثيل للنساء في المجلس لاتقل عن 30٪ من عدد اعضاءه.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەوە کوردیەکەی چاك دەکەین، باشە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە بەو گۆڕانکاریەکەی دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا، ماددەی پێنجەم فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة: مجلس المحافظة هو السلطة الرقابية ضمن الحدود الادارية للمحافظة وله حق اصدار القرارات والانظمة والتعليمات لتنظيم الشؤون الادارية والمالية في المحافظة بما يمكنها من الاشراف على ادارة شؤون المحافظة وفق مبدأ اللامركزية الادارية وبما لا يتعارض مع الدستور والقوانين النافذة في الاقليم.**

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم: ئەنجومەنی پارێزگا دەسەڵاتی چاودێرییە لە ناو سنووری کارگێڕیی پارێزگاداو مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەوو ڕێنماییەکان دەربچوێنێ بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەناو سنووری پارێزگادا، تاکو بتوانێ کاروباری پارێزگا هەڵسووڕێنی بەپێی پرنسیپی نا سەنتەری بەڕێوەبردن بە جۆرێکی وا کە ناکۆك نەبێ لەگەڵ دەستوورو یاساکانی کارپێکراو لە هەرێمدا.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش ماددەیەکە باش صیاغە کراوە، کەس قسەی هەیە لەسەری، فەرموو کاک عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە وەکو ماددەیەکی سەرەکی پێناسەی هاتووە، پێم باشە بچێتە شوێنی ماددەی چوار، پاش و پێش بخرێت، ماددەی چوار باسی ژمارەی ئەندامان بەشێوازی هەڵبژاردن دەکات، بەلأم ئەم پێناسەیە شتێکی پاش و پێشە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە، کاك هیوا فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەسەر ئەو بنەمایەی مەبدەئی لامەرکەزییە، هەر ئۆرگانێك کە ئەوەی پێ دەدرێت، مەسەلەن ئەنجومەنی پارێزگاکان، کە ئێمە شەرعیەتی ئەوەی دەدەین، پێویستە شەخصیەتێکی سەربەخۆ بێت، تەنها دەوری رەقابی ناوێت، بەڵکو دەوری یاسادانانی دەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە چۆن دەبێت کاك هیوا، ئەوە دژی قەوانین و دژی دەستووری هەرێمە، کاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم شەخصیەتێکی مەعنەوی بۆ ئیزافە بکرێت، مەجلیس یەعنی ئەمە بۆ پارێزگار ئەوە دەکەین، بێگومان پارێزگار ناو مەجلس هەڵدەبژێردرێت، دەبێت مەجلیسیش ئەو شەخصیەتە مەعنەویەی هەبێت.

دوو/ دەڵێین تەنها سوڵتەی رەقابی هەیە، لە خوارەوەش دەڵێن (وفق مبدا اللامركزية)، (مبدا اللامركزية) زیاد لە رەقابە دەخوازێت، مەسەلەن ئیشراف، متابعە، گرنگ کەلیمەیەك وا نازانم تەشریع جێگەی خۆی بگرێ، بەلام کەلیمەیەك جگە لە رەقابی بەقوەتتری دەوێت، یەعنی (الرقابية والمحاسبية) شتێك لەوە بەقوەتتر، هەر رەقابە بەتەنها وابزانم کەمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لێرە کە دەڵێین رەقابەی مالی تەنیا ئەوەندە نییە راپۆرت دەنووسێت، راپۆرتەکە بە دواچوونی هەیە، موحاسەبەی هەیە، ئیحالەی مەحکەمەی هەیە، هەمووی دەگرێتەوە کاك محەمەد فەرەج، خاتوو ڤیان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رەئی من لێرە ئەو وشەیە زیاد بکرێت، ئەنجومەنی پارێزگا بەرزترین دەسەلاتی چاودێرییە، بەرزترین زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی زیاتر پشتگیری رەئیەکەی کاك محەمەد فەرەجیش دەکەم و کەوا زیاتر شەخصیەتێکی مەعنەوی هەبێت، زیاتر بەقوەتتری دەکات، سوپاس، عەفوەن لە سنووری پارێزگا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرزترین دەسەلاتی چاودێری نییە، چونکە پەرلەمان هەیە، ئەویش چاودێرە لەو بەرزترە، گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە قسەکەی خاتوو ڤیان دەکەم، چونکە لێرە دەڵێت لە سنووری پارێزگا، ناڵێت لە سنووری هەرێمدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە سنووری پارێزگادا، هەرێم لە سەرەوەترە حەقی چاودێریشی هەیە، کاک محەمەد رەفعەت فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم کە ماددەکە بەم شێوەیە بنووسرێتەوە (مجلس المحافظة هو اعلى السلطة الادارية الرقابية ضمن الحدود الادارية للمحافظة وله حق اصدار القرارات والانظمة والتعليمات في حدود المحافظات لتنظيم الشؤون الادارية والمالية في المحافظة بما يمكنها من الاشراف على ادارة شؤون المحافظة وفق مبدأ اللامركزية الادارية وبما لا يتعارض مع الدستور والقوانين الاتحادية والقوانين الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ داڕشتنەوەی ئەم ماددەیە نیم بەم شێوەیەی هاتووە، پێشنیاری ئەوە دەکەم کەوا بەم شێوەیە بنووسرێتەوە (ئەنجومەنی پارێزگا چاودێری دەسەڵاتی راپەڕاندن لە پارێزگا دەکات، بۆی هەیە بڕیار دەربچوێنێ بۆ رێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لە سنووری پارێزگادا، بەمەرجێك ناکۆك نەبێ لەگەڵ دەستوورو قانونە کارپێکراوەکان لە هەرێمدا)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت کاک عبدالرحمن دەڵێت ماددە چوارو پێنج پاش و پێشی بکەین، خۆی ئێمە دەبێت تەشکیلی مەجلیسەکە بکەین، ئینجا دەسەڵاتەکانی دیاری بکەین، کە ئەو مەجلیسە چیەو چ نییە، بۆیە ئێمە پێمانوایە لە جێگای خۆیەتی تەشکیلی مەجلیسەکەمان کردووە، پاشانیش دەسەڵاتەکانی مەجلیسەکە دیاری دەکەین.

بەنیسبەت کاك هیوا کە دەڵێت دەسەڵاتی تەشکیلی هەبێت، بەڕاستی ئەوە داواکاری ئەنجومەنی پارێزگاکان، چ بەنیسبەت دهۆك، چ بەنیسبەت هەولێر، چ بەنیسبەت سلێمانی، بەڵام ئێمە پێمانوایە پێویستە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم جیاوازی هەبێت لەگەڵ یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان کە لە عێراق لە رووی دەسەڵاتەوە، چونکە یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقی فیدراڵ تایبەتە بەو پارێزگایانە کە لەناو هەرێمێکدا رێك نەخراوە، وەکو لە خودی یاسایەکەدا هاتووە، دەڵێت (المحافظات الغير المنتظمة في الاقليم)، واتا ئەوە ئەوە دەسەڵمێنێت کە ئێمە تایبەتمەندی خۆمان دەبێت بپارێزین، دەبێت یاسایەك دەربکەین تەنزیمی موحافەزەکانی خۆمان بکات، بۆیە ناکرێت ئێمە قیاسی موحافەزەکانی خۆمان بکەین لە رووی دەسەڵاتەوە بەو موحافەزانەی کە لە دەرەوەی هەرێمن و لەناو هەرێمێکدا رێك نەخراون، جگە لەوەش ئەو دەسەڵاتانەی کە دراوە بە پارێزگاکان هەمان دەسەڵاتە کە دراوە بە هەرێم لەگەڵ رەچاو کردنی ئەو بنەما فیدراڵیانەی کە لە دەستووری عێراقی فیدراڵ هاتووە، بۆیە ئێمە هەندێك لەو دەسەڵاتانەی کە تایبەتە بە هەرێم تەوزیعمان کردووە بەسەر ئەنجومەنی پارێزگاکان، ناکرێت ئێمە دەسەڵاتی تەشریعی، لە حاڵەتێکدا ئێمە دەسەڵاتێکی تەشریعی مەرکەزیمان هەیە کە لە موحافەزەکانی تردا ئەو دەسەڵاتە نییە، ئەگەر بدەنە ئەوان ئەوە بەرەو فیدراڵیەت موحافەزە تەتبیقیان کردیە زۆر تەبیعیەو زۆر ئیعتیادیە، بەڵام ئێمە هەرێمێکمان هەیە، کە ئەویش هەرێمی فیدراڵە، پێویستە دەسەڵاتەکان نێوان ئێمەو نێوان موحافەزەکان بەشێوەیەکی مونەسەق تەنسیق بکرێت، ئەو دەسەڵاتانەی کە دراوەتە هەرێم، ئەگەر هەمووی بدەینە موحافەزەکان مانای وایە دامودەزگاکانی ئێمە ئیش و کاریان شەلەلی دەکەوێتێ و هیچ دەسەڵاتێك بۆیان نامێنێتەوە.

سەبارەت بە شەخصیەتی مەعنەوی، ئێمە لە لیژنەی قانونی و لیژنەی ناوخۆ لەسەر ئەوە کۆك بووین، کە پێویست ناکات ئەنجومەنی پارێزگاکان شەخصیەتی مەعنەویان هەبێت، لەبەر ئەوەی بە لەنگی دەزانین لە دەزگایەکدا دوو شەخصیەتی مەعنەوی هەبێت، واتا دوو دەسەڵات، وەکو بڵێی دژی یەکتر بن، پێمان باش بوو موحافەزە وەکو هەموو شەخصیەتێکی مەعنەوی موستەقیلی هەبێت، سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە بەنیسبەت میزانیەو داراییەوە تایبەتمەندیەکی راستەوخۆمان داوەتە ئەنجومەنی پارێزگاکان.

بەنیسبەت دەسەڵاتی رەقابی، جەنابت ئیشارەتت پێدا دەسەڵاتی رەقابی سەرەکیمان هەیە کە پەرلەمانە، بەڵام ئەوان لە زیمنی موحافەزە سوڵتەی رەقابیان هەیە، واتا پەرلەمان رەقابەی لە هەموو دەسەڵاتەکان گەورەترە چ بەنیسبەت ئاستی هەرێمی کوردستان، چ لەسەر ئاستی موحافەزەکانیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مولاحەزاتانەی درا، تەنیا یەك مولاحەزە هەبوو، کە دوو کەس قسەی لەسەرکرد، ڤیان خان و گێلاس خان، بەڵام لە حەقیقەتدا ناکرێت بڵێی (السلطة العليا الوحيدة)، چونکە زۆر پرۆژە هەیە، زۆر دەسەڵاتی تر هەیە رەبتی بە مەجلیسی موحافەزەوە نییە، مەسەلەن هەندێك دامودەزگا هەیە راستەوخۆ پەیوەندیان بە حکومەتی فیدراڵەوە هەیە، وەزارەتەکەیان وەزارەتی سیادییە وەکو مەسەلەی ئاو، پرۆژەیەك لەوێ جێ

بـەجێ دەكـرێتن مەجليسى موحافـەزە هـيچ دەسـەڵاتێكى بەسـەردا نييـە، هەنـدێك پـرۆژە هەيـە لەلايـەن ئەنجومەنى وەزيرانەوە راستەوخۆ جێ بـەجێ دەكـرێتن هـيچ پەيوەنديـيـەكى بـە ئەنجومـەنى پارێزگاكـەوە نييە، بەلاَم كە چوونە ئەنجومەنى پارێزگاكە، بـەڵێ دەسـەلاَتى خۆيـەتى جێ بـەجێى دەكـاتن، ئـەوەى كـاك هيوا وەلاَم درايەوە، نازانم وەلاَمى دكتۆر نوريتان نەداوە، تەنيا دارِشتن بوو عەينى مەعنا بوو، دارِشتن بـوو هينەكەى ئەوانە، كاك محەمەد فەرەج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

من تەنيا بۆ ئەوەى كاك شێروان بوو، يەعنى ئێستا ئەنجومـەنێك كـە خـەڵك هەڵيدەبـژێرێت شەخسيەتى مەعنەوى نەبێت، بەلاَم نەفەرێك بيست كەس هەڵيبژێرێت شەخسيەتى مەعنەوى هەبێت.

دوو/ شەخسيەتى مەعنەوى نابێت بە مەشاكيل بۆ؟ هەر كەسێك سنوورى سـەلاَحيەتى خـۆى هەيـە، چـۆن دەبـێت ئێمـە ئـەوە بكـەين بـە موبـەرير، مەجليسـێك هـەموو خـەڵك هەڵيبـژارد بـێت بلـێين شەخسـيەتى مەعنەوى نەبێت، بەلاَم پارێزگارێك بيست كەس هەڵيبژارد بێت ئەوە شەخسيەتى مەعنەوى هەبێت، بڕوا ناكەم ئەمە تێكەولاَوى دروست بكات، ئەويش سنوورى دەسەلاَتى خۆى مومارەسە دەكات، ئەويش هى خـۆى دەكات.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

پارێزگاكە بيست كەسەكە هەڵينەبژاردووە، خـەڵك هەڵيبـژاردووە، خـەڵك هـەمووى هەڵيبـژاردووە، ئـەويش يەكێكە لەو كەسەى كە خەڵك دەنگى پێداوە، ئيزافەتەن لەسەر بيست كەسەكەى ئەنجومەن كە دەنگيان بـۆ داوە، بەڵێ كاك عونى فەرموو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

مەبەسـتمان لـە شەخسـيەتى مەعنـەوى بـۆ موحافەزەكـە نييـە شەخصـى موحـافز، بـۆ موحافەزەكەيـە كـە وەحدەى ئيدارى، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرموو كاك هيوا.

**بەڕێز هيوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

هەر ئەوە دەڵێم ئێمە لەسەر قياسى عێراق كە ئەنجومەنى پارێزگاكانە، ئێستا بە بەهانەى ئێمە لە هەرێمى كوردسـتان دايـن، لەبـەر ئـەوەى هـەرێمێكى سـەربەخۆين شەخسـيەتى ئەنجومـەنى پارێزگاكانمـان بچـووك بكەينەوە، تەنها هەيئەيەكى رەقابى بێت، وادەزانم پێويست ناكات ئـەو كاتـە، بـۆ نموونـە ئێسـتا ئێمـە لـە پەرلەمانى هەرێمى كوردستان بەگوێرەى دەستوور ئێمـە نابێت ياسايەك تەشـريع بكـەين، كـە دژ بێـت بـە

قەراراتی پەرلەمان، یان دەستووری عێراق، ئێمەش با ئەنجومەنی پارێزگاكان سنووریكیان بۆ دابنێین، هەم شەخصیەتی مەعنەوی بن، هەم لە سنووری پارێزگاری خۆشیان مەجالێكیان پێ بدەین، جا ئەگەر وا نەبێت ئیتر خۆ ئەوان گلەییان ئەوەیە ئەنجومەنی پارێزگاكان، ئێستا پەرلەمانی هەرێمی كوردستان ئەم یاسایە بەم شێوەیە دادەنێت دەسەڵاتەكانی ئێمە تەواو بچووك دەكاتەوە، هەتا لەوێ ئەوان پێیان باشە راستەوخۆ سەر بە پەرلەمان بن، سەر بە دەزگایەكی تەنفیزی نەبن، لێرە مانای هەڵبژاردنەكە من وا دەبینم بچووك دەبێتەوە، كەم دەبێتەوە، ئێمە وریا بین چۆن قەرار دەدەین شەخصیەتی مەعنەویان ناهێڵین، هەندێك دەسەڵاتیان بچووك دەكەینەوە، با بڵێین ئەنجومەنی شارەوانییەكان بێت قەیدی چ دەكات، وەكو عێراق نەكەین لەم قەزییە، ئەگەر قەرار بێت ئێمە پابەند نەبین بەم عێراقەوە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی بەنیسبەت كاك هیوا ئەندامی لیژنەی ناوخۆیە دەیتوانی لە كۆبوونەوەكانی لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ لیژنەی یاسایی بەشدار بێت، ئەو تێبینیانە زۆر بە درێژی لەنێوان هەردوو لیژنە باس كراو، ئەو صیغەیەی كە ئێستا هاتۆتە بەردەم هەموو لایەك موافەقەتی لەسەر كردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر قسە كرا، ئەوەندەی ناهێنێت، دوایێ نوقتەی نیزامی وەكو كاك غەفور زیاد دەبێت لەسەرمان، من خۆم وەڵامی دەدەمەوە، قسەت نەكرد لەسەر ئەو مەوزوعەی فەرموو مام خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من رەئیەكم هەیە، ئێمە زۆربەی لە خوشك و برایان قانونی موحافەزاتی عێراقی كە ئینتخابات كراوەو دەسەڵاتی لامەركەزی پێدراوەو، تەبیعی موحافەزاتی عێراقی بەنیسبەت ئەو هەڵبژاردنەوە دەسەڵاتی زۆری پێدراوە، بە بڕوای من ئەو دەسەڵاتانەی كە بە پارێزگاكانی عێراق دراوە تەقریبەن نیمچە دەسەڵاتێكە وەكو پەرلەمانی كوردستان كە پێیدراوە، ئەگەر ئەو دەسەڵاتەی كە دراوەتە پارێزگاكان، ئەی خۆمان نیمچە دەسەڵاتێكی بەنیسبەت مەركەز، ئێمە هەموو دەسەڵاتێكمان نییە  وەكو دەوڵەتێك، وەكو حكومەتێك كە سەڵاحیاتیان بدەین، ئەگەر ئەو سەڵاحیەتانەی كە ئێستا دراوەتە پارێزگاكانی عێراق بدرێتە پارێزگاكانی كوردستان، ئەی واجیبی كوردستان و حكومەتی هەرێم چ دەمێنێتەوە؟ دەبێت ئیلا قاصید بێت لەنێوان هەردووكیان، لەبەر ئەوەی پێموایە نابێت ئەو موقارەنەیە، ئەو دەسەڵاتەی كە ئێستا پارێزگاكانی عێراق

هەیتیان، ئێمە هەموو دەسەلاَت بدەینە ئەو پارێزگایانە، لەبەر ئەوەی ئێمە خۆمان بەشێکین لە عێراق، خۆمان موستەقیل نینەو ئیستیقلالیەتەمان لە هەموو شتێك نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش هەر ئیزافە دەکەم هەندێ قسە، ئەگەر ئیجازەم بدەن، من دائیمەن تکایەکم هەیە لە خۆمان پێش هەموو کەسێك، لە ئێوە، لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێرو سلێمانی و دهۆك، ئەو مەوقیعەی کە لێی دانیشتووین کە سەرۆکی پەرلەمانم لێرە، جێگرەو سکرتێرەو ئەندامانی پەرلەمانن تاپۆ نییە لەسەرمان، مولَکی باووپیرانیشمان نییە، هەلَبژاردنمان لە پێشە، ڕەنگە نزیکەی نیوەمان زیاتری هەر نەمێنین لەو پۆستەدا، هەروەها ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەوانیش چاوەڕوانی هەلَبژاردن دەکەن پێش کۆتایی سالَ، ئەوانیش لەو مەوقیعەدا نەمێنن بچنە مەوقیعێکی تر، لەوانەیە ببنە ئەندام پەرلەمان، زۆرجار دەلَێم لە زۆر مەسائیلدا کە موناقەشەی یاسا دەکرێتن تکام وایە، باشتریش وایە مەوزوعیانە بیر بکەینەوەو لەبیر بکرێتن، با بە سەراحەتتریش بلَێین، جاری وا هەبووە پرۆژە یاسایەکمان موناقەشە کردووە، لەبەر ئەوەی وەزیرەکە یەکێتیە، یان پارتیە بۆچوونی وا تەرح کراوە نا مەوزوعی بووە، پاش هەلَبژاردن حکومەتەکە، یان ئێستا هەندێك وەزیر جێگۆڕکێ دەکرێتن، ئەی باشە دەبێت بێینەوە قانونەکە موناقەشە بکەین، تۆزێك مەوزوعیەتی دەوێت لە موناقەشە کردنی یاسا، ئەم یاسایە، دوو/ حەقیقەت دەبێت لەبەرچاو بگرین، یەکێکیان ئەوەیە هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێك، ماددەیەك لە دەستووری عێراقدا ئاماژەی پێ کراوە، کە ئەو هەرێمە ئیقراری کردووە وەکو فیدرالَیەتێك، ئەوە یەك.

دووش/ ویستی ئەو خەلَکەی لە کوردستاندا دەژێتن، ئومێدی بۆ دوا ڕۆژ، بۆ دامەزراندنی کیان، بۆ پێشخستنی ئەو کیانە، بۆ پەرەسەندنی، هەمووی ئیجاب دەکاتن تۆزێك نزیکی هەبێتن لەو تایبەتمەندییە، ناکرێت تۆ دەسەلاَت لە دانانی یاسا لە پەرلەمانی کوردستاندا خۆت بە ئیرادەی خۆت دەنگت بۆ ئەو هەرێمە داوە، بەو فیدرالَیەتە داوە لە سالَی 1992وە قەرارت داوەو ئیشی بۆ دەکەیت لە پەرلەمانی عێراقدا هەروا، لە دەستووری عێراقدا هەروا، ئێستاکە لەبەر ڕۆشنایی هەندێك بۆچوون کە مەوزوعی نین عەفوم دەکەن لەوەدا، دەبێت بەو شێوەیە دەنگی بۆ بدەین بەدەر لەوەی کە ئەمڕۆکە بۆچوونمان لەوە دابێت کە وایە، یاخود تەئسیراتێکی ڕۆشنبیری زۆر تایبەت بە شتێکەوە هەیە، بۆیە لێرەدا ئەو دارِشتنە هاتووە لەو ماددەیەدا زۆر بە دیقەت هاتووە، سەربەخۆیی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەپارێزێتن، دەسەلاَتی چاودێری داوەتێ، لامەرکەزی داوەتێ، ناکرێتن تۆ پەرلەمانێکت هەیە، دەسەلاَتی پەرلەمانی تەشریعی ئەساسی یاسایە، پەرلەمانی ئێمە دانانی یاسایە، ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجومەنێکی قەراردەرە، ئەنجومەنی قەراردان، ئەنجومەنی نیشتمانی کە ئێستا ناومان لێ ناوە پەرلەمانی کوردستان، ئەنجومەنی دانانی یاسایە، حکومەت ئەنجومەنی جێ بەجێ کردنە، سێ دەسەلاَتی جیاوازن ناکرێتن تۆ دوو ئەنجومەنی تەشریعی هەبێتن لە هەرێمێکدا، لە ولاَتێکدا ئەگەر فیدرالَی نەبێتن، لە ولاَتێکدا یەك ئەنجومەن هەیە، فیدرالَی هەبێتن ئەوانەی فیدرالَیەتیان هەیە، ئەنجومەنی تەشریعیان هەیە، پەرلەمانی هەیە، بۆیە ئەو تێکەلاَو

کردنە قانونی نییە، لەگەڵ دەستووردا ناگونجێت، ئەگەر بەو شێوەیە کە هەندێك بۆچوونی ئێوە قەبول بکرێت و لەگەڵ ویستی خەڵکی کوردستان بۆ دوا ڕۆژی، بۆ دامەزراندنی کیان ناگونجێتن، لەگەڵ گۆڕینی پۆستەکانمان ئێوە سبەینێ دەبنە وەزیر، یان دەبنە ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا، ئەو وەختی دەبێت لەبەر ڕۆشنایی مەوقیعەکە بیر بکەنەوە تووشی تەناوقوز دەبین، بۆیە من پێم باشە تەنیا لە رووی ئەگەر هینەکەی کاك دکتۆر نوری باسی کرد، ئەگەر داڕشتنێکیان هەبێت، کاك شێروان باسمان بۆ بکات، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز کاك دکتۆر نوری ئیشارەتی بەوەدا، کە دەبێت ئەنجومەنی پارێزگاکان سوڵتەی ئیداریان هەبێت، باشە ئەنجومەنی پارێزگاکان چ عیلاقەیان لەگەڵ سوڵتەی ئیداری هەیە، نەخێر ئیداری، عەدا رەقابی سوڵتەی ئیداریشیان هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی دەسەڵاتی چاودێری تێدا بوو، بەڵام هەر خۆی پێشخستن و پاشخستنە، موشکیلە ئەوە نییە، ئەگەر وەکو خۆی بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، هیچ مولاحەزەیەکی وا نەبوو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة: مجلس المحافظة هو السلطة الرقابية ضمن الحدود الادارية للمحافظة وله حق اصدار القرارات والانظمة والتعليمات لتنظيم الشؤون الادارية والمالية في المحافظة بما يمكنها من الاشراف على ادارة شؤون المحافظة وفق مبدأ اللامركزية الادارية وبما لا يتعارض مع الدستور والقوانين النافذة في الاقليم.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم: ئەنجومەنی پارێزگا دەسەڵاتی چاودێرییە لەناو سنووری کارگێڕیی پارێزگاداو مافی ئەوەی هەیە بڕیارو پێڕەو و ڕێنماییەکان دەربچوێنێ بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و دارایی لەناو سنووری پارێزگادا، تاکو بتوانێ کاروباری پارێزگا هەڵسووڕێنێ بەپێی پرنسیپی لامەرکەزی بەڕێوەبردن بە جۆرێکی وا کە ناکۆك نەبێ لەگەڵ دەستوورو یاساکانی کارپێکراو لە هەرێمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە ماددەی شەشەم.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة: يختص مجلس المحافظة بمايلي:

اولاً: انتخاب رئيس المجلس ونائبه من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس في اول جلسة يعقدها المجلس التي يدعو لها المحافظ خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وتنعقد الجلسة برئاسة اكبر الأعضاء سناً.

ثانياً:

1- اقالة رئيس المجلس او نائبه بناء على طلب ثلث عدد اعضائه ويعتبر الرئيس أو نائبه مقالاً بموافقة 3/2 ثلثي عدد اعضائه عند فقدانه احد شروط العضوية او تحقق احد الاسباب الآتية:

أ- عدم النزاهة او استغلال المنصب الوظيفي.

ب- التسبب في هدر المال العام.

ج- الاهمال او التقصير المتعمد في اداء الواجب.

2- لرئيس المجلس او نائبه الطعن في القرار المتخذ بالاقالة لدى المحكمة الادارية المختصة وفق احكام قانون مجلس الشورى لأقليم كوردستان رقم 14 لسنة 2008.

ثالثاً:

1- انتخاب المحافظ من بين اعضاء المجلس بالأغلبية المطلقة، خلال مدة اقصاها ثلاثون يوماً من تأريخ انعقاد أول جلسة له.

2- اذا لم يحصل اي من المرشحين على الأغلبية المطلقة يتم التنافس بين المرشحين الحاصلين على اعلى الأصوات ويعد فائزاً من يحصل على اكثرية الاصوات في الاقتراع الثاني.

رابعاً:

1- استجواب المحافظ او احد نائبيه بناءاً على طلب ثلث أعضائه وعند عدم قناعة الأغلبية البسيطة باجوبة المستجوب يعرض طلب الاقالة للتصويت في جلسة ثانية ويعتبر المحافظ او احد نائبيه مقالاً بعد موافقة المجلس بأغلبية ثلثي عدد أعضائه ويكون طلب الأقالة او التوصية بها مستنداً على احد الأسباب الحصرية الواردة في الفقرة (ثانياً) من هذه المادة.

2- للمحافظ ونائبيه الطعن في القرار المتخذ بالاقالة لدى المحكمة الادارية المختصة.

خامساً:

1- إعداد مشروع موازنة المجلس لدرجها في مشروع موازنة المحافظة.

2- اقرار مشروع موازنة المحافظة المحال اليها من قبل المحافظ بموافقة الاغلبية المطلقة على ان تراعى المعايير القانونية والنظامية في توزيع التخصيصات لمركز المحافظة والاقضية والنواحي ورفعها الى وزارة المالية في حكومة الاقليم.

سادساً: رسم السياسة العامة للمحافظة بالتنسيق مع الوزارات ووضع الخطط الاستراتيجية لتنميتها بما لا يتعارض مع التنمية الوطنية والاقليمية.

سابعاً: اقرار النظام الداخلي لعمل المجلس بالاغلبية المطلقة خلال شهر من تاريخ اول جلسة له.

**ثامناً**: اصدار القرارات والانظمة والتعليمات وتقديم التوصيات لتنظيم الشؤون الادارية والمالية وتحسين ادارة الخدمات العامة في المحافظة.

**تاسعاً**: اقتراح مشاريع القوانين الخاصة بتطوير المحافظة ورفعها الى مجلس الوزراء عن طريق الوزارة المعنية.

**عاشراً**: تحديد أولويات المحافظة من المشاريع وله تعديل اي مشروع محلي يرد ضمن الموازنة السنوية لاية وزارة بالتنسيق معها بالاغلبية المطلقة على ان لا يؤدي هذا التعديل الى الزيادة في حدود الصرف المذكور في الخطط وعلى ان لا يتعارض مع فاعلية تنفيذ الاهداف الوطنية في الاقليم وله تعديل او ايقاف اي مشروع آخر بموافقة (3/2) ثلثي عدد اعضائه.

**حادي عشر**: الرقابة على جميع انشطة الهيئات التنفيذية المحلية لضمان حسن اداء اعمالها باستثناء المحاكم والوحدات العسكرية وحرس الاقليم (البێشمەرگە) والجامعات والكليات والمعاهد التابعة لوزارة التعليم العالي والبحث العلمي والدوائر ذات الاختصاص الاتحادي في المحافظة.

**ثاني عشر**:

1- المصادقة بالأغلبية المطلقة على ترشيح ثلاثة من أصل خمسة مرشحين يقدمهم المحافظ لاشغال منصب نائبي المحافظ ويصدر امر تعيين اثنين منهم من قبل مجلس الوزراء.

2- المصادقة بالأغلبية المطلقة على ترشيح ثلاثة مرشحين من اصل خمسة يقدمهم المحافظ لاشغال مناصب المدراء العامين في المحافظة ويصدر الامر بتعيين احدهم من قبل مجلس الوزراء.

3- اقتراح اعفاء المدراء العامين في المحافظة بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس بناءً على طلب المحافظ او (1/5) عدد اعضائه ولمجلس الوزراء حق الاقالة بناءً على طلب الوزير المختص استناداً الى احد الاسباب الواردة في الفقرة (ثانياً) من هذه المادة.

**ثالث عشر**: المصادقة بالأغلبية المطلقة على اقتراح إجراء التغييرات الادارية على الاقضية والنواحي والقرى بالدمج والاستحداث وتغيير اسمائها ومراكزها وما يترتب عليها من تشكيلات ادارية ضمن حدود المحافظة بناءاً على اقتراح المحافظ او ثلث اعضاء المجلس.

**رابع عشر**: تشكيل لجان دائمية ومؤقتة من بين اعضائه لمراقبة اجهزة او انشطة الهيئات التنفيذية على مستوى المحافظة ولها الاستعانة بالخبراء والمستشارين من الوزارات المعنية بالموضوع.

**خامس عشر**: اختيار شعار للمحافظة مستوحى من الارث التأريخي والحضاري لها.

**سادس عشر**: اقتراح تعويض المتضررين في حالة وقوع الكوارث والآفات الطبيعية وطلب تقديم المساعدات الاجتماعية في حدود المحافظة.

**سابع عشر**: إصدار نشرة محلية تنشر فيها كافة القرارات والانظمة والتعليمات والاوامر التي تصدر من المجلس ونشاطاته لاطلاع المواطنين عليها.

**ثامن عشر**: ممارسة اية اختصاصات اخرى منصوص عليها في الدستور او القوانين النافذة.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی شەشەم: ئەنجومەنی پارێزگا ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:**

**یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆ کی ئەنجومەن وجێگرەکەی لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەهای ژمارەی ئەندامان لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەندا کە پارێزگار بانگەوازی بۆ دەکات لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی راستاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دانیشتنەکە بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندام دەبێ.**

**دووەم:**

**1- لە کار لادانی سەرۆکی ئەنجومەن، یان جێگرەکەی لەسەر داوای سێیەکی ژمارەی ئەندامانی و بەرەزامەندیی دوو لەسەر سێی ئەندامانی، سەرۆك یان جێگرەکەی بە لادراو دادەنرێت، هەر کاتێ مەرجێکی ئەندامێتی لە دەست بدات، یان یەکێ لەم هۆیانەیان لەسەر ساغ بۆوەوە:**

**أ- دەست پیسیی، یان خراپ بەکارهێنانی پایەی فرمانەکەی.**

**ب ـ بوون بەهۆی بە فیڕۆ دانی دارایی گشتی.**

**ج ـ خەمساردی، یان کەمتەر خەمی بە ئەنقەست لە جێبەجی کردنی ئەرکەکەی.**

**2- سەرۆك، یان جێگرەکەی بۆیان هەیە تانووت لە بڕیاری لادانیان بدەن لە لای دادگای کارگێڕیی تایبەت بەپێی حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان ژمارەی (14)ی ساڵی 2008دا.**

**سێیەم:**

**1- هەڵبژاردنی پارێزگار لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەن بە زۆرینەی رەها لە ماوەیەك کە ئەو پەڕی (30) سی رۆژ لە مێژووی بەستنی یەکەمین دانیشتنیەوە.**

**2- ئەگەر هیچ کامێك لە پالێوراوەکان زۆرینەی رەهای بەدەست نەهێنا ئەوا کێبڕکێ لەنێوان ئەو دوو پالێوراوە دەبێ کە زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوەو ئەوەی زۆرینەی دەنگەکان بباتەوە لە دەنگدانی دووەمدا ئەو بەدەرچوو دادەنرێت.**

**چوارەم:**

**1- لێ پچینەوە کردن لەگەڵ پارێزگار، یان یەکێك لە جێگرەکانی لەسەر داوای سێیەکی ئەندامانی دەبێ و لە کاتی قەناعەت نەهاتنی زۆرینەی سادە بە وەڵامەکانی لێپچینەوە لەگەڵ کراودا، ئەوا داوای لادانیان (الاقالة) دەخرێتە دەنگدانەوە لە دانیشتنێکی دووەمداو پارێزگار، یان یەکێك لە جێگرەکانی بە لادراو دادەنرێن دوای وەرگرتنی رەزامەنی ئەنجومەن بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی، داواکاریی لادانەکە، یان راسپاردنی، دەبێ پشت بە یەکێك لەم هۆیانەی کە لە برگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە ببەستێ.**

**2- پارێزگارو دوو جێگرەکەی بۆیان هەیە تانووت بدەن لەو بڕیارەی دەرکراوە بە لادانیان لەسەر کار لە دادگای کارگێڕی تایبەتمەند.**

پێنجەم:

1- ئامادە كردنی پرۆژەی بودجەی ئەنجومەن بۆ تۆماركردنی لە بودجەی پارێزگا.

2- پەسەند كردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا كە لەلایەن پارێزگارەوەو بە رەزامەندی زۆرینـەی رەهـا رەوان كراوە بەو مەرجەی پێوەرە یاسایی و سیستەمیەكان رەچاو بكرێن لە دابەش كردنی تەرخان كراوەكان بـۆ سەنتەری پاریزگاو قەزاو ناحیەكان و پاشان بەرز كردنەوەی بۆ وەزارەتی دارایی حكومەتی هەرێم .

شەشـەم: نەخشەكێشانی سیاسـەتی گشـتی بـۆ پارێزگـا بەهەماهـەنگی لەگـەڵ وەزارەتـەكان و دانـانی پلانـی ستراتیژی بۆ گەشە پێدانی بە جۆرێك كە لەگەڵ گەشەپێدانی نیشتمانی و هەرێمی ناكۆك نەبێ.

حەوتەم: بڕیاردان لەسەر پێڕەوی نـاوخۆ بـۆ كارەكـانی ئەنجومـەن لـە مـاوەی مانگێـك لـە مێـژووی یەكـەم دانیشتنیەوە.

هەشتەم: دەرچـوواندنی بڕیـارو پێـڕەوە ناوخۆییـەكان و رێنماییـەكان و پێشـكەش كردنـی راسـپاردەكان بـۆ رێكخستنی كاروباری كارگێریی و دارایی و چاككردنی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە گشتیەكان لە پارێزگادا.

نۆیەم: پێشنیاز كردنی پرۆژە یاسا تایبەتیەكان بە پەرەپێدانی پارێزگـا و بـەرز كردنـەوەی بـۆ ئەنجومـەنی وەزیران لە رێگەی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە.

دەیەم: دەستنیشان كردنـی پێشـینیەكانی (اولویـات) پارێزگـا لـە پرۆژەكـان و، بـۆی هەیـە هـەر پرۆژەیـەكی خۆجێیەتی لە نـاو بودجـەی سـاڵانەدا هاتبێـت بـۆ وەزارەتێـك هـەموار بكـات بـە هەماهـەنگی لەگەڵیـدا بـە رەزامەندیی زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجومـەن بـە مـەرجێك ئـەو هـەموار كردنـە نەبێتـە مایـەی زیـاد بوونی رادەی خەرج كردنـی باسكراو لـە پلانـەكان و هـەروەها بـەو مەرجـەی كە لەگـەڵ كـارایی جێبـەجی كردنی ئامانجە نیشتمانیەكان لە هەرێمدا ناكۆك نەبێ و بۆی هەیە هەر پرۆژەیەكی تر بەرەزامەنـدیی دوو لەسەر سێی ژمارەی ئەندامانی هەموار بكرێ، یاخود رابگیرێ.

یازدەم: چاودێری گشت چالاكییەكانی دەستەكانی جێبەجێ كردن بۆ دابـین كردنـی بـاش جێبـەجێ كردنـی كارەكـانی بێجگـە لـە دادگاكـان و یەكـە سـەربازییەكان و پاسـەوانی هـەرێم (پێشـمەرگە)و كۆلێجـەكان و پەیمانگاكانی سەر بە وەزراەتی فێركردنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و ئـەو فەرمانگانـەی كـە تایبەتمەنـدیی فیدراڵییان هەیە لە هەرێمدا.

دوازدەم:

1- رەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی رەها لەسەر پاڵاوتنی سێ پاڵێوراو لە ئەسڵی پێنج كەس كـە پارێزگـار پێشكەشیان دەكات بۆ پڕكردنـەوەی پۆسـتی هـەردوو جێگـری پارێزگـار فـەرمانی دامەزرانـدنی دوانیـان لـە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ.

2- رەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی رەها لەسەر پاڵاوتنی سێ پاڵێوراو لە ئەسڵی پێنج كەس كـە پارێزگـار پێشكەشیان دەكـات بـۆ پڕكردنـەوەی پۆسـتی بەڕێوەبـەرە گشـتیەكان لـە پارێزگـاداو فـەرمانی دامەزرانـدنی یەكێكیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ

3- پێشنیاری لەسەرکار لادانی بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە پارێزگا بە زۆرینەی رەهای دەنگی ئەندامان لەسەر داوای پارێزگار، یان لەسەر پێشنیازی 1\5 پێنجیەکی ژمارەی ئەنـدامانی ئەنجومـەن، هـەروەها ئەنجومـەنی وەزیران مـافی لادانـی هەیـە بـە پێشنیازێك لـە وەزارەتـی تایبەتمەنـد بـەپێی ئـەو هۆیانـەی کـە لـە بڕگـەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون.

سێزدەم: رەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی رەها لەسەر پێشنیازی بـەجێ گەیانـدنی گۆڕانکاریی کارگێڕیی لە قەزاو ناحیەکان و گوندەکان بەلێکدانیان و لە نوێ دانان وگۆڕینی نـاو و سـەنتەرەکانیان و ئـەوەی لێیـان دەکەوێتەوە لە پێکهاتەی کارگێڕی لە چوار چێوەی سنووری پارێزگا و ئەمەش لەسـەر پێشنیازی پارێزگار، یاخود سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێ.

چواردەم: پێکهێنـانی لیژنـەی هەمیشـەیی و کـاتی لـە نێـوان ئەنـدامانی بـۆ چـاودێری کردنـی دەزگـا، یـان چالاکیەکانی دەستە جێبەجێ کارەکان لەسەر ئاستی پارێزگاو بۆی هەیە پشت بـە شـارەزاو راوێـژ کـاران لـە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ببەستێ.

پازدەم: هەڵبژاردنی دروشمێك بۆ پارێزگا، کە لە کەلەپووری مێژوویی و شارستانیەکەیەوە وەرگیرا بێ.

شازدەم: پێشـنیاز کردنـی قـەرەبوو کردنـەوەی زیـان پێکـەوتووان لـە حاڵـەتی روودانـی کارەسـات و بـەڵای سروشتی و داوای پێشکەش کردنی یارمەتییە کۆمەڵایەتییەکان لە سنووری پارێزگادا.

حەڤـدەم: دەرچـوواندنی بـڵاو کراوەیـەکی خۆجێیـەتی تـاکو هـەموو بڕیـار و پێـڕەوو رێنماییـەکان و فەرمانەکانی کە لە ئەنجومەن دەردەچن لەگەڵ چالاکیەکانی تێدا بڵاو بکرێتەوە تاکو هاووڵاتییان ئاگاداربن لێیان.

هەژدەم: راپەراندنی هەر تایبەتمەندییەکی تر کە دەقیان لە دەستوور یان یاسا کارپێکراوەکاندا هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمـە لەگـەڵ دەقـی ماددەکـەین، بـەڵام تـەوزیحێك هەیـە دەمـەوێت بیـدەم، زۆر لـە بڕگـەکان ئەغلەبیـەی موتڵەقە هاتووە، ئێمە مەقصەدمان لە ئەغلەبیەی موتڵەقە (الاغلبية المطلقة لعدد أعضاء المجلس) یـەعنی (50 + 1)، حەزم کرد ئەو تەوزیحە بدەم، بۆیە ئەغلەبیەی موتڵەقە بە رەهایی هاتووە، چونکە ئەغلەبیەی موتڵەقـە لـە حـازرینش هەیـە، لـە عـەدەدی ئـەعزای مەجلیسیش هەیـە، ئـەوەی ئێمـە مەقصـەدمانە لێـرە (الاغلبية المطلقة لعدد أعضاء المجلس)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئیزافە بکەن، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، ناوتان دەنووسم، فەرموو کاك ئیحسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەت من چەند پێشنیارێکم هەیە، ئیحتیمالە پێتڤی هەندەك ئیزافاتی بچووك باندێ ئەو یاسایە جێگیرتر بێتن، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم ئەگەر ئەم فەقەرەیە ئیزافە بکەین (في حالة عدم دعوة المحافظ للاجتماع يجتمع المجلس تلقائياً في اليوم السادس عشر من تاريخ المصادقة على نتائج الانتخابات)، چونکە لەوانەیە بەهەر هۆیەك هەبێت موحافز ئەو دعوەیە نەکاتن لەو وختەی کە دیاری کراوە، ئەو کاتە ئەی مەجلیس چۆن کۆ دەبێتەوەو هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن دەکاتن؟.

سەبارەت بە فەقەرەی دوو، بڕگەی دووەم ئەگەر ئەم فەقەرەیەش ئیزافە بکرێت بە رەئی من باشترە (في حالة ارتكاب جناية او جنحة اثناء العضوية)، ئەو فەقەرەیەش ئیزافە بکرێتن، ئەوەش بە تەسەوری من باشتر دەبێتن، فەقەرەی دیکەش کاك شێروان وەڵام بداتن بەنیسبەت (اغلبية المطلقة لاعضاء المجلس) ئەگەر هەر لەناودا بنووسرێت (اعضاء المجلس) بە ئیعتیبار جیاواز بێتن حازرە، یان ئەوەی دیکەیە.

سەبارەت بە فەقەرەی چوارەم، بە تەسەوری من (للمحافظ ونائبيه الطعن في القرار المتخذ بالاقالة لدى المحكمة الادارية المختصة) ئەگەر ماوەکە دیار بکرێتن، (خلال خمسة عشرة يوما من تاريخ تبليغه بالقرار وعلى المحكمة البت في الاعتراض خلال مدة لا تتجاوز عن ثلاثين يوما من تاريخ تصديق الطعن)، ئەو فەقەرەیەش ئیزافە بکرێت بە تەسەوری من دێ باشتر دەبێت.

هەروەها فەقەرەیەکی دیکەش ئیزافە بکرێتن لە دوای فەقەرەی دوو لە (رابعاً) (في حالة اقرار اقالة المحافظ يقوم المجلس بانتخاب محافظ جديد وفق أحكام هذا القانون)، بۆ ئەوەی عەمەلیەکە موتەکامل بێتن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی دەزانی چیە نوقتەی یەکەمت زۆر جەنابی وەزیریش هینی هەیە، نوقتەی یەکەم کە پارێزگار داوا بکاتن بۆ هەڵبژاردن، جارێ هەڵبژاردنی بۆ نەکراوە، پارێزگاری پێشووش رەنگە پەیوەندی پێوە نەمێنێت، ئەگەر هەڵبژاردن کرا نابێتن، لەبەر ئەوە نازانم کێ داوای هەڵبژاردنەکە بکات؟ وەزیری ناوخۆ بێت، یان رەئیسی وزەرا بێت، کێ داوای کۆبوونەوە بکات؟ یان تلقائیەن کۆببێتەوە، کاك شێروان صیغەیەکی بۆ بدۆزەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە مەوزوع هەڵبژاردن نییە، لێرە مەوزوع ئەنجومەنەکە کە هەڵدەبژێردرێت کۆبوونەوەکەیە، مەسەلەن موحافز دەعوەی بۆ دەکات لە ماوەی پازدە رۆژ، مەسەلەکە ئەوەیە لێرە، پاش ئەوەی نەتائیجی ئینتیخابات ئاشکرا دەکرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە ئیزافە بكرێت (في حالة عدم دعوة المحافظ للاجتماع يجتمع المجلس تلقائياً بعد مرور خمسة عشر يوماً يجتمع المجلس في اليوم السادس عشر تلقائياً)، یەعنی پازدە ڕۆژەكە تەواو بوو لە ڕۆژی شازدەم تلقائی مەجلیس كۆ دەبێتەوە، وەكو ئەوەی پەرلەمان، ئەوە باشە، مەحافزی پێشوو دەعوەت دەكاتن بۆ كۆبوونەوە، ئەگەر لەو پازدە ڕۆژەدا نەیكرد ڕۆژی شازدەم بەپێی قانون مەجلیس خۆی كۆ دەبێتەوە گەورەترین و بە تەمەنترین كەسیان ریئاسەتی دەكات و بەڕێوەی دەبات، باشە ئەوەی چاك بكەن، نوقتەی یەكەم لە كۆڵ بۆوە، كاك كەریم فەرموو.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من تێبینیم لەسەر بڕگەی سێ و بڕگەی نۆ هەیە، بڕگەی سێ دەڵێت (انتخاب المحافظ من بين اعضائه)، بەڕاستی ئەگەر ئێمە حەصرمان كرد تەنها لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەن پارێزگار هەڵبژێرێت، كەواتە ئێمە دەستی ئەنجومەن دەبەستینەوە، سبەی ڕۆژێ ئەگەر یەكێك لەناو ئەنجومەن نەبوو شایستەی ئەوە بێتن، یان ئەوەتا دەست بدات بۆ هەموو شروتەكانی تێدا موتەوەفیر نەبوو، بۆ نموونە لە ماددەی چواردەم لە شروتی ئەندامی ئەنجومەن دەڵێت شەهادەی ئیعدادیەی هەبێت، بەلام بۆ محافز دەبێت بەكالۆریۆس بێت، باشە ئەوە هەڵبژاردنە یەكێك دەرنەچوو شەهادەی بەكالۆریۆسی هەبێت، ئەوە تەناقوز دروست دەكاتن، كەواتە تۆ كەست بە دەست ناكەوێتن لەناو ئەندامانی ئەنجومەن بێت بیكەی بە محافز، لێرەدا بە پەسندی دەزانم هەروەك چۆن سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران لە دەرەوەو لە ناوەوەی پەرلەمان دەبێت، بەهەمان شێوەش محافز لە دەرەوەو لە ناوەوەی پەرلەمان بێت، ئەوە یەك لە سێیەم بڕگەی یەك لە ماددەی چواردە هاتووە شروتەكانی ئەندامانی ئەنجومەن لەوێ هاتووە (شروط العضوية وعمل المجالس).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە پێموایە هەر زیادە لەو قانونەدا، دەبێت بچێتە قانونی هەڵبژاردن، لێرە زیادە، لەوێ موناقەشەی دەكەین.

**بەڕێز كريم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بڕگەی نۆ دەڵێت (اقتراح مشاريع القوانين الخاصة بتطوير المحافظة ورفعها الى مجلس الوزراء عن طريق الوزارة المعنية)، باشە بۆ چ؟ (لغرض المصادقة من قبل البرلمان)، دەبێت دوو جار رەفع بۆ پەرلەمان بكرێ (عن طريق مجلس الوزراء)، فەقەرەی نۆ، هەر ئەوە بوو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی ئۆتۆماتیكیەن كە چووە مەجلیسی وزەرا، خۆ مەجلیسی وزەرا قانون دەرناهێنێ، دەینێرێتە پەرلەمان، دەریش نەكرێتن بەدیهیەتە، كاك باپیر فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئەو ئەغلەبیەی موتڵەقە تێبینیم هەیە، ئەگەر بکرێتە (اکثریة) باشتر دەبێت زۆرینە، چونکە ئێمە دەزانین پێکهاتەی سیاسی جیا جیای دەبێت، بۆچوونی جیا جیای تێدا دەبێت، لەبەر ئەوەی لە ئەنجامی ڕێك نەکەوتنی ئیش و کارەکان دوا دەکەون، چ لە هەڵبژاردنی محافز بێت، چ لە بڕیارەکانی تر بێت، ئەوە چەقینێك دەبێت لە ئیش و کارەکان، بۆیە زۆرینە بە باشترو پەسندتری دەزانم، ئێستا ئێمە ئەو یاسایە دادەنێین، بۆ ئێستا نییە، ئێستا پێکهاتەی یان خەریتەی سیاسی دەگۆڕێت، مومکینە نەخشەی سیاسی وا بگۆڕێت لە ئایندەدا پێکهاتەکان زیاتر ورد ببنەوە، بۆیە زۆرینە بە پەسندتری دەزانم، نەك زۆرینەی ڕەها، ئەوە لە خاڵێکیان، بڕگەی یازدە لەو ماددەیەدا باس لەوە دەکات کە چاودێرییەکانی پێشمەرگەو کۆلیجەکان بکات و بەتایبەتی بۆ ناوی ئەو دووانە هاتووە؟ ئایا مەجلیسی محافەزە چاودێری هەموو بەشەکانی کە لە سنووری پارێزگایدا نایکات؟ بۆ ئەوانە هاتووە؟ چ پێویست نییە پێموایە لێرەدا باس لەوە بکات لە ئەدای واجیبیاندا، یان لە جێ بەجێ کردنی کارەکانیاندا ئەوە تایبەتمەندی پێ بدرێت، تایبەتمەندی پێدرا، یەعنی ئەوانەی تری بۆی نییە بکات، بۆیە باشتر وایە یان ئەو بڕگەیە نەمێنێت، یان چاودێرە لەسەر هەموویانەوە، بەڵێ بڕگەی یازدە، ئەو تایبەتمەندییە بۆ ئەوە بکرێت؟ ئەگەر بکرێت هەیئەتێك هەیە لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی پارێزگا دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەزانی موقتەرەحێك هەیە، دەڵێن ئێمە بەو شێوەیە موناقەشە بکەین کە لیژنەی یاسایی هێن دەکاتن، ئەوەلەن تێکەڵاویەك دەبێتن نازانین ئەوە بکەینەوە، لەبەر ئەوە بڕگە بە بڕگە موناقەشەی دەکەین، بۆیە بڕگەی یەکەم تەواو بوو بەو مولاحەزەیەی کە دراو ئیزافەمان کرد، کاك ئیحسان دای، ئەگەر بێتو لە بڕگەی یەکەمدا دەڵێت هەڵبژاردنەکە، با بۆت بخوێنمەوە چی لێهاتووە، بڕگەی یەکەم دەڵێت: (انتخاب رئيس المجلس ونائبه من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس في اول جلسة يعقدها المجلس التي يدعو لها المحافظ خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وفي حالة عدم دعوته يجتمع المجلس تلقائياً الساعة الثانية عشرة ظهراً من اليوم السادس عشر من تاريخ المصادقة وتنعقد الجلسة برئاسة اكبر الأعضاء سناً)، ئەوە باشە، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە دەڵێت (انتخاب المجلس ونائبه) لەگەڵ ئەوەشدا لە چوارەمدا (استجواب المحافظ او احد نائبيه)، یەعنی محافز دوو نائیبی هەیە، ڕەئیسی مەجلیس یەك نائیبی هەیە، من بەس ئەوە پرسیارەکەمە، بەس وەڵامم بدەنەوە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ وایە، ئەوە تەنفیزییە، ئەوە تەشریعییە، هەر یەکە یەك نائیبیان دەبێت، بەڵام تەنفیزی زۆر جار دووی دەبێت، سێ معاونیشی دەبێت، یەعنی تەبیعییە، كاك سالم.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێژت محافز، ئان نائیبێ وی دەهێتە هەڵبژاردن (بالاغلبیة المطلقة) ئەگەر ئەغلەبیەی موتڵەقە كەسێك نەگۆت، بڕگەیەك ئیزافە ببێت ئەگەر كەسێ ئەغلەبیەی موتڵەقە نەبت تەنافوس لەمابینا هەردوو مورەشەح بێتە كرن دەبێتە ئەغلەبیە دەنگ دەبری، كێ بربدا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

جوابی بدەوە كاكە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە لە (ثالثاً) موعالەجە كراوە، دەڵێت: (انتخاب المحافظ من بين اعضاء المجلس بالأغلبية المطلقة، خلال مدة اقصاها ثلاثون يوماً من تأريخ انعقاد أول جلسة له).

دوو/ (اذا لم يحصل اي من المرشحين على الأغلبية المطلقة يتم التنافس بين المرشحين الحاصلين على اعلى الأصوات ويعد فائزاً من يحصل على اكثرية الاصوات في الاقتراع الثاني).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بۆ رەئیسی مەجلیسیش هەمان شت، ئەگەر نەنووسرا بێت دەینووسین، كاك دكتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئەم ماددەیە زۆر بە دوورو درێژ دەبینم، دەكرێت دابەش بكرێت بەسەر سێ ماددە، بۆ نموونە بڕگەكانی یەك و دوو و سێ كە تایبەتن بە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆك و جێگری ئەنجومەنی پارێزگاو جێگرەكەی، سێ بڕگەیە لە ماددەیەكدا، ماددەی دووەم بڕگەی چوار دەگرێتەوە كە تایبەت دەبێت بۆ لێ پێچینەوە لە بەرپرسیاران لە پارێزگادا، ماددەی سێیەم ئەركەكانی ئەنجومەنی پارێزگا دەست نیشان دەكات، كە لە بڕگەكانی پێنجەوە تاكو هەژدە دەگرێتەوە، زیاتر روونتر دەبێت و باشتر دەتوانین ئەو ماددەیە تاوتوێ بكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

گێلاس خان فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(دووەم خاڵی دوو/ سەرۆك یان جێگرەکەی بۆیان هەیە تانووت لە بڕیاری لادانیان بدەن)، ئەو سەقفی زەمەنی دانانرێت بۆ ئەو تەعنە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە فەقەرە یەك موناقەشە دەکەین، فەقەرەی یەك بەو ئیزافەیەی کردمان کەس مولاحەزەی نەدا، ئەوەی دراوە وەڵام درایەوەو تەوزیحە، ئەو فەقەرەیە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ فەقەرە یەکە بەو گۆڕانکاریەی تێدا کرا دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، فەقەرە دوو، ئەوەی کاك دکتۆر نوری گوتی راستە، بەڵام ئەوە لە جملەی یەکەمدا دەڵێت (یختص المجلس) هەمووی دەگرێتەوە، ئەگەرنا قسەکەی مەنتقی تێدایە.

دووەم (ثانیاً) موناقەشەی یەك و، لە یەکدا (أ و ب و ج)و دوو دەکەین، کێ قسەی هەیە لەسەر ئەوە، لەوانەی کە ناویان نووسراوە ئەفزلیەتیان هەیە، بۆ ئەوەی ناوەکانیان شەتب بکەم، فەرموو.

**بەڕێز کەژاڵ مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی دووەم دەڵێت (سەرۆك یان جێگرەکەی بۆیان هەیە تانووت لە بڕیاری لادانیان بدەن لە لای دادگای کارگێریی تایبەت بە پێی حوکمەکانی یاسای ئەوە)، من پێم باشە تانووت لە بڕیاری لادانیان لە لای دادگای تەمییز بێت، چونکە تا ئێستا دادگای کارگێڕی تایبەت لە کوردستاندا دانەمەزراوەو، هەروەها لادان وشەی تایبەت، چونکە دەستەواژەی وشەی تایبەت بە دادگا نەماوە، بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە وشەیەك نەمابێت لە دادگا بەکار بهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارم هەیە، لە (ثانیاً/ اقالة رئیس المجلس او نائبە بناء علی طلب ثلث عدد اعضائە............ عدم نزاهة......)، باشە ئەگەر خوانەخواستە مەسەلەی خیانەت و ئیرهاب و ئەوانە، ئەوە قانونێکی تر هەیە، یان دەکرێت ئەوەش لێرە دابنرێت، ئەگەر یەعنی تێوەگلا بوو لە کارێکی خیانەتکاری، یان ئیرهاب، یان شتێکی تر، ئەوە پرسیارە، ئایا قانونەکە دەیگرێتەوە؟ لە (رابعاً) ناوی دوو نائیبەکەی موحافز هاتووە، لە پێشتر هیچ باس نەکراوە، ئەو دوو نائیبەی موحافز دادەنرێن، رەنگە لەلای من روون بێت، بەڵام باشە ئیشارەتێکی تیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ دوو نائیبەكە دادەنرێت لە ماددەیەكی تردا هەیە دەڵێت رەئیسی مەجلیسی وزەرا، یان وەزیر دەست نیشانی دەكات، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە دواوە هاتووە، بەلاَم ئێرە مادام ناوەكەی نییە، پێموایە لێرە بگوترێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان احمد خضر پاشا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش رەئیەكم هەیە لەسەر خاڵی دووەم (سەرۆك یان جێگرەكەی بۆیان هەیە تانووت لە بڕیاری لادانیان بدەن لە لای دادگای كارگێریی تایبەت بە پێی حوكمەكانی یاسای ئەنجومەنی شوورا)، بەلاَم لێرە پێویستە سەقفێكی زەمەنی دابنرێت لەكاتی تانووت دانی، بە رەئی من لە ماوەی پازدە رۆژدا بێت، دووبارە هاوڕام لەگەڵ رەئیەكەی كەژاڵ خان كە لەلای دادگای كارگێڕی بكرێتە دادگای تەمییز، چونكە تایبەت نەماوە لە دادگای كارگێڕی، بڕیارەكە ئەمەش لە مەحكەمەی تەمییزدا بێت و سەقفێكی زەمەنیش پازدە رۆژ دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت بڕگەی دوو لە ماددەی شەش پێشنیار دەكەم بگوازرێتەوە بۆ ماددەی سی، لەبەر ئەوەی حەلی مەجلیس و ئیقالەی عوزو لە ماددەی سی و سی و یەك هاتووە، بۆ تەنسیق ئەگەر بكرێت ئەو بڕگەیەش بگوازێتەوە بۆ ئەوێ زۆر باشە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام لەسەر داوای سێیەكی ژمارەی ئەندامان سەرۆك و جێگرەكەی لادەبردرێت، رەنگە هۆكارێك بێتە پێشەوە كە لە (أ و ب و ج)یشدا نەبێت، ئەوانە مادام دەسەلاَتی لادانیان هەیە، بە رەئی من بڕگەیەك زیاد بكرێت، هەر هۆكارێكی تر سێیەكی ئەندامانی ئەنجومەنی بیكەنە هۆكاری دەست لە كاركێشانەوەی ئەوان،

ڕەنگە هۆکارێك بێتە پێشەوە ئێستا تۆ لەناو ئەو چوارچێوەیە دابنێین، ئەو چوارچێوەیە جێی نەبێتەوە، ئەگەر حاڵەتێکی لەو بابەتە بێتە پێشەوە، ئەوەی بۆ زیاد بکرێت هەر هۆکارێکی تر، لەڕاستیدا منیش ئەو پرسیارەم هەیە، ئایا دادگای کارگێڕی تایبەت ئێستا هەیە؟ ئەگەر نەبێت دەکرێت ئێمە لەم یاسایە ناوی دەزگایەك بێنین کە ئێستا نییە، دەکرێت چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

واتا خولاصەی هینەکان ئەوەیە لەسەر دوو نائیبەکەیە، ئەوەی پەخشان خان گوتی، لێرەدا ناوی هاتووە، لەسەر تەعنەکەیە کە مەجلیسی شوورا بەپێی خاتوو ڤیان مەحکەمەی تەمییز بێتن، ڕەئیەکیش هەیە دەڵێت بگوازێتەوە، حەز دەکەم گوێ لە ڕەئی هەردوو لیژنە بگرم لەسەر ئەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت نائیبەکە تەفسیراتی لە ماددەکانی تر هاتووە، موحافز دوو نائیبی دەبێت، شێوەی دامەزراندنی بەو شێوەیە موحافز پێنج کەس تەقدیم دەکات، ئەنجومەنیش سێ کەس هەڵدەبژێرێت لەو پێنجە، ئەو سێیەش دێتە ئەنجومەنی وەزیران ئەمرەکە بە دوو کەس دەردەچێت، بەنیسبەت پڕ کردنی پۆستی نائیب موحافز، بەنیسبەت تەعن لە مەوزوعی محاکمی ئیداری ئێمە قانونێکمان دەرکرد قانونی مەجلیسی شوورا لە قەزای ئیداری لەوێ بە تەفسیل هاتووەو تورق تەعنی خۆشی بە تەفسیل هاتووە، بۆیە ئێمە لێرە سەقفە زەمەنیەکەمان دانەنایە، ئەگەر هەر ئیسراریش دەکەن کە سەقفێکی زەمەنی دابنرێت، هەمان سەقفی دەهێنین لێرە دادەنێین هیچ ئیشکالیەتمان لەو مەسەلەیە نییە، بەنیسبەت کاك ڕەشاد کە دەڵێت بگوازێتەوە بۆ ماددەی سی، ماددەی سی عیلاقەی بەو مەسەلەیە نییە، عیلاقەی بە حەلی مەجالیس هەیە، ئەگەر مەتنی ماددەکە هەمووی بخوێنیەوە مەجالیس چۆن حەل دەبێت؟ چۆن حەل نابێت؟ بۆیە بەنیسبەت حەلەکە ئێمە ڕەئیمان وایە لە جێگای خۆیەتی، بەس بەنیسبەت قەزای ئیداری کە دروست نەکراوە، بەڕاستی ئێمە مەسئوول نینە قانونمان دەرکردووە، سەرۆکایەتی هەرێم تەصدیقی کردووە، چوویتە بواری جێ بەجێ کردن قەزای ئیداری ئێستا دروست نەکراوە، بەڕاستی ئێمە لەوەی بەرپرسیار نینە، ناکرێت ئێمە قەزایەکمان دروست کردووە قەزای ئیداری بێت سەیری ئەو جۆرە بابەتانە بکات، ئێمە بدەینە مەحکەمەیەکی موختەس ئەو سەلاحیەتە لە کاتێکدا ئێمە قەزایەی ئیداریمان دروست کردووە، بەڵام قەزای ئیداری بە مەعلوماتی من لە مەرحەلەی دروست کردندایەو زۆریشی نەماوە، بەنیسبەت ئەو

سێ سەبەبەی مەسائیلی ئیدارییە عیلاقەی بە مەسائیلی ئیرهاب و ئەو مەسائیلانە نییە، مەسائیلی دەست پاکی موحافزەوە هەیە، مەسائیلی بە ماڵی گشتیەوە هەیە، مەسائیل عیلاقەی بـە کەمتەرخـەمی محافزەوە هەیە، ئەوانە هەمووی مەسائیلی ئیدارینەو مەسائیلی مالیینە لەو بابەتانـە مـەجلیس بـۆی هەیـە موحـافز ئەگەر هاتو ئیسپات بوو موحافزی ئیقالە بکاتن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی پەخشان خان باسی کرد لە حالەتی خەیرات و ئەوەی ماوە تەحصیل حاصلە بدرێتن، دەیان قەوانین هەیە موعاقەبەی دەکات، مولاحەزەیەکە هین بوو دەبێت مودەی هەبێت کێ بوو باسی کرد؟ ڤیان خان بـوو باسی کرد، یان گێلاس خان باسیان کرد، لەبەر ئەوەی لە دووەمدا (لرئيس المجلس او نائيبه الطعن في القرار المتخذ بالاقالة لدى المحكمة الادارية المختصة خلال سبعة ايام من تاريخ تبلغه بالقرار)، ئەوەی ئیزافە بکـەن، پازدە رۆژی دیکە (خلال خمسة عشر يوما)، بیکە پازدە رۆژ باشە، دەڵێت (من تاريخ تبلغه)، جەنابی وەزیر رەئیت چیە.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە دەڵێت (وفق احكام قانون مجلس الشورى) تەواوە لەوێ مودەکەش دیـار کـراوە، ئێمـە ئێسـتا بـێین مـودە بنووسین لە قانونی مەجلیسی شـوورا لەوانەیـە تـەعاروز ببێـت، لەبـەر ئـەوەی کـە نووسـراوە (وفـق احكام قانون مجلس الشورى) لەوێ مودەی تەعن، کاتی تـەعن ئەوانـە هـەمووی دیـار کـراوە، پێویسـت ناکـات ئێمـە لێرە دووبارەی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەوێ بۆ هەموو شکایەتێك هەمان شتە، مومکینە مەسەلەن ئەندامی پەرلەمان، یان قازی، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی حەڤدەدا ئەو بابەتە موعالەجە کراوە کە دەڵێت (يشترط قبل تقديم الطعـن الى المحكمـة الاداريـة ان يتظلم صاحب الطعن لدى الجهة الادارية المختصة التي عليها ان تبت خلال خمسة عشرة يومـا مـن تـاريخ تسجيل التظلم لديها.

ثانيا: للمتظلم عند رفض تظلمها وعدم البت فيها خلال المدة المنصوص عليها في الفقـرة اولاً علـى ان يطعـن لدى المحكمة الادارية خلال مدة ثلاثين يوما من تاريخ انتهاء المدة المذكورة واذا سقط حقها في الطعن).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی ناگرێتەوە، ئەوە موەزەفینی حکومەتە، ئەوە مەجلیسێکە هەڵبژێردراوە، دەنـا دەبوایـە خـۆی ئیزافـە بکرێت و بنووسرێت خراپ نییەو زەرەریشی نییە، (خلال مده خمسه عشر يوماً من تاريخ تبلغـه بـالقرار)، رەنگە لەدەرەوەی هەرێمدا نەگوترا بێت.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت تەحدید کردنی مودەی تەعن قانونێکی خاصمان هەیە وەکو کاك شێروان ئیشارەتی پێدا، بەگوێرەی قاعیدەی فیقهە (الخاص یقید العام) لەو قانونە خاصە کە مەحکەمەی ئیداری تەشکیل دەکرێت هەرچی قەراراتێکی ئیداری خازعی تەعنە لەو مەحکەمەیە، ئیتر لە مەجالیسی مونەتەخبەوە بێت لە بەینی فەرمانبەران بێت، لە بەینی هەیئاتدا بێت، ئەو مەحکەمەیە لە ئیختیصاصەکاندا ئێمە باسمان لەسەر کردووە، لەبەر ئەوە لێرە پێویست ناکات مودەی تیا هەبێت، چونکە لە قانونە خاصەکە خۆی مودەی تیا تەحدید کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی کە لەم قانونەدا هاتووەو ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن دەسەڵاتی مەحکەمەی ئیدارییە، ئێمە باسی مافی ئەو فەرمانبەرە دەکەین، ئەو ئەندامی ئەنجومەنە دەکەین، یەعنی حەقی هەبێتن لەو ماوەیەدا شکایەت بکاتن، بەڵام ئەمانە هەمووی لێرە مەحکەمەی ئیداری دەسەڵاتەکانی دیاری کردووە تەعن لە چ رۆژێکە، لەسەر قەراری مەحکەمەی ئیداری بۆی هەیە لە ماوەی سی رۆژدا بچێتە مەحکەمەی تەمییز شکایەت بکات لەسەر قەراری مەحکەمەی ئیداری، ئەوانە هەمووی لێرە کراوە، بەڵام ئەوەی کە ئەندامی ئەنجومەنە، سەرۆکی ئەنجومەنە تەعن شکایەت بکاتن بۆ مافی خۆی دەبێت ماوەیەك دیاری بکرێت لەو دەقیقەیەوە کە ئیستیلامی بڕیارەکە دەکات، ئەوە مافێکە لە هەموو بوارەکاندا، حاکم نەوعێکە، فەرمانبەری ئیداری نەوعێکە، ئەنجومەنی موحافەزات لەبەر ئەوەی مومکینە بڵێ لەو رۆژەی تەبەلوغ پێ دەکرێت، مومکینە لە دەرەوەی هەرێمە تا مانگێکی تر نەیەتەوە، ئەو حەقەی دەسووتێتن، بۆیە دەبێت بڵێی لە ماوەی ئەوەندە رۆژە لەو رۆژەی کە تەبلیغ دەکرێتن بەو هینە، بەڵێ کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی قانونەکە ئیشارەت بە تەزەلوم دەکات، تەزەلوم ئەو کەسە دەیکات کە موتەزەلیمە لەو قەرارە ئیدارییەی کە دەرچووە لە ماوەی هەفتەیەك، ئەگەر تەزەلومەکە سەری نەگرت ئەوجا ئیجرائاتی مەحکەمەی ئیداری دەست پێ دەکاتەوەو سەقفی تریش هەیە، بۆیە بە قەناعەتی من ئەوەی لە مەجلیس دەردەچێت ئیعتیبار دەکرێت بە قەرارێکی ئیداری دژی ئەو محافزەی کە لە مەنصەبەکەی دەرکراوە، کە دەرکراوە حەقی تەزەلومی هەیەو ئیعادەی نەزەر لەو قەرارەی بکات، ئەگەر نەیکردەوە ئەو وەختە سوقوقی تر دەست پێ دەکات، من پێموایە موحافزیش وەکو هەر فەرمانبەرێك خازعی ئەوەیە کە قەرارێکی ئیداری دژی دەربچێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان خیلافەکە لەوەدایە ئەو ڕەئیسی مەجلیسە، لێرە باسی ڕەئیسی مەجلیس دەکەی، نائیبەکەشی قەرارێك دەرچوو بە لادانی خۆی لێرە نییە، نەخۆشە، یان هەر سەبەبێکە لە دەرەوەیە، کە هاتەوە مانگێکی بەسەردا چووە، لە قانوندا دیاری نەکراوە ماڧ ماوە، یان نەماوە، دەبێت دیاری بکرێت، ئەو ماڧەی کە تەعن لە قەرارەکەی بدات دەبێت سەقفێکی هەبێت، ئەو سەقفە لە قانونی مەجلیسی شوورادا نەهاتووە بەو تەفسیلەی کە باسی دەکەن، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچی بڕیارێك لەو بڕیارانە دەردەچێت مودەو سەقفی زەمەنی تەعنەکانی ئیعتیباری لە تەبلیغاتەوە دەست پێ دەکات، هەتا تەبلیغ نەکرێت هیچ سەقفێکی زەمەنی حەقەکەی ناکوژێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە تەبلیغەکەیە لە تاریخی تەبلیغەوەیە، فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم مەوزوعە مەوزوعێکی گرنگە، تەبیعی گۆڕین هەیە لەو مودانە، عادەتەن لە قانوندا مودەیەکی ماڧ دەدرێت بەو شەخصە، بۆ ئەوەی هەڵستێت بە تەحقیق، بە لێ پێچینەوە، مەسەلەن بە دیاری کردنی محامی پازدە ڕۆژ کاڧ نییە، لە قانونی ئەمریکیدا بۆ هیچ شتێك لە نۆەد ڕۆژ کەمتر نییە، هەتا بۆ تەبلیغی مەحکەمە (120) ڕۆژە.

دووەم/ مودەی زەمەنیشی داناوە، مەسەلەن بۆ هەندێ قەزایە سێ ساڵی داناوە، دەڵێت لە ماوەی ئەو سێ ساڵە ئەگەر شتەکە نەکات، بەس بۆ شتێك لەم بابەتە بە قەناعەتی من پازدە ڕۆژ زۆر کەمە، حەقە تۆزێك زیاتر بکرێت بە لایەنی کەمەوە چل و پێنج ڕۆژ، بۆ ئەوەی بتوانێت خۆی ئامادە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لەوەیدا سوودمان لە تەجروبەی ئەمریکا وەرنەگرت، ئەوە چ زەرەرێکی هەیە کاك شێروان ئەگەر بنووسرێت.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بزانە هەر بەس ماددەی سێزدەتان بۆ دەخوێنمەوە، بەنیسبەت مەحکەمەی ئیداری (تختص المحكمة الادارية بمايلي، النظر في صحة الاوامر والقرارات الادارية التي تصدر من الموظفين والهيئات في دوائر الاقليم بعد نفاذ

هذا القانون والتي لم يعيين مرجع الطعن فيها بناءاً على طعن من ذي مصلحة محتملة وتكفي ان تكون هناك ما يدعو الى تخوف من الحاق الضرر بذوي الشأن)، ئەمە یەك.

دوو/ بەنیسبەت تەبلیغات ئەوەی جەنابت ئیشارەتت پێدا، ئێمە ماددەیەکی سەریحمان هەیە دەڵێین قانونی ئوصول مورافەعاتی مەدەنی مەحکەمەی ئیداری بەکاری دەهێنێت بۆ مەسەلەی چۆنیەتی بەڕێوە چوونی دەعوایەکانی محاکمی ئیداری، یەعنی مەسەلەی تەبلیغات و ئەوانە لەوێ مەحسومە، قانونی مورافەعات حەسمی کردووە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێموایە دانێن باشترە، ئەو غموزە نەمێنێت باشترە، ئەگەر شکایەتت نەکرد، مەحکەمەی شوورا لە خۆیەوە بەدواچوون بکات، ئەوە کەیفی خۆیەتی ئەوە مەوزوعێکی ترە، ئێمە باسی حەقی ئەو ئینسانە دەکەین غائیبە، تەبلیغەکەی پێ نەگەیشتووە، ئەو حەقەی سقوت دەکاتن، کە سقوت ناکات، دەبێت پێی بڵێین لەو رۆژەی تەبلیغی دەکرێتن، ئەوەندە رۆژە هەیە بۆ ئەوەی بچێت تەعن بکات، ئەگەر پاشی تەبلیغ لە ماوەی پازدە رۆژدا نەچوو شکایەتی کرد، ئەو قەرارە ئیعتیبار دەکرێت باتڵ و نیهائی، دەبێت شتێك هەبێتن، ئەگەر نەهێڵن دەڵێت تۆ نەتنووسیوە ساڵێکی تر ئێستا پێمزانیوە، خۆی ئینکار دەکاتن بۆ ئەوانە، ئەگەر بێت شکایەت بکاتن ئەو حەقەی دەمێنێتەوە، بەڵێ جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی قانونەکە وازیحە، بەلاّم لە پاش ئەم موناقەشەیە (لیطمئن قلبي) وەکو دەڵێت با تێدا بێت باشترە لەوەی کە تێدا نەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەوە وەزیریش موافەقەی لەسەر کرد ئیزافە بکەن پێی باشە، بۆ ئەوەی ئەو غموزە نەمێنێت، ئەو فەقەراتانە کە خوێندتانەوە هەر یەکە بە نەوعێك کە چڕو پڕ نییە، دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکەمیان/ سەبارەت بەو ماوەیە، من لەگەڵ ئەوەدام کەوا دیاری بکرێت، چونکە لە رووی عەمەلیەوە کێشەی وا دروست بووە لەعێراق، وەزیر هەلاّتووە، باشە چۆن تەبلیغ دەکرێت، ئەو جێگەی، ئەو پایەی هەروا دەمێنێتەوە، هەمان شت بەنیسبەت پارێزگارەوە، با بڵێین تۆمەتێك خرایە پاڵی، بە دەست پیسی چوو بووە دەرەوە، جێگایەکەی هەروا دەمێنێتەوە لەبەر ئەوەی تەبلیغ نەکراوە، بۆیە چاکترە کەوا ماوەیەك دیاری بکرێت، یان لە رۆژی بلاّو کردنەوەی ئەو ئینزارەی بۆی دەرچووە، ئەوە لەلایەك.

سەبارەت بە خاڵێکی تر من لەگەڵ کاك کەریم بەحریم، کەوا پارێزگار نابێت ئێمە ئەو مەرجە دابنێین کەوا ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بێت، ئاماژەی بۆ کارێکی باش کرد، کەوا سەرۆکی ئەنجومەن ئەندامی پەرلەمان نییە، بۆیە دەکرێت کەوا پارێزگارو جێگرەکەشی، من لەگەڵ ئەوەدام کە یەکێك بێت لە دەرەوە بێت کەسانی شیاوو لێهاتوو، کە بتوانن بەو ئەرکە هەڵبستن.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە سوپاس، ئەوە فەقەرەی سێیە، ئێمە فەقەرەی دوو باس دەکەین، لە فەقەرەی سێیە لەوێ موناقەشەی دەکەین، ئێستا داوای (لرئيس المجلس او نائيبه الطعن في القرار المتخذ بالاقالة لدى المحكمة الادارية المختصة خلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ تبلغه بالقرار وفق احكام قانون مجلس الشورى لاقليم كوردستان رقم (14) لسنة 2008)، ئەوە (وفق احكام)ەکەی ناوێت، هەر ئەوەندە (تبلغه بالقرار)، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە کە ئێمە ئەوەمان دانا قەیدی ناکات تەبیعییە، بەڵام ئەوە تەنها مودەتی تەعنە لە مەحکەمەی ئیداری، کە چووە مەحکەمەی ئیداری تروقی تەعن لەوێ دەست پێ دەکات هەتا دەچێتە هەئیەی تەمییزی مەجلیسی شوورا، یەعنی ئەو پازدە ڕۆژە تەنها دەبێت وا ئیعتیبار بکرێت تەعنە لە مەحکەمەی ئیداری پاشان ئیجرائاتی مەحکەمەی ئیداری سەقفی زەمەنی و تعون دەست پێ دەکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە تێگەیشتم، با بمێنێتن بەس ئەوەی ئیزافە بکەن، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، با بمێنێتن،

**بەڕێز سەردار صباح بۆزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانيا: لرئيس المجلس او نائيبه الطعن في القرار المتخذ بالاقالة لدى المحكمة الادارية المختصة خلال مدة خمسة عشرة يوماً من تاريخ تبلغه بالقرار وفق احكام قانون مجلس الشورى لاقليم كوردستان رقم (14) لسنة 2008).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

(ثانیاً) ئەوانی تر نەگۆڕاوە، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر خاڵی دووەم هات دیسان فەقەرەی یەکەم، کە باس لە ئیقالەی ڕەئیسی مەجلیس و نائیب دەکات، هیچ باسی عوزوی تێدا نەهاتووە، ئەگەر عوزوێك، لە حقووق و ئیمتیازات باس نەکراوە، لە ماددەیەکی تر

نەمبینیوە، پێم باشە لێرە ئەگەر عوزوەکە زیاد بکرێت، ئەگەر ئەویش تووشی یەکێك لەو حاڵەتانە بوو، ئەویش ئیقالە بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

چ تەعلیقتان هەیە لەسەر قسەکانی.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سی و یەك ئەو مەسەلەیە چارەسەر کراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە زۆر سوپاس، (ثانیاً) بەو گۆڕانکارییە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ وەرگیرا بەو گۆڕانکارییە، تکایە (ثالثاً)، کێ قسەی هەیە لەسەر سێیەم؟ ناوتان دەنووسم، خاتوو چرۆ فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها پرسیارێکم هەیە، پرسیارەکەشم ئەوەیە ئایا عەدەدی مورەشەحین بۆ موحافز، مەسەلەن عەدەدی مورەشەحین مەحدودە؟ چەند کەسن؟ ئەگەر مەحدودە، ئەگەر هاتو بابڵێین عەدەدی مورەشەحین ئەوانەی کە دەنگیان وەکو یەکە لە دوو کەس زیاتر بوو، ئایا هەڵبژاردنەکە دووبارە دەبێتەوە؟ یان بڵێین سێ کەس بوو، دوو کەس نەبوو، لەنێوان ئەو سێ کەسەدا ئیختیار دەکات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە پرسیارەکە، عەدەدی مورەشەحین کراوەیە، ئەگەر حەسم نەبوو لە فەقەرەی دووەمدا شەرح کراوە، کاك دکتۆر نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆچوونی خۆم روون کردەوە، کەوا من لەگەڵ ئەوەدام مەرج نییە کەوا پارێزگار ئەندامی ئەنجومەن بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان هەم ناوت نووسراوە، هەم نوقتەی نیزام پێکەوە، فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سی و یەك لەگەڵ ڕێزمدا باسی ئەوە دەکات (یجوز اقالة عضو المجالس المحلیة ورؤساء الوحدات الأداریة (القائمقام ومدیر الناحیة))، باسی ئەنجومەنی پارێزگا نەکراوە، بۆیە من ئەو قسەیەم ئەو کاتە

کرد، لێرە باسی ئەنجومەنی پارێزگا نەکراوە کە سەیری تەعریفەکان دەکەیت (المجلس المحلي: المجلس المحلي للقضاء) دەگرێتەوە، (المجلس المحلي للناحية)، مەجلیسی محافەزە ناگرێتەوە، بەڵێ ئەندامی مەجلیسی موحافزە ناگرێتەوە بەو پێیە، ئەگەر لەوێ چارەسەر بکرێت، دروستە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

راست دەکەیت لەوێ دەبێت چارەسەری بکەین، با لەبیرتان بێت، لەوێ ئیزافە دەکرێتن، کاك ئیسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم بەڕاستی پارێزگار لە دەرەوەی ئەنجومەنەکەش هەڵبژێردرێت، چونکە مەرج نییە، رەنگە تۆ لەو بیست و پێنج کەسەی کە هەڵدەبژێری دوو کەس، یان کەسێك دەست نیشان دەکەیت بۆ پارێزگار، رەنگە ئەو پیاوە مەرجی پارێزگاری لە دەست نەبێت تووشی کارەساتێك دەبێت لەناو ئەنجومەنەکە خەڵکی ترت دەست ناکەوێت، بۆیە بکرێت لە دەرەوەی ئەنجومەن پارێزگار هەڵبژێردرێت، بۆ ئەوەی پەك لەسەر پارێزگا نەکەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان بۆچوونی خۆم کە پارێزگا مەفروزە لە ناوەوەو لە دەرەوە دەست نیشان بکرێت، سەرەڕای ئەوە ئێمە لە هیچ شوێنێکدا ئیزافەتەن بۆ ئەوەی کە نائیب کێ ئینتیخابی دەکات باسی لێ نەکراوە هەردوو نائیبی موحافز، ئەگەر ئینتیخاب بکرێت دەبێت لێرە بێتن لەو ماددەیەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر پێشنیاری ئەوەم هەبوو هەڵبژاردنی پارێزگارو جێگرەکەشی، یەعنی جێگرەکەشی لەگەڵدا بێت، ئەوە یەك.

دووەم/ بەڕاستی ئەگەر پێویست بوو، ئەنجومەن بەپێویستی زانی بۆیان هەبێت لە دەرەوە کەسێکی گونجاو بێنن بیکەن بە پارێزگار، دەسەلاتی ئەوەیان هەبێت، لێرە تەنها مەرج نەبێت ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەڕاستی بە پێچەوانەی رای ئەو برادەرانەی پێش من، پێموایە دەبێت پارێزگارو جێگرەكانیشی هەردووكیان لەناو ئەنجومەنەكەدا بن، موبەریری من ئەوەیە بەڕاستی یەكەمیان/ شەرعیەتێكی باشتریان دەبێت كە خەڵك دەنگیان پێ دەداو دەیانكەی بە پارێزگار، یان جێگرەكانی.

دووەمیان/ هەم مەوقیعیشیان بەقوەتر دەبێت.

سێیەمیان/ بۆ ئەوەی ئێمە مەبدەئی لامەركەزیەت بتوانین بچەسپێنین لەم وڵاتەدا زەرورەت وایە خۆمان دوور بخەینەوە لە مەبادئی تەعین و ئەم شتانەو لەو حاڵەتانە، ئەم حاڵەتەش دەست نیشان كردنی لە دەرەوە پێموایە دیسان بەهانە بۆ تەعین دادەنێت بۆ موحافز، ئەو حاڵەتەش خۆی بە تەبیعەتی حاڵ مەبدەئی لامەركەزیەت لەنگ دەكات، بۆیە بە قەناعەتی من ئەم موبەریرەی كە بڵێین خەڵكمان نابێت لەوێ، ئەوە نوقصتانیەكە لەلایەن ئێمەی ئەحزاب، كە دەست نیشانی خەڵك ناكەین بۆ ئەم ئەنجومەنانە، یان ئەو خەڵكانەی خۆیان هەڵدەبژێرن، من بە قەناعەتم دەبێت لەو بیست و پێنج كەسەو لە دوای ئەوەش چەند كەسێكی زیاتر بەپێی عەدەدی سوكانی دەبێت خەڵكی كەفوء بێت، توانای ئەوەی هەبێت لەناو ئەوانەدا ببێتە پارێزگارو جێگرەكەش، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان رەئی ئەو برادەرانەم هەیە كە باسیان لە ئینتیخابی موحافز كرد لە دەرەوەی مەجلیس محافەزە، بزەبت بە پێچەوانەی رەئیەكەی كاك دلێرەوە من پێموایە خۆی وەك ناحیەی قانونی سەیری ئەم یاسایە بكەین ماددەی چواردە باسی شروتی ئەعزای مەجلیس موحافەزە دەكات، یەكێ لە شەرتەكانی باس لەوە دەكات دەڵێت شەهادەی لە ئیعدادیە كەمتر نەبێت، یەعنی سەروو ئیعدادیە واریدەو جائیزە، لە ماددەی حەڤدە ئەگەر سەیری بكەین باس لە شروتی بوون بە موحافز دەكات كە نابێت لە بەكالۆریۆس جامعی ئەوەلی كەمتری هەبێت، ئەگەر هاتو لە بەینی ئەعزای مەجلیس ئینتیخابات كرا بووە موحافزو برادەرێك لەوانە دەرچوو كە شەهادەی ئیعدادیەی هەیە، ئەمە تەناقوزێك دروست دەبێت لەگەڵ ماددەی حەڤدە كە هەمانە، ئەمە یەك.

دووەم/ عورفێكی ئیجتیماعی هەیە لەناو ئێمە، بەڕاستی لە هەموو هەیئات و مەجالیس كە ئێمە بۆ خۆمان دروستی دەكەین نەوعە عیلاقاتێك دروست دەبێت لە بەینماندا، ئەو عیلاقاتانە هەندێك جار دەبێتە

سەبەبی ئەوەی کە نەتوانین باش موحاسەبەی یەکتری و رەقابەی یەکتری و چاودێری یەکتری بکەین، موحافز خارجی مەجلیس موحافەزە بێت پێموایە خازعی رەقابەی زیاتر دەبێت، چاودێری باشتر دەکرێت، هەم خۆشی بە حەماس و ئیشێکی زیاتر دەکات، مەجلیسیش بەڕاستی ئەو عیلاقەی کە هەیە لە لایەن ئێمە دروست دەبێت ئەوە لەگەڵدا نابێت، دەتوانن زیاتر موحاسەبەی بکەن، ئەمە لەلایەك، لە لایەکی دیکە، خۆی لە فەقەرەکانی دوایی باس لەوە کراوە کە محافز ئیستیجواب دەکرێت لە لایەن مەجلیسی موحافەزەوە، ئەگەر ئەندام بێت هەر لەناو مەجلیسی موحافەزە، من پێموا نییە بتوانێت ئەو مەجلیسە بە موتڵەقی قانونی، یەعنی بە تەواوەتی حەقی خۆی محاسبە سەر موحافز، لەبەر ئەوە پێموایە محافز ئەگەر لە دەرەوەی مەجلیس بێت هیچ گرنگ نییە ئێمە بتوانین لە کاتی قانونی ئینتیخاباتی موحافەزە هەر بەوەی کە وەختی خۆی لە لای ئینتیخابی مەجلیسی شارەوانییەکانی کوردستاندا کردمان دوو سندوق بوو، سندوقێك بۆ رەئیسی مەجلیس، سندوقێکیش بۆ ئەعزای مەجلیس، دەتوانرێت ئەو کاتی ئینتیخاباتی سندوقێك بۆ ئەعزای مەجلیس بێت، سندوقێکیش بۆ ئەو موحافزە هەبێت، کە خۆی تەرشیح دەکات، ئەمە یەك.

دوو/ مولاحەزەم لەسەر فەقەرەی دووە، بەڕاستی کە دەڵێت پێشتر باسمان کرد، تەعنەکەی لەبەردەم مەحکەمەی ئیداری دابێت، راستە کە کاك شێروان ئەو مەحکەمە ئیدارییە ئێمە بە قانونمان دەرکردووەو موصادەقەی لەسەر کراوە، بەلام تا ئێستا ئەو مەحکەمەیە قائیم نییە، دروست نەبووە، ئێمە با ئیحتیمالی ئەوە بکەین ئەم یاسای موحافەزەیە پێش ئەو دروست بوونی تەشکیل بوونی ئەو مەحکەمەیە دێتە دی، ئەگەر تەعنێك روویدا لەکاتی ئینتیخابات روو لەکوێ بکرێت باشە؟ هەرچەند ئێمە لە پێشتر دەنگمان لەسەرداوە، پێمان باش بوو بۆ ئەو مەرحەلەی ئێستا ئەم تەعنانە لەبەردەم مەحکەمەی تەمییزدا وایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کەرخی فەرموو.

**بەڕێز كرخي نجم الدين نورالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو برادەرانەی پێشتر تەقریبەن هەموو باسیان کرد، من لەگەڵ ئەوەم لە دەرەوەش بکرێت موحافز دابنرێت، بەلام لەگەڵ ئەوە تەعین نییە، ئەوەش هەر بە هەڵبژاردن دەبێت لەناو مەجلیسەکە، بەلام یەك ئیزافەی بەسیتم هەیە، ئەسڵی هەڵبژاردنی موحافزەکە با لەناو مەجلیسەکە بێت، تەنیا بۆ حاڵەتی ئیستیسنائات کاك عومەریش حەل دەکات، ئەوەی بۆ ئیستیسنائات لە دەرەوە بکرێت و ئەو مەجالە بدرێتن، ئەوە پێم باشترەو گرێیەکەش حەل دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلیمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینم هەیە لەسەر خاڵی نۆیەم لەسەر ئەوەیە کە پێشنیاز کردنی پرۆژە یاسای تایبەتیەکان، ببوورە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس نەما وا نییە، ئەوەی ناوم نووسی بوو، ناوتان نەنووسی بێت نابێت، دکتۆر ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی تێبینی لەسەر ئەم بابەتە بدەم خاڵی سێیەم، بەڕاستی هەندێك لە رۆژنامەوانیەکان و وێنەگرەکان لێرە خەویان لێ کەوتووە، کە برادەرانی ئێمەش باوەشك دەدەن دێن رسمیان دەگرن، خۆشیان خەویان لێ کەوتووە، بۆ ئەوەی خۆشیان ئاگادار بن، کە خۆشیان خەویان لێ دەکەوێت، برادەرانی ئێمە ئەگەر باوێشکێك بدەن رەسمیان دەگرن و شتیان لەسەر بلاّو دەکەنەوە، بەنیسبەت خاڵی سێیەمەوە تەبعەن من پشتگیری ئەوە دەکەم کە هەڵبژاردنی پارێزگار لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەن بێت، چونکە ئەگەر لە دەرەوەی ئەنجومەن بێت من پێموایە ئەگەر هەڵیشیبژێرین ئەو وەختە دەسەلاّتی موقابیلی دەسەلاّتی ئەنجومەنەکە دەبێت، ئەنجومەن ئەو وەخت ناتوانێت وەکو پێویست محاسەبەی بکات، ئەگەر ئەو بە تەنها هەڵبژێردرێت، ئەنجومەنیش بە تەنها هەڵبژێردرێت، ئەو وەختە تەقریبەن موقابیلی ئەو دەبێت، کەس ناتوانێت موحاسەبەی وەکو پێویست بکات، ئەگەر بە هەڵبژاردنیش نەبێت ئەو وەختە بە تەعین دەبێت، کە بە تەعینیش بوو من پێموا نییە ئەو وەختە پارێزگار ئەو دەسەلاّتەی هەبێت ئەوان باسی دەکەن، بۆیە من لەگەڵ ئەو دەقەم کە هاتووە لەناو پرۆژەکەدا، لەگەڵ رێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئێستا ئەغلەبی ئەوانەی قسەیان کرد، ئەگەر هەمان قسەیە خیلافت هەیە فەیدی ناکات، کە دەڵێت موحافز، پارێزگار هەڵدەبژێرێت لە دەرەوەی مەجلیسە ئیمکانی ئەوەی هەبێتن تەرشیح بکرێتن، چونکە لە مەجلیس هەر دەبێت، مەجلیس قەراری لێ بدات، نەك فەرز بکرێتن لەسەریان، بەلاّم یەك شت دەمێنێت لێرە، تەبعەن شەش، حەوت کەس ئەوان هینیان کرد پێش ئەوەی بووە ئیقتیراحێك، بەلاّم پێش ئەوەی بیخەینە ئیقتیراحەوە، ئەگەر ئیقتیراحەکە قەبولیش بکرێت، دەبێت تەکمیلەی هەبێت، یەعنی کەسێك باسی ئەو تەکمیلەی نەکرد، کێ ئەو کەسە تەرشیح دەکاتن؟ ئەو کەسە کێیە؟ هەر کەسێك نایەتن، بە رەئی من شەخصێ ئەگەر ئەوەی تێ بخەن دەبێت بڵێن مەجلیسی وزەرا، لەبەر ئەوە ئەگەر لەسەر پێشنیاری مەجلیسی وزەرا ئەنجومەنی پارێزگا بۆی هەیە یەکێك لە دەرەوە هەڵبژێردرێت، شتێکی ئەوا دەبێت بنووسرێت، فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئینتیخاب کردنی موحافز لەناو ئەنجومەن، بەڕاستی ئێمە زۆر بە تەفسیل موناقەشەی ئەوەمان کرد لەناو لیژنەی قانونی و لەناو لیژنەی داخلی، زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی هەردوو لیژنە لەگەڵ ئەوە بوون کە موحافز لەناو ئەنجومەندا هەڵبژێردرێت عەدا دوو، سێ برادەر نەبێت لەگەڵدا نەبوون فەقەت، ئەمە بۆیەش ئەوەمان بەڕاستی چەسپاند لەناو ئەو پرۆژەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە پێمانوایە هەڵبژاردنی موحافز لەناو پارێزگا زیاتر لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسی دەگونجێتن، ئێمە ئەگەر بمانەوێت موحافزێکی بەهێزمان هەبێت، دەبێت لەناو ئەنجومەن هەڵبژێردراو بێت، نەك لە دەرەوە بێت، ئەو ئەسبابانە وای لە ئێمە کرد، کە ئێمە بتوانین ئەو ماددەیە بچەسپێنین و زۆرینەی دەنگی بەڕێزان ئەندامانی هەردوو لیژنە لێ وەربگرین، ئەمە یەك.

دوو/ من لەگەڵ کاك عومەر نیم، هیچ تەناقوزێك نییە، ئەگەر باسی ئەوە بکات خەلەلێك هەیە، بەڵێ مومکینە خەلەلێك هەبێت، بەڵام تەناقوز نییە نیهائیەن بەینی ئەو بۆچوونانەی کاك عومەر، من هەر ئەوەم دەبێت، نازانم ئەو بەڕێزانەی ئەندامانی تر ئەگەر مولاحەزەی تریان هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

موعالەجە دەکرێتن، موساعەدە بکەن، ئەگەر ویستمان نەیگۆڕین وەکو خۆی بمێنێتەوە، لێرە وەکو یەعنی شتێکی داواکارییەك بەو لایەنانە بکەین کە بەشداری دەکەن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ڕەچاوی ئەوە بکەن ئەگەر تموحی ئەوەیان هەبێت پارێزگار لە لیستەکەی خۆیان بێت، مەسەلەن کەسێك پالێوراو بێت دەرچووی کۆلیژ بێت، ئەوە باشترە لەوەی کە ئێستا ئێمە قانونێك هین بکەین و ئەوە بکەین، باشە دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەوە کاك شێروان وجهە نەزەری باسی کرد کە هین کراوە لە ئەنجومەنی پارێزگا هەڵبژێردرێت، یەك، دوو ئەندامیش تەئیدیان کرد، بەڵام پێنج، شەش ئەندامی پەرلەمان باسی ئەوەیان کرد کە لەناوەوەو لە دەرەوەش هەبێت، منیش ئەگەر لە دەرەوە بێت دەبێت صیغەکەش بگۆڕین، مەبدەئەکە کە لە دەرەوەی ئەنجومەنیشە دەکرێت، دەکرێت سەرۆکی پارێزگا ئەندامی ئەنجومەن بێت، لە دەرەوەی ئەنجومەنیش بێت، بەڵام هەر لەناو ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێت، ئەو موقتەرەحە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە پارێزگار هەم ئەندامی ئەنجومەن بێتن و لە دەرەوەی ئەنجومەنیش بێت بۆ هەڵبژاردن دەستی بەرز بکاتەوە؟ دەڵێت هەڵبژاردنی پارێزگار لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنەکە بەشێوەیەکی هەڵبژاردنی موتڵەق دەبێتن، موقتەرەحەکە ئەوەیە دەڵێت لەناو ئەندامانی ئەنجومەن و لە دەرەوەی ئەنجومەنیش بێت، ئەو موقتەرەحە تازەیە دەکرێت ئەندامی مەجلیس بێت، دەکرێت لە دەرەوەی ئەندامی مەجلیس بێت، ئەو قسەیەم بۆ لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆیە، ئەوەی دەیڵێن لێرەیە، ئەو موقتەرەحی ئێوە نییە، هی ئێوە بۆتە پرۆژە، لە دانیشتنی پێشترمان وەکو پرۆژەك، موقتەرەحی تازە ئەوەیە چوار، پێنج ئەندامی پەرلەمان باسیان کرد، یەکەم جار ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، ئەو موقتەرەحە

تازەیە دەڵێت هەڵبژاردنی پارێزگار لەنێوان ئەندامانی ناوەوەی ئەنجومەن و لە دەرەوەی ئەنجومەن بێت، کێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە، بزانین نوقتەی نیزام چیە؟ فەرموو کاک شەوقی.

**بەڕێز شوقی حسین ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆ لەسەرەوە نووسراوە تەقریری لیژنەی هاوبەش، یەعنی ئەوە ئیقتیراحی ئەوانیشە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاکە فەرموو، برادەر شەرحمان کرد، تەقریری لیژنەی هاوبەش جاری پێشوو لە دانیشتنی پێشوومان خۆتان ئیعتیرازتان کرد، گوتمان کاکە ئەو تەقریرە وەکو پرۆژەیەك لە لاتان بێت و بیخوێننەوە، ئێستاکە لیژنەی یاسایی هاتوونەتەوە ئەو پرۆژەیە جارێکی دیکە دەعمیان کردووەو تەئیدی دەکەن، دەڵێن ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر ئەو راپۆرتە نییە، کە لێرە بووە پرۆژە، کاك عوسمان نوقتەی نیزامیت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەقصەدم تێگەیشتنی ئەندامانی پەرلەمانە لە شێوەی دەنگدانەکە، بۆ خۆی وا اقتراح بکرێت پارێزگار لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت، یان لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگا، بۆ ئەوەی زۆر وازیح بێت، ئەوەی دەنگ دەدات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەگەر بڵێم تەعلیق بدەم، دەڵێی تەعلیق لە هەموو قسەکانم دەدەی، با کاك شێروان شەرحی بکات.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەسەلەکە ئەوە نییە، مەسەلەکە ئەوەیە ئێمە لەگەڵ ئەوەینە عەجەبە پارێزگار لە زیمنی ئەنجومەن و لە دەرەوەی ئەنجومەن هەڵبژێردرێت، یان تەنها لە زیمنی ئەنجومەن هەڵبژێردرێت، مەسەلەکە ئەوەندەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوەی خۆی دەپاڵێوتن، ئەوەی خۆی تەرشیح دەکات بۆ پارێزگار، لێرە نووسراوە لە ئەندامانی هەڵبژێردراوی ئەنجومەنی پارێزگار یەکێك، دوو کەس، سێ کەس، دە کەس خۆی هەڵدەبژێرێت لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا ببێتە پارێزگاری ئەو پارێزگایە، ئێستا موقتەرەح وایە دەڵێت شەرت نییە ئیلا ئەندامی ئەنجومەن بێتن، ئەندامی ئەنجومەن لەناوەوەو لە دەرەوەی ئەنجومەن، ئەوەی جوابی کاك عوسمان، ئەوە خەڵك دەنگی بۆ نادات، خەڵکیش هەڵینابژێرێت لەناو ئەنجومەنەکە قەرارەکە دەدرێت، ئەگەر ئەندامی ئەنجومەن بێت، یەکێکیش لە دەرەوەی ئەنجومەن هات بێتن، بەڵام ئەگەر ئەو مەبدەئەتان قەبول کرد، دەبێت ئالیەتێکی دابنێین، ئەو کەسە کێیە کە حەقی هەیە لە دەرەوەی ئەندامانی ئەنجومەن

بێتن خۆی تەرشیح بکاتن، من گوتم رەئی من وایە دەبێت بڵێین یان وەزیرە، یان ئەنجومەنی وەزیرانە، جیهەتێك دەبێت هەبێتن، بەڵێ کاك شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی جەنابت دەڵێ پێویستە سیقەی ئەنجومەن وەربگرین، ئینجا ئیعتبار دەکرێت بە مورەشەح لە دەرەوەی ئەنجومەنەکە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر کەمال قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە(د.کەمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان.

ئەندامانی ئەنجومەن هەموو خەڵك دەنگی بۆ داوە، ئەو ئەنجومەنە هێزێکی خۆی هەیە، ئەگەر ئێمە ئەوها نەکەین و حەق بدەین، پاشان هەر کەسێك لە لایەن هەر لایەنێکی سیاسیەوە تەعین دەکرێتن، ئەو قوەت و ئەو دەسەڵاتەی نامێنێت، بۆیە رەئی من لەگەڵ ئەوەیە لەناو ئەنجومەنەکە هەڵبژێردرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا روون کردنەوەیەك، پەرلەمان کە دێت دادەنیشێت، کێ سەرۆکی ئەنجومەن هەڵدەبژێرین؟ ئەندامی پەرلەمانە، عەینی شتە، جیهازی تەنفیزی محافز بەپێی ئەو قانونە دەبێت ئەندامی ئەنجومەن بێت، بەنیسبەت قانونی پەرلەمان وا بوایە، دەبوایە رەئیسی مەجلیسی وزەرا ئەندام بێت لە پەرلەمان، بەڵام ئێمە قانونمان وا نییە، ئێمە قانونمان ئەوەیە لە دەرەوەی ئەندامانی پەرلەمان دەکرێتن، لەبەر رۆشنایی چی؟ لەبەر رۆشنایی راوێژ لە بەینی ئەو هێزانەی لە ئینتیخابات بردیتیانەوەو زۆرینەیان هەیە، راوێژ دەکەن و دێن بە ئەنجومەنەکە دەڵێن فلان کەس نوێنەرمانە بۆ سەرۆکایەتی حکومەت، لە پەرلەماندا متمانەی پێ دەدرێت و تەکلیف دەکرێت، پێش متمانە تەکلیف دەکرێت کابینە دروست بکاتن، بە هەمان شێوە ئەو موقتەرەحە وایە، شەرت نییە پارێزگار ئەندام بێتن لە ئەنجومەن، مومکینە لەبەر رۆشنایی هەندێك مولاحەزات یەکێك تەرشیح بکرێت لە دەرەوەی ئەنجومەنیشەوە بێت، جەنابی وەزیر قسەی بکە فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر باسی شەفافیەت و دیموکراتیەت و ئەوە دەکەین، لێرە خەڵك متمانەی داوە بە چەند کەسێك، دەنگی پێداوە، موحافەزەیەکی کامل دەنگی بۆ داوە، ئەگەر رەئیسی موحافز سبەینێ ئەنجومەنی موحافەزە دەڵێن ئێمە پێویستمان پێ هەیە، لەوانەیە ئەوان یەکێك تەرشیح بکەن مەجلیس وزەرائیش یەکێکی تر

تەرشیح دەكات، یەعنی دەبێت ئێمە ئەو خیلافە حەل بكەین لێرە سەلاحیەت بدەینە ئەوەو ئینتیخاب بكرێت لە مەجلیس، ئەو متمانەی خەڵكی وەرگرتووە، دەنگی خەڵكی وەرگرتووە.

دووەم/ ئەگەر بڵێین خەریجی ئیعدادیەیە مەعقول نییە، ئەو ئەحزابانە چەند كەسێك تەرشیح نەكەن كە خەریجی جامیعە بن و مستەوایان هەبێت، ئێمە بۆ مستەوایەكەی بێنینە خوارێ، جا لەبەر ئەوە بەڕاستی باشترە لە نێوان مەجلیسەكە خۆی ئینتیخاب بكرێت، نەك لە دەرەوەی مەجلیس بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاكە ئێستا زۆر وازیحە، رەئی دوو لیژنەكە دیارە، رەئی حكومەتیش دیارە، مەنتیقیش دیارە ئیزافەتەن یەعنی هەردووكی ئیقتیراح بكەین، هەردووكی بۆچوونی هەیە، مەنتیقیشی تێدایە، یەعنی مەسەلەن ئێستاكە نەنووسین ئەو موقتەرەحەی كاك كەریم و هەندێك برادەری تری ئەندام هینیان كردووە، تەبیعییە هەر لیستێك، هەر تەرەفێك كە داخیلی ئینتیخابات بێت یەكەم ناو كە دەنووسێتن تەوەقوعی ئەوە دەكات ئەوە ببێتە پارێزگاری ئەو شارە، بە تەئكید رەچاوی ئەوە دەكات لە قانونەكە دەڵێت خەریجی جامیعە بێتن، وای دادەنێتن، دەنا تموحی ئەوەی نییە لیستەكەی كەسێكی لەناو ئەو لیستە ببێتە پارێزگار، بە هەر حاڵ مولاحەزەی ئێوە پرۆژەكەتان، موقتەرەحەكەتان دەخەمە دەنگدانەوە، ئەوە نوقتەی نیزامی نییە كاك كەریم، لەبەر ئەوەی قسەكانم لەگەڵ قسەكانت ناگونجێت، پێتوایە نوقتەی نیزامییە، نوقتەی نیزامی نییە، شەرحە كردووم، فەرموو نوقتەی نیزامیت چیە؟

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو پێشنیار كرا، پێشنیارێك ئەوە بوو كە لەناوەوەو لە دەرەوەی ئەنجومەن پاڵێوراو، یان هەر لە ناوەوەی ئەنجومەن بێتن، سەعاتێكە هەر خەریكی ئەوەن دەتانەوێت قەناعەت بە ئەندامان بێنن، كە تەنیا لەناو ئەنجومەن بێتن، لە دەرەوە نەبێتن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وا نییە، دانیشە فەرموو، جارێ ئەوەڵەن هەموو ئەندامان داوایان كرد بۆچوونی خۆیان بڵێن، كاك كەمال عەكسی ئەو قسەی كە دەیكەیت قسەی كرد، من تەئیدی قسەكانی تۆم كرد گوتم دەبێت شەرح بكرێت كێ ئەوە دەكات؟ لەبەر ئەوە ئەو توهمەیەت لە جێی خۆی نەبوو، نوقتە نیزامیەكەت نوقتەی نیزامی نەبوو، تەنیا شەرح كردنی، ویستت ئەوە بوو سەرنجی ئەندامان رابكێشیت، دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەو موقتەرەحەی كە دەڵێت لە دەرەوەی ئەنجومەنیش، چیە كاك رەشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر هاتو موحافز لە دەرەوەی ئەنجومەن بوو، مەجلیس حەل كرا، موحافز بە قەراری ئیقلیمی تەعین دەكرێت دەبێتە فەرمانبەری دائیم، لە حاڵەتێك ئەگەر ئەو مەجلیسە حەل بوو، ئەو موحافزەش بەڕێ دەكرێت، ئەوە لە زیمنی مونتەخبین نییە، عیلاجی ئەوەش بكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە موشكیلە نییە، ئەوە حەل دەكرێتن، ئەوە حەل كراوە، ئەو رەئیەی كاك كەریم كە پشتگیریان لێ كرد دەڵێت (پارێزگار دەكرێت ئەندامی ئەنجومەن بێت، دەكرێت لە دەرەوەی ئەنجومەن بێت)، كێ لەگەڵ ئەو موقتەرەحەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (17) دەنگ، با بیست بێت، نا من حیسابی دەنگی خۆم كرد یەكێكیش لەولاوە چاوم لێ بوو نەمژارد بوو (19) دەنگ، دەنگی منیش ئەوە (20) دەنگ، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵ ئەسڵی نەصەكەیە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆرینەیە، تەواو، فەرموو كاك دلێر.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە گوتمان لەناو ئەنجومەنەكە بێت، بەلآم نەك تەنیا پارێزگار لەگەڵ هەردوو جێگرەكەی، ئەو پێشنیارەش هەبوو، ئێستا نەصەكە هەر خۆی، یان پارێزگار بە تەنیا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

هەردووكی بوو، ئێستا فەقەرەكە بە هەردوو بڕگەیەوە بیخوێنەوە، بۆ ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ثالثاً:

1- انتخاب المحافظ من بين اعضاء المجلس بالأغلبية المطلقة، خلال مدة اقصاها ثلاثون يوماً من تأريخ انعقاد أول جلسة له.

2- اذا لم يحصل اي من المرشحين على الأغلبية المطلقة يتم التنافس بين المرشحين الحاصلين على اعلى الأصوات ويعد فائزاً من يحصل على اكثرية الاصوات في الاقتراع الثاني.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی لێرە ئەویش ئیزافە بكە (اذا لم يحصل اي من المرشحين على الأغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس)، لەبەر ئەوەی دەبێت بە لای كەمی نیوەی هین بێتن، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە دەستی

بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ (رابعاً)، تکایە ئەو ماددەیە تەواو بکەین، ئەگەر ئێستا بەردەوام نابن موفتەرەح هەیە ئێوارێ دابنیشین، بەیانی سەعات (11)، چونکە ئیشی ترمان هەیە، بەیانی سەعات (11)، کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

**فرست احمد عبدالله**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**عدنان رشاد مفتی**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

+

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (6)**

**چوارشەممە ڕێکەوتی 15\4\2009**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (6)

## چوارشەممە ڕێكەوتی 15/ 4/2009

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێكـەوتی 2009/4/15 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سـەرۆكی ئەنجومـەن و, بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز محمـد قـادر عبداللە(د.كمال كەركووكی) جێگری سـەرۆك و, بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـداللە سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمارە (6)ی خولی دووەم, ساڵی (2009) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگـە (1)ی مـاددە (20) لـە پێـڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلـەمانی كوردسـتان - عێـراق, دەسـتەی سـەرۆكایەتی پەرلـەمان بڕیـاردرا دانیشـتنی ژمـارەی (6)ی خـولی دووەمـی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێكـەوتی 15/ 2009/4 دا بـەم شێوەیە بێت:

1 ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای بڕیاری تایبەت بە پێدانی دەسەڵات بە سەرۆكی هەرێم بۆ دیاری كردنی كاتی هەڵبژاردن.

2 ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای پارێزگاكانی هەرێم.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنەكەمان دەكەینەوە بە خوێندنەوەی بەرنامەی كار:

1 ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای بڕیاری تایبەت بە پێدانی دەسەڵات بە سەرۆكی هەرێم بۆ دیاری كردنی كاتی هەڵبژاردن.

2 ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای پارێزگاكانی هەرێم.

داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن بۆ بڕگەی یەكەم، كە بڕگەی دوومیش دەستی پێ كرد لیژنەی ناوخۆش بێن، خاڵی یەكەم لە بەرنامەی كار خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژەی بڕیاری تایبەت بە پێدانی دەسەڵات بە بەڕێز سەرۆكی هەرێم بۆ دیاری كردنی كاتی هەڵبژاردن، دوێنێ خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كرا، داوا لە لیژنەی یاسایی دەكەم ڕاپۆرتی خۆیان لەسەر ئەو پرۆژە بڕیارە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە بەرباس، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، داوا لە سەرۆکایەتی دەکەم ئەگەر ئیجازەم بدەن، تەوزیحێکم هەیە پێش ئەوەی راپۆرتی لیژنەی قانونی بخوێنمەوە سەبارەت بە یاسای تەخویل کردنی سەرۆکی هەرێم، بۆ ئەوەی رەدی ئەو بەڕێزانە بدەمەوە کە دوێنێ لەسەر لیژنەی یاسایی هەندێك رەخنەیان هەبووە لە رۆژنامەکان دا، دیارە دوێنێ هەندێك لە بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمان هەندێك رەخنەیان لە لیژنەی یاسایی گرتووە کەئەنەهو لیژنەی یاسایی کەم تەرخەمە و نەیتوانیوە وەکو پێویست ئەرکەکانی خۆی ئەنجام بدا و لە هەمان کات دا ئیش و کاری لیژنەی یاسایی مۆرکی حیزبایەتی پێوە دیارە، جگە لەوەش ئومێدی ئەوە دەکەن کە لیژنەی یاسایی داهاتووی پەرلەمان لەوە کارا تر و لەوەش رێك و پێك تر بێت، تەبیعی پێشەکی من دەمەوێت ئەوە بڵێم زۆر جار لەو هۆڵە باس لەوە کراوە یەك لە سیفەتەکانی ئەندامانی پەرلەمان ئەوەیە کە گلەیی و گازاندە و رەخنە و کێشە و هەموو ئەوەی پەیوەست بە هاووڵاتیانە لە دەرەوەی پەرلەمان بهێنێ بۆ ناو پەرلەمان موناقەشەی بکات و چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، ئەمەیە ئەرکی ئەندامانی پەرلەمان لە ناو پەرلەمان دا، بەڵام ئەگەر هەر گلەییەکیان هەبوو دەرهەق بە لیژنەکانی پەرلەمان یان دەرهەق بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، لە هۆڵی پەرلەمان پێویستە ئەوە چارەسەر بکرێت، نەك بچێتە سەر لاپەڕەی رۆژنامەکان کە هیچ سوودێکی نیە، بۆیە ئەمە یەکەمین خاڵە کە ویستم جوابی بدەمەوە کە بە نیسبەت ئەندامانی پەرلەمان زۆر جاریش سەرۆکایەتی تەئکیدی کردووە لەسەری و ئێمەش لێرە گفتوگۆمان لەسەری کردووەتەوە، کە پێویستە ئێمە کێشەکانی خۆمان لەناو پەرلەماندا حەسم بکەین، نەك بیبەینە سەر لاپەڕەی رۆژنامەکان، تەبیعی ئەگەر مەسەلەکانیش ڕاست بوو، تەبیعی بوو، بەڕاستی ئێمە زۆر زۆر بە دڵنیایەوە ئەمانەمان وەردەگرت، یەك لەو رەخنانەی کە ئاراستەی ئێمە کراوە دەڵێت عەلا ئەساس لیژنەی یاسایی کەم تەرخەم بووە لە هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان، یاخود دەبوایە یاسایەکی تایبەت تەقدیم بکرێت سەبارەت هەڵبژاردنەکانی کوردستان، تەبیعی ئێمە ئەو هەموارکردنەمان کردووە، رەئی زۆر خەڵکمان وەرگرتووە و هەموارکردنەکەش بەڕاستی لەلایەن کۆمسیۆنی باڵاوە هیچ ئیعتزازێکی لەسەر نەبووە، لە دواین کۆبوونەوەی خۆیان گوتیان بەڕاستی یاسایەکی زۆر ڕێك و پێکە و هیچ نەقسێکی نیە، لە کاتێك دا ئێمە دەزانین موفەوەزیەی عولیا زۆربەی زۆری ئەندامەکانی مەجلسی مفەوەزیەی هەمووی ئینسانی قانونین و حاکمن و هیچ یەکێکیان ئەوەی تیا نیە کە 20 ساڵ کەمتر خدمەی قەزائی هەبێت، دووەم: ئەو بەڕێزانەی کە ئەو ئیدعایە دەکەن حەزم دەکرد خۆیان پرۆژەیەك تەقدیمی لیژنەی قانونی بکەن، هەموویان قانونین و با ئێمەش لە لیژنەی قانونی دیراسەتمان بکردبا، لەسەر ڕۆشنایی ئەوان ئێمە ئەو پرۆژە تایبەتەمان تەقدیم بکردبا، چونکە تەقدیمی پرۆژە تەنها ئەندامی پەرلەمان لێی مەسئول نیە، بەڵکو هەر ئەندامێکی پەرلەمان لێی مەسئولە بە تایبەتی ئەندامە حقوقیەکان، یەك لەو رەخنانەی کە لە ئێمەیان گرتووە، دەڵێت ئیش وکاری لیژنەی یاسایی مۆرکی حیزبایەتی پێوە دیارە، بەڕێزان ئێمە لە لیژنەی یاسایی لە بیدایەتەوە تا ئێستا وەك تیمێك بە برایانە ئیشمان کردووە بە بێ جیاوازی و بەبێ ئەوەی هیچ مەسەلەیەکی حیزبایەتی لەوێ تەئسیراتی هەبێت، نزیکترین نموونە هەر

دوێنێ برای بەڕێزم کاک کریم بحری کە ئەندامە لە لیژنەی قانونی و لەسەر لیستی سەوزەو زۆر تەبیعیە و زۆر ئیعتیادیە لێرە بە ئازادانە رەئی خۆی تەرح کرد، بەڵام رەئیەکەی دەنگی نەهێنا و هیچ موشکیلەش نیە، بۆیە پرۆسەی جێ بەجێ کردنی ئیش و کارەکانی لیژنەی قانونی لەسەر ئەساسی زۆرینە و کەمینەیە وە ڕێز گرتنیش لە رەئی موخالفە، بەم شێوەیە ئێمە ئیشمان کردووە و ئێمە بە گوێرەی ئەو ئیحسائیەی کە کردوومانە کە جەنابی جێگری سەرۆکی پەرلەمان لە ئێمەی تەڵەب کردووە هەتا ئێستا ئێمە نزیکەی 270 کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە لەو دەورەیە تاوەکو کۆبوونەوەی دوێنێ و پێرێ، جگە لەوەش بەسەدان کێشەی هاووڵاتیان کۆبوونەوەمان لەسەر کردووە و جوابی سەرۆکایەتیمان داوەتەوە، ئەوە ئەرکی سەرشانی خۆمانە و منەتی لەسەر هیچ کەسێك ناکەین، ئەوەی ببێتە ئەندام پێویستە خزمەتی ئەو دەزگایە بکات و خزمەتی ئەو ئەزموونە بکات، خاڵی سێیەم: بەداخەوە ئەوە ئیتیهام کردنەکە کە انشالله ئومێدیان بە دەورەی داهاتووی لیژنەی یاسایی هەیە کە کارا تر بێت، ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەرگامان والا بووە و سەرۆکایەتیش و لیژنەی یاسایش دەرگای والا بووە بۆ هەر بەڕێزێك لە یاساناسەکان لە ناو پەرلەمان کە بهاتبایە لیژنەی یاسایی دەوڵەمەند بکردبا بەئەفکاری، بە پرۆژەکانی، بە هەموو موقتەرەحێکی کە ئەو دەیویست، بەڵام بە داخەوە کە نەیانەوێت ئیش بکەن، حەق نیە گلەییش لە خەڵك بکەن، من هەر ئەوەندە بوو، زۆر سوپاسی سەرۆکایەتی دەکەم، ئێستاش تەقریری ئەو پرۆژەیە برای بەڕێزم کاك عونی دەیخوێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جارێ ئەوەڵەن باسی کەس نەکراوە، لەبەرئەوە پێویست ناکات وەڵام بدرێتەوە، حەقی خۆتانە ڕوونکردنەوەیەك بدەن وەکو لیژنەی یاسایی و باسی کارەکانیان بکەن، کە رەخنەش دەگیرێت حەقی خۆیانە کارەکانیان ڕەچاو بکرێت، سوپاسیان دەکەین، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الى رئاسه برلمان كوردستان ـ العراق

م/ تقرير اللجنه القانونيه

اجتمعت اللجنة القانونية مساء يوم 2009/4/14 المصادف ليوم 25 نوروز 2709 كوردى لدراسة مشروع قرار تخويل رئيس اقليم كوردستان ـ العراق صلاحية تحديد موعد اجراء انتخابات الدورة الثالثة لبرلمان كوردستان والدعوة اليها والمقدم من قبل العدد القانونى لاعضاء البرلمان والمحال اليها بعد القراءة الاولى له فى البرلمان بجلسته الاعتيادية المرقمة 5 فى هذا اليوم 4/14 /2009 وبعد المناقشة والمداولة تؤيد اللجنة المشروع نظرا لعدم توفير المستلزمات الاساسية المالية والفنية والادارية للمفوظية العليا المستقلة للانتخابات وعدم استكمال مستلزمات العملية الانتخابية لاجراء الانتخابات فى موعدها المحدد وفق المعايير الدولية والتى

ادت الى تجاوز المدة المحددة فى قانون رئاسة الاقليم رقم 1 لسنة 2005 المعدل لدعوة رئيس الاقليم لاجراءها ولاعطاء الصلاحية لرئيس الاقليم بغية تحديد موعد اجراءها. راجين التفضل بالاطلاع وعرض اصل المشروع وراى اللجنة القانونية بشانها على البرلمان للمناقشة وابداء الرأى المناسب بصدده مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا من لە راپۆرتەکەتان یەك مولاحەزەم هەیە ئەگەر ئیجازەم بدەن، (نظرا لعدم توفير المستلزمات الاساسية المالية والفنية والادارية لامفوظية العليا المستقلة للانتخابات) ئەوە باشە (وعدم استكمال مستلزمات العمليه انتخابيه) یەعنی چیە؟ ئێمە هیچ موستەلزەماتێکمان نیە، ئەوە هینەکەت گوتووە، هی مفەوەزیە، ئێمە لە لایەن خۆمانەوە هەموو شتێکمان تەواو کردووە، قانونەکەمان تەواو کردووە و موافەقەتمان بۆ هەموو شتەکان کردووە، هیچ مەسئولیەتێك لەسەر شانی ئێمە نیە بۆ دواکەوتنی ئینتیخابات، ئاخر (وعدم استكمال مستلزمات العملية الانتخابية لاجراء الانتخابات) دەتوانرێ بنووسرێت (وخاصة فيما يتعلق بالجانب المالى لن تقوم الحكومة الاتحادية بتوفير الميزانية المخصصة لهذه المسألة) دەتوانی ئەوەی بڵێی، بە هەرحاڵ ئەسڵی پرۆژەکە لەبەردەمتانە دوێنێ دراوەتە هەموو ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر قسەیەکتان لەسەری هەیە؟ فەرموون، باشە، کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرۆژەکەم بە شێوەیەکی تر نووسیوە و نزیك لەوەی کەوا لیژنەی قانونی ئامادەی کردووە، نوسخەیەکیشم داوە بە کاك عونی ئاماژەشم بۆ ئەو خاڵە کردووە کەوا ئێستا جەنابتان ئیشارەتتان بۆی کرد، ئەوە بەرپرسیاریەتی پەرلەمان نەبووە کەوا دواکەوتووە، بەڵکو لەبەر هەندێك هۆکاری تایبەتی وەکو مەسەلەی بودجە و مەسەلەی کات و ئەوانە بەرپرسیاریەتی پەرلەمان نیە، ئەوە ئەرکی کۆمسیۆنی باڵایە کەوا پارەی گونجاو تەرخان بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە، کاتی خۆیشی ئێمە تووشی ئەو کێشەیە بووین لە ساڵی 2004 و 2005 دا، پێویستە کەوا ئێمە بیر لەو مەسەلەیە بکەینەوە بە شێوەیەکی عەمەلی، ئایا دەمانەوێت ئەو هەڵبژاردنە لە ماوەیەکی دیاری کراودا ئەنجام بدرێت؟ ئەگەر هاتو حکومەتی ناوەندی پارەی بۆ تەرخان نەکرد، ئێمە دەتوانین ئەو کارە بکەین، هەرچەندە ئەوە لە ئەرکی کۆمسیۆنی باڵای بەغدایە، چونکە ئەوە پارەی سیادی بۆ تەرخان کراوە و ئێمە ناتوانین پارەی بۆ تەرخان بکەین، بەڵام ئەگەر هاتو تەرخانیان نەکرد، پێویستە کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پارەیەی بۆ تەرخان بکات، ئینجا ئەگەر ڕێگا بدەن کاك عونی با ئەو پرۆژە بخوێنێتەوە، چونکە من بە شێوەیەکی دی دامرشتووە، لە برگەی یەکەم دا دەڵێت (لرئيس اقليم كوردستان ـ العراق تحديد موعد اخر لاجراء انتخابات الدورة الثالثة لبرلمان اقليم كوردستان فى موعد لايتجاوز 30 ايلول 2009 ) چونکە ناکرێت ئێمە هەروا و

ماوەیەکی دیاری نەکراو بیهێڵینەوە، ئەوە کارێکی قانونی نیە، (استنادا لاحكام قانون رئاسه اقليم كوردستان ـ العراق رقم 1 لسنه 2005)بیخوێنمەوە ئەوەی تریش؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نا کاك د.نوری پرۆژە بە یەك نەفەر تەقدیم ناکرێت، ئەوە یەك، دووەم: جەنابت دەتوانی ڕەئیەکانت بڵێی بڕگە بە بڕگە و بیخەینە موناقەشە، ئێستا بە نیسبەت فەقەرەی یەکەمەوە ئەسڵی هینەکە چۆنە؟ ئەسڵی هینەکە بخوێنەوە کە دەڵێت (استنادا الى قانون رئاسة الاقليم رقم 1 لسنة 2005 المعدل يخول رئيس اقليم كوردستان ـ العراق بتحديد موعد لاجراء انتخابات الدورة الثالثة لبرلمان كوردستان ـ العراق) جەنابت دەڵێی (لرئيس اقليم كوردستان ـ العراق تحديد موعد اخر لاجراء انتخابات الدورة ثالثة لبرلمان اقليم كوردستان ـ العراق ) جەنابت وابزانم لێرەدا دیقەتت نەکردووە کە ئێمە هیچ مەوعیدێکمان نەبووە تا بڵێین (موعد اخر)، پێشنیارمان کردووە 5/19 بێت نەبووەتە قەرار، پێشنیارێکی ئێمە بووە، سەرۆکی هەرێمیش هیچ ئیعلانی مەوعیدێکی نەکردووە تاوەکو بڵێین (موعد اخر)، مەوعیدێك نیە، تەنها لە قانون دا بە عام دەڵێت سەرۆکی هەرێم هەڵدەستێت بە دەست نیشان کردنی ڕۆژەکەو بانگهێشت کردن، تا ئێستا نەیکردووە، تاوەکو لێرەدا بە قانون بڵێی مەوعیدێکی تر دابنێت، ببورە ئەسڵیەکە ڕاست ترە، کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پرۆژەکەدا مەوعیدتتان دیاری نەکردووە، ناشێت کەوا بە موتڵەقی ئێمە مەوعیدێك دیاری نەکەین، هەروا بڵێین هەتاوەکو کەی ئەم پرۆسەیە ئەنجام نادرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەوعیدمان دیاری نەکردووە، چونکە بەندە بەوەی کە مفەوەزیە بڵێت پارەکە وەرگیرا و فلان ڕۆژ دەتوانین بیکەین، بەندە بەوەی، هەر ئەوەی کرد، ئەو کاتی دەیکەن، ئێمە لێرە خۆمان بڵێین فلان ڕۆژ، ڕەنگە زووتر بێت، بۆیە لێرە ئەوەمان ڕەبتی ئەوە کردووە(اخر)یش زیادەیە لە هینەکان دا، کاك عثمان بانی مارانی فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وابزانم ئەو قسانەی کە کاك شێروان کردی هەندێکی عیلاقەی بە ئێمەوە هەبێت... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەمان تەواو کرد، ببورە تەواومان کرد و گوتمان ناوی کەسی نەهێناوەو تەوزیحێکی داوەو حەقی خۆیەتی، ئەگەر ناوی کەسی هێنا با ڕێگام دەدا جوابی بدرێتەوە، بەڵام لەسەر مەشروعەکە ئەگەر قسەت هەیە فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ، دەربارەی دیاری كردنی ڕۆژی هەڵبژاردن لە هەرێمی كوردستان دیارە ناكرێت ئێمە بە بودجەی ببەستینەوە بەڕاستی، ئێستا ئەوە نازانم دیسان دەكەوینە بەر قسە وباسی خەڵك ئەگەر ئێمە ئەو عەمەلیە گەورەیە و ئەو عەمەلە دیموكراسیەی كە وڵاتەكەمان و میللەتەكەمان چاوەڕێ دەكات بۆ كاتی هەڵبژاردن، ئێمە بە 30 ملیۆن دۆلاری ببەستینەوە بەڕاستی ئەو ئیمكانیەتەمان هەیە و دەكرێ خۆمان شەڕی خۆمان بكەین و داوای خۆمان بكەین و داوا تەسجیل بكەین لەسەر كۆمسیۆنی باڵا و داوا لە حكومەتی عیراق بكات و داوای ئەو بودجەیە بكەین، بەڵام ناكرێت پرۆسەكە ڕابگرین، بەڕاستی ئەگەر ئێستا دەنگ بۆ ئەوە بدەین و هەتا ئەو بودجەیە دیاری دەكرێ، هەتا دەمان دەنێ، هەڵبژاردن دیاری نەكرێت، خەڵك ناچارە قسە بكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەڵەن پرۆسەكە ڕانەگیراوە بە دەلیلی ئەوەی كۆمسیۆنی باڵا ئەمڕۆ كە 15ی مانگە ئیعلانی كردووە كیانات دەتوانن خۆیان تەسجیل بكەن، ئەوەی كاری فەنیشە هەتا ئیشیان كردووە و ڕانەوەستاون لەسەر بودجەكە، یەعنی كاری خۆیان كردووە و مەوزوعی بودجەكەش كە حكومەتی ئیتیحادی دەبێت تەمویلی بكات، گوتوومانە و منیش گوتوومە سەرۆكی حكومەتیش لە موئتەمەرە سحوفیەكە باسی كرد، دەڵێت ڕاناوەستین لەسەر ئەوە، بەڵام ئەوە حەقی خۆمانە ئەوەندەی بۆمان بكرێت ئەو حەقە تەئكید دەكەینەوە، ئەگەر نەیان دا پرۆسەی هەڵبژاردن ڕاناوەستێ لەسەر ئەوە تەئكیدمان كردووەتەوە، بەڵام ئێمە بەو ئاسانیە بڵێین باشە و پارەیەكەو تەواو، لە حەقیقەت دا پارەكە كەمیش نیە، ئێوە خۆتان لێرە قەرارتان دا مفەوەزیەی عولیا هەڵبستێت بە سەرپەرشتی كردنی ئەو هەڵبژاردنە، مفەوەزیەی عولیا تەمویل دەكرێت لەلایەن حكومەتی ئیتیحادی، هەتا من گوتم ئەگەر ئێمە ئەو پارەیەش بدەین دەبێت دیوانی چاودێری هەرێم هەڵبستێت بە بەدواداچوونی ئەو پارەیە چۆن سەرف كراوە؟ ئایا حكومەتی ئیتیحادی ئامادەیە لیژنەیەك لێرەوە بچێتە بەغدا و پارەیەكی ئیتیحادیە، ئەو قسانەم گوتووە، دەبێت یەكلایی بكەنەوە، یەعنی ئێمە تەمویلی دەكەین، حكومەتی ئێمە بە تەئكید تەمویلی دەكاتەوە، بەڵام ئەوانەی یەكەم حەقە، دوومیش ئەوە دەبێت بیری لێ بكاتەوە، لە نەتیجەدا هەڵەیەكە ئەگەر حكومەتی ئیتحادی بڵێت نایدەم، حەقێكە لە هەرێمی دەستێنیتەوە، ئێمە ئەگەر تەنازولیشی بۆ بكەین لەبەرئەوەیە هەڵبژاردنەكە لە كاتی خۆیدا بكرێت، بەڵام لەو ڕۆژانە ئەوە یەكلایی دەكرێتەوە، دوێنێش تەلەفۆنم كردووە و ئیتساڵم بە هەردوولا كردووە، ئومێد دەكەم ئەمڕۆ و سبەی جوابیان هەبێت، كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێش ئەوەی لەسەر ئەو بابەتە قسە بکەم، هەرچەندە ڕەنگە قسەکەم ببێتە نوقتەی نیزام، من دەمەوێت گلەییەکی کەس و کاری ئەنفال و خەڵکی گەرمیان بە سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕابگەیەنم، کە زۆر گلەییان هەبوو لەسەر ئەوەی کە ........... .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عادل دوێنێ ئەو گلەییە کرا، تکایە جەنابت لەسەر مەوزوعەکە قسەی بکە، ئەگەر گلەییت هەیە بینووسە بۆمان بەسەر چاو، بەڵام ئێستا موناقەشەی ئەوە دەکەین، چۆن ڕێگام نەدا بە کاک عثمان، ئاوا ڕێگا بە جەنابیشت نادەم کە لە مەوزوعی موناقەشە دەربچی، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دیاری نەکردنی مەوعد بەڕاستی شتێکی خراپە، لەبەرئەوەی هەڵبژاردن داوای خۆمانە و داوای هەموو خەڵکیشە، لێرە بە پێی ئەم بڕگەیە سەرۆکی هەرێم چاوەڕوانە کەی مفەوەزیە شتەکانی تەواو کرد بە تایبەتی وشەی (مستلزمات العملیە)، کەی ئەوانەی تەواو کرد ئەوجا ئەو مەوعد دادەنێ، جا پێمان وایە ئێمە بڕگەکەمان وابێت، مەوعدێك دابنێین کە بڵێین ئەڤسا مودە فلان ڕۆژ بێت، ئەوجا بە مفەوەزیە بگوترێت، چونکە مفەوەزیە بە بچووکترین شت ئامادە نەکردنی سندوقێك، ئامادە نەکردنی دەنگدانێك، دەڵێ کە موستەلزەماتی عەمەلیم تەواو نەکردووە، یەعنی بەو شێوە کراوەییە ئێمە مەجال بدەین ئینتیخابات دوابخرێت، بەڵام بەڕاستی شتێکی خراپە، باش وایە کاتێك دیاری بکەین و بڵێین سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لە ماوەی ئەوەندە ئیعلانی ڕۆژی هەڵبژاردن بکات و ئەوجا مفەوەزیە بۆ خۆی کارەکانی تەواو بکات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس سەرۆکی پەرلەمان، قسەکانی من کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک زانا فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەڵێم هەر کات توانیمان هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکەین ئەوجا ئێمە دەبینە شتێك، ئەوجا ئەو شتە چیە؟ وەکو مەلا سعدالدین گوتی هەر لێی گەڕێ! بەداخەوە دواکەوتنی وادەی هەڵبژاردنەکان کە ئومێدمان وابوو بیکەین لە 5/19 پێمان نەکراو نەگاتە 6/4 هەر پێمان نەکرا، ئێستاش ناچارین دوای بخەین لەبەر ئەوانەی کە جەنابت باست کرد، ئەوەش بە شێوەیەکی عەمەلی درێژکردنەوەی ماوەی پەرلەمانە لە 6/4 بێگومان کە هەڵبژاردن دەکرێت خۆ پەرلەمان هەڵناوەشێتەوە، ئەمەش قەرارێکی تری دەوێت کە بۆ داهاتووە، ئێمە چارەنووسی عەمەلیەی سیاسی خۆمان لە کوردستان بدەینە دەست بەغدا و بیدەینە دەست کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن داخوا کەی پارەکەی پێ دابین دەکرێت یان دابین ناکرێت، بەڕاستی ئەوە موغامەرەیەکی گەورەیە بە مەسەلەکەی ئێمە دەکرێت، خەریکە دەگەینە ئەو قەناعەتەی لەوانەیە بەغدا پێی خۆش بێت ئێمە لێرە زۆر خەڵك لێمان نارازی بێت، پێی خۆشە عەمەلیەی دیموکراسی لێرە دوابکەوێت و ئینتیخابات نەکرێت، ئەو پرۆژە یاسایەمان نووسیوە (معلق علی شرط) شەرتەکەش ئەوەیە کە پارە دابین بکرێت بۆ کۆمسیۆن، ناکرێت و بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەو پرۆژەیە نیمە بەو شێوەیە تەعلیق بدرێت لەسەر شەرتی دابین کردنی پارە لەلایەن بەغداوە بۆ ئەم پرۆسەیە، بۆیە من لەگەڵ برگەی ئەخیریم کە دەڵێت پێداویستیەکان دابین بکرێت و دەبێت بڵێین بە مودەیەك کە تەجاوز نەکات لە 2009/7/15، بەڕێز سەرۆکی هەرێم بانگەواز بکات بۆ هەڵبژاردن لە ماوەیەك کە تێ نەپەڕێت لە 2009/7/15 ، بەڵام بەو شێوەیەی ئێستا بمێنێتەوەو چاوەڕێی رەحمەتی دابین کردنی پارە بکەین، لە کاتێك ئێمە ئامادەین پارەی بۆ کۆبکەینەوە ئەگەر پارە نیە، دەشزانین پارە هەیە و ئەو عەمەلیە با چی تر رانەگیردرێت لەسەر پارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیچ تێبینیەکم لەسەر پرۆژەکە نیە، بەڵکو تێبینیم لەسەر سیاغەکەی هەیە بە تایبەتی برگەی 1 ( استثناء من قانون رئاسة الاقلیم) بە رەئی من شتێکی زۆر زۆر فراوانە لەوانەیە تەفسیراتی لێ بکەوێتەوە، ئەگەر بگوترێت (استثناء من حکم المادة العاشرة الفقرة 2 من قانون .....)ی لە فلان قانون لەوانەیە ئەو دەقیق تر بێت، دووەم: ئەوەندی من لەو یاسایە تێ گەیشت بم وەکو ئەندامێکی لیژنەی یاسایی دواخستنەکەی پابەند نیە تەنها بە مەسائیلی مالی، ئەگەر تەماشایەکی ئەسبابی موجبە بکەین دەڵێت (نظرا لتعذر المستلزمات الاساسیة المالیة والفنیة والاداریة) ئێمە چەندین جار لەگەڵ مفوەزیە دانیشتووین گوتیان ئێمە پێمان ناکرێت، سەبەبەکەش تەنها مەسائیلی پارەکە نیە، بەڵکو هەندێك سیستەمیشیان دەرکردووە کە ئەنزیمە، ئاخر ئەنزیمە دوێنێ پێمان گەیشتووە، پێویستی بە ئەوە هەیە چەند سیستەمی تریش دەربکەن، واتە ئەسبابی دواخستن گەلێك زۆرە، مەسەلەی مەوعد، ئەگەر ئێستا ئێمە مەوعد

دابنێین لەوانەیە دیسانەوە پێویستی بە ئەوە هەبێت هەمواری بکەینەوە، دیسانەوە لەوانەیە موستەلزەمات تەواو نەبێت و دیسانەوە هەمواری بکەنەوە، بۆیە بەو سیاغەیە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مولاحەزەی یەکەمت ڕاستە، حوکم ڕاست ترە، کاک شێروان، کاک زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن هەموومان دەزانین کە ساڵانە بودجەی عیراق پەسەند دەکرێ بڕێك لەو پارەیەی کە لەناو نەفەقاتی حاکیمە دایە بۆ تیعدادی سوکانیە، کەواتە پارەی کۆمسیۆن دەبێت حکومەتی ناوەند دابینی بکات، بەڵام من لەسەرەتا دا دەڵێم هەروەکو پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمان دەست پێشخەر بوونە لەوەی کە هەڵبژاردنەکان لە کات و ساتی خۆیدا بکرێت، بەڕاستی دەبێت هەموو جەماوەری هەرێمی کوردستان ئەوە بزانن کە پەرلەمان زۆری پێ خۆش بووە کە بە تایبەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان و بە تایبەتیش سەرۆکی پەرلەمان پێی خۆش بووە کە لە 5/19 دا ئەو هەڵبژاردنە بکرێت، با هەموو خەڵکی کوردستان ئەوە بزانن کە پەرلەمان زۆری پێ خۆشە لە کات و ساتی خۆیدا بکرێت، بەڵام بە پێی یاسا و قانون دەبێت ئەو پارەیە حکومەتی ناوەند دابینی بکات کە ساڵانە لە کاتی پەسەند کردنی بودجەی عیراق بەشێك دەگەڕێتەوە بۆ نەفەقات حاکیمە و، لە ناو نەفەقاتی حاکیمە بڕی ئەو پارەیەی کە بۆ تەعدادی سوکانی دەگێڕدرێتەوە، تەبعەن لە پارەی هەرێمی کوردستانیش دەگێڕدرێتەوە، بەڵام هەروەکو پەرلەمان دەست پێشخەر بووە، سەرۆکایەتی پەرلەمان و جەنابی سەرۆکی پەرلەمانیش کە پێیان خۆش بووە لە کات و ساتی خۆیدا بکرێت، من پێشنیار دەکەم ئەگەر بۆمان دەکرێت با کاتێك دیاری بکەین کە لە 8/4 تێ نەپەڕێ، چونکە 6/4 یەکەم ڕۆژی سوێند خواردنمان بووە ساڵی 2005، ئێمە لە 2009/6/4 کۆتایی بە تەمەنی ئەندامیتیمان دێت، ئەگەر بکرێت کاتێکی وا دیاری بکەین، ئەوا زۆر باشە بە پێی یاسا و قانون، من پێشنیار دەکەم هەڵبژاردنەکان لە 8/4 تێ نەپەڕێ، بۆ ئەوەی خەڵك نەڵێن پەرلەمان پێی خۆشە هەڵبژاردنەکە دوابکەوێ، چونکە پەرلەمان بە هیچ شێوەیەك پێی خۆش نیە هەڵبژاردن دوابکەوێت، بە تایبەتی سەرۆکایەتی و سەرۆکی پەرلەمانیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف (جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەگەر چاوەڕوانی ئەوە بکەین پێداویستیەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن جێ بەجێ بکرێت، ئەی ئەگەر ئەمە درێژ بوویەوەو ئەو پێداویستیانە جێ بەجێ نەکرا؟ بە تایبەتی ئێستا قسە لەسەر ئەو بڕە پارەیە دەکرێت و ئێمە زۆر گرفت و مەشاکیلمان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی هەیە، لەسەر زۆر گرفت

ناگەینە نەتیجە و جاری وا هەیە درێژە دەکێشێت و شتەکان پەیوەست دەکەن بە کاروباری سیاسی و ئەوانە و ئەوەش ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، ئێمە وەکو پەرلەمان کە کاك زرار ئاماژەی پێدا پەرلەمان زۆر پێداگیری دەکات لە کاتی خۆیدا هەڵبژاردن بکرێ و ئێمە زۆرمان پێ خۆشە هەڵبژاردن لە مەوعیدی خۆی جێ بەجێ بکرێت و بە کۆمەڵانی خەڵکیشمان ڕاگەیاندووە، ئەی ئەگەر ئەمە جێ بەجێ نەکرا؟ ئێمە داوامان کردووە بۆ هەڵبژاردنەکان پێداگیری بکرێت بە پێداویستیەکانی هەڵبژاردن لە لایەن کۆمسیۆنی باڵاوە جێ بەجێ بکرێت، ئەگەر درێژەی کێشا و جێ بەجێ نەکرا، ئێمە وەڵاممان چیە؟ ئایا لەگەڵ ئەوە دەڕۆین تاوەکو جێ بەجێ بکرێ، ڕەنگە بکەوێتە مانگی 2009/12، ئایا ئێمە وەکو پەرلەمان ڕازین بەوەی کە ئەمە درێژ بکرێتەوە، لە کاتێك دا کۆمسیۆنی باڵا بۆ خۆیان دەڵێن ئێمە گرفت و مەشاکیلی تەکنیکیمان نەماوە تەنها ئەو بڕە پارەیە، ئێمە وەکو پەرلەمان پێداگیری جیدیمان کردووە لە مەوعیدی خۆیدا بکرێت، کۆمسیۆنی باڵا ڕای گەیاندووە و دەڵێت هەموو قەوارە سیاسیەکان بێن ناوی خۆیان بنووسن، کەواتە گرفت و مەشاکیلەکان لەو بڕە پارەیە، من پێشنیار دەکەم یان حکومەت یان جیهەتێك کە خۆمان دەسەڵاتمان بەسەریدا هەبێت ڕاست بین و مولزەمی بکەین بۆ ئەوەی لە مەوعیدێکی دیاری کراو بڕە پارە دابین بکات، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئێمە لەم پەرلەمانە کۆمسیۆنی خۆمان دانەنا، یاسامان بۆ پێکهێنانی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان دانەنا، ڕەئی ئەوە بوو کە کۆمسیۆنی باڵای عیراق بیکات، دوای تەعدیلەکە بە پێی بڕیاری 11 پەرەگرافی چواری ماددەی 2 ئەو دەسەڵاتەمان بەوێدا، لەبەرئەوە ئەوان دەبێت بیکەن، کە ئەوان دەیکەن ئێستا حکومەتی عیراقی ئەو میزانیەیان پێ نادات دەبێت ئێمە پا داگرین لە ڕێگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە سەرۆکایەتی هەرێم، لەڕێگەی مفەوەزیەوە بتوانرێت ئەو میزانیە جێ بەجێ بکرێت، چونکە ئەگەر کۆمسیۆنی خۆمان هەبووایە و یاساکەیمان هەبووایە، لەوانە بوو بە پارەیەکی زۆر کەم بکرابایە، ئەوەندەشی ناداتێ، ئەوەندە ملیۆنەی کە ئەوان ئێستا داوای دەکەن، بۆیە بە نیسبەت ئەم تەعدیلەی کە ئێستا هاتووە کە ڕێزدار سەرۆکی هەرێم ئەگەر هەر موعیدێك تەحدید بکات مفەوەزیە نەتوانێ بیکات دەبێت جارێکی تر تەعیدلی بکەن، بۆیە من پێم وایە ئەم یاسایەی کە هاتووە با گۆڕانکاریەك لە ناوی بکرێت، ئەم تەعدیلەی کە هاتووە (استثناء من حكم المادة 10 ثانيا من قانون رئاسة اقليم كوردستان ـ العراق رقم 1 لسنة 2005 المعدل) بەم شکلەی لێ دێت، کەی هەموو شتەکان مەفوەزیە تەواوی کرد و حازر بوو ئەوجا ڕێزدار سەرۆکی هەرێم ڕۆژەکە تەحدید بکات، چونکە ئێستا جارێکی تریش تەحدیدی بکات هەم دیسانەوە نابێت، بۆیە ئەم تەعدیلەی کە هاتووە بەم شکلەی لێ بکرێت لە

جێگای خۆیەتی، ئێمەش دەبێت بڵێین حەقی خۆمانە و مافی یاسایی خۆمانە کە کۆمسیۆنی هەرێمی کوردستان هەبێت و یاسای بۆ دەربکەین و ئەوجا تووشی ئەم گێژە سەرلێ شێواویە نە دەبووین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا خۆ لەسەر مەبدەئەکە خیلاف نیە، تەبعەن ئێمە پێویستە ئەو بڕیارە دەربکەین، کەس لەسەر ئەوە خیلافی نیە، خیلافەکە لەسەر بۆچوونە، هەندێك بۆچوونیش دیارە هەر هەڵوێست وەرگرتنە بۆ ئیعلامیشە بەشێك لە قسەکان، ئەگینا داوای لێ بووردن دەکەم، ئێمە لێرە دانیشتوون بڕیارێك دەربکەین کە لە گەڵ واقعمان بگونجێت، گونجاو بێت بۆ ئەو هەنگاوانەی کە دەمانەوێت، نەك لێرەوە قسەیەك بکەین بۆ ئیعلام بێت، فەقەت بۆ پڕۆپاگەندە بێت، یان بۆ هەڵوێستێك بێت کە خۆمان هین بکەین، من تەقدیرم بۆ هەموو ئەو قسانە هەیە، سوپاسی کاك زرار دەکەم کە وەبیری هێنانەوە کە یەکەم کەس کە بیری لە هەڵبژاردن کردەوە 8 مانگ لەمەوبەر کە خۆم بووم و سەرۆکایەتی بووە، چوار مانگ پێشتریش گوتوومانە 5/19 مان پێشنیار کردووە، لە هەمووتان زیاتر خۆم شەخسی موتابەعەی ئەو مەوزوعەم کردووە، تەلەفۆنم لەگەڵ مۆسکۆش کردووە کە وەفدی حکومەتی عێرا قلەوێ بووە، دوێنێ لەگەڵ بەغدا تەلەفۆنم کردووە، لەگەڵ مفەوەزیە قسەم کردووە، لەگەڵ د.بەرهەم قسەم کردووە، هەوڵم داوە کە لەگەڵ هەموویان قسە بکەم، لەگەڵ د.سەردار قسەم کردووە و پێم گوتووە بچێت بۆ ئەوەی چی بکات و موتابەعەی بکات و جوابم بداتەوە بە پەلە، لەبەرئەوە من سەیرم لەو رەخنانە دێت کە لەو هینانە کەئەنەهو ئێمە دەمانەوێت دوای بخەین و یاخود لە پشت پەردەوە شتێك هەیە و لەوانە، دوا قسەم لە مفوەزیە ئەوە بووە کە بەدوای ئەو قسەیە دا بڕۆن، ئومێدێك هەیە کە حکومەتی فیدڕاڵ موافەقەت بکات بۆ ئەو بودجەیە، ئەگەر نەیکرد ئەو وەختە لەگەڵ حکومەتی هەرێم قسەی دەکەین بۆ دابین کردنی ئەو بودجەیە، تەئکیدیش دەکەمەوە هەر سێ سەرۆکایەتی، سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی پەرلەمان لە دوا کۆبوونەوەیان دا تەئکیدیان لەوە کردەوە کە دەبێت هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بکرێت، بەڵام کە کۆسپێك دێتە پێشەوە هەر تەنها لەبەرئەوەیە کە بڵێین ئێمە مولتەزمین و مل لێنێن و نەشزانین چیە، حەقێکە تەنازولی بۆ بکەین، حەق نیە بەو شێوەیە قسە بکەین، من ئەوەی کاك سەردار گوتی کە ئەحکامەکە ببێتە حوکم، زۆر ڕاستە، یەك شتان پێ بڵێم بە نیسبەت تەحدید کردنی وەختەکە کە یەکێك گوتی 7/15 تێ نەپەڕێ، یەکێك گوتی 8/4 تێ نەپەڕێ، لەڕاستیدا ئەوەی کە وای لێ کرد تەئریخ تەحدید نەکەین، جەنابی سەرۆکی هەرێم بوو، گوتی من نامەوێ تەحەمولی مەسئولیەت بکەم، جارێك ئێوە بە منتان گوتووە دوو مانگ پێشتر نابێت، 4/4، کەچی 4/2 گوتوومە کوا هینەکان؟ دواتریش گلەیی لە من دەکەن کە من هەڵناستم بە دەست نیشان کردنی ڕۆژەکە یان بانگهێشت کردن، نامەوێت ئیلتزام بکەم، سبەینێ بیکەن، من سبەینێ دەیکەم، بەڵام ئێوە بڵێن 7/15 ئەگەر نەیکردو دوایی دیسان گلەیی لە من بکەن، کە سەرۆکی هەرێم بەو ئەرکە هەڵناستاوەو قانونی جێ بەجێ نەکردووە، هەتا

ئەوشی گوت کە ئەو مەسئولیەتە با لەسەر خۆتان بێت و پەرلەمان قەرار بدات چ ڕۆژێك بێت، گوتی سەرۆکی پەرلەمان با قەرار بدات، ئەگەر من تەحدید دەکەن، پێم بڵێن موستەلزەمات تەواوە و بڵێن فلان ڕۆژە، ئەگەر من دەرم نەکرد قەیناکات، بەڵام تەحەمولی ئەوە ناکەم، بۆم تەحدید بکەن و شتەکانیش پێویست نیە، من دەتوانم تەنها ڕۆژەکە تەحدید بکەم، نە دەتوانم بانگهێشت بکەم، گلەیش لە من دەکرێت، بۆیە بە ئیسراریشەوە گوتی ئەگەر ئەوە ناکەن، خۆتان تەحەمولی ئەو مەسئولیەتە بکەن، دەسەڵات بدرێتە سەرۆکی پەرلەمان، بەڵام من دەسەڵاتم بدەنێ موتەئکید بن کە لەو ڕۆژە تەواو دەبێت، یان ئیحراجم مەکەن وەکو جاری پێشوو، 4/4 مفەوەزیەش هات گوتی ناتوانم، خەڵکەکەش ئەو کات گلەیی لە من دەکات، خۆ ناکرێت هەموو ڕۆژێك بچینە سەر تەلەفزیۆن بۆ ئەو تەفسیلە قسە بکەین، بۆیە لێرە تەحدیدی وەختەکەمان نەکردووە، بەڵام بەدواداچونمان هەیە ڕۆژانە، هەر وەختەکیش مفەوەزیە تەواوی کرد، یاخود بە قەتعی گوتی حکومەتی فیدراڵ نامان داتێ، ئێمە فەورەن لەگەڵ حکومەتی هەرێم قسەی دەکەین، بۆ ئەوەی بڕیارێك وەربگرێت کە هەڵبژاردن دوا نەکەوێت و بودجەش دابین بکرێت بە هەر وەسیلەیەك بێت، ئومێد دەکەم کە لەو چەند ڕۆژەی داهاتوو دا مفەوەزیە ئاگادارمان بکات بە رەئی کۆتایی، دابین کراوە ئەو بودجەیە یان نا؟ ئەگەر دابین کراوە ئەوا بانگهێشت کردنەکە دەکرێت و زۆریش نابات، مەسەلەی تەمدید کردنی پەرلەمان،، خۆ ئەگەر کورت بێت هیچ پێویست ناکات بڕیار بدەین بۆ تەمدید کردنی، ئەگەر ماوەکە کورت بێت هیچ پێویست ناکات، ئەما ئەگەر زۆر بوو، پێویستیمان پێ بوو و یاسامان لەبەردەم بوو، پێویستی کرد دابنیشین، ئەوە حەقی خۆتانە، لە نەتیجە خۆتان قەراری لەسەر دەدەن، بەهەرحاڵ دڵنیا بن لەوەی کە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێم، هێزە سیاسیەکان بە تایبەتی پارتی و یەکێتی کە هەندێك کەس پێی وایە حەز دەکەن دوابکەوێت، دڵنیا بن لەوەی هەر هەمووومان و تەئکید دەکەینەوە کە ئەوە نابێت دوابخرێت، نەك لەبەر هیچ شتێك، لەبەرئەوەی کە پرۆسەی دیموکراسی دەبێت متمانەی خەڵك لەوە دابێت لە کاتی خۆیدا هەڵبژاردن بکرێت، ئەمە شتێکی زەروریە بۆ هەموومان و بۆ هەرێمیش باشە، جا من ئەوەی دەیڵێم ئەوەڵەن کاك عونی سیغەیەکی تری لەبەر ڕۆشنایی ئەو موداخەلاتانەی کە کرا، سیغەیەکی تری ئامادەکردووە، با بیخوێنێتەوە و بیخەینە دەنگدان، قسەمان کرد کاك زانا زۆر سوپاس، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

استثناء من الحكم المادة 10، 2 من قانون رئاسة الاقليم رقم 1 لسنة 2005 المعدل، يخول رئيس اقليم كوردستان ـ العراق بتحديد موعد اجراء انتخابات الدورة الثالثة لبرلمان كوردستان ـ العراق، والدعوة اليها بعد استكمال المفوضية العليا المسقلة للانتخابات مستلزمات العملية الانتخابية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ نیە؟ فەرموون، بە زۆرینە ئەو فەقەرەیە قبوڵ کرا، بۆ فەقەرەی دووەم تکایە، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانیا:

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القرار.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەمەش تەبیعیە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ ئەویش قبوڵ کرا، فەرموو بۆ خاڵی سێیەم کاک عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثالثا:

ينفذ هذا القرار اعتبار من تاريخ اصداره وينشر فی الجريدة الرسمية وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش فەقەرەیەکی ڕۆتینیە کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ فەرموون، بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا. ئێستا اسبابی موجبە بخوێننەوە، نابێ ئەوە بڵێین، چونکە مفەوەزیە ئیعتزاری نەکردووە، نابێت بڵێین ئیعتزاری کردووە،ئەوەی یەکەم کە دەڵێت (نظرا لتعذر توفير المستلزمات الاساسية الضرورية من قبل المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، لاجراء الانتخابات وفقا للمعايير الدولية فی موعدها المحدد والتی ادت الى تجاوز المدة المحددة قانونا لدعوة رئيس الاقليم لاجراءها، فقد شرع هذا القانون)، لە جیاتی مالی فەنی و ئیداری هەر ئەوە دەنووسرێ و تەواو (نظرا لعدم توفير الاساسية الضرورية من قبل المفوظية العليا المستقلة لانتخابات، لاجراء الانتخابات وفقا المعاير الدولية فی موعدها المحدد والتی ادت لاعتراضها المدة المحددة قانونا لدعوة رئيس الاقليم لاجراءها فقد شرع هذا القانون)، ئەم پرۆژەی هینەکە لەگەڵ ئەسبابی موجبە دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ چوار کەس، بەزۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، زۆر سوپاس، خاڵی دووەم لە بەرنامەی کار خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای پارێزگاکانی هەرێم، داوا لە لیژنەی ناوخۆ دەکەم بێن لە شوێنی خۆیان دابنیشن، وابزانم لە رابعا ڕاوەستا بووین، بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بەبیریان بێتەوەو بیخەینە موناقەشە، کاک اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**چوارەم:**

1. لێپچینەوە کردن لەگەڵ پارێزگار یان یەکێك لە جێگرەکانی لەسەر داوای سێیەکی ئەندامانی دەبێ و لە کاتی قەناعەت نەهاتنی زۆرینەی سادە بە وەڵامەکانی لێپچینەوە لەگەڵ کراودا، ئەوا داوای لادانیان( الاقالە ) دەخرێتە دەنگدانەوە لە دانیشتنێکی دووەمدا و پارێزگار یان یەکێك لە جێگرەکانی بە لادراو دادەنرێن و دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەن بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی، داواکاریی لادانەکە یان ڕاسپاردنی، دەبێ پشت بە یەکێك لەم هۆیانەی کە لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە ببەستێ.

2. پارێزگار و دوو جێگرەکەی بۆیان هەیە تانووت بدەن لەو بڕیارەی دەرکراوە بە لادانیان لەسەر کار لە دادگای کارگێڕی تایبەتمەند.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی عەرەبیەکەی بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رابعاً:

1- استجواب المحافظ او احد نائبيه بناءاً على طلب ثلث أعضائه وعند عدم قناعة الأغلبية البسيطة باجوبة المستجوب يعرض طلب الاقالة للتصويت في جلسة ثانية ويعتبر المحافظ او احد نائبيه مقالاً بعد موافقة المجلس بأغلبية ثلثي عدد أعضائه ويكون طلب الأقالة او التوصية بها مستنداً على احد الأسباب الحصرية الواردة في الفقرة(ثانياً) من هذه المادة.

2- للمحافظ ونائبيه الطعن في القرار المتخذ بالاقالة لدى المحكمة الادارية المختصة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها مولاحەزەیەکمان لەسەر فەقەرە 2 هەیە، ئەویش مودەی تەعنەکە بە نیسبەت ڕەئیسی مەجلس دامانناوە لە مەحکەمە کە 15 ڕۆژە، پێویستە لێرە بۆ محافزو نائیبەکەشی دابنێین ئەو 15 ڕۆژە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هیوا نوقتەی نیزامی هەیە، خوا بکات وابێت! فەرموو.

**بەڕێز هیوا صابر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پرسیارێك لە بەڕێزت دەكەم وەك سەرۆكی پەرلەمان و لە دەستەی سەرۆكایەتی، ماوەیەكە هەست بە شتێك دەكەم وا دەزانم پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆیە، باشیش نیە ئەم دابە لە پەرلەمان دا و لەو دەماوەدەمی ئینتیخاباتە سەر هەڵبدات، ئەویش دەبیستین بەڕێزتان كاتێك كە پەرلەمانتار جارجار لەسەر قەزیەكان قسە دەكەین، دەیبەستنەوە بە دەزگای راگەیاندنەوە یان بە هەڵبژاردنەوە، جا ئەمە خۆ دەزگاكانی راگەیاندن لە دەرەوەن و بەڕوومان دا كراوەن، داوام وایە ئەوە نەوترێت بۆ ئەوەی ئێمە قسەی خۆمان بكەین، پێشمان باشە ئەگەر ئەوە مەبەستە با كۆبوونەوەكانی پەرلەمان لەمەولا هەمووی داخراو بێت، با خۆمان قسەی خۆمان بكەین و ئەوەی كە مەبەستمانە بیڵێین، چونكە بەڕاستی وا ناڕوات، بۆ نموونە ئەو یاسایەی كە دەركرا بەشێكی زۆری ئەندام پەرلەمان یاساناسن، یەكێك لە مەرجەكانی قاعیدەی قانونی عامە و موجەرەد بێت، ئێمە قانونێك و قاعیدەیەكمان دانا نە عامەی تیایە و نە موجەرەدەكە، بەستمانەوە بە شەخسێك و بە دەزگایەكەوە، داوام وایە لە بەڕێزتان ئەو تۆمەتە ئاراستەی بەشداربوونی پەرلەمانتاران نەكەن، قیرائەی بەشداربوونەكانی ئێمە، حەقی ئەوەتان نیە! من بۆ ئیعلام قسە دەكەم بۆ پرۆسەی هەڵبژاردن، من ئەگەر شتێك بڵێم پێچەوانەی دابونەریت و قەواعیدی پەرلەمانتاری بوو....... .

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك هیوا داوای لێ بوردن دەكەم، مەوزوعەكەمان تەواو كردبوو، دەتوانی وەكو كەلعادە بۆ خۆت رەئی خۆت بڵێی لە رۆژنامەی حیزبەكەتان  و ئەوانە، بەڵام ئەوە نوقتەی نیزامیش نەبوو و گەڕایەوە بۆ دواوەش، من لێرە بۆ جەلسە قسە دەكەم، ناوی جەنابیشتم نەهێناوە تاوەكو لێرە بە خۆت تێ بگەی، ئەگەر ناوی تۆم هێنا با حەق وابوو كە مەجالیشت بدەمێ قسەی بكەی، كێ دەیەوێ قسە بكات لەسەر خاڵی چوارەم، كاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەنها تێبینیەكم هەیە كەوا پێویست ناكات پارێزگار دوو جێگری هەبێت، یەكێك كافیە وابزانم كاروبارەكانیش بەباشتر بەڕێوە دەچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێم باشە پرسیاریش زیاد بكەین بۆ ئەو بڕگەیە، هەموو ئەندامانی ئەنجومەن مافی ئەوەیان هەبێت پرسیار ئاراستەی پارێزگار و جێگرەكانی و بەڕێوبەرە گشتیەكانی سنووری ئەو پارێزگایە بكەن، نەك تەنها لە پارێزگار و جێگرەكەی دابێت، یەعنی ئەوەشی بۆ زیاد بكەین كە حەقی تەوجیهی پرسیاری هەبێت، بۆ ئەوەی پرسیار لەوانیش و لە بەڕێوبەرە گشتیەكانیش بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كريم حەزدەكەم مولاحەزات بنووسی لەسەر ئەو قسانەی كران، تا دوايی رەئی بدەی لەسەری، كاك عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە بڕگەی يەكەم باسی زۆرينەی سادە دەكات، پێم باشە بنووسی زۆرينەی سادە 50 + ا لە ئامادەبووان، لەسەرەوە نووسيمان بۆ زۆرينەی موتڵەق 50 +1 لە كۆی ئەندامان، لێرەش بنووسين 50+1 لە ئامادەبووان، پاش تەواو بوونی 10 ساڵ، ئەوە دەبوو لە پێناسەش بهاتايە، چونكە لە پێناسەی هەڵبژاردنی عيراق دا هاتووە و لە پێناسەكانيش دا هاتووە كە ئەغلەبيەی موتڵەق چيە و ئەغلەبيەی بەسيت چيە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عثمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر(بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من دوو تێبينيم هەيە، يەكێكيان تەئيدی ئەو رايە دەكەم، پارێزگار دوو جێگری بۆچيە؟ يەك جێگر بەسە، خۆ تەوافقی نيە ديسانەوە لەویَ بيكەينە دوو جێگر، پارێزگا و ئەنجومەنێك هەيە، خاڵی دووەم: ئەگەر پارێزگار لە حاڵەتێك دا لەلايەن ئەنجومەنەوە دەسەڵاتەكەی لیَ سەندرايەوە، بۆی هەيە تانووت بدات لە دادگای تايبەت، ديارە من پێشنيار دەكەم ئەو دادگای كارگێری تايبەت بكرێت بە دادگای تەمييز، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سعدالدين فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدين ملا عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو ماددە تەبيعی باس لە ئيقالەی موحافز دەكات، يەعنی ئايا تۆ بەچەند دەتوانی نيسابی ئيقالەی موحافز بكرێت؟ من پێشنياری بڕگەيەكی تر دەكەم، ئێمە هەموومان دەزانين تەعينی موحافز ئيللا دەبێت بە مەرسومێكی ئيقليمی بێت، هەتا لە دەستووری عيراقيش لە ماددەی 155 دەڵێت رەئيسی جمهوری تەعينی موحافز دەكات بە مەرسومێكی جمهوری، عمومەن ئەوهايە دەڵێت (من يعين مقيل) ئەوە

قاعیدەیە ئەوەی تەعین دەکا حەقی ئیقالەشی هەیە،پێم باشە وەکو ئەوەیەك مادام مووەزەفە و بە دەرەجەی وەکیلە و پێویستی بە مەرسومێکی ئیقلیمە شتێکی تر زیاد بکرێت، لیژنەی قانونیش پشتگیری بکات، (لرئیس الاقلیم اقالة المحافظ لاحد الاسباب الحصریة الواردة فی الفقرة 2 من هذە المادة) هەتا یەعنی ئەوە لە دەستووری هیندیش ئەوەی کە تەماشا بکات دەتوانێ لە دەساتیرەکانی تری دەوڵەتانیش کە هەیە بیخوێننەوە، عەینەن ئەوەی تێدایە کە (سمح لرئیس جمهوری او لرئیس الاقلیم باقالة المحافظ)، لەگەڵ ڕێزم دا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 6 بڕگەی 4 من لە لیژنەکە بووم خاڵی یەکەم: لە کاتی لادانی پارێزگار یان جێگرەکانی پێش لابردنیان نابێت ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ یان سەرۆکایەتی حکومەت بکرێت؟ چونکە زۆر جار ئەوانە لەوە دەچێت کێشە دروست بکات، دەبێت ئاگاداری بکات، چونکە بڕگەکانی دوای ئەو لە بڕگەی 6 و 9 و 12 تەئکید دەکاتەوە کە حکومەت ئاگاداری ئیشەکانی ئەنجومەنەکان هەیە، لەسەر بڕگەکانی 6 و 9 و 12 بکەین، لەم بڕگەیە دەبێت ئیشارەتێك بدرێت بۆ ئەوەی لە کاتی ئەو موشکیلانە حکومەت ئاگادار بێت، نەك هەر ئەنجومەنەکە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆك قسەم کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان لەسەر ئەو مولاحەزاتانە چیە؟ کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت پارێزگار کە دوو جێگری هەبێت، دەبێت دوو جێگری هەبێت، چونکە بەڕێوەبردنی گشتی و بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی، یەعنی ئیدارەی عامە و ئیدارەی مەحەلی دووی دەوێت، ئیدارەی مەحەلی

بەتەنها جێگرێکی دەوێت و ئیدارەی عامەش جێگرێك، هەردەم وابووە و هەموو دەم موحافز ئەو دوو جێگرەی هەبووە، بۆ ئاگاداری.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پرسیارەکانی د.نوری و هەروەها کاك عوسمان بانی مارانی، پرسیاری ئەوەیان کرد یەك نائیب کافیە نەك دوو نائیب، سەبەبی ئەوەی کە دوو نائیبی هەبێت، یەکەم: ئیشوکارەکانیان زۆر فراوانە، لەمەودوا مەحافز و ئەنجومەنی پارێزگا ئیشراف لەسەر هەموویئیش و کارەکانی مەشاریعی ناو پارێزگا دەکەن، یەعنی جیهەتی تەنفیزی پارێزگار و نائیبەکانیەتی، بۆیە پێویستیان بە دوونائیب هەیە، هەروەها لە هەندێك پارێزگا هەیە زۆرنەتەوە هەیە و توائیفی دیکە هەیە، بۆ نموونە پێویستی هەیە کە خەڵکێکی کلدان هەیە یان ئاشووری یان تورکمان، بۆیە ئەگەر دوو بێت باشترە، پرسیاری دووەمی کاك عوسمان لەسەر ئەوەی کە مەحکەمەی تەمیز بێت نەك مەحکەمەی ئیداری، حەزدەکەم سەرنجی ڕابکێشم بۆ ماددەی 13 برگە 2 لە یاسای مەجلسی شورای هەرێمی کوردستانی عیراق کە دەڵێت (تختص المحكمة الادارية بما يلي: ثانيا: الفصل فى الطعون الخاصة بانتخابات الهيئات المحلية) واتە لێرەدا ئیختساسی تەعن لێدان لە ئینتخاباتی هەیئاتی مەحەلی هی مەحکەمەی ئیداریە، نەوەك مەحکەمەی تەمیز، سەبارەت بە پرسیاری کاك عبدالرحمن ئەوەی ئەغلەبیەی بەسیتە و یاخود ئەغلەبیەی موتڵەقە ڕاستە لە قانونی عیراقی هاتووە، بەڵام ئەوە مولزەم نیە کە قانونەکانی ئێمە هەمووی وەکو عیراقی بێت، بە تایبەتی ئەغلەبیەی بەسیتەو ئەغلەبیەی موتڵەقە ستانداردێکی جیهانیە و شتێکی مەفهومە، ئەغلەبیەی موتڵەقە ئەوەیە نیوە + ا ی ئەندامان، ئەغلەبیەی بەسیتە نیوە + 1 ی حزور، بۆیە پێوستی بە ئەوە هەیە، پەخشان خان ئەغلەبیەی بەسیتە حزور چەندە نیوە + 1 ، ئەغلەبیەی موتڵەقە ژمارەی هەموو ئەندامان چەندە نیوە +1 دەکاتە ئەغلەبیەی موتڵەقە، سەبارەت بە پرسیاری کاك سعدالدین دەڵێت سەرۆکی هەرێم بۆی هەبێت ئیقالەی موحافز بکات، بەڕاستی کە جەنابی سەرۆکی هەرێم تەعینی دەکات، تەعینەکە لەلای ئەو دەرناچێت، بەڵکو مەرسومەکە لەلای ئەوە، بۆیە ئەو مافی ئەوەی هەیە کە لای بدات، پرسیارەکەی کاك جعفر ئەوەندەی من بەڕاستی لێی تێ گەیشت بم کە پێی ڕانەگەیشتم، ئیعلامی وەزارەی ناوخۆ بووە، یەعنی ئەوە بەڕاستی ئەوە جواب دانەوەیە لە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن نابێ مەجلسی موحافەزە یاخود محافز مورتەبت بێت بە وەزارەی ناوخۆ، ئەو ئیرتیباتەی کە هەیە لە نێوان محافز و وەزارەی ناوخۆ ئیرتیباتێکی ئیداریە لەڕووی هەندێك خیتاباتیان دەنا خۆی وەزیری ناوخۆ بۆی نیە نە محافز دامەزرێنێ و نە ئیقالەی بکات، بەڵکو مەجلس لای دەدات، هەروەها سەڵاحیاتی محافز و سەلاحیاتی مەجلس بە قانون دیاری کراوە، دیسان وەزارەت ناتوانێ لێرەوە تەدەخول بکات و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تەعلیقت هەیە لەسەر قسەکان؟ فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری(وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەوە دەکەم، کە ئێستا محافز دوو جێگری هەبێت، چونکە ئێستا موحافز جێگرێکی هەیە و معاونی محافزیش هەیە، معاونی موحافز بۆ شئونی ئیدارەی مەحەلیە، وە جێگر بۆ شئونی ئیدارەی عامەیە، جا لەبەرئەوە ببێتە دوو جێگر یەك بۆ ئیدارەی عامە و یەك بۆ ئیدارەی مەحەلی، باشترەن، چونکە سەلاحیات کەمتر لە دەستی موحافز دەبێت، سەلاحیات زیاتر بە جێگرەکە دەدرێت، جێگر سەلاحیاتی زیاترە لە معاونی موحافز، بۆیە دوو جێگر بێت باشترە لەوەی کە یەك جێگر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا جوابی هینەکانی دراوە، تەنها پێشنیارێك کە هەبوو، نوقتەی نیزامی نەبێت قەتعی دەکەم کاك د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەربارەی ئەو ڕوونکردنەوەی کە کاك سەردار باسی کرد، ئەغلەبیەی بەسیت 50 +1 ی حزور نیە، ئەغلەبیەی بەسیت کێ زۆرترین دەنگی هێنا لەناو ئەواندا، ئەگەر وا دابنێین ئێمە 111 کەسین لەو 111 کەسە 80 مان حازر بووینە، یەکێك 35 دەنگی هێناو یەکێك 25 ی هێناو یەکێك 10ی هێنا، 35 ەکە دەباتەوە، عیلاقەی بەوە نیە، لەگەڵ ڕێزم دا، دووەم: بە نیسبەت ئەغلەبەی موتڵەقیش عەینەن شت دیسانەوە، دەتوانین بڵێین ئەغلەبیەی موتڵەق لە حزور یان ئەغلەبیەی مەتڵەق لە ئەعزا، لەبەرئەوە هەردوو تەعریفەکە تەواو نیە، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەئەخیرەن نوقتەی نیزامیەکەت لە جێ بوو، یەك موقتەرەح لەلایەن دوو ئەندامەوە تیکرار کراوەیەوە، موقتەرەحی تر هەیە کە بە تەنها بوون، ئەویش د.نوری و کاك عثمان بوون، ئەویش دوو جێگر پێویست نیە، هەرچەندە زۆر شەرحیان کرد کە پێویستە یەکێکیان ئیداریە و یەکێکیان هینە، ئەگەر موقتەرەحەکەتان سەحب نەکەن، دەبێ بیخەمە دەنگدان، د.نوری و کاك عثمان، کاك د.نوری و کاك عثمان دەڵێن یەك جێگری هەبێت، کە یەك کەس بێت، هیچ، باشە کاك د.نوری لەبەر ڕۆشنایی بۆچوونی جەنابی وەزیر و شەرحیاتەکەی کە کرا موقتەرەحەکەی خۆی سەحب دەکات و یەك موقتەرەحیش ناخرێتە دەنگدانەوە، ئێستا ماددەکە تەنها ئیزافەیەك لە فەقەرەی 2 هەیە (للمحافظ ونائبیە الطعن فی القرار المتخذ بالاقالة لدی المحكمة الادارية المختصة خلال مدة 15 یوما من تاریخ التبلغ)، ئەو فەقەرەیەی 4

دەیخەمە دەنگدانەوە، بەو گۆڕانکاریانەی کە کرا، کێ لەگەڵیەتی؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، بۆ پێنجەم فەرموو کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێنجەم:**

1 ـ ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی ئەنجومەن بۆ تۆمارکردنی لە بودجەی پارێزگا.

2 ـ پەسەندکردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا کەلەلایەن پارێزگارەوەو بە ڕەزامەندی زۆرینەی رەها رەوان کراوە بەو مەرجەی پێوەرە یاسایی و سیستەمیەکان رەچاو بکرێن لە دابەشککردنی تەرخانکراوەکان بۆ سەنتەری پاریزگا و قەزاو ناحیەکان و پاشان بەرزکردنەوەی بۆ وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی عەرەبیەکەی بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خامسا:

1 - إعداد مشروع موازنة المجلس لدرجها في مشروع موازنة المحافظة.

2- اقرار مشروع موازنة المحافظة المحال اليها من قبل المحافظ بموافقة الاغلبية المطلقة على ان تراعى المعايير القانونية والنظامية في توزيع التخصيصات لمركز المحافظة والاقضية والنواحي ورفعها الى وزارة المالية في حكومة الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەس قسەی هەیە لەسەر ئەوە؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام بە نیسبەت فەقەرە 2 کە دەڵێت ئەغلەبیەی موتڵەقە، لێرەش دەبێت (الاغلبية المطلقة لعدد اعضاءه) ئیزافە بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکەم لەسەر خاڵی 2 کە دەڵێت بودجە لەلایەن پارێزگارەوە ئامادە دەکرێ، ئایا دەکرێت تەنها شەخسێك بودجەی پارێزگایەك ئامادە بکات، من ئێستا لیژنەی یاسایی وەڵامم دەدەنەوەو دەڵێن وەك

پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران وایە، ئەنجومەنی وەزیران ئامادەی دەکات و پەرلەمانیش پەسەندی دەکات، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران 42 کەسن و وەزارەتی دارایی هەیە لێرە تەنفیزیەکە کە پارێزگارە کە تەنها شەخسێکە، بۆیە دەبێت ئەمە چارەسەر بکرێت، یان هەموو ئەنجومەنی پارێزگا یان ئەنجومەنی لەگەڵ دابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەگەر ئیجازە هەبێت ئەو نوقتەیە تەوزیح بکەین کوێستان خان، فەقەرەی 2 دەڵێت (اعداد مشروع موازنة المحافظة المحال اليها من قبل المحافظ) نەیگوتووە (المنظم من قبل المحافظ) دەبێت یەکێك تەوقیع بکات، موحافز چۆن میزانیەی دەکات؟ ئەوە مودیریەی عامەی مالیەی هەیە، میزانیەی پێشووی هەیە، ئەوەی هەیە حازری دەکەن، وەکو هەر وەزارەتێك، چۆن وەزارەت میزانیەی خۆی هین دەکات، خۆ وەزیر نایکات! کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەواتە لێرە پێویستە ئەو لایەنەی ئەم کارە دەکات دەست نیشان بکرێت؟

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مەعروفە خۆ موحافز نایکات، موحافز بەس ئیحالەی دەکات، غالیبەن نازانێت چۆن میزانیەی دەکات دەبێت مودیری عامەی مالیە، لەبەر ڕۆشنایی راوێژکردن لەگەڵ هەموو ئەو دەوائیرانەی کە تابعی موحافەزەن، وەکو مەجلسی موحافەزە، مەجلسی وەزەرا داوادەکات لە ڕێگەی وەزارەتی مالیە لە هەموو وەزارەتەکان، میزانیەی وەزارەتەکان بێنن بۆ وەزارەتی مالیە، لەوێ موناقەشەی دەکەن ئینجا کە تەواویان کرد دەینێرن بۆ مەجلسی وزەرا موناقەشە دەکرێت، بە ئیمزای رەئیسی وزەرا ئیحالە دەکرێت بۆ پەرلەمان، ئەوەش وایە بە ئیمزای موحافز ئیحالە دەکرێت بۆ مەجلسی موحافەزە، بەڵام هەتا ئیمزای دەکات ئەو هەموو مەراحلانە دەبینێت وەکو مەجلسی وزەرا و وەزارەتەکان، بەڵێ کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئکیدەن بۆ ئەو قسەی جەنابت، لە ماددەی 18 مەزوعەکە بە وازحی موعالەجەی کراوە، دەڵێت:

يمارس المحافظ المهام و الصلاحيات الآتية:

اولاً: اعداد موازنة المحافظة ورفعها الى المجلس. زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەبێت ئەوەی چاك بکەینەوە، ئەوە غەڵەتە، بەڵێ کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا ئەگەر ئیجازەم بدەی حەز دەكەم ئەو خاڵەی تەوزیح بكەم، دوو بڕگەیە، بڕگەی یەكەم مەجلسی موحافەزە میزانیەی مەجلس ئامادە دەكات، لەگەڵ میزانیەی موحافەزە دەمج دەكرێت، ئەو میزانیەی موحافز ئامادەی دەكات هەمووی بە هی مەجلس و بە هی موحافەزەوە، جارێكی تر دەنێردرێتەوە بۆ مەجلس، ئینجا مەجلس (بموافقة الاغلبية المطلقة) ئیعتبار دەكرێت بە موازنەی موحافەزە، واتە ئەغلەبیەی موتڵەقە كە دەردەچێت ئەو میزانیە موازەنەی موحافەزەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

بەهەرحاڵ كە هاتینە سەر ئەو فەقەرەیەی مەجلسەكە، ئەوەی كە كاك عونی گوتی دەبێت ڕاوەستین لەسەری، كاك محمد فرج فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش قسەكەم هەر لەسەر ئەو مەسەلەیە، یەعنی ئەگەر لە میزانیەی هەرێم یان لە میزانیەی عیراقی فیدراڵ سەیر بكەین كە وەزارەتی مالیە هەڵدەستێت بە ئامادەكردن و ئیعدادی ئەو میزانیەیە بە تەنسیق لە جیهاتی مەعنی، یەعنی وەزارەتی مالیە هەمیشە لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەكانی تر ئیعدادی ئەو مەشروعە دەكات، لێرە ئەگەر موحافز بكەین بە موحافەزە یان بڵێین (من قبل المحافظ بالتنسيق مع الجهات المعنية)، كە قائیمقامیەت و مودیری ناحیەكانە، چونكە ئەگەر لێرە نەیڵێین، یەعنی ئەو لەڕووی یاساییەوە دەتوانێ خۆی بڵێ من دەتوانم ئەو مەسەلەیە، چونكە باسی موحافەزە دەكەین، ئێمە دەزانین خۆ موحافەزە لەوانەی تریش پێكهاتووە، ئەو پارەیە پەیوەندی بە ئەوانیشەوە هەیە، كە دەڵێین بە شێوەیەكی عەدالەت و لامەركەزیەت تەوزیعی بكات، بەشی قەزاكانیشی تیایە و بەشی ناحیەكانیشی تیایە، لەبەر ئەوە دەبێت ئەوانیش لەو مەسەلەیە وجودێكیان هەبێت و حزورێكیان هەبێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كریم فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی 1 و 2 تێبینیم هەیە، لە بڕگەی 1 دەڵێت ( إعداد مشروع موازنة المجلس لدرجها في مشروع موازنة المحافظة) واتە دوو مەوازەنە پێكەوە نابێت، دەبێت بگوترێت (إعداد مشروع موازنة المجلس لدرجها في الموازنة العامة للمحافظة) چونكە موحافەزە موازەنەی خۆی هەیە، موازەنەی مەجلس درج دەكرێت لە موازەنەی عامەی موحافەزە، لە پرۆژەی قانونی موحافەزاتی عیراقیش بە هەمان شێوە هاتووە بەو نەسە،

ئەوە یەك، دووەم: اقرار مشروع موازنة المحافظة المحال اليها من قبل المحافظ ) ڕاستە، بەڵام لە جیاتی (من قبل المحافظ) کە هاوڕام لەگەڵ کوێستان خان، نابێ بڵێین (من قبل المحافظ) دەبێت بڵێین (من قبل الهيئة التنفيذية للمحافظة)، چونکە موحافەزە هەیئەیەکی تەنفیزی هەیە ئەو هەیئە تەنفیزیە دەبێت ئیحالەی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵاڵە خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو، بەڵام دەکرێ لێرە پەسەند کردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا کە لەلایەن پارێزگارەوە و بەڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن ئامادە دەکرێ نەك لێرە زۆرینەی ڕەها ئاماژەی پێدراوە، بەڵام دەکرێت ناوی ئەنجومەنەکەش بێت، ئەوان دەبنە ئامادە کار، نەك ئەوەی کاك کریم دەیڵێت لیژنەی تەنفیزی ڕەنگە شەرعیەتەکە لای ئەنجومەنی هەڵبژێردراو بێت، نەك لیژنەی تەنفیزی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سارا خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامیەکە هەر یارمەتی ئەو گفتۆیە دەبێت........ .

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

نەخێر نابێت، ئەگەر رەئیە نابێت، ناوت نەنووسراوە، چونکە تۆ گوتت نوقتەی نیزامی، باشە فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی دووەم لە مەجلسی مەحەلی لە قەزا و لە مەجلسی ناحیە لەوێش بودجە ئامادە دەکەن، مانای وایە ئەو بودجەیە هەر کۆکراوەی قەزاو ناحیەکانە بە پێی یاساکەش، یەعنی موحافز لە خۆیەوە نایهێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە، کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شەشەم دەڵێت( ئەنجومەنی پارێزگا ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

پێنجەم:

(ئامادەکردنی پرۆژەی ئەنجومەن بۆ تۆمار کردنی لە بودجەی پارێزگا) مانای وایە کێ ئامادەی دەکات؟ ئەنجومەنی پارێزگا ئامادەی دەکات، نەك پارێزگار، دووەم: پەسەند کردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا کە لەلایەن پارێزگارەوە بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەها ڕەوانە کراوە، زۆرینەی ڕەها یەعنی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن، کەواتە ئەنجومەن لێرەدا ئێمە دەسەڵاتی کاملمان بە پێی ئەو خاڵانەی کە تایبەت ئەو 18 خاڵەی داوەتە ئەنجومەن و ئەنجومەن ئامادەی دەکات، نەك پارێزگا بە تەنێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی یەکەم عیلاقەی بە ئیعدادی مەشروعی موازەنەی مەجلس هەیە، هیچ عیلاقەی بە مەشروعی موازەنەی کۆی موحافەزە نیە، واتە ئیعدادی مەشروعی موازەنەی مەجلس لەلایەن مەجلسەوە دەکرێت و جێگای دەکرێتەوە لە زمنی موازەنەی موحافەزە، پاشان مەجلس ئیقراری موازەنەی موحافەزە دەکات بە شکلێکی گشتی مەسەلەی ئیعداد کردنی موحافەزە، موحافز بە تەنها ئیعدادی ناکات، بەڵکو دەوائیری فەرعی لە موحافەزە کۆدەکاتەوە، مودیری عامەکان کۆ دەکاتەوە، هەموو بوارەکان تەقسیم دەکات، بواری پەروەردە بواری سحە و کشتوکاڵ و کارەبا و ئاوەدانکردنەوە و خزمەتگوزاری، هەموو ئەوانە سێکتەرەکانی دابەش دەکات، جگە لەوەش موحافز پاش ئەوەی کە رەئی دەوائیری فەرعی و مودیر عامەکان وەردەگری لە هەمان کاتدا مودەرائی نەواحی و ئەقزیەش حەقی موازەنەیەکیان هەیە، بەڵام موازەنەی ناحیە و موازەنەی قەزا خۆی لە موازەنەی عامەی موحافەزە دەگرێتەوە کە لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسەند دەکرێت، بەو شکلە ئینجا ئاراستەی وەزارەتی دارایی دەکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو غەڵەتی تەرجومە چیە؟

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەکوردیەکەی تەرجومەیەکی زۆر غەڵەت کراوە، بۆیە ئەو برادەرانە ناحەقیان نیە، کاتێ لە بکەر و فەرمانەکە دێیتە ناوی واتێ دەگەی لە کوردیەکەی کە تەبعەن لە عەرەبیەکە هیچ عەیبی نیە، ئەگەر ئیعتماد بکەینە سەر عەرەبیەکە ڕاستە و لیژنەی قانونی ڕاستیان کردووە، بەڵام لە کوردیەکەی ناحەقیان نیە، یەعنی دەڵێت: پەسەند کردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا کە لەلایەن پارێزگارەوە بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەها، دەبوایە وا نەڵێ، بیگوتایە ( پەسەند کردنی پرۆژەی بودجەی پارێزگا بە زۆرینەی ڕەها کە لەلایەن پارێزگارەوە ڕەوان کراوە) ئەو کاتە ئەم ئەشکالیەتە دروست نەدەبوو لە تەفسیرەکەدا، ناحەق نیە، چونکە وا تێ دەگەی پارێزگار بە زۆرینەی ڕەهای دائیرەکانی هاتووە، خۆی لە دائیرەوە بە زۆرینە بە

ئینتیخاب ناكرێت، تاوەكو زۆرینەی ڕەهای تیا بێت، كەوایە مەشروع حازر دەكرێت دەدرێتە بەردەم مەحافز وەك گوتت، ئەو كاتە ئیحالەی دەكات بە تەوقیع بۆ ئەنجومەنەكە، ئەوان بە زۆرینەی ڕەهاموافەقەی ئیعدادی دەكەن.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی عەرەبیەكە ئەساسە كوردیەكەی ئەگەر هەڵەی دەبێت دواتر چاك بكرێتەوە، عەرەبیەكە ئەساسە من پێم وایە باش هاتووە، زۆریش دەقیقە لەوە، یەكەم جاریش كە تیكراری دەكەمەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، خاڵی یەكەم دەڵێت: مەشروعی موازەنەی مەجلس یەعنی مەجلسی موحافەزات، پێداویستیەكانی مووچەو دەرماڵەی هاتووچۆی و قرتاسیەی ئەوە هی خۆیانە، ئیعدادی دەكات بۆ ئەوەی بچێتە موازەنەی عامە، ئەو مادەیە ئەو كەلیمەی عامەیە كە كاك كریم گوتی زەروریە ئیزافە بكرێت، ئەوەی تریش (اقرار مشروع موازنة المحافظة المحال اليها من قبل المحافظ) شەرحم كرد پێشتر لەبەر ڕۆشنایی سیلسیلەیەك كۆبوونەوە و محافەزەو قەزاو مدیریەی عامە و هەمووی كۆدەكەنەوە دەیخەنە بەردەمی و دەڵێت ئەوە میزانیەی موحافەزەیە، ئەویش بە ئیمزای خۆی دەینێرێت بۆ مەجلسی موحافەزە بۆ ئەوەی ئیقراری بكەن، كاك عونی فەرموو چی بوو دەڵێی نابێت عامە بێت؟

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە موتەقەسیدەن كەلیمەی عامەمان لادا لە كاتی گفتوگۆ كردن لەسەر ئەو فەقەرەیە، لەبەرئەوەی لە قانونی عیراقی هاتووە (المحافظات غير المنتظمة فى اقليم ) میزانیەكی عامەیان داناوە، ئێمە فیدراڵین و هەرێمێكی جیاوازمان هەیە، لەبەرئەوەی موتەقەسیدەن كەلیمەی عامەمان لابرد بە تەنها گوتمان (موازنة المحافظة).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی من ئەو موبەررە بە هین نازانم، زۆر ئیعتیادیە فروعی هەیە و قەزای هەیەو مودیریاتی هەیە، كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە هەرێمی كوردستان یەك موازەنەمان هەیە، ئەویش موازەنەی عامەیە، موازەنەی عامەش عادەتەن موازەنەی موحافەزە جێگای خۆی دەگرێت لە زمنی موازەنەی عامە وەكو وەزارەتێك، مەسەلەكە بەو شكلەیە، ئێمە بڵێین موازەنەی موحافەزەی هەولێر، موازەنەی موحافەزەی عامەی سلێمانی و موازەنەی عامەی ئەوێ و ئەمە ناكرێت بەو شكلە بەڕاستی، بۆیە ئێمە موازەنەی عامە هەموو دام دەزگاكان دەگرێتەوە، بیمافیهیم موحافەزاتەكانیش (هی هەرێم).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پرسیارێکم هەیە لەجەنابی سەرۆك، لەسەر نیزامی مەجلسی موحافەزە نیە، لەسەر میزانیەی عامەکەیە و هەموو موحافەزەیەك، دەوائیری موحافەزە مەعلومە باسی ناکەم کە هەر دائیرەیەك مەربوتە بە وەزارەتێك و عایدی وەزارەتێکە، ئێستا ئەوەی کاك شێروان باسی کرد مەوزوعی ئەو عامەیە کە کۆبووەوە ڕاستە هەموو ساڵێك موحافز کۆدەکرێنەوە لەگەڵ دەوائیری موختەس دادەنیشن نیزامی خۆیان تەقدیم دەکەن، چ خوتە بێت چ میزانیە بێت، پێشان واتە پێش ئەو دەستوورەی موحافز خوتە و میزانیەی هەموو وزارەتەکان و هی دەوائیرەکان تەوجیهی وەزارەتەکانی دەکردو دەدرا وەزارەتەکان، ئێستا ئایا میزامیەی عامە و خوتە کە دەدرێتە مەجلسی موحافەزە موسادەقەی لەسەر دەکرێ ڕەئسەن تەحویلی وەزارەتی مالیە دەکرێ؟ ئەدی واجبی وەزارەت چیە؟ ئەی وەزارەت موناقەشەی دەوائیری خۆی ناکات؟ ئەی خوتە و میزانیەی بۆ دانانێت؟ چۆن موحافەزە یەکسەر ئیحالەی وەزارەتی مالیەی دەکات، من ئەو پرسیارە دەکەم، ئایا تەناقوزێك دروست ناکات؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی تر هەیە دەڵێت، بە تەنسیق لەگەڵ وەزاراتی مەعنی، واتە ڕەئی وەزاراتی مەعنی بە نەزەر ئیعتیبار وەردەگیردرێت بۆ دانانی ئەو موازەنەی کە تایبەتە بە موحافەزات.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی بیخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خامسا:

1 - إعداد مشروع موازنة المجلس لدرجها في مشروع موازنة المحافظة.

2- اقرار مشروع موازنة المحافظة المحال اليها من قبل المحافظ بموافقة الاغلبية المطلقة لعدد اعضاءه على ان تراعى المعايير القانونية والنظامية في توزيع التخصيصات لمركز المحافظة والاقضية والنواحي ورفعها الى وزارة المالية في حكومة الاقليم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ فەرموون، بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، کاک زانا نامەیەکی بۆ ناردووم و گلەییەکانی ناخوێنمەوە، چونکە زۆری ناحەقە، بەڵام تەنها ئەوەی کە دەڵێت ئێمە 5 کەس داوامان کردبوو هەڵبژاردن دیاری بکرێت بۆ کاتێکی تایبەت نەتخستە دەنگەوە، یەکەم پێشنیار پێشنیاری هەر دوو لیژنەکە بوو، کە نووسرابوو ئەگەر دەنگی نەهێنا با، ئەو کاتی دەمخستە دەنگەوە، باشیش لەبیرمە، ئەگەر نا وەکو ئەوە نەبوو کە دوێنێ شەرح کرد ئەو تەقریرەی لیژنەی ناوخۆ و لیژنەی یاسایی بووە پرۆژە، لەبەرئەوە هەر موقتەرەحێك لێرەوە هات، ئەو موقتەرەحی یەکەمە، بەڵام ئەوانە موقتەرەحی تازەیە، ئەو موقتەرەحە ئەگەر سەری نەگرتبا، ئەو کاتی دەمخستە دەنگەوە، کاک اخر فەرموو بۆ خاڵی شەشەم.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەشەم:

نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی بۆ پارێزگا بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و دانانی پلانی ستراتیژی بۆ گەشە پێدانی بە جۆریك کە لەگەڵ گەشەپێدانی نیشتمانی و هەرێمی ناکۆك نەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عونی عەرەبیەکەی بخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سادساً:**

رسم السياسة العامة للمحافظة بالتنسيق مع الوزارات ووضع الخطط الاستراتيجية لتنميتها بما لا يتعارض مع التنمية الوطنية والاقليمية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

پەخشان خان فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من ڕەنگە بەس سیاغی بێت، زۆرجاریش بەکاری دەهێنین ئەوە، (مع التنمية الوطنية والاقليمية) عادەتەن ئیقلیمیە ئیحائی دەوروپشتە، نەك ئیقلیمی خۆمان، (مع التنمية الوطنية وتنمية الاقليم).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مولاحەزەیەکی بەجێیە، کاك تەڵعەت فەرموو.

**بەڕێز طلعت خضر سيف الدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش عەینی مولاحەزەم هەیە، چونکە لە کۆتایی وشەکەدا لە ئیقلیمیە هاتووە، ئەو ئیقلیمیە مەبەستیان ئەگەر دەوڵەتانی دەوروبەر وجیران بێت، جیاوازی هەیە لەگەڵ ئەقالیمەکانی خۆمان، ئەقالیمی ناو عێراقی فیدراڵ بێت، لەبەر ئەوەی تەنمیەی ئیقتسادی لە وڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترەوە جیاوازی هەیە، چ تەنمیەی ئیقتسادی بێت، چ تەنمیەی بەشەری بێت، لەبەرئەوەی رەبت کردنی ئەو دووانە پێکەوە تەعاروز نەکات لەگەڵی، نازانم لەبەرچی ئەو نەسە هاتووە؟ لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا ئێمە ئەم ڕستانە زۆر، زۆر بەکاردەهێنین، بەڵام لە عەمەلدا نازانم چۆن تەنفیز دەکرێت، (رسم السياسة العامة للمحافظة)، مەبەستی ئەوە چیە کە لە سیاسەی عامە لە موحافەزە؟ یەعنی بەڕاستی وشەیەکی زۆر قەبەیە، بە بێ ئەوەی ئەمە هین بێت، من پێشنیارم ئەوەیە کە باسی سیاسەت دەکات(السياسة العامة للمحافظة بالتنسيق مع الوزارات ووضع الخطط الاستراتيجية لتنميتها) ئەم ( بما لا يتعارض مع التنمية الوطنية والتنمية الاقليمية)، ئەگەر کرا بەوە، بکرێت بە (تتماشى مع التنمية الوطنية والاقليمية)، یەعنی خۆ شتێك ناکات موحافەزە کە موعارەزەی ئەوە بکات، بۆچی ئێمە پێشبینی ئەوە بێنینە پێشەوە، بڵێین (وتتماشى مع) یەعنی لەگەڵیا هاوتەریب بێت و پێکەوە ئیتیفاقیان کردبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جوانترە کە (بما تتماشى مع التنميه) ئەوە زۆر چاکە، کاك سعدالدين فەرمووو.

**بەڕێز ملا سعدالدين ملا عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی سۆزان خانم هەیە، ڕاستە رەسمی سیاسەی عامە ئەوە کەلیمەیەکی زۆر مەتاتیە، مەفهومیشی زۆرە، یەعنی سیاسەی عام دائیمەن ئەگەر تەماشای دەستوور بکەی کە لە سەلاحیاتی حەسری حکومەتی ئیتیحادی عەینەن ئەو کەلیمەیەی بەکارهێناوە، ڕاستە لە پاشان دەڵێت (بالتنسيق مع الوزارات) یان سیاسەتی عامە لە بۆ موحافەزە، لاکینە من پێشنیار دەکەم ئەگەر کەلیمەی عامەکە هەڵبگیردرێت ئەو ئەشکالیەتە دروست نابێت، (رسم سياسة المحافظة بالتنسيق مع الوزارات لتنميتها)، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بارزان فەرمووو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەمان قسەم هەبوو و تەئیدی قسەی پەخشان خان دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.شكریە فەرموو.

**بەڕێز د.شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا قسەكانی منیش گوترا، بەس سیاسەتی گشتی مەبەستی لە چیە؟ یەعنی؟ بەڕاستی حەقە ورد بكرێتەوە، وەزارەتەكان كامە وەزارەت، یەعنی دوو وەزارەت لەگەڵ ئەو ئەنجومەنە؟ جا پێویستە ئەمە ڕوون بكرێتەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ وەڵامتان هەیە بۆ ئەو هینە؟ من پێم وایە ئەو قسەیەی پەخشان خان كە كاك بارزانیش تەئیدی كرد(تنمیە الاقلیم) ڕاست ترە! هەروەها (بما یتعارض)ەكەش (بما ینسجم) باشترە، چ مولاحەزەتان هەیە؟ كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی كە پەخشان خان و كاك تەڵعەت و كاك بارزان ئاماژەیان پێی كرد لە جێی خۆیەتی، بۆیە پێشنیار دەكەین، بەو شێوازە بێت لەگەڵ ئەوەی سۆزان خان (رسم السیاسة العامة للمحافظة بالتنسیق مع الوزارات ووضع الخطط الاستراتیجیة لتنمیتها انسجاما مع التنمیة الوطنیة وتنمیة الاقلیم)، پرسیارەكەی تری سۆزان خان، ئەوەی سیاسەی عام هەموو شتێك دەگرێتەوە لە ناحیەی خەدەمات دەگرێتەوە وە ناحیەی تەنمیەی موحافەزە دەگرێتەوە و دانانی ماستەر پلان و هەموو شێوازێكی كە موتەعەلق بێت بە موحافەزە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سیاسەی عامە خۆ مەبەستی سیاسەت نیە، سیاسەی عامە لە بوارەكانی خەدەمی و ئیقتسادی و عیلاقات و هەمووی دەگرێتەوە، پەیوەندی لەگەڵ ئەقزیە و نەواحی هەمووی؟ دانانی میزانیە و تەتبیق و ئەوانە، بەو دوو گۆڕانكایە دەیخەمە دەنگەوە، كێ لەگەڵەیەتی دەستی بلند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە، بەس كاك سعدالدین، بە زۆرینە قبوڵ كرا، بۆ حەوتەم كاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**حەوتەم:**

بریاردان لەسەر پێڕەوی ناوخۆ بۆ کارەکانی ئەنجومەن لە ماوەی مانگێك لە مێژووی یەکەم دانیشتنیەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سابعاً: اقرار النظام الداخلي لعمل المجلس بالاغلبية المطلقة خلال شهر من تاريخ اول جلسة له.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش وابزانم هیچ موناقەشەی ناوێت، کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ کاك کریم ئەگەر لوغەوی مولاحەزەت هەیە بڵێ؟ بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەشتەم:**

دەرچوواندنی بڕیار و پێڕەوە ناوخۆییەکان و ڕێنماییەکان و پێشکەش کردنی ڕاسپاردەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کارگێریی و دارایی و چاککردنی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکان لە پارێزگا دا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثامناً:

اصدار القرارات والانظمة والتعليمات وتقديم التوصيات لتنظيم الشؤون الادارية والمالية وتحسين ادارة الخدمات العامة في المحافظة.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەمانە بۆ ئەوەیە دوو ئەنجومەن بکەونە کارکردنی خۆیان، بەڵام لایەنێکی گرنگ هەیە بۆ ئەوەی ئەنجومەن ئیشی لەسەر بکەن، ئەویش لیژنەکانە، بەڕای من پێویست دەکات لێرە ئاماژە بەوە بکەین کە

ماوەیەك دیاری بكرێت بۆ ئەوەی لیژنەكان دەست بەكاربن بۆ ئەوەی بكەوێتە ناو ئیش و كاری خۆیەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە فەقەراتەكانی دابێت، مەسەلەی تەشكیلی لیجانی تێدایە، بە تایبەتی بڕگەی 14 دەڵێت (تشكیل لجان دائمیة ومؤقتة من بین اعضائه لمراقبة اجهزة او انشطة الهیئات التنفیذیة علی مستوی المحافظة ولها الاستعانة بالخبراء والمستشارین من الوزارات المعنیة بالموضوع).

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز د.دلێر اسماعیل شاوێس:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم خاڵە لەگەڵ خاڵی پێش خۆی دا تێ هەڵكێشە، جۆرە تەئكیدێكی خاڵی پێش خۆیەتی فراوانترە، جگە لەوە لەگەڵ ماددەی 36 لە حوكمە كۆتاییەكەیدا دیسانەوە دووبارە بوونەوەیەكی تیایە، بۆیە بە تەسەوری من ئەگەر بێتو ئەم خاڵی هەشتەمە هەر لابرێت، ئێمە لە حوكمە كۆتاییەكاندا لە ماددەی 36 دەڵێت (یحدد بنظام كیفیة سیر العمل في المجالس)، (چۆنیەتی ڕۆیشتنی كار لە ئەنجومەنە خۆجێیەكان بە پێڕەوێك دیاری دەكرێت)، ئەگەر ئەمە ئیزافەیەكی بۆ بكەین كە لە لایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە دیاری دەكرێ و ئەم خاڵی هەشتەمە لابەرین، پێم وایە باشتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵڵا ئەو حوكمە نیهائیە زیادەیە، كە لێر هاتبێت ئەوە زیادەیە، شەمسە خان فەرموو.

**بەڕێز شمسە سعید محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە سیستەمی لامەركەزی دا دەسەڵاتەكە زۆر زۆر فراوانە، زۆر لە ئیسداری قەرارات و ئەنزیمە و تەعلیمات فراوانترە، حەقی تەشریعی هەیە هەتا حەقی تەعینی كیباری موەزەفینی هەیە، لەوەی بەغداش هەروا هاتووە، حەقی تەشریع هاتووە، جا پێم خۆشتر بوو ئەو دەسەڵاتە زیاتر بكرایە بۆ ئەو ئەنجومەنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

شەمسە خان دیارە دوێنێ لێرە نەبووی؟ ئەی ئەوەمان زۆر شەح کرد ئەوە، کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەیە، مەسائیلی مالی وەزارەتی کێیە ورەقابەی مالی موراقەبەی دەکات؟ ئەگەر مەجلسی موحافەزە تەوسیات بدات بۆ سەرفی مالیە و ئەوانە تەجاوز ناکات لەگەڵ تەعلیماتی مالیە و لەگەڵ کاروباری رەقابەی مالیە؟ ئەشکالێك دروست ناکات؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لە پەرلەمانیش دا لەبەر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی مالیە دەڕۆین، ئەوانیش هەر وا، مەجلسی موحافەزەش تەوسیات و قەراراتی دەبێت ڕەچاوی تەعلیماتی مالیە بکات، کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من تەنها یەك مولاحەزەی موهیمم هەیە، بە حەقیقەت یەکێك لە هەرە موشکیلە گەورەکانی ناو کۆمەڵگا واجبی محافزو مەجلسی موحافەزە، مەسەلەی ناحیەی ئجتماعیە، ئیجتماعی لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆنموونە بیرکردنەوە لە مەشاکیلی پیر، بیکردنەوە لە مەسائیلی فەقیرو هەژار، ئەم شتانە دبێت لێرە دیار بکرێت، ئەگەر ئیجتماعیشی ئیزافە بکرێت شتێکی زۆر باش دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کریم نوقتەی نیزامی هەیە، بەلأم انشالله نوقتەی نیزامی دەبێت! فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو خاڵە کە د.دلێر ئاماژەی پێیدا، ڕاست دەکات، زیاد لەوە ئێمە دەنگمان بۆی داوە لە ماددەی 5 هەمان شت و هەمان مەعنا دەدات، دەڵێت (لە حق اصدار القرارات والانظمة والتعليمات)کەواتە لە ماددەی 5 دەنگمان بۆی داوە، بۆ دووجار دەنگی بۆ بدەین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هەرچەندە نوقتەی نیزامی نەبوو، بەلأم با جوابت بدەنەوە، دەبوایە لە ماددەی 5 ئینتیباه بکەی و بڵێی لە ماددەی 8 داهاتووە، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە بەعزێك لە فەقەرات تیکرارە، بەلأم شتی تازەشی تیایە، دەڵێت (وتحسين ادارة الخدمات العامة فی المحافظة) ئیدارەی خەدەمات بە قەناعەتی من خەدەماتی ئیجتماعیش دەگرێتەوە، بە نیسبەت ئەوەی

د.دلێر منیش لەگەڵیمە ئەوەی لە 36 ڕەنگە زیاد بێت، کە گەیشتینە 36 ئەگەر لایبدەن، مەوەزوعەکە ڕێك بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە ئەوەمان لە بیر بێت لە ئەحکامی خیتامی ئەوەی کاك دلێر گوتی لەوێ شەتبی بکەین، دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵیەتی دەست بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەس کاك کریم، باشە، بۆ نۆیەم، کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نۆیەم:

پێشنیازکردنی پرۆژە یاسا تایبەتیەکان بە پەرەپێدانی پارێزگا و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێگەی وەزارەتی پەیوەندیدارەوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تاسعاً:

اقتراح مشاريع القوانين الخاصة بتطوير المحافظة ورفعها الى مجلس الوزراء عن طريق الوزارة المعنية.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەش شتێکی تەبیعیە، ڕەئی لیژنەی قانونی چیە؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی لە بیدایەتی موناقەشە ئەگەر جەنابت ئاگادار بووی، گوتیان عەلەئەساس مەجلسی مەحافەزە حەقی ئیسداری تەشریعاتی هەبێت، ئێمە وەکو بەدیلێك ئەوەمان دانا، عەلەئەساس، ئەگەر یاسایەك هەبێت بۆ محافەزە ئیمکان هەبێت لەڕێگەی وەزارەی مەعنی بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران و بۆ ئەوەی بێتە پەرلەمان و ئێمەش لێرە بۆیان موسادەقەی لەسەر بکەین، ئەوە بەدیلەکە بوو کە دامان نابوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان بۆچوونی پێشوومە، کە دەبێت بگوترێت (رفعها الی البرلمان عن طريق مجلس الوزراء)، نەك بەو شێوەیەی ئێستا و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پێویستی ناکات، شەرت نیە مەجلسی وزەرا موافەقەت بکات، کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان رەئی کاك کریمم هەیە، مەرجەکە لێرە چیە؟ فعلەن وایە لەوانەیە ئەنجومەنی وەزیران قبوڵی نەکات، بەڵام لە ئەسڵدا کە تۆ پرۆژە یاسا دەکەی، کەواتە بۆ پەرلەمانە، موەجەهە بۆ پەرلەمان، بەڵام ناوهێنانی پەرلەمان زەرورە لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەو کاتە، فەترەیەك ئەنجومەنی وەزیران حەقی خۆیەتی پرۆژەکە بەرزدەکاتەوە یان نا؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

هێشتا ئەوە موقتەرەحە، ئێستا هەموو وەزارەتەکان ئیقتراحی پرۆژە دەکەن و بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی دەنێرن، نایەتە ئێرە ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر پەسەندی کرد ئەوجا دەینێرێ بۆ ئێمە، سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە وەزارەتی مەعنی من بە زیادی دەزانم، چونکە هەر ئەنجومەنی وەزیران بۆ خۆی لیژنەی بۆ پێك دێنێت، هەر دوورخستنەوە و تەئخیر بوونی پرۆژەکە دەکات لێرە، یەعنی ئێمە دەڵێین رۆتین کەم بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە، بەڵام هەندێك جار پێویست دەکات رەئی وەزارەتی پەیوەندار، زۆر مەشاریع هەیە لەگەڵ وەزارەت دەوڵەمەند بکرێت کە زۆر باشترە، دەیخەمە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا ئەو کاتە ئەو موقتەرەحە زۆر هین نیە، نیساب تەواو نیە برۆن بۆ فەقەرەیەکی تر، کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دەیەم:**

دەستنیشان کردنی پێشینیەکانی(اولويات) پارێزگا لە پرۆژەکان و بۆی هەیە هەر پرۆژەیەکی خۆجێییەتی لە ناو بودجەی ساڵانەدا هاتبێت بۆ وەزارەتێك هەمواربکات بە هەماهەنگی لەگەڵیدا بە رەزامەندیی زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجومەن بە مەرجێك ئەو هەموارکردنە نەبێتە مایەی زیادبوونی ڕادەی خەرج کردنی باسکراو لە پلانەکان و هەروەها بەو مەرجەی کە لەگەڵ کارایی جێبەجی کردنی ئامانجە

نیشتمانیەکان لە هەرێمدا ناکۆك نەبێ و بۆی هەیە هەر پرۆژەیەکی تر بەرەزامەندیی دوو لە سەر سێی ژمارەی ئەندامانی هەموار بکری یاخود رابگیرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عاشراً:

تحديد أولويات المحافظة من المشاريع وله تعديل اي مشروع محلي يرد ضمن الموازنة السنوية لاية وزارة بالتنسيق معها بالاغلبية المطلقة على ان لا يؤدي هذا التعديل الى الزيادة في حدود الصرف المذكور في الخطط وعلى ان لا يتعارض مع فاعلية تنفيذ الاهداف الوطنية في الاقليم وله تعديل او ايقاف اي مشروع آخر بموافقة(3/2) ثلثي عدد اعضائه.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە وازحە، د.هالە قسەی هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.هالە سهیل وادی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموو وەزارەتەکان پرۆژەکانیان ڕەوانەی وەزارەتی پلاندانان دەکەن و لەوێ تەحدیدی ئەولەویات دەکرێت، لێرە ئەگەر بڵێین (بالتنسيق مع وزارة التخطيط) باشتر نیە؟ لەوەی کە لەگەڵ هەموو وەزارەتێك دیسان ئەولەویات تەحدید بکرێت، خۆی دەچێتە وەزارەتی پلاندانان لەوێ فلتەر دەکرێ و ئەولەویات تەرتیب دەکرێت لەگەڵ وەزارەتی مالیە بودجەی بۆ تەرخان دەکرێت، بە رەئی من پلاندانەکە باشترە لە لە وەزاراتی مەعنی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ئەگەر ماددەکە بخوێنیەوە دەبینی تەنسیقی تێدایە، چونکە دەڵێت (تحديد أولويات المحافظة من المشاريع وله تعديل اي مشروع محلي يرد ضمن الموازنة السنوية لاية وزارة بالتنسيق معها .....) یەعنی ئەو تەنسیقە هەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

(وزارات المعنيه) باشتره و تەفسیلاتی زیاتره، زمنی ئەو وەزاراتانه وەزارەتی پلاندانانه، ڕەنگه پێش هەموویان دەبێت لەگەڵ ئەوان بێت، بەڵام به تەنها بڵێی وەزارەتی پلاندانان ڕەنگه هەندێك جار پێویست بکات لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، ئەگەر پێویست بکات لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی، مەعنی شامله هەمووی دەگرێتەوە، تاسعا بخوێنەوە کاك عونی بۆ ئەوەی بیخەینه دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تاسعاً:**

**اقتراح مشاريع القوانين الخاصة بتطوير المحافظة ورفعها الى مجلس الوزراء عن طريق الوزارة المعنية.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیه دەستی بڵند بکات تکایه؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیه؟ فەرموون، به کۆی دەنگ قبوڵ کرا، فەرموو قسەی بکه مەبەستت چیه و کامەیه؟ کاك بارزان فەرموو.**

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**عاشراً:**

**تحديد أولويات المحافظة من المشاريع وله تعديل اي مشروع محلي يرد ضمن الموازنة السنوية لاية وزارة بالتنسيق معها بالاغلبية المطلقة على ان لا يؤدي هذا التعديل الى الزيادة في حدود الصرف المذكور في الخطط وعلى ان لا يتعارض مع فاعلية تنفيذ الاهداف الوطنية في الاقليم ) لەو جوملەیه، مەعنای وایه ئەهدافی وەتەنی، مەجلسی وزەرا ئەهدافی وەتەنی دیاری دەکات له شوێنێك که جامیعەی پێویسته و له شوێنێك دەیەوێ دروست بکات و نابێت، ئەهدافی وەتەنی جۆرێك له مەرکەزیەت له مەجالسی مەحەلی وەردەگرێتەوە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك شێروان جوابی دەدەنەوە؟ یان من جوابی بدەمەوە، وەڵڵا ئەوەی جەنابت دەیڵێی دەق وانیه، چونکه لێرە چ دەڵێت؟ دەڵێت (على ان لا يتعارض مع فاعلية تنفيذ الاهداف الوطنية في الاقليم) یەعنی ئەو ئەهدافانەی پەرلەمان دایناوه له دەستوورهەیه، ئەو ئەهدافانەیه نابێت ئەو شتەی مەجلسی موحافەزە دەیکات، تەعاروز بکات لەگەڵ ئەو ئەهدافه وەتەنیانەی که له دەستووری هەرێم دا هاتووه و پەرلەمان دەری کردووه، به عەکسەوە دەبێت هەبێت،(عاشرا) بخوێنەوە کاك عونی.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**عاشراً:**

تحديد أولويات المحافظة من المشاريع وله تعديل اي مشروع محلي يرد ضمن الموازنة السنوية لاية وزارة بالتنسيق معها بالاغلبية المطلقة على ان لا يؤدي هذا التعديل الى الزيادة في حدود الصرف المذكور في الخطط وعلى ان لا يتعارض مع فاعلية تنفيذ الاهداف الوطنية في الاقليم وله تعديل او ايقاف اي مشروع آخر بموافقة(3/2) ثلثي عدد اعضائه.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

(الاغلبية المطلقة على ثلثى اعضاءە) ئەوە بنووسە، بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگەوە، بەو تەعدیلەی كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ فەرموون، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ كرا، بۆ یازدەم كاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**یازدەم:**

چاودێری گشت چالاكییەكانی دەستەكانی جێبەجێ كردن بۆ دابین كردنی باش جێبەجێ كردنی كارەكانی بێجگە لە دادگاكان و یەكە سەربازییەكان و پاسەوانی هەرێم( پێشمەرگە) و كۆلێژەكان و پەیمانگاكانی سەر بە وەزارەتی فێركردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و ئەو فەرمانگانەی كە تایبەتمەندیی فیدراڵییان هەیە لە هەرێمدا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**حادي عشر:**

الرقابة على جميع انشطة الهيئات التنفيذية المحلية لضمان حسن اداء اعمالها باستثناء المحاكم والوحدات العسكرية وحرس الاقليم ( البيشمرگە ) والجامعات والكليات والمعاهد التابعة لوزارة التعليم العالي والبحث العلمي والدوائر ذات الاختصاص الاتحادي في المحافظة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نازناز خان فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی من ئەوەیە بۆ کۆلیژەکان و پەیمانگاکانی سەر بە وەزارەتی فێرکردنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هاتۆتە زمنی ئەوانەی کە نابێ چاودێری بکات، یەعنی بەس پرسیارە، بۆچی؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لەبەرئەوەیە ئەوانە موئەسەساتی عیلمی سەربەخۆن هەر موئەسەساتێکیش سەربەخۆ بێت سیستەمی تری هەیە بۆ رقابە کردنی، فەرموو گوڵاڵە خان.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆلیژ و پەیمانگاکانیش لە سنووری خۆیان دا گرفتیان زۆرە، بۆیە ئەمان چاودێریان بکردایە شتێکی باش بوو.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

ئەگەر دەکرێت، ئەهلی ئیزاف بکرێت، لێرە ئەوەی نازناز خان مولاحەزەی کرد، د.شکریە فەرموو.

**بەڕێز د.شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ خاڵی یەکەم و لەگەڵ گوڵاڵە خان و نازناز خان دام، هەروەها لە کوردیەکەی زیادکردنی زانکۆکان کە تیای نیە، لە عەرەبیەکە تیایەتی، ئەگەر زیاد بکرێت زانکۆکان و کولیات، چونکە لە عەرەبیەکەی هاتووەو لە کوردیەکەی نەهاتووە،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سعدالدین فەرموو.

**بەڕێز ملا سعدالدین ملا عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت فەقەرەی 11 تەقریبەن فەقەرەیەکی زیادەیە، لەبەرچی؟ لەبەر موبەرراتی یەکەم: بە نیسبەت مەحاکم (القضاء لا سلطان علیە) نەك مەجلسی موحافەزە، پەرلەمانیش ناتوانێت تەدەخول بکات، دووەم: وەحداتی عەسکەری عایدی وەزارەتی دیفاعە، یەعنی ئەوەش من زمنی سەڵاحیاتی حکومەتی ئیقلیمیە، نازانم ئەوە بۆ زیاد کراوە جامیعات و کولیات و مەعاهد، هەتا لە قانونی مەجلسی موحافەزات، حەقیان هەیە ئیقتراح بکەن بە ئیستحداسی مەعاهد من زمنی میزانیەی موحافەزات و ئەوەی کە بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەی تەعلیمی عالی، وەکو لە قانونی موحافەزاتی حکومەتی مەرکەزی هاتووە، نازانم بۆ داندراوەو لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیقتراح شتێکە و رەقابە شتێکی ترە، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لێرەدا تۆزێك تێ نەگەیشتن هەیە سەبارەت بو مەوزوعە، من هەر ئەوەندەم هەیە بۆ ڕوون کردنەوە، ئێمە خۆمان لێرە یاسایەکمان دەرکردووە و گوتوومانە هەوڵ دەدەین بۆ ئەوەی جامیعەکان سەربەخۆیی خۆیانیان هەبێت، بەڵام کاتێك کە باس لە سوڵتەی ڕەقابی دەکەی، کاتێك کە لە پارێزگایەك دا بیانەوێ تەنانەت کۆلێژێکیش بکەنەوە داوا لە موحافز یان لە قائیمقام یان لە مودیری ناحیە بکەن کە بینایەشیان بۆ تەخسیس بکرێت، یەعنی هەر خۆی وەزارەتی ناوبراو کە وەزارەتی خوێندنی باڵایە بە تەنسیق لەگەڵ ئەواندا دەیکات، تەنها ڕەقابە کە دەڵێی چاودێری کردن، ئەو چاودێری کردن لەلایەنی بەڕێوەچوونی ئیشەکانیان دا، ئێمە حەقە ئیحتیفاز بەوەوە بکەین کە هەموو ئەو دەزگایانە سەربەخۆیەتی تەواوی خۆیانیان هەبێت بۆ ئەوەی کەس تەدەخولی ئیش وکاری ئەوان نەکات، هەر ئەوەندەم هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرسوپاس وەڵڵا مولاحەزاتی وا نەبوو، بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان تکایە، بەڵام کاك سەردار مولاحەزەیەکی باشی دا، بۆ ئەوەی جامیعاتی ئەهلیش بگرێتەوە ئەوە، لێرە پێویست ناکات بنووسرێت (التابعە لوزارە التعلیم العالی)، ئەوەش بۆ ئەوەیە کە هەمووی بگرێتەوە، تا دەگاتە (الکلیات والجامعات والمعاهد) لە (تابعە............ بسڕێتەوە تا دەگاتە البحث العلمی)، ڤیان خان فەرموو.

**بەڕێز ڤیان سلێمان حاجی بشار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(التابعة لوزارة التعلیم العالی والبحث العلمی ) لابرێت، کەواتە بە شێوەیەکی عام دەمێنێتەوە، واتە مەعاهدی پەروەردەش دەگرێتەوە کە مەعاهدی سەر بە وەزارەتی پەروەدەن، ئەمە دەتوانێ چاودێریان بکات، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کە گوتمان (الجامعات، والکلیات، والمعاهد)، بیکەنە (ومعاهد التعلیم العالی والبحث العلمی) ئێمە ئەو مەبدەئەمان خستووە لەبەرئەوەی دەمانەوێ جامیعات و مەعاهد سەربەخۆ بن، بەڵام مەعاهدی سەر بە وەزارەتی تەربیە باسی سەربەخۆیی ئەوەمان نەکردووە، تەبیعی دەکرێت چاودێری بکرێت، ئەو سیغەیە باشە (والجامعات، والکلیات، ومعاهد التعلیم العالی والبحث العلمی) بیخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**حادي عشر:**

**الرقابة على جميع انشطة الهيئات التنفيذية المحلية لضمان حسن اداء اعمالها باستثناء المحاكم والوحدات العسكرية وحرس الاقليم ( البيَشمركة ) والجامعات والكليات ومعاهد التعليم العالى والبحث العلمى والدوائر ذات الاختصاص الاتحادي في المحافظة.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە کێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەس کاك سعدالدین، بە زۆرینەی دەنگ قبوڵ کرا، ئەو حەزی لێیە ئیعتراز بگریت! فەرموون بۆ خاڵی دوازدەم، کاك اخر فەرموو.**

**بەڕێز اخر شێخ جمال :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دوازدەم:**

**1 ـ ڕەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی ڕەها لەسەر پاڵاوتنی سێ پاڵێوراو لە ئەسڵی پێنج کەس کە پارێزگار پێشکەشیان دەکات بۆپڕکردنەوەی پۆستی هەردوو جێگری پارێزگا و فەرمانی دامەزراندنی دوانیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ.**

**2 ـ ڕەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی ڕەها لەسەر پاڵاوتنی سێ پاڵێوراو لە ئەسڵی پێنج کەس کە پارێزگار پێشکەشیان دەکات بۆپڕکردنەوەی پۆستی بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە پارێزگادا و فەرمانی دامەزراندنی یەکێکیان لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێ.**

**3 ـ پێشنیاری لەسەرکار لادانی بەڕێوەبەرە گشتیەکان لە پارێزگا بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامان لەسەر داوای پارێزگار یان لەسەر پێشنیازی (5/1) پێنجیەکی ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەن، هەروەها ئەنجومەنی وەزیران مافی لادانی هەیە بە پێشنیازێك لە وەزارەتی تایبەتمەند بە پێی ئەو هۆیانەی کە لە بڕگەی (دووەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتوون.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عونی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ثاني عشر:**

1- المصادقة بالأغلبية المطلقة على ترشيح ثلاثة  من أصل خمسة مرشحين يقدمهم المحافظ لاشغال منصب نائبي المحافظ ويصدر امر تعيين اثنين منهم من قبل مجلس الوزراء.

2- المصادقة بالأغلبية المطلقة على ترشيح ثلاثة مرشحين من اصل خمسة يقدمهم المحافظ لاشغال مناصب المدراء العامين في المحافظة ويصدر الامر بتعيين احدهم من قبل مجلس الوزراء.

3- اقتراح اعفاء المدراء العامين في المحافظة بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس بناءً على طلب المحافظ او (1/5) عدد اعضائه ولمجلس الوزراء حق الاقالة بناءً على طلب الوزير المختص استناداً الى احد الاسباب الواردة في الفقرة (ثانياً) من هذه المادة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەكەین، دیارە لە فەقەرەی 3 ئەغلەبیەی موتڵەقە و عەدەدی ئەعزا هاتووە بە وزوحی، بەڵام لە فەقەرەی یەك و دوو  نەهاتووە، ئەوە ئیزافە دەكەین و تەنها ئەوەندە مولاحەزەمان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دوێنێ زۆر موناقەشەمان كرد كە دەسەڵاتەكانی هی ئەنجومەن بێت، بە ڕەئی من لە باتی ناردنی 3 كەس لە 5 كەسەكە تەنها 2 كەس بنێرن، چونكە ئەو كاتە دەبێت بە تەعین، 3 كەس مورەشەح نەبن بۆ ئەوەی دووانیان تەعین بكەن، هەر دوو كەس تەرشیح بكەن، ئەنجومەنی موحافەزە بۆ ئەوەی دوو كەسەكە تەعین بكرێت، چونكە هەردوو بڕگەكە لە بڕگەی 1 و 2 ی فەقەرەی 12، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێشنیار دەكەم ئەم یەكەمە بگۆڕێت یان لابچێت، یەعنی كە ئێمە ئەو سەڵاحیەتەمان داوە بە موحافز 3 كەس یان 4 كەس یان 5 كەس دیاری دەكرێت بۆ تەرشیح یان بڵێین (انتخاب بالاغلبية المطلقة من قبل مجلس المحافظة وتعيين من قبل المحافظ)، یەعنی بە هەڵبژاردن بێت و ئەمە تەرشیح بكات و

سێیان تەرشیح بکات و دوایە هەم جارێکی تر هەڵبژێرێ، بۆچی هەر یەکسەر نەڵێین مەجلسی موحافەزە بە ئەغلەبیەی موتڵەق دوو کەس هەڵبژێرێ، ئەویش ئەمری تەعینیان بۆ دەربکا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تۆزێك تێکەڵاوی دەبینم لە خاڵی 3 دا (اقتراح اعفاء المدراء العامين في المحافظة بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس بناءً على طلب المحافظ او (1/5) عدد اعضائه ولمجلس الوزراء حق الاقالة بناءً على طلب الوزير المختص)، من لێرە پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا پاش ئەوەی کە ئەوان ئیقتراحی لابردنی ئەو بەڕێوبەرە گشتیەیان کرد، یەعنی ئەمان بەرزی دەکەنەوە بۆ وەزارەت و وەزیر پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکات؟ یاخود ئەمان ڕاستەوخۆ پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیرانی دەکەن؟ میکانیزمەکە لێرەدا دیار نیە، چونکە ئێمە ئەناڵێنین بە دەست ئەو مەوزوعەوە، بەڕاستی ئەوە دەبێت دیاری بکرێت، بەرەو ڕووی کێ دەکرێت و کێ بڕیاری لەسەر دەدات؟ چونکە تۆ لێرە ئەگەر دیقەتی لێ بدەن، (مجلس الوزراء حق الاقالة بناء على طلب الوزير)، هیچ عیلاقەی نیە بەسەر بڕگەی پێشووەوە، دوو شتی زۆر، زۆر جیاوازن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سعدالدين فەرمووو.

**بەڕێز ملا سعدالدين ملا عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

عەینەن لە فەقەرەی 3 کە باس لە (اقتراح اعفاء المدراء العامين) دەکات (بناءً على طلب المحافظ (1/5) عدد اعضائه) ئەوە جانبێکی، جانبی دووەم: (ولمجلس الوزراء بناءا على اقتراح الوزير)، تەبیعی ئەگەر ئەتوو لێرە تەماشا بکەی ئیعفای ئەسحابی مەناسبی عولیا کە (تحت الادارات المتعدده)، یەعنی مەجلسی وزەرا بۆی هەیە، 5/1 بۆی هەیە، وەزیر ئیقتراح بکات، موحافز ئیقتراح بکات، یەعنی ئەوە (تحت الادارات المتعدده) ئەو مەناسبە عولیایە، ئەوەش ناکرێت، تەوکیلی موهیمەی نیهائی لێرە بۆ کێ بێت باشە، بۆ مەجلس ببێت، یەعنی بەو شێوەی لێ بێت تەوکیلی نیهائی لی بۆ ئیعفا لە دەست مەجلس بێت، ئەو حەقی ئیعفای هەبێت، ئیقتراح بکات لە بۆ مەجلسی وزەرا، بۆ؟ یەعنی وای لێ بێت (اعفاء المناصب العليا فى المحافظة بالاغلبية المطلقة)، ئەوە یەك، دووەم (لاعضاء المجلس بناء على طلب خمس عدد اعضاء المجلس او بناء على اقتراح من المحافظ او مجلس الوزراء) ئەوجا قەیناکە (باقتراح من الوزير المختص استنادا للاسباب الواردة فى الفقرة 8 من المادة)، نەك بڵێی (ولمجلس الوزراء)، یەعنی ئەوە (تحت الادارات المتعددة) یەو لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێم وایە ئەو فەقەرەیە بڕێك شەرح کردنی دەوێت، چونکە ئەو بۆچوونەی جەنابت ئەگەر باش شەرح نەکرێت! کاك شێخ الله فەرموو.

**بەڕێز شێخ الله ابراهیم شیخ الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئە تەرشیح کردنە کە لەلایەن پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگار دوو کەس هەڵدەبژێرن نەبێتە 3 کەس، لەبەرچی 3 کەس؟ نازانم ئەسبابی ئەو 3 کەسە چیە؟ پێم باشە ڕاستەوخۆ لەلایەن مەجلسەوە هەڵدەبژێردرێت یان تەرشیح دەکرێت، ئەوە هەر دوو کەسەکە بێت، کە لێرە باس لەوە ناکەن ئەو ئەنجومەنە یان پارێزگار کە داوای ئیعفای مودیری عام دەکات یان لادانی مودیری عام دەکات، ئەکید لە سەڵاحیەتی موحافز نیە ڕاستەوخۆ، یان هەتا وەزیریش مودیری عام دەربکات لە سەڵاحیەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڵام پێم وایە دەبێت لە ڕێگای وەزیرەوە، هەتا پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگار لە ڕێگەی وەزیرەوە داوای دامەزراندن یان ئیعفای ئەو مودیری عامانە بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زرار فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبیەکانی من گوتران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك د.نوری فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم سیستەمە دەمێکە لە زانکۆکانی فەرەنسا کاری پێ دەکرێت، مامۆستایان لە بەشێك لە بەشەکان ناوی سێ ئەندام کاندید دەکەن بۆ ڕاگر، یەکێکیان لێ هەڵبژێرێ، پاشان سەرۆکی بەشەکان ناوی سێ مامۆستا کاندید دەکەن بۆ ئەوەی کەوا یەکێکیان ببێت بە ڕاگر، هەروەها لەلایەن راگرەکانەوە بۆ سەرۆکی زانکۆ، ئەمە کارێکی چاکە، بەڵام لێرەدا لە بڕگەی یەکەم دا هەندێك لە داڕشتن تۆسقاڵێك لەقی تێدایە، من بەو جۆرەی دەنووسمەوە (رەزامەندی دەربڕین بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی لەسەر پاڵاوتنی 6 پاڵێوراو)چونکە لێرە 2 کەسمان دەوێت، دوو جێگری پارێزگار هەیە لەلایەن پارێزگارەوە بۆ پۆستی هەردوو جێگری پارێزگار فەرمانی دامەزراندنیان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت، ئەمە سەبارەت بەو بڕگەیەوە، لە بڕگەی 3 من لەگەڵ ئەوە دانیم کەوا ئەو دەسەڵاتە بدرێتە ئەنجومەنی وەزیران با وەزیری تایبەتمەند حەقی ئەوەی هەبێت کەوا ئەو پێشنیازە پێشکەش بکات بۆ ئەنجومەنی

وەزیران و ئەنجومەنی وەزیرانیش داوا لە ئەنجومەنی پارێزگا بکات بۆ ئەوەی کەوا ئەو کەسانە لەسەر پۆستەکەیان لابرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی من سۆزان خان و ملا سعدالدین گوتیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵاڵە خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من وەکو مەبدەئێکی خۆم لە سەرەتای یاساکەوە ئەو تێبینیەم هەبوو، مەسەلەی پارێزگار و قائیمقام و بەڕێوبەری ناحیە دەزگایەکی عەسکەرتاریەتە لەسەردەمی عوسمانیەکانەوە هاتۆتە ناو ئیدارەی عیراقەوە بۆ ئەوەی لە هەموو شوێنێك سوڵتەیەکی عەسکەری هەبێت، دەنا وەزارەتی ناوخۆ وەزارەتێکە تایبەتمەندە بە ئەمن و ئاسایشی ناوخۆ کە پۆلیس و ئاسایش دەگرێتەوە، بۆیە موحافزیشم پێ زیادە و ئەگەر موحافزیش هەبێت دوو جێگر هەر زیادەیە، بە تەجروبەش بینیومانە موحافز دەسەڵاتی خۆی ناداتە جێگر، تەنها شوێنێکە دەگیرێت و خەڵکێکی چۆن دەڵێی سڕ دەکرێت، ئەو کەسانەش کە دەبنە جێگر چالاکیان کەم دەبێتەوە، لە خاڵی 3 یش دا، بەڕاستی باشترە دەسەڵاتەکە بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا و بۆ وەزیر، چونکە ئەوەش بە تەجروبەی خۆمان هەر شتێك کە دەچێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران کاتێکی زۆر دەخایەنێت و مادام وەزیر خۆی سەڵاحیەتی ئەوەی هەیە بەڕێوبەری گشتی دانێ، با سەڵاحیەتی ئەوەشی هەبێت لاشی ببات، بۆیە پێویست ناکات بگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر قسەت هەیە لەسەر ئەو بۆچوونانە؟ باشە با لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ ڕەئیتان لەسەر ئەو تێبینیانە چیە؟ کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی زیاتر تەرکیزی لەسەر کرا لەسەر فەقەرەی 3 بوو بەڕاستی، عادەتەن لە فەقەرەی 3 ئیقتراحی ئیعفای مودەرای عامین تەنها دراوەتە ئەنجومەنی پارێزگاکان، ئەویش بە (بالاغلبیة المطلقة لعدد اعضاء المجلس)، لە چ حاڵەتێك؟ لە حاڵەتێك ئەگەر هاتو موحافز تەڵەبی کرد یاخود 5/1 پێنجیەکی ئەندامانی ئەنجومەن تەڵەبیان کرد، بەڵام مەجلسی وزەراش حەقی ئیقالەی هەیە، ئەگەر وەزیر تەڵەبی کرد، ئەگەر

ئەو مەوزوعە تەفسیلێ بکەین بەو شکلەیە، مەسەلەن مەعاونی مودیری عامی تەربیە، مودیری عامی تەربیە ئەنجومەنی پارێزگا ناتوانێ ئیقالەی بکات، بەڵام ئیقتراح دەتوانێ بە ئەغلەبیەی موتڵەقە، بەڵام کەی؟ ئەگەر هاتو موحافز داوای کرد یان پێنجیەکی ئەندامان داوایان کرد، یاخود ئەگەر وەزیری تەربیە لە ئەنجومەنی وەزیران داوای کرد، ئەو سێ قەناتە بەهەر سێ قەناتی حەقیان هەیە ئەو مودیری عامە لاببەن، ئەمە تەفسیلی ماددەکەیە کە ئێمە لێی تێ گەیشتووین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە تەفسیلی کرا، بەڵێ سۆزان خان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرە باسی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکەین، کاری وەزیر و عیلاقەی بەینی وەزیر و ئەنجومەنی پارێزگارە؟ بۆ پارێزگا بۆ هاتۆتە ئەم بەندەوە؟ ئەوە لە کاتی خۆیدا و لە کاتی یاسای وەزارەتەکان گوتوومانە وەزیر حەقی ئیقالەی هەیە لە هینی مودیری عامێك، لێرە ئەگەر بگوترایە (بعد الرجوع الى راى مجلس المحافظة) ئەوە باشە، بەڵام مادام نەووتراوە، کەواتە لێرەدا ئەمە زیادەیە، با بڵێین مەجلس بۆی هەیە و موحافز بۆی هەیە تەواو، ئیتر بۆچی ئێمە جارێکی تر بێنین کارێکی وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیران بخەینەوە ماددەیەکەوە و حەشوێکی زیادەیە، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان ئەگەر ئیجازەیەکم بدەی، مودیری عام مەجلسی وزەرا تەعینی دەکات، وەزیریش تەعینی ناکات، ئەوە یەك، مەجلسی موحافەزەش ئەو کەسەی کە خۆی تەعینی بکات حەقی ئیقالەشی هەیە خۆی، ئەوە ئیقتراحە فەقەت، بەڵام ئەو مولاحەزەیەی سۆزان خان بە هەندە ئەگەر وەربگیردرێت، پێویست ناکات لێرە باسی وەزیر بکرێت (بناءا على طلب الوزير المختص) و فەقەرەی ئەوەندەو ئەوەندە، یەعنی وەلحاسڵ لەوێ هاتووە، لەبەرئەوە (اقتراح اعفاء المدراء العامين في المحافظة بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس بناءً على طلب المحافظ او ($1/5$) عدد اعضائه ولمجلس الوزراء حق الاقالة.) نوقتە و تەواو، ئێستا تۆ باسی قانونی موحافەزە دەکەی، بەڵام خۆی لێرەدا باسی دەسەڵاتی مەجلسی موحافەزە دەکەی، لێرە بۆ دەسەڵاتێك دەدەیتە وەزیر؟ جێگای نیە، ڕاستە ئەو مولاحەزەیت ڕاستە و باسی دەسەڵاتی وەزیر دەکەی رەبتی نیە بە قانونی موحافەزات، دەبێت قانونی ئەنجومەنی وەزیران تەعدیل بکەین! مەجلسی وزەرا لەوێ نیە وەزیرەکە؟ کێ ئاگای لێیەتی و چۆن؟ فەرموو کاك کریم فەرموو خەریکە دەستت دەگاتە من!.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانون، قانونی موحافەزە و ئەنجومەنی موحافەزەیە، لێرە استنادەن بۆ ئیقتراحی وەزیرە بۆ ئەنجومەنی موحافەزە، ئەنجومەنی موحافەزە بۆی بڕیار دەدات، بۆیە لێرە هاتووە ئەم مەسەلەیە، لە قانونی ئەوە نەهاتووە، (بناءً على طلب الوزير المختص).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیر رەبتی نیە بە مەجلسی موحافەزە، وەزیر ئیقتراح بکات ئەنجومەنی وەزیران هەیە و بڕیارەکەش لەوێیە و دەچێتە ئەوێ، بۆ بچێتە مەجلسی موحافەزە؟ وەزیر ئیقتراحی بۆ لابردنی مودیری عامێك، ئەنجومەنی وەزیران هەیە، قەرار لەوێش دایە بۆ بێتە مەجلسی موحافەزە، کاك زانا با ڕێگایەکەت بدەمێ بۆ ئەوەی بەس گلەیی بکەی! فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر (زانا) :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە کاتی خۆی ڕێگات نەدا، بەڵام دەی، منیش رەئی سۆزان خانم هەیە، کە باسی ئیقتراحی ئیعفا دەکرێت، ڕاستە دەسەڵاتەکەی هی مەجلسی وزەرایە، ماددەکەش هەمووی باسی مەجلسی موحافەزات دەکات، بۆیە ئەگەر (لمجلس الوزراء.....) هەمووی لاببەین هەتا کۆتایی هیچ موشکیلەمان نیە، ئەوە بەس ئیقتراحە، دەسەڵاتەکە لە جێی خۆی هی مەجلسی وزەرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو مەجلسی وزەرایە، حەقی ئیقالەکەی زەروریە، لە (بناءً)ەنەوە ئەوە ئیقتراحە، ئەوە لێرەدا ئەوەیە فەرز نیە، قەراری ئەنجومەنی پارێزگا فەرز نیە، بۆیە ئەگەر حەقە لای مەجلسی وزەرا بمێنێت، کاك کرخی با دەنگێکی تورکمان هەبێت لەسەر ئەو قانونە فەرموو.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمڕۆ چەندی دەستمان بڵند کرد، دەستمان شل بوو و حەقمان خورا، ئەمڕۆ تورکمان حەقی نیە!

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاکە حەقتە.

**بەڕێز کرخی نجم الدین نورالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لە هەرێم دا دوو جۆرە بەڕێوبەری گشتیمان هەیە، ئەو مەسەلەیە دەبێت لێك جیابکرێتەوە هەندێك بەڕێوبەری گشتی هەیە پەیوەندی بە یەك موحافەزە هەیە، ئەوە لەلایەنی ئیقتراحەکە لە مەجلسی موحافەزەوە بکرێت واردە، بەڵام هەندێك مودیری عام هەیە پەیوەندی بە هەموو کوردستانەوە

هەیە، بۆ نموونە بەڕێوبەری گشتی ئاسایش یا پۆلیس، هی هەموو کوردستانە، چۆن موحافەزەیەك دەتوانێ ئیقتراح بکات بۆ ئەوە، بۆیە هی وەزیرەکە و مەجلسی وزەرا لەوێ بۆ ئەم مەسائیلانە گرنگە، ئەو دوو جۆرە مودیری عامەمان هەیە، هەموویان یەك نەوعە مودیری عام نین، هەندێکیان هی هەموو کوردستانە و هەندێکیان هی بەشێکە، وەکو پەروەردە، کە پەروەردە هی موحافەزەیەکە حەقی هەیە، بەڵام ئەوانی تر جیاوازن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کرخی ئەوەی بۆ هەموو کوردستانە مەقەرەکەی لە وەزارەتەکەیە، مودیر عامی پەروەردەی مەرکەز لە هەولێرە، بەڵام مودیر عامی پەروەردەی سلێمانی لە سلێمانیە، مودیر عامی پەروەردەی دهۆك لە دهۆکە، لەبەرئەوەی مەجلسی موحافەزە لێرەدا حەقی داوەتێ بەو شروتانەی کە بۆی داندراوە، حەقت داوەتێ ئیقتراح بکات بۆ لادانی، بۆیەش دەڵێت (لمجلس الوزراء حق) ئەو دەتوانێ تەقیم بکات و قەراری نیهائی بداتێ، کاك کمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د.کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، لێرە کە ڕەئیەکەیان ئەنێردرێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران، دەبیت حەلەقەیەکی وەسڵ هەبێت لە نێوان موحافەزەو ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە هەر لێرە لە حەوتەم ئیقتراحی مەشاریعمان وا لێ کرد (اقتراح مشاریع القوانین الخاصة بتطویر المحافظة ورفعها الی مجلس الوزراء عن طریق الوزارة المعنیة)، ئێستا کردوومانە، لەبەرئەوە ئەمەش زەروریە وەکو خۆی بمێنێتەوە، خۆی زۆر ڕێك پێك هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاریز فەرموو.

**بەڕێز ئاریز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مەبدەئی لامەرکەزیەتمان تەبەنی کردووە، من پێم وایە و پشتیوانیەکە بۆ قسەکانی سۆزان خان، کاتێك جارێکی تر تۆ دەسەڵات دەدەیەوە بە وەزیر لادانە لەو مەبدەئەی کە لامەرکەزیەتە، چونکە تۆ مەرکەزیەتەکە زاڵ دەکەی، ئەوە یەك، دوو، بێننە بەرچاوتان ئەنجومەنی پارێزگا هەڵبژێردراوە، ڕەنگە بەڕێوبەری گشتی لە حیزبێك دەربچێت حکومەتەکە لەو لیستە نەبێت، سبەی تۆ وا دەکەی کە ئەوە واقعی سیاسی و ئیجتماعی ئێرە وایە، تۆ دەسەڵاتێك دەدەی هەتا ئەگەر لەوێش هەڵبژاردرا بێ و لە ئەنجومەنەکەش داندرا بێت، وەزیر دەسەڵاتی هەیە و لای دەدات و لە هەمان حیزبەکە نیە، ئەو کاتە ڕەنگە حەقی ئەو خەڵکانەی کە دەنگیان پێداوە یاخود هەڵیان بژاردووە بخورێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

وەزیر ناتوانێ لای ببات كاك ئارێز، مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلیم شێرە :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە بۆچوونی من تێكەڵاویەك پەیدا بووە، پێشتر مەحافز كە رەئیسی وەحدەی ئیداری بووە، پێش ئەو قانونە ئیشرافی لەسەر هەموو وەحداتی ئیداری و هەموو دەوائیرەكان كردووە، ئەو دائیرانە هەر یەكە عایدی وەزارەتێك بوونە، لە قانونی موحافەزاتی پێشوو، مەحافز حەقی هەبووە، سەلاحیەتی نەبووە رەئیسی دائیەرەیەك نەقل بكات یان ئیقالەی بكات، تەنها بە موافەقەی وەزیر نەبێت، داوای لە وەزارەت دەكرد ئەو ئیجرائاتەی موحافز دەیویست ئەو ئیجرائاتە بكات، بەس وەزیر دەبووایە ئەو ئیقتراحەی قەبوڵ بكردبا، ئێستا ئەو سەڵاحیەتە دەبێت بدرێتە مەجلسی موحافەزە، تۆ ئەگەر وەزیرت پازدا بەسەری، ئەو دەوائیرانەی كە لە موحافەزەنە عایدی وەزارەتەكانن، بۆ نموونە مودیر عامی تەربیە عایدی وەزارەتی تەربیەیە، ئەشغال عایدی وەزارەتی ئەشغالە، سحەش عایدی وەزارەتی سحەیە، تۆ ئەگەر مەجلسی موحافەزە یەكسەر هەرچی ئیقالە و داواو چ ئیجرائاتێك بێت یەكسەر پاز بدا بەسەر وەزیرەكەیدا و بۆ مەجلسی وزەرا، ئەی كاری وەزارەت چیە؟ بە رەئی من ڕاستترین ڕێگا ئەوەیە مەجلسی موحافەزە ئیقتراح بكات بۆ وەزیر، وەزیریش رەفعی بكات بۆ مەجلسی وزەرا، دەبێت واش بێت، ئەو سەڵاحیەتەی كە پێشتر موحافز هەی بووە، ئێستا دراوەتەوە مەجلسی موحافەزە، لەبەرئەوەی نابی لەسەر وەزارەت پازبدرێت، مومكین نیە ئەوە، لەبەرئەوەی وەزارەت ئیهمال دەكرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز محمد قاسم :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە حەقیقەت وەكو تەجروبەیەك، بەڵام لەوانەیە بڵێن دیسانەوە باسی ئەمریكای كرد، بەڵام عادەتەن ئێمە ئەو پرۆژە یاسایەی كە لەبەردەستمان دایە، پرۆژەی یاسای لیژنەی پارێزگایە، یەعنی ئێمە كارەكانمان بۆ ئەوەیە كە دەسەڵاتی لیژنەی پارێزگا بچەسپێنین و دای بنێین، لەبەرئەوە ئەو شتانەی كە عیلاقەی بە لیژنەی پارێزگاوە هەیە، یان هەتا ئەوانەی كە عیلاقەی بە پەرلەمانەوە هەیە، سێ مەرحەلە و سێ ختوە هەیە بۆ چارەسەر كردنی ئەو كێشەیە، موحافز ئیقتراح دەكات، یەعنی ئیختیاری سێ كەس دەكات بۆ سێ مەسئولیەت، ئەوەی كارە گرنگەكەیە لیژنەی پارێزگار تەبەنی دەكات، تەبەنی كێ دەكات؟ لەوانە یەكێكیان تەبەنی دەكات كە شیاوە و حەقی خۆیەتی و بە كەڵكی ئەو كارە دێت، ئینجا تەعینەكە رەسمیات دەیكات، كە وەزارەتە یان مەجلسی وزەرایە، كارە ئەساسیەكە دراوە بە مەجلسی وزەرا كە تەبەنی كردنی شەخسە موناسبەكەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عادل فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امين :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایە تێكەڵاویەك هەیە لە تێگەیشتن لەو بابەتە، لە لامەركەزیەی ئیداری دا رەقابە هەیە، ئێمە وەكو خۆمان ئەگەر تەماشای هەرێمی كوردستان بكەین ئەوە لامەركەزیەی سیاسیە، ئەوجار دەبێت لامەركەزیەی ئیداری دروست بكەین، ئەنجومەنی وەزیران حەقی رەقابەی هەیە، حەقی دوو جۆرە رەقابەی هەیە لەسەر ئەو ئەنجومەنانەی كە لە خوارەوە دادەمەزرێن، یەكێك لە رەقابانە لەسەر ئەشخاسی لامەركەزیەی ئیداریە، لەسەر تەعینیان، لەسەرحەزیان، لەسەر موعاقەبە كردنیان وەكو ئەشخاس، لە هەمان كاتدا رەقابەیەكی تری ئیداری هەیە لەسەر ئەعمالی ئەو ئەنجومەنانەی كە لە خوارەوەیە، لە كاتێك دا ئەگەر هاتو ئەو ئەنجومەنە پێچەوانەی یاسا ئیشی كرد، ئەو كاتە مەركەز بۆی هەیە سكاڵایان لەسەر بكاتەوە، بۆی هەیە لە هەندێك حاڵەت دا ئەگەر هاتو ئەوان نەیانتوانی لە بوارێك لە بوارەكان نەیانتوانی خەدەمات پێشكەش بكەن با خەڵك جێگایان بگرێتەوە، بۆ نموونە لە تەندروستی یان لە پەروەردە یان لە هەر بوارێكی تر، كە هەڵبژاردران بە چاكی ئیش دەكەن لەبەر ئەوەی مەسڵەحەتی عامی هەرێم وا دەخوازێ، یەعنی ئەوە دەچیتە بابی رەقابەی ئیداریەوە، حەقی ئەوە هەیە ئەنجومەنی وەزیران، خەڵك عەزل بكات و خەڵك تەعین بكات و ئەمریش لای ئەوەوە دەرچێت.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسەبت خاڵی یەكەمەوە، لە جیاتی ئەوەی 3 كەس هەبێت، 2 پاڵێوراو هەبێت باشترە بۆ ئەوەی كە هەر دوو پاڵێوراو هەبێت باشترە لە كۆی پێنجەكە، خاڵی دووەمم، بە نیسبەت ئەوەی كە دەڵێت سێ پاڵێوراو كاتی خۆی بۆ جێگرەكانیش یەك جێگر هەبووە، كە مادام یەك جێگر هەبووە، بۆیە سێ كەس دیاری كراوە، كە بوو بە دوو كەس پێویستە وەكو ئەوەی كاك د.نوری گوتی ببێ بە 6 كەس مادام وایە، چونكە حەقیقەتەكەی لەسەر ئەساسی یەك كەسەكە ئەو سێ كەسە داندراوە، نەك لەسەر ئەساسی دوو كەسەكە، بۆیە مەفروزە وابێت وەكو ئەوەی كاك د.نوری ئاماژەی پێدا، دەست خۆشی لە خوشكە سۆزان دەكەم كە بەڕاستی بۆچوونەكەی دروستە، وەزیری پەروەدە لێرە جێگەی نابێتەوە هیچ پەیوەندیەكی بە وەزارەتی پەروەردەوە نیە، وەزارەتی پەروەدە بۆ خۆی لە یاساكەی خۆیدا دەتوانێ هەر مودیری عامەكەی خۆی، یان هەر وەزارەتێكی تر،دەتوانێ تێبینی خۆیمان پیشان بدات و داوای لابردنی ئەو هینە بكات، چونكە دەسەڵاتی دانان و لابردنی بەڕێوەبەری گشتی ئەنجومەنی وەزیران دەیكات، كەواتە پێویستە وەك

ئەوەی جەنابیشت ئیشارەتت پێیدا بەو شێوەیە بێت وەکو سۆزان خان پێشنیاری کرد، لەگەڵ ڕێزو سوپاسم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مەنسبی نائیبی موحافز کە دەبێت 5 مورەشەح موحافز تەقدیمی مەجلسی دەکات، مەجلس 3 لەو مورەشەحانە هەڵدەبژێرێ، ئەنجومەنی وەزیران لەو 3 کەسە 2ی هەڵدەبژێرێ ب مەنسبی نائیبی موحافز، ئەمە ئالیەتەکەیە، بەڵام ئێمە باس لە دابەشکردنی دەسەڵات دەکەین، ئەم مەبدەئەی کە ئێستا هاتووە دەسەڵاتێکی داوەتە موحافز 5 تەرشیح بکات و دەسەڵاتێکیشی داوەتە ئەنجومەن لەم 5 کەسە 3 کەس تەرشیح بکات، دەسەڵاتێکیشی داوەتە ئەنجومەنی وەزیران لەو 3 کەسە 2ی تەرشیح بکات، ئەمەیە خۆی دابەشکردنی دەسەڵات، ئەگەرئێمە بمانەوێ، ئەوە یەك، دووەم: بە نیسبەت ئقتراحی ئیعفای مودەرای عامین، ئیعفای مودەرای عامین، ئەوەڵەن موحافز تاکرەوانە حەقی نیە تەڵەبی ئیقتراح بکات ئیللا دەبێت بگەڕێتەوە بۆ مەجلس، کەواتە مەجلس دەبێت بینائەن لەسەر تەڵەبی موحافز، ئەوە یەك لە قەناتەکانە، قەناتی دووەم 5/1 ی ئەعزا بۆیان هەیە داوا بکەن لە مەجلس کە ئیقتراحی ئیعفای مودیر عامەکان بکات، سێیەم: بە نیسبەت وەزیر ئەگەر بشبێت زەرەری نیە، ئەگەر نەشبێت زەرەری نیە، بەڵام لە ئەسڵی قەوانینی وەزارات هیچ دەسەڵاتێك نەدراوە بە وەزیر بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم دەسەڵاتە بەکاربهێنێت، چونکە ئیقالەکە لە زمنی دەسەڵاتی وەزیرانە، بۆیە ئەگەر لێرە لاشی بدەن هیچ موشکیلەی تێدا نیە، بە تەسەوری من وەزیر هەر دەتوانێ ئەو ئیقتراحە بکات بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر هاتو ئەو ئەسبابانەی کە لێرە هاتووە وازح بوو و بەڵگەی دروستی هەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەخیر کەس قسەی دەکات، کاک کریم فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی من دەمەوێت وەڵامی کاک ئاریز بدەمەوە، کە دەڵێت وەزیر بە کەیفی خۆی ئیحتیمالە مەسەلەیەکی سیاسی بێت یەکێك لابدات، خۆی لێرە نووسیویەتی کە بە پێی قانون و یاسا بە پێی ئەم یاسایە و ماددەکەی دیاری کردووە کە ئەو مودیری عامە چ غەڵەتێك دەکات و چ هەڵەیە بکات ئینجا دەتوانێ تەڵەبی ئیقالەی بکات، ماددەکە لێرە هەبێت یان نەبێت ئەوە ئیقالەی وەزیرهەبێت باشە و نەشبێت هەر باشە، یەعنی هیچ موشکیلە نیە حەزفی بکەی، بەڵام بکرێت بە (طلب الاقالة عن طريق

الوزير المختص) یەعنی کە بچێت بۆ ریئاسەی وزەرا، موحافز بۆی نیە رەفعی بکات بۆ ریئاسە، لەڕێگەی وەزیری موختەسەوە رەفعی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی بۆ ئەوەی سیغەیەکی تەوفیقی بێت، کاک شێروان ئینتیباه بکە ئەگەر موافەقەتان کرد لەسەری، ( اقتراح اعفاء المدراء العامین في المحافظة بالاغلبیة المطلقة لعدد اعضاء المجلس بناءً على طلب المحافظ او (1/5) عدد اعضائه ورفعها عن طریق الوزیر المختص الى مجلس الوزراء ولمجلس الوزراء حق الاقالة استنادا الى فقرة 2 من المادة)، ئەوەی تریش شەرح کرا بۆچی 3 کەس لەوێ و بۆ 2 کەس لەوێ، 3 کەسەکە بۆ وئەوەیە ئەنجومەن لە 5 کەس 3 کەس هەڵبژێرێ، بۆ ئەوەشە مەجلسی وزەرا رەئیەکی هەبێت، لەو 3 کەسە کە 2 هەڵبژێرێ بگونجێت لەگەڵ ئەوە، لەوەی تریش لە (بالاغلبیة المطلقة لعدد الاعضاء) پاش ئەو تەغیراتانە کێ لەگەڵ ئەو فەقەرەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، دەڵێت (کما لمجلس الوزراء) نەك ( ولمجلس الوزراء)، بەڵێ سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس بۆ ئەوەی کە نەوەکو سبەی‌وەزیرە بەڕێزەکان لەمن عاجز بن، وابزانن مەبەستم ئەوەیە سەڵاحیەت لای ئەوانەوە نەبێت، ماددەکە هەڵە بوو، ئێستا چاك بووەتەوە، لەبەرئەوە بۆ ئەوە دڵیان عاجز نەبێت، چونکە دڵیان زۆر ناسك بووەتەوە ئەم ماوەیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من لەگەڵتم وەزیر خۆی ئەو حەقەی هەیە، بەڵام لەو قانونە پێویست ناکات تیکراری ئەو حەقەی بکەینەوە، لەو قانونە باسی مەجلسی موحافەزە دەکەین، من تەئیدم کردی، کاك اخر فەرموو بۆ فەقەرەی دواتر.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێزدەم:

رەزامەندیی دەربڕین بە زۆرینەی رەها لەسەر پێشنیازی بەجێ گەیاندنی گۆرانکاریی کارگێڕیی لە قەزا و ناحیەکان و گوندەکان بەلێکدانیان و لە نوێ دانان وگۆڕینی ناو و سەنتەرەکانیان و ئەوەی لێیان دەکەوێتەوە لە پێکهاتەی کارگێڕی لە چوار چێوەی سنووری پارێزگا و ئەمەش لەسەر پێشنیازی پارێزگار یاخود سێیەکی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثالث عشر:

المصادقة بالأغلبية المطلقة على اقتراح إجراء التغييرات الادارية على الاقضية والنواحي والقرى بالدمج والاستحداث وتغيير اسمائها ومراكزها وما يترتب عليها من تشكيلات ادارية ضمن حدود المحافظة بناءاً على اقتراح المحافظ او ثلث اعضاء المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەمان نیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنجومەنی پارێزگا بۆی هەبێت ئیستحداس و دەمج بکات با حەقی ئیلغاشی هەبێت، پێشنیارەکەم ئەوەیە ئەو مافەی هەبێت، هەر نەك دەمج و ئیستحداس، زۆرسوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دواتر جەنابی وەزیر لەسەر ئەو پێشنیارە رەئیت هەبێت تکایە؟ کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش هەر ئەو موقتەرەحەی کاك بارزانم هەبوو، دوای ئیستحداس ئیلغایەکیشی بۆ زیادبکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مام خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید سلێم شێرە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەوە زیاتر لە سەلاحیەتی مەجلسی موحافەزەیە، ئێمە تەعین ولادان و ئیقالەی مودیر عامێکمان خستۆتە دەست مەجلسی وزەرا، مەجلسی موحافەزە چۆن قەزایەك ئیلغا دەکات یان دەمج

دەكات؟ چۆن ئەو سەلاَحيەتەى پىَ بدرێت؟ ئيقتراح بۆ كىَ؟ دەبىَ بنووسرێت بۆ مەجلسى وزەرا لە ڕێگەى وەزارەت، بنووسرىَ ئيقتراح بۆ كىَ دەكرێت؟ دەبێت ئەوە دەست نيشان بكرێت.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

ئەو تێبينيەى مام خورشيد لە ماددەى 25 عيلاج كراوە، لە ماددەى 25 دەڵێت (تستحدث القضاء او الناحية بمرسوم اقليمى بناء على اقتراح مجلس المحافظة وموافقة الوزير ومصادقة مجلس الوزراء)ديارە، ماناى وايە ئيقتراحەكە لە ڕێگەى وەزيرەوە بچێتە مەجلسى وزەرا ديارە كراوە، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

منيش هەر تەئيدى ئەو ڕەئيەى كاك بارزان دەكەم، بەوەى كە مەجلسى موحافەزە ئەگەر وەك قانون سەيرى بكەين، ئەو سەلاَحياتانەمان داوەتىَ بە دەمج و بە ئيستحداس، كە گوتمان دەمج و ئيستحداس، يەعنى سەلاَحيەتى زۆرمان داوەتىَ، بە پێى قانونيش سەلاَحيەت زۆر كە درا بە هەر كەسێك كەميشى بۆ هەيە بەكارى بهێنىَ، كە تۆ دەڵێى دەمج يەعنى دوو قەزاز، دوو ناحيە دەبێت بە يەك، كەواتە دەبێت يەكێكيان ئيلغا بكرێت، پێم وايە دەمج و ئيستحداس و ئيلغا بگرێتەوە باشە.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

خۆى مادام ئيقتراحە با ئەوەشى تيا بێت، ئەوە چوار كەس پێشنيارىان كرد، با ئەوەش ئيزافە بكرێت حەقى ئيقتراحە و حەقى ئيلغاشى هەبێت، ئەگەر جەنابى وەزير ڕەئى هەبێت لەسەر ئەوەى؟ فەرموو.

**بەڕێز كريم سنجارى (وەزيرى ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

كە دەڵێت دەمج تەحسيلىَ حاسڵە، يەعنى بۆ ئەگەر دەمجت كرد تەحسيلىَ حاسلىَ ئيلغا بووە، پێويست ناكات ئێمە لوغەويەن زۆر ئيزافە بكەين، ئەوە قانونە، بۆيە كە گوتت دەمج مەعناى وايە يەكێك ئيلغا دەبێت و يەكێك دەمێنىَ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

مەفهومە كاك محمد و كاك بارزان؟ لە ناحيەى زمانەوانيەوە وايە ئەگەر دەمج كرا ئەوەى تر نامێنىَ، كە گوتت دەمج لەسەر ئيلغاى يەكێكە، ڕاستە جەنابى وەزير، كاك عمر ئيعترازت هەيە؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن على:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

تۆ بە صەريحى لە نەسى قانونى ئەگەر شتێك نەهێنى، چۆن دەتوانى ئەو ئيلغايە بكەى؟ نەسى قانونى نەسێكى صەريحە، برادەرانى ليژنەى ياسايى باش لەوە دەزانن، (لااجتهاد فى مورد النص) ئەگەر تياى نەبێت چۆن ئيلغاكەى دەكات؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەوەی جەنابی وەزیر گوتی خۆیشی قانونیە، کە گوتت دەمج، یەعنی ئیلغای دوو وەحدەت کرد لەو وەحدەیە، تەبیعیە هەتا ئەگەر دوو حیزبیش تەوحید دەبن ناڵێی ئیلغا حیزب، دەڵێی تەوحدیان بوو، تەواو، بەڵێ کاک عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە قەراری دەمجەکەی دەردەکات دەڵێ دەمجی دوو شوێنم کرد بەیەکەوە، دوو شوێن دەبن بە یەکێك، شوێنێکی تازە دروست دەبێت، ئەی نابێ ئیلغای ئەوەی تریان بلێ دەمج بوو لێرە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی تەحسیلێ حاسڵە، بەڵام ئەگەر بشگوترێت هینێکی نیە، کاک د.ناصح فەرموو.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەرج نیە، تەنها دەمجەکە، ڕاستە دەمج واتە ئیلغای یەکێکیان، ئەوە ڕاستە لەڕووی زمانەوانیەوە، بەڵام ناحیەیەك بەبەر سەدێك کەوت، دەبێت ئیلغا بکرێتەوە بەهۆی سەدێکەوە، چۆن موعالەجەی دەکەی؟ دەبێ ئیلغا بکرێتەوە، یەعنی ئەوە دەمج ناکرێ هەر دەبێ دەمجی تیا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەو حاڵەتانە نادرە، بەڵام چی تێدایە زەرەری نیە با تێیدا بێت کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو نەسە دەتوانم بڵێم لە هی عیراقی وەرمان گرتووە، وە هیچ ئیلغاشی تیا نیە، بۆ نموونەش ئەگەر هاتو ئیمە ناحیەکمان کردە قەزا عەجەبەن ناحیەکە ئیلغا دەکەین یان ئەو دێهاتانە هەمووی ڕەبتی قەزایەکە دەکەینەوە، ناحیەکە سیفەتی ناحیەی نامێنێ، دەبێتە قەزایەك، بەڵام ئیلغا نیە عەینی حدودو عەینی موقاتەعە و قتعەکان هەموو دەبێتە تابعی ئەو قەزایە، ئەگەر سەدەکە بوو بە عەینی شت بۆیان دروست دەکرێتەوە، یەعنی ئەگەر ئیلغای تێدا بێت چی تێدایە؟ وەڵڵاهی کاک کریم نموونەیەکی باشی هێناوە ئەوەلەن، لەگەڵ ئەوەشدا بڵێین ناحیەیەك ئاوی نیە و مەشروعی ئاویشی ناگاتێ و وشکە و فەلاحەکان چۆڵی دەکەن، ئیلغا دەکرێت، بۆچی ئیلغای تیا نەبێت، فەرموو کاک کریم.

**بەڕێز کریم سنجاری (وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو ناحیە بەر ئاو کەوت، ئەکید حکومەت ئیقتراحێکی تری هەیە ئەو ناحیە لەوێ هەمووی نەقڵ دەکاتە جێگایەکی تر، بە عەینی ناوی خۆی دەمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە فەرزمان کرد ئێستا هەولێر تەوەسوع دەکات و گەیشتە کەڵەك، وەحدەی ئیداری کەڵەك نابێت ئیلغا بکرێت و بێتە زمنی موحافەزە؟ وەکو ناحیەیەك، ئەگەر بڵێین ناحیەی کەڵەك بەشێکی کەوتە بەر ئاو و مەشروعێکی کردەوە، خانووەکانی گواستەوە بۆ ناو هەولێر، چووە کەسنەزان و نەمانەوە لەوێ، چی لێ دێت؟ د.ناصح فەرموو نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕوونکردنەوەی کە کاك شێروان باسی کرد بە نیسبەت ئەوەی ناحیە ببێتە قائیمقام پێویست ناکات کە تۆ یەکسەر ئیعلانی قائیمقامیەتت کرد ناحیەکەبۆ خۆی ئۆتۆماتیکیەن ئیلغا دەبێتەوە شتی وانیە ببورن، چونکە دەبێت ئەوەڵ جار ئیلغا ببێتەوە، چونکە ئەو وەکو ناحیە هەر دەمێنێتەوە، بۆیە دەبێت ئیلغا بکرێت، بۆیە من لەگەڵ ئەو پێشنیارەی کاك عمرم دەبێت ئەوەڵ جار ئیلغا بکرێت، دوایی دەمج بکرێت.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عادل نوقتەی نیزامی هەیە فەرموو.

شەخصییەی مەعنەوی بە قانون دروست دەکرێت، ئێمە لەم قانونەش هەر لەم ماددەیە کە ماددەی 3یە باس لەوە دەکەین و دەڵێین ناحیە و قەزاو ئەوانە شەخسیەتی مەعنەویان هەیە، شەخسەیەی مەعنەوی بە قانون دروستی بکەی دەبێت بە قانون ئیلغای بکەیتەوە، کەوایە دەبێت ئاماژەی پێ بدەین بۆ ئیلغاکەش، یەعنی ناکرێت بیهێڵینەوە بۆ تەفسیر.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو کەلیمە تازەیە ئیلغاکەی تێدا بێت دەیخەمە دەنگەوە، کاك زرار چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من یەك تێبینیم هەیە، ئەو پرسیارە لە لیژنەی یاسایی دەکەم، ئەگەر وشەی ئیلغا بنووسین ئایا مودیری ناحیەکەش ئیلغا نابێتەوە؟ ئەگەر وابێت نووسینەکەی خەتەرە، بەڵام ئەگەر وانەبێت بەڕاستی بینووسن باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

شێخ فتاح ئەمڕۆ قسەی نەکردووە، با بزانین رەئی لیژنەی ئەوقاف چیە، فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من پێم وایە وەختمان زۆر کوشت، ئەو وشەیە کە ئیلغا ببێت یان نەبێت چ موشکیلەی تێدا نیە، قانونیەن زۆر جار بووە کە شوێنێك کە دەمج کراوە بە شوێنێك نەوتراوە ئیلغا، بەڵام ئەوجارە دەتوانی ئەگەر ئیلغاشی تیا بوو موشکیلەکە ببڕێنەوەو بیدە تەسویت و رەجات لێ دەکەم، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵاهی ئەوەی عیراقی باش هاتووە ئەو تەغیرەی ناوێت، ئێوە نموونەتان بە عیراقی هێناوە، بەڵام عیراقیەکە وازح ترەو باشترە دەڵێ ((المصادقة بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس على اقتراح اجراء التغيرات الادارية على الاقضية والنواحى والقرى بالدمج والاستحداث وتغير اسماءها ومركزها وما يترتب عليها من تشكيلات ادارية ضمن حدود المحافظة بناء على اقتراح المحافظ او ثلث اعضاء المجلس))، (تغير اسماءها ومركزها ) ئەوەی بنووسین ئیلغاکەی ناوێ، کاك فرست فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەلیمەی ئیلغا لە قانونی موحافەزاتی کۆن هاتووە، ئەوە یەك، دەمج دائیمەن بۆ دوو وەحداتی وەك یەك بن دەمجی دەکەی، زمنیەن یەکێك لەوە هەبێت، بەڵام ئیلغا دەتوانی یەکێك ئیلغا بکەی بە مەفهومێکی صەریح، بۆ نموونە ناحەیەیەك زمنی حدودی قەزایەکە کە ناحیەکەت ئیلغا کرد ئعتیادی زمنی حدودی قەزایە، باسی دەمجەکە ناکەی، چونکە حدودی قەزا لە دورمادوری ناحیەکە دەسوڕێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەڵەن ئەو ئیلغایە لە قانونی عیراقی کۆن هاتووە لە 1959 تەنها بۆ ناحیەیەو بۆ قەزاو بۆ ئەوانی تر نیە، ئەمە یەك، دووەم: ئەم قانونە قانونی زەمانی بەعسە بە سەترێك قەزایەك ئیلغا دەکاو ناحیەکە لەگەڵیەتی کەیفی خۆیەتی، ئێستا قانونی عیراقی تازەمان لەبەردەستە بە قەراری قەتعی ئیلغای تێدانیە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من لە جیاتی کاك غفور کە دەیەوێ قسە بکات قسەکەی دەکەم و حەسمی دەکەم، دەڵێت کاکە لە نیزام دەرچووین و حەسمی بکەن، پێویست ناکات، خۆی لە ڕاستی دا لەبەرئەوەی ئیختیلاف هەیە لەسەر ئیلغایەکە بۆیە زۆری کێشا، لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ موقتەنع نین بە ژمارەیەك ئەندامانی پەرلەمان کە دەڵێن حەقی ئیلغای هەبێت، بۆیە ناکرێت هەر موناقەشەی بکەین، ئەوەی موئەیدە لەو موقتەرەحەی کە زۆربەی زۆری ئەندامەکان کە دەڵێن ئیلغاشی تێدابێت، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئیلغای تێدا

بێت دەستی بڵند بکات تکایە؟ 30 کەس، فەرموون، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە تێدا نەبێ دەستی بڵند بکات تکایە؟ وەکو خۆی مایەوە، فەقەرەی 13 دەیخەمە دەنگدانەوە سیاغەکەشی وەکو خۆی مایەوە، کە بەو شکلەیە (المصادقة بالاغلبية المطلقة لعدد اعضاء المجلس على اقتراح اجراء التغيرات الادارية على الاقضية والنواحى والقرى بالدمج والاستحداث وتغير اسماءها ومركزها وما يترتب عليها من تشكيلات ادارية ضمن حدود المحافظة بناء على اقتراح المحافظ او ثلث اعضاء المجلس)، کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، بۆ خاڵی چواردەم تکایە، کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چواردەم:

پێکهێنانی لیژنەی هەمیشەیی و کاتی لە نێوان ئەندامانی بۆ چاودیری کردنی دەزگا یان چالاکیەکانی دەستە جێبەجێ کارەکان لەسەر ئاستی پارێزگا و بۆی هەیە پشت بە شارەزا و راوێژ کاران لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ببەستێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رابع عشر :

تشكيل لجان دائمية ومؤقتة من بين اعضائه لمراقبة اجهزة او انشطة الهيئات التنفيذية على مستوى المحافظة ولها الاستعانة بالخبراء والمستشارين من الوزارات المعنية بالموضوع.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەقی ماددەکەین هیچ مولاحەزەمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر شتێك ئیزافە بکرێت وەکو لیجانی پەرلەمانی خۆمان، دەڵێت ( تشكيل لجان دائمية ومؤقتة من بين اعضائه لمراقبة اجهزة او انشطة الهيئات التنفيذية على مستوى المحافظة اى ابداء الرأى والمشهورة على المشاريع المحالة او المقترحات المحالة اليها)موحافز دەینێرێ.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

جواب بدەوە کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مەسەلەیە ئیمکان هەیە لە نیزامی داخلی موعالەجە بکرێت، ئێمە دەسەڵاتمان داوەتێ کە نیزامی داخلی بۆ خۆیان دابنێن، چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیش وکارەکانیان بیما فیهیم تەشکیلی لیجان و ئیختیساساتەکەی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی لەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنەی لەبواری ڕووخانی ڕژێم دروست بووە، یەعنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە مەجالی ئیستیشارە شتی زۆر بەهێزیان هەیە، یەعنی ئەم ڕێکخراوانە شتی بە قوەتیان هەیە و ئەوانەش لە شوێنانی تەجروبە دارەوە وەریان گرتووە، ناکرێت لێرە مەسەلەن بڵێین (خارج الوزارە)، یەعنی هەر موستەشارین لە وەزارەت نەبێت، دەزانین موستەشارین لە وەزارەت لەوانەیە هەندێك جار نەتوانێ یان دوور بێت لەوە، بەلاَم لە پارێزگاکەی خۆی بەسەدان، لێرە (من المستشارین من الوزارات المعنیە وخارجها) یەعنی هەندێك جار ئەوە بە قوەت ترە لە پارێزگاکاندا، ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی هەیە لە پارێزگاکەی خۆی دەتوانێ ئیستیفادەی زیاتری لێ بکات، بۆ ئێمە مەحرومی بکەین و بیبەستین بە ئەوەوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک جوتیار فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە یەك لە ئەرکە گرنگەکانی ئەنجومەنی چاودێری ئیش و کارەکانی چوارچێوەی موحافەزەی خۆیەتی، ئەوەش دیارە بە لیژنەکان دەکرێت دیارە من پێشتر ئیشارەم بە ئەوەوە کرد دروست کردنی لیژنەکان بەڕاستی وا باشترە کاتێکی بۆ دیاری بکرێت دوای پەسەند کردنی پەیڕەوی ناوخۆ کاتێك دیاری بکرێت بۆ دروست کردنی لیژنەکانی ناو ئەنجومەن بۆ ئەوەی زووتر دەست بەکاربن و بچنە ناو کاروبارەکانی خۆیان.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو موقتەرەحەی کاك محمد فرج، وایموعالەجە دەکرێت (والاستعانة بالخبراء والمستشارین من المعنین بالموضوع)، وەزارەتەکانی ناوێت بۆ ئەوەی کراوە بێت، باشە با وابێت(والاستعانة بالخبراء والمستشارین)، ئەوەی کاك جوتیار موعالەجە کراوە لە شوێنێکی تردا، ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵەیەتی دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەس کاك دلێر، بۆ خاڵی دواتر کاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پازدەم :

هەڵبژاردنی دروشمێك بۆ پارێزگا كە لە كەلەپووری مێژوویی و شارستانیەكەیەوە وەرگیرا بێ.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خامس عشر:

اختيار شعار للمحافظة مستوحى من الارث التأريخي والحضاري لها.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا كاكە مولاحەزەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالكریم ابوبكر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئیرثی تەئریخی ناگوترێت (التراث التأريخى)، هەر ئەوە بوو.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو مولاحەزەیە زۆر ڕاستە، (اختيار شعار للمحافظة مستوحى من التراث التأريخي والحضاري لها)، ئەوە دەخەمە دەنگدانەوە كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات تكایە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ ئەوە قبوڵ كرا، كاك اخر فەرموو بۆ فەقەرەی دواتر.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

شازدەم:

پێشنیاز كردنی قەرەبوو كردنەوەی زیان پێكەوتووان لە حاڵەتی ڕوودانی كارەسات و بەڵای سروشتی و داوای پێشكەش كردنی یارمەتییە كۆمەڵایەتی یەكان لە سنووری پارێزگادا.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سادس عشر:

اقتراح تعويض المتضررين في حالة وقوع الكوارث والآفات الطبيعية وطلب تقديم المساعدات الاجتماعية في حدود المحافظة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەسەلەی (الطبیعیة) دەبێت بە سیفەت بۆ هەردووكیان، دەبێت بە كەوارسیش و ئافاتیش، ئەی ئەگەر ئینسان موشكیلەكەی دروست كرد، تەبیعی نەبوو، حەرب بوو، یەعنی ئەو تەبیعیە سیفەتە بۆ هەردووكیان، ئەی ئەگەر ئینسان دروستی كرد؟.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی با لێرەدا ئیلزامیان بكەین كە دائیمەن ئەو ئەنجومەنی پارێزگایانە بودجەیەك تەرخان بكەن، یاخود پلانێك كە لە هەموو دونیاش ئەوە هەیە، پلانی كارەسات كە دەبێت خۆیانیان بۆ ئامادە كردبێت و بودجەیان بۆ تەرخان كردبێت، لەبەر ئەوە نەبێت بە كتابنا و كتابكم و ئیقتراح بۆ مەجلسی وزەرا و مەجلسی وزەرا بۆ شوێنێكی تر و یاخود ئەوەی كە ڕووی داوە چەند جار كە ئەو شوێنەی فەیەزانەكەی لێ بووە پارەكە هەمووی نەچووە بۆ ئەو، نێردراوە بۆ شوێنێكی تری، بە موشارەكە، ئیتر بەش كراوە، لەبەرئەوە بەڕاستی با ئێمە ئەو حاڵەتە نەهێڵین، دەبێت ئیلزامیان بكەین بەم بەندە هەموو یەكێكیان پلانێكیان هەبێت بۆ كارەسات و كەوارس، بۆ حەریق، بۆ هەموو شتێك كە دەبێت هەیان بێت وناوی بنێن كارەسات و بەشێك لە بودجەكەی كە هەیانە دائیمەن حازر كرابێت بۆ ئەوە، دوای ئەوەش ئەگەر داوای هاوكاری لە خەڵكەكانی و لە كاربەدەستانی ئەو شوێنە یاخود دەوڵەمەندەكانی ئەو پارێزگایە بكەن زۆر زۆر ئاساییە، ئەو كەسانە دەتوانن خۆیان دەعم بكەن، بەڵام خوتەی تەواری یەكێكە لە حاڵەتەكانی پێشكەوتنی وڵات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سارا خان فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو قەرەبووكردنەوە ئێمە هەندێك حاڵەتی ترمان هەیە، بێجگە لە ڕووداوی سروشتی، خەڵكێكمان هەیە كە پێویست دەكات قەرەبوو بكرێنەوە لە ئەنجامی زەرەرمەند بوونیان بە هۆی ڕژێمی

پێشوو یان ئەو شەڕانەی کە دوای ڕاپەڕین لەهەولێر و کوردستان ڕووی داوە، ئەو قەرەبووانە لە زۆر حاڵەت کە خەڵکی دێن پێشنیار دەکەن کە کاتی خۆی ماف خورا بوون و بەشیان خوراوە، پێشنیار دەکەم داوای قەرەبوو دەکەن و دەڵێن پەیوەندی بە موحافەزەوە هەیە، لێرە ئاماژە بەو جۆرە قەرەبووکردنەوانە نەدراوە، چ هی دوای ڕاپەڕین یان دوای ڕاپەڕین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.رمضان فەرموو.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە وشەی قەرەبووکردنەوە لە جێی خۆی نیە، چونکە قەرەبوو کەسێك دەیکاتەوە کە بە تاوانێك هەستابێ یان سەبەب بێت، بەڵام هاوکاری کردن شتێکی ترە، ئەو پرۆژە ئیقتسادیانەی کە هەن مەفروزە لە ڕێگەی کۆمپانیای دڵنیایەوە زەمانیان بکرێت، بەڵام هاوکاری کردن لەسەر حکومەت پێویستە، چونکە زۆر لە پرۆژەکانمان دەکرێت بە بێ شروت لە دەم شیوێك دا دەچێت پرۆژەیەك دەکات لافاوێك دێ دەیبا و عەریزەیەك دێنێ بە زیادەوە بۆی قەرەبووی دەکەینەوە، خۆ حکومەت سەبەب نەبووە، بەڵێ هاوکاری کردن جیایە لەگەڵ قەرەبوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە حاڵەتی ئیستسنایە کەوارسی تەبیعیە شتێك نیە کە بڵێین وەك کارەساتی ئەنفال و کیمیا باران ڕووی داوە و بەرنامەی بۆ داندراوە، حکومەتی هەرێم و هەموو لایەنەکانی حکومەتی فیدراڵ، ئەمە شتێکە و لافاوێکە و خوانەخواستە بومەلەرزەیەکە، بەڵام من لە حەقیقەت دا لە هینەکانی زۆر بە وازحی دەیبینم، بەڵام لە ئەخیرەکەی لە جیاتی (فی حدود المحافظة) (من حكومة الاقليم) باشترە، یەعنی حودوی موحافەزە چی پێ دەکرێت؟ تۆ داوای تەعویز دەکەی بۆ حاڵەتیکی وا ئیستسنائی دیارە میزانیەکە و پارەت نیە، ئەگەر نا یەکسەر سەرفی دەکەی، لێرە بنووسرێت (من حكومة الاقليم)، ئەگەر پێتان باشە لیژنەی یاسایی ئەوە لە جیاتی (حدود المحافظة) بکرێتە (من حكومة الاقليم)، ئەوە شتی ئیستسنائیە و نیەتی میزانیەی بۆ دانەناوە، ئیحتیاتی نیە، شتێکە تەوەقوع ناکرێت، چاوەڕوان نەکراوە و لەپڕ ڕوودەدات، کاکە لێرە کە دەڵێت پێشنیاز کردنی قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەسانەی کە زەرەریان کردووە لە حاڵەتی ڕوودانی کارەسات وئافاتی تەبیعی، ئافاتی تەبیعی چیە کوا؟ لە حدودی موحافەزەیە، بەڵام پارە لە کێ داوا بکات؟ منیش وا دەڵێم لە حکومەتی ئیقلیم، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیار دەکەین سیاغەکە بەو جۆرە بێت: (اقتراح تعويض المتضررين فى حالة وقوع الكوارث والافات الطبيعية والطلب من حكومة الاقليم تقديم المساعدات الاجتماعية فى حدود المحافظة)، یەعنی واتە

موساعەداتی ئیجتماعی هەر بۆ ناو پارێزگا بێت نەك حەقی هەبێت تەڵەبی موساعەدات بكات بۆ شوێنی تر، ئەوە هەردووكی دەگرێتەوە، كاك طارق قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(المساعدات الاجتماعیه) هەموو لایەك ناگرێتەوە، لایەنی سحی و زۆر لایەنی تر هەیە، ئەگەر بكرێت (المساعدات الانسانیه) كە ئینسانیەكە هەموو لایەنێك دەگرێتەوە، ئەوەی كە هەیە هەمووی دەگرێتەوە، نەك بەس ئیجتماعی.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

سارا خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من شتێكم باس كرد نازانم هەر حیسابتان بۆی نەكرد، ئێستا من نموونەیەك دێنمەوە، هەموو كەوارسێك شەرت نیە تەبیعی بێت، بۆ نموونە لە بناری قەندیل كە بارانێك دەبێت، دەبێت بە موحافز بڵێن پێشنیار بكات كە هاوكاری بكرێن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی نەبوو، من لەبیرمە پێشنیارەكەت، بەڵام جوابیان دایەوە لە سیاقی قسەكان كە كرا، بۆ ئەوەی مولاحەزەكەت هین بێت (اقتراح تعویض المتضررین فی حالة وقوع الكوارث والافات والطلب من حكومة الاقلیم تقدیم المساعدات فی حدود المحافظة، دەیخەینە دەنگدانەوە كێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە كۆی دەنگ قبوڵ كرا، كاك اخر فەرموو بۆ فەقەرەی دواتر.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**حەڤدەم:**

دەرچوواندنی بلاَوكراوەیەكی خۆجێیەتی تاكو هەموو بڕیار و پێڕەوو ڕێنماییەكان و فەرمانەكانی كە لە ئەنجومەن دەردەچن لەگەڵ چالاكیەكانی تێدا بلاوبكرێتەوە تاكو هاووڵاتییان ئاگاداربن لێیان.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سابع عشر:

إصدار نشرة محلية تنشر فيها كافة القرارات والانظمة والتعليمات والاوامر التي تصدر من المجلس ونشاطاته لاطلاع المواطنين عليها.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا کاکە فەرموو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم (نشره دولیه)، نەك مەحەلیە، چونکە ئەوە دائیمەن لە نەشاتی دەولیە گوتراوە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ناتوانین لەسەریان فەرز بکەین دەولی بێت، بەڵام لە جیاتی نەشرە ئەگەر ببێتە جەریدە، مەعلومە لە هەموو دنیادا هەیە و هەموو لە موحافەزات هەیە، (اصدار جريدة محلية تنشر فيها كافة القرارات والانظمة والتعليمات والاوامر تصدر من المجلس ونشاطاته لاطلاع المواطنين عليها)، مادام دەڵێێ ئیتلاعی مواتنین جەریدەیە، دەڵێین نەشرە تەواو ترە، باشە تێ گەیشتین، نەوەك بیکەنە موجەلە، یەعنی گۆڕانکاری بەسەردا نەهات، چیە سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەموو دنیادا دەچێتە هەر دائیرەیەك فۆڵدەری لێیە هەرچی شتێکی تازە کە لێیەتی، بۆ ئێمە خۆمان بە نەشر بەستووەتەوە، نەشرەی دەولی، نەشرەی مەحەلی و نازانم چی و چی؟ با ئیلزامیان بکەین هەموویان ئەو شتە تازانەی کە هەیانە، دەچیتە دائیرەی مرور تەعلیماتی مروری، دەچیتە دائیرەی تەندروستی تەعلیماتی تەندروستی، بەو شێوەیە هەموو کەسێك دەستی دەکەوێت ئەوەی نەخوێندەوارە هەڵی دەگرێت و دەیداتە کەسێك بۆی بخوێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆ ئەگەر ئەو فەقەرەی تێدا نەبێت حەقی خۆیانە، چ بە قانون نایەوێت تێیدا بێت، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، دەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان، کێ لەگەڵ ئەوەیە کە دەیخوێنمەوە (إصدار نشرة محلية تنشر فيها كافة القرارات والانظمة والتعليمات والاوامر التي تصدر من المجلس ونشاطاته لاطلاع المواطنين عليها) کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە، بە کۆی دەنگ قبوڵ کرا، کاك اخر فەرموو بۆ فەقەرەی دواتر.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەژدەم:**

ڕاپەراندنی هەر تایبەتمەندییەکی تر کە دەقیان لە دەستوور یان یاسا کارپێکراوەکاندا هەیە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونی فەرمووو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ثامن عشر:

ممارسة اية اختصاصات اخرى منصوص عليها في الدستور او القوانين النافذة.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.كمال اقتراح دەكات ئەوە حەزف بكرێت ئەوە تەحسیلێ حاسڵە، موشكیلەی تێدایە، ئەگەر كەس قسەی لەسەر نیە؟ جەنابی وەزیر رەئیت؟ كێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو موفتەرەحە حەزف بكرێت دەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانیە؟ بە ئەكسەریەت ئیلغا كرا، ماددەی 6 بە هەر 16 فەقەرەكەیەوە، نەخێر، موناقەشە تەواو بوو برادەرینە، نەسرین خان فەرموو بزانم چیت هەیە؟

**بەڕێز نسرین محمد صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو پێشنیارم هەیە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا ئەگەر قبوڵی بكەن، یەكەمیان: دابەش كردنی گەڕەكەكان بەسەر ئەندامانی ئەنجومەن دا بۆ ئیشراف كردنیان، دووەمیان: دانانی نوسینگەیەك بۆ ئەندامانی ئەنجومەن لە گەڕەكەكاندا بۆ خزمەت كردنی خەڵك.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالرحمن فەرمووو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بڕگەیەكی ئیزافیم هەیە كە پەیوەندیدارە بە ئەنجومەنی پارێزگاوە، ماددەی 6 تایبەتمەندیەكانی ئەنجومەنی پارێزگایە، ئەویش بڕگەیەكی بۆ زیاد بكەین، چاودێری ئەمنی لە سنووری پارێزگادا یان (المصادقة على الخطة الامنية المقدمة من قبل الجهات المختصة) كە ئەم یاسایە بۆ چەند ساڵی داهاتوو دا ئەوە بۆ چوار ساڵە بۆ 8 ساڵی تر باسی ئەمن و ئاسایش نەكراوە كە پەیوەندیدارە بە تایبەتمەندی ئەنجومەنی پارێزگایە، پێشنیاز دەكەم ئەو بڕگەیە زیادبكرێت كە بەشێكە لە دەسەڵاتەكانی كە دەسەڵاتی چاودێری هەیە لە سنووری كاری خۆیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

ئایا پەرلەمان مەسئولیەتی دیراسەتی ئەمنی هەیە؟ تا بیدەنە موحافەزە! جەنابی وەزیر تۆ رەئیت چیە لەسەر ئەو موفتەرەحە؟ فەرمووو.

**بەڕێز كريم سنجارى (وەزيرى ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە تەحسيلٌ حاسڵە تۆ سوڵتەى رەقابى ئێمە داومانەتە مەجلس، هەموو هەيئاتى تەنفيزى موراقەبە دەكا، زمنى ئەوەش پۆليسە، ئاساييشە كە ئەوانيش لە زمنى موحافەزەن دەكەونە ژێر رەقابەى مەجلسى موحافەزە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لە سەلاحيەتى پارێزگارە، كاكە ئەوە 3,20 سەعات وبيست دەقەيە لەسەر ماددەيەكين، ماددەى 6 بە هەر 16 فەقەرەكەيەوە دەيخەمە دەنگدان كێ لەگەڵيەتى دەستى بڵند بكات تكايە؟ فەرموون، كێ لەگەڵ دانيە؟ بەس كاك د.نورى، باشە ئەوە بە زۆرينەى دەنگ قبوڵ كرا، بۆ ماددەى 7 تكايە كاك اخر فەرموو.

**بەڕێز اخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەى حەوتەم:**

پارێزگار بە لەسەر كار لادراو دادەندرێ لەكاتى لە دەستدانى يەكێك لە مەرجەكانى ئەندامیەتى دواى دەرچوونى بڕيارى ئەنجومەنى پارێزگا لەم بارەيەوە و بۆى هەيە تانە لە بڕيارەكە بدات لە بەرامبەر دادگاى كارگێرى تايبەتمەندەوەو بڕيارى دادگاش لەو بارەيەوە كۆتاييە.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عونى فەرموو.

**بەڕێز عونى كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة السابعة

يعد المحافظ مقالاً عند فقدانه لأحد شروط العضوية بعد صدور قرار مجلس المحافظة بهذا الشأن وللمحافظ الطعن في القرار المتخذ لدى المحكمة الادارية المختصة ويكون قرار المحكمة بهذا الشأن باتاً.

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە نيسبەت ئەو ماددەيە ئێمە چەند مولاحەزەيەكمان هەيە، يەكەم مولاحەزەمان ئەوەيە ئەو حالەتەى ئێستا پەيوەندى هەيە بەوەى كە ئەگەر هاتو موحافز هەڵبژێردرا لەلايەن ئەنجومەنەوە، ئەگەر هاتو شروتى عزويەتى تێدا نەبوو يان لە دەستى دا، ئەنجومەن بۆى هەيە لاى ببات، بەڕاستى ئێمە قەرارى مەجلسى موحافەزەمان بۆ ئێوە بەجێ هێشتووە كە بە ئەغلەبى بێت يان 3/2 بێت، ئەمە لەلايەكيان،

لەلایەنی دووەم، بە نیسبەت تەعنەکە دیسانەوە دەبێت 15 ڕۆژەکە لێرە داخل بکەین کە مافی تەعنی هەیە لە مەحکەمەی ئیداری، مولاحەزەی سێیەمیش حەز دەکەم بەڕێزانی ئەندامانی پەرلەمانیش ئەوە بزانن کە ئەوەی لە چوارەم دا هاتووە مەسەلەی ئیستجوابە کە هی موحافز، ئەوەی لە ماددەی 7 هاتووە مەسەلەکە فوقدانی شروتی عزویەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو موقتەرەحە وای لێ هات بە پێی ئەو ئیزافەیەی کە لیژنەی قانونی کردی (يعد المحافظ مقالاً عند فقدانه لأحد شروط العضوية بعد صدور قرار مجلس المحافظة بهذا الشأن وللمحافظ الطعن في القرار المتخذ لدى المحكمة الادارية المختصة خلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ تبلغه ويكون قرار المحكمة بهذا الشأن باتاً) تەواو، ڕاستە با وەکو قەراراتەکانی تری لێ بێت و بەو شێوەیە (يعد المحافظ مقالاً عند فقدانه لأحد شروط العضوية بعد صدور قرار مجلس المحافظة بهذا الشأن) تەبعەن ئەوە لە جێگایەکی تر نووسیومانە 3/2 ( وللمحافظ الطعن في القرار المتخذ لدى المحكمة الادارية المختصة خلال مدة 15 يوما من تاريخ تبلغه) ئەوەی تر شەتب دەکرێت، کاک د.ناصح فەرمووو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە لەگەڵ ماددەیەکی دواتر کە دەربارەی پارێزگایە و دوای ئەو دێت، تەناقوزی دەبێت لەگەڵ ئەو ماددەیەی کە دەربارەی پارێزگایە، پارێزگار کە دەڵێین موقالە کێ موقالەی دەکات؟ ئەنجومەن ئیقالەی دەکات؟ ئەنجومەن ناتوانێ ئیقالەی بکات، چونکە کە پارێزگار دەبێتە پارێزگار مەرسومی بۆ دەردەچێت، کە مەرسومی بۆ دەرچوو چۆن دەتوانێ ئەنجومەن ئیقالەی پێ بکات؟.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک ناصح دوێنێش ئەو قسەیە هەر جەنابت کردت، کە شروتی عزویە تەوەفوری نەکرد، ئۆتۆماتیکیەن وایە، وەزیریش مەرسومی بۆ دەردەچێت کە لێرە کە تۆ سیقە و متمانەت لێ سەندەوە، عەینی شتە، مامۆستا کاکە فەرمووو.

**بەڕێز عبدالکریم ابوبکر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی (يعد المحافظ مقالاً ) یەعنی حوکمێکی مەفهوم نیە، ئیعتیبار دەکرێت موقالەن مەعنا چیە؟ (يتم اقالته ) شتێکی وا بێت، چونکە ئیعتیبار دەکرێت ئەوە شتێکی تر بێت، لەبەرئەوە دەبێت بڵێی (يتم اقالته او يقال المحافظ بمرسوم جمهوري فى الحالات التالية).

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

لە جیاتی کاک شێروان ئەگەر ڕاست نەبووم با کاک شێروان جواب بداتەوە، کە دەڵێ (يعد المحافظ مقالا) یەعنی ئیعتیبار دەکرێت بە 3/2 دەنگەکە کە قەراریان داو ئیعتیبار دەکرێت مەنسەبەکەی نەماوە، بەڵام

ئەو حەقەی ماوە کە بچی شکایەت بکات، کە 3/2 لێپرسینەوەیان لی ُکردو متمانەیان لێ سەند ئیعتیبار دەکرێت مەنسەبەکەی فەقد کرد، بەڵام ئەو حەقی ماوە بچێ شکایەت بکات، لە شکایەتە ئیتر مەراحلی خۆی وەردەگرێت، کاک رشاد فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبنیەکەی من ئەوەیە کە بنووسرێت، (يعد المحافظ مقالاً عند فقدانه لأحد شروط العضوية الواردة فی المادة الثانية الفقرة 6 من هذا القانون) چونکە تەفاسیلی ئیقالەی لەو ماددەیە هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیحتمالە لێرە یەکەم جار وەکو پرسیارێك بێتە کرن، کە موحافز دوو جێگری هەبێت و بۆ خۆشی کە غائیب بێت، کێ جێگای دەگرێتەوە، ئەو کاتە موحافز ئەندامی مەجلسە، بەڵام جێگرەکان ئەندامی مەجلس نینە، لەوانەیە فەراغێك هەبێت لە ڕووی قانونەوە، ئەوە یەکەم پرسیارە، ئەوەی دووەم، کە مەحافز تووشی ئەو عقوبەیە بوو فەراغەکە لە جێگای ما ئەو کاتە دەبێت مەجلس هەڵبستێت جارێکی تر ئینتخابی موحافەزەیەکی تازە بکاتەوە، چ ماوەیەك دەست نیشان نەکراوە بۆ جاری دووەم موحافزی تازە کە ئەنجومەن هەڵی بژێرێ؟ سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە لە شوێنێکی تر موعالەجە کراوە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی برای بەڕێزم کاک رشاد ئیشارەتی پێیدا ئەوە ماددەی 2 فەقەرە 6 نیە، بەڵکو عیلاقەی هەیە بە شروتی عوزویە، ئەگەر ماددەی 14 بکاتەوە، شروتی عوزوی مەجالس لەوێ بە تەفسیلی هاتووەو بە سێ بڕگە هاتووە لەگەڵ هەندێك فەقەراتی تر، لەوێیە نەك ئەوەی کاک رشاد کە عیلاقەی بە پرسیار و وەڵام هەیە، نەك بەو مەوزوعەی، ئەوەی کاک احسان دەیڵێت ئەوە ئیمکان هەیە بیکەین، بە قەناعەتی من نازانم ئەگەر تەدقیقی بکەین بە نیسبەت ناوی موحافز دامان ناوە، ئەگەر موحافز نەبوو وەکالەت دەدرێتە نائیبی موحافز، بە هەمان شێوە بە نیسبەت قائیمقام و مدیری ناحیەش داندراوە، بەڵام ئەو فەراغەی کە کاک احسان دەیڵێت ئیحتمالی هەیە ئێمە نەسێکی دابڕێژین بڵێین کە موحافز بەردەوام دەبێت تاوەکو تەسریفی ئەعمال دەکرێت و تاوەکو ئەنجومەنی تازە دەست بەکاردەبێت، ئەوەش لە ماددەی 19 موعالەجە کراوە و خەلاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخوێنمەوەو دەیخەمە دەنگدان، (يعد المحافظ مقالاً عند فقدانه لأحد شروط العضوية بعد صدور قرار مجلس المحافظة بهذا الشأن وللمحافظ الطعن في القرار المتخذ لدى المحكمة الادارية المختصة خلال مدة خمسة عشرة يوما من تاريخ تبلغه)، کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون، کێ لەگەڵ دانیە؟ کاك د.ناصح، بە زۆرینە قبوڵ کرا، بەڵێ پەخشان خان فەرمووە.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی زۆر زەحمەتە کۆمەڵێك پرۆژەی ترمان هەیە، یەعنی ڕۆژی سێ سەعات ئێمە ئیش دەکەین، لام وایە نابێت ئاوا بێت، گەلێ پرۆژەمان هەیە و ماوەیەکی کەمیشمان ماوە، من پێم وایە با جەلسەکانمان تەحدید بکەین، ڕۆژی یەعنی 6 سەعات ئیش بکەین، ئەمڕۆ سەعات 6 پێتان باشە؟ باشە ئەمڕۆ سەعات 5 دێینەوە و کۆبوونەوەکە دەست پێ دەکەینەوە، ئەو مولاحەزەیەی پەخشان زۆر ڕاستە لە قانونی وەزارەتی ناوخۆ وەعدمان پێدا بوون گوتمان هەتا یەك نەگرنەوە قانونەکە بەڕێ ناکەین، کە یەکیان گرتەوە قەوانینی تریش هەیە، پێش ئەوەی کۆتایی بە دانیشتنەکەمان بێنین، فەرموو گوڵناز خان قسە بکە.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو وەفدێکی پەرلەمانی بەشداری ئەو مەراسیمەمان کرد لە گەرمیان، ئەوان یاداشتێکیان دا بە ئێمە بە 50 هەزار خەڵکەوە، بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان، لای ئێمەیە و تەسلیمی جەنابتانی دەکەین، کۆمەڵێك داواکاریان هەیە ئیتر ئەوە وەڵامەکەی دەمێنێتەوە بۆ ئێوەو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، بۆیە ئەو ئەمانەتە لای ئێمەیە و تەسلیمتانی دەکەین.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دەتوانی بێیە لام بمدەیتێ یان لە ڕێگا بمدەیتێ، بەسەرچاو خۆت و گەرمیان و کەسوکاری ئەنفالیش بەسەر تەپڵی سەرمان، تا سەعاتی 5 خواتان لەگەڵ.

**دوای پشوو**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

دانیشتنەکەمان ئەکەینەوە، ئەمڕۆ بەردەوام ئەبین لەسەر بەرنامەی کارمان کە خاڵی دووەم بوو، خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژە یاسایی پارێزگاکانی هەرێم.

لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆ فەرموون، بۆ جێگای خۆتان.

بەس بەڕێزان با ئیلتیزامی تەواومان هەبێت، هەم ئێوەو هەم سەرۆکایەتیش، ئەزانم هەمووشتان باش یاساکەتان خوێندۆتەوە، بۆیە ئەو بەڕێزەی کە ئەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیەی کە لەبەردەستدایە و موناقەشەی ئەکەین، تەنها یەکجار ڕێگای پێدەدەین کەوا قسە بکات، ئێستاش تکایە بڕۆن بۆ ماددەی هەشتەم، فەرموون کەرەم بکەن.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم: ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزاو تایبەتمەندییەکانی

ماددەی هەشتەم:

ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دادەمەزرێ و پێکدی لە (7) حەوت ئەندام و بۆ هەر (50) پەنجا هەزار کەسیش ئەندامێکیان دێتە سەر بە مەرجێك ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە ئەنجومەندا لە (30٪)ی ژمارەی ئەندامانی کەمترنەبێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانیاً- المجلس المحلي للقضاء واختصاصاته

المادة الثامنة:

یشکل المجلس المحلي للقضاء عن طریق الأنتخابات العامة المباشرة ویتکون من (7) سبعة اعضاء ویضاف إلیهم عضو عن کل خمسین الف نسمة علی ان لا یقل نسبة تمثیل النساء في المجلس عن 30٪ من عدد الأعضاء.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی تکایە تێبینیتان لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین و هیچ مولاحەزەیەکمان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێت قسە بکەن ناویان ئەنووسم، کاک بارزان فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار ئەکەم ئەنجومەنی قەزاو ناحیە لە یاساکەدا نەبێت، لەبەر ئەوەی کە ئەنجومەنی پارێزگا خۆی قەزاو ناحیەکانیش ئەکات، ئەندامانی قەزاو ناحیەکانیش بێگومان ئەندامی پارێزگاش ئەبن، ئەمە خاڵی یەکەم، دووش: بەڕاستی قورسایی وبارگرانیەکی زۆر ئەخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەشێکی زۆریش لە بودجە بۆی تەخصیص ئەکرێت، ئێمە ئەبێ ئەوە بزانین کە لە سێ پارێزگاکەی سنوری هەرێمدا نزیکەی 104 ناحیەمان هەیە، 26 قەزاشمان هەیە، کە کۆی ئەندامانی ئەنجومەنی قەزاو ناحیەکان نزیکەی 800 کەس ئەبن، کەئەوانە موچەی تایبەتیان بۆ ئەبڕدرێتەوە، کە ئەمەش بەڕاستی قورساییەکی زۆر ئەخاتە سەر بودجەی هەرێم، کەئەمەش لە کاتێکدا کە هەموو لایەك هەوڵ ئەدەین، کە بودجە بەشێوەیەك ئاراستە بکرێت، کە بەڕاستی بۆ بواری وەبەرهێنان تەخصیص بکرێت، نەك بۆ پێدانی ئیمتیازات و موچە، یان تەخصیص کردنێك بۆ ئەندامانی قەزاو ناحیەکان، بۆیە پێشنیار ئەکەم، لەیاساکەدا مەجلسی قەزاو ناحیەکان، یان مجلیسە خۆجێییەکان نەمێنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك ئارێز، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر داڕشتنە کوردییەکەی پێم خۆشە قسە بکەم.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

تکایە کاك ئارێز لەسەر ناوەڕۆکی ماددەکە قسە بکە، بۆ صیاغەو داڕشتن و تەرجوومە دوایی قسەی لەسەر ئەکەین، چونکە عەرەبیەکە ئەبێتە ئەساس، کاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێز ئارام رسول مامەند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بۆ ئەنجومەنی پارێزگا هەر لەم یاسایەدا، بڕیارماندا کە ئەنجومەنی پارێزگا لە 25 ئەندام پێك دێت، دواتریش بۆ هەر 200 هەزار دەنگ تا سەرووی 500 هەزار دەنگ ئەندامێك ئیزافە ئەبێت، لێرەدا من وای ئەبینم کە لە یاساکەدا هاتووە، ئەنجومەنی خۆجێیەتی لە(7) ئەندام پێك دێت، دواتریش بۆ هەر 50 هەزار دەنگ ئەندامێك ئیزافە ئەکرێت، ئەم (7)ئەندامە لەسەر ئەساسی چەند ژمارەی دەنگدەر ئەبێت، کە

دواتر بۆ هەر 50 هەزار دەنگ، ئەندامێك زیاد دەكات، ئەگەر ئەكرێت، برادەران جوابی ئەوەم بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك عادل، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی كاك ئارامم هەیە، چونكە ڕەنگە هەندێ قەزا هەیە ژمارەی دانیشتوانەكەی 50 هەزار كەس بێت، حەوت ئەندامی هەیە، باشە چۆن 50 هەزار كەس یەك كەس نوێنەرایەتی بكات، بەڕاستی بەڕای من ئەو ژمارەیە زۆرە، حەقە كەم بكرێتەوە، یەعنی بۆ 20 هەزار كەس ئەگونجێت، ئەگەر بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن اسماعیل سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینیم هەیە، لێرە ژمارەی نفوسی قەزا دیاری نەكراوە، كە لە50 هەزار كەس زیاتر بێت ئینجا ئەندامێكی تر زیاد دەكرێت، خۆی دەبێ دیار بێت تا بزانین لەچەند عەدەد زیاد بێت تا لەو 50 هەزار كەسە یەكێكی تر زیاد بكرێت، عەدەدەكە دیار نیە، تەئیدی قسەی كاك عادلیش ئەكەم، 50 هەزار كەس زۆرە تا ئەندامێك زیاد بێت لە قەزادا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك شعبان، فەرموو.

**بەڕێز شعبان محمد طاهر صادق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا منیش نەفسی تێبینیم هەیە، بەڕای من 7 ئەندام بۆ مەجلسی قەزا كەمە، حەدی كەمی لە 10 تا 11 ئەندام باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

بەڕێزان تكایە قاعەكە بچووكە، ئەگەر لەگەڵ یەكتری قسە بكەن كەس گوێی لەكەسی تر نابێت، بۆیە ئەبێ موراعات بكەین تا كارەكانمان بەڕێك و پێكی ئەنجام بدەین، لیژنەی یاسایی هیچ وەڵامێكتان هەیە، بۆ ئەو ئەندامە بەڕێزانە، كاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەقسەكانی برای بەڕێزم كاك بارزان، كە دەڵێت پێویست ناكات مەجلسی قەزاو ناحیە بمێنێت، تەنها لەسەر مەجلسی موحافەزە، ئێمە ئیقتیصار بكەین، ئێمە تەبعەن نابێ لەو مەسەلانە لە بەغداد دوا بكەوین، لە بەغداد مەسەلەی قەزاو ناحیە هاتووە، ئێمە ئێستا مەجلسی قەزاو ناحیە دوا بخەین، بەڵام ئێمە ئەتوانین و دەسەڵاتمان داوە بەسەرۆكی حكومەت، كە بانگەشە بۆ هەڵبژاردن بكات، ئەتوانێ یەكەمجار هی ئەنجومەنی پارێزگاكان بكات، لەقۆناغێكی تر، ئەگەر بەباشی زانی مەسەلەن پاش ماوەیەكی دوورو درێژ كەی وەزعەكە باش بوو، بتواندرێت هەڵبژاردن بكرێت، بەڵام وەكو سیستەم پێویستە ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی قەزاو ئەنجومەنی ناحیەكان هەمووی مەجالیسیان تەنزیم بكرێت، بەڵام هەڵبژاردن دەكرێت یان ناكرێت بەنیسبەت قەزاو ناحیەكان ئەوە مەسەلەیەكی ترە، ئێمە لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاكانیش قسەمان كرد، لەگەڵ پارێزگارەكانیش قسەمان كرد، ئەوانیش هەر ڕەئیان بەو شێوەیە بوو، لەو دانیشتنانەی نێوان ئەنجومەن و حكومەتیش كەقسەی لێوەكرا، ڕەنگە بۆچوونێك هەبوو، بەڵام لیژنەی یاسایی سوور بوو لەسەر ئەوەی كەدەڵێت ناكرێ ئێمە لە بەعزێك بنەمادا لەبەغداد بەدوا بكەوین، بۆیە ئێمەش دامانڕشتووە، سەبارەت بە قسەكانی برای بەڕێزم كاك ئارام و كاك عادل و كاك عبدالرحمن كە دەڵێن 50 هەزار بەنیسبەت ئەوەی كە چۆن بڵێین هەر 50 هەزارێك لەكاتێكدا كە ئێمە نازانین ژمارەی قەزاو ناحیەكان چەندە؟، ئێمە ئیحصائیەكمان هێنا، بەڕاستی ئەو ئیحصائیەمان وەرگرت بەنیسبەت هەولێر، بەنیسبەت سلێمانی، بەنیسبەت دهۆك، هیچ قەزایەك بەیەكتری ناچێت لەناحیەی نەسەمەوە، قەزا هەیە، 20 هەزارە، قەزاش هەیە 120 هەزارە، بۆیە دوای ئەوەی كە ڕاوێژیشمان كرد لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاكان، ئەوەی بەغدادیش ئێمە چووین مەعلوماتمان وەرگرت، وتیان ئێمە ئەو ژمارەیەمان داوە وەكو ستانداردێك بۆ هەر قەزایەك، بەڵام ئەو 50 هەزارەی كەدانراوە بەڕاستی ئێمەش لەگەڵ ئێوەین كە مومكینە ئەوە حساب نەكرێت، ئەگەر قەزایەك لە 20 هەزار كەمتر بێت و (7) ئەندامی هەبێت تۆ چۆن ئەندامێكی تری بۆ زیاد ئەكەیت، كە قەزاكە خۆی 20 هەزارە یان 30 هەزارە، قەزای واشمان هەیە، 130 هەزارە، بۆیە هیچ تەكافوئێك نیە لەبەینی قەزاكان، ئەو (7) كورسیەش كەدانراوە، وەكو ستانداردێك بۆ هەر قەزایەك دانراوە، تاكو ئەو قەزایانە قاڵبی قانونی خۆی وەرئەگرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

لیژنەی ناوخۆ، ئەگەر ئێوەش ڕەئیەكتان هەبێت، فەرموون.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەکەم: وەڵڵا ئێمە ڕاپۆرتەکەمان هاوبەشە، ڕەئی هەردوولاشمان هاوبەشە، بەڵام لەسەر ئەوەی کە کاك بارزان تەرحی کرد، نەمانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی قەزاو ناحیەکان، بەڕاستی ئەگەر بڕوامان بە لامەرکەزیەی ئیداری هەبێت، ئەبێ قەزاو ناحیەکانیش ئەنجومەنی خۆیان هەبێت، بەقانون دەسەڵاتەکانیان وەصف بکرێت و دابین بکرێت، لەناحیەی دابین کردنی خەدەمات ومەشاریعیشەوە، واباشترە ئەو قەزاو ناحیانەش ئەنجومەنی خۆیان هەبێت، دوو: هەنێکجار ئەنجومەنی پارێزگا ناتوانێ سەرپەرشتی هەموو ئەو قەزاو ناحیانە بکات، بۆیە پێویست ئەکات ئەوانیش هەیانبێت، سێ: هەتا ئێستا نەمبیستووە ئێمە موشکیلەمان لە بودجە هەبێت، لەدابین کردنی موچەو میزانیەی ئەو شوێنانە، جگە لەوانە ڕاستە ئێمە (107) ناحیەمان هەیە، نزیکەی(35)قەزامان هەیە، (3)پارێزگاشمان هەیە، بەڵام ئەو ئەندامانە بەس بۆ ئەم دەورەیە تەقاعد ئەبن، بۆ دەوراتی داهاتوو، ئەوان تەقاعد نابن، بۆیە ئێمە ئەو موشکیلەمان نیە، خاڵی دووەم ئەوەی کاك ئارام وکاك عبدالرحمن و کاك عادل باسیان کرد، وە تەئکیدەن بۆ قسەی کاك شێروان، بەڕاستی ئێمە ئیحصائیەمان لەبەردەستە، هی قەزاو ناحیەکان بەتایبەتی سلێمانی و دهۆك، نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە، قەزای ماوەت(6036)کەسە، ڕانیە (209256)کەسە، جیاوازیەکی یەکجار زۆریان هەیە، بۆیە پێوەری نەسەمە ئێمە ناتوانین بۆ قەزاو ناحیەکان دابنێین، بەس بۆ پارێزگاکان پێمان ئەکرێت، بەڵام قەزاو ناحیەکان پێمان ناکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك ئاخر، فەرموو.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە، ماددەی هەشتەم لەنگە، چونکە هیچ مانایەك نادات، بڵێین بۆ هەر 50 هەزار کەسیش ئەندامێك زیاد بکەین، ئەوە هیچ مانایەك نادات، دەبێ ئەساسێکمان هەبێت بۆ قەزا، یان ئەوەتا پێشنیارێکم هەیە، بۆ ئەو مەوزوعە ئەوەتا ئێمە ئێستا قەزاکە نفوسی چەندە، چەند 50 هەزاری هاتە سەر ئەندامێکی بۆ زیاد بکەین، یەعنی ئێستا پێش هەڵبژاردن ئەمە تەسبیت بکەین، چەند 50 هەزاری هاتە سەر ئەو کاتە ئەندامێکی بۆ زیاد بکەین، یان ئەوەیە هەر دای نەنێین وتەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبداللە( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ڕەئیتان بۆ ئەو موفتەرەحەی کە لیژنەی ناوخۆو وسێ برادەریش تەئیدیان کرد، تکایە ڕەئی کۆتایتان تا بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە ئەو 50 هەزارە لابدەین، ئەو قەزایانەی کە نفوسیان زۆرە زەرەرمەند دەبن، ژمارەی ئەندامانی ئەوان وەکو هی قەزاکانی تر نابێت، بۆیە زەرەری ئەو قەزایانەیە کە ژمارەیان زۆرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

تکایە هیچ موناقەشەیەك نیە، ئەوە ساڵێك زیاترە موناقەشە ئەکرێت، بۆیە دەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانە هەموویان کەسی تێگەیشتوون وئەزانن، دیارە کاك فرسەت موقتەرەحێکی تازەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرۆکی دانیشتن نەك سەرۆکی پەرلەمان، منیش دەبینم عەدالەتی تێدا نیە، بەڕەئی من حەدێکی وەسەت دابندرێت، مەسەلەن بڵێین هەر قەزایەك لە 50 هەزار کەس کەمتر بێت، ئەنجومەنەکە لە(7) کەس پێك دێت، بەس پاش 50 هەزار، هەر 50 هەزاری تر ئەندامێکی بۆ زیاد دەکرێت، ئەو وەختە نەوعە عەدالەتێك دروست ئەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو موقتەرەحە ئەخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ موقتەرەحەکە وەرگیرا، زۆر سوپاس، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەنی خۆجێیەتی لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەها لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی خۆجێیی کە لەسەر بانگهێشتی قایمقام لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی پەسندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دانیشتنەکەش بە سەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندام دەبێ.

دووەم: هەڵبژاردنی قایمقام لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەها و ئەگەر هیچ پاڵێوراوێك زۆرینەی پێویستیان وەرنەگرت، ئەوا کێبڕکێ لە نێوان ئەو دوو کەسە دەبێ کە زۆرترین دەنگیان وەرگرتووە و ئەو کەسە بە براوە دادەنرێ کە زۆرینەی دەنگەکان بەدەست دینێ.

سێیەم: لە کار لادانی سەرۆکی ئەنجومەن یان قایمقام بە زۆرینەی 2\3ی ژمارەی ئەندامانی دەبێ لە حاڵەتێکدا کە یەك لەو هۆیانەی لەسەر ئیسبات بوو کە لە ماددەی (شەشەم/دووەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە.

چوارەم: ئامادەکردنی پرۆژەی بودجەی یەکەی کارگێریی قەزا و رەزامەندیی دەربڕین لەسەر پلانەکانی بودجەی فەرمانگەکانی و ناردنی بۆ پارێزگا.

پێنجەم: نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی بۆ کارگێریی قەزا و چاودێری کردنی دەزگا جێبەجێ کارەکانی و رێکخستنی کارە کارگێڕییەکان.

شەشەم: سەرپەرشتی کردنی بەرنامەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان بۆ ئاوەدانکردنەوە لە قەزادا.

حەوتەم: دەربڕینی هاوکاریی و هەماهەنگی و ڕاوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی کارگێڕی ناحیەکان بە جۆرێك کە هاوسەنگی و بەرژەوەندیی گشتی بەدی بێنن.

هەشتەم: پەسندکردنی دیزاینە بنەڕەتیەکان لە قەزادا بەهەماهەنگی کردن، لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا لە چوارچێوەی نەخشەی گشتی حکومەتی هەرێم دا.

نۆیەم: چاودێری کردن و هەڵسەنگاندنی چالاکیە پەروەردەییەکان لە سنووری قەزا و پێشکەش کردنی راسپاردە لە بارەیانەوە .

دەیەم: چاودێریکردنی ڕێکخستنی بەکارهێنانی زەوی وزاری گشتی لە ناو رووبەری جوگرافی قەزا و کارکردن لەسەر پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاودێری و سامانە ئاژەڵیەکەی.

یازدەم: هەر تایبەتمەندییەکی تر کە ئەنجومەنی پارێزگا پێیدەدات بەمەرجێك لەگەڵ یاسایە کارپێکراوەکاندا ناکۆك نەبێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

يختص المجلس المحلي للقضاء بما يلي:-

اولاً: انتخاب رئيس المجلس المحلي للقضاء من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة لعدد الأعضاء في اول جلسة يعقدها المجلس المحلي بدعوة من القائمقام خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وتنعقد الجلسة برئاسة أكبر الأعضاء سناً.

ثانياً: انتخاب القائمقام من بين اعضائه وبالأغلبية المطلقة واذا لم يحصل اي من المرشحين على الأغلبية المطلوبة يتم التنافس بين الحاصلين على اعلى الأصوات ويعد فائزاً من يحصل على اكثرية الأصوات.

ثالثاً: اقالة رئيس المجلس المحلي للقضاء او القائمقام بأغلبية 3/2ثلثي عدد اعضائه في حالة تحقق احد الاسباب الواردة في المادة السادسة/(ثانياً) من هذا القانون.

رابعاً: اعدد مشروع موازنة الوحدة الادارية للقضاء والموافقة على خطط الموازنة للدوائر التابعة له واحالته الى المحافظ.

خامساً: رسم السياسة العامة لادارة القضاء والرقابة على الاجهزة التنفيذية فيها وتنظيم عمليات الادارة.

سادساً: الاشراف على البرامج الخدمية العامة للأعمار في القضاء.

سابعاً: ابداء التعاون والتنسيق والمشورة مع المجالس المحلية للنواحي بما يضمن تحقيق التوازن والمصلحة العامة.

ثامناً: الموافقة على التصاميم الأساسية في القضاء بالتنسيق مع مجلس المحافظة وضمن المخطط العام لحكومة الأقليم.

تاسعاً: مراقبة وتقييم النشاطات التربوية في حدود القضاء وتقديم التوصيات بشأنها.

عاشراً: مراقبة تنظيم استغلال الأراضي العامة ضمن الرقعة الجغرافية للقضاء والعمل على تطوير الزراعة والري والثروة الحيوانية فيه.

حادي عشر: أية اختصاصات اخرى يخولها اياه مجلس المحافظة بما لايتعارض مع القوانين النافذة.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ئیختیصاصاتانەی مەجلسی قەزا، تەقریبەن نەفسی هی مەجلسی موحافەزەیە، زۆر لەیەکتری ئەچن، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە، ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، بەڵام دوو مولاحەزەمان هەیە، یەکەمیان: لە (ثانیا) کە عەینی شت (وبالأغلبية المطلقة) هاتووە کە پێویستە (لعدد الأعضاء) ئیزافە بکەین، بەنیسبەت (رابعاً)( اعداد مشروع موازنة الوحدة الادارية) لەڕاستیدا خۆی (اعداد مشروع الموازنة للقضاء) تەنها ئەو دوو مولاحەزەمان هەیە، ئەوی تریش، لەگەڵ دەقی ماددەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەوانەی کە ئەیانەوێت قسە بکەن، ناویان ئەنووسم باشە، کاك کەریم، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم، لەبەر ئەوەی ئەو ماددانە و ئەو ماددەیەش بەتایبەت بڕگەکانی بەهەمان شێوەی بڕگەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانە، کورتیشە هەندی ئەوە زۆر نیە، بۆیە ئەو ماددەیە بەیەکجار نەك بڕگە، بڕگە، قسەی لەسەر بکەین، هەر هەمووی پێکەوە، ئەوەی قسەی هەیە با قسەی خۆی لەسەر هەمووی بکات، ئەوە پێشنیارەکەم بوو، ئێستا مولاحەزاتی خۆشم دەردەبڕم، یەکەم: من بەهەمان شێوە، لەگەڵ ئەوەدام کە هەڵبژاردنی قایمقام لە ناوەوەو دەرەوەی ئەنجومەن بێت، لە دووەمدا، دووەم: لە بڕگەی چوارەم (واحالته الى المحافظ) من پێم وایە ئەوە لەنگە، ( الى محافظة) نەك( محافظ)واتە ئیحالە بۆ محافەزە ئەکرێت، نەك بۆ محافز، سێیەم: لە نۆیەمدا، (مراقبة وتقييم النشاطات التربوية في حدود القضاء وتقديم التوصيات بشأنها) ئەوە بۆ کێ؟ تەبیعی ئەوە ئەبێ بنووسرێت بۆ محافظة، واتە محافظة یەکی بۆ زیاد بکرێت، چوارەم: لە دەیەمدا(مراقبة تنظيم استغلال الأراضي العامة ضمن الرقعة الجغرافية للقضاء) واتە لەقەزاکان صناعە نیە، تەبیعی صناعاتیش هەیە، خۆ ئەگەر قورس نەبێ هی سووك هەر هەیە، ڕاستە ئیهتیمام بەمەسەلەی کشتوکاڵی دراوە، بەڵام دەبێ پیشەسازیەکانیش لە پێش چاو بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

پەخشان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە عینوانەکەی (يختص المجلس المحلي للقضاء بما يلي) لە کوردیەکەشی ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە، لەڕاستیدا ئەمە ئیختیصاص نیە، (يختص بأداء المهمات التالية) ئەوە لە هی پارێزگاکان فریا نەکەوتم و دەستم هەڵنەبڕی، هیوادارم ئەوە لێرە ڕاست بکرێتەوە، کە ئەڵێین (يختص) کەوابوو ئەوە یەختەصە، بەس کەئەڵێین (يختص بأداء المهمات التالية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاک بارزان، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا کاک فرسەت توشی ئیغبائی کردین، من لەسەر خاڵی نۆیەم مولاحەزەم هەیە، (مراقبة وتقييم النشاطات التربوية في حدود القضاء وتقديم التوصيات بشأنها) پەروەردەو فێرکردن لەم وڵاتەدا، وەزارەتێکی هەیە، بۆیە تەقدیمی تەوصیات نابێ لە قەزادا بکرێت، من ڕەئیم وایە، ( العمل على تطبيق الخطط التربوية والتعليمية للاقليم في حدود القضاء) (خطة التربوية والتعليمية)وەزارەتی خۆی هەیە، کەوا ئیشی لەسەر ئەکات، نەك ئەم موراقەبە بکات و تەوصیات بکات، وای لێ بێت خوتەکە تەتبیق بکرێت، نەك ئەمان تەوصیات بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاک محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر خاڵی دەیەم تێبینیم هەیە، یەکەم: (والعمل على تطوير الزراعة والري) لەقەزاو ناحیەکاندا، مەسەلەی غابات مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، یەعنی هەتا دووربکەوینەوە لە شارە گەورەکان، غابات مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، جێگای خۆیەتی کە ئیهتیمامی پێ بدەین، دووەم: سامانی ئاژەڵی، یەعنی پەلەوەریش مەسەلەیەکی گرنگە، کە ئێستا بەشێوەی دەواجن ئەیکەن، ماسیش مەسەلەیەکی گرنگە، یەعنی مەرج نیە تەنها ماسی لەو شوێنانە بەخێو بکرێن کە بەحر و ئاوی لێیە، ئێستا بەشێوەی جیاواز ئەوەش هەیە، با پەلەوەریش بخرێتە ئێرەوە، خاڵێکی ترم، بەڕاستی لەپارێزگاکاندا ئەوەم لەبیر چوو، ئەوەی کە سەیر ئەکەیت لێرەدا یەکەی ئیداریاتە، کە موراقەبە ئەکات وئاگای لەو شتەی تر ئەبێت، یەعنی شتێکی تر کە خزمەت بۆ خەڵك بێت لێرەدا دیار نیە، لەکاتێکدا کە ئەمە بودجەی ئەوێت، مەسەلەن هەلی

کارکردن، تەشجیعی وەبەرهێنانی ناوخۆیی، هی صناعاتی سووك کە لەم قەزاو ناحیانەدا زۆر مەسـەلەیەکی گرنگـە، یـەعنی کـاری دەسـتی، مەسـەلەن تەشـجیعات شـتێك نیـە کـە وەکـو بڵـێین رەفاهیـەتی خـەڵك بەرزبکاتەوە، هەر موراقەبەی ئەوە ئەکات و چاوی لەوی ترەو، ئەوە رێك ئەخات وشتی تر، بەس شتێك کـە ئیستیفادەی خەڵکی تێدا بێت، نە لە پارێزگاکان، نە لێرەش نیـە بەڕاسـتی، بۆیـە لـە جێگایەکدا ئەمانـەش جێگایان بۆ بکرێتەوە، چونکە وا ئەزانم ئەمانە شتێکی زۆر گرنگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك محمد رفعت، فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر لەسەر بڕگەی نۆیەم قسەم هەیە، کەئەڵێت(مراقبة وتقییم النشاطات التربویة في حـدود القضـاء وتقدیم التوصیات بشأنها)بەڕەئی من لە قەزاکاندا، هـەموو مەرافەقـەکانی تـر هەیـە، تـەنها هـەر پـەروەردە نیە، کشتوکاڵ هەیە، شارەوانی هەیە، تەندروستی هەیە، حەقە ئەوانەش بـەعام موراقەبـەیان بکات، بۆچـی بەتەنها هەر پەروەردە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك رەشاد، فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحـەزەم لەسـەر بڕگـەی یـازدەم هەیـە، لـە ئەنجومـەنی پارێزگـا لـەماددەی(6) ژمـارە(18)( ممارسـة الاختصاصات الاخری) ئەوە ئیلغا کرا، لێـرەش لـە بڕگـەی (11) دەڵێـت(أیـة اختصاصات اخـری یخولها ایـاه مجلس المحافظة بمـا لایتعـارض مـع القـوانین النافـذة) ئەمـەش لێرەدا زیـادە، چـونکە تـەخویل کەئـەدرێت بـەرەسمیات دەدرێـت، دەرز دەکرێـت، یـەك، دوو، سـێ، چـوار، یـەعنی وا بەموتڵـەقی نـەهاتووە لـە هـیچ جێگایەك، بۆیە داوا ئەکەم، ئەو بڕگەیە، ئیلغا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك دلێر، فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارەکەم ئەوەیە، لەگەڵ سـەرۆکی مەجلسی محەلی جێگرێکی هـەبێت، یـەعنی نـائبێکی هـەبێت، چونکە بەتەنها بەڕاستی ئەوە حاڵەتێك دروست ئەکات، لەو حەوت کەسە، یەکێکیان ئەبێت بە سەرۆك، کـە بوو بەسەرۆکیش، نەوعێك لە حاڵەتی ئینفرادی و حورپەتی تێدا دروسـت ئـەبێت، باشـترە کـەوا جێگرێکی

هەبێت، مەجلسەکە هەڵی بژێرێت و لەگەڵیدا بێت، بەڕای من ئەوە باشترە، قایمقام مەرج نیە، لەبەر ئەوەی قایمقام کە تەحویل ئەبێت، ئەبێتە صیفەیەکی ئیداری زیاتر جیاوازە لەگەڵ ئەودا، لەگەڵ ئەوەشدا نیم کە لە دەرەوە هەڵبژێردرێت، تەنها لەناو ئەنجومەنەکە بێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك خەلیل، فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك لە مولاحەزەکانم وتران، بەس یەك مولاحەزەم ماوە، لە بڕگەی یەکەم، وەکو هی ئەنجومەنی پارێزگاکانی لێ بکرێت، (في حالة عدم توجه الدعوى الى المجلس) ئەوە ( ينعقد تلقائياً في اليوم التالي)وەکو ئەو صیاغەی کەلای برادەرانە، لە لیژنەی قانونی نەفسی مولاحەزەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك شێخ جعفر، فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من یەك تێبینی بچووکم هەیە، ئەگەر کاك سەردار بتوانێ دروستی بکاتەوە، لە بڕگەی(2) ئەڵێت(هەڵبژاردنی قایمقام لە نێوان ئەندامانی ئەبێت) لە دێڕی دووەم ئەڵێت ( کەزۆرترین دەنگی بەدەست هێنابێ) لەدوای ئەوە بنووسرێت لە ئەنجومەن، چونکە لەوانەیە خەڵك بزانێ لە هەڵبژاردنی دەرەوە ئەو دوو کەسە زۆرترین دەنگیان بەدەست هێناوە، نەك لە ئەنجومەن، کە ئەڵێت لەو دێرەدا،( کێبڕکێ لە نێوان ئەو دوو کەسە دەبێ کە زۆرترین دەنگیان وەرگرتووە) ئێمە لەوە تێئەگەین، بەس ئەگەر بڵێت لە ئەنجومەن زۆرترین دەنگیان وەرگرتووە، نەك لەدەرەوە، لێرەدا ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد بکرێت شتێکی خراپ نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری منیش لەسەر خاڵی نۆیەم و دەیەمە، (مراقبة وتقييم النشاطات التربوية) ئان (استغلال الأراضي الزراعية)باشتر وایە ئەوانە دەمج بکرێن، چونکە چەندین دائیرەی تریش هەیە، لەقەزاکاندا کشتوکاڵ و پەروەردەو تەندروستیش هەیە، کە هەموویان گرنگن، وای لێ بێت( الرقابة على الدوائر المحلية ورفعها الى مجلس المحافضة)یەعنی ببێت بەیەك بڕگە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من نازانم بۆچی ئەم خاڵانە هەمووی لەدوای یەكەوەن، بەتایبەتی لەدوای چوارەمەوە، واتە 5-6-7-8-9-10، پێنجەم پێم وایە، باسی هەمووی ئەكات، واتە باهەر ئەو بمێنێتەوە، (رسم السياسة العامة لادارة القضاء والرقابة على الاجهزة التنفيذية فيها وتنظيم عمليات الادارة)( وإلاشراف على البرامج الخدمية العامة للاعمار في القضاء) ئیتر بۆچی تۆ هاتوویت(الموافقة على التصاميم الأساسية) و(مراقبة وتقييم النشاطات التربوية) ئەمانە دائەنێیت، بۆ لەناو هەموویاندا (النشاطات التربوية) ئینجا ئەڵێت(وتقديم التوصيات بشأنها)ئەوە بۆ كێ، من ئەمەوێت لەمە تێبگەم، پەروەردە بۆ وای لێبێت، هەركەسێك هەستێت دەستی تێ بخات، بەڕاستی ئەوە قابیلی قبوڵ نیە، وەزارەتی پەروەردە هەیە، سیاسەتی پەروەردە هەیە، خوتەی خۆی هەیە، ئەیدات بەدەستی بەڕێوەبەرایەتیەكانی كە هەیە لەناو قەزاكاندا، كە ئەوانە هەڵ ئەستن بەجێبەجێ كردنی و دەسەڵاتێكی زۆریشیان پێدراوە، لەبەر ئەوە تكایە ئەم موراقەبەیە بەتایبەتی لە بڕگەی(9) هەر حەقە لابرێت، ئەگەر ئەوانی تریش لانەبرێن، چونكە هەموویان باسی یەك مەفهوم ئەكەن، موراقەبەو تەنفیز، باشە بۆ لەناو هەموویدا بەس كشتوكاڵ وتەربیە، بۆ ئەوانی تر نەبێت، ئەگەر ئەوانی تر لابرێت و بێین یەك ڕستەی پوختە باس لەوە بكات كە ئیشراف ئەكات وموراقەبە ئەكات، ئێمە دائیمەن لەوەی پێشووشدا باسی ئەوەمان كردووە، كە ئەبێ پەیڕەوێكی ناوخۆ بۆ خۆیان دابنێن ئەنجومەنی پارێزگا، لێرە لەهیچ شوێنێكدا باسی پەیڕەوی ناوخۆیی ناكات، ئەی ئەمانە لەسەر چی بڕۆن، ئەی نابێ خۆیان مولزەم بكەن بە پەیڕەوێكی ناوخۆ كە بۆ خۆیانی دابڕێژن؟، با تۆزێك هیلاك ببن قەیدی چی ئەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك حاكم سالم، فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لێرەدا لە دووەمدا،( انتخاب القائمقام) ئەوە دروست هاتووە، ئەگەر هاتو بە (الأغلبية المطلقة) نەبێت، بەس لە یەكەمدا( رئيس المجلس) ئەوەی نەوتووە، كاك شێروان وتی ئەوەمان موعالەجە كردووە، بەس موعالەجە نەكراوە، نە لێرەو نەلەوێش موعالەجە نەكراوە، ( رئيس المجلس المحلي للقضاء) ئەگەر هاتو (الأغلبية المطلقة) نەبوو، یان وەكو قایمقام بڵێین(واذا لم يحصل اي من المرشحين على الأغلبية المطلوبة يتم التنافس بين الحاصلين على اعلى الأصوات) كاك شێروان وتی موعالەجە كراوە، بەس نەكراوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

سارا خان، فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیرۆت:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت خاڵی پێنجەم، كە دەڵێت(: رسم السیاسة العامة لادارة القضاء والرقابة علی الاجهزة التنفیذیة) ئەو (والرقابة علی الاجهزة التنفیذیة) هەمووی ئەگرێتەوە، بە پەروەردەشەوە بەوەی كەباسیان كرد بۆ ئاژەڵداری، بۆ كشتوكاڵ هەمووی ئەگرێتەوە، بەڵام تێبینیەكەی ئێمە لەسەر ئەوەیە، كە بۆچی لە ئەنجومەنی پارێزگاكاندا لەوێدا باس لە ئیستسنا كراوە، (دادگا، زانكۆ، پەیمانگا) ئەمانە ئیستسنا كراون، بەڵام بۆ لەقەزادا ئەو ئیستیسنایە نیە، خۆ لەوێشدا ئەو لایەنانە هەموویان هەیە، ئەوە پرسیارێكمە، بەنیسبەت خاڵی هەشت، باس لە تەصمیمی ئەساسی شارەكان ئەكات، دەڵێت(بالتنسیق مع مجلس المحافظة) بەڕای ئێمە سەرۆكایەتی شارەوانیش دەوری هەیە، چونكە لە تەصمیمی ئەساسی هەموو شارێكدا، شارەوانی ڕۆڵی سەرەكی ئەبینێت، بۆیە ئەگەر لێرەدا ئەوە زیاد بكرێت، ( مع مجلس المحافظة ورئاسة البلدیة)ئەوە لەوانەیە باشتر بێت، بەنیسبەت خاڵی حەوتەم، كەباس لەوە كرا بۆچی تەربیە لێرەدا جیا كراوەتەوە، بە بۆچوونی ئێمە ( مراقبة وتقیم النشاطات التربویة) مەبەستی هەموو بوارەكان نیە، بەس چالاكیە پەروەردەییەكانە، وەكو فیستیڤاڵی وەرزشی، وەكو هونەری، ئەو پێشانگایانەی كە لە قەزاكان ئەكرێنەوە، زۆرجار بەسەرپەرشتی ڕاستەوخۆی قایمقام وئەوانی تر ئەبێت، هەرچەندە ئێستا لەو گۆڕانكارییانەی كەلە یاسای تازەی پەروەردەدا كرا، دەكرێ ئەوەش لابرێت، چونكە لەو یاسا نوێیەدا، بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لەهەموو قەزاكاندا هەیە، بۆیە جاران لە بۆشایی نەبوونی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بوو لەو شوێنانەدا، كە ئەو فیستیڤاڵانە بەسەرپەرشتی قایمقام ئەكران، بەڵام ئێستا ئەكرێت، مادام بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە لەهەموو قەزاكان هەیە، ئەگەر نەبێت ئەوە ئەو خاڵە دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

دكتۆر ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر لەخاڵی یەكەوە بەڕاستی كەباسی هەڵبژاردنی ئەنجومەن ئەكرێت، كە كێ بانگەشەی بۆ ئەكات، نووسراوە( بدعوة من القایمقام) من پێم وایە، باشترە كە پارێزگار بێت، نەك قایمقام، چونكە بۆخۆیان دوایی قایمقام هەڵئەبژێرن، ئەگەر بكرێت پارێزگار بانگەشە بكات بۆ ئەوەی كەوا ئەو كۆبوونەوەیە بكرێت، من پێم وایە ئەمەیان باشتر ئەبێت، بەنیسبەت ئەو خاڵانەی كە سۆزان خان باسی كرد، فیعلەن منیش ڕەئیم لەگەڵ ئەوەدایە، پێنج و شەش بمێنێتەوەو تێكەڵ بكرێت، بەم شێوەی لێ بێت(: رسم

السياسة العامة لادارة القضاء والرقابة على الاجهزة التنفيذية فيها وتنظيم عمليات الادارة والاشراف على البرامج الخدمية العامة للاعمار في القضاء وتقديم الملاحظات والتوصيات الى المحافظ بها) يەعنی لەسەر ئەمانە هەمووی، ئاراستەی کێی ئەکات، ئەگەر تێبینیەکی هەبێت، ئاراستەی پارێزگاری ئەکات، من پێم وایە ئەمەیان دروستە، خاڵی (11) زیادە وەکو چۆن لەهی پارێزگاکاندا لامان برد، بۆیە پێویست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەم لەسەر بڕگەی(10)یە کە باسی کشتوکاڵ ئەکات، ئەوە بکرێت بەپەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ بەهەردوو بەشی ڕوەکی وئاژەڵیەوە، کە دەبێتە پێناسەیەکی سەرەکی، تەئیدی ئەو پێشنیارەی سۆزان خانیش ئەکەم، کە بڕیاردان لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ، کە ئەمە لە ئەولەویاتە لەکاری سەرەکی ئەنجومەندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك عادل، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکم لەسەر بڕگەی(2)وە، هەڵبژاردنی قایمقام، یەعنی باش وایە، هەڵبژاردنی قایمقام لەدەرەوەی ئەو ئەنجومەنەش هەبێت، چونکە بۆ خۆتان ئەزانن، لە هەڵبژاردن ڕەنگە ئیعتیباراتی سیاسی و کۆمەلایەتی دەور ببینێت بۆ ئەو کەسانەی کە خۆیان ئەپاڵێون بۆ ئەو ئەنجومەنە، ئیشی قایمقامیش ئیشێکی تەنفیزییە، ئیشێکی موتەخەصیصە، ئیشێکی ئیدارییە، یەعنی حەق وایە ئەنجومەن جگە لەوەی لەناو خۆیدا بۆی هەیە، قایمقام هەڵبژێرێت بۆیشی هەبێت لەدەرەوەی ئەنجومەن قایمقام هەڵبژێرێت، چونکە ئەوە ئیشێکی ئیداری وفەنیە، ڕەنگە لە ئەندامەکاندا ئەو شتانە نەبێ، هەڵبژاردن کاریگەری باری کۆمەلایەتی، سیاسی هەیە، ڕەنگە کەسانێك هەبێت ئەو ئیختیصاصەی نەبێت، سەبارەت بە بڕگەی چوار باسی ئەوە ئەکات، ئامادە کردنی میزانیە، یەعنی حەق وایە، بووترێت (اعدد مشروع موازنة الوحدة الادارية و الحسابات الختامية) چونکە کە تۆ میزانیە ئامادە دەکەیت، چەندت پارە پێویستە، پێویستە حسابی خیتامیەکەش تۆ ئیعلانی بکەیت، کە چەندت سەرف کردووە ئەم پارەیە، یەعنی بۆ ئەوەی ئەنجومەن بۆی روون بێت، تێبینیەکی ترم، یەك، دوو برادەر باسیان کرد، یەعنی حەق وایە، ئەم ئەنجومەنە دەسەلاتی ئەوەی هەبێت، مەشاریعی ئینتاجی لە قەزاو ناحیەکان بەتایبەتی قەزاکان ئیقرار بکات، بۆ ئەوەی کەخەڵك بکەوێتە ئیشەوە و بەرهەم هەبێت، بەتایبەتی ئەو شوێنە دوورانەی کەئیشیان

لێ نیه، دوو شتی تر كه باسی لێوه نەكراوه لێرەدا، رسوم و زەریبەیه، یەعنی یەكێك لەسەرچاوەكانی مالی ئەم ئەنجومەنه كەبۆ ئەوەی بتوانێ ئیدامە بەئیشەكانی بدات پارەیه، جگە لەوەی كەلە میزانیە بۆی دادەندرێت، حەق وایه ئێمه لێرەدا ئەو دەسەڵاتەیان هەبێت كەبتوانێ فەرزی بەعزێك رسوم بكەن كە تابعی مەحەلی هەیه، هەروەها حەقی ئەوەیان هەبێت بتوانن ئیقتراحی هەندێ زەریبە كە لەهەندێ شار زیاد بێت، بواری ژیانی خەڵك یەعنی تەحامولی ئەوه نەكات، بۆیه بتوانن ئیقتراحی تەعدیلی ئەو زەریبەیه بكەن، یان زیادی بكەین یان ئیلغای بكەن، كەلەوانەیه لەشارەكاندا ئاسایی بێت، بەس لەقەزاكاندا ڕەنگە زەحمەت بێت بۆ خەڵك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك شێخ فتاح، فەرموو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: ئێمە دەنگمان بۆ ئەوەدا، كە پارێزگار لەزمنی ئەندامانی ئەنجومەن بێت، بۆیه پشتگیری لە ڕەئیەكەی كاك دلێر ئەكەم، كە قایمقامیش لەزمنی مەجلس بێت، چونكە ئەگەر لە زمنی مەجلس نەبێت، تەعاروز دروست ئەبێت، لەگەڵ قانونی ئەنجومەنی پارێزگاكان، بۆیه بەهەموو شێوەیەك لەگەڵ ئەوەدام كە قایمقام لەزمنی مەجلس بێت، دووەم: هەڵبژاردنی ئەنجومەن وەكو كاك دكتۆر ناصح وتی پشتگیری لێ دەكەم، كە بەدەعوەتی پارێزگار بێت، نەك قایمقام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی ڕەئی جەنابتان، لەسەر موداخەلەی ئەندامانی بەڕێز، كاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەز ئەكەم یەك خاڵ ڕوون بكەمەوه، بۆ ئەو برادەرانه كەهەندێكیان پێشنیاریان هەبوو، هەندێ مهمات وئیختیصاص زیاد بكرێت، بۆ ئەنجومەنی مەحەلی قەزا، فەقەرەی پێنج باسی ئەوه ئەكات، (رسم السیاسة العامة لادارة القضاء والرقابة على الاجهزة التنفیذیة فیها وتنظیم عملیات الادارة)( والرقابة على الاجهزة التنفیذیة) بۆ قایمقامیش دێت، كە دەچینە ماددەی(22) باسی مهمات و صلاحیاتی قایمقام كراوه، زۆر لەو پێشنیارانەی كەكراوه، لەزمنی صلاحیاتی قایمقام هاتووه، بۆیه لێرەدا نەنووسراوه، ئەوەی كاك كەریم باسی ئەكات، (من داخل و خارج) خۆشم هەمان ڕەئی تۆم هەیه، بەڵام كەوا دانراوه بیانووی ئەوەیە، كە لەداخل بێت خەڵك دەنگی بۆ داون و زیاتر شەرعی ئەبێت، ئەوەی پەخشان خان باسی كرد، بكرێت بە مجلس محافظة مهاماتی، بەڕاستی ئەوە هەمووی مهمات نیه، چونكه هەندێكی تریان صلاحیاتە، بۆیه صیغەیەكی عاممان داوەتێ، (یختص المجلس المحلي للقضاء بما یلي) تەنها مهماتەكەیمان نەنووسیوه، كاك بارزان باسی ئەوه ئەكات، ئەڵێت لە بڕگەی(9) نەوترێت، (مراقبة وتقییم النشاطات التربویة) بەڵكو

بووترێت (تطبيق) بەڕاستی تەتبیق نەشاتاتی تەربەوی خۆیان ئەیکەن، مەسەلەن چ قوتابخانەکانە، چ کولیاتە، چ پەیمانگاکانە، ئەوانە بۆخۆیان دەیکەن، ئەوەی مەجلس دەیکات تەنها چاودێری کردنە و تەقیمە، ئەوە لێرەش کەباس ئەکات، (تقديم توصيات)سۆزان خانیش باسی کرد، توصیات لێرەدا بۆ خۆی نیە، بەڵکو تەقدیمی دەکات بۆ هەمان جیهاتی تەربەوی، کاك محمد فەرج باسی ئەوەی کرد، هی دەواجین و بەخێوکردنی ماسی و ئەو شتانە، پێم وایە ئەوانە هەمووی سامانی ئاژەڵیە، ئەوەی تریشی غابات ئیزافە ئەکرێت، کاك محمد رفعت جوابمان دایەوە، ( رقابة على الاجهزة التنفيذية)لێرەدا ئەگەر بەراوردی بکەین، لەگەڵ صلاحیاتی قایمقام لە ماددەی(22) ئەوە وەڵامی جەنابتی تێدایە، کاك رەشاد ئەڵێت حەزفی فەقەرەی (11) بکرێت، دەبێ لێرەدا یەك تێبینی بکرێت، ئەڵێت(أية اختصاصات اخرى يخولها اياه مجلس المحافظة) ئەوە فەرقی هەیە، لەگەڵ ئەوەی کە لە مەجلسی محافەزە باسی کراوە، ئەڵێت( ممارسة اي اختصاصات اخرى ينص عليها الدستور او القوانين النافذة) لێرەدا فەرقیان هەیە، ئەو صلاحیاتانە یاخود ئەو اختصاصاتانە ئەنجومەنی پارێزگا ئەیداتێ، ئەوە شتێکی ئاساییەو ئەبێ بمێنێت، کاك دلێر پێشنیاری ئەوەی کردبوو، کە نائیبی هەبێت، یەعنی وەکو وەحدەی قەزا، وەکو قایمقام پێم وانیە ئەوە پۆستێکی ئەوەندە گەورە بێت پێویستی بە معاون هەبێت، پێویستی بە نائب هەبێت، ئەوەی کاك خلیل باسی کرد، شتێکی زۆر واردە، ئەبێ موعالەجە بکرێت، کاك جعفر باسی ئەوەی کرد، (انتخاب القايمقام من بين اعضائه) خۆی هەر لەسەرەوە باسی کراوە، کە لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەنە، سۆزان خان، ئەوەی جەنابت و کاك عبدالرحمن باستان کرد، نزامی داخلی، ئەوە شتێکی زۆر باشە، بەڕاستی ئەبێ ئەوەی تێدا بێت، ئەو پێشنیارەتان زۆر لەجێگای خۆیەتی، ئەوەی تەوصیاتیش بەڕاستی جوابمان دانەوە، توصیات شتێکی مولزەم نیە، توصیات ئەدات بە جیهەتی مەعنی جا لەوانەیە پێی وەرگرن و لەوانەشە وەری نەگرن، ئەوەی سارا خان باسی کرد، (اجهزة تنفيذية) فەرقی هەیە لەگەڵ مەجلسی محافەزە، لە مەجلسی محافەزە نووسراوە (عدا المحاكم وحرس الاقليم) لەبەر ئەوەی هەیئاتی تەنفیزیە، واتە ئەجهیزە نیە، ئەوەی دکتۆر ناصح باسی کرد، کە بڕگەی(5_6) تەوحید بکرێت، بەڕاستی ئەوە ئەکرێت، چونکە وەکو صیاغەیە، بەڵام لێرەدا بڕێك جیاوازی تێدا هەیە، پێنجەم باسی (رسم السياسة) ئەکات، (والرقابة على الاجهزة التنفيذية) کەچی فەقەرەی(6)( الاشراف على البرامج الخدمية) ئەگەر تەوحیدیش بکرێت ئەوە هەر ئەبێت و ئیشکالی تێدا نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی و ناوخۆ، ئەوەی تەئیدی ئەکەن لە موقتەرەحەکانی ئەو بەڕێزانە، بیخەنە لایەکەوە کە دوایی تەصویتی لەسەر ئەدەین، کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خاڵ ماوە ڕەنگە برای بەڕێزم کاك سەردار ئیشارەتی پێنەدابێ، ئەوەی کە کاك سالم ئیشارەتی پێدا ئەوی تریش سۆزان خان بوو، بەنیسبەت پێنجەم، (رسم السياسة العامة لادارة القضاء) ئەوە بەشێوەیەکی عام هاتووە، بۆ هەموو اجهیزەی تەنفیزیە، ئەوە ڕاستە، بەڵام بۆ پەروەردەو کشتوکاڵ تەخصیص کراوە، ئەوە پرسیارەکەی سۆزان خان بوو وابزانم حەقی خۆشیەتی ئەو پرسیارە بکات، ئێمە لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگا بزەبت ئەو مەوزوعەمان باسکرد، وتمان ئەبێ سیاسەتەکە، سیاسەتێکی عام بێت، خۆ کشتوکاڵ و تەربیەش لەزمنی ئەوانەو چی تێدایە، بە تەخصیص زکری بکەین، جوابیان ئەوە بوو وتیان، ئەگەر زکری بکەین بەنیسبەت قەزا خصوصیەتی خۆی هەیە، بەنسبەت کشتوکال و پەروەردە، بۆیە ئێمە زەقمان کردۆتەوە و ئەهەمیەتی تایبەتیمان داوەتێ، بەنیسبەت ئەوەی کاك سالم، کە دەڵێت لە هەڵبژاردنی ئەنجومەن ئەوە موعالەجە نەکرا، بەڵام خۆی مەبدەئەکە مەبدەئێکی عامە، برای بەڕێزم کاك فرسەت ئەو فەقەرەی بۆ ئێمە ڕەوانە کردووە، ئەگەر بکرێت دەتوانین یەکەم لە بیدایەتی فەقەرەکە داخلی بکەین، بڵێین( وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائيزين على اكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز بالاغلبية)ئەوە ئیمکان هەیە لە ئاخری فەقەرەکەی ئیزافە بکەین، بەڵام خۆی مەبدەئێکی عامیشە و هەرواشی لێ دێت.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

تکایە ئێستا ئەو فەقەرەیە چۆنی لێهاتووە بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

انتخاب رئيس المجلس المحلي للقضاء من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة لعدد الأعضاء في اول جلسة يعقدها المجلس المحلي بدعوة من القائمقام خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وتنعقد الجلسة برئاسة أكبر الأعضاء سناً، وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائيزين على اكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز على الاغلبية) ئەوە بۆ کۆتایی ماددەکە، ئەگەر پێتان باشە با ئەوە دەنگی لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی تکایە بیخوێننەوە تا بیخەمە دەنگەوە، کاك عونی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

اولاً: انتخاب رئيس المجلس المحلي للقضاء من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة لعدد الأعضاء في اول جلسة يعقدها المجلس المحلي بدعوة من القائمقام خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وتنعقد الجلسة برئاسة أكبر الأعضاء سناً، وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائيزين على اكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز على الاغلبية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ببورە کاك دکتۆر ناصح، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئاماژەم بەوەدا، خاڵی یەکەم مەفروزە محافز بێت نەك قایمقام، چونکە قایمقام هێشتا وجودی نیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەوە نوقتەی نیزامی نیە، وەڵامیشت درایەوە، کاك شێروان، فەرموو جارێکی تر بیخوێنەرەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

اولاً: انتخاب رئيس المجلس المحلي للقضاء من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة لعدد الأعضاء في اول جلسة يعقدها المجلس المحلي بدعوة من القائمقام خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وتنعقد الجلسة برئاسة أكبر الأعضاء سناً، وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائيزين على اكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز على الاغلبية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئەوە ئەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، سێ کەسی لەگەڵدا نیە، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە، لیژنەی یاسایی ئەو فەقەرانەی کەوا ئیتیفاقتان لەسەر کرد تەعدیل بکرێن، تکایە فەقەرە، فەقەرە بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، دەیەم کە موقتەرەحێك هەبوو، کە غابات ئیزافە بکرێت، تکایە صیاغەی بکەن و بیخوێننەوە،

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزانەی کەوا ئیسارە کران و قبوڵ کران، ئێستا صیاغەکانیان ئەخوێنمەوە، سەبارەت بە فەقەرەی نۆیەم(تاسعاً: مراقبة وتقييم النشاطات التربوية والصحية في حدود القضاء وتقديم التوصيات بشأنها عبر مجلس المحافظة)( عاشراً: مراقبة تنظيم استغلال الأراضي العامة ضمن الرقعة الجغرافية للقضاء والعمل على تطوير الزراعة والري والغابات والثروة الحيوانية فيه.( حادي عشر: وضع النظام الداخلي للمجلس المحلي للقضاء).

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵام دانەوەیەك بۆ سارا خان، ئەوەی (إشراف الرسمية على الدوائر) بەڕاستی لە صلاحیاتی قایمقام هاتووە، لە ماددەی (23) (ثالثاً: الأشراف المباشر على الدوائر الرسمية في القضاء وموظفيها وتفتيشها باستثناء المحاكم والوحدات العسكرية وحرس الاقليم (البيشمەرگە) والجامعات والكليات والمعاهد التابعة لوزارة التعليم العالي والبحث العلمي والدوائر ذات الاختصاص الاتحادي في الاقليم) زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

تکایە ئەو موقتەرەحانەی کەوا وەرگیران، یەکە، یەکە بیخوێننەوە تا بیخەمە دەنگەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

يختص المجلس المحلي للقضاء بما يلي:-

اولاً: انتخاب رئيس المجلس المحلي للقضاء من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة لعدد الأعضاء في اول جلسة يعقدها المجلس المحلي بدعوة من القائمقام خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وتنعقد الجلسة برئاسة أكبر الأعضاء سناً، وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائيزين على اكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز على الاغلبية.

ثانياً: انتخاب القائمقام من بين اعضائه وبالأغلبية المطلقة لعدد الأعضاء واذا لم يحصل اي من المرشحين على الأغلبية المطلوبة يتم التنافس بين الحاصلين على اعلى الأصوات ويعد فائزاً من يحصل على اكثرية الأصوات.

ثالثاً: اقالة رئيس المجلس المحلي للقضاء او القائمقام بأغلبية 3/2ثلثي عدد اعضائه في حالة تحقق احد الاسباب الواردة في المادة السادسة/(ثانياً) من هذا القانون.

رابعاً: اعداد مشروع موازنة للقضاء والموافقة على خطط الموازنة للدوائر التابعة له واحالته الى المحافظ.

خامساً: رسم السياسة العامة لادارة القضاء والرقابة على الاجهزة التنفيذية فيها وتنظيم عمليات الادارة.

سادساً: الاشراف على البرامج الخدمية العامة للأعمار في القضاء.

سابعاً: ابداء التعاون والتنسيق والمشورة مع المجالس المحلية للنواحي بما يضمن تحقيق التوازن والمصلحة العامة.

ثامناً: الموافقة على التصاميم الأساسية في القضاء بالتنسيق مع مجلس المحافظة وضمن المخطط العام لحكومة الأقليم.

تاسعاً: مراقبة وتقييم النشاطات التربوية والصحية في حدود القضاء وتقديم التوصيات بشأنها عبر مجلس المحافظة.

عاشراً: مراقبة تنظيم استغلال الأراضي العامة ضمن الرقعة الجغرافية للقضاء والعمل على تطوير الزراعة والغابات والري والثروة الحيوانية فيه.

حادي عشر: أية اختصاصات اخرى يخولها اياه مجلس المحافظة بما لايتعارض مع القوانين النافذة.

ثانية عشر: وضع النظام الداخلي لعمل المجلس المحلي للقضاء.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، جگە لەوەش ئەوەی لە پارێزگا زیادمان کرد، کە کاک خەلیل ئیشارەتی پێدا، بەنیسبەت فەقەرەی یەکەم، بەو صیاغەیە دایدەڕێژینەوە، (وفي حالة عدم دعوه للانعقاد) بەنیسبەت مەجلسی قەزا ( يجتمع المجلس تلقائاً في الساعة (12) من يوم 6...) ئەگەر ئەوانە بڵێیت وەکو چۆن مەجلسی محافەزەمان داڕشتووە بەهەمان شێوە بۆ مەجلسی قەزاش لەهەمان ماددە دای دەڕێژینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێك هاتووە، لەلایەن دکتۆر ناصح، دەڵێت بۆ پارێزگار داوای عەقدی جەلسە ناکات، ئەوەی مەجلسی قەزا، لێرەدا دوو شت هەیە، مەجلسی پارێزگا، پارێزگار داوای ئەکات، بەس پارێزگاری کۆن، هی مەجلسی قەزا قایمقام داوای ئەکات، بەس قایمقامی کۆن، نەك هی نوێ، مەجلسی ناحیەش بەهەمان شێوە، ئەگەر بێت و ئێمە ئەو صلاحیەتە بدەین بە پارێزگار، واتە هەم پارێزگار خۆی ئینعیقادی جەلسە ئەکات بۆ ئەنجومەنی پارێزگاو هەم بۆ قەزاش خۆی داوای ئەکات، یەعنی جۆرێك لە تەرکیزی سوڵتات هەیە لەلای پارێزگار، لەوانەیە ببێتە مایەی ئەوەی ئەو جەلسەش تاخیر بێت، بۆیە پێمان باشە هەر لەلای خۆیان بێت، واتە قایمقامی کۆن هەر خۆی لە مەجلس داوا بکات کە کۆبوونەوە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك شێروان، تکایە دووبارە بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە، کاك ئارێز، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی سەرۆکی پەرلەمان، نەمدیوە، لەهیچ پەرلەمانێکی تری ئەم دونیایە بەو شێوەیە موناقەشەی یاساکان بکرێت، خۆی یان لیژنە تایبەتمەندەکان، یان فراکسیۆنەکان ڕەئیان هەبێت و لەسەر خاڵێك بیدەن، ئەگینا هەر یاسایەك بێت و ئەوەندە ڕۆژ پێوەی خەریك بین، بەڕاستی نەقەت کۆتایی دێت، نە دەگەینە کۆتاییەکی باشیش، بۆیە حەقە ئەو مەسەلەیە ببڕێنیتەوە و تەنزیم بکرێت. زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

سوپاس، زۆر نیزامی بوو، لەجێگای خۆشی بوو، کاك عونی بیخوینەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس فەقەرەی یەکەم دەخوێنمەوە، لەبەر ئەوەی کاك شێروان فەقەرەکانی تری خوێندەوە، پێی ناوێت دووبارەی بکەینەوە.

اولاً: انتخاب رئيس المجلس المحلي للقضاء من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة لعدد الأعضاء في اول جلسة يعقدها المجلس المحلي بدعوة من القائمقام خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وفي حالة عدم الدعوة ينعقد المجلس تلقائياً في الساعة الثانية عشر ظهراً من اليوم 16من تأريخ المصادقة على نتائج انتخابات وينعقد الجلسة برئاسة أكبر الأعضاء سناً وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائزين على أكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز على الاغلبية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكى):**

ئەوەی ئێستا لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، دەیخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، باشە لیژنەی یاسایی ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ موشکیلە نیە، دەیکەینە فەقەرەی دووەم و دەنگی لەسەر دەدەین، بەنیسبەت ئەو ئیزافەی کەکراوە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكى):**

ئێستا بەو شێوەی کە لیژنەی یاسایی خوێندیەوە، ئەوەی دەنگی لەسەر درابوو، جیا ئەکرێتەوە، ئەوانی تریش کە خوێنرانەوە دەخرێنە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائزين على أكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز على الاغلبية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكى):**

لیژنەی یاسایی ئەوە دەنگمان داوە لەسەری، بەس هەڵەی تێدا بوو، بۆیە ئەو فەقەرەیە لەجێگای دابنێین، کاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی یەکەم دەنگی لەسەر درا، بۆیە ئەو ئیزافەی کە کاك خەلیل باسی کرد، دەیکەین بە فەقەرەی دووەم، دەخوێنرێتەوە بەم شێوەیە:

وفي حالة عدم فوز المرشح بالاغلبية المطلوبة يعاد الانتخاب بين المرشحين الحائزين على أكثر الاصوات ويفوز منهما من يحوز على الاغلبية. تەسەلسولی فەقەرەکانی تریش لەگەڵ ئەوەدا دەگۆڕدرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكى):**

تکایە بۆ ئەوەی سەر لە ئێوەش نەشێوێنین، فەقەرە، فەقەرە دێین دەنگی لەسەر دەدەین، فەقەرەی یەکەم دەنگی بۆ دراوەو قبوڵ کرا، ئەچینە فەقەرەی دووەم، دوایی فەقەرە فەقەرە وەرنە خوارەوە، فەرموو کاک عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی دووەم بەو شێوەیە کە دەیخوێنمەوە:

ثانياً: في حالة عدم الدعوة ينعقد المجلس تلقائياً في الساعة الثانية عشر ظهراً من اليوم 16 من تأريخ المصادقة على نتائج الانتخابات وينعقد الجلسة برئاسة أكبر الأعضاء سناً.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا وازح بوو لەلاتان، ئێستا کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، تەنها یەك کەسی لەگەڵدا نیە، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

لە بارێکدا کە ناکۆکی کەوتە نێوان بڕیارەکانی ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا و بڕیارەکانی ئەنجومەنی خۆجێیەتی پارێزگا، ئەوا ئەولەوییەت دەدرێتە ئەوەی دواییان، ئەگەر ئەو بڕیارەی وەرگیراوە پەیوەندیداربێ بە هەموو پارێزگاکەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

في حالة التعارض بين قرارات المجلس المحلي للقضاء وقرارات مجلس المحافظة تكون الاولوية للأخير اذا كان القرار المتخذ متعلقاً بعموم المحافظة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان کێ ئەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟، تکایە ناوتان ئەنووسم، دکتۆر ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: لێرەدا باسی ئەو بڕیارانە ئەکات، کە ئەگەر لە پارێزگاوە بێت، بۆ هەموو پارێزگا بێت، ئەولەویەت بەوە دەدرێت، ئەی خۆ ئەگەر ئەو قەرارەی مەجلسی قەزا وەری ئەگرێت، تایبەتە تەنها بەخۆیەوە، ئەو وەختە کام قەرار ئەبێت، وەکو ئەوەی قەرارێك هەبێت تایبەت بێت بەخۆی، یەکێکی تریش هەبێت هی

پارێزگا نزیك بێت لەوەوە، ئەو وەختە كامیان فەرز ئەكرێت، دووەم: تەوصیات لەدەزگای بچووكەوە بۆ دەزگای گەورە نایەت، تەوصیات عادەتەن لەسەرەوە بۆ خوارەوە دێت، ئەوانەی لەخوارەوە تێبینیان هەیە، پێی ئەڵێن موقتەرەحاتی هەیە، لەگەڵ هەندێ تێبینیدا كە هەیانە، بەڵام تەوصیات قەت لەخوارەوە بۆ سەرەوە ناچێت، ئەوەی كە لە پەروەردەدا نووسراوە ئەوە قەت شتی وا نابێت، هەرچەندە دەنگیشمان لەسەری دا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: لەگەڵ پشتگیریم بۆ بەشی یەكەمی پێشنیارەكەی دكتۆر ناصح، دووەم: لەسەر چ ئەساسێك گوێ ئەدرێت بە هی دووەم، كێ ئەڵێت بڕیارەكەی قەزا راست تر نیە، یان لەبەرژەوەندی پارێزگا نیە، یەعنی بۆ یەكسەر بدرێت بە پارێزگا، لەسەر چ ئەساسێك، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك سالم، فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕەئی من ئەم ماددەیە هەر زیادەیە، چونكە مەجلسی مەحەلی صلاحیاتی نیە شت بنێرێت بۆ بەردەم پارێزگا، بۆیە هەر زیادەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر تەئیدی كوێستان خان و كاك حاكم سالم ئەكەم، لێرەدا تەحصیل حاصلە، بۆیە داعی ناكات، قەرارات زیاتر بۆ مەجلسی محافەزە ئەگەڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك جوتیار، فەرموو.

**بەڕێز كریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ناكۆكیەك لەنێوان ئەنجومەنی قەزاو ئەنجومەنی پارێزگا روویدا، بەڵام تایبەت بوو بە قەزاكە، یەعنی بە پارێزگاكەوە پەیوەست نەبوو ناكۆكیەكە، ئایا ئەو كاتە ئەولەویەت دەدرێت بە كامیان؟، بەڕای من حەقە بدرێت بەقەزاكە، چونكە هەندێجار ناكۆكی دروست ئەبێت، ئەنجومەنی قەزا بەرژەوەندی قەزاكەی خۆیان ئەزانن، نەك ئەنجومەنی پارێزگا، لێرەش كە ئەولەویەت ئەدرێت بە پارێزگا، جاری وا هەیە لە قەزایەك بریارێك ئەدرێت، بەڵام بەرژەوەندی كۆی پارێزگاكەی تێدایە، بەڕای من بۆیە ئەولەویەت ئەدرێت بە پارێزگا، بەڵام ئەگەر كێشەكە لەنێوان قەزاو پارێزگادا بوو، تایبەتیش بوو بەیەك قەزای دیاری كراو، واتە كێشەكە پەیوەندی نەبوو بەكۆی پارێزگاوە، بەس تەنها قەزا بوو، حەقە ئەولەویەت بدرێت بەو قەزایە، كە كێشەكەی تایبەتە بەخۆی و بەرژەوەندی خۆشیان باش ئەزانن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من هەر بەزیادی ئەزانم ئەم ماددەیە، یەعنی ئاڵۆزییەك دروست ئەكات، وەكو شەڕێك دروست ئەكات دائیمەن، خۆی ئەگەر ئەمە نەبێت، ئیشەكان وەكو خۆی ئەڕوات هەر كەسەو لەمەجالی ئیشی خۆی كاری خۆی ئەكات، بەس كە تۆ ئەمە دائەنێیت ئەم حاڵەتە دروست ئەبێت، لەبەر ئەوە من هەر بەزیادی ئەزانم، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

تكایە لیژنەی یاسایی وەڵامی ئەو بەڕێزانە بدەنەوە، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: بەڕاستی ئەوەی ئێمە لێی تێدەگەین لەو ماددەیە بەو شێوەیە، قەراراتی مەجلسی قەزا، لە حدودی قەزا، حەقێكی تایبەتی خۆیەتی دەیدات و لام و جیمی نیە، دووەم: هەندێك قەرارات هەیە، كە پارێزگا ئەیدات شمولیە، پارێزگاش ئەگرێتەوە، قەزاش ئەگرێتەوە، ناحیەش ئەگرێتەوە، لێرەدا ئەولەویەت بۆ بڕیارەكەی پارێزگایە، بەڵام بەنیسبەت كاری تایبەت بە قەزا، قەراراتی مەجلسی محەلی قەزا، لە زمنی حدودەكەی خۆی جێبەجێ ئەكرێت، بۆیە ئێمە وای لێ تێئەگەین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

بەڕێزان هەر وەك تەوزیحێك بۆ ئەو خاڵە لەبەغداد، لەدەستووری عێراق ماددەیەكمان هەیە، خیلاف لەبەینی هەرێم و ئیتیحاد ببێت، بۆ هەرێم ئەبێت، ئەگەر ئیشەكە موختەص بێت بە هەرێم، جا ئەمیش ئەگەر ئیشەكە موختەص بێت، بۆیە من پێشنیار ئەكەم ئەوەی بۆ ئیزافە بكرێت، ( في حالة التعارض بين

قرارات المجلس المحلي للقضاء وقرارات مجلس المحافظة الخلافات مختصة بشؤن القضاء) ئينجا بلَيين (تكون الاولوية للأخير اذا كان القرار المتخذ متعلقاً بعموم المحافظة)، ليژنەی یاسایی فەرموو ڕەئیتان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر مەفهومی موخالەفەی ئەو ماددەیە وەربگرین، بزەبت برا یاسا ناسەکان باش ئەزانن، مەفهومی موخالەفە چیە؟، مەفهومی موخالەفەکەی ئەوەیە، قەراراتی قەزا، تایبەت بە قەزا، قەزا خۆی جێبەجێی ئەکات، تەنها ئەگەر قەرارێکی عمومی هەبوو، ئەو کاتە پارێزگا و قەزاش ئەگرێتەوە، ئەوەش زۆر وازحە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا وەکو خۆی ماددەکە دەخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بلند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم ـ ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیەو تایبەتمەندییەکانی

ماددەی یازدەم:

ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دادەمەزرێ و لە (5) ئەندام پێکدێ و بۆ هەر (25) هەزارکەسیش ئەندامێکی دێتە سەر، بەمەرجێك ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرەت لە ئەنجومەندا لە (30٪)ی ژمارەی ئەندامانی کەمتر نەبێ.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثالثاً- المجلس المحلي للناحية واختصاصاته

المادة الحادية عشرة:

يشكل المجلس المحلي للناحية عن طريق الأنتخابات العامة المباشرة ويتكون من (5) اعضاء ويضاف اليهم عضو لكل(25000) خمس و عشرين الف نسمة على ان لا يقل نسبة تمثيل النساء في المجلس عن 30٪ من عدد اعضائه.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزانەی کە ئێمە بەنیسبەت قەزا وەرمانگرت، کە وتمان ئەگەر هاتو لە (50) هەزار کەمتر بوو، هەمان مولاحەزەش لێرە ڕەچاوی ئەکەین، بەڵام لێرە ژمارەکە(25000) لەجیاتی(50000)، واتە ئەگەر لە (25000)کەمتر بوو، ئەوە (5) ئەندامی ئەبێت، ئەوی تر ئەگەر هاتو لەوە زیاتر بوو، ئیتر هەر (25000)ێك ئەندامێك زیاد ئەکات، لەناحیەدا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کێ ئەیەوێت قسە بکات لەسەر ئەو ماددەیە ناوی ئەنووسم؟، کاك زانا فەرموو.

**بەڕێز قادرسعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مولاحەزەی ئەخیری کاك شێروان باسی کرد، لە قەزاش کردمان و شتێکی زیاد بوو، چونکە هەر مەفهومی موخالەفەکەی وا ئەگەیەنێت، ئێستا ئەڵێت مەجلسی قەزا (5) کەسە، ئەگەر لە (25000)زیاتر بوون، بۆ هەر (25000)کەسێك زیاد دەبێت، یەعنی ئەوە ئیتر پێویست ناکات بڵێین، ئەگەر لە (25000) کەمتر بوو، (5) کەسە، خۆی (5) ە، ئەوە ڕاستە، بۆیە ئەو ئیزافەی لەقەزا کردمان بەخۆی زیاد بوو، با لێرە دووبارەی نەکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك عادل، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەکەی پێشوو، تایبەت بە قەزا قسەمان کرد، نازانم زۆر وازح نەبوو شتەکان، ناڕوونیەکی تێدا بوو، ئێمە لەکوردستان کۆمەڵێك ناحیەمان هەیە، کە تازە إستیحداث کراون، یەعنی ناحیە هەیە، ژمارەی دانیشتوانی (3000) کەسە، ناحیەش هەیە، (30000) کەسە، یەعنی برادەران پێشتر وایانزانی ئەمانەوێت عەدەدی قەزاکانی کوردستان دیاری بکرێت، قەزاو ناحیەی خۆی هەیە و وەحدەی ئیداری هەیە، دروستە موشکیلەیەکمان نیە، ئێمە ئەڵێین هەر ناحیەیەك کەناوی ناحیە بێت، ئەگەر (1000) بێت یان (30000) بێت، (5) ئەندامی هەیە، ناعەدالەتیەکە لەکوێدا دروست ئەبێت، ئەڵێت لەپاش ئەوە ئەبێت ببێت بە (25000)کەس، ئینجا بۆی هەیە ئەندامێکی تر زیاد بکات، ئەگەر من غەڵەت تێگەشتووم ئەوە تەوزیح بکەن، نەك ژمارەی دانیشتوان، ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناحیەیە دوای ئەوەی (25000)کەس بێتە سەری ئینجا(1) ئەندامی بۆ زیاد ئەکرێت، ناحیە هەیە نزیکەی(70)ساڵە ناحیەیە تائێستا ژمارەی دانیشتوانەکەی(10000)کەسە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك بارزان، فەرموو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: وەڵڵاهی منیش نازانم، من لەدەربەندیخانم بەلادێ و قەزاو ناحیەیەوە، ناگاتە(40000) كەس، باشە ئەمە چۆن دانراوە، بەس نیسبەی لە30٪ ئەگەر زیاتر بێت قەیناكە، بەڵام لە 30٪ لە (7) و لە(5) چۆن دەرئەكەن، دووەم: ئەمەش خیلافی دەستوورە، لە دەستووردا لەماددەی (13) لە برگەی(2) ئەڵێت( نابێ هیچ یاسایەك دابندرێت بەپێچەوانەی ئەم دەستوورە) لەماددەی(14) ئەڵێت( عێراقیەكان لەبەردەم یاسادا یەكسانن) نازانم لەبەر ئەوەی پێمان بڵێن ئێوە مۆدێرنن، ئەم لە 30٪ مان داناوە، بۆیە لە 30٪ لەچیەوە هاتووە؟، مادام ئێمە لەبەردەم قانوندا یەكسانین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

ئەم پەرلەمانە، لەیاسای خۆی بۆ ئافرەتان لە هەڵبژاردنیان بۆ پەرلەمان، دەنگی داوە بۆ لە 30٪ ئەوەش هاتە سەر ئەمانی تر، ئێستا ئەمە ئەخرێتە دەنگەوە، ئەگەر پاڵپشتی دەنگی جەنابت هەبێت، ئەوە نامێنێت لێرەدا، زۆر سوپاس بۆ تۆ، پەخشان خان، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز پەخشان عبدالله زەنگەنە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك بارزان وتی، ئەمە خیلافی دەستوورە، ئەمە ئەچێتە پرۆتۆكۆلەوە، ئەوە خیلافی دەستوور نیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی تكایە جوابتان بۆ ئەو بەڕێزانەی كە قسەیان كرد.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ژمارەی دانیشتوانی قەزا، بۆ قەزامان وا نیشانداوە، لەماددەی پێشوو كە قەزا لە (50000)كەس، ئەگەر كەمتر بێت (7) ئەندامی ئەبێت، لە (50000)بۆ سەرەوە، هەر (50000)ی تر ئەندامێكی تری دێتە سەر، بەنیسبەت ناحیەشەوە، وەكو ئەو دائەنێین (25000) كەمتر (5)ئەندامی بۆ دائەنێین، بۆ هەر (25000)زیادە لە (25000)كەی تر، ئەندامێكی دێتەسەر، ئەوە وازحە بەنیسبەت قەزاو ناحیەكان، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

ئێستا ئەو ماددەیە دەخەینە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟ فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی دوازدەم:

ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی هەیە:

یەکەم: هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجومەن لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەها لە یەکەم دانیشتنی کە دەیبەستێ لە سەر بانگهێشتی بەرێوەبەری ناحیە لە ماوەی پازدە رۆژ لە مێژووی ڕاستاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان و دانیشتنەکە بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندام دەبێ.

دووەم: هەڵبژاردنی بەرێوەبەری ناحیە لە نێوان ئەندامانی بە زۆرینەی رەها و، ئەگەر هیچ لە پاڵێوراوەکان زۆرینەی پێویستیان وەرنەگرت، ئەوا کێبڕکێ لە نێوان ئەو دوو کەسە دەبێ کە بەرزترین دەنگیان هێناوە، ئەوەی زیاترین دەنگ بەدەست بێنێ ئەو بە براوە دادەنرێ.

سێیەم: لە کارلادانی سەرۆکی ئەنجومەن یان بەرێوەبەری ناحیە بە زۆرینەی دەنگی $3\backslash2$ ی ژمارەی ئەندامانی و لە کاتی هاتنەدی یەکێك لە هۆیەکانی کە لە ماددەی (شەشەم/ دووەم)ی ئەم یاسایەدا هاتووە .

چوارەم: ئامادەکردنی بودجەی یەکەی کارگێڕی ناحیەو رەزامەندیی دەربڕین لەسەر پلانەکانی بودجەی ئەو فەرمانگانەی کە سەر بە ئەوانن و ناردنی بۆ ئەنجومەنی خۆجێیی قەزا.

پێنجەم: چاودیری کردنی رێکخستنی بەکارهێنانی زەوی وزاری گشتی لە نێو رووبەری جوگرافی ناحیەو کارکردن لە پێناوی پەرەپێدانی کشتوکاڵ و ئاودێری و سامانی ئاژەڵی ناوی.

شەشەم: چاودێری کردنی فەرمانگە خۆجێیەکان و بەرزکردنەوەی راسپاردەی پێویست لەو بارەیەوە بۆ ئەنجومەنی خۆجێیی قەزا.

حەوتەم: ئەنجومەنی پارێزگا یان ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا بۆیان هەیە تایبەتمەندی و دەسەڵاتی تر بدەن بە ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە بەمەرجێك ناکۆك نەبن لەگەڵ یاسا پەیرەوکراوەکان دا.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية عشرة :**

**يختص المجلس المحلي للناحية بما يلي:**

**اولاً: انتخاب رئيس المجلس من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة فى أول جلسة يعقدها بدعوة من مدير الناحية خلال خمسة عشر يوماً من تأريخ المصادقة على نتائج الأنتخابات وتنعقد الجلسة برئاسة اكبر الأعضاء سنا.**

**ثانياً: انتخاب مدير الناحية من بين اعضائه بالأغلبية المطلقة واذا لم يحصل اي من المرشحين على الأغلبية المطلوبة يتم التنافس بين الحاصلين على اعلى الأصوات،ويعد فائزاً من يحصل على اكثرية الأصوات.**

**ثالثاً:اقالة رئيس المجلس المحلي او مدير الناحية بأغلبية $3/2$ ثلثي عدد اعضائه في حالة تحقق احد الاسباب الواردة في المادة السادسة /(ثانياً) من هذا القانون.**

**رابعاً: اعداد مشروع موازنة الناحية والموافقة على خطط الموازنة للدوائر التابعة لها وإحالتها الى المجلس المحلي للقضاء.**

خامساً: مراقبة تنظيم استغلال الأراضي العامة ضمن الرقعة الجغرافية للناحية والعمل على تطوير الزراعة والري والغابات والثروة الحيوانية فيها.

سادساً: الرقابة على الدوائر المحلية ورفع التوصيات اللازمة بهذا الشان الى المجلس المحلي للقضاء.

سابعاً: اية اختصاصات اخرى يخولها اياه مجلس المحافظة او المجلس المحلي للقضاء بما لا يتعارض مع القوانين النافذة.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لە مەجلسی قەزا، بەعزێك بنەمامان وەرگرت، بەنیسبەت فەقەرەی (1 و2)، ئەگەر پێتان باش بێت هەمان بنەماش لەمەجلسی قەزا وەرئەگرین، پاشان دەنگی لەسەر دەدەین وبەهەمان صیغە دایدەڕێژینەوە، بەنیسبەت (یەکەم و دووەم) ئەوانی تریش بەنیسبەت مولاحەزاتی ئێمە، بۆ( الأغلبیة المطلقة)دیسان ئەبێ (لعدد اعضاءە)ئیزافە بکەین، بۆ (یەکەم و دووەم) لەهەمان کاتدا ئیمکان هەیە، لە(پێنجەم)(غابات) هەروەك بەڕێزان ئیشارەتیان پێدا ئیزافەی بکەین، لە (حەوتەم)ئەگەر خاڵێك زیاد بکەین( وضع النظام الداخلي لمجلس الناحیة) وابزانم ئەوانی تر هیچ ئیشکالیان تێدا نیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان کێ ئەیەوێت قسە بکات، تا ناوی بنووسم؟، دکتۆر ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەخاڵی دووەمی ماددەی (12) باسی هەڵبژاردنی مودیری ناحیە ئەکات، هەرچەندە لەماددەی دواتر ئاماژە بەوە ئەکات، کە ئەبێ مودیری ناحیە چ شەهادەیەکی هەبێت، بەڵام باشترە لێرەدا بێت، چونکە یەکەمجار لێرەدا دێت، بۆیە با لێرە باسی بکەین ( حاصل على شهادة القانون وما یعادلە) چونکە کاتی خۆی حقوقیش هەبوو، لەبەر ئەوەی دەرچووی کۆلێژی ماف و کۆلێژی یاسا هەر ئەوان ئەتوانن، ببن بە مودیری ناحیە، بۆیە پێم وایە لێرە ئاماژەی پێبکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

نازناز خان، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێك بۆ من هاتووەتە ئاراوە، ئەگەر لێژنەی یاسایی وەڵامم بدەنەوە، لەحاڵەتێك کە لەناکاودا گوندێك کرا بە ناحیە، هاوکاتیش بوو، لەگەڵ هەڵبژاردنەکان، لەوکاتەدا مودیری ناحیە نیە، کێ سەرپەرشتی ئەو دانیشتنانە ئەکات، یان یەکەم مودیری ناحیە کێ دیاری ئەکات؟، کە هێشتا لەسەرەتادایە وتازە بووە بەناحیە، تۆش ئەنجومەنی ناحیەت نیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاک دکتۆر رەمەزان، فەرموو.

**بەڕێز د. رمضان عبدالرحمن محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکەی من لەسەر بڕگەی (شەشەم)ە، (سادساً: الرقابة على الدوائر المحلية ورفع التوصيات...) توصیات لەلایەن کەسی شارەزاو پسپۆڕەوە ئەکرێت، بەڵام ئەکرێت ئەمان مولاحەزات بەرز بکەنەوە، ناکرێت تەوصیات بێت، ناکرێت ئەمان تەقیم بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاک احسان، فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەفەقەرەی (شەشەم) (سادساً: الرقابة على الدوائر المحلية) ئەگەر لەجیاتی (محەلی) بیکەین بە (حکومی)ئەوە جوانتر ئەبێت، چونکە لەهەر جێگایەك بێت دەوائیر هی حکومیە، اشرافیش لەسەر دەوائیری حکومی چالاکی خۆی دەبێت، ئەوە جوانتر دێت بەڕەئی من، ئەگەر ئەو صلاحیاتەشیان پێ بدرێت، ئەوانیش لە سنووری چالاکی خۆیان وەکو ناحیە ئیش لەسەر پرۆگرامی پەروەردەیی وتەندروستی ئەکەن، لەو سنوورەدا لەسەر بەرنامەکانی تریش، وەك (خەدەمی و ئیعماری) وەکو ئیشێك یان وەکو کارێك، ئەویش لەسنووری خۆی چاودێری ئەو دائیرانە بکات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی بۆ وەڵام دانەوەی ئەو بەڕێزانە، کاک سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی دکتۆر ناصح، کە ئەڵێت مەرجەکانی مودیری ناحیە لێرەدا دووبارە بکرێتەوە، بەڕاستی لەماددەی (14) لە ماددەی(22) لە خاڵی (2) هاتووە، کە ئەڵێت(ثانیاً: یشترط في القائمقام ومدیر الناحیة بالاضافة الى الشروط المطلوب توافرها في عضو مجلس المحافظة ان یكون القائمقام من حملة شهادة جامعیة اولیة، ومدیر الناحیة حاصلاً على شهادة جامعیة في القانون). لەماددەی(14) دیاری کردووە، کە ئەندامی مەجلس مەرجەکانی چیەو خۆشی لە مەجلس هەڵئەبژێردرێت، کەواتە ئەو مەرجانەی تێدا دەبێت، دەکرێ دووبارەی بکەینەوە لێرەدا، بەڵام دووبارەیەو لەقانونیش دووبارە کرایەوە، وەکو حەشو وایە، ئەو

کاته زیاده دەبێت، ئەوەی نازناز خان باسی کرد، ناحیه استحداثەکەی، چ ناحیه بێت چ قەزا بێت، لەلایەن مەجلسی محافەزە ئەبێت، کە مەرسومی ئیقلیمی پێ دەرئەچێت، لەدوای ئەوەش هەمان مەوادی کە لێرە باسکراوە، بۆ صەلاحیات و بۆ هەڵبژاردنی مودیری ناحیه، ئەوەی لەم قانونەدا هاتووە لەسەری جێبەجێ ئەکرێت، ئەوەی کاک احسان باسی کرد، لەباتی (مەحەلی) بکرێت بە( حکومیە)بەڕاستی حکومیە زۆر شاملە، چ دەوائیر هەیە و حکومیە ئەبێ ئەو مودیری ناحیە سەرپەرشتی بکات، بۆیە ئێمە پێمان وایە (مەحەلی) بێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان لەبەر ئەوەی نیصاب تەواو نیە، ئەچینە ماددەیەکی تر و موناقەشەی ئەکەین، پاشان کە نیصاب تەواو بوو، دەنگی لەسەر ئەدەین، بۆ ماددەی تر تکایە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە چەند جارێکە ئەوە دووبارە ئەکرێتەوە کەوا (ناحیە و قەزا) حەقی رەفعی تەوصیات و موقتەرەحاتیان نیە، ئەوەی لەخوارەوە بۆ سەرەوە ئەچێت، ئەی ئەگەر موقتەرەح نەکات چی بکات؟، ئەی تەوصیات نەکات چی بکات؟، ئەوەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە بێت ئەوە ئەوامرە، یەعنی بەو شێوەیە شتەکە، ئێمە موقتەرەحێکمان هەبێت یان تەوصیاتێکمان هەبێت، لە خوارەوە بۆ سەرەوە رەفعی ئەکەین، بەڵام ئەوەی ئەوامرەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێز وەزیری ناوخۆ تۆ مولاحەزەت هەیە، لەسەر ئەو پێشنیارەی کە هەیە، فەرموو.

**بەڕێز کریم سنجاری( وەزیری ناوخۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی ئەم قانونە، ئەبێتە شامل وعام لەسەر هەموو کەسێك جێبەجێ ئەبێت، ئەگەر هاتوو ناحیەیەك دروست کرا، مەجلسی موحافەزە موافەقەتی کرد، ئەتوانێ ئەم قانونە تەتبیقی لەسەر بکرێت و هەڵبژاردنی بۆ بکەیت زۆر بەئاسانی، خۆ شەرت نیە؟ تۆ چاوەڕوانی بکەیت تا هەڵبژاردنی عمومی ئەکرێت، کە ناحیەیەکت دروست کرد، ئەو مەرجانەی لەسەر جێبەجێ ئەکەیت، دەتوانی بڕیارێکی بۆ دەربکەیت لە مەجلسی موحافەزە، باصەلاحیەت بدرێت و هەڵبژاردنی بۆ بکەیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە، لێرەدا فەصڵێك بەتەواوەتی هاتووە، کە فەصڵی چوارەمە.

الفصل الرابع

أولاً: إستحداث الوحدات الأدارية

المادة الخامسة والعشرون :

1- تستحدث القضاء او الناحية بمرسوم اقليمي بناءاً على اقتراح مجلس المحافظة وبموافقة الوزير ومصادقة مجلس الوزراء.

2- تعدل حدود القضاء ويغير إسمها ومركزها بمرسوم إقليمي وبإقتراح من مجلس المحافظة وبموافقة الوزير ومصادقة مجلس الوزراء.

3- تعدل حدود الناحية ويغير اسمها ومركزها ببيان يصدره الوزير بناءً على إقتراح مجلس المحافظة. زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك ئاخر، فەرموو.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە، پرسیاری نازناز خان، ئاوا نەبوو، پرسیارەکەی لەوە بوو، ئەڵێت ئەگەر ناحیەیەك لەو کاتەی کە دروست بوو هەڵبژاردنە، بەڕێوەبەری ناحیەی نیە، لەکاتی دانیشتنی ناحیە مودیری ناحیەکە پێی ئەڵێت دابنیشن، پرسیارەکەی ئەوەیە، کێ بەو ئەنجومەنە ئەڵێت کە دابنیشن، لەوکاتە دائەنیشن، ئەگەر کەس پێی نەوتن ئەنجومەن تلقائیاً دائەنیشێت و بەتەمەنترین کەسیان سەرۆکایەتی ئەو دانیشتنە ئەکات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا نیصاب تەواوە، بەس بۆ ڕوونکردنەوەیەکی ئیزافی، لەو حاڵەتە ئیستیسنائیە، ئیدارەو حکومەت هەڵناسن بە ئیلغا کردنی، تا دوای هەڵبژاردن و تەواو بوونی، ئێستا لیژنەی یاسایی ئاخر صیاغەتان بخوێننەوە، تابیخەینە دەنگەوە، تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ( یەکەم و دووەم) هەروەك ئیشارەتم پێدا، بەهەمان صیاغە کە بۆ قەزا دامانڕشتووە، بۆ ئەویش هەمان صیاغە ئەبێت، ئەوی تر لە سێیەمەوە، بەو شێوەیە ئەبێت،

ثالثاً:اقالة رئيس المجلس المحلي او مدير الناحية بأغلبية 3/2 ثلثي عدد اعضائه في حالة تحقق احد الاسباب الواردة في المادة السادسة /(ثانياً) من هذا القانون.

رابعاً: اعداد مشروع موازنة الناحية والموافقة على خطط الموازنة للدوائر التابعة لها وإحالتها الى المجلس المحلي للقضاء.

خامساً: مراقبة تنظيم استغلال الأراضي العامة ضمن الرقعة الجغرافية للناحية والعمل على تطوير الزراعة والري والغابات والثروة الحيوانية فيها.

سادساً: الرقابة على الدوائر المحلية ورفع التوصيات اللازمة بهذا الشان الى المجلس المحلي للقضاء.

سابعاً: اية اختصاصات اخرى يخولها اياه مجلس المحافظة او المجلس المحلي للقضاء بما لا يتعارض مع القوانين النافذة.

ثامناً: وضع النظام الداخلي للمجلس المحلي للناحية.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

بەڕێزان ئێستا بەو شێوەی كە خوێنرایەوە دەیخەمە دەنگەوە، كێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بكات تكایە؟، فەرموون كێی لەگەڵدا نیە؟، بەكۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تكایە.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سێزدەم:

لە بارێكدا كە بڕیاری ئەنجومەنی خۆجێیەتی ناحیە، لەگەڵ بڕیاری ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا ناكۆك بوو، ئەوا بڕیاری ئەنجومەنی خۆجێیەتی قەزا ئەولەویەتی دەبێ ئەگەر پەیوەندیی بە هەموو قەزاكەوە هەبوو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثالثة عشرة:

في حالة تعارض قرار المجلس المحلي للناحية مع قرار المجلس المحلي للقضاء تكون الاولوية لقرار المجلس المحلي للقضاء، اذا كان متعلقاً بشؤون عموم القضاء.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ دەقی ماددەكەین  وهیچ تێبینیمان نیە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

بەڕێزان كەس ئەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات، تا ناوی بنووسم، شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من جاری پێشوو، ناوی خۆم نەنووسیبوو بۆیە قسەم نەكرد، لێرەدا لە ناحیە و لەقەزا ئەو كێشەی كە ئەڵێت ئەولەویەت ئەدرێت بە قەزا، مەبەستێك هەیە، كاتێك كە ناحیەكان جیا ئەكرێنەوە و سنووریان

دیاری ئەکرێت، تەبعەن ناحیەکان موشتەرەکن، ئەگەر دوو مودیر ناحیە یان دوو ناحیە، لەسەر سنوورێك کێشەیەکیان هەبوو، فیعلەن کێشەکە ئەچێتە قەزا، قەزاش بەهەمان شێوە ئەچێتە پارێزگا، بۆیە لێرەدا واهاتووە، ئەمە عیلاقەی بەوەوە نیە، کە کێشەکە لەناوخۆی ناحیە یان قەزا بێت، کە ئەولەویەت ئەدرێت بە پارێزگا یان بە قەزا، لێرەدا ئەولەویەت بۆیە ئەدرێت بەقەزا، لەبەر ئەوەی کێشەکە لەسەر سنوورە، لەسەر شتی ناوخۆیی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی وەڵامتان هەیە، بۆ کاك شێخ، کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە هەم وەکو ماددەی پێشتر بەهەمان شێوە، ئەگەر هاتو تەعاروز هەبوو لەبەینی بڕیاری مەجلسی ناحیە ومەجلسی قەزا، ئەولەویەت بۆ بڕیاری مەجلسی قەزایە، ئەگەر هاتو صیفەتێکی گشتی هەبوو، بەڵام ئەگەر هاتو صیفەتێکی خاصی هەبوو، ئەوا قەراراتی مەجلسی ناحیە واجبی ئیتیباعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەم ماددەیە بەو شێوە دەخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئێستا ئەگەڕێینەوە بۆ ئەو ماددەی پێشتر کە دەنگمان لەسەر نەدا، چونکە نیصاب تەواو نەبوو، کە ماددەی یازدەیە، تکایە بیخوێننەوە تا بیخەینە دەنگەوە.

المادة الحادية عشر:

يشكل المجلس المحلي للناحية عن طريق الأنتخابات العامة المباشرة ويتكون من (5) اعضاء للناحية اذا كان عدد نفوسها يقل عن خمسة وعشرون الف نسمة ويضاف اليهم عضو لكل(25000) خمس وعشرين الف نسمة تزيد عن الحد المذكور على ان تنظم قوائم المرشحين بالشكل الذي يضمن نسبة مشاركة للنساء في المجلس لا تقل عن (30٪) من عدد اعضائه.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەم ماددەیە بەو شێوە دەخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەکۆی دەنگ وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم/ مەرجەکانی ئەندامیەتی و سوێندخواردن

ماددەی چواردەم:

یەکەم: پێویستە پاڵێوراو بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنەکان ئەم مەرجانەی لێ بێتەدی:

1 - پێویستە عیراقی بێ و بە تەواوی شیاو بێ وبیست وپێنج ساڵی لە تەمەنی لە کاتی خۆ پاڵاوتنی تەواو کرد بێ.

2 - پێویستە بەلانی کەم بڕوانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەی هەبێ بۆ پاڵێوراوی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و ئەنجومەنەکانی قەزاکان و بڕوانامەی بنەڕەتی یان هاوتاکەی هەبێ بۆ پاڵێوراوی ئەنجومەنە خۆجێیەکانی ناحیەکان.

3 - پێویستە خوو ڕەوشت و ناوبانگی باش بێ و بە هیچ تاوان و کەتنێکی ئابڕووبەر حوکم نە درا بێ.

4 - پێویستە لە ڕۆڵەکانی یەکە کارگێڕییەکە بێت بە پێی تۆماری باری شارستانی یان لێی دانیشتبێ بە شێوەیەکی بەردەوام بۆ ماوەیەك لە (دە) ساڵ کەمتر نەبێ بەمەرجێك نیشتەجێ بوونەکەی بۆ مەبەستی گۆڕانکاری دیموگرافی نەبێت.

5- نابێ لەکەسەکانی هێزە چەکدارەکان یان دەزگاکانی ئاسایش بێ.

6- نابێ بەشداریی کردبێ لەو تاوانانەی کە ڕژێمی بەعس لە هەرێمدا نەخشەی بۆ کێشابوون یان جێبەجێی کردوون یان ئەنجامی داون.

دووەم: ماوەی خولی هەڵبژاردن چوار ساڵی ساڵنامەییە ولەیەکەم دانیشتنی دەست پێدەکات و لەکۆتایی ساڵی چوارەم کۆتایی دێت.

سێیەم: پێویستە ئەندامان خۆیان تەرخان بکەن تەنها بۆ کارەکانی ئەنجومەن.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رابعاً – شروط العضوية وعمل المجالس واداء اليمين

المادة الرابعة عشرة:

اولاً: يشترط في المرشح لعضوية المجالس ما يلي:-

1- ان يكون عراقياً كامل الاهلية اتم الخامسة والعشرين سنة من عمره عند الترشيح.

2- ان يكون حاصلاً على الشهادة الاعدادية او ما يعادلها على الاقل بالنسبة لمرشحي مجالس المحافظات والمجالس المحلية للاقضية وعلى الشهادة الاساسية او مايعادلها بالنسبة لمرشحي المجالس المحلية للنواحي.

3- ان يكون حسن السيرة والسمعة والسلوك وغير محكوم بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

4- ان يكون من ابناء الوحدة الادارية بموجب سجل الاحوال المدنية او مقيمها فيها بشكل مستمر لمدة لا تقل عن عشر سنوات على ان لا يكون اقامته فيها لاغراض التغيير الديمغرافي.

5- ان لا يكون من افراد القوات المسلحة او المؤسسات الامنية.

6- ان لا يكون مشتركاً في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتكبها النظام البعثي في الاقليم.

ثانياً: مدة الدورة الانتخابية اربع سنوات تقويمية تبدأ من اول جلسة له وتنتهي بنهاية السنة الرابعة.

ثالثاً: يجب ان يكون العضو متفرغاً لاعمال المجلس.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەین، تەنها لە سێیەم نەبێت، ثالثاً: يجب ان يكون العضو متفرغاً لاعمال المجالس. نەك مجلس، ئەوی تریش لەگەڵ دەقی ماددەکەین و پێمان وایە ئەوانە مەرجی ئاسایین بەنیسبەت ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە، هەر وەها هی قەزاش، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا ئەو بەڕێزانەی کە ئەیانەوێت قسە بکەن ناویان ئەنووسم، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر خاڵی شەشەم مولاحەزەم هەیە، 6- نابێ بەشداریی کردبێ لەو تاوانانەی کە رژێمی بەعس لە هەرێمدا نەخشەی بۆ کێشابوون، بەڕەئی من ئەو هەرێمە زیادەیە، بەشکو تاوانێکی کردبێ لەدەرەوەی هەرێم بێت، بۆیە پێم زیادە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

گێلاس خان، فەرموو.

**بەڕێز گێلاس محی الدین محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر خاڵی دووەم پرسیارێکم هەیە، بڕوانامەی بنەڕەتی یان هاوتاکەی، هاوتای بنەڕەتی چ بڕوانامەیەکە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

نازناز خان، فەرموو.

**بەڕێز نازناز محمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر بڕگەی دووەم مولاحەزەم هەیە، من پێم وایە، ئەندامانی ئەنجومەنی ناحیەش دەبێ بەلانی کەمی بڕوانامەی ئامادەییان تێدا هەبێت، چونکە بنەڕەتی وای لێهاتووە، کە کەمترین بڕوانامە سێی

جارانە، بۆ وەڵامی گێلاس خانیش کە ئەڵێت هاوتاکەی مەبەست سێی ناوەندی جارانەو بنەڕەتیەکەش هی ئێستایە، هەر تۆزێك گۆڕانکاری تێدا کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك عادل، فەرمووو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن لەسـەر بڕگـەی یـەك مولاحـەزەم هەیـە، ئـەڵێت(اتم الخامسـة والعشـرين سـنة) واتـە (25) سـاڵی تـەواو کردووەو چووەتە (26) ساڵیەوە، ئێمە بۆ ئەندامی پەرلەمان وتمان بگاتە(25) با هەروەکو ئەو بێت، واتە لەجیاتی (اتم) بیکەین بە (بلغ)ئەوە لەسەر بڕگەی یەکەم، بڕگەی چوارەم، لێرەدا ئەڵێت( سجلی ئـەحوالی مەدنی کردووە بە بنەڕەت بۆ ئـەوەی حـەقی بـدەینێ کـە ببێـت بەئەنـدام لـەو ئەنجومەنانـەدا) خـەڵکی وا هەیە، (30) ساڵە لە شارەکەی خۆی ڕۆشتووە، بەڵام هێشتا سجلی ئـەحوالی مـەدەنی لـە جێگـای خۆیـەتی، باش وایە ئیقامە بنەڕەت بێت، سـەبارەت بـە بڕگـەی شـەش، وەکو کوێستان خـان باسـی کـرد حەقـە ئـەوە بکرێتە( ضد شعب كوردستان) لەبـەر ئـەوەی زۆر کـەس هەیـە، تـاوانی کـردووە لـەو ناوچـانەی کـە کێشـەی لەسەرە، لە کەرکووك، لە خانەقین، یەعنی لەو شوێنانە خـەڵکی ئـازارداوە، مـن پـێم باشـە ئـەو بڕگەیـە لـە کۆتاییەکەیدا وای لێ بکرێت، ( ضد شعب كوردستان)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك شێخ فەتاح، فەرمووو.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان ڕەئـی کوێسـتان خـانم هەیـە، لەسـەر بڕگـەی شەشـەم، پـێم وایـە ( هـەرێم) هـەر لابچێت، بـەڵام لـە پێشەوە ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، (ان لايكون معاوناً للنظام) نەك(مشتركاً في الجرائم) زۆر کـەس هەیـە تـاوانی نەکردووە، بـەس هاوکـار بـووە، لەگـەڵ نیزامەکـەدا، ئـەوەی کـاك عـادلیش باسـی کـرد، نـەك هـەر دەرحـەق بەکوردستان، بەڵکو ئەو کابرایە تـاوانی ئەنجامـدابێ بەرامبـەر بـە عـەرەبێك یـان خـارجی قەومیـەت، واتـە شەرت نیە تەنها بۆ کوردسـتان تاوانبـار بێـت، یـان هەیـە هاوکـار بـووە، لەگـەڵ ڕژێـم، بـەڵام تـاوانی ئـەنجام نەداوە، کەوابوو وای لێ بێت، (ان لايكون معاوناً للنظام)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

گوڵاڵە خان، فەرمووو.

**بەڕێز گوڵناز عزیز قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر خاڵی (2-4-5)هەیە سەبارەت بەخاڵی دووەم، بۆچی بڕوانامەی بنەڕەتی نزمترین بڕوانامەیە، با ئەویش هەر ئامادەیی بێت باشترە، قەیناکە کە ناحیەیە، بەڵام خەڵکی خاوەن بڕوانامەی تێدایە، چۆن لەقەزاکاندا ئامادەیی کراوە بەپێوەر با لێرەش هەروابێ، چونکە بەڕاستی بنەڕەتی زۆر نزمە، بۆ خاڵی چوارەم، پێویستە لە ڕۆڵەکانی یەکە کارگێڕییەکە بێت بە پێی تۆماری باری شارستانی، لەوانەیە لە ناحیەیەکدا تازە یەك، دوو ساڵێك بێت ئەندازیارێکی بەتوانا هاتبێتە ئەو شارە، لەوێ دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی ئەو ناحیەیە، زۆریش لێهاتووە، بۆ ئەوە مەرج بێت، ئێمە لە ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز زۆربەیان (10)ساڵ لەئەورووپان و ئێستاش هاتوونەتەوە لێرەن، بۆچی ئەوە بکرێت بەپێوەر لە ناحیەیەکدا، بەنیسبەت هێزە چەکدارەکانەوە، ئێمە ئەوانەی لە هێزی ئاسایش وپۆلیسن هەموویان ڕۆڵەی ئەم گەلەن وزۆریان لەوانەیە کەسانی لێهاتوو بن و بەتوانا بن، ئێستا خانەنشین کراون و پێیان خۆشە بێن خزمەتی مەدەنی بکەن، بۆچی ئەو ڕێگەیان لێ بگیرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك حاکم سالم، فەرموو.

**بەڕێز سالم محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

فەقەرەی یەکەم، ( ان یکون عراقیاً) من پێم باشە وای لێبکرێت، (ان یکون من مواطني اقلیم کوردستان) تا تەعاروز، لەگەڵ فەقەرەی چوار نەکات، چونکە لەفەقەرەی چوار تەئکید دەکات کە هاووڵاتی کوردستانی بێت، (ان یکون من ابناء الوحدة الاداریة)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هاوڕام، لەگەڵ بەڕێز کاك عادل، 1- ان یکون عراقیاً کامل الاهلیة بلغ الخامسة والعشرین سنة من عمره عند الترشیح. وەکو ئەوەی کەلەناو یاساکانی تر کردوومانە، من یەك خاڵم هەیە، سەبارەت بەوەی کە (4- ان یکون من ابناء الوحدة الاداریة بموجب سجل الاحوال المدنیة او مقیمها فیها بشکل مستمر لمدة لا تقل عن عشر سنوات ) یەعنی بۆ ئەو خەڵکانەی کەڕەوەندن و چوونەتە دەرەوەی وڵات وخەڵکی ناوچەیەکن وحەز

ئەکەن ئیستا بگەڕێنەوەو لەناوچەکەی خۆیاندا بەشداری فعلی بکەن، ئایا کفرە؟ ئەگەر بگەڕێنەوەو ئەو کارە بکەن، یەعنی بەڕاستی بۆ ئیلا دەبێ 10سالّ متەواسلّ لەو شوێنە بێت، بەشێوەی بەردەوام، لەوانەیە منیش بەهەڵە تێگەشتبم، ئەڵێت(4- ان یکون من ابناء الوحدة الاداریة بموجب سجل الاحوال المدنیة او مقیمها فیها بشکل مستمر لمدة لا تقل عن عشر سنوات) بەشکوم 10 سالّ نەیتوانیبێ لەسەر یەك ئەم کابرایە لەوێ بێت، 30 ساڵە لەدەرەوەیە ئێستا تەمەنی 40 ساڵە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

دکتۆرە شوکریە، فەرموو.

**بەڕێز د. شکریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین عبدالرحمن دینۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی من هاتنە کرنێ، بەس نوقتەیەك دەمێنێت، (رابعاً – شروط العضویة وعمل المجالس واداء الیمین) ئەوە نەهاتیە تەرجومە کرن بۆ کوردی، مەرجەکانی ئەندامێتی و سوێند خواردن، تەرجومەکەی باش نەهاتیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك جمال شمعون، فەرموو.

**بەڕێز جمال شمعون ایلیا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو شەش خاڵەی کە لەبڕگەی یەکەم هاتووە، نەصەن لەقانونی هەڵبژاردندا هەیە، پێشنیار ئەکەم، ئەوانە لێرەدا لابدرێن لەو بڕگەیەدا، چونکە بەهەمان شێوە لەقانونی هەڵبژاردندا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

چرۆ خان، فەرموو.

**بەڕێز چرۆ علی حمه امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینی من لەخاڵی یەكەم، هەر وەكو ئەوەی كە حاكم سالم وتی، كوردستانی بێت، چونكە لە یاسای پەرلەمانیشدا بەو شێوەیە نووسیومانە، بەنیسبەت خاڵی شەشەمیش من نەك داوا ئەكەم ئەوە موشتەرەك بووبێت لە تاوانەكاندا، ئەصڵەن ئەوەی كە بەعسی بووبێت دانەندرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

شێخ جعفر، فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر برادەران مولاحەزە بكەن، ئێمە لەم ماددەیەدا باسی بڕوانامەی بنەڕەتی و هاوتاكەی ئەكەین بۆ ناحیە، بەس لە دواتر لە ماددەی (24) ئێمە تەئكیدمان كردۆتەوە كە مودیری ناحیە، ئەبێت بڕوانامەی یاسای هەبێت، ئەگەر لەوێ بڕوانامەی قانونی هەبێت، لێرەش بنەڕەتی هەبێت، چۆن ئەوە ئەهێنیت لێرە جێگای ئەكەیتەوە، ئەمە تەناقوزێك ئەبێت لەبەینی ئەو دوو ماددەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك محمد رفعت، فەرموو.

**بەڕێز محمد رفعت عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەبڕگەی دوودا، تەئیدی ئەو پێشنیارەی نازناز خان ئەكەم، كە مەجالسی محەلی قەزاكانیش بڕوانامەی ئامادەییان هەبێت، بڕگەی چوارەمیش پرسیارێكم هەیە، 4- ان یكون من ابناء الوحدة الادارية بموجب سجل الاحوال المدنية او مقيماً فيها بشكل مستمر لمدة لا تقل عن عشر سنوات على ان لا يكون اقامته فيها لاغراض التغيير الديمغرافي.

یەكەم: كێ تەحدیدی ئەكات؟ كەئەمانە بۆ گۆڕینی دیموگرافی لەكوردستاندا دانیشتوون، دووش: لە دەستووری عێراقی ڕێگەی داوە هەموو هاووڵاتیەكی عێراقی ئەچێتە هەر شوێنێكی عێراق، بەهەرێمی كوردستانیشەوە، ئەتوانێ دابنیشێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك كەریم بەحری، فەرموو.

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: بەڕاستی من تێبینیم لەسەر خاڵی یەكەم هەیە، لە بڕگەی یەكەم، لەگەڵ ئەوەدام كە (اتم) ببێتە( بلغ) وەكو ئەوەی پەرلەمانی كوردستان، دوو: پێم سەیرە لێرەدا مەرجی خوێندن بۆ ئەندامانی ئەنجومەنە مەحەلیەكان كە بڕوانامەی بەرز دانراوە، كەچی بۆ ئەندامانی بەرزترین سوڵتەی تەشریعی تەنها خوێندنەوەو نووسین هەبێت، واتە بۆ پەرلەمان تەنها خوێندنەوەو نووسینی هەبێت، كەچی بۆ ئەندامانی مەجلسی مەحەلی بڕوانامەی ئامادەیی هەبێت، ئەوە دەبوایە پێچەوانە بوایە، پێشنیار دەكەم ئەویش بكرێت بە خوێندنەوەو نووسین، لەسەر خاڵی سێیەم كە برای بەڕێزم كاك شێروان وتی، بكرێت بە(لاعمال المجالس) پێم وایە مجلس ڕاسترە نەك مجالس. سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كاك بارزان، فەرمووو.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم: وەڵڵا بۆ مەسەلەی بڕوانامە، منیش تەئیدی كاك كەریم ئەكەم، كە لە بەرزترین دەسەڵاتدا بڕوانامە فەرز نەكراوە، هەر نووسین و خوێندنەوەیە، دووەم: لە بڕگەی دوودا، ئەو (او ما یعادلها) باشە بۆ ئامادەیی مایعادلها چیە؟، من ئەوە نازانم، لە بڕگەی شەشدا، مەسەلەن من ( امر فوج) ئەناسم هی تەواری، ناوی لەئەنفالدا نیەو لەهیچ شتێكدا نەبووە، ئایا بۆی هەیە ئەو كەسە خۆی هەڵبژێرێت، حەقە مونتەسبیشی بۆ ئیزافە بكرێت، ئەگەر بكرێت جوابی كوێستان خان بدەمەوە، هەركەسێك سومعەو شەرەفی موخیل بوو، پێم وایە لەهەر شوێنێك بێت شمولی ناكات، شەرت نیە لەكوردستاندا بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

لیژنەی یاسایی تكایە ئەگەر ئەتوانن وەڵامی ئەو بەڕێزانە بدەنەوە، فەموو كاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەپێشنیارەكەی كوێستان خان و كاك عادل، لەخاڵی شەشەم كەئەڵێت( 6- ان لا یكون مشتركاً في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتكبها النظام البعثي في الاقلیم).

بەڕاستی زۆر لەجێگای خۆیەتی، حەق وایە ئەوە لابرێت، للاقلیم، بەشێوەیەكی عمومی بمێنێتەوە، سەبارەت بە پرسیارەكەی گێلاس خان، وابزانم نازناز خان، زۆر بەرێك وپێكی جوابی دایەوە، سەبارەت بە

پرسیاری دووەمی نازناز خان، کە پێشنیار ئەکات بۆ مەجلسی ناحیەش بکرێت بە بڕوانامەی ئامادەیی، ئێمە مەبەستمان لەوە بووە، کە بڕوانامەی ئامادەیی یان دەرچووی ناوەندی کەم بێت، بۆیە سەرەتاییمان دانا، بەڵام ئەو پێشنیارە زۆرجار دووبارە بووەتەوە، ئەمەش بۆ سەرۆکایەتی ئەمێنێتەوە کەبیدات بەپەرلەمان بۆ دەنگدان، کاك عادل و کاك کەریم باسی ئەوەیان کرد، کە (اتم) بکریت بە(بلغ) خۆی لەگەڵ کۆمیسیۆن دانیشتین ئەوان ئەڵێن( اتم) تەواو ترە، بەڵام ئێمە لەیاسای پەرلەمان، (بلغ)مان داناوە بۆیە ئەکرێت بکرێت بە(بلغ)، پرسیاری دووەمی کاك عادل، کەئەڵێت (مقیما) خۆی هەیە، کە ئەڵێت(4- ان یکون من ابناء الوحدة الاداریة بموجب سجل الاحوال المدنیة او مقیماً فیها) یەعنی دوو حاڵەتە، یان هی ئەو ناوچەیە بێت، هی وەحدەی ئیداری، یان موقیم بێت، 10 ساڵەکەش بۆ ئەوە دانراوە کە ئەوەندە ساڵ لەوێ بووە، شارەزایی هەیە و ئاشنایەتی هەیە، بەگیروگرفتی ئەو ناوچەیە، پێداویستیەکانی ئەزانێ، بۆیە 10 ساڵ دانراوە، ئەوەی شێخ فەتاح باسی کرد، بەڕاستی زۆر لەجێگای خۆی بوو، کە لەکوردستان نەبێت، بەڵکو ئەو تاوانانەی کەئەکرێت، بەشێوەی گشتی، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین، گوڵاڵە خان باسی بڕوانامەی ئامادەیی کرد، ئەوەمان وەڵام دایەوە، 10 ساڵەکەشمان وەڵام دایەوە، ئەوانەی کە سەبارەت بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، هێزە چەکدارەکان لێرە بەموتڵەقی هاتووە، ئەڵێت(5- ان لا یکون من افراد القوات المسلحة او المؤسسات الامنیة) واتە کاتێك کە ئیستیقالە ئەدات لەو هێزانە، ئەتوانێ خۆی تەرشیح بکات، سۆزان خان باسی 10 ساڵەکەی کرد، ئەوەشمان وەڵام دایەوە، شیرین خان، باسی ئەوەی کرد نوسخەی کوردیەکە باش نیە، بەڕاستی عەرەبیەکە ئەبێت بە ئەساس، کاك جمال شمعون ئەڵێت، حەزفی شروط العضویة بکرێت، چونکە لە قانونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگادا هەیە، ئەوە ڕاستە، بەڵام لەزۆر جێگادا دەڵێن کەلابرێت ئەو ئەندامە لەبەر لەدەست دانی مەرجەکانی ئەندامێتی، بۆیە دەبێ لێرەش باس بکرێت، ئەوەی کە چرۆ خان، ئەڵێت هەر بەعسیش بووبێت،، بەڕاستی ئەوە بۆ بڕیاری پەرلەمان دەگەڕێتەوە، کاك شێخ جعفر باسی ئەوەی کرد، کە ئەندامانی مەجلس بڕوانامەی ئەساسیان هەبێت، وەکو مودیری ناحیە کە لەماددەیەکی تر بڕوانامەی قانونی هەبێت، لێرەشدا دەبێ بۆ ئەنجومەن چەند کەسێك خۆی بپاڵێوێ کە بڕوانامەی قانونیان هەبێت، مودیری ناحیە بەڕاستی ئەبێ جیاوازی هەبێت، کە ئەویش ئەبێ بڕوانامەی قانونی هەبێت، کاك محمد رفعت باسی بڕوانامەی ئامادەیی کرد ئەویشمان وەڵام دایەوە، دەڵێت کێ دەستنیشانی ئەکات لاغراض التغییر الدیمغرافي؟ هەرکەسێك کەخاوەن بەرژەوەندی بێت، بۆی هەیە تەعن لە مەرجەکانی ئەو پاڵێوراوە بدات، دەبێ بچێتە لای کۆمیسیۆن ئیسباتی بکات، کەئەوە بۆ لاغراض التغییر الدیمغرافي بووە، بڕیارەکە بۆ ئەوان ئەگەڕێتەوە، کاك کەریم باسی ئەوەی کرد، (بلغ) وامان لێکردووە، بۆ بڕوانامەکەش ئێمەش پێمان وایە دەبێ بڕوانامەیەکی بەرزی هەبێت، بڕیاریش درا، بەڵام بۆمان نەچووە سەر، ئەوەش موبەڕیر نیە ئێمە بڵێین تەنها خوێندنەوەو نووسین دیاری بکەین، بێگومان ئەبێ ئەو کەسە جیاوازی هەبێت، لەگەڵ کەسێکی تر یان خەڵکانی تر، لەپەرلەمانیش کە بۆمان نەچووە

سەر ئەوە نابێتە ئەوە کە لێرەش وای لێ بکەین، کاك بارزان پرسیاری ئەوەی کردووە، ئەڵێت( او مايعادلها) چیە؟ مەسەلەن دەرچووی پیشەسازی بێت، یان دەرچووی بازرگانی بێت، یان هاوشێوەیان، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی ئەو موقتەرەحاتانەی کەوا ڕازی بوون لەسەری تکایە، صیاغەی بکەنەوەو بیخوێننەوە تا بدرێتە دەنگدان، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێکیان بەنەزەری ئیعتیبار وەرمانگرتوون، بەڵام هەندێکی تریان ئێمە ولیژنەی ناوخۆش، ڕەئی خۆمان داوە، ئەگەر موقتەرەحی تازە هەیە لەلایەن چەند ئەندامێکی پەرلەمان لەسەر بڕگەیەکی دیاری کراو، ئەوە موقتەرەحەکەیان دەدرێتە دەنگدان، بەڵام ئەوەی کەئێمە لەسەری سوورین بەڕاستی ئێمە لەسەر ئەوە سوورین کە بڕوانامەکە ئامادەیی بێت، ناکرێت ئێمەش بڕگەیەکمان بەنیسبەت پاڵێوراوانی ئەنجومەنی نیشتمانی دامان نا لێرەش دایبنێین، لەو کاتەدا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان زۆر بەڕوونی ئەسبابەکانی شیکردەوە، وتی ئێمە زۆر قیادیمان هەبووە، لەبەر خەبات و تێکۆشان وبزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد نەیتوانیوە بڕوانامە بەدەست بهێنێت، بەڵام ئەمڕۆ مومکینە کەسێکی لێهاتووە ولێوەشاوەیە، دەتوانێ بەڕاستی هەر پۆستێکی بدرێتێ بەتەواوی لەحەقی دێت، بۆیە ئەوەمان داناوە، بەڵام ئەوە نابێ ببێت بەماددەیەك لەهەموو یاساکانی خۆمان دایبنێین، با ئێمە لەئەنجومەنی پارێزگاکان ووردەوردە دەست پێبکەین، لەقۆناغێکی تر ڕەنگە هی پەرلەمانیش وای لێبکرێت، ئەوە بۆ شتێکی کاتیە بەڕاستی، جگە لەوە ئەوانی تر هەموو واجهەن، 5- ان لا يكون من افراد القوات المسلحة او المؤسسات الامنية.

ئێمە پێمان باشە 5- ان لا يكون من افراد القوات المسلحة وقوى الامن الداخلي ، لێرەدا مەوزوعی حەرەس حدود هاتووەتە ئاراوە، کە عەجەبا ئیزافەی بکەین یان نەیکەین، ئەوەش بۆ ئێوەی بەڕێز ئەگەڕێتەوە، بەنیسبەت خاڵی شەشەم، 6- ان لا يكون مشتركاً في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتكبها النظام البعثي ضد شعب كوردستان، ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی دامانناوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی تکایە، فەقەرە، فەقەرە بیخوێننەوە بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت، تا بیخەینە دەنگەوە، باشە کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چەند ئەندامێکی پەرلەمان وتمان هەرێمەکە هەر لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا فەقەرە فەقەرە دێینە خوارەوە بۆ ئەوەی تێکەڵ نەبێت، باشە لەوێ حەلی ئەکەین، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الرابعة عشرة:

اولاً: يشترط في المرشح لعضوية المجالس ما يلي:-

1- ان يكون عراقياً كامل الاهلية اتم الخامسة والعشرين سنة من عمره عند الترشيح.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەم فەقەرەیە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟ باشە فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسان دەڵێم نابێ ئێمە ئەوە قیاس بکەین، لەگەڵ قانونی پەرلەمان، ناتوانین بڵێین (بلغ) بەس (اتم) ئەوە باشترە، چونکە ئێمە ئەڵێین (25) ساڵ، بەس بەلەغە واتە لە تەمەنی (24) ساڵیدایە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

باشە ئێستا ئەو موقتەرەحە ئەخەینە دەنگەوە کە چەند ئەندام پەرلەمانێك داوایان کرد، کە (اتم) بکرێت بە (بلغ)، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

2- ان يكون حاصلاً على الشهادة الاعدادية او ما يعادلها على الاقل بالنسبة لمرشحي مجالس المحافظات والمجالس المحلية للاقضية وعلى الشهادة الاساسية او مايعادلها بالنسبة لمرشحي المجالس المحلية للنواحي.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرمووون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

3- ان يكون حسن السيرة والسمعة والسلوك وغير محكوم بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

5 - ان يكون من ابناء الوحدة الادارية بموجب سجل الاحوال المدنية او مقيماً فيها بشكل مستمر لمدة لا تقل عن عشر سنوات على ان لا يكون اقامته فيها لاغراض التغيير الديمغرافي.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، یەك کەسی لەگەڵدا نیە، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

6 - ان لا يكون من افراد القوات المسلحة وقوى الامن الداخلي. موقتەرەحێکیش هەیە بەنیسبەت حەرەسی ئیقلیم هەروەك ئیشارەتم پێدا، دوا ڕەئیش بۆ بەڕێزتانە.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

حەرەسی ئیقلیمیش زمنی قواتی مسلحە حساب ئەکرێت، کاك زرار فەرموو، نوقتەی نیزامی هەیە.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە لەخاڵێك تێیدایە، کە ئەو ئەندامە نابێ هیچ کارێکی تری هەبێت، کەواتە کە بوو بەئەندامی ئەنجومەنەکە خۆ نابێ، ئاسایش بێت یان پۆلیس بێت یان چەکدار بێت، هەر بۆی نیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا بەو شێوەی کەخوێندرایەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

6- ان لا یكون مشتركاً في الجرائم التي خطط لها او نفذها او ارتكبها النظام البعثي.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، دوو کەسی لەگەڵدا نیە، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثانیاً: مدة الدورة الانتخابية اربع سنوات تقويمية تبدأ من اول جلسة له وتنتهي بنهاية السنة الرابعة.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، یەك کەسی لەگەڵدا نیە، بۆ فەقەرەی دواتر تکایە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثالثاً: يجب ان يكون العضو متفرغاً لاعمال المجالس. لێرەدا ئێمە مەجالسمان پێناسە کردووە، دەڵێت المجالس:- یەعنی مجالس الوحدات الادارية، بۆیە ناکرێت بڵێین (المجلس) دوایش لەسەرەوە بەهەمان شێوە هەر وتوومانە (شروط العضوية وعمل المجالس)

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟، فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟ پەسەند کرا. ئێستا ماددەکە هەمووی دەخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، وەرگیرا، تکایە بۆ ماددەی دواتر.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پازدەم:

1-سەرۆكی ئەنجومەنەكان سەرۆكایەتی دانیشتنەكانی ئەنجومەنەكان دەكەن و بەرپرسیارن لە بەڕێوەبردنی دانیشتنەكان و ڕادەی یاسایی لە ئەنجومەنەكاندا بە ئامادەبوونی زۆرینەی رەهای ئەندامانی تەواو دەبێ.

2-سەرۆك بەرنامەی كۆبوونەوەی بە ئەندامان رادەگەیەنێ و دەشێ ئەندام پێشنیاز بكات ماددەیەك یا زیاتر بخرێتە سەر بەرنامەكە و سەرۆك بۆی هەیە ئەمە قەبوول بكات یا رەتی بكاتەوە.

3-ئەنجومەنەكان بۆیان هەیە داوای ئامادەبوونی هەر فەرمانبەرێك بكەن لەو كاروبارەی كە پەیوەندیی هەیە بەفرمانەكەیەوە.

4-دەنگدان لە ئەنجومەنەكان بەئاشكرایی دەبێ و دەشێ بكرێتە نهێنی لەسەر داوای زۆرینەی ژمارەی ئەندامانی و بڕیارەكان بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئامادە بوو وەردەگیرێت و لەكاتی یەكسان بوونی دەنگەكان، ئەو لایەنە پەسند دەكرێ كە سەرۆك دەنگی بۆداوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة عشرة:**

1- يرأس رؤساء المجالس جلسات مجالسهم ويكونون مسؤولين عن ادارتها ويكتمل النصاب فيها بحضور الاغلبية المطلقة.

2- يبلغ الاعضاء ببرنامج الاجتماع من قبل الرئيس ويجوز للعضو ان يقترح اضافة مادة او اكثر الى البرنامج وللرئيس قبول ذلك او رفضه.

3- للمجالس طلب حضور اي موظف في الشؤون التي لها علاقة بوظيفته.

4- يجري التصويت في المجالس بطريقة الاقتراع العلني ويجوز جعله سريا بناء على طلب اغلبية عدد الاعضاء وتتخذ القرارات باغلبية الحاضرين وعند التساوي يرجح الجانب الذي يصوت لصالحه الرئيس.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە، ماددەیەكی ئاساییە بۆ چۆنیەتی بەڕێوە چوونی ئیشوكارەكانی ئەنجومەن، بۆ مەسەلەی دەنگدان ودانیشتنەكان وئاشكرا و نهێنیەتی دانیشتنەكانیش، بۆیە ئاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

كێ ئەیەوێت لەسەر ئەم ماددەیە قسە بكات، تكایە ناوتان ئەنووسم، فەرموو كاك دكتۆر ناصح.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەخاڵی دووەمدا هاتووە، (ویجوز للعضو ان یقترح اضافة مادة او اكثر الى البرنامج وللرئیس قبول ذلك او رفضه) بۆ ئەو دەسەڵاتە تەنها بە سەرۆك بدرێت، چونكە لەناو ئەو (5)كەسە یان ئەو(7)كەسە بۆ تەنها سەرۆك بۆی هەبێت بڵێت ئا یان نا، چونكە لەوانەیە ئەوانیش پێشنیارێكیان هەبێت و لەبەرژەوەندی باڵا بێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركوكی):**

كاك زانا، فەرموو.

**بەڕێز قادر سعید خضر(زانا):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە باسی سەیری عەمەل ئەكات لە مەجالیس، ئێمەش لە مەجلسی قەزاو لە مەجلسی ناحیە، فەقەرەیەكمان زیاد كرد، كە نیزامی داخلی بۆ خۆیان دابنێن، من پێشنیار ئەكەم ئەو ماددەیە هەمووی ئیلغا بكرێتەوە، مەجلیسەكە بچێتەوە ناو نیزامی داخلی، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركوكی):**

كاك عادل، فەرموو.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر بڕگەی یەك قسەم هەیە، (الاغلبیة المطلقة) هەموو ئەندامان یان ئامادە بووان، با ئەوە ساغ بكرێتەوە، بڕگەی سێش ئەڵێت(3- للمجالس طلب حضور اي موظف في الشؤون التي لها علاقة بوظیفته)، بیهێننە پێش چاوی خۆتان عەمەلیەن، چۆن مەجلس فەرمانبەرێك، حەق وایە بڵێین هەر ئەندامێكی ئەنجومەن بۆی هەیە، بانگهێشتی فەرمانبەر بكات، بۆ پرسیار لێكردنی سەبارەت بەو ئیشوكارەی كە تایبەتمەندە بەوەوە، یەعنی نەك للمجالس، باشە چۆن عەمەلیەن مەجلسێك فەرمانبەرێك بانگ ئەكات، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركوكی):**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من غەدر لە دكتۆر ناصح ناكەم، ئەمڕۆ دووجار پشتگیری لێ كردووم، بۆیە منیش پشتگیری لێ ئەكەم، ئەمڕۆ زۆر تەباین، تەبعەن منیش هەمان ڕەئیم هەیە، بەڕاستی من تێناگەم بۆچی ئیلا ئەبێ

سەرۆك ڕازی بێت، چونكە كەداواكەی پێشكەش كرد لەوانەیە ڕازی بێت ولەوانەشە ڕازی نەبێت، چونكە خۆیان هەموویان بەدەنگدان هاتوونەتە ناو ئەو ئەنجومەنەوە، بە دەنگدانیش یەكێك هەڵبژێردراوە بۆ سەرۆك، بۆ ئەم حەقە زیادەیە بدرێت بەسەرۆك، بەڵكو شتێك هەبێت و سەرۆك بەدڵی نەبێ، ئێوە بیر لەوە بكەنەوە، چونكە كۆمەڵێك لیست و بۆچوون وحزبی جیاواز دێتە ناو ئەم ئەنجومەنانەوە، چۆن ئەكرێت ئەم سوڵتە ڕەهایە بدەینە دەست سەرۆكەكە بەتەنها، لەبەر ئەوە تكا ئەكەم با ئەوە چاكبكرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

كاك شێخ جعفر، فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پرسیارەكە لە لیژنەكەی خۆمان ئەكەم، ئێستا پارێزگار هەیە، بەرپرسی ئەنجومەنیش هەیە، ئێمە كە پارێزگارمان هەبێ و ئەو ئەنجومەنەشمان هەڵبژارد، ئەو پارێزگارە سەرۆكی ئەنجومەنەكە ئەبێت، ئەگەر وا نەبێ ئەوا پارێزگار ئەبێتە ئەندامی ئەنجومەنەكە، كە دەبێتە سەرۆكی یەكەی كارگێڕی، لەگەڵ قایمقامەكە، ئەو وەختە سەرۆكەكە موحاسەبەی پارێزگارو قایمقام ئەكات، ئەمەش خۆی نابێ وابێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

لیژنەی یاسایی تكایە، وەڵامی ئەو بەڕێزانە بدەنەوە، فەرموو كاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە پرسیاری ئەخیرەوە دەست پێدەكەم، یەكەم: ئیعتیادی پارێزگار بەرامبەر بە مەجلس مەسئولە، قایمقامیش بەهەمان شێوە مەسئولە، مودیری ناحیەش بەهەمان شێوە مەسئولە، ئەوەی كەسەرۆكایەتی دانشتنەكان ئەكات سەرۆكی مەجلسە نەك پارێزگار، یان قایمقام یان مودیری ناحیە، چونكە ئەمانە هەموویان ئەندامن، دووەم: ئەوەی سۆزان خان باسی كرد و دكتۆر ناصحیش ئیشارەتی پێدا، من نازانم ئێمە لەپەرلەمانین، بەرنامەی كار ئێمە دای دەنێین یان سەرۆكایەتی پەرلەمان، بەتەئكید سەرۆكایەتی دای دەنێت، بەپێی ئەو ئەولەویاتەی كە هەیەتی، لەوێش لە ناحیەیەك (5) ئەندام هەیە، لە قەزایەكیش (7) ئەندام هەیە، باشە دەبێ عەجەبا سەرۆكی ناحیە یان قەزاكە ئەو دەسەڵاتەی نەبێت، كە ئەولەویاتێك بدات بەبەرنامەی كاری خۆی، ئەوە شتێكی زۆر ئاساییە، خۆ ناكرێت لەوێش هەموو بڵێن لەگەڵیدا ین یان

لەگەڵیدا نین، بۆیە بەتەسەوری من وەکو برای بەڕێزم کاك فرسەت ئیشارەتی پێدا، ئەوە لەزمنی مەبادئی عامە، کە بەرنامەی کاری ئەنجومەنەکە سەرۆکی وەحدەی ئیداری دای بنێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك سەردار، فەرموو.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ خوشك وبرا باسی ئەوەیان کرد، کەئەو ماددەیە لابرێت، لەنیزامی داخلی ئەکرێ ئەوە چارەسەر بکرێت، ئەوە ڕاستە، دەکرێ لەنیزامی داخلی چارەسەر بکرێت، بەڵام ئێمە پێمان وابوو، هەندێك ئەفکار یاخود هەندێك مەوادی ئەساسی هەیە، لێرە بەقانون تەنزیمی بکەین، ئەوانی تر بابە پەیرەوی ناوخۆیی تەنزیم بکرێت، کەئەوانیش چوار فەقەرەن، یەکەم: سەرۆکایەتی ئەنجومەنەکان و بەڕێوەبردنی وچۆنیەتی تەواو بوونی نیصاب، دووەم: چۆنیەتی دانانی بەرنامەی کار، یاخود کۆبوونەوە و گەیاندنی بەئەندامەکان، سێیەم: ئامادە بوونی فەرمانبەرەکان، چوارەم: شێوازی دەنگدان، لێرە ئەگەر بەقانون تەنزیم نەکرێت، بەتایبەتی کاك زانا باسی کرد، یەعنی (حضور الموظفين) ئەوە بەپەیرەوی ناوخۆ ناتوانرێت چارەسەر بکرێت، تەنها دەبێ بەیاسا چارەسەر بکرێت، بۆیە پێمان وابوو ئەوە بەمەوادی قانونی چارەسەر بکرێت، شتەکانی تر بە نیزامی داخلی چارەسەر ئەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان بەنیسبەت ئەو پێشنیارەی دکتۆر ناصح، کە سۆزان خانیش پشتگیری لێکرد، ئەوە قاعیدەیەکی عامە وەك لە پرۆژەکەدا هاتووە، ئەگەر پێشنیارەکەیان سەحب نەکەن، دەیخەینە دەنگەوە، دکتۆر ناصح سەحبی ئەکەیت؟، باشە سەحبی ناکەیت، ئەی تۆ سۆزان خان، ئەویش سەحبی ناکات، بۆیە دەیخەینە دەنگەوە، باشە فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر موفتەرەحەکەیان سەحب نەکەن ئەوە دەیخەینە دەنگەوە، بەس ئەبێ بەدیلی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

زۆر دروستە، ئەگەر بەدیلی هەبێت چۆنە و ئەگەر تەعادولیش بوون ئەوە چۆنە، لەو حاڵەتەدا بەدیلەکە چیە، کاك دکتۆر ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەدیلەکەی ئەوەیە، لەناو ئەنجومەنەکە ئەو پێشنیارە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر زۆرینەی دەنگەکانی هێنا ئـەو وەختــە باســی لێـوە بکرێـت، بەرنامــە ئـەبێ بــە جـەماعی دابنــدرێت، نــەك قیـادەی فــەردی لێـرە دیکتاتۆریەت دروست بکەین، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەوە خۆی خەلەل لێرەدایە، ئەبێت بە دوو بەدوو، ئەوان خۆیان (5) کەسن، بۆیە تەعادول ئەبێت، یـەعنی هیچ حەلێکی نابێت، کاك زرار نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ژمارەیەك ئەندام ناوی خۆی نووسیوە، کەلەسەر ماددەی (15) قسە بکەن، با هەموویان قسە بکەن، بـزانین چەند کەسی تر، لەگەڵ ئەو موقتەرەحەدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

باشە، فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز ئارام رسول مامەند:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لە بڕگەیەك لە یاساکەدا مولاحەزە هەبێت، بەڕاستی ئەبێ بەدیل هـەبێت، وەکو باسـیش کـرا، بـەڵام بەدیلی ئەم دوو بەڕێزەش مەنتق ناگرێتەوە، لە ئەنجومەنێك کە (5)کەسـن سـەرۆکەکەی هەڵدەبـژێردرێت وچوار کەسی ئەمێنێتەوە، بەچی دەنگدان لە نێوان چوار کەسدا ئەکرێت، کـاتێ کـە دوو بـەدوو بێـت، کـەوا بوو مانای وایە بەرنامەی کار بەهیچ شێوەیەك بەو شێوەیە دانادرێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

سۆزان خان فەرموو، تکایە هیچ موداخەلەیەك نیە، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەزانین ئەم حاڵەتە، بەس دیکتاتۆریەت دروست بوون چیە؟، لەبەینی چوار ئەندامدا، موقتـەرەحیش هاتـە نـاوەوە، دەنگی لەسـەر ئـەدرێت، سـەرۆك لەگـەڵ کـام لایانـدا بێـت، ئـەوە پـەیڕەو ئـەکرێت، هەمیشـە ئیشەکانیش وا رۆشتووە، لەناو پەرلەمانیشدا بەهـەمان شێوە بـووە، خۆیـان (5) کەسـن، سـەرۆك لەگـەڵ چ لایەکدا بێت ئەوە دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڕێزان ئێستا دوو وجهە نەزەر هەیە، یەکێکیان وەکو پرۆژەکە، کە هەردوو لیژنەی یاسایی و ناوخۆش پشتگیری لێ دەکەن، موقتەرەحێکی تریان هی دکتۆر ناصح و سۆزان خانە، ئێستا کێ پشتگیری لەو پێشنیارەی کە تازە هاتووە، دەکات با دوو کەس قسەی لەسەر بکەن، کاك احسان فەرموو.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لەهەموو دەستەکاندا بەرنامەی کار دادەنرێت، بۆ دانانیشی سەرۆکایەتی بەرپرسیارە، بەس کە دەستەیەکی جەماعی هەبێت، حەقێکی سروشتیە کە بەزۆرینە، پێشنیار بکەن ئەو فەقەرەیە ئیزافەی بەرنامەی کار بکەن، لێرەش لە مەجلسی محافەزە بێت، یان هی قەزا بێت، یان هی ناحیە بێت، ئەگەر زۆرینە بەیەکەوە، داوایەك بکەن، ئەو فەقەرەیە یان ئەو ماددەیە یان ئەو مەوزوعە، لەبەرنامەی کار دابندرێت، ئەبێ سەرۆکەکە قبوڵی بکات و لەکۆبوونەوەکەدا موناقەشەی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك ئارێز، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە پێشنیارەکەی کاك دکتۆر ناصح و سۆزان خان دەکەم، ڕاستە سەرۆك بۆی هەیە، بەرنامەی کار دابنێت، بەڵام کاتێ کە (5)کەسن، ئەگەر وەکو یەك بوو، یان لەحاڵەتێکە کە یەکێکیان غائیب بوو، ئەو کاتە دوو بەدوو بوون، سەرۆك لەگەڵ چ لایەکدا بوو ئەوە بەو لایە دەدرێت، واتە ئێمە لەگەڵ زۆربەداین بەس کەسەرۆك لەگەڵ چ لایەکدا بوو، بۆ ئەو لایە دەشکێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا کێ پرۆژەکەی پێ باشەو ئەیەوێت قسەی لەسەر بکات، کاك شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە و لیژنەی ناوخۆ لەگەڵ موقتەرەحەکەی خۆمانین، کەلەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند کراوە، ئەو موقتەرەحەش کە تازەیە دەکرێ، بخرێتە دەنگەوە تا بزانین دەنگ دێنێ یان نایهێنێ، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك بارزان، فەرموو.

**بەڕێز بارزان عبدالله نصرالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەناحیەیەكدا (5) ئەندامی ئەنجومەن هەیە، یەكێكیان ئەبێت بە مودیری ناحیە، (4)یان ئەمێنێتەوە، باشە ئەی زۆرینە لەكوێدا دروست ئەبێت، من مەبەستم ئەوەیە، لەحاڵەتێكدا كە ئەڵێت ئەگەر یەكسان بوون، ئەوە ئەفزەڵیەت دەدرێت بەو لایەی كە سەرۆكی لەگەڵدایە، من بۆ ناحیە بچووكەكان ئەڵێم ئەوەش حاڵەتێكە و هەیە، باشە چارەسەری چیە؟، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

باشە ئێستا پێشنیارێك ئەكەین بۆ ئەوەی حەڵێكی وەسەت دابنێین، لیژنەكان ڕەئیتان ئەگەر بەم شێوەیە تەعدیل بكرێت، لەحاڵەتێك ئەگەر سەرۆك رەفزی كرد، ئەوجا خاوەنی موقتەرەح ئیسراریان كرد، كە بخرێتە دەنگەوە لەناو ئەنجومەنەكەدا، ئێستا ئەو موقتەرەحەی كاك دكتۆر ناصح، كە پشتیوانی لێكرا، لەلایەن سۆزان خان و كاك ئارێزیش دیفاعی لێكرد، دەیخەینە دەنگەوە، باشە گەلاوێژ خان، فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی دەبێ موناقەشات تەواو بێت، ئینجا هەر موقتەرەحێك هەبوو دەخرێتە دەنگەوە، ئێمە چەند كەس ناومان نووسیوە كەقسە بكەین، بەڵام هەڵ نەساوین، با موناقەشە تەواو بێت پاشان بخرێتە دەنگەوە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

لەسەر ئەم موقتەرەحە، موناقەشە تەواو بوو، پاشان ئەچووینە سەر خاڵەكانی تر، خرایە دەنگدانیشەوە بەس حسابمان نەكرد، بۆیە داوای بەدیلی ئەو خاڵە ئەكەین، تا بخوێنرێتەوەو بخرێتە دەنگەوە.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر واحسابمان كرد، كە موناقەشە لەسەر نەفسی بڕگە دەكرێت، ئێستا من پشتیوانی لەو ڕەئیە ئەكەم، موناقەشەی دەكەم، كەسانی تریش هەیە، بەهەمان شێوە ئەیانەوێت قسە بكەن.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكی):**

بەنیسبەت بەرنامەی كار، هەمیشە پێش وەخت، بەلانی كەمی 24 سەعات ئامادە دەبێت، نابێت لەناو دانیشتن ئیزافە بكرێت و تەرح بكرێت، باشە سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەتا ئێستا ئێمە زیاد لەچوار ساڵە داوا ئەکەین، سەعاتێکی ساخینەمان هەبێت، کاتێ کەشتێك ڕوو ئەدات لەدەرەوە، کارەساتێك ئەقەومێت کە دێین بۆ پەرلەمان، بتوانین قسەی لەسەر بکەین، بەس نابێت، هەمان شتە بۆچی ئەم دیکتاتۆریەتە هەبێت؟، بۆچی قیادەی جەماعی نەبێت؟ بەیەکەوە، ئیتیفاق بکەن خۆ ئەمە شەڕو هەرا نیە، ئەمە بەیەکەوە شوێنێك ئەبەن بەڕێوە، خۆ ئەم ئیقتراحەی ئێمە هیچ شتێکی تێدا نیە، تەنها تەوەجوهاتی سیاسەتی تازەی بەڕێوە بردنە، هیچ خلافێکی نیە، لەگەڵ سیاسەتی تازەی بەڕێوەبردن، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەمە مەبدەئێکی عامە، لەهەموو پەرلەماناتی دونیا، لەهەموو مەجالسی پێشکەوتوو، بەرنامەی کار پێش ماوەیەك ئامادە دەکرێت، ئەندامانی ئەو مەجلسە پێشتر بەرنامەکەیان حازر ئەکەن، کە هەموو ئەزانن وەختێ کە دێن، نەك لەناو ئەنجومەنەکە شتی تازە بێنن، پێشتر خوێندوویانەتەوە، خۆشیان بۆ ئامادە کردووە، تا لەوێ موناقەشەی لەسەر بکەن، ئێستا موقتەرەحەکەی ئەو بەڕێزانە دەخوێندرێتەوەو دەخرێتە دەنگەوە، کاك عەونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

3- يبلغ الاعضاء ببرنامج الاجتماع من قبل الرئيس ويجوز لكل عضو ان يقترح اضافة مادة او اكثر الى البرنامج وللاكثرية قبول ذلك او رفضه.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەو موقتەرەحەی کە بەڕێزان کردیان، دوو برادەری تریش دیفاعی لێ کرد، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون 35 کەسی لەگەڵدایە، کێی لەگەڵدا نیە؟، 19 کەسی لەگەڵدا نیە، بۆیە پێشنیارەکە سەرکەووت، گەلاوێژ خان، فەرموو بزانم ڕەئی تۆ چیە؟.

**بەڕێز گەلاوێژ شابا ججی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەمی ماددەی (15)( 1- يرأس رؤساء المجالس جلسات مجالسهم) تەنها حەسر کراوە، بەسەرۆکی مەجلس، باشە ئەی ئەگەر سەرۆکی ئەنجومەن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ئامادە نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەوە دەنگی بۆ درا، لیژنەی یاسایی تکایە، وەڵامتان بۆ گەلاوێژ خان، چیە؟.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شەرت نیە، ئێمە هەموو وردەکارییەکان لەم قانونەدا بێنینە خوارەوە، ئێمە وتوومانە بە نیزامێك چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیشوکاری مەجلسەکە دیاری ئەکەین، ئەوەش دەچێتە نیزام، حەتا ئەو فەقەرانەش پەیوەندی بەنیزامەوە هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی یەکەمجارە وتمان قەیناکە، با ئەو فەقەرانە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا هەموو ماددەکە بەو گۆڕانکاریانەی کەوا کرا، دەیخەینە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بە کۆی دەنگ وەرگیرا، بۆ ماددەی دواتر تکایە.

**بەڕێز ئاخر جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی شازدەم:

یەکەم: سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەکان ئەم سوێندەی خوارەوە لەبەردەم ئەنجومەنی پارێزگا دەخۆن:

(سوێند بە خودای گەورە دەخۆم، کە پارێزگاریی لەیەکێتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و سەلامەتی خاکی بکەم، و چاودێری بەرژەوەندییەکانی گەل بکەم، و پابەندبم بە دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان لەهەرێمدا، و کاری خۆم بەدڵسۆزی و راستگۆیی و دەسپاکی و بێ لایەنی ئەنجام بدەم، و خودا شاهێدە لەسەر ئەوەی دەیڵێم).

دووەم: پارێزگار ئەو سوێندەی کە لە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، لەبەردەم سەرۆکی هەرێم بەئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ دەخوات.

سێیەم: قایمقام و بەڕێوەبەری ناحیە، ئەو سوێندەی سەرەوە کە لە (یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە، لەبەردەم وەزیری ناوخۆ بە ئامادەبوونی پارێزگار دەخوات.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادةالسادسة عشرة:

اولاً: يؤدي رئيس واعضاء المجالس اليمين التالية امام مجلس المحافظة ((اقسم بالله العظيم ان احافظ على وحدة اقليم كوردستان_العراق وسلامة اراضيه وارعى مصالح الشعب والتزم بالدستور والقوانين النافذة في الاقليم وان اؤدي عملى بأخلاص وصدق وامانة وحياد والله ما اقول شهيد))

ثانياً: يؤدي المحافظ اليمين المنصوص عليها في (اولاً) من هذه المادة امام رئيس الاقليم بحضور وزير الداخلية.

ثالثاً: يؤدي القائمقام ومـدير الناحيـة اليمين المبنيـة في (اولاً) مـن هـذه المادة امام وزيـر الداخليـة بحضـور المحافظ.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەو بەڕێزانەی کەئەیانەوێت لەسەر ئەم ماددەی قسە بکەن، ناویان ئەنووسم تکایە دەستان بەرزبکەنەوە، کاك محمد فەرەج، فەرموو.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم سوێندخواردنە، سوێندی پەرلەمانە، یەعنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، (وحدة اقليم كوردستان وسلامة اراضيه وارعى مصالح الشعب) ئەمانە هی پەرلەمانن، یەعنی تۆ ئەو کەسە سوێند ئەدەیت بە شتێك کە لەکارەکەی بەرزترە، ئەی دوایی چۆن موحاسەبەی ئەکەیت؟، تۆ ئەبێ لەسەر شتێك سوێندی بدەیت کە پەیوەندی بە ئیشوکارەکەی خۆیەوە هەبێت، خەڵکی پارێزگاکە، پاراستنی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی قەزاکە، پاراستنی بەرژەوەندیەکان و ئەرزی ناحیەکە، یەعنی ئەم حەقی چیە بەهەرێمی کوردستانەوە، کابرای فەقیر مودیری ناحیەیەکە تۆ وا سوێندی بدەیت، تۆ ئەوە بزانە ئەم کەسە ئیداریشە، کاری تەنفیزی وئیداری ئەکات، بەتایبەتی پارێزگارەکە، چۆن ئەم ئیشە گەورەی پێئەکەیت؟، لەبەر ئەوە من پێشنیاری ئەوە ئەکەم، سوێندەکە پەیوەندی هەبێت بەو جوگرافیە ئیدارییەی کەئەو بەرپرسە لێی، ئەگەر پارێزگارە، ئەگەر قایمقامە، ئەگەر مودیری ناحیەیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك جوتیار، فەرموو.

**بەڕێز کریم مجید شریف(جوتیار):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا منیش هەر لەسەر ئەوە قسەم هەبوو، ئەو سوێندە ئەندامانی پارێزگا پابەند ناکات، بە پارێزگاکەی خۆیان، باشترە دەستەواژەیەکی لەو بابەتەی تێدا بێت، بڵێت( من سوێند بەخوای گەورە دەخۆم، کەپارێزگاری لەیەکێتی هەرێمی کوردستان - عێراق، و سەلامەتی خاکی بکەم وچاودێری بەرژەوەندیەکانی گەل بکەم، وپابەند بم بەدەستوور ویاسا کارپێکراوەکان و پابەند بم بەبەرژەوەندیەکانی پارێزگاو کاری خۆم بەدڵسۆزی بکەم و ......) ئەو پارێزگایەی تێدا بێت، بۆ ئەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا، پابەند بن بە پارێزگاکەیانەوە، ئەمە سوێندێکە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، و وەزیرەکان، و بۆ ئەوانەی کە لە ئاستێکی گەورە ترن، لەسەر ئاستی هەرێم کاروباریان بەڕێوە دەبەن، لێرەدا دیاری کراوە،

کەپارێزگار سوێند لەبەردەم سەرۆکی هەرێم و وەزیری ناوخۆ دەخوات، قایمقام و مودیری ناحیە، سوێندەکەیان لەبەردەم وەزیری ناوخۆ و بەئامادە بوونی پارێزگار دەخۆن، واباشترە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەن، سوێند لەبەردەم بەرزترین دەسەڵاتی دادوەریدا بخۆن، ئەڵبەتە لەپارێزگادا، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك شێخ جعفر، فەرموو.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: منیش بۆ سوێندەکە، ئەوەی کاك جوتیار لەکۆتاییەکەیدا ئەمەی بۆ زیاد بکرێت (کارپێکراوەکانی لەهەرێمدا لەسنووری دەسەڵاتیدا) ئەو (دەسەڵاتەی) بۆ زیاد بکرێت، ناحیەیە یان قەزایە، یان پارێزگایە، ئەوە بۆ سوێندەکە، دووەم: ئەو سوێندە لەبەردەم سەرۆکی هەرێمدا ناخورێت، ئەو سوێندە بە ئامادە بوونی وەزیری پەیوەندیدار لەبەردەم سەرۆکی حکومەتدا بخورێت، چونکە پێشتر هەر وابووە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك دکتۆر ناصح، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە، سوێندەکە سەرەتاکەی زۆر باش هاتووە، (اقسم بالله العظيم ان احافظ على وحدة اقليم كوردستان_العراق وسلامة اراضيه وارعى مصالح المحافظة) لێرەدا واجبی ئەوە پێش هەموو شتێك مەصاڵحی ئەو پارێزگایە بپارێزێت، ڕاستە سوێندەکانی تریشی پیرۆزە، بەس دەبێت هی پارێزگا بێت، ئینجا(والتزم بالدستور والقوانين النافذة في الاقليم وان اؤدي عملي بأخلاص وصدق وامانة وحياد والله ما اقول شهيد) كە وتی (والتزم بالدستور) یەعنی موحافەزەی شەعبیش ئەکات، بەڵام لێرەدا باسی پارێزگا بۆیە گرنگە، لەجیاتی (مصالح الشعب) بکرێت بە( مصالح المحافظة)، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك ئارێز، فەرموو.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پەرلەمانەکەمان ناوی پەرلەمانی کوردستان – عێراقە، ئەو هەرێمەی کە هاتووە، زاراوەیەکی ئیدارییە، پەیوەندی بەئیدارەوە هەیە، دوایش کوردستان – عێراق، هەر هەرێم نیە، واتە ئەو سێ پارێزگایە، بەشەکەی تریش ئەگرێتەوە، تۆ ئەگەر بڵێیت، ئەوە سبەی بۆت هەیە دەستبەرداری پارچەکەی

تريش بيت، كەلەناو سنورى ئيدارى ئەو سێ پارێزگايە نيە، لەبەر ئەوە من پێشنيار ئەكەم، چۆن ناوى پەرلەمانى كوردستان – عێراقە، ئەمەش بكرێت بە پارێزگارى لەيەكێتى كوردستان – عێراق ئەكەم، ئەوە لايەنێكيانە، لايەنەكەى تر، كە باسى پارێزگا ئەكرێت، يان باسى ناحيە ئەكرێت، يان قەزا ئەكرێت، خۆى ئەوەيە ئێمە هەموومان مولتەزمين ئەوەش بەشێكە لەكوردستان، ئەگەر ئەوەش نەوترێت، سبەينێ ناحيەيەك لەسەر سنوورە، مەسەلەن ئەيەوێت، موديرناحيە يان قايمقام يان پارێزگا بەشێك لەو خاكەى بخاتە سەر هەرێمێكى تر، كەواتە ئەو كاتە ئێمە زەرەر ئەكەين، لەبەر ئەوە من تەئكيد ئەكەمەوە، بنووسرێت كوردستان – عێراق، هەم هەموو كوردستان ئەگرێتەوە، كەپارێزگارى لێ بكات، هەم جوانترە، بەواتا هەرێمەكە لابچێت، چونكە موستەڵەحێكى ئيدارييە، ئەوە نيشتمانە كە ئێمە باسى ئەكەين، بۆ نموونە دەست بەردارى مەخمور بين، ئەڵێين ئەوە سەربە هەرێمى كوردستان نيە، يەعنى سوێندى بۆ ناخۆين، چونكە لەسەر خاكى ئێمە نيە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. كەمال كەركووكى):**

ليژنەى ياسايى، فەرموون وەڵامتان بۆ ئەو بەڕێزانە.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەركى:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بە تێبينيەكەى كاك محمد فەرەج كە كاك جوتياريش هەمان مولاحەزەى هەبوو، دەڵێن ئەو سوێندە هى ئەندامى پەرلەمانە، لەو سوێندە چەند بنەمايەك هاتووە، ياخود چەند پرەنسيپێك هاتووە، پێمان وايە كەوا ئەركى هەموو لايەكە، هەم ئەندامى پەرلەمانە، هەم وەزيرە، هەم ئەندامانى ئەنجومەنە، هەم قايمقامە، هەم ئەندامانى قەزايە، ئەو پرەنسيپانە چيە؟، يەكەم: سەلامەتى خاكى هەرێم، دووەم: بەرژەوەندييە باڵاكان، بەڕاستى ئەوەش ئەركى هەموو لايەكمانە، نەك هەر ئەركى ئەندامى پەرلەمانە، سێيەم: پابەند بوون بەدەستوورو ياساكان، بۆ ئەركى ئەندامانى ئەنجومەن نيە، ئەو بەشە، چوارەم: دڵسۆزى و ڕاستگۆيى وئەمانەت وحياد كردن، لە كاروبارەكان، ئەوەش بۆ هەموو لايەكمانە، كاك محمد، پێنجەم: پاراستنى يەكێتى هەرێمش، كەهەريەكە ئەتوانێ لەشوێنى خۆى كار بكات بۆ يەكێتى خاكى هەرێمى كوردستان، كە بيپارێزێت، ئەوەى كاك جوتيار باسى ئەكات، سوێند خواردن بەرامبەر سوڵتەى قەزائى، ئێمە پێمان وايە بەڕاستى ئەوە كەم كردنەوەيە لەهەيبەت و دەسەڵاتى مەجلسى پارێزگا، يان هى قەزا، يان هى ناحيە، چونكە ئەو سوێندە بۆهەر هەموومانە، وەكو پەرلەمان، ئەگەر ئيجازەم بدەن، ئەندامانى پەرلەمانيش و سەرۆكيش و جێگرەكەشى وسكرتێريش، هەموو لەبەردەم پەرلەمان سوێنديان خواردووە، ئێمە پێمان وايە ئەوانيش لەبەردەم ئەنجومەنى خۆيان دەبێ سوێند بخۆن، ئەوەى شێخ جعفر باسى كرد، كەسوێندى پارێزگار بەرامبەر سەرۆكى حكومەت بێت، نەك سەرۆكى هەرێم، لەبەرئەوە بەرامبەر بەسەرۆكى هەرێمە، چونكە مەرسومى ئيقليمى پێ دەردەچێت، بۆيە دەبێت سوێندەكەش هەر

بەرامبەر بەو بخوات، کاك ئارێز باسی ئەوە ئەکات، کە هەرێمی کوردستان – عێراق، بکرێت بە کوردستان – عێراق، منیش هەمان ڕەئی تۆم هەیە، بەڵام ئەو مەوزوعە حەسم کراوە، لە چەندین یاسای تر هەمان گفتوگۆمان کردووە، بۆئەوەی تەنسیق هەبێت لەنێوان هەموو یاساکان، بۆیە وامان لێکردووە، داوای لێبوردنیش لەکاك دکتۆر ناصح ئەکەم، قسەمان دەکرد، گوێمان لەو نەبوو، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

بەڵێ کاك شێخ فەتاح ناوت نووسرابوو بەس لەبیرمان کرد.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: وەڵڵا منیش لەگەڵ ڕەئیەکەی دکتۆر ناصح دام، کە ئەو سوێندە، سوێندی ئەندامانی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان نیە، ئەوە سوێندێکە لەوە هەوراز ترە، پێم وایە، ئەگەر هەرواش بکرێت( مصالح هذه المحافظة وهذه القايمقامية) ی تێدا بنووسرێت، ئەگینا نابێ وەکو ئێمەی ئەندام ووەزیر سوێند بخوات، دووەم: لەکوردیەکە نووسراوە کە غەڵەتێکی فەزیحە، کە کابرا سوێند دەدەین لەسەر ئەو سوێندەی کە ئەڵێت(راستگۆیی و دەسپاکی و بێ لایەنی) بێ لایەنی ئەوە غەڵەتە کاك سەردار، بێ لایەنی چیە؟ ئەو پیاوەی کە ئەچێتە ئەو ئەنجومەنە، کە پارتیە یان یەکێتیە، یان یەکگرتووە، یان کۆمەڵە، یەکێکە لە ئەحزابەکان، بێ لایەنیش مانای ئەوە ئەگەیەنێت کە لەم حزبانە هیچیان نیە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

کاك شێروان، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی سوێندەکە بەعمومی هاتووە، بۆ پارێزگا، بۆ قەزا، بۆ ناحیە، بۆیە ئێمەش شەعبمان بەکارهێناوە، شەعبی پارێزگا، شەعبی قەزا، شەعبی ناحیە، بۆیە محافەزە داخڵ بکەین واتە سوێندێکی تایبەتی تر بۆ قەزاو دانەیەکیش بۆ ناحیە دابنێین، بۆیە سوێندەکە سوێندێکی شمولیە، بەنیسبەت پارێزگار، قایمقام، مودیری ناحیە، بەنیسبەت کاك شێخ فتاح، تەبیعی ئێمە صیاغە عەرەبیەکە بە ئەولەویەت دائەنێین، ئەوی تر بەڕاستی ئەبێ گۆڕانکاری تێدا بکەین، بەشێوەیەك کەلەگەڵ عەرەبیەکەدا بگونجێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەو بەڕێزانەی کەوا موفتەرەحیان کرد، کەسوێندەکە بگۆڕدرێت، بەڕاستی سوێند هەر سوێندە، ئیتر سوێندی گەورە یان بچووك نیە، قەزاو ناحیە وپەرلەمان نیە، ئەو تەنها سوێند ئەخوات کە بەئەمانەت

ئیشەکانی ئەکات وبەپاکی و موخلص ئەبێت بۆ ئەم وڵاتە، من پێم غەریبە کە سوێندیش تەجزیئە بکەین، کاك دکتۆر ناصح، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك شێروان، شەرحی کرد ئەڵێت، سوێندەکە بۆ هەموو ئەندامانی مەجلیسەکانە هی ناحیەیە، هی پارێزگایە، هی قەزایە، لەبەر ئەوە ناکرێت بڵێین پارێزگا، بەپێچەوانەوە کەوتت پارێزگا، قایمقامیش ئیلتیزامی بە پارێزگاوە هەیە، مودیری ناحیەش ئیلتیزامی پێوە هەیە، چونکە بەشێکە لەپارێزگاکە، کەمن پارێزگاری لەچی ئەکەم، لە مەصاڵحی ئەو پارێزگایە ئەکەم، کە خۆشم بەشێکم لەو پارێزگایە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئەو بەڕێزانەی کە پێشنیاریان کرد، ئەگەر سەحبی ناکەنەوە دەیخەینە دەنگەوە، دوو کەس موسیڕە لەسەر ئەوەی کە سوێندەکە بگۆڕدرێت، کاك محمد فەرەج و دکتۆر ناصح، فەرموو کاك سەردار.

**بەڕێز سەردار صباح بوزۆ هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرژەوەندی پارێزگا خۆی بەشێکە لە بەرژەوەندی گەل، کە دەڵێیت (مصالح الشعب) زۆر شاملە هی پارێزگاو هی قەزاو هی ناحیەش ئەگرێتەوە، ئەگەر حاڵەتێکیش بێت تەعاروز بکات، بەرژەوەندی پارێزگا لەگەڵ هی گەل، کامەی وەردەگیرێت، بۆیە کە دەڵێین مەصاڵحی گەل، زۆر شامل ترە، سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله( د. کەمال کەرکووکی):**

ئێستا دەیخەمە دەنگەوە کێی لەگەڵدایە کە سوێندەکە بگۆڕدرێت بادەستی بڵند بکات تکایە؟ فەرموون کێی لەگەڵدا نیە؟، بەزۆرینەی دەنگ وەکو خۆی مایەوە، بەڕێزان سبەی دانیشتنمان دەبێت، خواتان لەگەڵ تا سبەی.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **محمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی)** | **عدنان رشاد مفتی** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |